منتدى إقرأ الثقافي
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# بستێکی خاکی کوردستان
# بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە

( دیمانە و گفتوگۆ لەگەڵ د. کەمال مەزهەر )

ئامادەکردنی

عەبدوڵڵا زەنگەنە

کوردستان - هەولێر

٢٠٠٩

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب ( كوردى - عربي - فارسي )
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

# بستێکی خاکی کوردستان
# بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە

## ( دیمانە و گفتوگۆ لەگەڵ د. کەمال مەزهەر )

ئامادەکردنی

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**

کوردستان - هەولێر
٢٠٠٩

# بستێکی خاکی کوردستان بەهەموو دونیا ناگۆڕمەوە

## (دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ د .کەمال مەزهەردا)

**ئامادەکردن:** عەبدوڵڵا زەنگەنە

**نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی

**نەخشەسازی بەرگ:** محەمەد زادە

**چاپ:** چاپی یەکەم ٢٠٠٩

**تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە

**ژمارەی سپاردن:** لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (٤٣٨) ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ.

**چاپخانە:** گرین گلۆری، لوبنان

(هەموو مافێکی ئەم کتێبە پارێزراوە)

# پێشەکی

فەرهاد عەونی

منیش ئەوەی دەیڵێم بۆ (مێژوو)ی دەگێڕمەوە. وابزانم هاوینی ساڵی ١٩٨٢ بوو کاتێـک کتێبـە بەنرخەکـەی د. کـەمال مەزهـەر، کـە بـەناوی (مێـژوو)ە، کەوتـە بەردەست خوێندەواران، هەر لەگەڵ یەکەم ساتی بینینی بەرگی کتێبەکە زوو زانـیم د. کەمال لە چ روانگەیەکەوە ئەم وێنەیەی هەڵبژاردووە کە لەسەر بەرگی کتێبەکـە دەبینـرێ، بۆیـە کاتێـک لـە سـەفەرێکمدا، کـە هەمیـشە بـە فـەرزم دەزانـی لـەم سـەفەرانەمدا سـەردانی برایـانی خۆشەویـست، خوالێخۆشـبووان: (دارا تۆفیـق و خەسرۆ تۆفیق و مەلا جەمیلی رۆژبەیانی و مامۆستا مەسعوود محەمـەد، هـەروەها برای بەڕێزم د. کەمال مەزهەر، کـە بـەهیوام خـوا تەمـەنی درێـژ بکـات) کـە دوای دەرچوونی کتێبەکـەی (مێـژوو) بـۆ بەغـدا ئـەنجامم دابـوو، ئـەوەبوو بۆچـوونەکەی خۆمم، دەربارەی هەڵبژاردنی وێنەی ئامـاژە بـۆ کـراو لەسـەر بـەرگی کتێبەکـە، بـە دوکتۆر گوت، ئەویش یەکسەر باسی لە تەمەن درێژی و رەگ داکوتان و تەحـەموول و هێزی (داربەڕوو)ی بۆ کردین، کە چۆن لـە سروشـتی کوردسـتاندا ئـەمیش وەکـو خەڵکەکـەی رەگـی داکوتـاوە و بـەرەنگاری دێوەزمـەی سـەخت و دژواری سـەرما و گەرما و رەشەبای رۆژانەش بۆتـەوە و هـەر بـە خـۆڕاگریش دەمێنێتـەوە. ناسـین و دۆستایەتی مـن لەگـەڵ (د. کـەمال)دا بـۆ رۆژانێـک دەگەڕێتـەوە کـە بەنـدە لەگـەڵ شـەهیدی رۆشـنبیر دارا تۆفیـق سەرنووسـەری هـەردوو رۆژنامـەی (التـآخي) و (برایەتی) لە ساڵانی (١٩٧٢ ـ ١٩٧٤)دا کارم دەکرد، کـە هـەر ئەوسـاش د. کـەمال لاپەڕەی دووی لە رۆژنامەی (التآخي) بەناوی (دراسات كردية) دەڕازانـدەوە، بـەڵام سەرەڕای ئەو ناسینەش سەرەتای دۆستایەتی بەهێزم بۆ ئەو رۆژە دەگەڕێتەوە کە تێکـڕای گـەلی کوردسـتان (مـانگرتن)ێکـی سەرتاسـەریان، دژی سیاسـەتی چـەوتی بەعس بەرامبەر خەڵك و ناوچەی (شنگال) راگەیاندبوو، ئـەوەبووو لـەو رۆژگـارەدا. ئێمەش هەموو کارمەندانی (التآخي) و (برایەتی)ش لەگەڵ دام و دەزگاکانی دیکەی (پ.د.ك) لە بەغدا (مان)مان گرتبوو، بەڵام چونکە شەهید دارا تۆفیق بە مەبەسـتی بەشداریکردن لـە کۆبوونـەوەی سـەرکردایەتی لـە کوردسـتان بـوو، بۆیـە ئـەو رۆژە

بەنـدە، بەمەبەسـتی وەلاّمدانـەوە و هەلّـسوڕاندنی ئـیش و کارەکـانی ڕۆژنامەکـە بەتـەنیا بـەدیار تەلەفۆنـەوە لـە ژوورەکـەی خـۆم دانیـشتبووم و چـاوەڕوان بـووم. لەگەرمەی خەیالآتی ئەو ڕۆژەدا بوو. کاتێك دیـم لـەناکاو دوو مرۆڤـی بەهەلّوێـست، کە یەکێکیان خوالێخۆشـبوو د. عەبـدولڕەحمانی حـاجی مـارف و ئـەوی دیکەشـیان برای زێدە خۆشەویست د. کەمال مەزهەر بـوو، کـە پـاش سـەلام و کـەلام یەکـسەر گوتی: (من و د. ئاوڕەحمان بۆ ئەوە هاتووین کە هەلّوێستی خۆمان رابگەیەنین و بەڕاشـکاوی پالّپـشتی و هاوسـۆزی خۆمـان لەگـەلّ خـەلّکی بەشـەرەفی کوردسـتان بەرامبەر بەو ستەمەی کە لە شنگال دەکرێت دەربڕین).

قۆنـاغێکی دیکـەی دۆسـتایەتی و برایـەتیمان بـۆ ڕۆژانـی سـالّێکی سـەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن (١٩٧٤ ـ ١٩٧٥) دەگەڕێتەوە کە تێیدا ((د. کەمال و کاکە جەلالی عومەری ساماغا و سیروان عەبدوللاّ سـەعید و بەنـدە و خوالێخۆشـبوو د. کەمال خەیات لەیەك لە دەزگاکانی شۆڕش کارمان دەکرد کـە ئـەمیش (ئەمانـەتی گـشتی ڕاگەیانـدن و ڕۆشـنبیری و لاوان) بـوو، ئەوسـا ئێمـە لـە خـانووێکی ئـەو سەردەمی ناوچەی ئازادی نزیك بە حاجی ئۆمـەران دەژیـاین. کـە تێیـدا شـەوان و ڕۆژانێکـی خـۆش و سـەخت و پـڕ ئومێـدبوو بـیّ سلّ کردنـەوە لـە هـیچ لەمپـەر و ئاستەنگی ڕۆژانەی ئەو سەردەمە)).

دیـارە قۆناغـەکانی دوای (نـسکۆ)ش تـاکو ڕۆژانـی ئـەمڕۆ هەلّـدەگریّ چـەندین لاپـەڕەی بـیرەوەری بـەتام و چـێژ ، چ لـە بەغـدا و چ لـە کوردسـتان، بنووسمـەوە، بەلاّم لەبەر ڕێنمایی (کاکە عەبدوللاّ زەنگەنە)، کـە ڕێگـەم نـادات لـە دوو لاپـەڕەی ئەم کتێبە زیاتری بۆ بنووسم، ناتوانم زیاتر درێژە بـەم چـەند دێڕانـە بـدەم. بـەلاّم سەرەڕای ئەو ڕێنماییەش بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە بابەتێك بکەم کە د. کەمال لە یەك لە ژمارەکانی گۆڤـاری (ڕەنگین)ی ئەوسـا لـە بەغـدا ئیـشارەی پـیّ درابـوو تاوەکو ئەوسـا ئێمـەی کـوڕانی (عـەونی) نەمانـدەزانی کـە ئـەو شـاعیرە لـە ژمـارە (٢٢)ی سالّی دووەمی گۆڤـاری (هـاوار)، کـە لـە (١)ی تـەمموزی سـالّی ١٩٣٢دا لـە (دیمەشق) دەرچووە، شیعرێك بە ئیمزای (لاوی کـورد ـ عـەونی ـ کۆیـە) ئاراسـتەی خاوەنی (هاوار) کراوە و بلاّوکراوەتەوە و لە کۆپلەیەکیدا دەلّیّ:

هـەر ئێوەن خـانەدانی مـوڵك و میللەت مـیر جـەلادەت بـەگ

هـــەر ئێوەن فـــەخری کورد صاحبی غیرەت میر جەلادەت بەگ

لـەپاش ئـەو هەرتۆی ئـەرکانی دەوڵەت میر جـەلادەت بـەگ

تۆ شێری جزیر و قەهرەمانی موڵکی بۆتانی میر جەلادەت بەگ

دواجار ئێمە وەکو (ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) خۆمان خۆشحاڵین کە سەندیکاکەمان لـە رووی نەخـشەسازییەوە بەشـدارییەکی بـچووك لـە دوا بەرهەمی برامان د. کەمال بکات، بەتایبەتی کە قازانجی هەردوو چاپی کتێبەکە دەدرێتە کەس و کاری شەهیدانی رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٨ی شاری کەرکووك و واقـازانجی چاپی دووەمیش دەدرێتە کەس و کاری شەهیدانی چێشتخانەکەی (بـاوکی دڵـشاد) لە خانەقین.

بەهیوایین د. کەمال هەر ساغ و تـەمـەن درێـژ بـێ خـەرمانی (مێـژوو)یـشی هـەر بەرەکەت دا، خوای گەورەش ئەجری کاکە عەبدوڵلا زەنگەنە بداتەوە.

هەولێر

٢٠٠٩/٥/٥

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشگۆتن

عەبدوڵلا زەنگەنە

ئەمن، پێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وابووە وەرگێڕانی هەر کتێبێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە لە نووسینی قورسترە، دەڵێم لە هەموو ئەوانە قورستر ئامادەکردنی ئەو بەرهەمانەیە کە لەلایەن کەسێکی دیکەوە لە دووتوێی کتێبێکدا دانرابێ، ئەوەتا ئەوەی دەیڵێم وا لەپێش چاوی هەمووان بەسەر خۆمدا هاتووە، پێشمان وایە وا بە زوویی لێی قووتار نەبین و دەرنەچین، دیارە ئەوەش جگە لەو (ئەمانەت پارێز)بیەی کە لەو (پێشگۆتن)ەدا ئاماژەی بۆ کراوە و بۆ کتێبی (کورد و کوردستان)ەکەی (د. کەمال مەزهەر)مان نووسیوە، پەیوەندی بە سوخەتێکی خۆمانەوە هەیە، چونکە بەردەوام حەزمان کردووە هەر هەموو مرۆڤ خزمەتی یەکدی بکەن و ئاکارە جوانەکان پەرە پێ بدەن، بەداخەوە وا دەمێکە کۆمەڵی ئێمە خەریکە و زۆر بایەخ بەم لایەنەی ژیان نادەن، بۆیەشە مرۆڤە پێشڕەوەکان فەرامۆش دەکرێن، مەگەر لەم یەك ـ دوو ساڵەی ئەم دواییە نەبێت، ئەگینا تا ئەم دواییە نەمزانیبوو قوتابییانی هیچ کام لە زانکۆکانی کوردستان بڕوانامەی بەرزیان لەسەر پێشڕەوانی کایەکانی بیر و زانستی هێنابێتەوە ئەوەی هەبووە تەنیا د. کەمال مەزهەر بووە لە بەغدا زۆر لە تاك و تەرای خوێندکاری عەرەب و کوردی هان داوە تا بڕوانامە لەسەر کەسانی وەکو (شێخ مەحموود) و (تۆفیق وەهبی) و (ئەمین زەکی بەگ) و (بابا عەلی شێخ مەحموود) و هی دیکە بێننەوە، بەم دواییەش ئاگامان لێ بوو چەندە هانی (ئازاد عوبێد)ی هاوکارمانی دا تا بەهەموو لایەك توانیمان قەناعەتی پێ بێنین تا مەعروف جیاووك بخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە، ئەوەبوو دواتر، مامۆستایەکی زانکۆ،دوای ئەوەی بەشداری گفتوگۆی تێزەکەی کردبوو گوتبووی تا تێزەکەی ئازادم لەسەر ئەو زاتە نەخوێندبووەوە نەمزانیبوو ئەو جۆرە

بابەتانە و ئەو زاتە چەندە شایانی ئاوڕلێدانەوە بوونە، لەسەر ئەو جۆرە بۆچوونە نەرێنیانەی لە ولاتی ئێمەدا هەبووە، دەمێکە ئێمە بە دوکتۆر خۆیمان گوتووە: (ئەگەر بارودۆخی ئەمڕۆی بەغدا وا نەبووایە قەت حەزمان نەدەکرد بێنەوە کوردستان)، دیارە لەسەر ئەو بۆچوونەشمان پاساوی خۆمان هەبووە، کە بەڕاستی ئێمە تاوەکو ئەمڕۆ نەمانتوانیوە ئەوەندەی ئەوانیش نازانین ڕێزی دەستەبژێری خۆمان بگرین، تەنانەت دوای کۆچی دواییشیان ئەگەر یەکێکی دڵسۆزی خۆیان یان یەکێك بۆ بەرژەوەندی خۆی نەبێت، هەر لەبیری دەکەین، توخوا مخابن نییە لەو هەموو قوتابیانەی ماستەر و دوکتۆرای زانکۆکانی کوردستان خەڵکێکی دیکە، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆیان، کە تاوەکو ئەمڕۆکە ناتوانن تاکە دێڕێکی نووسینە کوردییەکانی مەسعوود محەمەد بخوێننەوە، بێن و دوکتۆرا لەسەر ئەو بیرمەندەمان بێننەوە، دیارە ئەو کارەش بەهاندان و دەست لەپشتدانی یەکێکی وەکو د. کەمال بووە ئەگینا ئەوەندەش نەدەبوو.

ئەو کتێبەی کە لێرەدا دەیخوێننەوە زۆربەی لاپەڕەکانی بریتین لە هەموو ئەو چاوپێکەوتن و گفتوگۆیانەی کە لە ماوەی مانەوەی دوکتۆر کەمال لە ئینگلتەرا و دواتریش لە کوردستاندا لەگەڵ بەڕێزی کراوە ، دیارە زۆربەی ئەو بابەت و باسانە پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی کتێبەکەی (کورد و کوردستان)یەوە هەیە کە کۆکردنەوەیانمان لێرەدا لەبەر چەند هۆکارێك بە پێویست زانیوە. لەلایەکەوە مەبەستمان بووە خوێنەری ئاسایی زیاتر بە ناوەڕۆکی کتێبی ناوبراو ئاشنا بکەین، لەهەمان کاتیشدا مەبەستمان بووە بەم بابەتانە لایەنێکی دیکەی ژیانی تایبەتی دانەری کتێبەکە بۆ بەردەستی توێژەران ئەرشیف بکەین، ئەوەتا کۆمەڵێك پەیامنێری گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان، هەروەها تەلەفزیۆنەکانیشمان، کە هەریەکە و ئاستی جیای ڕۆشنبیرییان هەبووە، دوکتۆریان دواندووە و پرسیاری جیاجیایان لێی کردووە و هەریەکەشیان بەشێوەیەك ورووژاندوویانە، بەم کارەشیان زۆر لایەنی پرۆژەی زنجیرەکەی کتێبی (کورد و کوردستان) روونتر دەبێتەوە.

ئەوەندەی ئێمە ئاگاداری ڕاستکردنەوەی بەرگی یەکەمی کتێبی (کورد و کوردستان) و ئەم کتێبەین کە لە بەردەستتانە، وا بەرگی دووەمی کتێبەکەی(کورد و

کوردستان)ی پاکنووس کراوه، ئومێدەوارین بە زووترین کات بەرگی سێیەم و چوارەمیشی بەدوادا بێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەو کتێبەی بەردەست ناونیشانەکەیشی هەر زادەی بیری د. کەمال خۆیەتی بەڵام کە دەستی ئێمەشی تێدا بووە و بە گێڕانەوەی سەربوردەی دانانیشی. پێم وایە لایەنێکی دیکەی عەقڵ و کەسێتی مرۆڤی کوردمان بۆ روونتر دەبێتەوە، ئەوەتا بەبەرچاوی هەمووتانەوە مامۆستامان کە ماوەی مانەوەی لەو وڵاتە کۆتایی هاتووە، یەکسەر گەڕاوەتەوە عیراق و دواتریش کوردستان. لەو ماوەیەی کە لە بریتانیا بووە، دەیان جار خەڵك بەپرسیارەکانیان لەبارەی مانەوەی لەوێ نەك هەر هەراسانیان لێ کردووین، بەڵکو هەندێ جار نیگەرانیشیان کردووین، بەتایبەتی کە ئێمە هیچ کات خوومان بەوەوە نەگرتووە دەست لە ژیانی کەسانی دیکە وەربدەین، ئەوەتا کاتێ دوکتۆر لەبەریتانیا بووە، هەرچەندە هەستی شەشەممان پێی دەگوتین کە لە چ بارێکی دەروونیدا بووە، رۆژێکیان برادەرێکمان پێی گوتین گوایە بڕیاری داوە لەبەریتانیا بمێنێتەوە خۆی داوەتە دەست پۆلیسی ئەوێ، ئەوەبوو دواتر برادەرێکی زۆر نزیکی خۆمان نەك هەر ئەو بۆچوونەی پێی راگەیاندم، بەڵکو تەئکیدیشی کردەوە کە ئەو هەواڵەی لە کەسێکی سەربەنووسینگەی جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق بیستووە، ئەمجارەیان کاریگەری واتەواتەکە ئەوەندە زۆر بوو، بۆیە خۆمان بۆ نەگیرا یەکسەر کاردانەوەمان لەسەری هەبوو، تەنانەت سوێندمان خوارد ئەگەر ئەم قسەیە راست بێت، دوای ئەو هەموو ماندووبوونەش بە کتێبەکەیەوە بۆی تەواو نەکەین و بەسەر خاوەنەکەیدا بدەینەوە، ئەوەبوو دواتر بەحاڵێ تا ئێوارە خۆمان گرت، هەرچەند دواتر ئەو برادەرەی دوای ئەو قسەی بۆ گێڕابووینەوە ئاگاداری کردبووینەوە کە ئەو باسە بە دوکتۆر نەڵێین نەبادا راست دەرنەچێ و دلگران بێت، بەڵام ئێمە هەر ئەوسا سوێندمان خوارد کە دەبێ راستی ئەو قسەیە ئاشکرا بکرێت، ئەوەبوو بەتەلەفون ورد و باریکی قسەکەمان پێی گوت، یەکسەر گوتی: ((زەنگەنەی خۆشەویست تۆ کاردانەوە و رات لەسەر ئەم قسەیە چیە..!)) ئێمەش بەراشکاوی رای خۆمان پێی گوت: ((ئێمە گوتوومانە، ئەگەر دوکتۆر، خۆی لەپێش چاوی خۆشمان شتی وابڵێین بڕوا ناکەیت، بەڵام ئەگەر

شتی واش بووبێت هەر لە ئێستاوە بایکۆتی ئامادەکردنی کتێبەکەی دەکەین، خۆ زۆر ئاساییە بۆ دوکتۆر و هەر کەسێکی دیکە لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە دابنیشێ بەڵام نە بەم شێوەیە))، بەهەر حاڵ وادەبینین ماوەیەك دواتر ئەوەندەی نەبرد نەك هەر گەڕایەوە عیراق بەڵکو بڕیاری دا بێتەوە لە کوردستان دابنیشێ. بۆیە دوا بەدوای لە چاپدانی کتێبی (کورد و کوردستان)ەکە، ئەوا بڕیاردرا جارێکی دیکە چاپ بکرێتەوە هەر لەو ساوەش ئێمە لای خۆمانەوە بڕیارماندا هەموو ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کە لە ماوەی مانەوەی لە وڵاتی بەریتانیا لەگەڵی کراوە و ئەو تێبینیانەش کە لەسەر ئەم کتێبە دەربڕاون لە دووتوێی کتێبێکدا کۆیان بکەینەوە.

ئەوەبوو دواتر نەك هەر زۆربەی بابەتەکان کۆکرانەوە، بەڵکو هەندێ پاشکۆشی هاتە سەرو بە دوای کۆکردنەوەیان هەموویانمان بۆ د. کەمال نارده بەغدا تا پێیان دابچێتەوە و بۆ ئەوەی هەر هەڵە و کەموکورتییەکییان تێدا بێت نەیانهێڵێ، دیارە ئەوەی مەبەستمان بووە بۆمان چۆتە سەر، بەڵام دواجار لەسەر دانانی ناوونیشانی کتێبەکە لەگەڵ ناخی خۆمان کەوتینە ململانێ و هەر لە دووتوێی بابەتەکاندا چەند ناوونیشانێکمان هەڵبژارد، بەڵام دڵمان لەسەر هیچیان ئۆقرەی نەدەگرت، بۆیە دواجار دووانیانمان لێ هەڵبژاردن و د. کەمالمان سەرپشك کرد، ئەویش ناوونیشانی (بستێکی خاکی کوردستان بەهەموو دنیا ناگۆڕمەوە)ی بەپەسەند زانی، دیارە هەڵبژاردنی ئەو ناوونیشانەش پەیوەندی بە ئەو ساڵانەی دانیشتنی خۆی لە بەغدا و ساڵانی خوێندنی لە رووسیا و ئەو سەفەرە دووساڵییەی دوایی بۆ ئینگلتەرا و دواتر هاتنەوەی بۆ کوردستانەوە هەیە.

لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئەم کتێبە تووشی کۆمەڵێك گرفت هاتووین. یەکەمیان پەیوەندی بە کۆکردنەوەی بابەتەکانەوە هەبوو. سەرەتا ئێمە وامان دەزانی هەر بابەتەی دەکرێ بە تەلەفۆنێك و دواتر بە ئیمەیلێك لەو دەزگا و بڵاوکراوانە وەربگیرێت کە پیشتر کاریان لەسەر کردووە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستاکەش کورد کەمتر عەقڵی بە ئەرشیفکردنی کولتووری خۆی لەلا شکاوە، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانمان دووبارە تایپ کردۆتەوە، دیارە ئەو کارەشمان رایکێشاینە ناو گرفتێکی دیکە، ئەویش ئەوەیە کێ ئەو کارەمان بۆ بکات، ئێمەش وەکو (سەرنووسەر)ی

گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، هەر بە کارمەندانی گۆڤارەکەمان دەویـّراین، بـەڵام ئەوەنـدەی نـەمابوو ئـەنجامی کارەکـەمان گـرفتی دیکەمان بۆ پەیدا بکات، هەرچەندە کاغەزی کتێبەکە خۆمان کڕیبومـان و تـا ئـەو دەمـی زۆربـەی کاروبـاری گۆڤارەکـەشمان، بـەبێ ئاگـاداری ئێمـە، بـەو دووکارتۆنـە کاغەزە بەڕێوەچوو بوو، کـە دەمێك بـوو لـە نـاودوڵابێکی ژوورەکـەمان دامانـابوو و لـەبیرمان کردبـوو لای ببـەین، ئـەوەبوو زۆر بەخـشکەیی (گـۆڕان)ی نەخـشەسازی کتێبەکەمان پەڕەی تێدا نەهێشتبوو هەمووی بۆ ئیش و کاری (ڕۆژنامـەنووس) بـەکار هێنابوو.

گرفتێکی دیکەشمان دانانی ئەو وێنە و پەراوێزانە بـوون کـە ئێمـە حـەز دەکـەین هـەر کتێبێکـی ئاوەهـای پـێ بڕازێنینـەوە، بەداخـەوە لەبـەر هاریکـاری نـەکردنی پەیوەندیداران، ئەوەتا ئەو حـەزەشمان بـۆ نەچـۆتە سـەر، هـەر بەنموونـە د. کـەمال لەچەند شوێنی بابەتەکانی ئەم کتێبەدا نەك هەر باسی شەهید شەهابی شـێخ نـووری کردووە، بەڵکو زۆریش شـانازی پێیانـەوە دەکـات، بۆیـە حـەزمان دەکـرد وێنەیـەکی دانـسقەی ئـەو زاتـەمان چـنگ بکـەوێت، ئـەوەبوو لـە ڕێگـەی پەرلـەمانتار (تـاریق جامباز)ەوە داوامان لـە کـچێکی کردبـوو کـە لەگـەڵ ئـەو بـەڕێزە ئەنـدام پەرلەمانـە، وێنەیەکی ئەو زاتەمان بۆ بێنێ، دوای چەند جار گفت و بەڵێن تـاکو ئـەو سـاتەش کـە ئەو چەند دێڕانەی تێدا دەنووسین و هەر چاوەڕێین و بەداخـەوە ئـەو حـەزەمان هـەر بۆ نەهێنرایەدی، بۆیە ناچاربووین وێنەکانی دیکەش دانەنێین ئـەو وێنانـەی دیکـەش، بەتایبـەتی ئەوانـەیان لەگـەڵ جـەنابی (مـەلا مـستەفای بـارزان) و ئەوانـەش لەگـەڵ (سەدام حوسەین) هەمووی لە مامۆستا خۆی وەرگیراون.

گرفتێکی دیکەشمان لەسەر ئەو کتێبە ئەوا لەگەڵ د. کـەمال خـۆی بـوو، ئـەوەش حیکایەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی کە:

ئێمە دەمێکە بە ڕاشکاوی باسمان لەوە کردووە کە لەکایەکانی ڕۆشنبیری حەز لە (دژەبۆچــوون) و (دژەتــەوەر) دەکــەین. کــاتێکیش کــە کتێبەکــەی (کــورد و کوردســتان)مــان چــاپ و بــڵاو کــردەوە، هــەر یــەکێك لەبارەیــەوە ڕەخنەیــەکی لــێ بگرتباین. بەراشکاوی پێمـان دەگـووت: تێبـینی و سـەرنجەکانت بخـە سـەر کاغـەز و

بۆمـان بنێـره تـا وەکـو خـۆی بیانخەینـە دوو تـوێی چـاپی دووەمـی کتێبەکە،بـەم کارەشمان کەمێك مابوو د. کەمال لە خۆمان زویر بکەین و کەمێك مابوو ئـەو نازنـاوی (**زەنگەنەی خۆشەویست**)ەمـان لـێ بـسێنێتەوە کـە مـاوەی دە سـاڵ بـوو وای بـانگ دەکردین و زۆر شـتی دیکـەش.. ئـەوەبوو ئێمـەش بەتەلـەفۆن زۆر بـە خـوێن ساردی ئاراسـتەی قـسەکانمان گـۆڕی و دوای چـەند چـرکەیەك چـاك و چـۆنی و لـە ئـەحواڵ پرسین خواحافیزیمان لێـی کـرد تـا ڕۆژی یەکـەمی جـەژنی قوربـانی٢٠٠٨ی بەسـەردا هـات (١٣) ڕۆژی بەسـەر تەلەفونەکـەمان تێپـەڕی. لـەو ماوەیـەدا جـارێکیش چـییە تەلەفونمان بۆی نەکردەوە، نەبادا بەقسە ڕەقەکانمان (**ئیزعـاج**)ی بکـەین، بـەڵکو لـە ناچارییان چەند جار داوامان لـە هاوکارمـان (**ئـازاد عوبێـد**) کردبـوو بەتەلـەفۆن قـسە لەگەڵ مامۆستاکەی بکات و لە تەندروستی بپرسێ، بـڕوا بکـەن ئەوەنـدەی بەبیرمانـە بۆ تەنیا جارێکیش چییە لەو تەلەفونانە سەلامێکیشی بۆ بەڕێ نەکردبووین، ئەوەبوو ڕۆژی یەکـەمی جـەژن تەلـەفۆنێکمان بـۆی کـردەوە. یەکسەر پێـی گـوتین بـاش بـوو تەلەفۆنت کرد، ئـەوە (١٠) ڕۆژە هەڵەبـژێری کتێبەکـەم تـەواو کـردووە، تەنانـەت بـە قـسەی (**بـاجی**)شـت بـۆم نەناردوویتـەوە، ئێمـەش کـە لـە مەبەسـتەکەی گەیـشتین یەکسەر گوتمان: (**لۆ مامۆستا چ قەوماوە و چ بووە..؟**) ، ئەویش بەتەوسەوە گوتی: ئا (لۆ..؟). لەبەر فلانە کەس. ئەوجارە لەگـەڵ دووبارەکردنـەوەی (لـۆ)یەکـەمان زۆر بەڕاشـکاوانە گوتمـان: مامۆسـتا خـۆ فلانەکـەس قۆچـی بـەرانی سـوڵتان مـەحموودی نەگرتووە، ئێمە هەقمان بەسەرییەوە چیە ئەو کەسە هەرچـی بـووبێ، خـوای دەکـرد (**عەلی حەسەن مەجیـد**) دەبـوو، لای ئێمـە گـرنگ ئەوەیـە ئـەو ڕەخنەیـەکی زانـستی لەچـەند لاپەڕەیـەکی کتێبەکـەت گرتـووە، پـێم وایـە ئـەو ڕاسـتە و ئێمـە هەڵـەین، مامۆستا گیـان: بـا ئـەوەی بن بـەڕێ بێتـە سـەر بـەڕێ، ئـەو کتێبـەی جـەنابت هـەر چییەکی لێ بکەم هـەر کتـێبی خۆتـە، بـەڵام بـا بـە بەراشـکاوی پێـت بڵـێم: جـەنابت چەندە بەنووسینی ئـەو کتێبەتـەوە مانـدووبووی ئێمـەش دوو ئەوەنـدە، بۆیـە ئەگـەر جەنابیـشت قبـوڵ بکـات یـەکێك بیـەوێ لـە نرخـی ئـەم کتێبـە دابشکێنێ ئـەوا ئێمـە قبووڵی ناکەین، ئێوە بەم هەڵوێستەتان غەدرێکی زۆرتان لە خۆتان و ئێمە و کـەس و کاری ئەو شەهیدانەش کردووە کە قازانجی کتێبەکەیان دەدرێـتێ، کـێ دەڵـێ بـەیانی

من پێویستم بە پارە نابێ و دەست بۆ قازانجی کتێبەکە نابەم کە تاوەکو ئێستا لە خواو خۆم بەولاوە کەسی دیکە تەنانەت ئێوەش نازانن بڕی پارەکە چەندە، پاشان کێ دەڵێ بە پاشخستنی ئەو (١٠) ڕۆژە ئەم کتێبە چاپکردنەوەی بەلای کەمی دوو مانگی دیکە دوانەکەوێ و راناکێشێ. ئەوەبوو لەگەڵ ئەو سەرنج و تێبینیانەم لەوسەرەوە دەنگی د. کەمال گۆڕا و جارێکی دیکە (**زەنگەنەی خۆشەویست**)ەکەی جارانی هاتەوە سەر زار و گوتی: دوای جەژن بە (**د. وریا عومەر ئەمین**) کتێبەکەت بۆ دەنێرمەوە، چەند ڕۆژ دواتر ئۆقرەم لەبەر بڕابوو تا کتێبەکەم گەیشتەوە دەست، چونکە لە خۆم دەپرسی کێ دەڵێ لەبەر ئەو پەراوێزانە نەبووە کە بۆ کتێبەکەم کردووە وا د. کەمال ئاوەها لێم زویر بوو، خواوراستان کە چەند ڕۆژ دواتر لە ڕێی مامۆستای ناوبراو کتێبەکەم بەدەست گەیشتەوە زوو و بەپەلە هەڵگێڕ و وەرگێڕی لاپەڕەکانم کرد بینیم لە ل(٥٣)ی کتێبەکەدا بەرامبەر پەراوێزێکی ئێمە نووسراوە: (**زەنگەنەی خۆشەویست: ماڵت هەزار جار ئاوا بۆ خۆت و پەراوێزی روون کردنەوەت!**)

تاوەکو ئەمڕۆکەش بیر لە لاپەڕەکانی دیکە دەکەمەوە ئەوە چ عەشقێکە وای لەو پیاوە، واتە د. کەمال مەزهەر، کردووە ئاوەها لە کارە مێژووییەکانی بە دیقەت بێت و تاقەتی هەبێت بەماوەیەکی کەم جارێکی دیکە بە وردی کتێبەکەی خۆی پێ بخوێندرێتەوە و هەڵەبژێری تێدا بکات. بڕوا بکەن نەك هەر (**خاڵ**) و (**وێرگوڵ**)یشی لەبیر نەکردووە، بەڵکو هەموو ئەو (ر)یانەی سەرەتای وشەشی لەبیر نەکردبوو کە هەندێ کەس (ˇ)ی بۆ دادەنێن و لەم کتێبەی ئێمەدا لەکاتی تایپ کردن بە دووجۆر بۆی دانرابوو وادیارە د. کەمال مەبەستی بووە هەموو (ر)یەکانی سەرەتای وشە یەك بخەین، بەڵام بەداخەوەئەوا لەم چاپەشدا، لەبەر لایەنی هونەری، وەکو خۆیمان هێشتۆتەوە.

لێرەدا دەڵێم وەکو پێشبینیم کردبوو بەم (١٠) ڕۆژە کتێبەکە نەك هەر دوو مانگ بەڵکو پتر دواکەوت، چونکە ئێمە بەرە و ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەچووین و بە هەر نرخێك با دەبووایە ژمارەیەکی دیکەی گۆڤاری (**ڕۆژنامەنووس**) بەم بۆنەیەوە بڵاو بکرێتەوە.

* * *

لای ئێمە ماڵی هەموو دنیا بەرامبەر دڵۆپە خوێنێکی هیچ مرۆڤێك نایەتەوە کە بە ناهەق رژابێ، جا خوای دەکرد ئەو مرۆڤە عەرەب یا تورك یا فارس، تەنانەت جو و هەر نەتەوەیەکی دیکەش بن کە دراوسێی ئێمەش نین، بەلاّم مرۆڤ هەتا مردن دەبێ ئەو کارە باشانە بکات کە فەرامۆشی پێ دێت، ئێستاکەش ئێمە خۆشحاڵین کە لە چاپی یەکەمی کتێبی (کورد و کوردستان)، برێ پارەمان قازانج کردووە، بەڵکو دەروون ئاسوودەشین کەوا بەشێکی پارەی چاپی دووەمی کتێبەکەمان بۆ پڕ دەکاتەوە نیەتیشمان وایە داهاتی ئەم چاپەش بدەینە کەس و کاری شەهیدانی تەقینەوەی چێشتخانەکەی (باوکی دڵشاد) لە خانەقین کە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەسەر ئەم شارە یان هێنا.

دواجار لە خوای خۆم دەپاڕێمەوە و ئەوەندەم داوایە لەسەرەمەرگمدا ئەوەندەم لەسەر جێگا نەهێڵێتەوە خەڵك لێم بێزار بن، تکاتان لێ دەکەم ئێوەش بڵێن ئامین و ولاّتتان هەر ئاوەدان بێت.

## بابەتی یەکەم

### بە بۆنەی حەفتا ساڵەی تەمەنییەوە:

# دوکتۆر کەمال مەزهەر و مێژووی کورد

د. جەبار قادر

کاریکی ئاسان نییه نووسەر رۆڵی پرۆفیسۆر دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە لێکدانەوەی مێژووی کورددا لە وتارێکی کورتدا بنرخێنێ و هەقی خۆی بداتێ. نزیکەی پەنجا ساڵە د.کەمال لەم بووارەدا کار دەکا و دەیان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەی زانستی و باس و وتاری پێشکەش بە خوێنەرانی کورد و عەرەب و بیانی کردووە. بەرهەمەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر کەلێنێکی گەورەیان لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردۆتەوە[1].

ئاساییە خوێنەران دید و بۆچوونی جیاوازیان لە مەڕ تێز و بەرهەمەکانی هەبێ. رەنگبێ کەسانێ هەبن لە دیدێکی فەریکە ناسیۆنالیستییەوە، وەکو باوە پاشخانی زانستی و رۆشنبیریی ئەمانە بە تایبەتی لە بارەی مێژووی کوردەوە زۆر هەژارە، دەڵێم رەنگبێ بۆچوونەکانی ئەمیان زۆر بەدڵ نەبێ. بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربم، کەسیان نەهاتووە لە رێگەی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەڵەیەکی گەورەی دوکتۆر کەمالمان بۆ دەربخا و دروستی بۆچوونەکانی خۆیمان بۆ بسەلمێنێ.

ئەو چەند وتارە بێ سەروبەرەی گوایە رەخنە لە دید و بۆچوونەکانی دوکتۆر کەمال دەگرن ئەوە دەردەخەن کە نووسەرەکانیان بەرهەمەکانی ئەویان نەخوێندۆتەوە یا خوێندوویانەتەوە، بەڵام لێی تێنەگەیشتوون.

تیشك خستنە سەر کار و بەرهەمەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر باشترین رێگەیە بۆ دیاری کردنی رۆڵی ئەو لە هیستۆریۆگرافیای کوردیدا. دەکرێ وەڵامێکیش بێت بۆ پرسیاری ئەوانەی دەیانەوێ لە راستییەکانی بگەن.

دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە ١٤ شوباتی ١٩٣٧ لە بنەماڵەیەکی خەڵکی سلێمانی لە ئاغجەلەری سەر بە کەرکوك هاتۆتە دونیایەوە، واتا لە رۆژی خۆشەویستیدا لە دایك بووە. رەنگبێ ئەو هەموو میهرەبانییەی دوکتۆر کەمال بەرامبەر بە خەڵك هەیەتی لێرەوە سەرچاوەی گرتبێ.

---

(١) دوکتۆر کەمال مەزهەر یەکەمین وتارە مێژووییەکانی (رۆڵی کورد لە مێژووی شارستانێتیدا) و (سەرنجێکی مێژوویی لە سەر زمانەکەمان) لە گۆڤاری (بڵێسە) لە ساڵی ١٩٥٩ دا بلاو کردۆتەوە. بۆ دەقی ئەو وتارانە بروانە : دوکتۆر کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم. بەغدا ١٩٨٥.

قۆناغەکانی خوێندنی مەکتەبی لە سلێمانی تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٥٩دا بە پلەی شەرەف لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بەکالۆریۆسی لە زانستی مێژوودا وەرگرت. لەگەڵ یەکەمین گروپی قوتابیانی کوردا، کە لە هەمان ساڵ لە لایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن نێردرانە دەرەوە، رەوانەی یەکێتی سۆڤیەت کرا. لەوێش هەواڵەی پایتەختی ئازەربایجان (باکۆ) کرا بۆ تەواوکردنی خوێندن.

لە ساڵی ١٩٦٣ دکتورای لە مێژووی هاوچەرخی کورددا وەرگرت. تێزی دکتۆراکەی بەم ناونیشانە بوو : ((**بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی (باشوور) عێراق لە ساڵانی ١٩١٨ – ١٩٣٢**)).

تێزی دوکتۆراکەی دوکتۆر کەمال مەزهەر کۆمەڵێ زانیاری و دیدوبۆچوونی نوێی لەمەڕ بزاڤی رزگاریخوازی کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی هێناوە کایەوە. دوکتۆر کەمال پشت قایم بە بەڵگە و سەرچاوەی مێژوویی و لێکدانەوەی زانستیی رووداوەکان، کۆمەڵێك لە رۆژهەڵاتناسانی ئەو وڵاتەی ناچار کرد بە بۆچوونەکانی پێشوویاندا بچنەوە لە مەڕ بزووتنەوە و سەرکردە مێژوویی و سەرهەڵدانەکانی کوردا. گرنگیی ئەو کارە زانستییەی دوکتۆر کەمال مەزهەر بەوەدا دەرکەوت کاتێ لە ساڵی١٩٦٧ لە باکۆ وەکو کتێب بە زمانی رووسی بڵاو کرایەوە[٢].

بۆچوونەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر و کوردناسی ئەرمەنی مانڤێل ئەرسینۆفیچ هەسراتیان گەلێ لە رۆژهەڵاتناسانی ئەو دەمەی سۆڤیەتیان هێناوە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ بە بۆچوونەکانیاندا بچنەوە لە مەر هۆ و سروشتی سەرهەڵدانەکانی کورد لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمیندا. بەلای گەلێ لەو رۆژهەڵاتناسانەوە ئەو راپەرینانەی کوردان" **بریتی بوون لە هەوڵی ئاغا و دەرەبەگ و سەرەك هۆز و شێخان، کە بەفیتی ئینگلیز و فەرەنسی دەکەوتنە هەلەکە سەما و زێری ئەوان سەری لێ دەشێواندن**".

ناکرێ ئەو دید و بۆچوونانە لە رەوتی رووداوەکانی مێژووی یەکێتی سۆڤیەت و رۆژهەڵاتی نزیك دابڕین. ئەو دیدانە هاودەنگ بوون لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی سۆڤیەت و سیاسەتی دەرەوەی بەلشەفیەکاندا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیندا.

---

(٢) بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق ١٩١٨ – ١٩٣٢، باکۆ ١٩٦٧. (بەزمانی رووسی).

له شەستەکانی ئەو سەدەیەوە و بە هۆی گەشەکردنی بزافی رزگاریخوازی کوردەوە و بەر لەوەش بە هۆی دەست تێکەڵکردنی داگیرکەرانی کوردستانەوە لە گەڵ بەرەی دژ بە یەکێتی سۆڤیەتدا، ئەو زەمینە لە بارە بوو بۆ ئەوەی ئەو بالۆرەیە لە بەرهەمی کوردناسان و رۆژهەڵاتناسانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆشیالیست روو لە کاڵبوونەوە بکات.

لێکدانەوەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر لەو چرکە مێژووییەدا رۆڵی خۆیان بینی و ئەرکی کوردناسانی ئەو وڵاتەیان ئاسانتر کرد.

هەر لەو ساڵەدا بوو کاتێ بەعس کودەتا خوێناوییەکەی لە بەغدا ئەنجام داو و بۆ چەند مانگێك دەسەڵاتی لە عیراق گرتە دەست. یەکێ لە بڕیارە قەرەقۆشییەکانی دەسەڵاتی بەعس ئەوە بوو کە دەبوایە هەموو ئەوانەی وەکو دوکتۆر کەمال مەزهەر لە یەکێتی سۆڤیەت دەیانخوێند بگەڕێنەوە بۆ عیراق یا رەگەزنامە و پاسپۆرتی عیراقییان لێ دەسێنرایەوە.

دوکتۆر کەمال مەزهەر وەکو گەلێکی دی گوێی بەو فەرمانەی بەعسیان نەداو و بۆ چەند ساڵێك ژیانی زانستیی و پەناهەندەیی خۆی لەوێ بەسەر برد. دواییش یەکێ بوو لە دوا کەسەکانی گروپەکەی خۆی کە گەڕایەوە بۆ عیراق. ئەوەش لە دوای ١١ی ئاداری ١٩٧٠. کاتێ گەڕایەوە لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەکو مامۆستا دامەزرا.

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە ساڵانی مانەوەیدا لە یەکێتی سۆڤیەت کاتی بەفیڕۆ نەدا و کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر بزووتنەوە و دۆزی کورد لە گۆڤاری (گەلانی ئاسیا و ئەفریقا) و هەندێ بڵاوکراوەی تری سۆڤیەتیدا بڵاو کردەوە. هەروەها لە هەندێ پرۆژەی زانستیدا لە مەڕ مێژووی گەلی کورد بەشداری کرد. لەو وتارانەیدا هەوڵی داوە تیشك بخاتە سەر هەندێ لایەنی مێژووی هاوچەرخی کورد و گەلێ تێبینی لە سەر ئەو کتێبانە تۆمار کردووە کە ئەو دەمە لە سەر کورد و کوردستان و عیراق بڵاودەکرانەوە. هەروەها هەوڵیدا ئینگلیزییەکەی بەهێز بکات بۆ ئەوەی بە باشی کەڵك لە دەکومێنت و سەرچاوە ئینگلیزییەکان وەربگرێ. ئەم فاکتەرە یارمەتیدەر بوو بۆ باشتر لێکدانەوەی باری سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە ساڵانی داگیرکەری و مەندەیتی بەریتانیدا.

له هەموو ئەوانەش گرنگتر لە ماوەی شەش ساڵدا تێزی دکتۆرای ناووکی ئامادە کرد کە لە ژێر ناونیشانی (بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عیراق لە ساڵانی ١٩١٨ –١٩٥٨) بوو و لە ١٩٦٩ بە سەرکەوتوویی لە مۆسکۆ بەرگری لێ کرد. دوکتۆر کەمال مەزهەر یەکەمین کوردی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو ئەو بڕوانامەیەی وەرگرت. توێژەری وا هەبوو پێویستی بە دوو سێ ئەوەندە ساڵ هەبوو بۆ ئەوەی ئەو بڕوانامەیە بەدەست بێنێ. تێزی دکتۆرای ناووکەکەی دوکتۆر کەمال سێ بەرگ بوو کە بە سەر یەکەوە ٧٣٥ لاپەڕە بوو.

ئەو بەرهەمەی دوکتۆر کەمال مەزهەر گەنجینەیەك بوو بۆ کاتی خۆی و رەنگبێ ئێستاش لە زانیاری و بەڵگە و لێکدانەوە لە سەر دۆز و بزاڤی کورد لە باشووری کوردستان لە ماوەی چل ساڵی رەبەقدا. پشت قایم بە سەرچاوەی مێژوویی رەسەن و دەکومێنت و بەڵگەی زۆر بە کوردی، عەرەبی، رووسی و ئینگلیزی ئەو سەردەمەی مێژووی هاوچەرخی کوردی بە شێوەیەکی زانستیانە لێکداوەتەوەو بەرهەمەکەی بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ توێژینەوەی باری کورد لەو سەردەمەدا. بەدەگمەن سەرچاوەیەکی رووسی دەبینی باسی لە کورد لەو سەردەمە کردبێ و ئاماژەی بە ئەم کارە زانستییەی دوکتۆر کەمال نەکردبێ[٣].

لە نێو رۆژهەڵاتناسان و کوردناساندا ئەو نێوێکی دیار بوو. لە ساڵانی خوێندنمدا لە مۆسکۆ دەیان جار لەو کەسانە پەسنی کارە زانستییەکانی دوکتۆر کەمالم گوێ لێبووە. بۆ خۆشم هەرچی بە رووسی نووسیبووی خوێندومەتەوە و بۆ ئامادەکردنی دکتۆراکەم کەڵکم لێ وەرگرتووە. بەرهەمەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر و هەسراتیان بە زمانی رووسی دەسپێکێك بوو بۆ لێکدانەوەیەکی زانستییانەی نوێی مێژووی هاوچەرخی کورد.

لەم بووارەدا نابێ ئەو راستییە لە بیر بکەین کە ئێمە باس لە چل ساڵ بەر لە ئێستا دەکەین، کاتێ سەرچاوە و زانیاری لە مەڕ کورد و کوردستان زۆر کەم بوون و دوای

---

(٣) بڕوانە : کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عیراق ١٩١٨ – ١٩٥٨، باکۆ – مۆسکۆ ١٩٦٩.(تێزی دکتۆرای ناووك بە زمانی رووسی).

بۆ لیستی وتار و بەرهەمەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر بە زمانی رووسی بڕوانە: دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو – کورتە باسێکی زانستی مێژوو وکورد و مێژوو، بەغدا ١٩٨٣، ل ٣٦٢.

بەرهەمەکانی محەمەد ئەمین زەکی بە دەگمەن کارێکی زانستیی لەم بووارەدا لە لایەن کوردێکەوە ئەنجام درابوو.

هەروەها دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە یەکێتی سۆڤیەت و بەر لەویش رووسیای چاری، لە بەر کۆمەڵێ هۆ و مەرجی مێژوویی و جوگرافی، تەنها لانکەی زانستی کوردۆلۆجیا بوو. ئەو دەمە لە رۆژئاوا بەرهەمی زانستیی لە مەڕ مێژووی کورد و کوردستان بە دەگمەن بڵاو دەکرایەوە.

ئەو بایەخەی ئەوڕۆ بە باس و خواسی کورد دەدرێ و ئەم شۆڕشی زانیاری و ئاگادارییەی ئێمە لە سایەییدا دەژێین، کە سەد مخابن کەڵکی زۆرمان لێی وەرنەگرتووە، وەکو خەونیش بە زیادەڕۆیی دادەنرا.

یەکێ لە ئەلف و بێکانی زانستی مێژوو ئەوەیە کە مێژوونووس رووداو و کردەوەکان لە چوارچێوەی کات و شوێنی رووداونیاندا بخوێنێتەوە. ئەرکی مێژوونووس ئەوەیە هەوڵبدات مێژوو وەکو روویداوە بنووسێتەوە، نەك وەکو ئەوەی دڵ دەیخوازێ، کورد بەگشتی زۆر حەز لەمەی دواییان دەکات.

ئەزموونەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەیان بەباشی دەرخستووە کە ئەم جۆرە مێژووە تائێستا قازانجی بە هیچ گەل و نەتەوەیەك نەگەیاندووە. شێواندنی مێژوو لە بەر هەر هۆیەك بێت مایەی زیان بەخشینە، هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی رێگە لە نەوەکانی ئەوڕۆ دەگرێ لە راستی و دروستی رووداوەکان تێبگەن و هەڵەکانی باو باپیران دووبارە نەکەنەوە.

بەرهەمەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر لە ماوەی نیو سەدەی رابردوودا لەم رێچکەیە لایان نەداوە، بۆیە میتۆدەکەی بۆتە قوتابخانەیەك بۆ هەموو ئەوانەی بە پەرۆشی مێژووی کوردەوەن. هەڵبەتە کەسانی بێ ئاگا و ناشارەزا لە زانستی مێژوو و میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوواری مێژوودا بەشێوەیەکی جیاواز بیر لەم پرسانە دەکەنەوە.

ئەو باسانەی دوکتۆر کەمال مەزهەر لە هەردوو تێزەکەیدا دەربارەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و سەرهەڵدانەکانی بیستەکان و سییەکان و چلەکان هێنانییە کایەوە تاوەکو ئێستاش گرنگیی خۆیان لە دەست نەداوە. هەڵبەتە بەهۆی ئاشکرا بوون و بەدەستهێنانی بەڵگە و زانیاری نوێوە هەندێ لە رووداوەکان زیاتر روون بوونەتەوە و نهێنی زیاتر ئاشکرا بوونە. لێ ئەوەندە نەبوونە دیمەنە مێژووییەکان سەر وبن بکەن و گۆڕانی دراماتیکی بێننە کایەوە.

دوکتۆر کەمال مەزهەر وەکو زانایەکی راستەقینە و خاوەن ویژدان هەر کاتێ هەستی کردبێ لێکدانەوەیەکی یا بۆچوونێکی پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە، یەکسەر ئەو کارەی کردووە و لاری لەوە نەبووە راستییەکان بخاتە روو. ئەمەش یەکێ لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی زانایە. مخابن ئەم خەسڵەتە تا بڵێی نامۆیە بە جیهانی (رۆشنبیریی) کوردی کە هەر کەسە خۆی لێ بووە بە لووتکەیەکی پیرۆز و پێی وایە کە دیدوبۆچوونەکانی نابێ جێگەی پرسیار و مشتومڕ بن.

دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە دەمێکی کورتدا دوکتۆر کەمال مەزهەر بووە نێوێکی دیاری دونیای نووسین و رۆشنبیریی کوردی ئەو سەردەمە، کە بەغدا ناوەندی هەرەگرنگی بوو. ئەو دەمە قوتابی ساڵی سێیەمی بەشی مێژوو بووم و تەنها کورد بووم لە کلاسەکەی خۆمدا. دوکتۆر کەمال مەزهەر مێژووی نوێی رۆژهەلاتی نزیکی پێ دەوتینەوە. مامۆستایەکی لەبز شیرین و خۆشەویست بوو و رێزی لە قوتابیان دەگرت. ئەو رووداوەکانی مێژووی بە شێوازێکی زۆر جیاواز لە وانی دی بۆ لێکدەداینەوە. زوربەی هاوپۆل و هاورێکانم کۆمۆنیست بوون و باس و خواس و تێزەکانی دوکتۆر کەمال بە تەواوی سەرنجی راکێشا بوون. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەو بەشەدا بابەتێکی دەوڵەمەند و پڕ لە زانیاری نوێی لە سەر مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورد تێکەڵ بە پرۆگرامی خوێندنی ئەو ساڵەمان کرد کە کاریگەریی باشی لە سەر قوتابیان هەبوو.

دوای چەند مانگێك کە زانی کوردم و یەکەمی بەشەکەی خۆمم ئیدی وەکو برایەکی خۆی سەیری دەکردم و منیش وەکو مامۆستایەکی زانا و بەرێز. ئەو پەیوەندییە مامۆستایی و براییەمان تاوەکو ئەوڕۆش هەر بەردەوامە و تا ئێستاش لە مامۆستا بەولاوە نازانم بە نێوێکی تر بانگی بکەم. وانە مێژووییەکانی ئەو وایان لێکردم حەز لە زانستی مێژوو بکەم و هاندان و هەوڵی ئەو رۆڵی سەرەکیان بینی لە چوونم بۆ تەواوکردنی خوێندن و هەر رەخنەی دۆستانەی ئەویش بوو لە کتێبی (مێژوو) دا پاڵی پێوە نام دەست بە نووسین بکەم. ئەو بۆ من تەنها مامۆستا نەبوو، بەڵکو نموونەی مرۆڤێکی زانا و کوردپەروێکی بێ گەرد بوو.

لەم دواییانەدا لە وەلامی هەندێ کەسدا فەرموویەتی کەس لە خۆم بە کوردتر نازانم. ئەو وتەیە نە بێرێزیی بۆ کەس تێدایە و نە نیشانەی لووت بەرزی و لە خۆبایی بوونە کە دوو خەسڵەتی نامۆن بە کەسایەتی دوکتۆر کەمال. ئاگادارم هەوڵی لە گەڵ درا بۆ بەشداری کردن لە ئەنجومەنی حوکم و لێژنەی دەستوور و ئەو جۆرە کارانەدا، کە

کەسانێکی زۆر لە (مامۆستایانی زانکۆ!!) زۆر بە گەرمی ئیشی بۆ دەکەن، لێ ئەو بە سوپاسەوە داوای لێبوردنی کرد و داخوازی ئەوەی کرد کە خەرێکی کاری زانستی خۆی بێ، چونکە بە وتەی خۆی پرۆژەی زۆری لە پێشە و تەنها لە جیهانی لێکۆڵینەوەو نووسیندا خۆی دەبینێتەوە.

دوکتۆر کەمال مەزهەر بۆی هەیە کەس لە خۆی بە کوردتر نەزانێ، چونکە ئەوەی ئەو لە رێگەی زانستەوە بۆ کوردی کردووە کەم کەسی دی کردوویەتی. ئەگەر شەرەفخانی بدلیسی باوکی مێژووی کورد بێ، کە دوکتۆر کەمال مەزهەر لە دوای ڤاسیلێیڤا باشترین لێکۆڵینەوەی زانستی لە مەڕ ئەنجامداوە، ئەگەر محەمەد ئەمین زەکی بەگ سەرقافڵەی مێژوونووسانی نوێی کورد بێ، ئەوا دوکتۆر کەمال بێ یەك و دوو ئەو زانا کوردەیە کە زانستی مێژووی لە لای خوێنەری هاوچەرخی کورد شیرین کرد و مێژووی گەلی کوردی لە چیرۆك و ئەفسانە و باس و خواسی میر و دەرەبەگەوە گواستەوە بۆ مێژووی هەموو کۆمەڵگەی کوردەواری و بنەمای رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیی لە نێو مێژوونووسانی کوردا بڵاو کردەوە.

دوکتۆر کەمال لە هەفتاکاندا مرۆڤێکی زۆر چالاك بوو و لە چەند بوارێکدا بێ وچان کاری دەکرد. ئەو مامۆستا بوو لە بەشەکانی مێژوو و زمانی کوردی لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی بەغداو لە هەمان کاتدا سکرتێری کۆڕی زانیاری کورد بوو. بەهەوڵەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر و چەند کەسێکی دڵسۆزی تر بوو کە کۆڕ بوو بە دەزگایەکی گرنگ لە ژیانی زانستی و رۆشنبیری کوردیدا. ئەو چەند ژمارەیەی گۆڤاری کۆڕ کە لەو سەردەمەدا بڵاوکراوانەوە گەواهی ئەوەن کە باشترین گۆڤار و هەوڵ بوون لە مێژووی رۆشنبیری کوردیدا.

هەر بەهەوڵی بێ وچانی ئەو بوو یەکەمین کتێبخانەی دەوڵەمەندی تایبەت بە کورد و کوردستان لە کۆڕ پێکەوە نرا. لە گەلێ وڵاتەوە بە سەدان سەرچاوەی دەگمەنی لە مەڕ کورد و کوردستان پەیدا کردو لەوێدا کۆی کردنەوە. کۆڕی زانیاری کورد بەرهەمی دەیان نووسەر و شاعیری کوردی لەو چەند ساڵەی تەمەنیدا بڵاو کردەوە. یەکێك لە گرنگترین کارەکانی کۆڕ بڵاوکردنەوەی چاپی کوردیی شەرەفنامە بوو. دوای نزیکەی چوار سەدە لە بڵاوکردنەوەی بە زمانی فارسی بە یارمەتی کۆڕ و هەوڵ و کۆششی هەژاری شاعیر خوێنەری کورد توانی ئەو بەرهەمە مێژاییە بەزمانی دایك بخوێنێتەوە(٤).

---

(٤) شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردویە بە کوردی، چاپخانەی نەعمان، نەجەف پیرۆز، ١٩٧٣.

لەم بارەیەوە دوکتۆر کەمال نووسیویە و دەڵێ: (ساڵی ١٩٧٣ هەژاری شاعیر بە یاریدەی کۆڕی زانیاری کورد کەلێنێکی زۆر گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردەوە بەوەی بە زوبانی کوردی شەرەفنامەی لە بەرگێکی قەشەنگدا بڵاوکردەوە. هەژار بەو کارە گەورەیەی قەرزی نیشتمانی بەسەر خۆیەوە نەهێشت و کۆڕی زانیاری کوردییش بە بڵاوکردنەوەی ئەرکێکی بایەخداری سەرشانی بەجێ گەیاند..چاپی کوردیی شەرەفنامە ١٠١٦ لاپەڕە بوو)[٥].

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە بەرهەمەکانی خۆیدا هەمیشە جێگەیەکی تایبەتی بە شەرەفنامە و شەرەفخانی بدلیسی داوە. ئەرکی پێداچوونەوە و بەراورد کردنی وەرگێڕانەکەی هەژار و چاپە رووسی و عەرەبییەکان بەو سپێردرا بوو. لە گەڵ ئەو کارەیدا لێکۆڵینەوەیەکی گرنگیشی لە مەڕ شەرەفنامە لە کوردناسی سۆڤیەتیدا نووسی و لە پێشەکی چاپە کوردیەکەدا بڵاو کرایەوە.

(مێژوو) کە یەکێ لە شاکارەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەرە پێشکەشی کردووە بەیادی پیرۆزی شەرەفخانی بدلیسی و مەلا مەحموودی بایەزیدی و محەمەد ئەمین زەکی. لەوێدا ئەو شوێنەی بۆ باسی شەرەفنامە و خاوەنەکەی تەرخان کردووە بە کەسی تری رەوا نەبینیوە[٦].

هەر لەو سەروبەندەشدا دوکتۆر کەمال بەرپرسی لاپەڕەی رۆشنبیری کوردی بوو لە رۆژنامەی (التآخي)، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەزمانی عەرەبی دەریدەکرد. ئەو دەمە میدیای کوردی وەکو ئەوڕۆ گیرۆدەی پەتای حیزبایەتی بەرچاو تەنگ و دەستە و دایەرەی داخراو نەبوو. نەك هەر رۆشنبیری کوردی سەربەخۆی وەکو دوکتۆر کەمال لەو رۆژنامەیەدا کاریان دەکرد و دەیاننووسی، بەڵکو هەرچی نووسەرانی لیبراڵ و دیموکراتخواز و چەپی عەرەب و گەلانی تری عیراق و هەموو ئەوانەی لە دژی پاوانخوازی و تۆتالیتاریزمی بەعس بوون لەو رۆژنامەیەدا جێگەیان دەبووەوە و وتارەیان بڵاو دەکردەوە.

دوکتۆر کەمال مۆرکی خۆی لەو لاپەڕەیە دابوو، کە ببووە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری و رۆشنبیری بۆ خوێنەری کورد و تا ئاستێك عەرەبیش لەو سەردەمەدا. زنجیرە

---

(٥) دوکتۆر کەمال مەزهەر، مێژوو، ل ١٢٥ –١٢٦.

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٥ –١٣٢.

وتارەکـانی لـە مـەڕ ڕاپـەڕینی مـەزنی سـاڵی ١٩٢٥ لـە بـاکووری کوردسـتان خـاڵێکی وەرچەرخان بوو لە لێکدانەوەی مێژووی هاوچەرخی کوردا. بۆچوونەکانی دوکتۆر کـەمال لەمـەڕ هـۆ و سروشـت و ئەنجامـەکانی سـەرهەڵدانەکە و ڕووداوەکـانی و لێکدانـەوەی زانستیانەی دیدوبۆچوونە جیاوازەکان و پەنا بردنە بەر سەرچـاوەی جۆراوجـۆر شـتگەلی نوێ بوون لە ژیانی ڕۆشنبیریی کوردیدا. لـەم سـاڵانەی دواییـدا ئـەو وتارانـە لـە دووتـوێی کتێبێکدا کۆکرانەوە و لە بەیروت چاپ کرا[٧].

لەو ساڵانەدا دوکتـۆر کـەمال مەزهـەر کۆمـەڵێ باسـی وەکـو (ئۆکتۆبـەر و مەسـەلەی کورد)، (سەرنجێکی نوێ بەرامبەر پەیمانی سـێڤەر و مەسـەلەی کـورد)، (کـام ڕێگـە؟)، (کوردستان وڵاتی ڕاپەڕین و ئەفسانە و هیوا) و (کورد و کوردستان لـە ئینـسکلۆپیدیای مێژوویی سۆڤیەتیدا) بڵاوکردەوە. لە تەك ئەو بابەتانەدا بایەخی زۆری دەدا بەو بەرهەمە زانستی و کتێبانـە، کـە لـە سـەر کـورد بـە زمـانی بیـانی بڵاودەکرانـەوە. بـەو کتێبانـەدا دەچووەوە و ڕەخنەی زانستی لە سـەریان تۆمـار دەکـرد، وەکـو کتێبـەکانی لازەرێـف و ئیگلتن و جەلیلێ جەلیل و گەلێکی تر.

ئەو وتار و باسانەی لەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەدا بڵاودەکـردەوە کـە ئـەو دەمـە دەردەچـوون وەکـو (برایـەتی)، (ڕۆژی کوردسـتان)، (بـەیان)، (التـاخي) و (هاوکـاری). ژمارەکانی گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد)یش بە بەردەوامی بێ لێکۆڵینەوەی ئەو نەبوون لە مەڕ مێژووی کورد و کوردستان. هەندێ لەم باس و توێژینەوانە دوایی وەکو بەشێك لە کتێبەکانی (چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد) و (کوردستان لە ساڵەکانی شـەڕی یەکەمی جیهاندا) و (تێگەیشتنی ڕاستی) دا بڵاوکرانەوە.

ماوەی ئەو چوار ساڵە کە کوردستان بێ شەڕ و شوڕ بـوو بزووتنـەوەی کولتـووری و چاپەمەنی لـە گەشـەکردندا بـوو و دوکتـۆر کـەمال مەزهـەریش یـەکێ لـە نێـوە هـەرە درەوشاوەکانی ئەو ساڵانە بوو.

لـە سـاڵی ١٩٧٣ کێـشەکانی نووسـینەوەی مێـژووی کـورد و ڕەهەنـد و خەسـڵەتە سەرەکییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی خستە بەردەم دوو کـۆنگرەی مێژوویی نێودەوڵەتی، یەکەمیان لـە بەغـدا لـە ڕۆژانـی ٢٥ –٣٠ مـارت و ئـەوی تریـان لـە

(٧) د. كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥ في كوردستان تركيا، بيروت، ٢٠٠١.

پاریس لە رۆژانی ١٦ — ٢٢ تەمموزی ١٩٧٣ بەستران. هەوڵ و شوێن پەنجەی لە سەر بڕیارەکانی ئەو کۆنگرانە لە بارەی کوردەوە بەباشی دیار بوون[٨].

هەڵگیرسانەوەی ئاگری شەڕ لە کوردستان لە بەهاری ١٩٧٤ ئەو بڕیارانە و دەیان بڕیار و پلان و بگرە سەرجەم چارەنووسی گەلی کوردی بەلایەکی تردا برد. دوکتۆر کەمالیش وەکو کوردپەروەرێکی راستەقینە دەبوایە هەر لەو سەنگەرەدا بووایە کە هەڵیبژارد. لە چیاکانی کوردستان بۆ زیاتر لە ساڵێك لە دەزگاکانی راگەیاندنی شۆڕشدا بەرپرسیارێتی گرنگی هەبوو و چالاکانە کاری دەکرد. وەکو زانایەك کە گرنگیی بەڵگە و دەکومێنتی دەزانی هەوڵی رزگارکردنی گەلێ بەڵگەی شۆڕشی لە فەوتاندا کاتێ رەوانەی بەیروتی کردن. مخابن وادەزانم لە ئاگری شەڕی نێوخۆی لوبناندا لە نێوچوون.

دوای شکستی شۆڕش دوکتۆر کەمال گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی لە زانکۆی بەغدا بەڵام رێگەی کۆڕی زانیاری کوردی لێ گیرا. لەو دەمەوە بڕیاریدا خۆی لە سیاسەتی رۆژانە بە دوور بگرێ و لە رێگەی پیشەکەیەوە و توێژینەوەی زانستییەوە خزمەتی نەتەوەکەی بکات. لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا لەم رێگەیە لای نەداوە و شەوی خستۆتە سەر رۆژ بۆ لێکدانەوەی مێژووی کورد و کوردستان و تیشك خستنە سەر کونجە تاریکەکانی.

هەر لەو ساڵەدا کە گەڕایەوە یەکێ لە بەرهەمە هەرە دیارەکانی **(کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا)** بڵاوکردەوە[٩] . ئەم بەرهەمەی دوکتۆر کەمال مەزهەر پێشوازی باشی لێ کرا. ئەوە یەکەمین جار بوو بە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەو جۆرە لەمەڕ سەردەمێکی مێژوویی گەلێ ئاڵۆزی کوردستان لە لایەن پسپۆڕێکی کوردەوە ئامادە بکرێ و بڵاوبکرێتەوە. تەنانەت ئەوانەی دژی وشەی

(٨) وردەکارییەکانی ئەو کۆنفرانسانە و رۆڵی کورد و دەقی وتارەکانی دوکتۆر کەمال لە کاتی خۆیدا لە رۆژنامەی (التاخي) و (برلیەتی)دا لە ٨ نیسان و٥ و٨ و١٧ ئابی ساڵی ١٩٧٣دا بڵاوکرانەوە: هەروەها بڕوانە : دوکتۆر کەمال مەزهەر، مێژوو، ل ٢٤٢ — ٢٤٦.

(٩) دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەغدا، ١٩٧٥.

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بە یارمەتی کۆڕی زانیاری کورد بڵاوی کردەوە. بڕوانە:

د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، بغداد، ١٩٧٧.

کوردستان بوون و پێچەوانەی بۆچوونەکانی دوکتۆر کەمال بیریان دەکردەوە ناچار بوون دان بەوەدا بنێن کە کارەکەی کارێکی زانستی گرنگە دەربارەی بابەتێکی نوێ کە مێژوونووسان لایان لێ نەکردۆتەوە.

یەکێ لەو بابەتانەی دوکتۆر کەمال بە وێژدانی زانایەکەوە لەو کتێبەیدا باسی لێوە کردووە ئەوەیە کە (هەندێ) ئاغا و دەرەبەگی کورد (لە ئالای حەمیدییە) دەستیان بە خوێنی ئەرمەنەکان سوور بووە. لە تەك ئەوەدا دەیان بەڵگە و نموونەی هێناوەتەوە کە چۆن کورد بە هەزارەها ئەرمەنیان لە مردن رزگارکردووە.

دوای زیاتر لە سی ساڵ بە سەر بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەدا هەندێ کەسی بێ ئاگا لە مێژووی کورد ئەو هەڵوێستەی دوکتۆر کەمالیان پێ سەیرە. سەیرەکە لەوەدایە ئەمانە ئاگاداری تاوانەکانی جاش و خۆفرۆشانی کوردن لە دژی گەلەکەی خۆیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بە تایبەتی لە باشووری کوردستان لە سەردەمی ئەنفال و هەموو ئەو کارەساتانەی بەعس بەسەر کوردا هێنانی.

جاشگەلێك بتوانن لە کۆتایی سەدەی بیستەمیندا ئەو هەموو تاوانکارییە بەرامبەر هاوخوێن و هاونیشتمان و هاوزمانی خۆیان لە پێناوی چەند دینارێکدا بکەن، بۆ دەبێ بەلامانەوە سەیر بێ ئەو تاوانانە لە دژی کەسانێ بکەن کە نە هاوئایین و نە هاوخوێن و هاوزمانیانن، با باسی بریق وباقی لیرەی مەجیدی و رەشادیشی لەولاوە بوەستێ.

جاشەکانی ئالای حەمیدییە وەکو جاشەکانی سەڵاحەددین و سووکە پاسەوانانی گوند و پێشمەرگەهای ئیسلام..تاد بەشێکن لە هێزی چەکداری دەوڵەتانی داگیرکەر و دام و دەزگاکانیان و هەرچیان کردووە و دەیکەن بە پلان و فەرمانی ئەو دەوڵەتانە کردوویانە و دەیکەن.

ئەوانەی لەم بارەیەوە رەخنەیان لە دوکتۆر کەمال گرتووە نەهاتوون لە بەر رۆشنایی بەڵگە و سەرچاوەی مێژوویی و بە رێبازێکی زانستیی لە لێکدانەوەکانی ئەو بکۆڵنەوەو و بۆچوونی نوێمان پێشکەش بکەن. تەنها بۆ نموونە ئێمە دەتوانین بپرسین بۆچی دوکتۆر کەمال لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژەی زۆری بۆ هێرش و تاوان و کوشتاری چەکدارە ئەرمەنەکان لە دژی کورد و موسوڵمانانی تر لە رۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا نەکردووە. خۆ سەرچاوەکان بە بەڵگەوە ئەوە دەگێڕنەوە کە ئەو چەکدارانە وەپێش سوپای رووسیا کەوتبوون هێرشیان دەهێنایە سەر خەڵك و دەڤەرە کوردییەکان تاوانی ترسناکیان لە دژی موسوڵمانانی ئەو ناوچانە ئەنجام دەدا. هەروەها رەخنەگر دەتوانێ

ڕەخنەی ئەوە لە دوکتۆر کەمال بگرێ کە متمانەی زۆری بە سەرچاوە ئەرمەنی و ڕووسی و ئینگلیزییەکان کردووە کە هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەکان لایەنگرییان لە ئەرمەن کردووە و ڕەخنەیان لە بڕیارە پشت شکێنەکانی ڕابەرەکانیان نەگرتووە.

دوکتۆر کەمال لە وەڵامی هەندێ لەوانەی لە کاتی خۆیدا لە بارەی کوشتاری ئەرمەنەوە ڕەخنەیان لێگرتبوو دەڵێ (تەقەللایەکی زۆرم دا بۆ ئەوەی چەند بتوانم هێند وەك بێ لایەنێك ئەو داستانە یەکالا بکەمەوە، ئەو کارەی، وابزانم، گەیاندمییە چەند ئەنجامێکی دروست: ١.بەداخەوە بەشێك لە کورد، نەك گەلی کورد، تێکەڵ بە کوشتاری ئەرمەن بوون، دەستیان بە خوێنی منداڵ و ئافرەتی بێ تاوانی ئەرمەن ڕەش بوو. ٢. کوشتاری ئەرمەن ئەنجامی هەستی ئایینی کوێرانەی کورد نەبوو، بەڵکو بەرهەمی پیلانێکی ڕێکخراوی تاقمێك فەرمانڕەوای شۆڤێنی عوسمانی بوو کە توانیان بەشێك لە کورد بکەنە یەکێك، بەڵێ تەنها یەکێك لە داردەستە نەزانەکانیان. ٣. زوربەی گەلی کورد بێلایەن وەستان، بەڵام زۆریشیان دەستی یاریدەی برایانەیان بۆ لێقەوماوانی ئەرمەن درێژ کرد. ئەم ئەنجامانەم بە پشتیوانی گەلێك بەڵگەو سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن و دەگمەن ڕوون کردەوە کە پێموایە پاکانەیەکی زانستییە بۆ ئەو لەکەیەی مێژووی نوێی کورد)[10].

کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا) کرا بە عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و ئەو بەشەشی کە لە سەر کوشتاری ئەرمەن بوو کراوە بە فەرەنسی و ئەرمەنیش.

ساڵانی دوای ١٩٧٥ دوکتۆر کەمال مەزهەر هەموو کاتی خۆی بۆ وانەوتنەوە و توێژینەوەی زانستی تەرخان کرد. بە ساڵان ڕۆژانە زیاتر لە دە کاتژمێر کاری دەکرد، لەو ڕێگەیەدا زیانی گەورەی بە تەندروستی خۆی گەیاند، هەرچەندە کۆمەڵێ بەرهەمی نایاب و گرنگی بڵاوکردەوە. یەکێ لەو بەرهەمانەی کتێبی (تێگەیشتنی ڕاستی وشوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا) بوو کە لە ساڵی ١٩٧٨ لە بەغدا بە چاپی گەیاند[11].

ئەم کتێبەی دوکتۆر کەمال بەرهەمی کارێکی پڕ لە زەحمەتی بوو. ئەو ناچار بوو هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بە دەستی خۆی بنووسێتەوە، چونکە دەرفەتی کۆپی کردن لە کتێبخانەکانی عیراقدا لە ئارادا نەبوو. لە تەك باسی ڕۆژنامەی

---

(١٠) دوکتۆر کەمال مەزهەر، مێژوو، ل ٢٨-٢٩.

(١١) دوکتۆر کەمال مەزهەر، ((تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا))، بەغداد، ١٩٧٨.

(تێگەیشتنی راستی) و نێوەرۆك و بابەتەكانی، دوكتۆر كەمال دوو پاشكۆی لە مەڕ ناو و شوێن و كاتی دەرچوونی رۆژنامە و گۆڤارە كوردییەكان لە دووتۆی ئەم كتێبەدا بلاّوكردۆتەوە. ئەم پاشكۆیانە بۆ خۆیان بیبلیۆگرافیایەك بوون بۆ رۆژنامەگەریی كوردی. (تێگەیشتنی راستی) بوو بە یەكێ لە سەرچاوە گرنگەكانی مێژووی رۆژنامەگەریی كوردیی.

دوكتۆر كەمال مەزهەر وەكو مرۆڤێكی پێشكەوتنخواز لە بەرهەمەكانی خۆیدا شوێنێكی تایبەتی بۆ ژنانی كورد تەرخان كردووە وكۆمەڵێ وتاری بەپێزی لە سەر ژنانی پێشەنگ لە بواری خوێندن و فێركردن وخەباتی ژنان و كۆمەلاّیەتی وهاوسەرانی نووسەران و رۆشنبیران نووسیوە. كتێبی (ئافرەت لە مێژوودا)ی پێشكەش كردووە بە (ئافرەتی سەربەرزی كورد، بەو دایك و خوشك و كیژە دڵسۆزانەی سەرمان پێیان گەیشتۆتە كەشكەلاّنی فەلەك)[١٢].

وەكو كەسێك كە ژیانی بۆ لێكدانەوەی مێژووی كورد تەرخان كردووە دوكتۆر كەمال ئەو راستیە باش دەزانێ كە مێژوونووسان تەنها بایەخیان بە مێژووی سیاسی كورد داوە و مێژووی كۆمەلاّیەتی، كولتووری و شارستانی و ئابووری ئەم گەلە لای كەمی لێ كراوەتەوە. لێرەوەیە گرنگیدانی ئەو بە مێژووی خوێندن وفێركردن وژیانی پارتایەتی ورێكخراوەیی لە كوردستان و رۆڵی ژنی كورد لە كۆمەڵگەی كوردیدا و باس وخواسی چینی كرێكار و دەرەبەگ و دەرەبەگایەتی لە عیراق وكوردستان[١٣].

تەرخان كردنی زوربەی كات بۆ لێكدانەوەی مێژووی كورد رێگەی ئەوەی لە دوكتۆر كەمال نەگرت لە مەڕ پرسە مێژووییەكانی عیراق ورۆژهەلاّت وجیهان بەرهەمی زانستی

---

(١٢) دوكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لە مێژوودا، كورتە باسێكی مێژوویی وكۆمەلاّیەتی، بەغدا، ١٩٨١.

(١٣) بۆ ئەو بابەتانە سەیری ئەم بەرهەمانەی دوكتۆر كەمال مەزهەر بكەن:

د.كمال مظهر أحمد، الطبقة العاملة العراقية. التكون وبدايات التحرك، بيروت ١٩٨١.

أ. شاميلوف، حول مسألة الأقطاع بين الكرد، ترجمه وكتب مقدمته وعلق عليه الدكتور كمال مظهر أحمد، بغداد، ١٩٧٧.

بۆ لیستێكی ناتەواوی ئەو بەرهەم و وتارانەی دوكتۆر كەمال مەزهەر بروانە:

دوكتۆر كەمال مەزهەر، مێژوو، ل ٢٩٨-٣٠١ و ٢٤٢ - ٣٤٥ و ٣٦١-٣٦٢.

بڵاو بكاتەوە. یەكێ لەو بەرهەمانەی كە بە زمانی عەرەبی بوو و بۆ پرسە مێژووییەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەرخانی كردبوو بەم ناوونیشانە بوو (**چەند تیشكێك لە سەر دۆزە نێودەوڵەتییەكان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست**)(١٤).

یەكێ لەو بوارە زۆرانەی كە دوكتۆر كەمال مەزهەر تێیاندا سەركەوتووە ئەوەیە كە هەر بابەتێكی زانستی دەوتەوە بەدواداچوونی تایبەتی خۆی تێدا دەكرد و وەكو مامۆستایانی دی پەنای نەدەبردە بەر كتێبی مەنهەجی و خۆ دووبارە كردنەوە. بۆیە دوای چەند ساڵێك لە وتنەوەی هەر یەك لەو بابەتانە دەبوونە بەرهەمی نایاب و پێشكەشی خوێنەرانی كورد و عەرەبی دەكرد.

وتار و لێكۆڵینەوە و كتێبەكانی لە مەڕ مێژووی ئەورووپا و ئێران و توركیا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و نێوەڕاست بەرهەمی ئەو كارە بوون. لە بواری مێژووی ئەورووپادا كتێبەكانی (ڕینەسانس) و(**میكیاڤیللی و میكیاڤیللیزم**) ووتارەكانی لەمەڕ (**ئەركی ڕۆشنبیرانی كورد لە بەر ڕۆشنایی ئەزمونەكانی ڕینەسانس**)(١٥) ئەم بۆچوونەم پشت ڕاست دەكەنەوە.

باس وخواسەكانی ڕینەسانس و ئەزموونی پێشەنگەكانی (دانتی، **پیترارك، بۆكاشیۆ، ئیرازمۆس، تۆماس مۆر، داڤینشی، مایكڵ ئانجیلو، ڕەفائێل، لۆرێنزۆ ڤالا، میكیاڤیللی، و شەكسپیر و سێرڤانتس و دەیانی دی**) باسگەلی نوێ بوون لە دونیای ڕۆشنبیری كوردیدا.

---

(١٤) د. كمال مظهر أحمد، أضواء على قضايا دولية في الشرق الأوسط، بغداد ١٩٧٨.

(١٥) د. كمال مظهر أحمد، النهضة، سلسلة الموسوعة الصغيرة ٣٧، بغداد، ١٩٧٩.

د. كمال مظهر أحمد، ميكافيلي والميكافيلية، سلسلة الموسوعة الصغيرة ١٤٢، بغداد، ١٩٨٤.

(**ئەركی ڕۆشنبیرانی كورد لە بەر ڕۆشنایی ئەزموونەكانی ڕینەسانس**) زنجیرە وتارێك بوو دوكتۆر كەمال مەزهەر خستبوویە بەردەم ڕۆشنبیرانی كورد لەو سەردەمەی دەسەڵاتی بەعسدا. ئەو وتارانەی لە گۆڤاری (**كاروان**)دا بڵاو كردەوە. میكیاڤیللی و میكیاڤیللیزم وەكو پێشەكی بۆ چاپی كوردی (میر)ی میكیاڤیللی بڵاو كرایەوە. ڕینەسانسیش لە لایەن كاك فوئاد مەجید میسرییەوە كرا بە كوردی و بڵاوكرایەوە.

دووباره دەبێ ئەوە بەیادی خوێنەران بێنینەوە کە ئێمە باس لە بیست – سی ساڵ بەر لە ئەوڕۆ دەکەین. پێموایە نابێتە زێدەڕۆیی گەر بڵێم ئەو بەرهەمانەی دوکتۆر کەمال دەروازیەکی گەورەیان لە بەردەم ڕۆشنبیرانی کوردا کردەوە.

ئەو کتێبەشی کە لە سەر مێژووی نوێ وهاوچەرخی ئێران بوو بریتی بوو لە کۆمەڵێ توێژینەوەی زانستی لە مەڕ پەیوەندییەکانی ئێران و رووسیا، عیراق و ئێران لە نێوان سازانۆف و گرای، رەزا مازەندەرانی ودەربارى ئێران، زانیاری لە سەر دامەزراوەی ئایینی ئێران. وادەزانم لە هەموو ئەوانە گرنگتر بۆ دوکتۆر کەمال ئەو بابەتەی کتێبەکە بوو کە لە ژێر ناوونیشانی (**فاکتەکانی خەباتی رزگاریخوازی کورد لە ئێران**) کە چل لاپەرەی ئەو کتێبەی بۆ باس وخواسەکانی تەرخان کرد.. رەنگبێ تاوەکو ئەو کاتە ئەوە باشترین باس بووبێ کە بە کوردی یا بە عەرەبی لە سەر بزافی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بلاو کرابێتەوە. بەشێکیشی بۆ مێژووی خەباتی رزگاریخوازی ئازەرییەکان لە ئێران تەرخان کردبوو [(١٦)].

بەپێچەوانەی لێکدانەوەی هەندێ کەسەوە کاربەدەستان و بەرپرسانی زانکۆی بەغدا و کاروباری چاپەمەنی و بلاوکردنەوە بەو کارەی دوکتۆر کەمال نیگەران بوون و هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە بلاونەبێتەوە، چونکە بە وتە و لێکدانەوەی ئەو گەوجانە لە خزمەتی (**پلانی پێنج ساڵەدا نەبوو!**).

لێ هۆی راستەقینەی ئەو هەلوێستە ئەوە بوو کە وەکو هەموو بەرهەمەکانی تری دوکتۆر کەمال لێرەشدا لە هەوڵی دەستنیشان کردنی فاکتەکانی مێژوودا بوو و گوێی بە قسە هەلەق و بەلەقەکانی وشە فرۆشان و مێژوونووسانی دەربارى سەدام حوسێن نەدابوو، کە لە ژێر پەردەی درۆیەکی زلدا، کە نێویان لێنابوو (**سەر لەنوێ نووسینەوەی مێژوو**)، کەوتبوونە شێواندنی مێژوو و خەریکی (**رەگەز راستکردنەوەی**) رابەرانی مێژوو بوون لە حەزرەتی ئادەمەوە و عەودالی هەوالی دوژمنایەتی عەرەب و فارس بوون بەدرێژایی مێژوو!!.

---

(١٦) الدكتور كمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥.

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ لە عیراق یەکێ لەو بابەتە مێژووییانەیە کە سەرەنجی دوکتۆر کەمال مەزهەری راکێشاوە. گەلێ وتار و لێکۆڵینەوەی بە عەرەبی و کوردی لە مەڕ ئەو رووداوە گرنگەی مێژووی عیراق بڵاوکردۆتەوە[17].

(رۆڵی گەلی کورد لە شۆڕشی بیستدا) یەکێ لەو کارانەی دوکتۆر کەمالە کە لە لایەن هەندێ کەسەوە لێکدانەوەی جودای لە مەڕ نووسراوە. یەکێ لە خوێندنەوە نادروستەکان بۆ ئەم کتێبە ئەوەیە گوایە دوکتۆر کەمال هەوڵیداوە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود بکاتە بەشێك لە شۆڕشی بیستی عیراقی و بەم کارەی خەسڵەتی رزگاریخوازانەی ئەو شۆڕشانەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

ئەوێ کە تێزی دکتۆرای فەلسەفەکەی بۆ خەباتی رزگاریخوزای کورد لە باشووری کوردستان لە ساڵانی ١٩١٨ –١٩٣٢ و دکتۆرای ناووکەکەی بۆ هەمان خەبات لە ساڵانی ١٩١٨ –١٩٥٨ تەرخان کردبێ و بەسەریەکەوە زیاتر لە هەزار لاپەڕەی رەش کردبێتەوە، کە شێخ مەحموودی حەفید وشۆڕشەکانی بەشی شێریان تێدا بەرکەوتووبێ ، چۆن دێ ئەو هەموو زانیاری ولێکدانەوانەی خۆی لە مەڕ بزافی رێگاریخوازی کورد بە رابەرایەتی شێخ مەحموود دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە و دەیکاتە بەشێك لە بزافی گەلێك یا وڵاتێك کە لە ساڵی ١٩٢٠دا هێشتا هەبوونی نەبێ و دروست نەکرا بێ.

خوێندنەوەی کتێبەکەی دوکتۆر کەمال لە مەڕ شۆڕشی بیست بۆچوونێکی واپشت راست ناکاتەوە.بەڵام دوکتۆر کەمال مەزهەر لە بەرامبەر مێژوونووسانی شۆڤێنی عەرەب کە یا هەر باسی کوردیان نەکردووە یا بە تەنها بە خراپە باسی سەرهەڵدان و

---

(١٧) لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو بەرهەمانەی دەکەین :

– ثورة العشرين في الأستشراق السوفيتي، بغداد، ١٩٧٧.

– دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، بغداد، ١٩٧٨.

– دراسة سوفيتية عن ثورة العشرين، (التاخي)، ٣٠ حزيران ١٩٧٠.

– دور الأكراد في ثورة العشرين (التاخي)، ١ تموز ١٩٧٠،

– الكرد وثورة العشرين، (مجلة المجمع العلمي الكردي)، المجلد السادس، ١٩٧٨.

– من تاريخ صحافة ثورة العشرين (دراسات في التاريخ والآثار)، ٥٨ العدد الثاني ١٩٨٢.

– شۆڕشی بیست :هۆکانی، ئەنجامەکانی، بایەخی (کاروان)، ژمارە ١٠، ١٩٨٣، شوێنی میللەتی کورد لە شۆڕشی بیستا، (برایەتی)، ژمارە ٤ ساڵی ١، خولی دووەم، ئەیلوولی ١٩٧٠.

سەرکردەکانی کوردیان کردووە، لە وەڵامی ئەمانەدا کۆمەڵێ رووداوی خستۆتە روو کە ئەوە پشت راست دەکەنەوە کە کورد لەوان زیاتر روو بە رووی داگیرکەری بەریتانی بۆتەوە. هەندێ لە هەڵچوون و راپەرینەکانی کوردیش هەڵبەتە لە دەورووبەری شۆڕشی بیستدا روویانداوە.

هەڵبەتە دوکتۆر کەمال وەکو پسپۆر و شارەزایەك لە بواری مێژوودا ناتوانێ رووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان لە دەرەوەی کات و شوێن و بە دابڕاوی لە دەورووبەرو و پێشهات و ئاڵوگۆڕەکان بخوێنێتەوە وەکو هەندێ کەس دەیکەن.

ئەگەر بە قسەی گەلێ لە نووسەران و سیاسەتمەدارانی ئەوڕۆی کورد بکەین ئەوا دەبێ خەتێکی راست و چەپ بە سەر سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا بێنین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە بەر ئەوەی ئەمەریکا وبەریتانیا رژێمی خوێنرێژی بەعسیان لە نێوبرد و ئەوڕۆ خۆشەویستی هەندێ لە کوردانن. لە بەریتانیا وفەرەنسا و هەموو ئەو ولاتانەی لە کاتی خۆیدا خاوەن کۆلۆنیا بوونە داخوازییەکی لەو جۆرە لە ئارادا نییە چونکە ئەوە بەشێکە لە مێژوو و بە خواستی کەس ناسرێتەوە.

هەڵبەتە سیاسەتمەداری رۆژهەلاتی و لە گەڵ ئەوانیشدا هەندێ نووسەری هەلپەرست دەتوانن هەڵویستی خۆیان ١٨٠ پلە بگۆڕن و بە ناوی واقیعیەتی سیاسییەوە لەوپەڕی چەپەوە باز بدەن بۆ ئەوپەڕی راست، لێ ئەوە ئاکاری مرۆڤی زانا و ئەکادیمی نییە. ئەمی دواییان تەنها پەیدابوونی زانیاری و لێکدانەوەی نوێ و پشت راست بە بەڵگە و دەکومێنت دەتوانن گومان بخەنە سەر بۆچوونەکانی پێشووی و ناچاری دەکەن پیاندا بچێتەوە. شۆڕشی بیست لە دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بووە و لە گەلێ ناوچەی کوردستانیش خەڵك لە دژی داگیرکەری بەریتانی سەری هەڵداوە و هەوڵی رزگارکردنی ولاتەکەی داوە. ئەمە راستیەکانی مێژوون، رزگاکردنی کورد و گەلانی تری عیراق لە رژێمی سەدام حوسێن لە لایەن ئەمەریکا وبەریتانیاوە شتێك لەم فاکتە مێژووییانە ناگۆڕن.

لەم دواییانەدا کاتێ لە ئیسماعیل بێشکچی دەپرسن، ئەوە چییە سەرۆکی پەکەکە بەبالآی کەمالیزمدا هەڵدەدا و بە ئیدیۆلۆجییەکی پێشکەتنخواز و دادپەروەری لە قەڵەم دەدا، کەچی تۆ و لە رابردوودا ئەوانیش بە دوژمنی هەرە گەورە و ترسناکی کوردتان لە قەڵەم دەدا و هەموو هەوڵتان بۆ ئەوە بوو کورد لە کاریگەریی نەرێتی ئەو ئیدیۆلۆجییە رزگار بکەن. بێشچکی بە شێوازە لە سەرخۆکەی دەڵێ کە پارت و کەسانی سیاسی دەتوانن بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بگۆڕن، لێ مرۆڤی ئەکادیمی و شارەزا تەنها ئەو کاتە

مزری خۆی دەگۆڕێ کاتێ بەڵگە و زانیاری نوێ پەیدا دەبن و ئەوانەی پیشوو بەدرۆ دەخەنەوە و من هیچ شتێکی لەو جۆرە لەم بووارەدا لە ئارادا نابینم.

کتێبی (مێژوو) شاکارێکی تری دوکتۆر کەمال بوو کە پێموایە هەڵوێستی زوربەی خوێنەرانی کوردی لە سەر زانستی مێژوو گۆڕی. دوای کورتە باسێکی مێژوو وگەشتی زانستی مێژوو لە یۆنانی کۆنەوە تاوەکو هەشتاکانی سەدەی بیست، هاتۆتە سەر باسی مێژوونووسیی کوردی و نێوە دیارەکانی ئەم بووارەمان پێدەناسێنێ لە ئیبن و لئەسیرەوە تا دەگاتە ئەوانەی لە هەشتاکاندا خەریکی باس و خواسی مێژووی کورد بوون.

لە تەك ئەو باسە گرنگانەدا لەو کتێبەدا بیبلیۆگرافیایەکی مێژوونووسیی کوردیی بلاوکردۆتەوە کە ٩٧٦ ناوونیشانی گرتۆتە خۆی. ئەم بیبلیۆگرافیایە بۆ خۆی کارێکی زانستی تا بڵێی گرنگ و پێویستە و دوکتۆر کەمال بەم کارەی یارمەتییەکی گەورەی پێشکەش بە مێژوونووسانی کورد کردووە[١٨].

سەرباری هەموو ئەو کارانەی دوکتۆر کەمال بەوە ناسراوە کە کاتێکی زۆر بۆ ئەو قوتابیانە تەرخان دەکات کە خەریکی ئامادەکردنی نامەی ماستەر و نووسینی تێزی دکتۆران. هەروەها بایەخی زۆر دەدات بەو نامە و تێزانەی بەشداری لە گفتوگۆیان دەکات، بە وردی دەیانخوێنێتەوە و سەرنج و بیروڕای خۆی لە سەریان دەخاتە روو، کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو بەرهەمانە. رەنگبێ ژمارەی ئەو نامە و تێزانەی کە دوکتۆر کەمال سەرپەرشتی کردوون یا لە گفتوگۆیاندا بەشداری کردووە ئێستا خۆی لە سەدان بدات. باوەڕ ناکەم نامە و تێزێکی سەرکەوتوو لە بوواری مێژووی نوێی کورد وعێراق و ولاتانی رۆژهەلاتی نزیك لەم بیست – سی ساڵەی دواییدا لە عێراق ئامادە کرابێ و شوێن دەستی دوکتۆر کەمالی پێوە دیار نەبێ. ساڵانە دەیان قوتابی لە زانکۆ جیاوازەکانی عێراقەوە روو لە دوکتۆر کەمال دەکەن بۆ ئەوەی ئامۆژگاری و رێنماییان بکات. دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەوەندە میهرەبانە باوەڕ ناکەم قەت دەستی بەرووی کەسەوە نابێ و دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکردبێ. هەڵبەتە ئەم کارانە کات و توانای زۆری لێ دەبەن و لە

---

(١٨) لە کاتی بلاوکردنەوەی (مێژوو)دا پێداچوونەوەیەکی دوور و درێژم لە سەر کتێبەکە بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (کاروان)دا بلاوکردەوە. بروانە:

التأريخ، تأليف الأستاذ الدكتور كمال مظهر أحمد، مراجعة: الدكتور جبار قادر، مجلة (كاروان)، ٢٣، اب ١٩٨٤.

کـارێکی خـۆی دوای دەخـەن. لـێ لـە بەرامبـەردا ئـەو خۆشەویـستی و ڕێـزی خـەڵکی بەدەستهێناوە و کاریگەری کردۆتە سەر ئەوانەی لە بـەر دەسـتی ئـەو پێدەگـەن. ئەمـەش ئاکاری زانای ڕاستەقینەیە کە زانیاری و ئەزموونە تایبەتیەکانی خۆی پێشکەش بەخـەڵك دەکا و بـەو شـێوەیە ئـەرکی ڕۆشـنبیری خـۆی دەبـێنێ و نموونـەی مرۆڤـی زانـستپەروەر پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات.

یەکێ لە خەسـڵەتە جوانـەکانی دوکتـۆر کـەمال مەزهـەر وەکـو چـەند جـارێ لـە خـۆیم بیستووە ئەوەیە کە بـەبێ خـۆ ئامـادە کـردن قـەت ناچـێتە پـۆلی وانەوتنـەوە. هـەر بۆیـە وانەکانی هەمیشە پڕن لە زانیاری نوێ و سەرنجی قوتابیـان ڕادەکێـشن. یـەکێ لـە دیـاردە هەرە خراپەکانی زانکۆکـانی ئـەم عەسـرەی ئێمـە خـۆ دووبارەکردنـەوەی مامۆسـتایانە و بەسەرچوونی ئەو بابـەت زانیارییانەیـە کـە پێـشکەشی قوتابیـانی دەکـەن، بۆیـە زۆربـەی قوتابیەکان حەز ناکەن گوێیان لێ بگرن.

کەسایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی کـورد جێگـەی بایـەخی دوکتـۆر کـەمال بوونـە و گـەلێ دیـداری لـە گەڵـدا کـردوون و وتـاری لـە بارەیانـەوە نووسـیوە. کـەڵکی زۆری لـە بیرەوەرییـەکانیان وەرگرتـووە بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی لێکۆڵینـەوە زانـستییەکانی لـە مـەڕ مێـژووی هاوچـەرخی کـورد. کەسـانی وەکـو ئیـسماعیل حـەقی شـاوەیس، عـەلی سـیدۆ گەورانی، ئەحمەد خواجە، عەلائەدین سوجادی، ڕەوشەن بەدرخان، ئەحمەد تـەقی، فاتمـە محێـدین وگـەلێکی تـر جێگـەی ڕێـز و ستایـشی ئـەو بـوون، سـەردانی کـردوون و بیرەوەرییـەکانیانی لای خـۆی تۆمـار کـردووە، بـە هـەوڵ و کۆشـشی ئـەو بەشـێ لـە بیرەوەرییـەکانیان بڵاوکرانـەوە، وەکـو ئـەوەی فوئـاد عـارف. هـەر ئـەویش بـوو بیرەوەرییەکانی دوا سەرەك وەزیرانی عێراقی سەردەمی پاشایەتی ئەحمەد موختار بابـانی بڵاوکردەوە[19].

دوکتۆر کەمال مەزهەر باوەڕی بەوە هەیە کـە (مێـژوو زانـستێکی وشـك و بـرنگ نییـە، بەرهەمەکانی وەکو ئەدەب بۆ هەمووانە نەك تەنها بـۆ شـارەزایان لـە بـەر ئـەوە پێویـستە

---

(١٩) مذكرات فؤاد عارف، الجزء الأول، تقديم وتعليق الدكتور كمال مظهر أحمد، دهوك ١٩٩٩.

مخـابن بیرەوەرییـەکانی ئەحمـەد موختـار بابـانم ئێـستا لـە بەردەسـتدا نییـە هەرچـەندە لـە کتێبخانەکەمدا هەبوو، پێموایە لە ئوردون چـاپ کـرا و دوکتـۆر کـەمال مەزهـەر بـۆ چـاپ ڕێـك و پێـك و ئامادەی کرد.

شێوازی نووسینەوەی ڕووداوەکانی ڕەوان ودڵگیر، ئاودار ونازدار بێت تاوەکو بە ئاسانی بڕژێتە ناو هەست و دەروونی خوێنەرەوە. بۆ ڕازاندنەوەی بەرهەمەکانی مێژوونووس بە ئاسانی دەتوانێت پەنا بەرێتە بەر شیعر وئەدەب و داستان و ئەفسانە و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی باو و باپیران و گاڵتە و گەپ و فۆلکلۆر و بەسەرهاتی دانسقە و خۆش و ناخۆشی کۆمەڵانی خەڵک)[٢٠].

لە هەموو بەرهەمەکانیدا ئەو شێوازە بەرچاوە. ئەو هەمیشە بە کوردییەکی ڕەوان و بەشێوازێکی دڵڕفێن ڕووداوە مێژووییەکان بۆ خوێنەرانی خۆی دەگێڕێتەوە و لێکیان دەداتەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئەم شێوازەی کاری نەکردۆتە سەر ناوەرۆکی زانستیانەی بەرهەمەکانی. زمانی شیعر وئەدەب زاڵ نەبووە بەسەر زمانی زانست ولێکدانەوەی فاکت و زانیارییەکاندا.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە زۆر ئاگاداری نووسین و بەرهەمەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەر نەبووم هەرچەندە هەرچیم چنگ کەوتبێ خوێندوومنەتەوە. کاری کاک عەبدوللا زەنگەنە ڕاست بێ کۆمەڵێ باشی لە وتارەکانی ئەو ساڵانەی دوکتۆر کەمال مەزهەری کۆکردەوە و لە دووتوێی کتێبێکی ٦٢١ لاپەڕەییدا لە ساڵی ٢٠٠١ وەکو بەشی دووەمی (**چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد**) لە هەولێر بە چاپ گەیاند[٢١].

لەم بەرهەمەیدا دوکتۆر کەمال مەزهەر کەڵکێکی زۆری لە بەڵگە و دەکومێنتەکانی بەریتانیا و عێراق لە مەڕ کورد وکوردستان وەرگرتووە و گەلێ لایەنی مێژوو وبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە بەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگە مێژووییانە بۆ خوێنەران و نەوەی نوێ ڕوون کردۆتەوە.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو دیدەی کە دەڵێ هەموو نەوەیەکی نوێ خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پرس و دەقە مێژووییەکان کە لە گەشەکردنی زانست و بیر و زانیاری و بەڵگەی نوێ وئەزموونی نەوەکانی خۆی وپێش خۆیەوە سەرچاوە دەگرن، دوکتۆر کەمال

---

(٢٠) دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل٣٠.

(٢١) د.کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردن: عەبدوللا زەنگەنە، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١.

لە ١٤ نیسانی ٢٠٠٢ کاك عەبدوللا زەنگەنە ئەرکی کێشاو دانەیەکی لەو کتێبە بە دیاری پێشکەش کردم کە لێرەدا جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لێبکەم و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

مەزهەر لەم ساڵانەی دواییدا هەڵسەنگاندنی نوێی دەبارەی کۆمەڵێ لە کەسایەتی و فیگورەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد و عیراق پێشکەش کردووە وەکو سەعید قەزاز، موشیری حەمەی سلێمان، نوری سەعید و گەلێکی دی. هەڵبەتە هەندێ لەم بۆچوونانە دەتوانن مایەی مشتومڕ بن. ڕەنگبێ هەندێ کەس بەتایبەتی ئەوانەی گیرۆدەی دەقگرتنی ئایدیۆلۆجیان یا بیر لەو مێژووە دەکەنەوە کە دڵ دەیخوازێ نەك ئەوەی کە لە ڕاستیدا ڕوویداوە، ئەم دیدانەی دوکتۆر کەمالیان بۆ هەرس نەکرێ.

دوکتۆر کەمال مەزهەر دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام حوسێن زوو هاتە دەست و بەرهەمێکی گرنگی لە بارەی کێشەیەکی سەرەکی و یەکێ لە گرێ کوێرەکانی دۆزی کورد لە باشوری کوردستان خستە بەردەم بڕیاردەران و سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی کورد و عەرەب، مەبەستم کتێبی **(کەرکوك و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان)**[٢٢].

دوکتۆر کەمال ئەم بەرهەمەی **(پێشکەش بەو عەرەبانە کردووە کە نایانەوێ زۆردار بن بەو ئەندازەی نایانەوێ زۆرلێکراو بن)**. لەم بەرهەمەیدا دوکتۆر کەمال مەزهەر ڕاستییە مێژووییەکان لەمەڕ کوردستانێتی کەرکوك لە بەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان دەخاتە بەردەم هەموو لایەك.

**خەمی کەرکوك و هەموو ئەو دەڤەرانەی تری کوردستان کە وەبەر شاڵاوی پاکتاوی ڕەگەزی بەعس کەوتن خەمێکی هەمیشەیی دوکتۆر کەمال بووە و ڕۆڵەکانی ئەو ناوچانە کە قوتابی و دۆست و ئاشنای دوکتۆر کەمال بوونە دەزانن ئەو چەندە لە هەوڵی ئەوەدایە کە پێگەی کورد لەو شار و دەڤەرانە بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی نەیاران زەفەریان پێ نەبەن.**

ڕێز و خۆشەویستی خەڵك بۆ دوکتۆر کەمال و نێو و نێوبانگی وەکو ڕۆشنبیر و زانایەکی گەورە و کەسایەتی پڕ لە سۆز و مرۆڤدۆستی ئەو بوونە کێچ و کەوتنە کەوڵی ئەوانەی پەتای دەردەکوردە دەمێکە زەفەری پێ بردوون و هەوڵی زۆریاندا لە ڕێگەی ڕاپۆرت نووسین و قسە و قسەلۆکەوە بە فەتاراتی بدەن یا هیچ نەبێ نێوی بزڕێنن. خۆشبەختانە هەموو پیلانەکانیان شکستیان هێنا و خۆشەویستی خەڵك بۆ دوکتۆر کەمال لە جاران زیاترە. هەڵبەتە ئەم هەوڵانە هەندێ ئازاریان بە دوکتۆر کەمال و هەموو ئەوانەی خۆشیان دەوێ گەیاند، لێ لە بەرامبەر ئەوەدا ڕووڕەش بوون.

---

(٢٢) د.كمال مظهر أحمد، كركوك وتوابعها، حكم التأريخ والضمير، دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق، الجزء الأول، مطبعة رينوين بلا. س.

جاروبار هەندێ لەوانەی گوایە رەخنە دەگرن لە دیدوبۆچوونەکانی دوکتۆر کەمال ئەوەندە نەخوێنەوارن، مرۆڤ بە وتەی برادەرێك، دەبێ ماشەڵا لە نەزانیان بکات نەبا بەێن بەچاوەوە. یەکێ لەوانە جیاوازی نێوان میری کۆرە و مەلای خەتێی لێ بووە بە گرێ کوێرە و بۆی نەکراوەتەوە، بۆیە (داهێنەرانە) تێکهەڵکێشی کردوون و فیگورێکی نوێی لێ (ئەفراندوون) بە نێوی (مەلای کۆرە).

دوکتۆر کەمال پرۆژەی زانستی زۆری لە بەر دەستدایە کە دەیەوێ کاریان لە سەر بکات، لێ ماوەیەکە تەندروستی باش نییە. هیوام وایە بە زووترین کات چاك ببێتەوە و ئەو کارانەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی رەشی بەعسدا نەدەکرا بیریان لێ بکرێتەوە ئێستا کاریان لە سەر بکا و خوێنەری کورد و نەوەکانی داهاتوویان لێ ئاگادار بکات.

من دەزانم لە وتارێکی وادا ناکرێ مافی زانایەکی وەکو دوکتۆر کەمال مەزهەر بدەینەوە. ئەو کە خاوەن ئەو هەموو کتێب و بەرهەمەیە کە پێشکەشی خوێنەرانی کورد و عەرەبی کردووە و، ئەو هەموو شاگردەی کە پێی گەیاندوون و پەروەردەی کردوون و ئەو کەسایەتییە پڕ لە هەستی مرۆڤانی و سۆزەیە، چەندین وتاری وەك ئەمەی من مافی خۆی نادەنێ و کاتی ئەوە هاتووە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە سەر بەرهەمی بیری ئەو زانایە ئامادە بکرێن(*).

---

(*) دوای ئامادەکردنی ئەم بابەتە دوکتۆر کەمال مەزهەر بەرهەمێکی تری نایابی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد کە بەم ناونیشانە بوو:

کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری ، ٢٠٠٨. کە پێداچوونەوەیەکی تایبەتی دەوێ و ئێرە جێگەی نییە. ئەوەندەی ئاگادارم بەرگی دووەمی ئەو بەرهەمەش لە ئامادەکردندایە و هیوادارم بەم زووانە بگاتە دەستی خوێنەرانی کورد و هیوای تەمەن درێژی بۆ مامۆستای زانامان دوکتۆر کەمال مەزهەر و دەستخۆشی لە کاك عەبدوڵڵا زەنگەنە و هاوڕازی دوکتۆر کەمال شەهلا خانمی حەیدەری، کە ئەرکێکی زۆر دەکێشن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە پیرۆزە.

((بەخوێنەر و توێژەران رادەگەیەنین ئێستا تەواوی بەرگی دووەمی کتێبی (کورد و کوردستان)ی ئامادە بۆکراو ئامادەیە بۆ چاپ — ع.زەنگەنە)).

## بابەتی دووەم

# لە دیداری مێژوونووسی گەورەی کورد د. کەمال مەزهەر ئەحمەددا[*]

سازدانی: عەتا موفتی

---

(*) سەرچاوە: ((مەڵبەند)) بڵاوکراوەی وەرزیی رۆشنبیریی گشتیی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردە لە لەندەن، ژمارە ۹۸ی حوزەیرانی ۲۷۰۷ی کوردی / ۲۰۰۷. دواتریش لە ژمارە ۵۰۱ی رۆژی شەممەی یازدەی ئابی ۲۰۰۷ی رۆژنامەی (ئاسۆ)شدا بڵاوکراوەتەوە.

*** سەرەتا لەلایەن گۆڤاری ((مەڵبەند)) و ڕۆژنامەی ((ئاسۆ))وە بەخێرهاتنت دەکەم بۆ بەریتانیا و سوپاسی ئامادەبوونیشت دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە و ئەنجامدانی ئەم دیدارە.**

**– د. کەمال مەزهەر:** ڕۆژنامەی ((ئاسۆ)) و گۆڤاری ((مەڵبەند))، شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەم دیدارە بۆ ((مەڵبەند)) و ((ئاسۆ)) ئەنجام بدرێت.

*** بەبڕوای بەڕێزتان نووسینەوەی مێژووی نوێی کورد تا چ ڕادەیەك نووسینەوەی مێژووی چینە پێکهێنەر و سەرەکییەکانی کۆمەڵی کوردە و نووسینەوەی ئەو مێژووە چ گرنگییەکی بۆ ئێستا و داهاتووی کورد هەیە؟**

**– د. کەمال مەزهەر:** مێژوو زانستێکی یەکجار گەورە و بایەخدارە، دڵنیام ئاگاداری لەوەی کتێبێکی سەربەخۆم بە کوردی هەیە نزیکەی ٤٠٠ لاپەڕە دەبێت دەربارەی زانستی مێژوو لەگەڵ ڕۆڵی کورد لە مێژوو و لە مێژوونووسیندا. لە ڕێگەی مێژووەوە ئێمە دەتوانین ئەوەی داهاتووی نەتەوەکەمان بەڕێکوپێکی پەروەردە بکەین و دەتوانین کەڵك لە وانەکانی مێژوو وەربگرین بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەی کە کراون دووپات نەبنەوە لە مێژووی نەتەوەیی کورددا. ئەوەی کە کراوە تا ئێستا هەڵبەت بایەخی زۆریان هەیە کە دڵسۆزی پاڵی بەو کەسانەوە ناوە کە خەریکی مێژووی کورد و کوردستان بن، یەکێك لەوانە کە من هەمیشە ئاماژەی بۆ دەکەم و بەمامۆستای گەورەی خۆمی دادەنێم، خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەدئەمین زەکی یە.

کابرا پەکی کەوتبوو، چونکە بە منداڵی دیبووم لە ماڵی خۆیان لەگەڵ سانیحەخانی کچی مامۆستا ئەمین زەکی کە شایانی ئەوەیە کچی مامۆستا ئەمین زەکی بێت، پێم وایە لە پۆلی چوار یان پێنجی سەرەتایی بووم کە هاتین لە بەغدا دیمان و پاش ئەوە بەماوەیەکی کورت کۆچی دوایی کرد. بەیەکجاری پەکی کەوتبوو، ئەمجا لەگەڵ ئەوەشدا هەتا دواهەناسەی هەر خەریکی مێژووی نەتەوەکەمان بوو. ئێمە دەبێت شوێنی شیاوی خۆیان بدەین بەم کەسانە. هەر بگەڕێینەوە سەر مامۆستا ئەمین زەکی، مامۆستا ئەمین زەکی لەوانەیە، نەك لەوانەیە بەڵکو سەداسەد، ئەویش کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە کەس نییە نەکەوێتە هەڵەوە. مامۆستا ئەمین زەکی کە ڕێگای سەربازی گرتبووە بەر، من

ناتوانم داوای ئەوە بکەم ئەو وەکو مێژوونووسێکی هاوچەرخ، وەك مێژوونووسێکی گەنج کە بەشی مێژووی تەواو کردبێت، یان لە دەرەوە خوێندبێتی، وەك ئەو لێکدانەوەی هەبێت بۆ مێژوو، من ناتوانم داوای ئەوە لەو بکەم، ئەوەیش هیچ لە پایە و نرخی مامۆستا ئەمین زەکی کەم ناکاتەوە.

ئەگەر بمانەوێت باشترین بەرهەم پێشکەش بە نەتەوەکەمان بکەین، دەبێت بەر لە هەر شتێك بەدوای سەرچاوەی رەسەندا بگەڕێین. سەرچاوەی رەسەن شتێکی زۆر زۆر بایەخدارە، سەرچاوەی وەك بەڵگەنامە، وا بۆ سێ مانگ دەچێت بەوپەڕی بەختەوەرییەوە شەو و رۆژ خەریکی بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتە جیاجیاکانی بەریتانیام دەربارەی کورد. ئەو بەڵگەنامانە لە قەوارەی هەزارو دوو هەزار و سێ هەزاردا نین، دەیان و دەیان هەزار بەڵگەنامەیان لەسەر کورد نووسیوە. لەسەر وردترین شتی کورد بەڵگەنامەیان نووسیوە، ئێمە دەبێت خەریکی ئەو جۆرە بەڵگەنامانە بین، چونکە مێژووی دروستی نەتەوەی کورد و لایەنە شاراوەکانی لەو بەڵگەنامانەدا بەدی دەکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە مێژوونووسی کورد، بە تایبەت مێژوونووسە لاوەکان، دەکەم کە راستە تەنانەت ئەو بەڵگەنامانەش کە بەو جۆرە باسم کردن و نرخاندمن، دەبێت ئاگامان لێ بێت چۆن بەکاریان بێنین. مەبەستم لەوەیە کە مێژوونووس دەبێت هەمیشە خۆی ئاغای سەرچاوەکانی بێت. دەبێت لێکدانەوەی هەبێت و ئاگای لە خۆی بێت کە چۆن لێکیان دەداتەوە و نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە کەم مێژوو هەیە بەداخەوە بەرادەی مێژووی گەلی کورد شێوێندرا بێت. بۆیە ئەو بووارە کە ئێستا تۆ هێناتە کایەوە بووارێکی زۆر بایەخدارە و هیوادارم کە وەڵامەکەم لە جێی خۆیدا بێت.

*** بەبڕوای مارکس، هیگڵ بەهەڵەدا چووە کە وتویەتی: بیروڕا (هزرو دین) مێژوو دەبزوێنن، چونکە مارکس بڕوای وا بووە: ((مێژوو مێژووی کێشە و ململانێی نێوان چینەکانە و بزوێنەر و هێزی ماتریالی هەیە)) . لەم روانگەیەوە پرسیارەکەمان ئەوەیە ئایا کام چینەی کۆمەڵ بزوێنەری مێژووی کورد بووە و چ هێزێکی ماتریالی لەو بزاوتەدا بەکار هاتووە؟ ((بێگومان مەبەست لە پێکهێنەرە سادەکانی هێزی ماتریالی نییە)).**

– د. کەمال مەزهەر: بێگومان مارکس فەیلەسوفێکی یەکجار گەورەیە، پێم وا نییە کەس بتوانێت گومان لەوە بکات، هەر لەم ماوە کورتەدا کە من لەم وڵاتە سەرمایەدارییە

بووم، سەرەتا لە مانچێستر بووم و مارکس و ئینگلس لەوێ ژیاون، لە مۆزەخانەکانیان، لە هاید پارك لە لەندەن جێگەی مارکس دیارە و پەیکەری مارکس دانراوە.

زوو زوو کە بمەوێت ئاماژە بۆ گەورەیی مارکس و مارکسیزم بکەم، پەنا دەبەمەوە بەر قسەکان یان هەڵسەنگاندنی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعوود محەمەد. مامۆستا مەسعوود محەمەد بەوە ناسرابوو کە گوایا دژ بەمارکسییەتە. نەخێر مامۆستا مەسعوود محەمەد دژ بەمارکسییەت نەبوو، بەڵام بیروبۆچوونی وردی خۆی هەبوو، هەمیشە دەیوت و دەیوتەوە کە ئەگەر من سەرپشك بم، پێم بڵێن لە سەرەتای مێژووەوە دە فەیلەسوف هەڵبژێرم، یەکێکیان مارکسە، بیکەن بە نۆ هەر یەکێکیان مارکسە، بیکەن بە سێ یەکێکیان هەر مارکسە، ئەوەندە گەورەیە. من بۆ خۆم تا ڕادەیەك لە مارکسیزم – لینینیزم گەیشتووم، چونکە سەرەتای ڕێگەی خەباتم، مارکسیزمم هەڵبژارد. ئەندام بووم لە پارتیی کۆمۆنیستدا و لەوە پەشیمان نیم و بەشانازییەوە باسی ئەوە دەکەم. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ببیتە کۆیلە لە بەردەم مارکسیزم– لینینیزمدا. هەن ڕەخنەم لێدەگرن و لێم ناڕازین و هەندێ جار وام دادەنێن و دەمخەنە خانەی دوژمنانەوە لەبەر ئەوەی کەوا دەڵێم و قەناعەتم بەو قسەیە هەیە، مەرج نییە مارکسیزم هەمووی ڕاست بێت، مارکس بۆ خۆی هەرگیز دەرگای لێکدانەوەی دانەخست، ئەو ڕێگەیەی بەجێهێشت کە لە دوای ئەویش خەڵکی تر کە هاتنە کایەوە ئەوانیش بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن. ئەگەر مارکس بمایە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و ئەگەر سەدەی بیستەمی بدیایە و ئەگەر ڕووخانی وڵاتی شورەوی بدیایە و ئەگەر زۆر شتی تری وەك ئەوانەی بدیایە، چونکە خۆی پیاوێکی گەورە و دووربین بوو، خۆی چاوی دەگێڕایەوە بە بۆچوونەکانی ڕابردوویدا.

بەڵام ڕاستییەکەی خەباتی چینایەتی هێزێکی بزوێنەری ژیانی کۆمەڵە لە هەر شوێنێك بێت. لەم بووارەدا پێویستە خاڵێکی گرنگ لەبەر چاو بگرین، ئەو خاڵەش ئەوەیە کەوا خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵێکدا کە خۆی ژێردەستە بێت و لە کۆمەڵێکدا کە هەموو چینەکانی چەوساوە بن وەك کورد، دەرەبەگی کوردیش چەوساوە بووە. بۆ؟ لەبەر ئەوەی کەوا کوردە، لەبەر ئەوەی چاویان بڕیوەتە زەویوزاری دەرەبەگی کورد، بۆیە ئەو دەرەبەگەش لە خانەی نیشتمانپەروەرێتی و لە خانەی خەباتدا بووە لە پێناوی

گەلی کورددا. ئەگینا ئەگەر بێیتە سەر کۆمەڵێك کە بە هەموو مافەکانی خۆی گەیشتبێت هەڵبەت خەباتی چینایەتی رۆڵێکی یەکجار گەورە دەبینێت. ئەمە مانای ئەوە نییە کەوا من خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵی کورددا دەخەمە پشت گوێ، نەخێر ئەوە خۆشی خەباتی چینایەتییە، چونکە لایەنەکەی تر هەموومان دەچەوسێنێتەوە، بۆیە ئێمە هەموومان لە سەنگەرێکدا دەبێ بمانەوێت و نەمانەوێت، چونکە ئەگەر ئەو سەنگەرە سەرکەوێت هەموومان کەڵکی لێ وەردەگرین. ئەمە بۆچوونی منە بۆ ئەو لایەنەی بابەتەکە.

*** ئاماژەت بەوەدا کە سەرەتای خەباتت بەمارکسیزم دەست پێکرد، دەتوانین بپرسین ئەو مێژووە کەی بووە؟**

**– د. کەمال مەزهەر:** سەرەتا قوتابی بووین لە قوتابخانەی ناوەندی، ئەو وەختە ئێمە نەماندەتوانی ببین بەکۆمۆنیست، چونکە تەمەن رێگەی نەدەدا و خەباتی کۆمۆنیستەکان خەباتێکی یەکجار سەخت بوو و رووکەشی پارتیی کۆمۆنیست گەلێ شت بوو، یەکێك لەوانە یەکێتی قوتابییان بوو، ئێمەو مانان ئەندام بووین لە یەکێتی قوتابیاندا. بیرم دێت لە پۆلی دوو و سێی ناوەندی بووم کە ستالین کۆچی دوایی کرد لە ١٩٥٣، ئێمە لە نزیك قوتابخەکەی خۆمانەوە لە گردی شێخ محێدین لە سلێمانی، هەموو قوتابییە پێشکەوتنخوازەکان لەوێ کۆ بووینەوە و ماتەمینیمان گرت بۆ کۆچی دوایی ستالین. ئیتر لە دواییدا زیاتر نزیك بوومەوە و ئەو کۆبوونەوانە کە دەکران لە سلێمانی لە ماڵی قادری میرزا کەریم و جەلالی میرزا کەریم کە مەشهوور بوون بەکۆمۆنیست (جەلال کەریم)ێکی باڵابەرزیش هەبوو و قوتابی بوو لە گەڵماندا دەوری زۆری دەبینی. لەو ماڵانەدا کۆ دەبووینەوە و بەشداریمان دەکرد لە خۆپیشاندان و بیرم دێت تەنانەت لە ساڵی ١٩٥٤دا لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا بەشداریم کرد لە خۆپیشاندانەکاندا و گیرام و ئەگەر دادوەر ئەنوەری یەکتابەگ نەبووایە کە فریام کەوت، یانی حوکمێکی وای دام کە مانگێك بەند بکرێم یان دە دینار بەنەقدی بدەم، دیارە من دوومیانم هەڵبژارد و ئێستاش لە بیرمە خوالێخۆشبوو رەفیق فەتحوللا لەوێ بوو کە تەقدیم کرامە مەحکەمە، ئەو لەلای دەرگاکەوە وەستابوو، من خۆم دە دینارم پێ نەبوو، ئەو یەکسەر دە دینارەکەی هێنا و لەوێ پێشکەشمان کرد و بەو جۆرە حوکمەکەم بە ئاسانی بۆ چووە سەر. پێش ئەوەی

شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بقەومێت بووبووم بە ئەندامی پارتیی کۆمۆنیستی عێراق. لە دواییدا لە پاش سێ چوار ساڵ دەرکرام، چونکە راستییەکەی ئەوەش رەنگە ئەوە بیروبۆچوونێکی باش بووبێت و لەکاتی خۆیدا بۆ ئەو کاتەی من کە چووم بۆ وڵاتی شورەوی لە مانگی مارتی ١٩٦٠دا یەکەم دەستە بووین نێردراین دوکتۆرا لە مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردیدا وەربگرین، کە چووین بۆ ئەوێ وام چاوەڕوان نەدەکرد وڵاتی شورەوی بەو جۆرە ببینم، بەجۆرێکی زۆر سەیر بینیم. لە شانەکەی خۆماندا زوو زوو ئەو بابەتەم دەهێنایە پێشێ، پرسیارم دەکرد و دەمویست تێبگەم. ئێستاش شتێکم لە بیرە: پۆستەخانەیەکی ناوەندی هەبوو لە مۆسکۆ لە شەقامی گۆرکی، سەرەتای سەرەتا کە هاتبووین نامەکانمان لەوێ وەردەگرت، هەر یەکەمان سندووقێکی پۆستەی تایبەت بە خۆمانمان گرتبوو. ئێستاش لە بیرمە رۆژێك چووم بۆ ئەوێ یەکێکی رۆژهەڵاتی، وا بزانم یان ئازەربایجانی یان جۆرجی بوو، هێشتا بەتەواوەتی رووسی فێر نەبووبووم، هات و وتی: (**ئەگەر دۆلارت هەیە دەمەوێت بۆتی بگۆڕمەوە**)، دەیزانی کوڕێکی رەشتاڵە و بە جلوبەرگەکەدا دەیزانی کەوا من خەڵکی وڵاتەکە نیم و ئەوانیش بەدوای دۆلاردا دەگەڕان، دەستی کابرام گرت و بردمە ژووری پۆستەخانەکە، حەپەسا و سەیری دەکردم، بردم لەوێ پەیکەرێکی گەورەی لینین هەبوو ئیشارەتی پەیکەرەکەم کرد و وتم: (**کاك ڤام نی ستدینا**) واتە: چۆن تۆ شەرم ناکەیت لەم وڵاتەدا کاری وا دەکەیت؟. سەیری کردم بە زەردەخەنەیەکەوە، من یەکسەر تێنەگەیشتم و دوای چەند مانگێك تێگەیشتم کەچەند گاڵتەی بەمن هات.

قەد چاوەڕوانی ئەوە لەو وڵاتە نەبووم. چاوەڕوان نەبووم بازاڕی رەش و ئەو جۆرە شتانە لەوێ هەبن. بەوێنە من لە شانەکەدا ئەو شتانەم دەپرسی، لەدواییدا هەموویان راپۆرتیان لێدام وتیان ئەم کابرایە بیروبۆچوونی بۆرژوازی بچووکی هەیە، لەسەر ئەوە لەگەڵمدا کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد، لەلای پەیکەرەکەی پوشکینەوە، هەرگیز لە یادی ناکەم، لەناوەڕاستی مۆسکۆدا، ئەو برادەرەی کە هاتبوو پێی وتم دوو بڕیار هەیە: ((یان **دان بەهەڵەکانی خۆتدا دەنێیت، یان بڕیارەکەی ترت پێ دەڵێین:**)) وتم: ((**ئەو شتانە من بە دڵسۆزییەوە وتوومن و من بەهەڵەیان دانانێم هەتا دان بەهەڵەکانی خۆمدا بنێم**)). ئەگەر دانم بەهەڵەکانی خۆمدا بنایە، گوایە لە ئەندامەتییەوە دەکرام بە پاڵێوراو و

ماوەیەك تەسقیفیان دەكردمەوە و ئەمجا دوایی سەر دەكەوتمەوە. پێم وت: ((ئـەو شـتە قبوڵ ناكەم، چونكە خۆم بە تاوانبار نازانم.)) وتی: ((كەواتە تۆ لەمڕۆوە دەركـراوی لـە پارتیی كۆمۆنیست))، خوا هەڵناگرێت برای خۆشەویستم دوكتۆر عیززەددین مستەفا كـە ماركسیزم لینینیزم تێكەڵ بە خوێن و دەمارەكانی بوون لەو بووارەدا رۆڵێكی زۆر خراپی بینی لەگەڵمدا.

لێت ناشارمەوە من دڵم ناسكە، جاری وا هەیە بە لاشعور فرمێسكەكە بە چاومدا دێتە خوارەوە، بە دەست خۆم نییە رەنگە هەندێ كەس لەسەر ئەوە رەخنەم لێ بگـرن، بـڕوا بكە شەو و رۆژێك نەمتوانی نان بخۆم و گەڕامەوە ژوورەكـەی خـۆم، دیـسان بـە لاشـعور كوڵێ فرمێسك بە چاومدا هاتـە خـوارێ. هـەتا ئێـستاش حزبـی شـیوعی بـە هێزێكـی زۆر گـەورە دادەنـێم، بـەهێزێكی نیشتمانپەروەریان دادەنـێم، بـەڵام پێویـستە ئـەوانیش بـە بۆچوونەكانی خۆیاندا بچنەوە، دەبێت سەرنجیان لێبدەن، دەبێـت لێـی ورد ببنـەوە، بـە وێنە، رەنگە تۆش لە كتێـب و پەخـشەكاندا خوێندبێتتـەوە خـەباتێكی قـورس لـە نێـوان پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان و لـە نێـوان پـارتیی كۆمۆنیـستی عیراقیـدا (حزبـی شیوعی)هەبوو لەسەر چی؟ لەسەر ئەوەی شـیوعییەكان دەیـانوت كـورد نەتـەوە نییـە، ئاخر بۆ دەبێت كورد نەتەوە نەبێت؟ چۆن دەبێت چاو بەوەدا نەگێڕێتـەوە؟ ئایـا هـەموو مەرجەكانی نەتەوە لە كورددا هەیە یان نییـە؟. بـەڵام ئـەوا فـەرز بكـەین وتمـان نەتـەوە نییە، ئەی ئایا خەباتەكەی رەوایە یـان نـا؟ تـۆ دەبێـت لـەو قوژبنـەوە سـەیری بكـەیت، نابێـت ئـاوا بـە شـێوەی جامیـد سـەیری ئـەو شـتانە بكرێـت. مـن ئـاوا بـۆ ئـەو جـۆرە هەڵسەنگاندنانە دەچم و یەكێك لەوانەی زۆر ریزی دەگرم مامۆسـتا عـەزیز محەمـەدە كـە سكرتێری حزبی شیوعیی عیراقـی بـوو، یـان مامۆسـتا كـەریم ئەحمـەد كـە هـەردووكیان كوردن و دڵسۆزن و زۆر بەڕاشكاوی بیروبۆچوونەكانی خۆمم عەرز كردوون.

*** ئایا ئەو هەڵوێستەی ئەوان بووە هۆی ئەوەی كە بەڕێزتان بكەونە دژایـەتیكردنی بـیری ماركـسیزم – لینینیـزم یـاخود كۆمۆنیـست، هـیچ كاردانەوەیـەكی وای لـەلای تـۆ دروست كردووە؟**

– د. كەمال مەزهەر: نەخێر هـەرگیز ئـەوەی دروسـت نـەكرد و وەكـو مێژوونووسـێك دەبێت هەمیشە بێ لایەن بم، كۆمۆنیست بم یان كۆمۆنیست نەبم، دەبێت سەیری پـارتیی

کۆمۆنیست و سەیری پارتیی دیموکراتی کوردستان و سەیری دوژمنەکانی میللەتی کورد و هەموو لایەنەکان بەیەك چاو بکەم و بابەتییانە هەموو هەڵوێستەکان هەڵبسەنگێنم. یەکێك لەو شتانە کەوا دوای ئەوەی رژێمی سەدام رووخا لە بارەگای حزبی شیوعی لە بەغداد کورێکیان بەست، لەوێ من هەندێ لەم بیروبۆچوونانەی خۆمم خستەڕوو کە باسی شتەکانم کرد، چونکە نابێت و گوناهە وڵاتێکی سۆشیالیزم لە بەردەمی سەرمایەداریدا ناچار بێت بڕووخێت و پاشەکشێ بکات، دەبێت لێرەدا کەلێنێك هەبێت، تۆ دەبێت بەدوای ئەو کەلێنەدا بگەڕێیت. من لەوێ ئەو قسانەم کرد، یەکێك لە برادەرە کۆمۆنیستەکان زۆر بە رەقی وەڵامی منی دایەوە، یانی هەڵچوو. دوکتۆر جەمیل نصەیف تکریتی لەوێ، کە بۆ خۆی پێشکەوتنخواز بووە و دایم رێگای مارکسیزم لینینیزمی گرتووە و رووسیزانێکی باش و گەلێ کتێبی بەنرخی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئەویش زۆر بەگەرمی پشتگیری لە من کرد و وتی: ((**بۆچوونەکانی کەمال راستن**))، منیش بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەو مامۆستایە بدەمەوە زۆر بەرێزەوە پێم وت: ((بێ قەزا بی لە شارێکی وەکو مۆسکۆ زۆر کەس ماڵ نەبوو تیا بژی، بەپێنج ماڵ شوقەیەك کە لە پێنج ژوور پێکهاتبوو درابوو بە پێنج خێزان بە خۆیان و ماڵ و منداڵیانەوە. کەرەتێك بە سوتفە چووم بۆ لای برادەرێك کە لە ماڵێکی وادا دەژیا، کە سەیر دەکەم لەسەر دەرگاکە نووسراوە: ئەگەر ماڵی فلانت دەوێت جەرەسێك لێدە، ئەگەر ماڵی فلانت دەوێت دوو جەرەس لێدە، ئەگەر ماڵی فلانت دەوێت سێ جەرەس لێدە و... هەتا دەگا بە پێنج جەرەس. برادەرەکەی من جەرەسەکەم بۆ لێدا کە هات دەرگای بۆ کردمەوە، لەو ماڵەدا یەك تەوالێت هەبوو. تۆ تەسەوری ئەوە بکە ئەو خەڵکە بەیانیان هەڵدەستن و وەختی چوونە سەر کارە و هەمەجۆرە تەمەنیان تێدایە، ئاخۆ ئەو وەزعە چۆن بێت، حەزم دەکرد لەو شتانە تێبگەم. چۆن شتی وا دەبێت. جا ئەمە مۆسکۆ بوو، کە زۆر زۆر باش بوو لە چاو شارەکانی تردا کە دوایی چووم بۆ باکۆ بینیم هەر بەراورد ناکرێت، مۆسکۆ و لینینگراد گەلێ گەلێ باشتر بوون.

پێویستە لەو دیاردانە تێبگەیت و بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێیت، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە، چونکە دووپاتی دەکەمەوە نابێت رژێمی سۆشیالیستی کورنووش لە بەردەمی رژێمی سەرمایەداریدا بەرێت. دەبێت لەوە بگەین کە سەرمایەدار

عاقڵە و بەپێی عەقڵ لە ژیاندا رەفتار دەكات، لەبەر ئەوە سەیر دەكەیت لە سویسرا سەرمایەدارەكانیان بۆ ئەوەی وڵاتەكەیان تێك نەچێت ئەوەندە تەنازولیان كردووە لە بەردەمی چینی كرێكار و جووتیاردا هەر بۆ ئەوەی ئاشتیی كۆمەڵایەتی بپارێزن، ئەوە ئەو سۆشیالیزمەیە كە من خەوم پێوە دەدی. بۆیە ئەو وڵاتەش كە یەكێك بوو لە وڵاتە هەرە خراپەكانی ئەورووپای سەدە ناوەنجییەكان، لەوێ لە پرسی نەتەوەییدا دووبەرەكی زۆر زۆر هەبوو، چەوسانەوە هەبوو، كاری زۆر خراپ هەبوو، بەڵام چونكە رێگایەكی راستیان گرتەبەر لەپێشدا بە كۆنفدرالییەتیش رازی نەدەبوون، لە ئاخریدا خۆیان ئەو رژێمەیان گۆڕی، چونكە سەیر دەكەن ئەو میللەتانە دەبێت بە ئاشتی و برایانە ژیان بەرنە سەر، بۆیە لەكاتێكدا ئەڵمان و فەرەنسییەكان لە هەموو شوێنێك یەكتریان دەكوشت و بەخوێنی سەری یەكتری تینوو بوون لە رۆژگاری نازییەكاندا لە سویسرا ئەڵمانییەكان و فەرەنسییەكان پێكەوە لە سەنگەرێكدا بەرگرییان لە سویسرا دەكرد، جا ئەم قسانەم بەتایبەتی بۆ نەتەوەپەرستە عەرەبەكانە كە دەبێت دەرسێكی گەورە لە سویسرا وەربگرن، چونكە كورد یەكجار زۆر خزمەتی عەرەبی كردووە، لێرەدا ئەوەم بیر دەكەوێتەوە، چونكە لەناو عەرەبیشدا پێشكەوتنخوازی رێكوپێك هەیە، لەناو تورك و هەموو نەتەوەیەكدا هەیە. ئەوەی عەزیز نەسین بۆ كوردی كردووە هەرگیز لە یاد ناكرێت. جا من هەمیشە لەگەڵ برادەرە عەرەبەكانمدا پەنا دەبەمە بەر شیعرە نازدارەكەی موعین بەسیسۆ، من بە تەواوەتی عەرەبییەكەیم لەبەر نییە، بەڵام ماناكەی ئەمەیە كە دەڵێت: **(سەلاحەدین سەركەوت لەبەرئەوە دەبێت قارەمانێكی عەرەب بێت، بەڵام ئەگەر سەرنەكەوتایە دەبوو بە سەگێكی كوردی بەدفەر) ((انتصر صلاح الدين فغدا بطلا عربيا عظيما، ولكن لو اندحر صلاح الدين لاعتبر كلبا كرديا حقيرا))**، با ئەوەیش بڵێم كە موعین بەسیسۆ فەلەستینیەكی پێشكەوتنخوازە، خۆزگە هەموو ئەو شتانەمان كۆ دەكردەوە یان هەموویانمان بڵاودەكردەوە، ئێمە دەبێت زۆر بایەخ بە راگەیاندن بدەین، دەبێت لە عەقڵی هەموو لایەنێك هی دۆست و هی دوژمن لێیان تێبگەین و بزانین بە چ زمانێك لەگەڵیاندا دەدوێین، شانازی دەكەم كە لەگەڵ قوتابییە عەرەبەكانم زۆر راستگۆ بووم لەگەڵیاندا، لە رۆژگاری سەدام حوسێندا، لە هەموو رۆژگارێكدا زۆر راستگۆ بووم لەگەڵیاندا و بەو جۆرە ویستوومە بیانخەمە سەر رێگای راست. بڕوا بكە حەقی خۆمە

ئەگەر بڵێم بەختەوەرم ڕۆژ نییە لێرە بە دەیان و دەیان تەلەفۆنم بۆ نەکرێت، بەتایبەت لەلایەن قوتابییەکانمەوە بۆ هەواڵی تەندروستیم، بەڵام بڕوا بکە ئەوانەی کە زیاتر تەلەفۆنم بۆ ئەکەن هی وا هەیە لە تەلەفۆندا شتی وا دەڵێن کە شەرم دەکەم باسی بکەم، یەکێکی وەکو پرۆفیسۆر عەبدوللا شاتی قسەی وا دەکات کە شەرم دەکەم بۆتی بگێڕمەوە، ئەوان زیاتر لە قوتابییە کوردەکان تەلەفۆنم بۆ دەکەن. ڕاستە قوتابییە کوردەکانیش زۆر تەلەفۆنم بۆ دەکەن، بەڵام ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کەوا من ڕاستگۆ بووم لەگەڵیاندا، دەبێت بەو جۆرە ڕەفتار بکەین.

*** زۆربەی کارەکانی بەڕێزتان بۆ لێکۆڵینەوە لەمێژووی نوێی کورد تەرخان کراوە. ئایا تائێستا بە هەوڵەکانی ئێوەشەوە، چەند لەو مێژووە نووسراوەتەوە و گرنگیی نووسینەوەیشی لە چی دایە؟**

— د. کەمال مەزهەر: من سەرەتا زۆر حەزم دەکرد دەربارەی مێژووی دێرینی کورد بنووسم، ئەویش هەندێ هۆ هەبوو کە پاڵیان پێوە دەنام، یەك لەبەر ئەوەی کە ئەو مێژووە زۆر بایەخی هەیە و ئێمە دەبێت بەوردی لە رابردووی خۆمان تێبگەین. دوو: لەبەر ئەوەی مامۆستایەکمان هەبوو لە کۆلێج و لە بەشی مێژوو، مامۆستا تەها باقر، ئەم مامۆستایە مێژووی کۆنی پێ دەوتینەوە و خۆت دەزانی مێژووی کۆن سەختە و ئاسان نییە، بەڵام وای پێ دەوتینەوە کە هەموومان حەزمان لە مێژووی کۆن دەکرد. لە دواییشدا دەرچوو تەها باقریش خۆشی کوردە و کوردی فەیلی بوو. سوتفە کە دوای ئەوەی خوێندنم تەواوکرد و گەڕامەوە ماڵەکەیان لە مەنسوور دراوسێی ماڵەکەمان بوو و زوو زوو دەچوومە خزمەتی، بۆیە ئەوەندەی تر حەزم لە مێژووی کۆن کرد. بۆیە نیازم هەبوو لەسەر مێژووی کۆن بنووسم و بەشێك لە نووسینەکانم لە پێش ئەوەی بڕۆم بۆ خوێندن لە دەرەوە، دەربارەی مێژووی دێرینی کوردە. لە سۆڤیەت چەند کوردێکی دڵسۆزی وەك دوکتۆر رەحیمی قازی کە ئامۆزای قازی محەمەدە و دوکتۆر عەلی گەلاوێژ کە لە بەگزادەی کوردی ئێران بوو و زۆر دڵسۆز و شارەزا بوون، پرۆفیسۆر بوون و دڵسۆزی کورد بوون، هەردووکیان قەناعەتیان پێکردم وتیان بۆ ئەمرۆی کورد مێژووی نوێ و هاوچەرخ بایەخیان زیاترە، پێیان وتم تۆ ڕاست دەکەیت مێژووی دێرینی کورد یەکجار پێویستە، بەڵام بۆ ئەمرۆی کورد ئەم سەردەمەی پێویستترە، چونکە زۆر

شێوێندراوە و بۆ ئەوەی کەوا کوردەکە ئاگای لە خۆی بێت. من قەناعەتم بەقسەی ئەوان هێنا بۆیە بابەتی مێژووی نوێ و هاوچەرخم هەڵبژارد و پەشیمان نیم لەو هەڵبژاردنە. ئەوەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کەوا تۆ بەجارێك دەستت لە چەرخەکانی ناوەند و لە مێژووی کۆن و ئەوانە هەڵگرتبێت، بەڵام ئێستا ئەگەر لەبەغدا ئەم چاوپێکەوتنەت لەگەڵم بکردایە دەمبردیت لە کتێبخانەکەی خۆم بە سەدان کتێبم نیشان دەدایت دەربارەی مێژووی سەدە ناوەنجییەکان و مێژووی کۆن، هی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك، هی کورد و جیهان بەگشتی. پاش ئەوەی کتێبێکم دەربارەی کەرکوك بە زمانی عەرەبی نووسی دەبوو بۆ ئەو کتێبە بگەرێمەوە بۆ مێژووی کۆنیش، بۆ ئەوەی نیشانی بدەم کەرکوك و دەوروبەری کوردستانن. لەوێدا هەستم کرد ئەو بەشانەی کتێبەکەم کە تەرخان کراون بۆ بابەتی مێژووی کۆن و سەدە ناوەنجییەکانی کورد و کوردستان زۆرتر بەدەستیانەوە ماندوو بووم.

*** ئەوەی نوێی کورد چەند ئاگاداری مێژووی کۆن و نوێی نەتەوەکەیەتی و ئاگاداربوون لێی چ گرنگییەکی بۆ بەشداریکردن لە رووداوەکانی ئەمڕۆ داهاتووی کورددا هەیە؟**

— د. کەمال مەزهەر: هەست دەکەم نەختێ گلەیی لە گەنجی کورد هەیە، بەڵام دەبێت ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە گەنجی کوردیش، وەك گەنجی هەموو دنیا گەنجە و ژیانی بەلاوە مەبەستە. ئێمە نابێت داوا بکەین گەنجی کورد جیاواز بێت لە هەموو گەنجی دنیا و دەبێت هەر لە کۆڕی خەباتدا بێت، ئەمە شتێکی مومکین نییە، لەبەر ئەوە هەندێ گلەیی کە لە گەنجی کورد دەکرێت، وا بزانم جێگەی خۆی نییە، ئەویش حەز دەکات ڤیدیۆی هەبێت و ئینتەرنێتی هەبێت و حەز لەو شتانە دەکات، حەز دەکات لەزەت لە ژیان ببینێت، بەڵام ئەو گەنجانەی من دیومن، یان دەرسم پێ وتوونەتەوە، یان هاتوون بۆ کۆڕەکانی من، هەموویان گەنجی رێکوپێك و ئاگاداری مێژوون و بەختەوەر دەبم بەجۆری ئەو پرسیارانەی دەیکەن چونکە نیشانەی ئەوەن باش ئاگاداری مێژووەکەیانن، تا رادەیەکی باش و زۆریش بەپەرۆشن و دەیانەوێت ئاگاداری لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد بن. مامۆستایانیش لەسەریانە بەشێوازێکی باش ئاراستەیان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو سەرەتایە بگاتە ئەنجامێکی دروست و رێکوپێك.

*** هیگل وتویەتی ((مێژوو گفتوگۆیەکی دیالێکتیکانەیە لە فۆرمێکی گەورەتردا)) ئایا ئەم گفتوگۆیە لە مێژووی ئێمەدا روویداوە؟ ئەگەر پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە بکەین، کامەیە ئەو گفتوگۆ دیالێکتیکانەی لە مێژووی ئێمەدا هەن؟**

— د. کەمال مەزهەر: خۆت دەزانیت کە هیگل فەیلوسوفێکی زۆر گەورە بووە؟ مارکس بەئەوپەڕی رێزەوە لە نووسینەکانی خۆیدا باسی هیگل دەکات، بەڵام هەر دەڵێت کابرایەکی میسالی بووە و ئەو باش لە دیالێکتیك تێگەییبوو، بەڵام دیالێکتیکی ئاوەژوو کردبوو، یانی پێی هەڵبڕیبوو بۆ ئاسمان و سەری لە خوارەوە دانابوو. دەوترێت مارکس دیالێکتیکەکەی هیگلی هێنا و بەشێوازێکی رێکوپێك داینایەوە. هەڵبەت دیالێکتیك زانستێکی گەورەیە، ئێمە لە رێگەی دیالۆگ و موناقەشەوە دەتوانین بگەینە ئەنجامی دروست و هەموو شت لە ژیاندا، ساکارترین شت لە ژیاندا دیالۆگ هەڵدەگرێت و لە رێگەی دیالۆگەوە بەرەو پێش دەڕوا. ئەم وڵاتە کەوا دەیبینی و خۆیان دژی مارکسیزم — لینینیزم بوون لە سەرەتای سەرمایەداریدا، مەبەستم بەریتانیایە، لە رێگای دیالۆگەوە گەیشتووە بەو دیاردە سەیرانەی کەوا سەرنجی هەموو کەسێك رادەکێشێت. لە رێگای دیالۆگەوە وەها گۆش بوون و پەروەدە بوون کە سەرنج رادەکێشن، بڕوا بکە لەو ئەرشیفە کە کار دەکەم هەموویان بەپەرۆشن و دەیانەوێت یاریدەدەرم بن و هەست دەکەیت دیالۆگ وا زۆر یارمەتی داون و پێی گەیاندوون و دووربینن لە ژیاندا. دیالۆگ شتێکی بنچینەییە لە ژیاندا بۆ پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵێك لەسەر رووی زەمین.

*** بە بڕوای جەنابتان لەلای ئێمە تا چەند ئەو دیالۆگە شوێنی هەیە؟**

— د. کەمال مەزهەر: بەداخەوە زۆر کەم، رەنگە بتوانرێت هۆکارەکانی ئەوانەش لێك بدرێتەوە و بزانرێت بۆ تا ئێستا دیالۆگ لەلای ئێمە ئەو رێگەیەی نەدراوەتێ و تا ئێستا هەتا ئەگەر بە رووکەشیش بێت، پێت دەڵێت لەگەڵتدام، بەڵام تەحەمولی رایەکەی تۆ ناکات.

*** هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە زیاتر بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

— د. کەمال مەزهەر: دواکەوتوویی. ئێمە دواکەوتوو بووین. ئێمە لە خەباتدا بووین، لە سەنگەری خەباتدا بووین، لەبەر ئەوە بە وێنە بڵێین: یەکێك لە سەردارەکانی کورد ئەگەر بڕیارێکی دابێت بۆ شەڕێك کە بیکات، نەیتوانیوە رێگەی ئەوە بدات کە

موناقەشـەی لەگەڵـدا بکـەن، یـا بڵـێین شـێخ عوبەیـدوڵڵای نـەهری، لـە سـاڵی ١٨٨٠ نـەیتوانیوە ڕێگـەی ئـەوە بـدات، چـونکە بـەپێی بۆچـوونی خـۆی ئـەوە دروسـترین و ڕاسترین ڕێگە بـووە کـە ئـەو گرتوویەتییـە بـەر، ئەگـەر ڕێگەیـەکی تـر بگرێـت لەوانەیـە ئەنجامەکەی خراپ بێت، بۆیە ڕێگەی ئەو شتانەیان نەداوە. چارەنووسی نەتەوەی کـورد چارەنووسێکی زۆر سەخت بووە، دوژمن هەلی قۆستۆتەوە، زیـانی گـەورەی لـێ داویـن، لەبەر ئەوە ئێمە دایـم حـەزیرو دوودڵ بـووین، لەکاتێکـدا لـە وڵاتـە پێـشکەوتووکاندا ڕای خەڵکی تر زۆر ڕێزی لێ دەگیردرێت، تەنانـەت لـە وڵاتێکـی وەکـو سـۆڤیەت ئەمـدی کـە لـەکاتی دیالۆگـدا، لـە کـاتی توێژینـەوەی بیروبۆچـوونەکاندا، ئـەو مامۆسـتا گـەورە و پرۆفیسۆرانە هەڵدەچوون، گەرم دەبوون، هەندێ جار زاراوەی سەختی زانستییان بـەکار دەهێنا دژی ئەوی تریان، بەڵام لەکاتێکدا کە توێژینەوەکە تەواو دەبوو قۆڵیان دەکرد بە قۆڵی یەکتردا و دەچوونە بۆفێکە و لـەوێ کـە ئەمـدین بیرەیـان هەڵـدەدا، ئـەمجا مـن لـە شەستەکاندا کە ئەوەم دەدی دەحەپەسام، بەڵام زۆر شتی لێ فێـر بـووم. دیـارە هـەموو ڕۆژێك ئێوەمانان لەم وڵاتە، لەم لەندەنـەدا دەیـان جـار ئـەو دیاردەیـە دەبیـنن و شـتی نوێی لێوە فێر دەبن.

لێرەدا شتێکت دەربارەی مامۆستایەکم بۆ دەگێڕمەوە، نامەوێت ناوی ئەو مامۆستایە بەرم کە جێگە و ڕێزی تایبەتی هەیە لەلام، چونکە مامۆستام بووە و لـە کـۆلێج دەرسـی پێ وتومەتەوە، بەڵام هەر لەبەرئەوەی کەوا منی بـە کۆمۆنیـست دادەنـا، خـۆی زۆر دژی کۆمۆنیستە، تەحەمولی هەموو شتێك دەکات کۆمۆنیزم نەبێت، کوردێکی زۆر خاوێنیشە، منی بە کۆمۆنیـست دادەنـا، لەبەرئـەوە لـە ڕاڕەوی کۆلێجەکـەمان کـە مـنی دەدی ڕووی دەکرد بەولاوە. کەڕەتێکیان من لە کۆلێجی ئاداب دەهاتمە دەرێ، ئـەو هـاتبووە کـۆلێج، کە منی بینی یەکسەر ڕووی وەرگێڕا و ڕووی کردە کۆلێجی پەروەردە، چـووم بەدوایـدا و دەستم گرت و ئەملاو لایم ماچ کرد و وتم مامۆستا گیان تکات لێ دەکەم کە مـن دەبیـنی ئیتر وا مەکە، من ڕێگاکەی خۆم دەگۆڕم، تکات لێ دەکەم. خوا هـەڵناگرێت سـەری مـاچ کردم و وتی: (کەمال من لە تۆ گەیشتووم و دەزانم تـۆ وا و وا..)، بـەڵام پـاش ماوەیـەك کتێبێکم دەرکرد کتێبێکی هاکەزایی (گشتی) بەناوی (ئافرەت لە مێژوودا)، لەو کتێبەشدا کفـرم کردبـوو کـە ئـافرەت لـە ژێـر سـێبەری سـەرمایەداریدا تـەواو ئـازاد نابێـت، هـەتا

کۆمەڵگای چینایەتی هەبێت ئافرەت هەر قوڕ بەسەر دەبێت، هەر لە ژێر چەپۆکدا دەبێت، یەکسانی راستەقینە لەو وەختەدا روو دەدات کە چینایەتی نەمێنێت و یەکسانیی راستەقینە لە هەموو بوارێکدا هەبێت، ئەو وەختە ئافرەت بە هەموو مافەکانی خۆی دەگات. کاکە دیسان لەسەر ئەوە لێم عاجز بووەوە و قسەی لەگەڵم بڕییەوە. ئێمە تەحەمولی بیروبۆچوونی ئەوی تر ناکەین.

*** تۆ لە پێشەکی کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا) دەڵێیت: (مێژووی کورد وەنەبێت تەنها لێی نەکۆڵرابێتەوە و بەس، بەڵکو لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆر لەو نووسینە کەمانەش کە لە بارەیەوە نووسراون بۆ شێواندنی نەك بۆ لێکۆڵینەوەی، تەرخان کراون) ئایا تا ئێستاش هەر لەسەر هەمان باوەڕیت؟ ئایا تائێستاش هەوڵ بۆ شێواندن نەك لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێی کورد هەیە؟ ئەگەرهەیە، کامەیە/کامانەن؟**

– د. کەمال مەزهەر: بەڵێ، من ئەوەم نووسیوە و تا ئێستاش لەو بڕوایە دام و پێموایە پێشتریش لەیەکێك لە پرسیارەکاندا وەڵامم دایتەوە و مێژووی میللەتی کورد یەکجار شێوێندراوە، چونکە دوژمنی میللەتی کورد یەکجار زۆرن. تەنانەت مێژوونووسێکی گەورەی وەك عەبدولڕەزاق حەسەنی کە کوردیشی زۆر خۆش دەویست، زۆر پێوەندیم لەگەڵیدا هەبوو و هاتووچۆیم دەکرد، لە نووسینەکانیدا نوقورچێکی زۆری لە میللەتی کورد گرتووە، ئەی ئاخۆ مێژوونووسێك کە کوردی خۆش نەوێت چۆن بێت؟. تاقیکردنەوەیەکی خۆمت پێ دەڵێم: هەر لەو قوژبنەوە سەیر بکە دەتوانین بگەینە ئەنجامێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە کە من مێژووی هاوچەرخم هەڵبژارد بۆ هەر دوو نامەی دوکتۆراکەم و لە نامەی یەکەمیاندا کە دەربارەی کورد لە رۆژگاری پاشایەتیدا و زۆر باسی شێخ مەحمودی تێدایە و تۆ هەڵبەت ناشتوانیت خەباتی نەتەوەیی لێك داپچڕیت، چونکە بتەوێت و نەتەوێت مەهاباد لە هەموو کوردستاندا رەنگ دەداتەوە یا لە کوردستانی رۆژهەلآت بێت، یا لە مەهاباد بێت، بەلآم لە هەموو کوردستاندا رەنگ دەداتەوە، لەبەرئەوە سەیرم کرد تەنانەت لە ولآتی شورەوی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران هی ١٩٢٥، ئەو راپەڕینە گەورەیە بەجۆرێك باس کراوە پیاو سەری سوور دەما، زۆر بەخراپی باس کراوە و بە راپەڕینێکی کۆنەپەرست، مەلاو پیاوی دین، پیاوی ئایینی، کرێگرتەکانی بەریتانیا، ئەمانە بوون ئەو راپەڕینەیان دروست کردووە، پرۆفیسۆری

گەورە گەورە ئەو شتانەیان نووسیبوو، وەك پرۆفیسۆر میللەرو بەتایبەتی ئەگەر ئەوەشت لە بیر نەچێت کەوا پێوەندی نێوان کەمالیزم و ولآتی سۆڤیەت پێوەندییەکی باش بوو لەبەر ئەوە وەك عەرەب دەڵێن شۆرشی ساڵی ١٩٢٥ ((**خرابووە قەفەسی ئیتیهامەوە**))، لە هیچ لایەکەوە لاپەرەیەکی خێریان لە بارەی ئەو راپەرینەوە نەنووسیبوو، لەکاتێکدا لینین بۆ خۆی دەڵێت: لە هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوەی ژێردەستەدا لایەنێکی دیموکراتیخواز هەیە و مێژوونووس دەبێت ئاگای لەو لایەنە بێت، بەبێ جیاوازی، چونکە تۆ زوڵمت لێ دەکرێت کە زوڵمت لێ بکرێت هەڵبەتە تۆ لەو حاڵەدا هەوڵ دەدەیت کە پەردەی ئەو زوڵمە لەسەر خۆت لادەیت کەواتە ئەوە شتێکی زۆر زۆر رەوایە. من چووم بە یاریدەی بەڵگەنامە و نووسین و گەلێ سەرچاوەی تر لە نامەکەی خۆمدا بەرگریم لە راپەرینی ساڵی ١٩٢٥ کردووە. زۆر بەگەرمی و زۆر بەوە بەختیار بووم کە ئەنیستیتۆی رۆژهەلآتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەتی بریارێکیان دەرکرد بە فەرمی و ئەو بریارەم هەیە، دەڵێت: ((**ئێمە پێویستە لەبەر رۆشنایی ئەو بەڵگەنامە و ئەو راستییانە و ئەو لێکدانەوانەی نامەی کەمال مەزهەردا بەبیروبۆچوونی رابردووی خۆمان دەرحەق بە راپەرینی شێخ سەعیدی پیراندا پێداچوونەوە بکەین**)). ئەمە شتێکی زۆر گەورەیە. کەواتە ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین دەتوانین کارێکی ئەوتۆ بکەین بیانییەکانیش لە رووی راستەقینەی مێژووی گەلەکەمان بگەن... هەڵبەت نەك هەر مێژوونووسیی سۆڤیەتی بەڵکو مێژوونووسیی رووسیش زۆر پێشکەوتوو بوو، بەلآم ئەوە وا ناگەیێنێت دەبێت ئێمەی کورد دەستەپاچە لە بەردەم ئەو هەلآنەدا بوەستین کە تێی کەوتوون. ئێستا یەکێك لە قوتابییەکانم، خوا یار بێت لە ماوەی چەند مانگێکدا لە زانکۆی کۆیە موناقەشەی دەکات، مەبەستم مامۆستا جەعفەر عەلی رەسولە کەنامەی دکتۆراکەی لەسەر رێبازی سۆفیزمە، واتا قادری و نەقشبەندی و ئەوانە و دەوری ئەو رێبازانە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا کە دەورێکی زۆر زۆر گەورەیان دیوە، نامەکەی زۆر زۆر رێکوپێکە و گەیشتۆتە ئەنجامی وردو باش، چونکە لە ساڵی ١٨٨٠ هەتا ١٩٢٥ی وەرگرتووە، لەوێدا کاك جەعفەر بە وردی لە رۆڵی ئیجابیی پیاوە ئاینییەکانی کورد لە خەباتی رزگاریخوازی کورددا کۆڵیوەتەوە و بە شێخ عوبەیدوللآ نەهری دەستی پێ کردووە و بە شێخ سەعیدی پیران کۆتایی هێناوە.

شێخ مەحموود لە ڕێگای ئایینەوە هات. ڕاستە کوردایەتییەکی ڕێکوپێکی کردووە ئەمانە هەموویان لەبەرئەوەی لەڕووی نەتەوەییەوە چەوساوە بوون، بۆیە هەموویان لە هەمان کاتدا پێشکەوتنخواز بوون، چونکە ڕێگەی ڕزگارکردنی نەتەوەکەیان بۆ خۆیان هەڵبژارد.

*** یەکێك لە کتێبە گرنگ و ناوازەکانی بەڕێزتان کتێبی: (چینی کرێکارانی عێراق، دروستبوون و سەرەتای بزووتنەوەیەتی)، چ شتێك هاندەر بوو بۆ بەڕێزتان — کە بەشی زۆربەی کارەکانت بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد تەرخانە، لە مێژووی دروستبوون و سەرەتای بزووتنەوەی چینی کرێکارانی عێراق بکۆڵێتەوە؟ ئەم کارەتان چ گرنگییەکی بۆ کورد هەیە؟**

— د. کەمال مەزهەر: ئەو کتێبەشم یەکێکە لەو بەرهەمانەم کە شانازی پێوە دەکەم، چونکە لەسەر چینی کرێکار شتی کەم نووسراوە. وێڕای ئەوە کە من لەسەر چینی کرێکارم نووسیوە لە عێراقدا، سەرهەڵدانی و دروستبوونی و سەرەتای بزووتنەوەی و ئەوانە، هەڵبەت چینی کرێکاری کوردیش دەوری خۆی هەبوو.

لەوێشدا گەلێك لاپەڕە لەسەر خەباتی کرێکارانی کورد لەو کتێبەدا هەیە، ئەگەر سەرنج بدەیت، چونکە لە ڕۆژگاری سەدام حسێندا ئەو کتێبەم نووسی و چاپ کرا، بۆیەکا هەتا سەرەتای سییەکانە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمینەوە، تا سەرەتای سییەکان، نەتدەتوانی لە دوای سەرەتای سییەکان بە ئازادی ئەوەی کە دەتەوێت بینووسیت، چونکە ئیتر لەوێدا حزبی شیوعی دێتەکایەوە و لەساڵی ١٩٣٤وە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە خەبات و بزووتنەوەی کرێکاراندا. لە پاش ئەوەش کە تیشك بخەیتە سەر هەر لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی مێژووی عێراق بەشی کوردی تێدایە چونکە کورد دەوری گەورەی هەبووە. با بڵێین دەربارەی بەکر سدقی، ئەو کوردە ئەگەر تۆ بەرێکوپێکی لە بزووتنەوەکانی بەکر سدقی بکۆڵیتەوە دەتوانیت تیشك بهاوێیتە سەر گەلێك لایەن لەمێژووی گەلی کوردیش لە ناوەوەی عێراق و لە دەرەوەی عێراقیش، ئەگەر باسی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ بکەیت، ئەوەی کە ڕاپەڕینێك بوو دژی پەیمانی پۆرتسمۆث کە بڕیار بوو پەیمانێکی نوێ لە ڕۆژگاری ساڵح جەبر لەگەڵ بەریتانیادا مۆر بکرێت لە بەندەری پۆرتسمۆثي ئەم وڵاتە، کورد ڕۆڵێکی زۆر زۆر گەورەی هەبووە لەو

راپەڕینەدا، هەموو شارەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، چۆن دەتوانێت تیشك نەهاویتە سەر ئەو راپەڕینە، ئەوە پێویستە تا چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کوردیش روون بێتەوە لەو ڕێگەیەوە. راپەڕینی گاوربـاخی، ئەگەر من باسی گاوربـاخی نەکەم بە دوورودرێژی، کەواتە ئەو بەشێك نییە لە خەباتی میللـەتی کورد، گاوربـاخی لاپەڕەیەکی زۆر گەورەیە لە مێژووی خەباتی کرێکارانی عیراق و کورددا لە ساڵی ١٩٤٦دا لەبەرئەوە وا بزانم پێویستە چونکە مێژوو بریتییە لە زنجیرەیەك کە حەلقەکانی هەموو پێکەوە بەستراونەتەوە. بەپێی بەڵگەنامە ئینگلیزییەکان، بەپێی ئەوەی کە لۆنگریگ لە کتێبێکـی خۆیدا باسی شێخ مەحموود دەکات، لـونگریگ مێژوونووسێکی زۆر ورد و شارەزایە، نابێت لاریمان لەوە هەبێت تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشیدا رێك نەکەوین، جا لونگریگ کە دوژمنی شێخ مەحموود و شیعەیش بووە، ئەمجا لەگەڵ ئەوەیشدا دان بەوەدا دەنێت کە شێخ مەحموود ساڵی ١٩١٩ پێوەندی لەگەڵ رەهبەرە دژ بە ئینگلیزەکانی نەجەفدا هەبووە، دەبێت هەموو ئەمانە لەبەر چاو بگیردرێت و خەباتی هاوبەش هەیە و ناتوانیت ئەوە بخەیتە پشتگوێ.

*** کتێبی ((چینی کرێکارانی عیراق، دروست بوون و سەرەتای بزووتنەوەکە))ی بە زمانی عەرەبی بە چاپکەیەندراوە، ئەو سەردەمە تا چەند کاریگەریی لەسەر خوێنەری عەرەب دروست کرد و تا چ رادەیەکیش لە رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەوسادا لە ناوەوە و لە دەرەوە باس کرا، یاخود پێشوازی لێکرا؟**

– نەتەوە پەرستەکان بە دڵیان نەبوو بێگومان، بەلام هەموو پێشکەوتنخوازەکان، ئەوانەی کە دەیانناسم، هەموویان زۆر کتێبەکەیان بە دڵ بوو و زۆر وتاری لەسەر نووسرا لە تەلەفزیۆن و ئەوانەدا باسی نەکرا، بەهیچ جۆرێك توخنی نەکەوتن، بەلام لە رۆژنامەکاندا وتاری لەسەر نووسرا، لە دەرەوەی عیراقیش وتاری رێکوپێکی لەسەر نووسرا، یانی بەرز هەڵیانسەنگاند، زۆر کەس خۆیان پێیان وتووم کە کتێبەکەیان بەدڵە، لەم دواییانەیشدا دوکتۆر مەحموود قەیسی ئاگاداری کردم کە رۆژهەلاتناسێکی ئینگلیزی گەلێکی بەسەر ئەو کتێبەمدا هەڵداوە و بەپێی قسەکانی ئەو پتر لە پێنج لاپەڕەی لەسەر نووسیوەو بڕیارە لەم چەندانەدا وتارەکەم بۆ بهێنێ.

*** یەکێك لەوانە کە کتێبەکەی بەرز هەڵسەنگاندبوو، لە یادتە؟**

– نە، ئێستە لە یادم نییە، بەڵام یەکێکی وەکو مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، زۆر زۆر کتێبەکەی بە دڵ بوو، تەنانەت بیری لەوە کردبووەوە کە بیکات بە کوردی، چونکە کەم کەسمان هەیە وەکو مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم عەرەبیزان بێت، رۆحی کرد بەبەر کتێبەکەمدا کە دەربارەی ((**کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمدا**))یە، ئەو وەربگێرایە سەر زوبانی عەرەبی و دووپاتی دەکەمەوە بەڕاستی رۆحی کرد بەبەردا.

ئێستاش کتێبێکم بە دەستەوەیە کە ئێوە هاتن کارم دەکرد لەسەر کتێبەکە، ناوم ناوە (**کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا**) ئێستاش زۆر زۆر حەز دەکەم و بە پێویستی دەزانم کە ئەو کتێبە بە زووترین کات بکرێت بە عەرەبی، پێویستە ڕووناکبیری عەرەب، سیاسەتمەداری عەرەب، ئاگای لەو کتێبە بێت.

من سێ کەسم بەبیردا هات بۆ وەرگێڕانی ئەو کتێبە، تەنانەت لای مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم ئەو قسەیەم ورووژاند، تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ هەواڵپرسی و وتی: (**وا لەگەڵ مامۆستا فەرهاد عەونیدا دەچین بۆ مۆسکۆ، لەوێ کۆنگرەی رۆژنامەنووسان هەیە**)، پێم وت: (**زۆر حەز دەکەم سێ کەس هەیە، یەکێك لەو سێ کەسە ئەو کتێبە بکات بە عەرەبی بە زووترین کات، یەکێکیان مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، دووەمیان مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار کە شاعیرێکی گەورەیە، سێیەمیان مستەفا ساڵح کەریم خۆی، وتم: کاکە مستەفا حەز دەکەم یەکێکتان ئەو کارە ئەنجام بدەن**) وتی: (**مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە سلێمانی دەستی بەتاڵە و ئەو باشترین کەسە کەوا تەکلیفی لێ بکرێت بۆ ئەوەی بەخێرایی ئەو کتێبەت بکات بە عەرەبی**)، چونکە من لە بریتی ئەوە دابنیشم ئەو کتێبە بکەم بە عەرەبی وا بزانم کتێبێکی تری وەك ئەو دەر بکەم باشترە و خێری زیاتری تێدایە (*).

---

(*) ((بەداخەوە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دیمانەیە هەندێ کەس مامۆستا مستەفا ساڵح کەریمیان لە بەرامبەر ئەو دەربڕینەی د. کەمال سەغڵەت کردبوو، بەڵام خوێنەری زیرەك و وردبین ئەگەر بەدیقەت دەستەواژەکانی د. کەمال بخوێنێتەوە، دەزانی کە مەبەستی خۆیەتی کە کتێبێکی دیکە بنووسێ و دەربکات خێری بۆی زیاتر تێدایە، نەوەك توانج لێدان بێ لە کەسێکی دیکە یا کاك مستەفا، هەڵبەت لەم بارەوە پرسیارم لە د. کەمال خۆیشی کردووە. – ع. زەنگەنە))

* ماكس ويبەر بڕوای وا بوو کە (پرۆسە مێژووییە گرنگەکان، لە کاریگەرییە حساب بۆ نەکراوەکان بەدەر نین) بۆ نموونە، ڕەوشتی (مەسیحییە بروتستانتەکان) لە بنیاتنانی سیستەمی سەرمایەداریدا.

پرسیارەکەمان ئەمەیە: دەکرێت دەستنیشانی یەك، یان چەند کاریگەرییەکی (حساب بۆ نەکراو)ی نێو مێژووی کوردمان لە سەدەی ۲۰دا بۆ بکەیت؟.

— د. کەمال مەزهەر: هەڵبەت لە مێژوودا زۆر شتی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدات هەر چەند من لەگەڵ ئەو قسەیەی وێبردا نیم کە دەڵێت: بزووتنەوەی پرۆتستانتی بووە هۆی ئەوەی سەرمایەداری هەڵبدات بەبێ ئەوەی خۆیان ئاگایان لێ بێت، نەخێر بزووتنەوەی پرۆتستانتی شتێکی دیاریکراو بوو، دەیانویست کۆمەڵگاکانی خۆیان لە کۆتی دەرەبەگی ڕزگار بکەن، چونکە ئیتر ڕۆژگاری ئەوە هاتبوو گەورەترین کۆسپ لە بەردەمی کۆمەڵگای ئەوروپایی لابرێت کە بریتی بوو لە دەرەبەگایەتی. لەبەر ئەوە دەبێت لەو قوژبنەوە سەیری پرۆتستانتی بکرێت. لە ڕێگەی ئەو بۆچوونەوە، لووثەر و کالڤن و ئەوان ئەو ڕێبازەیان هەڵبژارد، بەڵام وەك وتمان ڕاستە لە مێژوودا زۆر شتی چاوەڕواننەکراو هەیە، هیچ کەس و سەرکردەیەك پلان دانانێت بۆ شۆڕشێك ئەگەر خۆی لە سەرەتای سەرەتادا دڵنیا نەبێت کەوا ئەو شۆڕشە سەر دەکەوێت، ئەگینا بۆ دەیکات، چۆن دەبێت بیکات، چۆن دەبێت کارێك بکات کە لە سەرەتاوە بزانێت ئەم کارە سەر ناگرێت؟ کاتێك دەزانیت پلانی ڕێکوپێکی داناوە و بە حیساباتی خۆی ئەم شۆڕشە سەر دەگرێت، وا دەرناچێت. لەبەرئەوە شتی چاوەڕواننەکراو لە مێژوودا زۆرە. یەکێك لەوانە لینینە کە پەشیمان بووەوە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هەر لێی پەشیمان بووەوە دەڵێت: ((گەورەترین غەلەت بوو کە کردم، نەدەبوو ئەو شۆڕشە بکەم)) لە نووسینەکانی خۆیدا دانی بەوەدا ناوە، ئێستا کاتێك کە ڕژێمی سۆشیالیزم، بەرەی سۆشیالیزم هەمووی ڕووخا، تێدەگەن ئەو قسەیەی لینین چەند قووڵ بووە و چەند دووربین بووە.

نووسینەکانی لینین کۆکراوەتەوە و فەیلەسووفێکی زۆر گەورەیە، بریتییە لە پەنجاو پێنج بەرگ، بەرگی پەنجا و پێنجەمیان تەنیا ئیندێکسە. هیچ بەرگێکیان لە ٥٠٠ لاپەڕە کەمتر نییە، ٥٠٠ لاپەڕەی ئەوان دەکاتە ۲۰–۳۰ کتێبی عەرەبی ئەگەر چاپی بکەیت، چونکە ئەوان بەوردی چاپی دەکەن، یانی زمانە ئەوروپاییەکان. لە هیچ یەکێك لە

نووسینەکانیدا بەر لە بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لینین نالێت کەوا لە رووسیادا دەتوانرێت شۆڕشی سۆشیالیزمی بەرپا بکرێت. ئەو وەك مارکس بیری دەکردەوە، چونکە مارکس راستی کرد وتی: ((**باشترین شوێن بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیزم یان ئەڵمانیا یان ئینگلتەرایە**)) ئەو دوو وڵاتەی بە بیردا هاتبوو، چونکە ئەو دوو وڵاتە ئەوەندە پێشکەوتوو بوون، لە ژێر سایەیاندا چینی کرێکار بەتەواوەتی پەرەی سەندبوو. ئەو دوو وڵاتە دەیانتوانی بە شۆڕشێکی وا هەڵبسن بەپێی دانانی پلانی مارکس. لینین چواردە بەرگی یەکەمی کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی نووسیونی ئاماژە بەوە ناکات لە رووسیای دواکەوتوودا شۆڕشی سۆشیالیزم بەرپا بێت. دوای ئەوەی کە جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد، لینین گەیشتە ئەو بڕوایەی کە وا دیارە ((**سەرمایەداران خۆیان بۆ خۆیان سەری یەك دەخۆن، وڵاتە سەرمایەدارییەکان کۆتاییان دێت، کەواتە دەرفەت هاتووە، ئەوان وا تەواو دەبن، دەتوانین لە رووسیا شۆڕشی سۆشیالیزم بەرپا بکەین**))، لە دواییدا کە شۆڕشەکە بەرپا بوو و سەرکەوت، کە زانی چ قوڕبەسەرییەك لە وڵاتەکەدا روویدا، گەیشت بەوەی کەوا هەر نەفەرێکی سۆڤیەتی رۆژی ٢٥ گرام نانی رەشی بەردەکەوت، ئەمجا پەشیمان بووەو دەڵێت: (**ئێمە غەڵەتمان کرد**)، دەرگای کردەوە لە بەردەم کۆمپانیا سەرمایەدارییەکاندا کە بێن و لەسەر ئەوە رەخنەیان لێگرت، واتە چەپڕەوەکان، ئەویش وەڵامێکی زۆر نازداری هەیە، دەڵێت: ((**راستە سەرمایەداری لە بەردەم سۆشیالیزمدا شتێکی خراپە، بەڵام بە نیسبەت کۆمەڵگای ئێمەوە، کە هێشتا کۆمەڵگایەکین کە خەو بە سەرمایەدارییەوە دەبینین، سەرمایەداری خێرو بەرەکەتە**)). بەداخەوە لینین فریا نەکەوت چارەسەری ئەو کەلێنە بکات، بۆ خۆی ئەو پیاوێکی ئەوەندە زیرەك بوو لەوانە بوو بتوانێت رێگە چارەیەك بۆ وڵاتەکەی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو لە ساڵی ١٩٢٤دا کۆچی دوایی کرد و لە ساڵی ١٩٢٣وە پەکی کەوتبوو، ئیتر دوای ئەوە ستالینیزم دەستی پێکرد، ئەگینا رەنگە ئەو بیتوانیبا ئەو کێشانەی چارەسەر بکردایە.

نموونەی سەرنەکەوتن لە مێژووی هەموو گەلێکدا، بە کوردیشەوە، هەیە، بەڵام پێویستە هەرگیز ئەوە لە یاد نەکەین کە هیچ کام لە بڕیاردەرانی رووداوی مێژوویی

ئەوەیان بە بیردا نایەت پرۆژەکەیان سەرنەکەوێت، ئەگەر وا نەبێت نە لە دوور و نە لە نزیکەوە توخنی ناکەون.

*** بەشێکی زۆری مێژووی کورد لەلایەن خۆرهەلاّتناسانەوە و بە زمانی دیکەی نائاشنا و نامۆ بە کورد نووسراونەتەوە، ئەم نووسینانە چ رۆڵێکیان لە نووسینەوەی مێژووی کورددا بە زمانی خۆی هەبووە و هەیە؟ ئایا کاری بەشێك لە خۆرهەلاّتناسانیش دەکەوێتە نێو خانەی شێواندن و چەواشەکردنی مێژووی کوردەوە؟**

— **د. کەمال مەزهەر:** جارێکیا دەبێت رۆژهەلاّتناسی بە تەرازوویەکی زانستی بکێشیت، چونکە زۆر کەس هەیە، بەتایبەت برا عەرەبەکانمان یەکجار دژی رۆژهەلاّتناسین و وای دادەنێن کە رۆژهەلاّتناسی دەیەوێت مێژووی ئیسلام بشێوێنێت. بەپێچەوانەوە ئەوەندەی رۆژهەلاّتناسی خزمەتی مێژووی ئیسلامی کردووە، عەرەبەکان نەیانتوانیوە ئەوەندە خزمەتی مێژووەکەیان بکەن. راستە سەرەتا کە دووبەرەکی هەبوو لە نێوان جیهانی موسڵمانان و جیهانی گاوراندا، ئەوە بوو کە جەنگی صەلیبی سەری نەگرت رۆژهەلاّتناسی بۆ ئەوە لە دایك بوو کە بتوانن زەفەر بە جیهانی موسڵمان بێنن، بەلاّم زۆر بەخێرایی رۆژهەلاّتناسی بوو بە زانستێکی سەربەخۆی رێکوپێك، هەموو رۆژهەلاّتناسێك زانایەکی گەورەیە، ئەوانە بە عەقڵێکی گەورە بیر دەکەنەوە، ئەوانە نایەن دوژمنایەتی بکەن، راستە رۆژهەلاّتناس هەیە و خۆم بۆم باس کردیت ناوی میللەرم هێنا و رۆژهەلاّتناسی تر هەیە کە مێژووی کوردیان شێواندووە، یان تێی نەگەیشتوون، بەلاّم ئێمەش نەمانتوانیوە تێیان بگەیەنین بەڵگەنامەکان هەڵە بوون، ئەوانە هەیە، بەلاّم من لێت دەپرسم مامۆستا ئەمین زەکی بەگ وەك خۆی دەڵێت ئەگەر نووسینەکانی مینۆرسکی نەبوونایە ئێمە چیمان دەزانی دەربارەی مێژووەکەی خۆمان، هەر هیچمان نەدەزانی، ئەگەر ئەوان نەهاتبایەن و نووسینی مێخی و نووسینی هیورۆغلیفی و ئەوانەمان بۆ حەل بکەن، ئێمە لە کوێ ئەوانەمان دەزانی، ئەوانە رەنگی دایەوە و لە رێگەی ئەوانەوە ئەوانەمان زانی. راستە زەینەفۆن کە هاتووە وەکو دوژمنێك و لە کوردستان شەڕی کردووە، بەلاّم دە تۆ وەرە ئەو کتێبەی کە زەینەفۆن نووسیویەتی ((چوار سەد و یەکی پێش لە دایك بوون))، بزانە چەند نرخی هەیە کە شەڕی لەگەڵدا

کردووین که ئێمه پەلامارمان داون لە زۆر شوێن شکاندوومانە، بزانە ئەو کتێبە چەند بایەخ و نرخی هەیە بۆ ئەوەی کەوا ئێمە مێژووەکەی خۆمان لەو کاتەدا بناسین.

مەکسیم رۆدنسن یەك جوولەکەیە، دوو: مارکسییە، شیوعی بوو، سێ: ئەورووپاییە، لە ئەورووپا بوو بە عەقڵێکی گەورەوە، ئەو شتانە کە ناوبراو دەربارەی ئیسلام نووسیونی کەس نەینووسیوە، بەڵام ئەو ئیسلامەی ئێستا نا، چونکە لە سەردەمی خۆیدا ئیسلام هەنگاوێکی زۆر گەورە بووە بۆ پێشەوە، ئەوەی ئەو نووسیویەتی هیچ کەسێك نەینووسیوە، پێت دەڵێم هەم جوولەکە، هەم مارکسی و هەم ئەورووپایی، هەموو ئەو شتانە کە ئەوان رقیان لێیەتی، بە جۆرێك نووسیویەتی کە پیاو تەسەور ناکات. دەبێت لەو قوژبنەوە سەیری رۆژهەڵاتناسی بکرێت.

*** بەڕێزتان چەند جارێك ئاماژەتان بە ناوی مامۆستا ئەمین زەکی بەگ دا، رۆڵی مێژوونووسانی کوردی وەك مامۆستایان ئەمین زەکی بەگ، رەفیق حیلمی و حسەین حوزنی موکریانی لە نووسینەوەی مێژووی کۆن و نوێی کورددا چ گرنگییەکی هەبووە و ئایا کارەکانیان تا ئێستایش، لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا، گرنگییەکیان ماوە؟**

— د. کەمال مەزهەر: ئەوانە زۆر گەورەن، ئەوانە مامۆستامانن، ئەوانە بەردی بناغەیان داناوە، ئەگەر واز لە شەرەفخانی بەدلیسی و مەحموودی بایەزیدی و ئەوانە بێنین چونکە دەستەی یەکەمن، ئەوسا پێت دەڵێم وا دیارە ئەو بەرهەمەت دەربارەی مێژوو نەخوێندبێتەوە یان ئەگەر خوێندبێتتەوە رەنگ بێت لە بیرت چووبێت، کە لەو کتێبەدا زۆر بەشانازییەوە باسی هەموویانم کردووە، تەنانەت کتێبەکەم پێشکەش کردووە بە شەرەفخانی بەدلیسی و مەحموودی بایەزیدی و محەمەدئەمین زەکی. مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی، خۆزگا خۆزگا هەزار دڵسۆزی وەکو ئەم مامۆستایەمان هەبووایە، وەختی خۆی چییان دەوت دەربارەی مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی، یان دەربارەی پیرەمێردی شاعیری گەورە کە نەورۆزی دەکرد،ئێستا من لە بیرمە دەیانوت ئەوە بەپارەی ئینگلیز دەیکات، خۆزگە بە پارەی ئینگلیز ئەو نەورۆزەی بکردایە! کێ دەتوانێت جارێکی تر نەورۆزەکەی پیرەمێرد بڵێتەوە. ئەوانە هەموویان شتن، من بەشانازییەوە دەڵێم: مامۆستا رەفیق حیلمی کە دیومە، چوومەتە خزمەتی، مودیری سانەوی شەرقییە بوو لە بەغدا، لەگەڵ برای خۆشەویستمدا مامۆستا شێروان عەلی برای

خوالێخۆشبوو فەرەیدون عەلی ئەمیندا چووینە لای زوو زوو دەچوومە لای و ڕێگەی نیشان دەدام، تەنانەت هەتا مامۆستا شێروانی لەلای خۆی دامەزراند، ئەو لە بەشی ریازیات بوو، لە پۆلی چوار بوو، لای خۆی دایمەزراند وەك موحازیر، چونکە دەیزانی ئەو وەختە باری ئابووری خەڵکەکە، هی قوتابییان زەحمەت بوو. مامۆستا ڕەفیق حیلمی پیاوێکی زۆر زۆر گەورە بوو، دڵسۆز بوو. ئێستا نامەوێت هەندێ کەلێن لە یاداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمیدا هەیە و گەورەی بکەم و شتەکانی تر نەبینم، ئەوە گوناهە، گوناهیش ئەو وشەیە نییە کەوا من دەمەوێت بیڵێم. مامۆستا ئەحمەد خواجەم لە نزیکەوە دەناسی، پیاوێکی زۆر زۆر دڵسۆز و گەورە بوو، تەسەور بکە مامۆستا ئەحمەد خواجە لە ١٩٧٤دا کە دیسان شۆڕش بەرپا بووەوە و بەیاننامەی ١١ی ئادار سەری نەگرت، ئەو بەو تەمەنەی خۆیەوە بە گۆچانەکەیەوە هاتەوە ریزی شۆڕش، ئەو کوڕی خواجە ئەفەنییە کە یەکێك بووە لە مامۆستاکانی شێخ مەحموود، ئەو یەکێك بوو لەوانەی شێخ مەحموودی بەهەستی کوردایەتی گۆش کرد، بەپێی بۆچوونی ئەوسای خۆی. ئەوەیە ئەحمەد خواجە، بەڵێ بە دڵسۆزی مایەوە لەوێ هەتا شۆڕش تووشی نوشستی بوو. مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لەگەڵ تۆفیق وەهبیدا (پەیام)ی دەرکردووە، خۆزگە سەد گۆڤاری تری وەك (پەیام)مان(*) دەبوو، ئەوان ئەو گۆڤارەیان دەرکردووە و ئێمە خستوومانەتە خانەی ئەوەی کە پیاوی ئینگلیزن. ئەی بۆ حیسابی ئەوە بۆ حوسێن حوزنی موکریانی ناکەیت کە بە پارەی خۆی چاپخانەیەکی کڕی و لە ڕواندز دایمەزراند و گۆڤارو چاپەمەنیی ڕێکوپێکی پێ دەرکرد. ئەوانە هەموو سەربازی ونن لە مێژووی میللەتەکەماندا، من خۆم بە قوتابییان دادەنێم، شانازی دەکەم کە قوتابی ئەو جۆرە کەسانەم، ئەوانە نیشتمانپەروەر بوون، ئەگەر ئەوانە نەبوونایە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەدەگەیشتە ئەم ڕادەیەی ئێستای.

---

(*) ((دیارە مەبەستی (**گۆڤاری دەنگی گێتی تازە**)یە، کە لەساڵی ١٩٤٣دا لە بەشی پەیوەندی گشتی لە باڵیۆزخانەی بەریتانی لە بەغدا دەرهێنراوە. تۆفیق وەهبی سەرپەرشتی کردووە و حسێن حوزنی موکریانیش یارمەتی داوە، هەرچی گۆڤاری (پەیام) بووە ئەوە لەلایەن کاروباری ئاڵوگۆڕی خوێندەواری ئەمەریکاوە بلاّودەکرایەوە. دیارە تۆفیق وەهبی پێوەندی لەگەڵ ئەم گۆڤارە هەبووە بەلاّم ئەو دەری نەکردووە، بەڵکو ئەندازیار بەکر دلێر حەوێزی سەرنووسەری بووە — ع . زەنگەنە))

*** دوا بەرهەمی بەڕێزتان کتێبێکە سەبارەت بەکەرکوك ((کەرکوك و دەوروبەری)) پێمان خۆشە لێرەدا ئاوڕێك لە چیرۆکی ئەو کتێبە بدەیتەوە کە زۆر پێوەی ماندوو بوویت، تەنانەت لە هەوڵی بە چاپگەیاندنی هەندێ لە بەشەکانی ئەو کتێبەدا بوویت، لەکاتێکدا کە هێشتا سەددام لەسەر حوکم بوو! دەکرێت سەبارەت بەو کتێبە هەندێ زانیاری لە بەڕێزتەوە ببیستین، بەتایبەت لەو بارەوە کە باسی کوردستانیبوونی کەرکوك چەند گرنگی پێدراوە؟**

— **د. کەمال مەزهەر:** دیسان لێرە شتێك دووپات دەکەمەوە، جاران کە لێیان دەپرسیم کامە کتێبی خۆتت بەلاوە بایەخدارە، هەمیشە یەك وەڵامم دەدایەوە، دەموت: ئەوانە هەموویان وەکو کۆرپەم وان، هەموویان نازدارن لەلام، بەڵام ئەگەر هەر چار نەبێت و ئەگەر پێم بڵێن دەڵێم: ((**کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا**)) بەنرخترین بەرهەممە، بەڵام ئەگەر ئێستا لێم بپرسن بێ سێ و دوو و بێ دوودڵی دەڵێم: ((**کتێبی کەرکوك و دەوروبەری**)).

مێژووی ئەو کتێبە داستانێکە، داستانێکی سەیری هەیە. بەر لە هەرشت شانازی بە ناوەکەیەوە دەکەم: ((**کەرکوك و دەوروبەری، لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی دەربارەی پرسی کورد لە عیراقدا**))، کە پێشکەشم کردووە بەو عەرەبانەی چۆن قەبووڵ ناکەن چەوساوە بن، هێندەش قەبوڵ نەکەن چەوسێنەر بن. زۆر شانازی بەو شتانەوە دەکەم، بەڵام چۆن بیرم کردەوە ئەو کتێبە دابنێم، من حەزم دەکرد و زۆرجار ئەوەم وتووە کە نابێت کەرکوك بکرێتە بیانوو، ئەگینا عەرەب نەتەوەیەکی دڵسۆزی خەباتگێڕی وەك نەتەوەی کورد دەدۆڕێنن. ئێستا قسەیەکی دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانیم بیر دەکەوێتەوە کە بەسەددام حسێن خۆی وتبوو و لەبەر دڵسۆزی پێی وتبوو: ((**قوربان کەرکوك بکەرە چەپکە گوڵێکی دیاری دەستی خۆت و با ئاوڕێك بکرێت بەسەر ئەم ئاگرەی کوردستاندا**)).

منیش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کە ئەو هەرایەی دوای ئازادکردنی کوردستان بەرپا بوو، سەدامیش بەهیچ جۆرێ ملی نەدەدا بۆ مەسەلەی کەرکوك، بڕیارمدا کتێبێکی زانستی دەربارەی ئەو بابەتە بنووسم. ئەگەر ئێستا شەهلای خێزانم لێرە بووایە، یەکسەر دەیوت: ((**نا، کاك عەتا، بنووسە لە ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکرد، بەڵام من دەڵێم ١٩٩٢**

بۆ؟)) چونکە من بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانیم ئاگادار کرد کە کارێکی وام بەدەستەوەیە، مام جەلال وەڵامی داومەتەوە، نامەکەی بەرواری ١٨ی مارتی ١٩٩٢ە. کەواتە بەلانی کەمەوە لەو تاریخەدا دەستم بەو کارە کردووە. لەنامەکەدا بە دووروودرێژی زۆر پشتگیریم دەکات و دەڵێت: **((کە کتێبەکە دەرچوو هەوڵ دەدەین وەرییبگێڕین بۆ سەر هەموو زمانە زیندووەکانی دونیا))**، ئەو نامەیەم هەیە و پارێزراوە. ئەمجا دەستم کرد بە نووسینەوەی ئەو کتێبە، وەك پێم وتی: بەشی یەکەمی زۆر زەحمەت بوو بۆم، ئەوەی کە پەیوەندی هەبوو بە مێژووی دێرین و مێژووی سەدە ناوەنجییەکانی کوردەوە. زۆر کتێب و بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسەنم بۆ ئەو بەرهەمە ئامادە کرد و شەو و ڕۆژ کارم تێدا دەکرد. بەرهەمێکی هەروا ئاسان نییە، **بڕیاریش وایە ئەگەر ژیان دەرفەت بدات چوار بەرگ بێت، بەرگی یەکەم و دووەمی دەربارەی کەرکووکن، بەرگی دووەمیان لەسەر تەواوبوونە، بەڵام پێرار نەخۆش کەوتم، دەوری هەشت مانگ لەسەر جێگا کەوتم، هەتا دەوامی کولیەم نەدەکرد، لەبەر ئەوە تەواوم نەکرد، ئێستا ئەگەر بگەڕێمەوە و دەرفەتی باشم بۆ هەڵبکەوێت، بە مانگ و نیوێك – دوو مانگ بەرگی دووەمیشی تەواو دەبێت.** بەرگی سێیەمی دەربارەی خانەقی دەبێت، بەرگی چوارەمیشیان دەربارەی ئێزیدییەکان و شنگال دەبێت. زۆر شتم بۆ ئەو دوو بەرگەیش ئامادە کردووە. هەوڵم داوە لە نووسینەوەی ئەو بەرهەمەدا تەواو بێ لایەن بم، زۆربەی بیروبۆچوونەکان لە زمانی خەڵکەوە دەگێڕمەوە، من خۆم ئەو کتێبانەم دیوەو لام هەن، بەڵام بە وێنە ئەگەر لە زمان شاکر سابر زابتەوە، کە تورکمانە، بڵێم: کەوا سەرچاوە عوسمانییەکان دەڵێن: **((دوو تەقسیم سێی کەرکووك کورد بووە))**، ئەو قسەیە تەنانەت لای خوێنەری کوردیش زۆر مەقبوڵتر دەبێت. هەوڵم داوە ئەو هونەرە بەکار بهێنم، بڕوا بکە ئەگەر وا نەبوایە کتێبەکە بەبێ ئەوەی من ئاگام لێی بێت لە تورکیا خۆیان تەرجەمەیان نەدەکرد بۆ زمانی تورکی. من هەر ئاگام لێ نەبوو و پرسیان پێ نەکردووم، یەکەمین کەس کە من خۆم بە قەرزاریاری دەزانم لەم ڕووەوە کاك حەمید ئەبوبەکری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (بەدرخان)ە، ئەو چووبوو بۆ تورکیا و لەوێ بەوەی زانیبوو، سێ نوسخەی بۆ هێنام، هەندێ برادەر پێم دەڵێن: **(دەبووایە ئەوان پرسیان بە تۆ بکردایە، دەبێت تۆ داوای حەقی خۆت بکەیت)**، داوای حەقی چی بکەم؟ ئەگەر بتوانم پارەشیان بۆ دەنێرم،

ئەوەندە مەمنوونم کـە ئـەو کتێبـەیان لەلایـەن خۆیانـەوە کردووەتـە تـورکی، ئەڵبـەت ئـەوە نیشانەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی کتێبەکە کتێبێکی بەنرخـە، بۆیـە زۆر شـتی لـە بـارەوە نووسراوە.

لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کەوا من بەدرێژایی رۆژگاری سەدام حوسێن پەیوەندیم لەگەڵ سـەرەوەدا هـەبووە لـە رێگـەی بـرا کوردەکـانی ئێرانـەوە، لـە رێگـەی مامۆسـتا عەبـدوڵلا حەسەنزادە و محەمەدی حەسەنپوور و ئـەو برایانـەوە کـە هەمیـشە نامـە و هـەموو شـتێکی منیان بردووە بۆ ئەوێ و وەڵامەکانی ئەوانیان بۆ من هێناوەتەوە. ئێـستا ئـەو نامەیـەی مـام جەلال کە باسم کرد هی ١٨ی مارتی ١٩٩٢ کە ئەو کاتە دەبووە هۆی فەوتانی خۆم و مـاڵ و منال، کەسوکار و رەفیق و برادەریشم، ئەوە ئەوان بۆیان دەهێنام و نامەشیان بۆ دەبردم بۆ ئەوان، هەر بەشێك لە کتێبەکەم کە تـەواو دەکـرد لـە رێگـای ئەوانـەوە دەمنـارد و ئـەوانیش دەیانگەیاند، خوا هەڵناگرێت مامۆستا (**مستەفا ساڵح کەریم**)یـش دەورێکـی زۆری هـەبوو لـە چاپکردن و چاککردنی پرۆڤەکانیدا. بڕیاریش وابوو لە سەرەتای سەرەتادا کتێبەکـە بـەناوی منـەوە نـەبێت، بنووسـرێت لیژنەیـەکی تایبـەتی لـە مامۆسـتایان ئـەم کتێبـەیان دانـاوە. سوتفەیەکی زۆر زۆر سەیر، با بەم بۆنەیەوە ئەمەیشت بۆ بگێڕمەوە، برادەرێکـی زۆر نزیـك و خۆشەویستم هەیە، بەعسی بوو وەختی خۆی کەسێکی گەورە بوو، دکتۆر تاهر البکـاء، ئـەم کەسە لە رێگەی یەکێتی قوتابییانەوە و بەدڵسۆزییەوە ئەو رێگایەی هەڵبژاردبوو، خۆ هەموو بەعسییەکان خراپ نەبوون، ئەو یەکێك لەوانـە بـوو کـە تووشـی سـەدمە بـوو و لەبـەر ئـەوە دوورکەوتەوە لە بەعسییەکان و پەیوەندی لەگەڵ مندا زۆر بـاش بـوو و لـە نووسـینی خۆیـدا نووسیویەتی، دەڵێت: ((**ئەوەی منی خەبەر کردەوە کەمال مەزهەر بوو**))، ئەمجا لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە کە من بڕوام پێیان بـوو و دەمزانـی خیانـەتم لـێ ناکـەن، لەگـەڵ ئەوانـەدا کـە دادەنیـشتین دەربـارەی کـورد گفتوگۆمـان دەکـرد، جارێکیـان لەگـەڵ دکتـۆر تـاهیر باسـی مەسەلەی کەرکووك هاتە پێشەوە، من پـێم وت: کـەرکووك شـارێکی کوردسـتانییە و مـن بـە عاتفە ئەوەت پێ ناڵێم. وتم من ئێستا خەریکی دانانی کتێبێکم و ئەگەر بوێرم ئەو کتێبـە کـە تەواو بوو یەکەم نوسخەی دەنێرم بۆ ((السید الرئیس)) وتم: ((**چونکە نابێت لەسەر کـەرکووك کورد بدۆڕێنن**))، پاش ماوەیەك دەسـتەیەك کوردیـان لـە سـەرکردایەتی ئەوسـای بەعـسەوە بـانگ کـرد، لەوانـە مامۆسـتا حەسـیب ساڵح، مامۆسـتا ئیحسان شـێرزاد، هـەروەها مـن و

ژمارەیەکی تر، لەگەڵ سەعدی مەهدی ساڵح، کە ئەندامی قیادەی قەومی بوو، لەگەڵ دوانی تر لە قیادەکان کۆیان کردینەوە، لەوێ ئێمە بەڕاستی پیاوانە قسەمان کرد، ئەمجا من لەوێ بەرگریم لە مام جەلال کرد، هەڵبەت ئەو قسانەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، قسەی د. عەبدولسەتار تاهیر شەریف و قسەی کاک حەسیب ساڵح و قسەی من لەبەر ئەوە بڕیاریان دابوو ئێمە بگرن و نەفیمان بکەن. خوا هەڵناگرێت سەدام خۆی ئەوەی رەفز کردبوو. من ئەو زانیارییانەم لە رێگای د. تاهیر البکاء و لە رێگەی برادەرێکی ترەوە کە ئەویش شوێنی هەبوو بە دەست هێنا. ئەوانە هەموو تەئسیریان کرد کە موراقەبەیان لەسەر خۆم و خێزانم دانابوو، بۆ هەر شوێنێك دەچووین سەیارە بە دواماندا دەهات. فەرقمان کرد کە تەلەفۆنی ماڵەوە لاقیتەیان تێدا داناوە. ئیتر گەیشتە ئەوەی هەتا لەسەریانەوە گوێیان لێ دەگرتین. ئێستا هەموو بەڵگەنامەکان لەو بارەیەوە لەبەردەستدان. کە کار گەیشتە ئەوە موفاتەحەی دکتۆر تاهیر و دکتۆر مەناف شوکر ئەلوەنداویم کرد کە سەرۆکی زانکۆی کەربەلا بوو، کوڕێکی باش، رێکوپێك، من کاتی خۆی سەرپەرشتیکەری نامەی دکتۆراکەی بووم، ئەوان ئیسارەی مەوزوعەکەیان کرد لەگەڵ دکتۆر موئەید الونداویدا کە ئەوکاتە لە موخابەرات ئیشی دەکرد و دوایی لایان برد، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی شیعەیە. ئەو سیانە کە چووبوون لە موخابەرات مەوزوعەکەیان ئیسارە کردبوو، وتبوویان وا نابێت و ئەگەر ئەو پیاوە وای لەگەڵ بکەن مەجبوور دەبێت وڵاتەکە بەجێ بێڵێت، یان بچێتە سەرەوە. لە موخابەرات پێیان وتبوون ئێمە ئاگامان لێیە کە ئەو خەریکە لەسەر کەرکوك کتێبێك دائەنێت. دکتۆر تاهیر زۆر زیرەکە، یەکسەر وەڵامی دابووەوە و وتبووی: **((من خۆم ئاگام لەوەیە و بەخۆمی وتووە یەکەم نوسخەی ئەو کتێبە دەنێرم بۆ سید الرئیس، بۆ ئەوەی کەوا ئاوێك بکرێت بەو ئاگرەدا)).**

لەبەر هەموو ئەوانەی گوتمن و گەلێك هۆی تری وەك ئەوان ئەو کتێبە کورپەیەکی زۆر زۆر خۆشەویستمە، هەر چەند لەو بڕوایەدام کە دوور نییە ئەم کتێبەی ئێستا پێوەی خەریکم و ناوونیشانی **((کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا))** یە و لەبەر هیچ شتێك وازی لێناهێنم و وا دەبێت بە دوو سەعات و نیو لەبەر خاتری ئێوە وازم لێ هێناوە وەك تەقدیرێکی زۆری ئەم دیدەنییە، رەنگ بێت ئەم کتێبەم بۆڕی ئەو کتێبە بدات، بەدڵنیاییەوە ئەوە ناڵێم، ئەوە دوایی خوێنەران بڕیار دەدەن.

*** باسی ئەوەت کرد کە مام جەلال نامەیەکی بۆ ناردیت لەهەمان کاتدا باسی ئەوەت کرد کە لەگەڵ کاك مەسعوددا لە پەیوەندیدا بوویت، ئەی لەلای کاك مەسعوودەوە وەڵامێکت پێگەیشتەوە؟**

– د. کەمال مەزهەر: ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو، تەنانەت لە دواییدا کە کتێبەکە دەرچوو کەرەتێك لەگەڵ مامۆستا فوئاد عارفدا چووینە خزمەت مەسعوود بارزانی، ژمارەیەك لە کتێبەکەم، بەتایبەت ئەوەیان کە کرابوو بە ئینگلیزی لەلایەن مامۆستا ئەنوەر قەرەداغییەوە، بۆم برد، کاك مەسعوود وتی: ((**ئەوە باشترین دیارییە کە بۆت هێناوم بۆ ئەوەی کە هەر رۆژنامەنووسێك، هەر کاربەدەستێکی رۆژئاوایی بێتە لام، ئەو کتێبەیان بدەمێ**)). خۆیشت ئاگات لێیە کە مەسعوود بارزانی لە پرسی کەرکووکدا زۆر پیاوانە هاتۆتە پێش و ئەوەی کە وەزیری هەندەرانی تورکیا دەرحەق کاك مەسعوود کردی مایەی شانازییە بۆ هەموو کورد و مەسعوود بارزانی بەر لە هەمووان. وەختی خۆی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانیش لە هەموو کۆڕ و دیدەنییەك و موناسبەتێك کە بۆی هەڵکەوتبێت، وتوویەتی: ((**کە کەرکووك دڵی کوردستانە و ئێمە واز لە کەرکووك ناهێنین**))، وا بزانم هەر کوردێك دەست لە کەرکووك هەڵگرێت ئابڕوچوونە بۆی.

*** بەڕێزتان وتتان لەو کاتەدا بەرگریتان لە مام جەلال کردبوو، ئایا مەسەلەی بەرگرییەکە لەوێدا لە چ ڕوویەکەوە بوو؟**

– د. کەمال مەزهەر: ئەوان زۆر تەرکیزیان دەکردە سەر ئەوەی گوایە مام جەلال عەمیلی غەرب و عەمیلی ئێرانە. من لەوێ وتم: ((**مام جەلال نیشتمانپەروەرێکی کوردە و یەکێك لەو سەرکردە کوردانەیە کە زۆر بڕوای بە برایەتی گەلانە**)). ئەمجا ڕاستیشە مام جەلال تا ڕادەیەکی زۆر پیاوێکی مارکسییە و زۆر بەباشی لە مارکسیزم – لینینزم گەیشتووە و بڕوای بە برایەتی گەلانە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بەشێك لە سەرکردەکانی شۆڕشی فەلەستینی هەبوو، بۆ نموونە شەهید شەهابی شێخ نوری شێخ ساڵح یەکێك لە پاڵەوان و قارەمانەکانی کورد، ئەو ماوەیەك لە مقاومەی فەلەستینیدا بەشداری دەکرد و هەتا ئێستا جلی پێشمەرگایەتی فەلەستینییەکانی لەلای کەسوکاری ماوە و پارێزراوە، لەوێ بوو دوایی هاتەوە بۆ عیراق. ئەو قارەمانەی کە لە بەندیخانەدا بینیم چ پاڵەوانێك بوو، یەکێك لە سەرکردە هەرە نزیکەکانی مام جەلال بوو. من لەوێدا باسی ئەوەم کرد و داوام کرد کەوا

کوڕێك ببەسترێت و کوردەکان بانگ بکرێن بۆ ئەوەی ئاوێك بکرێت بەو ئاگرەدا تا وەك وتم عەرەب نەتەوەی کورد نەدۆڕێنن لەسەر مەسەلەی کەرکوك، دنیا مولکی عەرەبە، ئەمجا تەماعیان کردۆتە نەوتەکەی کەرکوك، ئەوەی ئەسڵەن نرخی نییە لای کورد نەوتە، خۆزگە هەر نەوتی نەبووایە، نەوتەکە بووەتە هۆی ئەوەی وا خەڵك چاو ببڕێتە کەرکوك.

یوسف ئیبراهیم یەزبەگ، کە لوبنانییە و دۆستێکی گەورەی کورد بوو، لە ساڵی ١٩٣٤دا کتێبێکی چاپ کردووە، ((نەوت قوربەسەریی گەلانە)) (النفط مستعبد الشعوب) کە ساڵی ١٩٧٣ هات بۆ کۆنگرەی مێژوونووسان لەبەغدا بەخۆیم وت ئەو بۆچوونە دروستەی تۆ و ئەو ناوەی کە بۆ کتێبەکەت هەڵبژاردووە پێش هەموو کەسێك بەسەر کورددا تەتبیق دەبێت، هەموو چاویان بڕیوەتە نەوتەکە دەنا شتی تر نییە، ئەوەی کە کورد بیری لێ ناکاتەوە نەوتی کەرکووکە.

دوای رووخانی سەددام کە عەرەب و غەیری عەرەب لێیان قەوما و روویان کردە کوردستان، چۆن کورد هەموو دەردیسەریی خۆیان و مەئساتەکانی رابردووی خۆیانیان لە بیر چووەو وەکو برا پێشوازییان لێکردن، ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ کە کارەساتەکەی کوێت روویدا لە کوردستان بووم، دەیان هەزار سەرباز لە کوردستاندا هەبوون و هەموویان خۆیان تەسلیم کرد و چەکیان فڕێدا، بڕوا بکە هەروەك هیچ شتێك نەبووبێت لە بەیندا پێشوازییان لێکرا و نانیان دانێ، هەڵپەڕکێی کوردییان فێر دەکردن، رێگایان نیشان دەدان، ئەوەی دەگەڕێتەوە با بگەڕێتەوە. لەکاتێکا کە ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی داگیر کرا، ئەوەی کە دیمان لەو ئەمنەدا شەرمەزارییە، ژووری تایبەتیان هەبوو بۆ خراپکردنی ئافرەتی کورد. حەز دەکەم ئەوە دووپات بکەمەوە، رەنگە لە شوێنی تردا وتبێتم، دوای ئازادیی ئەمنە سوورەکە لەوێ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئافرەتێکی کورددا کرد ناوەکەیان نەهێنا، ئیزگەی یەکێتی، وتی: ((من خوا وای دروست کردووم جوان نیم، دایم ئەوە لێم بوو بووە گرێ لەناخی دەروونمدا، بەڵام کە گیرام لەگەڵیشمدا (س) کە جوانی وا لە دنیادا کەم بوو، گیرابوو، هەموو رۆژێك دەهاتن و دەیانبرد تەعەدایان لێ دەکرد)) وتی: ((گەیشتبوو بەوەی کە ئیسراحەتیان نەدەکرد ئەوەندە لەش و لارێکی جوانی هەبوو، دەیانبرد بەدەمدا پاڵیان دەخست و قوماریان لەسەر لەشی دەکرد و پێکەکانیان لەسەر لەشی دادەنا))، دەیوت: ((من لەو رۆژەدا هەموو رۆژێك نوێژم دەکرد و سوپاسی خوام دەکرد کە منی جوان دروست

**نەکردووە))**، کە گوێم لەوە بوو چاوم پڕ بوو لە ئاو، بە ماڵەوەم وت: **((ئەمە یەکەمین جارە لە مێژوودا روو بدات کە ئافرەت لە خوا بپاڕێتەوە و سوپاسی بکات کە جوان دروستی نەکردووە، شتی وا هەر نەبووە))**. ئەمجا لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکە هەمووی لەبیر چووەوە و ئیلا سێ – چوار کەس نەبێت کە بەرەنگارییان کرد لە ئەمنە سوورەکە کوژران، ئەگینا تیایاندا هەبووە مەسئولی ئەمن بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ خەڵکەکەدا خراپەی نەبووە، بردبوویان لەگەڵ ماڵ و منداڵی بە مانگ زیاتر بەخێویان کردوون و دوایی رەوانەیان کردبوونەوە بۆ خوارووی وڵات. ئەوە وام لێ دەکات کە زۆر زۆر سوپاسی خوا بکەم کە بە کورد دروستی کردووم و بە دەگمەن خەڵکم بینیوە کە نەتەوەی کوردی خۆش نەوێت.

*** باسی ئەوەت کرد کە لە زیندان شەهید شەهابت بینیوە، جەنابت ئەو کاتە زیندان کرابووی یان بۆ سەردانی رۆیشتبوویت؟**

**– د. کەمال مەزهەر:** مامۆستا روشدی عەزیز ساڵح هەیە، ئەوەی کە وەزیری داد بوو، نەسرینی خوشکی گەورەم هاوسەری ئەوە، جا شێخ شەهاب هەم پوورزا هەم ئامۆزای کاک روشدییە، کە گیرا، کە دەچوون بۆ سجن منیش دەچووم لەگەڵیاندا. ئێستاش وێڕای ئەوەی کاک ((نیهاد))ی رەحمەتی برا بچووکی شێخ شەهاب هاوپۆلم بوو، زۆر شت هەبوون وێڕای کوردایەتییەکەی ئەو پیاوە کە وای لێ دەکردم بچم بۆ بەندیخانە و لەوێ خۆی گێڕایەوە، وتی: **((ئەو کابرایەی کە لە ئەمن ئەشکەنجەی دەدام لەبەر ئەوەی کەوا ئەوەندە تەحەمولم دەکرد لە ئاخیری دا پێی وتم: بەڕاستی تۆ پیاوێکی نەبەزیت، وام لێهاتووە بەدڵ خۆشم دەوێیت))** شەهاب پەنجەی پێی نیشان داین کەچی لێ کرابوو، کە چۆن نینۆکەکەی دەر کرابوو، ئەوەم بەچاوی خۆم دی. رۆژی ئیعدام کردنەکە نەسرینی خوشکم رێگەی نەدا بچم بۆ لای، لەترسی ئەوەی من مامۆستای زانکۆم و ناوەکان دەنووسن، بەس وتی: **((هەموو شتێکت بۆ نەقڵ دەکەم))**، کە گەڕایەوە هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە، زۆر سەیر بووە، هەر لەوەی نەکردووە کە پاش چەند سەعاتێکی تر هەڵیان دەواسن. نەسرین گێڕایەوە نازەنین خانی هاوسەری کە کۆچی دوایی کردووە، نزیکی ئەوە هات کەوا وەختەکە تەواو دەبێت و بە بەرچاوی ئێمەوە لۆکەیان دەهێنا و ئاویان دەهێنا و قەنارەکانیان ئامادە دەکرد، شەهاب کەوتە جگەرە کێشان، نەسرینی خوشکم دەیووت نازەنین پێی وت: **((بەقوربانت بم جگەرە مەکێشە خراپە بۆ سیحەتت))**، ئەمانە هەموویان هەڵوێستی دەگمەنن، مێژووی خەباتگێڕانی

کوردن و دەبێت بپارێزرێن، بەڵام شانازی بەوەوە دەکەم کە بۆ بەیانی کە چووین لە تـوبی عـەدلی مەیتـەکانیان وەرگرینـەوە سـیان بـوون (جەعفـەر، ئـەنوەر و شـێخ شـەهاب) ئـەو پاڵەوانانە لەسەر ئەرزەکە فڕێ درابوون، تومەس چاویان دەرهێناون دوای مردنیـان، وا بـزانم خوێن لەدەمی شەهید شەهاب دەهات. ببوورە من چەند جارێکە دووپاتی دەکەمەوە، ئـەوی رەخنەم لێ دەگرێت ئارەزووی خۆیەتی، دڵم ناسکە و خۆم پـێ نـەگیرا و فرمێـسك بەچـاوما هاتە خوارەوە، روشدی زاوام گوتی: ((کەمال خۆت بگرە)).

ئیتر مەیتەکانمان هێنایە دەرێ، سەیر دەکەم لەبەر دەمی تـوبی عـەدلی دا بـاوکی لـەیلا قاسم هاتووە بۆ ئەوەی خوا حافیزی لەو سـێ تەرمـە بکـات. ئێمـە تەرمـەکانمان هـەڵگرت و گەڕاینەوە و بردمانەوە بۆ سلێمانی، لە بەغداد جدیدە مـن ئۆتۆمۆبیلـەکانم وەسـتان، چـووم پارچەیە قوماشم هێنا دام بەسەر مەیتەکەی شێخ شەهاب دا. کە هاتینەوە بۆ سـلێمانی مـن لە پێش مەوکبی ئۆتۆمۆبیلەکەوە دەڕۆیشتم، بە ئەنقەس بە ناوەڕاستی شارەوە بردمەوە لـە رێگەی بەردەرکی سەرا و لەوێوە بۆ بەر ماڵی شێخ شەهاب. کە مەیتەکەمان داگـرت نـازەنین خان هاتە دەرەوە، هەرگیز ئەوە لەیاد ناکرێت، بەدەنگی بەرز ئەی رەقیب هەرماوە قـەومی کورد زوبان و کەس ناڵێ کورد مـردووەی دەوتـەوە. کـوڕێکی گـەنجی لـە تـۆ منـداڵتر لـەتۆ کورتەبنەتر و لاوازتر هات، لەگەڵ هاوەڵەکانیدا مەیتەکەیان هەڵگرت وتیـان ئـەم مەیتـە ئـیتر موڵکی ئێوە نییە، مـوڵکی میللەتـە و ئێمـە خۆمـان دەیبـەین. لـەو کاتـەدا ئـەمریان کـرد بـە ئینزیباتەکان و بەربوونە خەڵکەکە، ئیتر بە هێواشی مەیتەکەمان برد بۆ گۆڕستانی سـەیوان، شەوێك بەر لەوە بردمانە مزگەوت، نەیانهێشت تەعزیەیان بۆ دابنێین، بـەڵام خـوا هـەڵناگرێت زۆر کەس کە چاوەڕوان نەدەکرا لەو رۆژە سەختەدا بێنە سەرقەبران، هاتبوون، یەکێك لەوانە نامیقی میرزا تۆفیقی قەزاز بوو، چونکە ئەوانـە هـەم بەتەمـەن بـوون و لەوانەیـە لـەو رۆژەدا دەسرێژ بکرێت، هاتبوون و هەموو وەستاین و دوای ئەوەی کـە گەڕاینـەوە بەغدا شـێخ دارۆ لەگرتووخانە بوو، بۆ سەرەخۆشی چووین بۆ لای، شتێکی زۆر سـەیری بـۆ گێڕامـەوە، وتـی: ((پێش ئەوەی هەڵیانبواسن پێیان ئەڵێن: کێتان ئەوێ لە گرتووخانەکە بێت بۆ لاتـان))، شێخ شەهاب دارای برای بانگ کردووە، شـێخ جەعفـەر یـەکێکی تـری بـانگ کـردووە و کـاك ئەنوەریش یەکێکی تر، سیان لەو کوردانەیان بـانگ کردبـوو، ئەمـە دارۆی شـێخ نـوری بـۆی گێڕامەوە، وتی: ((جەعفەر پێی وتـین وەخـتی قـسە نییـە، وەرن بـە ئینتیباهـەوە، چـونکە

ماوەیەکی زۆر کەممان بەدەستەوەیە، من سروودێکم داناوە دەمەوێت ئەو سرووده لەبەر بکەن و ئاوازیشم بۆ داناوە و دەبێت ئاوازەکەش لەبەر بکەن))، پێش ئەوەی کەوا بتوانم ئەو شتە تەوسیق بکەم بەداخەوە دارۆ خوا بردییەوە، بەڵام دوایی کەوتمە سۆراخی ئەو داستانە، داوام لە حاجی نوری باوکی موفیدی زاوام کرد کە تاقیبم بۆ بکات، لەم چەندانەدا مۆژدەیەکی وای داومەتێ: دەڵێت: (ئەو کەسانەم دۆزیوەتەوە کە لەو کاتانەدا داوایان کردبوون و ئەوان دەڵێن شتێکی وابووە و دوایی تەفسیلاتەکەت بۆ دەنێرم).

* بگەڕێینەوە سەر کەرکوك، بە بڕوای بەڕێزتان لە عیراقی نوێدا سەرکردەی کورد و سیاسەتمەداری کورد توانیویانە چ رۆڵێك ببینن بۆ ئەوەی کەرکوك بگەڕێننەوە ئامێزی کوردستان؟ بەڕێزتان پێشنیارتان چییە بۆ ئەوەی سیاسەتمەدار و دەسەڵاتداری کورد لە عیراقی نوێدا، بەشێوەی دیالۆگ و زانستییانە و بە بەڵگەی باشەوە بتوانن کاری باشتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بکەن؟

– د. کەمال مەزهەر: پێموایە رابەرانی کورد بایەخێکی زۆریان داوە بەو پرسە، چونکە بەڕاستی ئەوە پرسی دوارۆژی هەموو نەتەوەی کوردە و ئەو پرسە لەبەر ئەوەی هەموو دوژمنانی کورد، دۆستی کوردیش بایەخیان پێ داوە، لەبەر ئەوە وا بزانم سەرنجی هەموو لایەکی راکێشاوە و سەرنجی هەموو لایەکیش رادەکێشێت. سەرکردەکان باش مامەڵەیان لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کردووە، بەس عەرەبی زۆر رێك و پێك هەیە کە دەتوانن دەوری باش ببینن، بۆ نموونە پارێزەر زوهێر کازم عەبوود بە قەدەر من و تۆ کوردی خۆش دەوێت، وەك رەشید ئەلخیون کە خۆت دەیناسی، من هەر نەمدیبوو و نووسینەکانیم دەخوێندەوە، بە تایبەت ئەو شتانەی کە چوار شەممان لە شەرق ئەلئەوسەتدا بڵاوی دەکردەوە. ئەو جۆرە کەسانە، ئەگەر بیانخەیتە گەڕ، وایان لێ بکەیت تەبەنای ئەو بابەتە بکەن، رەنگ بێت باشتر دەنگ بداتەوە. لێرەدا دەڵێم خۆزگە یەکێکی تر هەبووایە غەیری کورد، ئەو کتێبەی من ئەو بینووسیبایە، چونکە بەو جۆرە کاریگەرتر دەبێت. ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین تا کۆنگرە بکرێت بۆ پرسی کورد کەمە، هەتا لەسەری بنووسرێت کەمە و زۆر کەسیش زۆر بە رێك و پێکی و بە باشی لەسەر کەرکووکیان نووسیوە، یەکێك لەوانە دوکتۆر نوری تاڵەبانییە کە خەڵکی کەرکوکە. وابزانم کۆنگرەیەك پێش رووخانی سەدام گیراوە و توێژینەوە و وتار و بابەتەکانیان هەمووی بڵاو کراونەتەوە. مەبەستم ئەوەیە هەر شتێك تەرخان بکەین بۆ

جێبەجێکردنی ئەو پرسە کەمە. ئەوە دەبێت پرسی یەکەمی هەمووماں بێت. بڕوا بکە کە شتێکی رێکوپێك و بە دڵی خۆم دەدۆزمەوە لەسەر کەرکوك لەو بەڵگەنامانەدا شاگەشکە دەبم و وا دەزانم ئەو رۆژە هەموو دنیا هی منە. برایەکی زۆر خۆشەویستم هەیە لێرە دوکتۆر ئەمین موتابچی، پیاوێکی زۆر رێك و پێك و لێهاتووە، دەتوانیت قسەی لەگەڵدا بکەیت، هەموو رۆژێك لەدوای سەعات حەوتەوە تەلەفۆنم بۆ دەکات، پێم دەڵێت: کەمال ئەمڕۆ چی تازەت دۆزیوەتەوە. دەبێت هەموو رۆژێك راپۆرتێکی بدەمێ دەربارەی پوختەی کارەکانم لەو رۆژەدا. ئەمجا قسەی زۆر خۆش دەکات، پێش ئەوەی تۆ بێی قسەیەکی ئەوم لەم کتێبەمدا نووسیوەتەوە. لێی بپرسە کە شتێك لەسەر کەرکوك دەدۆزمەوە بە چ حەماسێکەوە پێی دەڵێم.

*** لە باشووری کوردستان رەخنە و گلەیی و گازاندەی زۆر هەیە بەرانبەر سیاسەتمەدار و سەرکردەکانی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە گوایە نەیانتوانیوە بە پێی پێویست ئاوڕ لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی کورد و چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکەمان بدەنەوە، بۆچوونی بەڕێزتان چییە لەو بارەیەوە؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** هەمیشە بۆچوونێکم هەیە و پێی لەسەر دادەگرم، دەڵێم: ((باری سەرکردەکانی کورد یەکجار قورسە))، ئێمە نابێت هەرگیز ئەوەمان لەبیر بچێت دەبێت هۆی یاریدەدەر بین نەك کۆسپ بین لەبەر دەمیاندا، نەك گێرەشێوێن بین لە هیچ بووارێکدا، چونکە نابێت شتێك بکەیت کە دوژمنت پێی خۆش بێت، هەندێ رەخنە و شت دەخوێنمەوە و دەبیستم، غەیری دوژمنی کورد کەس دڵی بەو شتە خۆش نابێت، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت ئاگامان لێ بێت. سەرکردەکانی کورد بە شێوازێکی لێهاتوو هاتوونەتە گۆڕەپانی چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکەمان. موبالەغاتی زۆر دەکرێت، شت دەوترێت کە ناچێتە ئەقڵەوە. وێڕای ئەوە لەم رۆژانەدا لەگەڵ برادەرێکدا باسی ئەو جۆرە کەموکورتییانەمان دەکرد، لێم پرسی و پێم وت: پێم بڵێ، (ئەو برادەرەم زۆر موعجیبە بە لەندەن و خەڵکی لەندەن و حەقی خۆشییەتی) ئایا لەم وڵاتەدا کەمو کورتی نییە، چۆن نییە. کەم و کورتی بەقەدەر دنیایەك هەیە. ئەو رۆژنامە گەورانەی وەکو تایمسی لەندەنی و گاردیەن و... کەوتوونەتە هەڵەی واوە کە پیاو تەسەور ناکات، ئەوان نەیان ویستووە ئەو هەڵانە بکەن، لەکاتی خۆیدا بە دڵسۆزی کردوویانە، بەڵام ئەنجامەکانی زۆر زۆر خراپە. ئەو توندڕەوییە بۆ ئێمە دەست نادات، دەبێت

لەگەڵ هەموو بابەتەکاندا زۆر زۆر میانڕەو بین، عەقڵ بخەینە کار. بە داخەوە هەن زمانیان لەپێش عەقڵیاندا دەخەنە کار، لەکاتێکدا دەبێت پێچەوانە بێت، ئەگینا دوژمن بە خۆت خۆش دەکەیت. کاکە گیان گەیشتووین بەوەی کە ئێستا هەموو لایەك لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست و هەموو جیهاندا حیسابێك بۆ کورد دەکەن، مەگەر ئەوە گاڵتەیە. ئێمە گەیشتبووینە سەرەمەرگ، ئێستا گەیشتووین بەوەی کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بێت و زیارەتی وڵاتەکەمان بکات، بگاتە ئەوەی کە زاڵمای خەلیل زاد لە هەموو کەسێك بە پەرۆشتر بێت بۆ ئەوەی زانکۆی ئەمەریکایی لە کوردستاندا بکرێتەوە و خۆم گوێم لێ بوو وتی: ((خۆشترین بڕیار کە درابێت لە لایەن منەوە لەو ماوەیەدا کە لە عیراق بووم، بڕیاری دامەزراندنی زانکۆی ئەمەریکایی بوو لە کوردستان)). ئەمانە دەسکەوتن و دەبێت ئاگامان لێیان بێت، خۆزگە لەمە زیاتر دەبوون، بەڵام شت بە بێ کەم و کورتی نابێت.

*** بەڕێزتان وەکو مێژوونووس، گەشبینن بە داهاتووی گەلی کورد، بە تایبەت حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

**– د. کەمال مەزهەر:** نەك هەر گەشبینم، دیسانەوە ئەو دەڵێمەوە، من وەکو مێژوونووس گەشبینم، چونکە بڕوام هەیە کە ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە بەرەو پێش دەڕوات، هەرگیز ناگەڕێتە دواوە، ئەمە خاڵێکی بایەخدارە. ڕاستە لەوانەیە بۆ ماوەیەك بوەستێت، بەڵام لەدواییدا هەر تەکان دەدا بەخۆی و هەر بەرەو پێش دەڕوات. ئەگەر وا نەبووایە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان هیچی ڕووی نەدەدا، مرۆڤایەتی بەرەو پێش نەدەڕۆیشت. لەبەر ئەوە من گەشبینم. هەندێ کەس ئەو قسەیەی منیان پێ ناخۆشە. ئاخر شتی وا ڕووی داوە لە شوێنی تر، ئەوانیش کێشەی گەورەیان بووە، بەڵام ئێستا ئەوە بووە بە رابوردوو، خەڵکەکە هەر لە بیریشی نەماوە.

*** فەرهاد شاکەلی، لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)دا، ژمارەی ٤١٣ی ڕۆژی یەك شەممەی ٢٠٠٧/٤/٢٢، لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە بە ناونیشانی ((ڕۆژنامەگەریی کوردی: ڕاست کردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە))، سەبارەت بە دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)، کە تێیدا بەپێی لێکۆڵینەوەکەی شاکەلی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە، ڕۆژی پێنج شەممە ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ی زاینی دەرچووە، نەك ڕۆژی هەینیی ٢٢ی نیسان.**

شاکەلی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە (هەر زانیارییەکی دیکە لەگەڵ ئەم ئەنجام گرییەدا نەگونجێت ناڕاستە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە) و ئاماژەی بە ناوی بەڕێزتان و چەند لێکۆڵەرەوە و مێژوونووسی کورد کردووە کە بە هەڵە ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٢ یان بە یەکەم ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی داناوە.

– د. کەمال مەزهەر: فەرهاد شاکەلی کوڕێکی لێهاتوو و خزمەتگوزارە و لە دەمێکەوە دەیناسم، پێش ئەوەی بێتە دەرەوە هەر لە کوردستان و لە کاتی خۆی لە نزیکەوە ناسیومە، هەمیشە پشتگیریم کردووە. من تا ئێستا ئەو وتارەم نەدیوە، بۆیان ناردم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بەڵام نەمتوانی بیخوێنمەوە، چونکە وەسایلی خوێندنەوەم نییە. یەکەم کەس کە دەربارەی ئەوە ئاگاداری کردم یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە هەڵکەوتووەکانی نەتەوەکەمان، مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە، کە من هەر پێی دەڵێم (زەنگەنەی خۆشەویست). ئەو زۆر شارەزای ڕۆژنامەنووسیی کوردییە، وتاری زۆر ڕێك و پێکی هەیە، وابزانم ئێستا یاریدەدەری سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە لە کوردستان. ئەو ئاگاداری کردم و وابزانم وتارێکی دەربارەی ئەوە نووسیوە، بەڵام کەمال مەزهەریش وەك هەر کەسێکی ئەم جیهانە پان و بەرینە لەوانەیە بکەوێتە هەڵەوە، با کاك فەرهاد شاکەلی و کەسانی تر هەڵەکانی من ڕاست بکەنەوە و زۆرم پێ خۆشە، بەڵام دەزانم خزمەتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیم بە ڕێکو پێکی کردووە، چیم لە باردا بووە کردوومە. یەکەم کەس کە بە زمانی بێگانە لەسەر یەکەم ژمارەی کوردستانی نووسی بە زمانی ڕووسی و لە گۆڤارێکی ئەکادیمی بەرزدا، کەمال مەزهەر بوو. بەڕێز دوکتۆر مارف خەزنەدار کە ڕۆژنامەکەی دۆزییەوە لە لینینگراد، وێنەیەکی یەکسەر بۆ من نارد. من لەسەر ئەو وێنەیە وتارێکی سەنگینم بڵاوکردەوە لە گۆڤاری گەلانی ئاسیا و ئەفریقیادا کە گۆڤارێکی ئەکادیمیی بەرزە، وێڕای ئەوە وا بزانم دۆزینەوەی (تێگەیشتنی ڕاستی) باوەڕ ناکەم لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان کەمتر بێت. ئەمجا لەگەڵ ئەوەشدا هەبوو ڕەخنەی لە کتێبەکەم گرت لەسەر (تێگەیشتنی ڕاستی) کە چوارسەد لاپەڕە دەبێت. مێژوونووسێکی شارەزای دڵسۆزی وەك خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلادین سەجادی کەوتبووە هەڵەی گەورەوە دەربارەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، ئەوانەم هەموو ڕاست کردۆتەوە. بەڵکو منیش لە شتێکدا بکەومە هەڵەوە و یەکێکی تر بۆم ڕاست بکاتەوە، قسەی چی دەکات ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە.

* ئەگەر بە پێی ئەو راست کردنەوەی کاك فەرهاد شاکەلی بێت، ٢١ی مانگ رۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستان بێت، دەبێت ئەو یادەوەرییە لەمەو بەدوا راست بکرێتەوە لە لایەن رۆژنامەنووسان و ئەوانەی بەرپرسی ئەو بوارەن. بە بڕوای بەڕێزت ئەو مەسەلەیە چۆن چارەسەر دەکرێت؟

— د. کەمال مەزهەر: ئەوە کێشەیەکی ئالۆزە و ئاسان نییە. رەنگ بێت ئەگەر دەستەیەکی شارەزای رێك و پێکی وەك دوکتۆر کەمال فوئاد و مامۆستا عەبدوڵلا زەنگەنە و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و ئەوانە پێك بهێنرێن و لێی بکۆڵنەوە و بگەنە ئەنجامێك(*)، ئەو کاتە ئەو شتە دەبێت بڕیاری لەسەر بدرێت. یاخوا کێشەکانمان هەر ئەوانە بن.

* لە دوای راپەڕینەوە ئاستی راگەیاندنە کوردییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت، تا چەند دوکتۆر کەمال لە نزیکەوە لەگەڵ راگەیاندنی کوردیدا پەیوەندی هەیە؟

— د. کەمال مەزهەر: لە سەرەتادا عەرزم کردیت، ئێمە و مانان ناچارین زۆر بنووسین و کەم بخوێنینەوە، واتە بەدەر لە بابەتەکەی خۆمان دەرفەتی ئەوەمان نییە، لەبەر ئەوە من چیم دەکرد لە عیراق و بەغدا، هەموو رۆژێك دەبوو گوێ لە دەنگو باسێکی کوردستان تی.ڤی لەگەڵ دەنگوباسێکی کوردساتدا لە سەعاتێکدا بگرم و یان ئەلشەرقییە یان ئەلعەرەبییە، بۆ ئەوەی شتەکان لێك بدەمەوە. بەڵام کە بەهۆی نەخۆشییەکەمەوە هاتم بۆ ئێرە بۆ عیلاج کە لە مانچێستەر لە ماڵی نەجاتی خوشکم بووم، لەوێ دەرفەتێکی زۆرم هەبوو، نەمدەزانی چی

---

(*) ((لەسەر ئەم پرسە ئێمە و دواتر د. نەجاتی عەبدوڵلا و ئینجا د. مارف خەزنەدار هەریەکەمان بەجۆرێك بە دەنگ هاتین و لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ئاسۆ) و گۆڤاری (رامان) و دواتریش گۆڤاری (رۆژنامەنووس) هەریەکە و بۆچوونەکانی خۆی بڵاوکردەوە، دواتریش هەموو ئەو بۆچوونانە بەسەر یەکەوە لە ژمارە ١٢ی (رۆژنامەنووس)دا بڵاوکرانەوە.ئەوەبوو دواتر ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە رۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێك یادی رۆژنامەنووسی کوردی سەرکەوت، ئەوەبوو بەبۆنەی یادی ١١٠ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردییەوە بەیانی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی پێ دەرچوو و رۆژەکە جێگیرکرا هەڵبەت ئێمە لای خۆمانەوە لەبەر پەیوەندی نزیکمان لەگەڵ د. کەمال فوئاد پێشتر لەم بارەیەوە بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کردووە، هەروەها لەگەڵ کاك محەمەدی مەلا کەریم و چەند کەسێکی دیکەش گفتوگۆمان لەم بارەیەوە کردووە و بۆچوونەکانی خۆمان بەراشکاوی لەسەر لاپەڕەی بڵاوکراوەکانی ئاماژە بۆکراو نووسیوە. — ع. زەنگەنە)).

بکەم، دادەنیشتم و سەیری کەناڵە کوردییەکانم دەکرد، زۆر لەززەتم لێ دەدیتن، تەنانەت شەهلا دایم پێم دەڵێت کەمال هەموو ژیانی بەسەر یەکەوە ئەوەندەی مانچێستەر لەماوەی ئەو ٦-٧ مانگەدا سەیری پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکانی نەکردووە، هەموو بەسەر یەکەوە بە قەدەر ئەوە نابێت. بەراستی لەززەتم لێ دەدی، بەرنامەیەکی زۆر خۆش هەیە، بەرنامەی بەرنامە، بە پەرۆش بووم بۆی و بەراشکاوی رەخنەیان دەگرت. باوەڕ ناکەم لە ئینگلتەرا بتوانیت لەوە زیاتر بە تۆنی بلێر بلێیت وەك ئەوەی ئەوان لە بەرنامەی بەرنامەدا بە رابەرەکانی کوردی دەڵێن.

ئەوە زۆر زۆر باشە، با هیوادار بین لەوەش باشتر بێت، بەڵام با رابووردوشمان لەبیر نەچێت!.

*** لە دیدارێکی کاك نەوشیروان مستەفادا لە گۆڤاری (مەڵبەند)دا (ژ ٩٥)، پاشان هەمان دیدار لە رۆژنامەی (ئاسۆ)دا بڵاو کرایەوە، لەوێ زۆر بە راشکاوی ئاماژە بەوە دەدات کە هەموو رۆژنامە و کەناڵە کوردییەکان لە کوردستان هەن سەربەخۆ نین و سەر بە حزب و لایەنە سیاسییەکانن. ئایا بە بڕوای تۆ ئەو پابەند بوونە بە لایەنە سیاسییەکان و سەربەخۆ نەبوونی رۆژنامەکان چەند زیان دەگەیەنێت بە دنیای رۆژنامەگەری بە ئێستا و بە داهاتووشیانەوە؟**

**- د. کەمال مەزهەر:** مامۆستا نەوشیروان مستەفا پیاوێکی زیرەك و وردە، نامەوێت گومان بکەم لە هیچ دڵسۆزییەکی ئەو، بەڵام حەز دەکات هەموو شتێك بەجارێك بێ کەم و کورتی بێت، ئەو زیاتر ئاگاداری نهێنییەکانە و من ئاگادار نیم، ئەو شتانەی دەیانڵێم سەرنجی تایبەتی خۆمن.

ئێستا کە باسی بەرنامەی بەرنامە دەکەم، دەبینم رەخنە لە هەمووان دەگرێت، ئەمە شتێکی زۆر زۆر باشە. خۆزگە ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا بە دەستییەوەیە سەرکەوێت و لە رێگەی رۆژنامەنووسی و ئەو کەناڵی تەلەفزیۆنییە کە بەنیازن دایبمەزرێنن، ئەگەر ئەوە سەر بگرێت، مامۆستا نەوشیروان دەتوانێت خزمەتی زۆر لەو بووارانەدا بکات، ئەویش هەمووی دەچێتە خانەی سیاسەت و خزمەتی کوردەوە.

هەندێ جار لەگەڵ برای خۆشەویستم دوکتۆر ئەمین موتابچی، کە هاوسۆزین، هاوبیرین، دەتوانین خۆزگەکانی خۆمان لای یەکتری باس بکەین، زۆر جار دەڵێین خۆزگە مامۆستا

ئیبراهیم ئەحمەد هەر خەریکی نووسینی کوردی دەبوو، چونکە لە ڕێگەی نووسینەوە خزمەتێکی زۆر گەورەی دەکرد و کەم کەس وەك ئەو ڕازاوە دەینووسی، یان من نامەوێت لە ڕۆڵی هیچ کەسێك کەم بکەمەوە و تا رادەیەکی باش لە ڕۆڵ و شایستەیی کەسەکان گەیشتووم، بەڵام مەسەلەی زمان گاڵتە نییە. یەکێك لەو شتانە کە دوژمنانی کورد دەیانەوێت زەفەرت پیّ بەرن لە ڕێگەی زمان و وێژەی کوردییەوەیە، دەیانەوێت زمانەکەت زیندەبەچاڵ بکەن، ئەوە کە دەڵێم دەزانم کە ئیبراهیم ئەحمەد دیاردەیەکی زۆر گەورە بووە لە مێژووی کورددا، بەڵام ئەوە لەگەڵ خۆمدا و لەگەڵ دوکتۆر ئەمین موتابچیدا دەڵێین و هەردووکمان باوەڕمان وایە ئەوەش نیشانەی گەورەییە و لێکەمکردنەوە نییە.

*** تا چەند بەڕێزتان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو یادداشت و بیرەوەرییانەن کە سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد لەپێش یان دوای ڕاپەڕینەوە نووسیویاننەتەوە و بیروبۆچوونتان سەبارەت بە نووسینەوەی ئەو یادداشت و بیرەوەرییانە چییە؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** یادداشت و بیرەوەری سەرچاوەیەکی زۆر ڕەسەن و بایەخدارە و لەبەر ئەوەی لە یادداشتەکانی مامۆستا فوئاد عارفدا کارم کردووە و لەوێش بیروبۆچوونی خۆمم دەربڕیوە. ئەو پیاوە کەسێکی زۆر زۆر ڕاستگۆیە، کوردێکی زۆر سافە، زۆر ڕێزی هەیە لام، جا بۆیە دەڵێم تەنانەت ئەو کە بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە ناتوانێت لە سەدا سەد هەموو ڕاستییەکان وەکو خۆیان بنووسێتەوە، بۆ؟ چونکە هەندێ ڕاستی هەیە ئەو لە دڵسۆزییەوە بە پێویستی نازانێت لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بینووسێتەوە، لەبەر ئەوە مێژوونووس کە بیرەوەری هەر کەسێك بەکار دەهێنێت، تەنانەت خوای دەکرد یەکێکی وەکو چەرچیڵ دەبوو، یان یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەمەریکا دەبوو، دەبێت ئاگات لە هەموو شتێك بێت، بیرەوەری شتێکی بایەخدارە و ئەوانیش درێغیان نەکردووە و بیرەوەرییەکانیان جێگەی تەقدیرە و لەم چەند مانگانەدا بیرەوەرییەکانی کوردێکی زۆر دڵسۆز دەردەچێت، بەداخەوە ئەمری خوای کرد خوا لێخۆشبوو محەمەد دەربەند فەقەرەیی کە باوکی دوکتۆر نزارە، ئەو بیرەوەرییانە زۆر نازدارن و کوردایەتییەکی زۆر سەیری کردووە. جا خەڵکی خانەقینیش بیرەوەری بنووسێت، ئەوە نرخەکەی دەیان بەرابەر زیاتر دەبێت. دوکتۆر نزار تەلەفۆنی بۆ کردم، لێرە بووم، وتی: باوکم وەسیەتێکی کردووە کە تۆ دەبێت پێشەکی بۆ بیرەوەرییەکانی بنووسیت، پێشەکیم بۆ ئەو بیرەوەرییانە نووسیوە هەموو بیرەوەرییەکانی

تۆمار کردووه. سەرکردە کوردەکان دەرفەتی تەواویان نەبووە بیرەوەریی خۆیـان بنووسن، خەڵك زیاتر دەربارەی ئەوانیان نووسیوە، وەك ئەوەی خۆیان بیرەوەرییەکانی خۆیان تۆمـار کردبێت.

* کام لەو بیرەوەرییانە سەرنجتی راکێشاوە و پێت خۆشە لێرەدا باسی بکەیت؟

– د. کـەمال مەزهـەر: لـە کتێبخانەکەمـدا بـیرەوەری زۆر هەیـە، نـەك هـەر بیرەوەریـی کوردەکان، لەبەر ئەوەی پێم وتی سەرچاوەیەکی زۆر رەسەنی بایەخدارە و منیش لـە لایـەن خرمەوە بایەخم داوە بە کۆ کردنەوەی بیرەوەرییەکان کـە هـەموویان کـەڵکیان هەیـە، بـەڵام دەبێت خۆت ئاغای ئەو بیرەوەرییانە بیت و لە دووتـوێی ئـەو بیرەوەرییانـەوە راسـتییەکان هەڵێنجێت و بگەیتە ئیستنتاجی دروست. بەداخەوە دەرفەتی تەواو هەڵنەکەوتووە بۆ تەواوی بیرەوەرییەکان. ئا لێرەدا شتێکی زۆر سەیرم بیر کەوتەوە: بیرم دێت  کە لە شۆڕش بـووین، خولێخۆشبوو دارا تۆفیق کە ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـوو ئـەو رۆژگـارە پەیوەنـدیمان زۆر بـەهێز بـوو، سـەبارەت بـە نووسـینەوەی بیرەوەرییـەکانی خوالێخۆشبوو بارزانی ئەو داوای لێ کردم و وتی: (پێشنیارێکی وامـان کـردووە کـە بـارزانی بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، ئەو بۆ تۆی بگێڕێتەوە و تۆش ئەو بیرەوەرییانە تۆمـار بکەیت). زۆر زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە دەمزانی ئەوە شتێکی گەورەیە و ئێستا تـۆ چۆن من دەبزوێنیت؟ ئەگەر بە باشی بمبزوێنیـت  هەڵبـەت وەڵام دانـەوەکانی منـیش رێـك و پێـك دەبێت، جا من دەمزانی چۆن دەیبزوێنم، لەبەر ئـەوە زۆر دڵـم خـۆش بـوو، تەنانـەت لەگـەڵ برای خۆشەویستم جەلالی عومـەری سـام ئاغـادا رێککـەوتم کـە ئەویـشم لەگـەڵ بێـت، بـەڵام بەختی رەشی کورد دەتوانم وا بڵێم کە شۆڕش نوشستی هێنا ئـەو پرۆژەیـە سـەری نـەگرت. لەدواییـدا چـەند جارێـك وتومـە و دەیڵێمـەوە، خۆزگـە لەگەڵیـدا بڕۆیـشتبایەم بـۆ وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەو بیرەوەرییانەم بنووسیایەتەوە.

* باسی مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)ت کرد، بەداخەوە مامۆستا برایم بە جێی هێشتین و بەشێك  لـەو بیرەوەرییانـە لەگـەڵ خـوا لێخۆشـبوودا رۆیشت، مەگـەر کەسـانێك دوای ئـەو بینووسنەوە، بە چ شێوەیەك دەینووسنەوە دەکەوێتە سەر ویژدانی خۆیان، کەسانێك کە تا ئێستا خۆشبەختانە لە ژیاندا ماون و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیشن بۆ میللەتەکەمان، پەیامتان بۆ ئەو بەڕێزانە؟

– د. کەمال مەزهەر: زۆر پێویستە فریا بکەون و بینووسنەوە، دەتوانن، چونکە ئامرازی وا داهاتووە کە ئەو ئیشە ئاسان دەکات، دەتوانێت دانیشێت و قسە بکات و چۆن بیری دەکەوێتەوە و بیرەوەرییەکانی خۆی تۆمار بکات. ئەوە گەنجینەیەکی گەورە دەبێت بۆ مێژووی میللەتەکەمان. من بۆ خۆم بڕیارم داوە بیرەوەرییەکانی خۆم بنووسمەوە، بەلام بیرەوەریی مێژوونووسێك دەبێت دیسانەوە بچێتەوە خانەی خزمەتی نەتەوەی کوردەوە، لەبەر ئەوە ناوم ناوە ((لە پەراوێزی کوردایەتیدا – لە بیرەوەرییەکانی کەمال مەزهەر))، ناشی شارمەوە ئەو بیرەوەرییانەم پێشکەش دەکەم بە (شەهلا)ی هاوسەرم، چونکە زۆر هیلاك دەبێت لەگەڵمدا و ئێستا ئاگات لێیە بەیانیان لەگەڵمدا دێت بۆ ئەو ئەرشیفە لە کاتێکدا ئەو هیچ ئیشێکی لەوێ نییە و نزیکەی ٧ سەعات لەگەڵمدا دەمێنێتەوە و خەریکە وێنەی بەڵگەنامەکان دەگرێت و خۆی فێری کۆمپیوتەر و وێنەگرتن و ئەوانە کردووە کە من هەر نایانزانم، ئەمجا دێتەوە من لەسەر مێزەکە دانیشتووم و پاکنووسی بەڵگەنامەکانی بەیانی دەکەم، ئەویش ئەو وێنانەی کە گرتوویەتی نەقڵیان دەکات، نازانم دەیانخاتە سەر (سی دی) و شتی وا، لەبەر ئەوە هەر وەك پێم وتی ئەو بیرەوەرییانە پێشکەش دەکەم بەو، هیوادارم فریا بکەوم تەواوی بکەم و دڵنیاشم کە شتێکی خراپ نابێت.

*** پەیام و داوای دوکتۆر کەمال مەزهەر لێرەدا بۆ نەتەوەی کورد، نەك هەر لە باشووری کوردستان لە تەواوی بەشەکانی کوردستاندا، چییە؟**

– د. کەمال مەزهەر: من بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کڕنووش دەبەم لەبەر دەمی نەتەوەی کورددا و نەتەوەی کورد دەبێت هەروا سەربەرز بێت و لە هەموو کوردێك دەپاڕێمەوە دڵسۆز بێت بۆ خاك و نیشتمانەکەی، هەموومان قەرزداری کوردستانین، دەبێت هەموومان هەوڵ بدەین چەند دەتوانین ئەو قەرزە بدەینەوە، ئەوە پاڕانەوەی منە نەك داوا.

*** پێش دوا پرسیارمان، باسی هەندێ لە هۆکاری ئەم سەفەرەتان لە بەریتانیا کرد، بەلام حەز دەکەم لێرەدا بە چڕی و بە کورتی بەڕێزتان دیسانەوە باسی مەبەستی خۆتان لەم سەفەرە بە گشتی و کاتی گەڕانەوەتان بۆ وڵات و بەرنامەتان لە دوای گەڕانەوە بۆ وڵات بکەن؟**

– د. کەمال مەزهەر: من بە گۆچان هاتم بۆ ئێرە، ئەو نەخۆشییە کە تووشی بووم بە هۆی سروشتی کارەکەمەوەیە، چونکە تۆ شەو و ڕۆژ دابنیشیت لەسەر مێز و چەمابیتەوە

فەقەرات بەوە زەرەرمەند دەبێت، من بەو جۆرە هاتم. ماوەی ٦ مانگ زیاتر بە عیلاجەوە بردمە سەر، خواخوامە رۆژێك زووتر بگەڕێمەوە خەڵوەتگەی خۆم، مەبەستم کتێبخانەکەی خۆمە، بێ ئەو کتێبخانەیە من لەزەتی تەواو لە ژیان نابینم. جاری تر لە دیداردا وتوومە من هەموو رۆژێك پێش ئەوەی بانگ بدات هەڵدەستم و نوێژی تایبەتی خۆم بۆ کورد و کوردستان دەکەم. لەبەر ئەوە خواخوامە رۆژێك زووتر بگەڕێمەوە، هەرچەند نەجاتی خوشکم و شەهلای هاوسەرم و موفیدی زاوام و خوشکەزاکانم هەموویان دەپاڕێنەوە کە نەگەڕێمەوە و زۆر کەس داوام لێ دەکات کە نەگەڕێمەوە. ئەو شتانەی بۆم باس کردیت بەشێکن لە قەرزەکەم، با زوو تەواویان بکەم و قەرزەکەم بدەمەوە، قەرزداری ناخۆشە.

* ئایا دوکتۆر کەمال بەنیازە بەغدا بەجێ بهێڵێت و بۆ هەتا هەتایە لە کوردستان نیشتەجێ بێت؟

– ئەگەر ناچار نەبم بەغدا بەجێ ناهێڵم، ئەویش لەبەر خاتری کوردستان. من هیچ بستێکی خاکی کوردستان ناگۆڕمەوە بە هەموو دنیا، بەڵام ئێستا بگەڕێمەوە کوردستان وابزانم یەك دەر سەدی ئەم دەرفەتەی کارکردنم بۆ نامێنێت، چونکە خەڵکێکی زۆر دەناسم و برادەر و خزم و کەسو کار و ئاگام لێیە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لەگەڵ هەموو دڵسۆزییەکەی کە ئێستا گەڕاوەتەوە و لە سلێمانییە پێم وایە خۆی و شیرین خانی هاوسەری سکاڵایانە، راستە کاکە حەمە کەسێکی خۆشەویستە و خەڵکەکە لە خۆشەویستییەوە دەیکەن، بەڵام من بۆ خۆم حەز دەکەم لە خەڵوەتی خومدا بم، ئەگەر هەر ناچاریش بم، ئیتر ئەوە شتێکی ترە و هیوادارم لەوێش لە هەمان خەڵوەتدا ژیان بەرمە سەر.

لەندەن

٢٠٠٧/٥/٢٨

# بابەتی سێیەم

# چۆن شانازی بەکتێبخانە و کتێبەکانمەوە دەکەم، بەهەمان شێوەش شانازی بەوەوە دەکەم کە لە ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ لەڕیزەکانی شۆڕشدا بووم(*)

دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و مێژوونووسێکی لێهاتوو و بەتوانا و شارەزای میللەتەکەمانە، خاوەنی چەندین بەرهەمی زانستی و لێکۆڵینەوەی بەسوودە، لەم ماوەیەی دواییەدا بەسەردانێکی تایبەت هاتە بەریتانیا بۆ چارەسەری نەساغی، ئێمەش ئەم دەرفەتەمان بەهەل زانی و سەردانمان کرد بۆ زانینی باری تەندروستی و ئەم دیمانەمان لەگەڵ سازکرد.

**دیمانە: شێرکۆ حەبیب ـ لەندەن**

---

(*) سەرچاوە: خەبات (رۆژنامە)، ژمارە (٢٣٣٥)ی رێکەوتی رۆژی شەممە ٢٥/١١/ ٢٠٠٨.

* زۆر لەڕۆشنبیران و ڕووناکبیرانی کورد دەپرسن بۆ د. کەمال ناگەڕێتەوە کوردستان و لەوێ نیشتەجێ بێت؟ هەرچەندە بەڕێزتان لەهەر شوێنێك بن خزمەتی خۆتان کردووە و بەردەوامیشن؟

— د. کەمال مەزهەر: ڕاستە ئەو پرسیارەم لێ دەکرێت بە گلەییەوە، بێگومان منیش وەڵامێکم هەیە هەموو جار پەنای دەبەمە بەر، من لەژیانی خۆمدا خۆم لەکەس بەکوردتر و نیشتمانپەروەرتر نەزانیوە، لەهەمان کاتیش کەسیشم لەخۆم بەکوردپەروەرتر و نیشتمانپەروەرتر نەزانیوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی کە تائێستا نەگەڕاومەتەوە کوردستان ئەوەیە من لەبەغدا لە پەرتووکخانەکەی خۆم خەریکی ئیشوکاری نووسینی خۆمم، لەوانەیە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسێ و ئەو کاتەم نەبێ، ئەمە لە لایەك کە یەك لەهۆیە سەرەکییەکانە، کاتی خۆی کە کوردستان ئازاد بوو بڕیارم دا بگەڕێمەوە، بەڵام من لەبەغدا یەك خانووم هەیە کە لەسەر ئەو زەوییەی درایە مامۆستایان بینام کردووە، جا ئەگەر بگەڕاباماوە کوردستان ئەو خانووەم لێ زەوت دەکرا بۆیەکا لەسەر شەهلای هاوسەرم تاپۆم کرد تاوەکو زەوت نەکرێت و یەکسەر بگەڕێمەوە بەڵام، کە شەڕی من نالێم براکوژی بەڵکە جەماوەر ناوێکی یەکجار لەبارو ڕێکوپێکی لێ نا شەڕی خۆکوژی (حرب انتحاری) ڕووی دا، من بچووبام بۆ سلێمانی بەشێکی زۆری کوردەکەم دەدۆڕاند، بچووبام بۆ هەولێر بەشێکی زۆری کوردەکەم دەدۆڕاند، بەڕاستی منیش نامەوێ کوردەکە بدۆڕێنم، ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو، ئێستاش کە گەڕامەوە سەرقاڵی بەرگی دووەمی کتێبی کەرکوك دەبم.

* بەرگی دووەمی کتێبی کەرکووك بەڕای جەنابت دوا نەکەوتووە؟

— د. کەمال مەزهەر: لەڕاستیدا لەبەر نەساغی بەرگی دووەم دواکەوت و ماوەی مانگێك تا دوومانگی تر کۆتایی پێدێت ، لەم نزیکانە کە دەگەڕێمەوە کاری لەسەر دەکەم.

* دوای بەرگی دووەمی کەرکووك چ بابەتێکی دیکەتان هەیە بڵاوی بکەنەوە؟

— د. کەمال مەزهەر: بابەتێکی دیکەم هەیە پێمخۆشە لەڕێگای ئێوە بڵاوبکرێتەوە و ئەویش لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە بەناوی (رأی في عوامل انهیار الاتحاد السوفیتي) بیروبۆچوونی خۆم هەیە سەبارەت بەڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ زۆر بیروبۆچوون یەك ناگرێتەوە، لێکدانەوەی قوڵی تێدایە، من دەتوانم دەستکاری ئەو بابەتە بکەم، یەك لەبەر ئەوەی ڕووسی دەزانم و دە ساڵ لەو وڵاتە ژیاوم، زۆر شت هەیە بەچاوی خۆم بینیوومە، بەڵگەنامە هەیە دەتوانم سوودیان لێ وەربگرم، بەرهەمەکانی لینین و مارکس و ئەوانەم هەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی خۆم.

هەروەها خەریکی نووسینی پێشەکی و ئامادەکردنی بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی کاک (فوئاد عارف)م دوای ئەوەی پێشەکی بەرگی یەکەمم بۆ نووسی و سێ جار بەئەمری جەنابی کاک مەسعوود لەچاپ درایەوە، کە بەڵگەو شتی زۆری مێژووی گەلەکەمانی تێدایە، (فوئاد عارف) مرۆڤێکی راستگۆو نیشتمانپەروەری گەلەکەمانە و لەبەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی شتی بەسوودی تێدایە.

*کاک د. کەمال وەك ئاشکرایە زۆر شوێنی کوردستان، هەر لەکەرکووك و خانەقی و بەدرە و شنگال و شوێنی دی زەوت کراوە. بەڵام بەڕێزت جەختت لەسەر کەرکووك کردووە بۆچی؟

— د. کەمال مەزهەر: کەرکووك ناوچەیەکی فراوان و گەورەیە، من دڵنیام کە کورد کەرکووکی لەبەر نەوت ناوێت، هەروەك ڕەگەزپەرستە عارەبەکان وای پروپاگندە بۆ دەکەن، نەوتەکەمان هەرناوێت، کەرکووك خاکی کوردستانە، کورد چاوی نەبڕیوەتە خاکی کەس، بەڵکو خەڵکان چاویان بڕیوەتە خاکی کورد، ناوچەکانی دیکەش لای من خۆشەویستە، باوەڕ بکە گەرمیان لای من شوێنێکی تایبەتی هەیە، زۆر خۆشەویستە ، کە زانکۆی خانەقی دامەزرا بەو تەمەنەوەو باری تەندروستیەم من و د. نەسرین فەخری و د. ئاورەحمانی حاجی مارف ، لەبەغداوە هەموو مانگێك دووجار دەچووین بۆ دەرس گوتنەوە، خەڵکی خانەقیم زۆر خۆشویست و شاگردەکانم هەمووی خەڵقی خانەقی و کفری کەسانێکی رێك و پێك و کورد پەروەرن، هەرگیز لەیادیان ناکەم، تەنانەت ئەگەر برادەرێك بیویستبایە لەگەڵی بچمە شوێنێك یا قاوەیەکی لەگەڵ بخۆمەوە، چونکە من لەگەڵ قاوەو جگەرە ڕانەهاتبووم سوێندیان دەدام دەیانگوت بەو خانەقییە، زۆر جار کاك بابەکر ئاغای پشدەری ئەگەر بیویستایە قاوەیەکم لەگەڵی بخواردبایەوە بەخانەقی سوێندی دەدام، خانەقی ئەوا لای من جێگای تەقدیرە، وێڕای ئەوە نیازمە دوو کتێبی دیکەی وەك ئەوەی کەرکووك و دەوروبەری بنووسم، یەکێکیان دەربارەی خانەقین و ئەوی دیکەیشیان دەربارەی شنگالە و گەلێك سەرچاوەی دەگمەنم بۆیان ئامادە کردووە.

*سەرکردەکانی کورد هەردەم دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە کەرکووك شارێکی کوردستانی و برایەتییە، بەڵام لەچوارچێوەی سنووری کوردستان، زۆر لە عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان دەپرسن ئەو سنوورە تا کوێیە؟ بەڕای بەڕێزتان ئەو سنوورە تا کوێیە؟ ئایا بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەراپرسی (ریفراندۆم) چییە؟

**- د. کەمال مەزهەر:** سنوورەکە وەك ئەو وتە جوانەیە کە دەڵێ حوشتر تا کوێ ڕۆیی و نەیتوانی چیتر بڕوات و خورما لەکوێ نەما ئەوە کوردستانە. عەرەب هۆی توانەوەی بەهێزی هەیە زمانەکەیان و زۆر شوێن وڵاتی عەرەب نەبووە، وڵاتی عەرەب زۆر تەسك بوو، بەڵام تا ئێستا لە دوو کیشوەریی بەشێکی زۆری ئەو کیشوەرانە وڵاتی عەرەبن، ئێمەش بەداخەوە هەندێك شوێنمان لەدەست داوە، بەڵام شوێنە سەرەکییەکان وەك کەرکوك و خانەقی و شنگال ئەگەر ڕیفراندۆمێکی ڕێکوپێك بکرێت و زۆربەی ئەو کەسانەی دەربەدەر بوون بگەڕێنەوە زێدی خۆیان دڵنیام ڕیفراندۆم لەسوودی کورد دەبێت، وا بزانم عەرەبپەرستان سڵی لێ دەکەنەوە، چونکە هەرچی سەرژمێرەکانی هی (کۆمەڵەی گەلان) لەکاتی کێشەی موسڵ و هی یەکەم سەرژمێر کە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی کراوە ساڵی (٥٧) زۆرینەی شاری کەرکوك و دەوروبەری نەك هەر ناوەوەی کوردە، من نموونەیەکی لەبارت دەدەمێ کە لەبەرگی دووەمی کەرکوك دایە، من ماوەیەکی زۆر لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان ژیاوم و کارم کردووە چونکە نامەی دکتۆراکەم پێویستی بەوەبوو، شاری باکۆ لەبەر ئەوەی شاری نەوت بوو، لەسەدەی ١٩ چۆتە سەر ڕووسیا و ژمارەی ڕووس و جۆرجی و ئەرمەن زۆر زۆر لەنیوەی ژمارەی شاری باکۆ زیاترن، ئازەرییەکان لەنیوە کەمترن، هەروەك چۆن لەباکۆ بووم بەڕێز د. عزەددین مستەفا لەباکۆ هەردووکمان فێری زمانی ئازەری نەبووین، چونکە پێویستیمان پێ نەبوو، چونکە زمانی ڕووسی ئەوەندە بڵاوبوو، بەڵام کفرە بڵێی باکۆ ئازەربایجان نییە، لەگەڵ ئەوەش شاری باکۆ کە زۆرینەی ئازەربایجانی نین بەڵام ناتوانی بڵێی ئازەری نییە.

***بەڕێزتان وەك مێژوونووسێك ئەگەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت چ گۆڕانکارییەك لەسەر ناوچە کوردییەکان دەبێت، وەڵامی ئێوە بۆ ئەوانە چییە کە کورد بەتۆمەتی جۆراوجۆر تاوانبار دەکەن هەروەك پەیوەندیکردن لەگەڵ ئیسرائیل؟**

**- د. کەمال مەزهەر:** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەرقولئەوسەت ئەلکەبیر و عەولەمە و زۆر گەورەیان کردووە و لەقوژبنێکی بچووکەوە سەیری ئەو بابەتە دەکەن، بەهەر لایەکدا بشکێتەوە من هیچ زیانی تیا نابینم بۆ کورد، من پێش ڕووخانی سەدام وتوومە لەلای (تاهیر ئەلبەکا) و (عادل تەقی ئەلبەلداوی) و (عەبدوڵڵا ئەلشاتی) و کەسانی تر گوتومە شەرم ناکەم لەوەی کە پێم بڵێن ئێوە لەگەڵ ئیسرائیل هاوکاریتان کردووە، دەبێ ئەوانە شەرم بکەن کە وایان لەمن کردووە ناچاریم پەنا ببەمە بەر ئیسرائیل، من گوناهبار نیم لەوە هیچ شتێك ئێمەی لەگەڵ ئیسرائیل کۆ نەکردۆتەوە، نەسنووری هاوبەشمان هەیە، بەڵام تۆ بێی

من لەناوبەری و پەیوەندیت هەبێت و ئاڵای ئیسرائیل لەزۆر وڵات و لەژێرەوە پەیوەندیی هەبێت، (بەشار ئەلئەسەد) دەڵێ: من دەمەوێ وەك برا لەگەڵ ئیسرائیلدا بژیم و رێك بین و کێشەمان نەمێنێ، خۆ مەلا مستەفا بارزانی پیاوی جوولەکە نەبووە، با هەر کەسێ بیڵێ یا بینووسن یا هەر دیکیۆمەنتێك هەبێت مەلا مستەفای بارزان و هەر هەموو بەرزانییەکان لەسەرەتای سەرەتا بڕوایان هەبوو کە لەرێگای ئیتیحادییەکان ئەتوانن شتێك بۆ کورد بکەن. ئیتیحادییەکان بوون بەگەورەترین دوژمنی کورد، ناچار بوون بڕیان کردەوە لەرێگای ئینگلیز هاریکارییان کرد، شێخ مەحموود هەموو ویستیان شتێك لەرێگای ئینگلیزەوە بۆ کورد بکەن، ئینگلیزیش هیچی بۆ کورد نەکرد و هەقی خۆیەتی بەرژەوەندی خۆی وای بە پێویست دەزانی و هیچی بۆ کورد نەکرد، دواتر هاتە سەر ئەوەی لەرێگای سۆڤیەتەوە، چوو بۆ مەهاباد لەوێوە چوو بۆ سۆڤیەت، لەوێ لەوە گەیشت کە بەسۆڤیەتیش ناکرێت ، کە گەڕایەوە هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئەمەریکا زلهێزی هەرە گەورەیە، دەتوانێ یارمەتیی کورد بدات، زۆر باشیش لەوە گەیشتبوو ئەوەش لەدووربینیەوە کە نزیکترین رێگا بۆ ئەمەریکا لەرێگای تەلئەبیبەوەیە، ئەوانەی لەسیاسەت ناگەن چونکە لەدونیادا (انما الاعمال بالنیات)ە تەنها لە سیاسەتدا نەبێت ، چونکە لەسەر بنچینەکانی سیاسەت دوارۆژی میللەت وەستاوە، کەواتە لە سیاسەت (انما الاعمال بالنتائج لا بالنیات) بۆیەکا ناچار دەبێت ناچاریان کردووی پەنابەریت بۆ هەر لایەنێك بتوانێت لە مردن رزگارت بکات. با باسی سەلاحەددین نەکەین کەچیی کردووە کە لە سەدا(٤٠)ی لەشکرەکەی کورد بووە، بەلام لەساڵی ١٩٤٨ دا لەکاتی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل کورد بەپەرۆش بووە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەشەڕ و هەر کەسێکیان شەهید بووە لەو گۆڕستانە نێژتراوە و بەبەڵگە هەمە کە کوردەکانی کوژراون زیاترن لەخەڵکی شارەکانی وەك بەغدا و مووسڵ، سەرەڕای ئەو هەموو قوربانییە ئەوجا کیمیاوی دژی بەکارهێنراوە و بەزۆر ویستویانە بیکەن بەعەرەب.

***زۆر کەس خەریکی نووسینەوەی مێژوون، ڕات چییە بەرامبەر ئەوانەی مێژوو دەنووسنەوە؟**

– **د. کەمال مەزهەر**: مێژوو زانستێکی ناسکە دەبێ بەوردی بنووسرێتەوە، هەرچەند بایەخ بدرێت بەمێژووی کورد لەبەر ئەوەی بەشێکی شێوێندراوە و لە بەشێکی نەکۆڵراوەتەوە بۆ یەکێ ئەوە کارێکی پێویستە، یەکێك لەهەڵە هەرە گەورەکانی خۆمان کە تەنانەت لەناو خوێندەواری دەستەبژێری کورددا ئەو هەڵەیە باوە و شانازی پێوە دەکەین کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کەوا ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخەسرەوین ، بەوە زوڵمێکی زۆر لە

مێژووی نەتەوەی کورد دەکەین، دەزانی میدییەکان دەوری دووەمیان هەیە لەدروست بوونی نەتەوەی کورد، گەلانی زاگرۆس و گەلانی ناوچەکە خۆی لۆلۆ و گۆتی و سۆباری کە گەلانی ناوچەبوون و لەهیچ شوێنێك بۆی نەهاتبوون دەوری سەرەکییان لە دروست بوونی نەتەوەی کورددا هەیە.

هەڵەی زۆر دەکرێت لەمێژوومان . دەبێ لیژنەی تایبەتی پێکبهێنرێ، دەبێ شوێنی عاتفە نەکەوین بەتایبەتی رۆژنامەنووس، چونکە ئەگەر شوێن عاتفە بکەوین زیان بەمێژووەکەمان دەگەیەنین.

*** کەسانێك پێیان وایە ئاڵای کوردستان پێویستی بە گۆڕین هەیە، دەڵێن بیکەنە ٥ ئەستێرە یا ٢١، چونکە ئەو ئاڵایە تەعبیر لە پێکهاتەی هەموو کوردستانیان ناکات؟**

— **د. کەمال مەزهەر:** ئەو ئاڵایە لە ١٩٢٧ دامەزراوە، دوایی لە ١٩٤٦ کە کۆماری مهاباد(کوردستان) دامەزراوە ئاڵاکەمان بەرزکردۆتەوە، با هەموو مافەکانی کورد بێتە دی ئەوەیان کارێکی گران نییە ، بەڵام بەداخەوە بەکاری دێنن لە چۆپی و شایی ئەوەش رەفتارێکی شارستانی نییە، تەنانەت ئەگەر یەکێك لە سەرکردەکانی هەر وڵاتێك وەفات بکات ئاڵاکە تا نیوە دادەبەزێنن، ئەو کارەی ئێمە بەو ئاڵایەی دەیکەین کە لە شایی و چۆپی بەکاردێت و دەکەوێتە ئەرز دوژمنانمان پێیان خۆشە.

*** لەنووسینەکانت باس لە خوالێخۆشبووان سەعید قەزاز و نووری سەعید دەکەیت و بەنیشتمانپەروەر ناویان دێنی چ وای لێکردووی بەو شێوە ناویان بهێنی؟**

— **د. کەمال مەزهەر:** ئەو پرسیارانەم زۆر پێخۆشە، سەرەتا من هەر لەکاتی قوتابیی پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم بەشداریم لەخۆپیشاندان کردووە دژی نووری سەعید و سەعید قەزاز و پادشایەتی، لە دوایی چووم بۆ وڵاتی سۆڤیەت ، تەنانەت لەوێش زۆر دژی ئەوانم دەنووسی، لەنامەی دکتۆرای یەکەمەوە، یەکەم کەس کە خەبەری کردمەوە و سەرنجی راکێشام برادەرێکی سۆڤیەتی بوو ، پرۆفیسۆرێکی گەورە لە بمواری مێژووی ئێران ، ناوی (سمیۆن ئاگاییف)ە کەوتە مناقەشە و پێیگوتم ئێوە زۆر زوڵم لە نووری سەعید و ئەوان دەکەن ، من قسەکەم بەلاوە سەیر بوو ، بۆیە لێی تووڕە بووم و وتم: تۆ چۆن قسەی وا دەکەی؟ تۆ ئەندامی پارتی شیوعی سۆڤییەتی و ئەم جۆرە قسانە دەکەی، بەڵام ئەوە وەك زەنگێك بوو وردە وردە تێگەیشتم ئەوانە دڵسۆز بوون و خۆزگە رژێمی پادشایەتی دەما، یەکێك هەیە لەنزیکەوە دەیناسی چونکە لەشارە خۆشەویستەکەی خۆتە، مەسعوود محەمەد کە زوڵمی لێکرا و زیرەك و دووربین و لە ساڵی ٥٤ لە پەرلەمان ئەندام معارەزە بوو ، لەکۆیە

خۆی پاڵاوت ، ئەو بۆی گێڕامەوە، گوتی: هەزار خۆزگە بە١٣ی تەموزی ١٩٥٨ . دەیگوت: لەپەرلەمان قسەم کردووە رەخنەم لە حوکمەت گرتووە، رۆژنامە بڵاویکردۆتەوە، دوایی (فازیل جەمالی) تەلەفۆنم بۆ دەکا دەڵێ ئافەرین ئەو قسە جوانەت کردووە کە رێگەمان نیشان دەدات، کە سەردانم دەکردن و کاتێ کە هاتوومە دەرەوە سکرتێرەکە باڵتۆکەی بۆ هێناوم، بەڵام جەمالی بۆ خۆی بە زۆر لەبەری کردووم، ئەوان بەو جۆرە تەعاملیان کردووە.

مەلیك فەیسەڵ، من ناڵێم هەڵەی نەبووە، لەگەڵ کوردیش هەڵەی هەیە، بەڵام عاقڵ بوو، ئێستا زۆر پێویستمان بەسیاسەتی مەلیك فەیسەڵە لەگەڵ ئەمەریکییەکان، ١٩٣٢ توانی سەربەخۆیی بسێنێ و عێراق ببێتە ئەندام لە عەسبەتولئومەم بەڵام (میسر) ی شارستانییەت و ناپلیۆن دوای عێراق بەسێ ساڵ بووە ئەندام و سەربەخۆ بوو، ئەوە گاڵتە نییە.

***ئەگەر ئەو پرۆفیسۆرە رووسیە نەبوایە هەر دژایەتیت دەکردن؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** نەخێر ئەوە یەکەم زەنگ بوو ، بەڵام دوایی تێگەیشتم زۆر شت هەبووە ئینگلیز لە مەلیك فەیسەڵ رازی نەبووە، شتێکی سەعید قەزازت بۆ باس بکەم لەکاتی ئیعدامکردنی کە گوتبووی **(أصعد فوق المشنقه وأرى تحت اقدامی اناساً لا یستحقون الحیاه)** ئەمە کەم نییە.

کاتێك کە لە رێگای نێوان کەرکوك و سلێمانی لەگەڵ وەزیری ئەعمار لەکاتی پێشوازیکردنیان لەلایەن دانیشتوانی چەمچەماڵ ئاغاکان بەسەعید قەزازیان گووتوە: داوامان هەیە لە کەرکووکمان دابڕن و بمانخەنە سەر سلێمانی ، ئەویش داوای لێکردوون کە وەفدێکیان بچێت بۆ بەغدا، دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا وەفدەکە سەردانیان کرد، **زۆر بەتەحقیر ئیستقبالی کردوون و وشەی رەقی پێ گوتبوون و گووتبووی بتوانم نەك چەمچەماڵ، سلێمانیش دەخەمە سەر کەرکوك ، چۆن داوا دەکەن ئیشێکی وا بکەم ئەوە خیانەتە، بەدەستی من بێت سلێمانیش دەخەمە سەر کەرکووك.** باوەڕ بکە لە سلێمانی لە پۆلی چواری ناوەندی بووم نیازمان بوو هوتاف دژی ئەو بکێشین ، بەڵام ئەو کە هاتە پۆلەکەمان چونکە، زیرەکە دووربینەکە لە کاتێك بێت ئێمە لەپۆل بووین کاتێك قسەی کرد هەموو موعجیب بووین بەقسەکانی، سەراب بابان، کە کچی ئەحمەد موختار بابانە، بۆی گێڕامەوە کە بڕیاری لەسێدارەدانی سەعید قەزاز دەرچوو ، وا نیاز بوو کە وەفدێك بچنە لای عەبدولکەریم قاسم داوای لێبکرێت عەفویان بکات ، کە زانیبووی تەڵاقی خواردبوو وەڵامی بۆ زەکییە خانی خێزانی کچی میرزا تۆفیق قەزاز ناردبوو کە نابێت بچێت.

قەناعەتی خۆی هەبووە ، دژی چەپ بووە. من بیروباوەڕم لەگەڵ چەپەکان بوو، ئەندامی حزبی شیوعیی عیراقی بووم ، ئەگەر ئەو ڕقی لەئێمە بووبێت ئێمەش ڕقمان لەو بوو، بەلام ئەمە شتێکی دیکەیە. مێژوونووس دەبێ بێ لایەن بێت و بەدوای ڕاستییەکاندا بکەوێت.

*** لە قسەکانت هیوای ئەوەت خواست کە پادشایەتی بمابایە، بەلام وەك لای بەڕێزتان ئاشکرایە تەعریبکردنی کوردستان لەسەردەمی پادشایەتی دەستی پێکرد؟**

— **د. کەمال مەزهەر:** ئینگلیز بەرژەوەندییان وا بوو کە کەرکوك لەسەر کوردستان نەبێت و لەسەر حوکمەتی شێخ مەحموود نەبێت و دوو جاریش شێخ لەسەر ڕێگای کەرکوك بریندار بووە ، لەلای ئاوباریك شکاو گەڕایەوە، بەلام لەڕۆژانی پادشایەتی ئەوەندە توندڕەو نەبوون و بەڵگەنامەی زۆرباش هەیە کە ئەوان ئەوەندە توندڕەو نەبوون، لەکاتی مەلیك فەیسەڵی یەکەم تەنیا یاسین ئەلهاشمی ، کە پەیوەندیی بەعەرەبەوە نییە ، خۆی یا تورکمانە یا کوردە و دەڵێن کوردە و لەسەردەمی ئەو پرۆژەی حەویجە کراو دەبوایە بدرابا بەهۆزە کوردەکان ، ئەوان زراعەتیان دەکرد ئەو دای بە عوبێد و جبور و نیشتەجێی کردن هەر ئەوە کراوە، ئەگینا شتی زۆر باشیش کراوە.

***هەر لەسەردەمی شۆڕشی شێخ مەحموود ولاتانی ڕۆژئاوا دژی کورد بوون ، ئایا نسکۆی شۆڕشی کورد ناگەڕێتەوە بۆ دژایەتی ولاتانی ڕۆژئاوا ، چونکە کورد سورە لەسەر کوردستانییەتی کەرکوك و ئەمەش مافی خۆیەتی؟**

— **د. کەمال مەزهەر:** من خۆم بەبەختەوەر و شانازی بەوە دەکەم کە چۆن شانازی بەبەرهەمەکانم و کتێبەکانم دەکەم بەهەمان شێوە شانازی بەوە دەکەم کە چوومە پاڵ شۆڕش لەڕیزەکانی شۆڕش بووم، لە ٧٤ـ٧٥ دا تەنانەت نسکۆی پێنالێم ، چونکە ئێمە هەموو خەریکی خۆ ئامادەکردن بووین لەسەر خەبات و چەند جار جەنابی مەسعوود بارزانی و خوالێخۆشبوو ئیدریس کۆبوونەوەمان دەکرد ، بەلام دوایی کە زانیمان ئەمەریکا و ئینگلیز و ئیسرائیل و شای ئێران هەر هەموویان دژمانن، ئەو وەختە ناچاربوو پشوو بدات ئەگەر وای نەکردبایە (١٠) هەزار کەس دەکوژران، شا (١٠٠) هەزار کەسی بارمتە لای بوو ، لەگەمەی شا نەگەیشتن ئەگەر مەلا مستەفا بووبایە هۆی کوشتنی (١٠) هەزار کەس ئەوساکە دەمانگووت: دەبوایە دەستی لە چەك هەڵبگرتایە، بەڵێ کەرکوك بەشێکی سەرەکی بوو.

*** شۆڕشی ئەیلوول ، ئەو شۆڕشە مەزنەی بارزانی مستەفا سەرکردایەتی دەکرد، کەسانێك بەگێرەشێوێنی پڕوپاگندەی وا دوور لەڕاستی لەبارەوە بلاودەکەنەوە کە گوایە بەپشتیوانی ڕووس و (کەی جی بی) و بۆ مەبەستی خۆیان ئەو شۆڕشەیان هەڵگیرساندووە،**

ئێوە لەسۆڤیەت ژیاون و لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو دۆکیومێنتانەی سەر کوردن لەم بارەیەوە بیروبۆچوونتان چییە؟

– د. کەمال مەزهەر: کەسانی هەڵکەوتوو هەیە کە قبوڵ ناکەن عەمیلی کەس بن ، تەنیا عەمیلی خودی خۆی نەبێت ، بارزانی یەکێکە لەو کەسانە. ئەوەی ئەو بۆ کوردی کرد هەر لەسەرەتای سەرەتاوە و هەر رێگایەکی ببینیایە کورد دەگەیەنێتە ئامانج ئەو رێگەیەی دەگرت و هەموو سیاسییەکی دڵسۆز وەها دەبێت، بەڵام ئەوەی بڵێت (کەی جی بی) ئەو شۆڕشەی بە بارزانی کرد ئەوە ناوونیشانی کتێبەکەی عەزیز نەسینی لەسەر تەتبیق دەبێت (گێلەپیاو)، ئەو شتانەی کردۆیوف و عەرەب شەمۆ و کوردەکانی ئەرمینیا بۆیان گێڕامەوە ئەی ئافەرین مەلا مستەفا ، ئافەرین بارزانی . ئەو بارزانی یە کە لە سۆڤیەت هاتەوە دەیتوانی وا بکات هەموومان ببینە دژی سۆڤیەت ، چونکە هەموومان بارزانیمان دەپەرست، ئەو بارزانی یە ئەو مەلا مستەفایە وتەیەکی دژی سۆڤیەت نەگووت، عەبدولکەریم کەسێکی باش بوو زۆرم پێخۆشە کە ئالآکەی ئەو بەرز دەکەینەوە، زۆرم پێ خۆشبوو کە کاك مەسعوود بەباشی ناوی دێنێت، بەڵام هی ئەوە نەبوو کە حوکمڕانیی وڵاتێك بکات. تەنانەت عەبدولسەلامیش ئەو ئینسانە خراپە نییە کە تەسەور دەکەین . لەیاداشتی د. نازم کە تورکمانە و لەحەرەس جمهوری مرافقی عەبدولسەلام بوو یادداشتەکەی بۆ هێنام پێشەکی بۆ بنووسم کەخوێندمەوە زانیم عارف مرۆڤێکی خراپ نەبوو، بەڵام نەدەبوایە بکرابایە تەنانەت بە ئامر حامیەش، بەڵکو دەبوایە سەرۆکی جەمعیەیەکی خەیریی سونی مەزهەب بێت.

* بۆچوونتان سەبارەت بەدادگاییکردنی دیکتاتۆر سەددام حوسێن؟

کەمال مەزهەر: زۆرم پێخۆشە هەڵیبواسن ، بەڵام لاشم گرنگ نی یە، ئەوەی بەلامەوە گرنگە کە بەو جۆرە دەیبینین تۆڵەی هەموو عیراقییەك و هەموو زوڵم لێکراوێکە . ئەگەر بەڕای من بێت لەناو قەفەسێك لەباب شرقی دایبنێن و خەڵك سەیری بکات.

**بەڕێز کەمال مەزهەر زۆر سوپاس و هیوای لەش ساغی و سەلامەتیت بۆ دەخوازین.**

# بابەتی چوارەم

# لە هەر کوێ بتوانم خزمەتی کورد بکەم، من لەوێم(*)

**ئەوەی لەم چەند لاپەڕەیەدا دەیخوێنینەوە دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کەکەناڵی سەتەلایتی نەورۆز لەگەڵ د.کەمال مەزهەر لەشاری لەندەن ئەنجامیان داوە، لێرەدا وەك خۆی بڵاوی دەکەینەوە.**

**ئامادەکردنی: حەیدەر عەبدولڕەحمان**

---

(*) سەرچاوە: K21 (**گۆڤار**)، ژمارە جمك (٢-٣)ی ڕێکەوتی ساڵی ٢٠٠٨.

د. کەمال مەزهەر یەکێکە لەو مێژوونووسە دیارو بەرچاوانەی کورد کە خاوەنی دیروکێکی دوورو درێژو پڕ بەخششن بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان، بەدرێژایی ئەو مێژووە د. کەمال پەنجا کتێبی بەپێزی دەربارەی مێژووی کورد چەندی لەبواری دیکەی پەیوەست بەو نەتەوەیە بەچاپ گەیاندووە کە دەنگدانەوەیەکی دیارو بەرچاویان هەبووە لەکوردستانو دەرەوەی کوردستاندا..

د. کەمال خاوەنی دوو بڕوانامەی دکتۆرایە لەبواری پسپۆڕی خۆیدا، یەکێکیان ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دکتۆرای لەئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتو بڕوانامەیەکی تریش ساڵی ١٩٦٩ بەدەست هێناوە.

تاوەکو ئێستا د. کەمال سەرپەرشتی دەیان نامەی ماستەرو دکتۆرای کردووە بۆ پێگەیاندنی وەچەیەکی نوێ لەزانستو مەعریفەو مێژوونووسی دا، ئێستا د. کەمال لەوڵاتێکا گیرساوەتەوە کە ساڵانێك بوو بەحەسرەت بوو بۆ گەیشتن بەگەلێك بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی بەنرخ دەربارەی کورد کە دەستی بگاتێ، بەڵام وا ڕێککەوت ئەو خەونەی نەیەتەدی، تا نەخۆشی تەنگی پێ هەڵنەچنیو نەکەوتە ناو جێگا..

ئێستا د. کەمال لەوڵاتی بەریتانیادا بێجگە لەوەی سەرقاڵی تەواوکردنی چارەسەرییە تەندروستییەکانی خۆیەتی لەپاڵ ئەوەشدا لەو هەلومەرجە تەندروستییە نادروستەی تەمەنیشیدا کۆڵ نادات بۆ گەڕان بە دوای نهێنیو دیکۆمێنتە شاراوەکانی مێژووی گەلی کورد لەو وڵاتەدا..

لە دیمانەیەکدا د. کەمال خۆی باسی لەو هەلومەرجەی خۆیدا کردوو گووتی:

– ئەوەی ڕاست بێ لە ڕۆژگاری سەدام حوسێندا قەدەغە بوو من بێم بۆ ئەو وڵاتە، ئەگەرچی زۆر دەمێك بوو من حەزم ئەکرد سەفەرێکی ئەو وڵاتە بکەم لەبەر ئەوەی ئەمزانی بەڵگەنامەو سەرچاوەی زۆر پڕ لەبایەخی ئینگلیزی هەن لەبواری مێژوونووسی کوردا، بۆ ئەوانەی لەبواری مێژونووسی کوردا کار دەکەن، ئیتر ئەوە بوو بەر لەدوو ساڵو نیو تووشی ئینزیلاقی فەقەرات بووم، هەشت مانگ لەبەغدا لەسەر جێگەدا کەوتم، نەمدەتوانی بڕۆمە کۆلێژ، نەمدەتوانی هەستم، دوایی برادەران، بەتایبەت جەنابی (مام جەلال) و (د. بەرهەم ساڵح)و جەنابی (فوئاد مەعسوم) کە بەمەیان زانی، تەمەنای ئەوەیان کرد کە یا بمنێرن بۆ ئەمەریکا یا بۆ ئینگلتەرا بۆ چارەسەرکردنی ئەو

نەخۆشیە، ئەوەی راستی بێ هەر کە هاتم لەسەر گۆچان دەڕۆیشتم، ماڵی (نەجات مەزهەر)ی خوشکم لەمانجستەرە، کوڕێکی هەیە شارەزایە.. وامان بەباش زانی لەهەموو روویەکی مادیو مەعنەوی و شارەزاییەوە لەماڵی نەجاتی خوشکم دابەزم، لەویێ لەسەر حیسابی خۆمان، نەك وەك پەنابەرێکی سیاسی، زێتر لەحەوت مانگ لەویێ مامەوە. لەویێ چارەسەری نەخۆشییەکەیان کردم، ئێستا تەندروستیم گەلێك باشترە..

ئیتر پێشتر نیازمان بوو بۆ شەش مانگ لێرە بمێنینەوە، بۆ ئەوەی تەداویم بکەن پاشان بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم، ئینجا یان بۆ بەغا یان بۆ کوردستان، سەیرم کرد هێشتا پێویستە کە بمێنمەوە، چونکە تا ئێستاش هەر دەچمە لای دکتۆر، پێویستی دەکرد زێتر سەردانی دکتۆر بکەم. جا ئەو ماوەیەی لە(مانجستەر) بووم زۆر خۆش بوو.. تۆ لەگەڵ خوشكو خوشکەزاکانتو کەسوکاری خۆت کات بەسەر بەریت، بەڵام ئەوە بۆ من ناخۆش بوو کە حەوت مانگ لەجێدا پاڵ کەومو بەیانیان بچمە لای دکتۆر پاشان بگەڕێمەوە، توخونی کاری زانستی نەکەوم..لەگەڵ ئەو خۆشیەی لەوێدا هەبوو. بەڵام زۆر بێ تاقەت بووم، بۆیە بەداخەوە تاوەکو ئێستا تەلەفزیۆنی (نەورۆز)م نەدیوە، چونکە لەماڵەوە سەتەلایتمان نییە، مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی کە یەکێکە لەبرادەرە هەرە نزیکەکانمو برایەتیمان لەشاخو داخی کوردستاندا لەکاتی پێشمەرگایەتیدا زاخاو داوە، بوونی ئەو هەستەی لا دروست کردم کە دەبێ ئەو تەلەفزیۆنە تەلەفزیۆنێکی رێكو پێك بێت، بەتایبەت کە تەلەفزیۆنی حوکمەتی کوردستانە، واتە تەلەفزیۆنی هەمووشە، ئەبێ هەموو تەلەفزیۆنێك ئاوا تەلەفزیۆنی هەمووان بێت، بۆ کوردایەتی هەوڵ بدات.

**وارێکەوتووە کە د. کەمال لەرۆژی (ڤالانتاین) لەدایك بێت ئەو رۆژەی کە بوو بەهێمایەك بۆ خۆشەویستی، ئەو بێجگە لەوەی لەو رۆژە جوانەدا چاوەکانی هەڵێنا، لەسەر خاکێك لەدایك بوو کە بەدرێژایی مێژوو سەنگەرێك، قەڵایەك بووە بۆ رووبەروو بوونەوەی دوژمنانی کورد، د. کەمال بەشێك لەو شتانەی کە لە ژیانیدا شانازی پێوە دەکات ئەوەیە کە لەسەر روومەتی ئەو خاکە لەدایك بووە بۆیە دەڵێ:**

– من لە ١٤ی شوباتی ١٩٣٧دا لەدایك بوومە، هەمیشە ئەیڵێمەوە کە زۆر بەختەوەرم کە لە ئاغجەلەر لەدایك بوومە، چونکە باوکم ئەوکات فەرمانبەر بوو لەو شارەدا کە سەر بەشاری کەرکووکە، کەرکووك ئێستا پرسی هەرە بنچینەی کوردی باشوورە... من

ئەمدەزانی کە لەبۆنەیەکی ئاوا لەدایك بوومە تا (د. وریا عومەر ئەمین)، کە کوڕێکی زۆر رێکو پێکە هەموو هەفتەیەك تەلەفونم بۆ دەکاو لەهەواڵم دەپرسێ، ئەو پێی وتم ڕۆژی لەدایك بوونی تۆ ڕۆژی (ڤالانتاین)ە.

خوێندنی سەرەتاییم لەسلێمانی بووە، وە چەرخانێکی گەورەش لەژیانمدا کۆچی دوایی باوکم بوو کە لەمانگی ١١ی ١٩٥٣ کۆچی دوایی کرد. دوای ئەو ڕووداوە هەستم بە بەرپرسیاریەتی زێتر کرد، ئەوە بوو رووم کردە خوێندنو نووسین.. هەر لەو ساڵەشدا بوو کە من دەرچوو بووم بۆ پۆلی چواری سانەوی و یەکەم وتاری خۆم لەنەشرەیەکی قوتابخانەدا بڵاوکردەوە کە لەسەر دیوار هەڵواسرا، ئێستاش بەبیرمە کە ناوم نابوو (بمخوێنەوە)، لەوێ باسی ئەو مامۆستایانەم کردووە کە ڕێگەی دروستمان نیشان ئەدەن، پێمان ئەڵێن کە ئەبێ ڕێزی گەورە بگرن، ماڵی خۆتان خۆش بووێ ، بەتایبەتی مامۆستایەکمان هەبوو برای مامۆستا فوئاد رەشید، مەجید رەشیدیان پێ ئەوت، ئەو دەرسی رەسمی پێ ئەوتینەوە، ئیتر دەرسەکەی خۆی ئیستغلال دەکرد بۆ ئەو بابەتانە بۆ ئەوەی پاڵمان پێوەنێ بۆ ڕێگەی باش، ئەو زۆر تەئسیری لێ کردم ، جگە لەویش لە قۆناغی ناوەندی مامۆستا (حەمە رەش) کە خەڵکی کۆیە بوو خوا لێی خۆش بێ، ئەو وانەی مێژووی پێ ئەوتینەوەو وای لێ کردم مێژووم لە لا خۆشەویست بێ، ئەوانە هەموو پاڵیان پێوە نام کە بایەخ بە خوێندن بدەم، ئەمە بوو کاتێ ناوەندیم تەواو کرد لە ساڵی ١٩٥٥ چوومە بەشی مێژووی زانکۆی بەغدا لە دار المعلمینی عالی، لە ساڵی ١٩٥٨ کە شۆڕشی ١٤ی تەمموز بەرپا بوو من دەرچووم بۆ پۆلی چواری دار المعلمینی عالی، ئیتر دوای ئەوە بە ساڵێك بەحسات هاتە پێشەوە، ئێمە چوار کەس بووین، چووین بۆ روسیا، لەوانە (د. عزەدین)، کە کوڕێکی زۆر رێكو پێکە وەکو برام وایە، خوشکی بەرێز دکتۆرە (نەسرین فەخری)، (د. عزەدین) لەسەر ئەدەبی نووسی، (دکتۆرە نەسرین) لەسەر زمانی کوردی نووسی، لەگەڵ بەرێز (د. مارف خەزنەدار) پاشان (د. کاوس قەفتان)، چووین بۆ سۆڤیەت، ئیتر لەوێ دوو دکتۆرام کرد، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦٣، دووەمیان ساڵی ١٩٦٩ کە هەردووکیان دەربارەی مێژووی نوێو هاوچەرخی نەتەوەی کوردن.

* یەکێك لەو غەدرە گەورانەی لە کورد کراوە، وەك گەلێك مەزلومو ستەم لێکراو

ئەوە بووە کە هەندێ لە وڵاتانو ناحەزی کورد هەوڵیان داوە مێژووی پڕ لە سەروەری ئەو گەلە لەکەدار بکەنو بیشێوێنن، بەو ئاراستەیە نیشانی بدەن کە دڵی ناحەزانی پێ خۆش بکەن، د. کەمال دوای تەمەنێك لە گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوە گومان لێکراوانەدا دەڵێت:

– زۆر زۆر بە داخەوە مێژوونووسانی یەکێتی سۆڤیەتی زۆر زاڵمانە باسی مێژووی کوردییان کردبوو، ڕۆژگاری جاران، پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر باشتر باسی مێژووی کوردییان کردووە. من لە نامەی یەکەممدا– لە ساڵی ١٩٦٣ لەو نامەیەدا بە دوورو درێژی باسی شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران)م کردووە، زۆر بەختەوەرم کە ئینستوتی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی ئەوسا بڕیارێکی دەرکرد ئەڵێ: (**ئێمەی مێژوونووسانو ڕۆژهەڵاتناسانی سۆڤیەت کەوتووینەتە هەڵەی گەورەوە دەربارەی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، وە ئەوە زۆر بە ئاشکرایی لەو نووسینانەدا دیارن کە کەمال مەزهەر لە نامەکەی خۆیدا نووسیویەتی، وە ئێمە پێویستە چاو بگێڕینەوە بەهەڵەکانی ڕابوردووماندا**)، بۆیە نامەی دوکتۆراکەم کە لە ساڵی ١٩٦٣ توێژینەوەی لەسەر کرا، لە ساڵی ١٩٦٧ کرا بە کتێب و چاپ کرا، لەگەڵ ئەو چاپ کردنەدا دەنگێکی زۆری دایەوە، لە یەکێتی سۆڤیەتو لە دەرەوەشدا. ئێستاش بیرمە یەکێك لەوانەی کە وتارێکی زۆر نازداری لەسەر کتێبەکەم نووسی ناوی (**هێربەرت ئیڤانسە**) مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیزە، لە (**میدڵ ئیستێرن ستەدیس**) ژمارە (٢)ی (٤)ی ساڵی ١٩٦٨. بەرز نرخاندی. بەڵێ زانینی زمان شتێکی زۆر زۆر پێویستە، بەتایبەتی زمانە زیندووەکان، تەنانەت لە دەزگا مێژوونووسیە پێشکەوتووەکاندا ناکرێت زمان نەزانی، چونکە ئەگەر ئەوانە بیانەوێت ڕێگەت پێ بدەن دکتۆراکەت وەربگری ئەبێ ساڵێك زمانی بیانی بخوێنی، بۆیە زانینی زمان زۆر زۆر پێویستە، وە من پێت دەڵێم پەت پەتێنێکی زۆر بە کورد کراوە، تەنانەت مێژوونووسانی سۆڤیەت، کە ئێمە شتێکی وامان لێ چاوەڕوانی نەدەکردن، پەت پەتێنێکی زۆریان بە مێژووی کورد کردووە. ئەگەر ئەوان وایان کردبێت، دەبێ لایەنەکانی تر چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ مێژووی نەتەوەی کورد کردبێت؟، بەڵام ئێمەش درێخیمان نەکردووە، مێژوونووسی گەورەمان هەبووە، لەوانە (**شەرەفخانی بەدلیسی**)، (**مەلا مەحموودی بایەزیدی**)، جگە لەوانە مامۆستا (**ئەمین**

زەکی بەگ) کەم نییە، من ئێستا لەسەر بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانی کار دەکەم، چەند جارێك دیومە ناوی مێژوونووسێکی وەك ئەمین زەکی بەگ لەو بەڵگەنامانەدا هاتووە، زۆر بەختەوەرم بەوە، هەر چەندە با ئەوە لەیاد نەکەین مامۆستا (ئەمین زەکی) خۆی کاری مێژوونووسیی نەبووە، کابرایێکی زیرەك بووە، کوردی خۆش ویستووە. بەڵام ئەو لەسوپای تورکی دا ئەفسەر بووە، چونکە ئەو زمانی تورکیو ئەڵمانیو ئینگلیزی دەزانی، فارسی فێر ببوو، ئەمانە وای کردبوو خولاسەی تاریخی کوردو کوردستان بنووسێ کە کاتی خۆی بەزمانی عەرەبی لەلایەن محەمەد عەلی عەونییەوە بڵاوکرایەوە، جگە لەوەیش مێژووی شاری سلێمانی (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) وەری گێڕابووە سەر زمانی عەرەبی، بەکورتی کتێبەکانی زۆر بایەخدار بوون.

*** لەلەندەن ئەو شارە شارستانییەی کە گەنجییەیەك بووە بۆ پاراستنی زۆر لە کولتوورو بەرهەمی دیکومێنتی گەلانی دنیا لەکتێبو فایلو کەرەستەی مێژوویی، سەرچاوەیەك بووە بۆ پاراستنی گەلێك سەرچاوەی مێژوویی چ ئەوانەی لەسەر کورد نووسران، چ ئەوانەی کە بەرهەمی کوردی بوونو لەمۆزەخانەو کتێبخانەکانی ئەو وڵاتەدا پارێزراوە.. د. کەمال لەم بارەیەوە دەڵێت:**

– من دەمزانی ئەو بەڵگەنامانە زۆر بەنرخن، وەختی خۆشی من زۆر لەو بەڵگەنامانەم دیبوو، پێش ئەوەی من بێم بۆ ئەو وڵاتە لەنووسینەکانی خۆما بەڵگەنامەی بەریتانیم بەکارهێناوە، لەوانەی کە دەستم کەوتوون، بڕوابکە لەو بڕوایە دانەبوومە بەو ڕادەیە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی بەریتانی، بە تایبەت بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانی هێندە زەنگینو هێندە دەوڵەمەند بن، تەسەوڕ ناکەی هەموو شتێکی تیایە، هەموو شتێکیشیان بەمستەوایێکی زۆر بەرز نووسیوەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە کە هاتین بۆ ئێرە سوودمان وەرگرتووە. ئەوەتا کتێبی یەکەم کوردو کوردستانە لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانی دا، کە بەرگی یەکەمی کتێبەکەمەو لە ئامادەکردنی مامۆستا (عەبدوڵڵا زەنگەنە)یە کە ڕووناکبیرێکی دڵسۆزی کوردەو هەر بۆ کوردان کار دەکا. بەسەرپەرشتی ئەو چاپکراوە. بە لایەنی کەمیشەوە ١٥ کەڕەت من لەکتێبەکەدا ئاماژەم کردووە بۆ ڕۆڵی (شەهلا)ی هاوسەرم، ئەگەر ئەو نەبوایە نەمدەتوانی وێنەی ئەو هەموو بەڵگەنامانە بگرم. بەیانیان لەگەڵ من دێت من

بەڵگەنامەكان دیاری دەكەمو ئەو وێنەیان دەگرێت. هەتا ئێستاكەش لەو بڕوایە دامە لە ٤٠ هەزار بەڵگەنامەمان زێتر وێنە گرتووە، هیواداریشین تا دەگەڕێینەوە بۆ وڵات ژمارەی ئەو بەڵگەنامانە بگەن بە ١٠٠هەزار ئینجا مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە خۆی تەقدیری ئەو رۆڵەی شەهلای هاوسەرمی كردووە،، هەمیشە بە (باجی) ناوی دێنێ، ئەو تەقدیری ئەو رۆڵەی كردووە بۆیە نووسیویەتی ئامادەكردنی (عەبدوڵڵا زەنگەنە)و (شەهلای تاهیر حەیدەری)، ئەو كتێبە پتر لە ٧٠٠(*) لاپەڕە دەبێت، شتی زۆر سەیری تێدایە، دەربارەی مێژووی خەباتی (شێخ مەحموود) بێت، مێژووی خەباتی بەدرخانییەكان بێت، پرسی كورد بێت لە كۆنفراسی ئاشتی، دەربارەی مەهاباد. دەربارەی سمكۆ، دەربارەی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا، ئاخر كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا شت بووە، دەیانو دەیان بەڵگەنامەی نهێنی لەسەر كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا هەیە، من ئێستا لەگەڵ برای خۆشەویست جەنابی (د. كەمال فوئاد) كە هاتمە لەندەن بۆ چارەسەری نەخۆشیو لەم چەندانە جارێكی تر دەگەڕێتەوە، رێكەوتین كەوا كارێكی ئەوتۆ بكەین كە چەند كەسانێك نامەی ماستەرو دكتۆرا لەسەر كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا بنووسن، ئێمە ئێستا پێویستمان بە دەزگای وەكو كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردە لە ئەوروپا.

*** لەنێو ئەو بەرهەمە بەرهەمێنانەی د. كەمال لە ژیانی پڕ لە بەخششی خۆیدا خستویەتیە روو ئەو تێڕوانینو بیرو راوچكانە بوون كە دەربارەی رۆڵی ئافرەتی كورد لە داڕشتنی بناغەی شارستانیەتدا خستویەتیە ڕوو، ئەو خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت:**

– ئافرەتی كورد شوێنی زۆر دیارە لە مێژووی كورددا، من زۆر جاران باسی ئەو مەسەلەیەی (قاسم ئەمین)م كردووە، نەك هەر (قاسم ئەمین) غەیری (قاسم ئەمین) گەلێك لەو كوردانە كەوا خزمەتی مێژووو ئەدەبی كوردیان كردووە لە هەندەران ژیاونو یەكێكیان (محەمەد كورد عەلی)یە كە بە (محەمەد عەلی عەونی) مەشهوور بوو، بەڵام لە دواییدا كوردەكەی خستۆتە سەر، سەرۆكی ئەكادیمیای سوری بووە، ئێمە شتی سەیرمان هەبوو، نابێ ئێمە وا هەست بكەین كە تەنها میللەتی كورد وا سەیری ئافرەت

---

(*) ((دیاریكردنی ئەم ژمارەیە بەر لە نەخشەسازی و تەواوبوونی كتێبەكە بووە و چاوپێكەوتنەكەش بەر لە بلاوبوونەوەی كتێبەكە بلاوكراوەتەوە. –ع. زەنگەنە))..

دەكات، هەموو میللەتە شاخاوییەكان زێتر لە گەلانی دیكەی بیابان رێز لە ئافرەت دەگرن. بۆ نموونە: بێینە كۆمەڵگای كوردی، رەشبەڵەكی كوردی كە ئافرەتو پیاو پێكەوە هەڵدەپەڕن ئەوپەڕیەتی، نووسەرێكی دانیماركی كتێبێكی بلاوكردۆتەوە ئافرەتی كوردی دیوە، ئافرەتی كوردی زۆر بە دڵ بووە، بۆیە كتێبەكەی خۆی ناو ناوە (**كچانی خوا**)(*)، ئەڵێ من زۆر ولاتی دنیام دیوە بەڵام لە هیچ شوێنێ ئافرەتم وەك ئافرەتی كورد نەدیوە، كەچی عەرەبەكان تا ئێستا كە قسە دەربارەی ژنەكانیان دەكەن دەڵێن (**تكرم زوجتی**) بە مانا (**دوور لە رووت ژنەكەم**)، عەرەبەكان خۆشیان دان بەوە دەنێن كە وەك پێویست ئەو رێزە لە ئافرەت نانێن. من كاتێ كتێبی (**ئافرەت لە مێژوودا**)م نووسی لە هەشتاكاندا نووسیومە لێكۆڵینەوەیەكی كۆمەلایەتیە ، چونكە ئەمە كاری زانستی من نییە، ئیتر لەوێدا باسی ئافرەتم كردووە، هەر لەسەرەتای مێژووەوە رۆڵی ئافرەت لە رۆڵی پیاو گەورەتر بووە بۆ دانانی بناغەی شارستانیەتە دێرینەكان، قۆناغێكیش هەیە ناویان ناوە قۆناغی دایكایەتی، پێش قۆناغی باوكایەتی، ئەبێ ئێمە ئەمانە بخەینە بەرچاوی خۆمان، وێرای ئەوە زۆر لە ئینگلیزەكانو غەیرە ئینگلیزەكانیش باسی عادیلە خانی جاف و حەپسە خانی نەقیبو مەستوورەی (**ئەردەلان**)یان كردووە، لە ئافرەتی كورد.

یەكێ لە بابەتەكانی ئەم كتێبەی من كوردو كوردستان باسی لە شەڕی بەردەركی سەرا دەكات، كە بە داخەوە پێی دەڵێن شەشی رەشی ئەیلول، بە پێچەوانەوە نابێ ئەو ناوەی لێ بندرێ چونكە ئەو شەڕە راپەڕینێكی گەورەیە، دەبێ شانازی پێوە بكرێت، دەبێ پێی بوترێ شەشی سووری ئەیلول، وەك ئەحمەد موختار بەگی جاف دەڵێ: پێ مەنێ بە گوڵاڵە سوورەی دەشتو دەری كوردستاندا چونكە خوێنی جگەرتانە، یەكێ لەوانەی لەو شەڕەدا دەگیرێن شێخ قادری مێردی (**حەپسە خانی نەقیب**)ە. لە شەشی مانگە ئەوەی سلێمانی ئەقەومێ، شەو دەیگرنو رەوانەی كەركووكی دەكەن. (**حەپسە**

---

(*) ((دیارە مەبەستی ئەم كتێبەیە كە بەناوونیشانی (**كچانی كورد**) كراوەتە كوردی. بنۆڕە: كچانی كورد، گەشتێك لەناو ئافرەتانی مووسڵمانی كوردستان. نووسینی: هێنی هەرۆلد هەنسن، دوكتۆر ناجی عەباس ئەحمەد لە ئینگلیزییەوە وەری گێراوەتە سەر كوردی، چاپخانە كۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٢ – ع. زەنگەنە))

خانی نەقیب) لەو کاتەدا کاغەزێکی لە حەوتی مانگدا نووسیوە بۆ مەندوبی سامی بەریتانی، بە کوردی بۆی نووسیوە، سڵاوی لێ نەکردووە، یەکسەر چۆتە ناو بابەتەکەو نۆ جار لەو نووسینەدا وشەی عەدالەتی بەکارهێناوە. بە گاڵتە پێکردنەوە پێی ئەڵێ ئەمە عەدالەتی ئێوەیە وابکەن‌و وابکەن‌و ئەمە عەدالەتی ئێوەیە لە نیوە شەودا بێنە سەر ماڵێکی ئافرەت‌و تەعەدا لە من بکەن؟ قەت نامەی وا بە نرخ نییە... لەو کتێبەدا باسی ئەو نامەیەی (حەپسە خانی نەقیبم) کردووە.......

*** ئەو پەنجا کتێبە دانسقەو بە پێزانەی د. کەمال مەزهەر پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە هەر تەنها جێگەی گرنگی‌و بایەخ پێدانی گەلەکەی نەبووە، بەڵکو گەلانی دیکەی غەیری کوردیش سوودیان لێ بینیووە، چ لە ناوەوەی کوردستان‌و چ لە دەرەوەدا، بۆیە د. کەمال دەڵێت:**

– بڕوا بکە لەبەر ئەوەی من پەیوەندیم بە قوتابی‌و نووسەرانەوە هەیە، لەم بوارەدا من چاوەڕوان بووم خەڵکی بەرهەمەکانم بخوێننەوەو بە دڵیان بێت چونکە من کوردایەتیم کردووەو بە دڵسۆزی بەرهەمەکانی خۆمم نووسیوە، بەڵام قەد چاوەڕوانیم نەئەکرد بەو رادەیە لاوانی کورد ئەوەندە بەپەرۆش بن بۆ (کەمال مەزهەر) هەر لەبەر ئەوەی خزمەتی مێژووەکەی کردووە، هی وا تەلەفۆنم بۆ ئەکاو دێتە لام کە پیاو ناچار دەبێت زۆر دڵی بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشا ئێمە ئەبێ درێخی نەکەین، ئەبێ زوو کۆڕیان بۆ ببەستین، ئەبێ زوو زوو باسی کەسایەتیە گەورەکانمان بکەین بۆ ئەوەی فەرامۆشیان نەکەن‌و هەمیشە لەیادیان بن. لەسەتەلایت، منیش وابزانم شتی باش بڵاو دەکەنەوە، بڕوا ئەکەی ئەو رۆژە لەرۆژی یادی رۆژنامەنووسیی لەوێ باسی ئەو وتارەی کە تایمزی لەندەنی دەربارەی (شەهابی شێخ نوری) نووسیبووی باسی ئەوەم کرد، سەیرم کرد کوڕێکی لاو زۆر بەشەرمەوە وەستا هەتا خەڵکەکەی تر لە دەوری منا پەرت بوون، چونکە هەبوو ئەیانویست وێنەم لەگەڵدا بگرن، هەبوون پرسیاریان هەبوو، دەیانویست وەڵامیان بدەمەوە، ئینجا ئەو زۆر لەسەرخۆ هاتە پێشەوەو وتی: ئینجا مامۆستا نۆرەی منە.. کوڕێکی لاوی رێکوپێکی قسەزان، وتی: دەبا خۆمت پێ بناسێنم، من کوڕی (قادر کابان)م، وتی: من نووسینەکانی جەنابتم خوێندۆتەوە.

ئیتر شتی وای بۆ گێڕامەوە کە (قادر کابان) چەند ئاگاداری ئەو داستانەی شەهید

(شەهاب شێخ نوری) بووە، چونکە پێش ئەوەی (شەهاب) لەسێدارە بدرێ بەمانگو نیوێك تایمزی لەندەنی وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە، کە چۆن نینۆکیان دەرهێناوەو ئەشکەنجەو ئازاریان داوە، کە ئەو لاوە ئەو شتانەی گێڕایەوە وتی: مامۆستاماڵی ئێمە ئەو شینو شەپۆڕەی بوو بەبۆنەی لەسێدارەدانی (شەهاب) باوەڕ ناکەم لەهیچ شوێنێکا ئەوە بووبێ، بۆیە کە تۆ باست کرد فرمێسکی شانازی لەچاوما قەتیس مابوو، منیش پێم گوت رێگەم دەدەی ئەو دیالۆگەی لەنێوان منو تۆدا بوو لەوتارێکا بڵاوی بکەمەوە، ئەوە بوو دەقی ئەو رووداوەم گێڕایەوە، بۆیە من ئەڵێم لاوی زۆر بەپەرۆشمان هەیە دەبێ زێتر بەپەرۆش بن.

* لەمێژووی دێرینی نەتەوەی کورد زۆر شۆڕەسواری لێهاتوو هەبوونە لەرووی نووسینەوەی مێژووی کورد کە رەنگە رۆڵی ئەوان لەبەرگری کردنە لەناسنامەی کورد نەتواندرێ سنورێکیان بۆ دابندرێ، چونکە ئەو خەبات گێڕانەی قەڵەم لەهەلومەرجی ئێجگار دژوارو تەنگەتاودا ئەو ئەرکە نەتەوەییە پیرۆزەیان خستۆتە سەر شانی خۆیان. لەم بارەیەوە دکتۆر کەمال دەڵێت:

– من کتێبێکم هەیە بەناوی (مێژوو)ەوە چونکە دەمزانی مێژوو قەڵغانێکی زۆر گەورەیە بۆ پاراستنی ئەمڕۆو دوارۆژی کورد، کە تێیدا کورتە باسێکی تێدایە بەناوی زانستی مێژوو. ئینجا ئەگەر سەیری لاپەڕە یەکی ئەو کتێبە بکەین دیارە کە پێشکەشم کردووە بەیادی پیرۆزی شەرەفخانی بەدلیسی، (مەلا مەحموودی بایەزیدی)، (محەمەد ئەمین زەکی).. خۆنەدەکرا من لێرەدا ناوی هەموویان بنووسم، بەڵام ئەو زاتانەم کردووە بەنموونە، ئەوەی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە دەزانێ چیم لەسەر حوسێن حوزنی موکریانی نووسیوە، بۆ (حوسێن حوزنی موکریانی) کەم بووە؟ گاڵتە بووە (حوسێن حوزنی موکریانی) بڕوا لەسوریاوە چاپخانە بەپارەو پوولی خۆی، چاپخانە بکڕێو بیگوازێتەوە بۆ رەواندزو لەوێشەوە (زاری کرمانجی) دەربکا؟! وەرن زاری کرمانجی بخوێننەوە ئینجا ئەزانی حوسێن (حوزنی موکریانی) چی بۆ میللەتی کورد کردووە، مامۆستا (تۆفیق وەهبی) دنیایەکم لەسەر نووسیوە، (ئەحمەد خواجە) کە من بۆرە خزمایەتیەکم لەگەڵیدا هەیە، زۆر پەیوەندی نزیکم لەگەڵیا هەبوو، لەساڵی ١٩٧٤ ئەویش هاتە ناو شۆڕش بەو تەمەنە پیرەی خۆیەوە، لەوێ کردمان بە بەڕێوەبەری مۆزەخانەی شۆڕش، چونکە ئەو

کات دەگەڕاین بەدوای ئەو شتانەی پێویستن لەمۆزەخانەیەکدا کۆیان کەینەوە، چما (تۆفیق وەهبی) گاڵتەیە؟، ئێمە بەداخەوە کاتی خۆی ئەو زاتانەمان دەکرد بەپیاوی ئینگلیز، (حوسێن حوزنی) موکریانیمان تۆمەتبار دەکردو دەمان گوت ئەمە پیاوی ئینگلیزە، ئینجا من دەڵێم خۆزگە پیاوی ئینگلیز بوایە، دەبزانە (هامیلتن) چۆن لەکتێبەکەی خۆیدا (ڕێگەیەك بەکوردستان) باسی کردووە، هاملتن ئەو ڕێگە سەختەی کردەوە لەبەینی هەولێرو ڕەواندز هەتا سەر سنوری ئێران.

*** هەر تەنها مێژوونووسەکانی خۆمان بگرە زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسە بیانییەکان خەمخۆری ناساندنی ئەو گەلە بوونە بەگەلانی دنیاو زۆر لەهەقیقەتە مێژووییەکانی ئەو نەتەوەیان خستۆتە ئامێزی خۆیان کە هەمیشە نەتەوەکانی ئایندە شانازیان پێوە بکەن.. بۆیە دکتۆر کەمال گەلی کورد بەقەرزاری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەزانێ‌و دەڵێ:**

– ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ کورد کردوویانە، وایان کردووە کە ئێمە هەمیشە خۆمان بەقەرزاریاری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بزانین، بەڕاستی ئێمە تا (مینۆرسکی) وتارەکەی خۆی لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلام بڵاو نەکردەوە، کورد مێژووی خۆی نەئەزانی. ئەوەش کە هانی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی دا کە کتێبەکەی دەربارەی مێژووی کورد بنووسێتەوە وتارەکەی (مینۆرسکی) بوو، وێڕای ئەوە من گەلێك لەڕۆژهەڵاتناسانم ناسیوە، بەهۆی ئەوەی لەدەرەوەی وڵات بوومە، بڕوا بکە هەستم ئەکرد ئەوان لەکوردەکە زێتر بەپەرۆشترو دڵسۆزتر بوون بۆ مێژووی کورد، هی وەك (لازاریف) خوا تەمەنی درێژکات، هی وەك خوا لێخۆشبوو (فلچێفسکی)، وەکو ئەوانەی من لەیەکێتی سۆڤیەت دیومن، وەکو (نیکیتن) کتێبی دەربارەی کورد بەفەرەنسی نووسیوە، خۆی قونسڵی رووسی بوو لەیەکێ لەشارەکانی کوردەکان لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر رای کرد پەنای بردە بەر فەرەنسا لەوێ ئەو کتێبە نازدارەی بڵاوکردەوە، بەداخەوە لەیەکەم وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی هەڵەی زۆر گەورەی تیا کرابوو، بەڵام دواتر ئەو هەڵانە ڕاست کرانەوە، ئێمە هەموو قەرزاریاری هەموو ئەمانەین.

*** ئەی دەبێ ڕای د. کەمال دەربارەی کەرکوك و کتێبە بەپێزەکەی دەربارەی کەرکووك چی بێت؟**

– کتێبەکەم (كركوك وتوابعها، حكم التاريخ والضمير، دراسة وثائقية عن القضية

الكردية في العراق)، من ئەو کتێبەم بۆ ئەوە نووسیوە کە ئاوێك بكرێت بەو ئاگرەدا کە سەدام هەڵیگیرساند، بۆ ئەوەی برایەتی کوردو عەرەب تێك نەچێ، ئەو میللەتە ئەوەندەی تر گیرۆدە نەبێ، هەوڵم دا کە نیشانی بدەم لەسەر بنەمایەکی زانستی بێ لایەنی مێژوویی نیشانی بدەم کە کەرکوكو دەوروبەری کوردستانن، وەئەوە هەڵناگرێ (سەدام حوسێن)ێك ناسنامەکەی بگۆڕێ، چونکە رێکەوتننامەی یازدەی مارت لەسەر کەرکوك تێکچوو، من بەنهێنی دەستم کرد بەنووسینی ئەو کتێبە، کتێبەکە چوار بەرگە، بەنهێنی برادەرە کوردە ئێرانیەکان، هەموو جارێ کە من شتێکم ئەنووسی ئەیان بردو ئەیانگەیاند، لەوێ برای بەڕێز مامۆستا (مستەفا ساڵح کەریم) خەریکی چاپکردنی دەبوو بەنهێنی، ئینجا پرۆڤەکانیان بۆ من ئەنارد، دیسان بەدزی دەیان بردەوە و بە یاریدەری شەهلا توانیم بەم شێوەیە ئەو کتێبە بنووسم، بەرگی یەکەمی ٢٢٣ لاپەڕەیە، ئیهداکەیم زۆر بەدڵە.. نووسیوومە (الی کل عربی یرفض ان یکون ظالما بقدر ما یرفض ان یکون مظلوما)، ئەمە زۆر گرنگە کە تۆ چۆن قەبوڵ ناکەیت کەس زوڵمت لێ بکات، ئەوەندەش پیاو بیت خۆشت زوڵم لە کەس نەکەیت، بە داخەوە هەندێ لە عەرەبەکان وا بیر ناکەنەوە، وەك ووتم کتێبەکە چوار بەرگە، بەرگی دووەمیشی هەر لەسەر کەرکوك دەبێت، چونکە ئێمە کێشەی زۆرمان هەیە، لەوانە کێشەی (خانەقین) و (شنگال)مان هەیە، بۆیە بەرگی سێیەمی لەسەر خانەقینو بەرگی چوارەمیشی لەسەر (شنگال)و ئێزیدییەکان، دوای ئەوەی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا کارم کرد ئێستا شتی باشترم دەستکەوتووە، بۆیە لەو بڕوایەدام کە بەرگی دووەم لە بەرگی یەکەم باشتر دەبێت، وە ئەگەر ئەو نەخۆشیە کتووپڕە نەبووایەو ئاوها هەشت مانگ لەسەر جێگەدا نەکەوتمایە دەمێك بوو بەرگی دووەمی ئەو کتێبە تەواو ببوو، رەنگە ئەگەر بگەڕێمەوە لە ماوەی دوو مانگدا بەرگی دووەمی تەواو ئەکەم، چونکە گەلێ شتم وەستاند یەکێ لەوانە شتی مامی گەورەو خۆشەویستم (فوئاد عارف)ە کە من لە نووسینەوەی کتێبی بیرەوەریەکانی من پێشەکیم بۆ نووسیو دەستیشمان کردووە بە بەرگی دووەمی، کە من پێموایە بە نرختر دەبێت لە بەرگی یەکەم، بەرگی یەکەم کە بە عەرەبی نووسرا، تا ئێستا سێ جار چاپ کراوەتەوە، جارێکیشیان لە دەرەوەی عیراق چاپ کراوەتەوە، بەبێ ئەوەی مۆڵەت لە ئێمە وەربگرن. ئەوەم زۆر پێ خۆش بوو لە تورکیا خۆیان

کتێبەکەمیان دەربارەی کوردو کوردستان وەرگێڕایە سەر زمانی تورکی و بڵاویان کردەوە، کاك (حەمید) کە هەفتەنامەی (بەدرخان) دەردەکا لە هەولێر، ئەو لە تورکیا بوو پێیان وتبوو، ئەوە بوو سێ نوسخەی لەو کتێبە بۆ هێنام، من خۆم تورکی نازانم، بەلآم وتییان تەرجەمەیەکی زۆ ڕێکوپێکی بۆ کراوە.هەر ئەو کتێبە تەرجەمە کراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزیش، وە ئێستا لە (بەدرخان) بە کوردی بڵاودەکرێتەوە، لەم بەینەدا ئەویش دەکرێتە کتێب، ئەم کتێبەی کوردستانیش لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمدا من بەکوردی نووسیومە، برای خۆشەویست مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، زۆر بە ڕێکوپێکی وەریگێڕاوە، لە دواییدا مامۆستا (حەمە سەعید خەفاف) کە لە لەندەن ئەژیو لە بنەماڵەیەکی ناسراوە، کە کتێبەکە بە عەرەبی ئەخوێنێتەوە زۆر بە دڵی ئەبێ، یەکێکی تریش کە دکتۆر ئەکرەم جافە کە لە ڕۆما دەژیت لە ئیتاڵیا، لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئیش دەکات، زۆر کتێبەکەی بە دڵ ئەبێ، ئیتر داوا لەیەکێ لە وەرگێڕە عەرەبەکان دەکات کە ئیبراهیمی ناوەو لە نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات، کتێبەکە وەرگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی، لێرە لە لەندەن دووجار چاپ کراوەتەوە، وەك پێم گوتن دەنگێکی گەورەی دایەوە، هەتا ڕۆژهەلآتناسێکی ئیتاڵی کەزانی بووی من لێرەم، هاتە ماڵێ ئێمە، لێی پرسیم ووتی: تۆ کتێبەکەی (کەمال مەزهەر)ت خوێندۆتەوە، پێم گوت: بەڵێ من خۆم (کەمال مەزهەر)م. لە کتێبەکەدا نووسراوە (کەمال مەزهەر ئەحمەد)، ئەو هەر بە ئەحمەد منی ناسیبوو، پێ ی دەگوتم: مستەر ئەحمەد، دکتۆر ئەحمەد... ئەو کتێبە دەنگێکی باشی دایەوە...

* د.کەمال دەربارەی ئەو شوێنەی کە د. کەمال ئاسوودەیی خۆی تێدا دەبینی، دەڵێ:

- من بستێکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە، هەموو نیشتمانپەروەرێك وڵاتەکەی خۆی خۆش دەوێ، بەلآم من لەکوێ بتوانم خزمەتی میللەتەکەم بکەم حەز ئەکەم لەو شوێنەدا بم، ماڵەکەی من لە بەغدا بریتییە لە کتێبخانەیەکی گەورە، ژمارەی کتێبەکانم بە لایەنی کەمەوە ۳٥ هەزار کتێبی دەگمەن دەبێت، بە گەلێك زمان بە ئینگلیزی، بە فەرەنسی، بەتورکی، بەفارسی، ئەرمەنی. وێڕای هەزارەها بەڵگو دەیان هەزار بەڵگەنامەی ئێراقی زۆر دەگمەن کە بەشێك لەو بەڵگەنامانە ئێستا هەر من هەمە،

بۆیە من هەمیشە شانازی بە کتێبخانەی خۆمەوە دەکەم، لە هەر کوێ بتوانم خزمەتی کورد بکەم من لەوێم. ئەگەریش پێمان کرا لە بەغدا، حەزیش ئەکەم هەموو ساڵێ بە لایەنی کەمەوە هاوین بێینەوە ئێرە، (شەهلا) لەندەنی دیوە، باوکی حەزی کردووە دەیان جار ئەوانی هێناوەتە ئینگلتەرا من وەك پێم ووتی: قەدەغە بوو بۆ من بێمە ئەو وڵاتە، بڕوا ئەکەی من تا ئێستا شوێنێکی لەندەنم نەدیوە، هەموو بەیانییەك رێگەی مەکتەبەکە بەپێ ئەکەم تا کۆتایی دێ‌و دەگەڕێمەوە، (شەهلا)ش دوای من دێت، دەست دەکات بە وێنەگرتنی بەڵگەنامەکان، تەنها رۆژی شەمووان نەبێ، هەموویان ئێستا وەك خوشك‌و برا رەفتار لەگەڵ هەردووکمان دەکەن. دۆستایەتییەکی سەیر لە بەینماندا پەیدا بووە، تەنانەت هەندێ جار کە بۆ تەداوی دەچمە لای دکتۆر، یا لەبەر هەر هۆیەك ناتوانین بچین بۆ ئەو کتێبخانەیە تەلەفۆنێکیان بۆ دەکەین ئەوان خۆیان کارەکانمان بۆ جێبەجێ دەکەن، وەك ووتم من هەمیشە حەزم لەو شوێنەیە کە بتوانم خزمەتی کوردو کوردایەتی بکەم، هیوادارم هەموو ساڵێکیش بتوانم بۆ ماوەی سێ مانگ بێمەوە ئێرە و شەوو رۆژ لێرە کار بکەم.

ئێستا ئێمە جۆرێك لە خیبرەمان پەیدا کردووە لە بوواری کارکردنی خۆماندا، ئێمە جاران پارەمان دەدایە خەڵکی بۆ ئەوەی بێن وێنەکانمان بۆ بگرن چونکە خۆمان نەماندەزانی، من بەوپەڕی بەختەوەری‌و شانازییەوە دەڵێم (شەهلا) زۆر بە خێرایی خۆی فێرکرد، ئێستاش شارەزایەکی چاکی کۆمپیوتەرە...

*** دەبێ پیاوێکی خاوەن ئەزموون لە مێژوودا کە تەمەنێکی دوورو درێژی لەگەڵ رابردووی تاڵ‌و شیرینی ئەو گەلە بە سەر بردبێ چ بیروڕاێیکی هەبێ دەربارەی ئایندەی ئەو گەلە ستەم دیدەیە؟**

— من وەکو مێژوونووس بڕوام بەوە هەیە کە رەوڕەوی مێژوو هەمیشە بەرەو پێش ئەڕوات، لەوانەیە کۆسپی بێتە بەر، ئەوەتا مێژووی ئەڵەمانیا دەڕوات‌و کۆسپی دەکەوێتە بەر، بەڵام نازیەت ئەو کاریگەرییەی نامێنێ لەسەر رەوتی مێژوو، ژیانی ئابووری، گەل، ئێمە لە رۆژانێکا گەیشتینە سەر مان‌و نەمان، لە رۆژگاری (سەدام حوسێن)، لەبەر ئەوە هەر کاتێ ئەوەم بیر دەکەوێتەوە گەشبینی دام دەگرێ، دەزانم کە ئەمڕۆمان لە دوێنێمان باشترە، هیوادارم سبەینێشمان لە ئەمڕۆمان باشتر بێ.

باری ڕەهبەرانی کورد سووک‌و ئاسان نییە، گەندەڵیش کە هەندێ جار باسی لێوە دەکرێت هەیە من نامەوێ پاساو بێنمەوە بەڵام لە ئینگلتەرەش گەندەڵی هەیە، من لەلای خۆمەوە ماڵی کورد بە ماڵی هەتیو دائەنێم، کەس نابێ دەستی بچێتە ماڵی هەتیو، دیسان دەڵێم من نامەوێ پاکانە بۆ گەندەڵی بکەم، بەڵام گەندەڵی لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك ئینگلتەراو ئەمەریکاش هەیە، گەندەڵی لە تورکیا، لە ئێران هەیە، خۆ لە ناوچەکانی دیکەی ئێراق گەندەڵی گەیشتۆتە بیناقاقا.... ئەبێ ویژدانمان هەبێ هەر لەبەر ئەوەش وتارێکم هەیە بە ناوی (ویژدان‌و مێژوو)، ئەبێ ئێمە ڕاستییەکان وەك خۆیان ببینین، بڕوا بکە هی ئەوتۆ هەیە ئەوەندە خزمەتی نییە بەڵام وا دەزانێ ئەو کوردستانی ئازاد کردووە، نەخێر کوردستان بە خوێنی پێشمەرگە ئازاد کراوە، بڕوا بکەن ئەوی مودیری مەکتەبە ئەیەوێ ببێ بە مودیری مەعاریف، ئەوی مودیری مەعاریفە ئەیەوێ ببێ بە مودیر عامی مەعاریف، ئەوی مودیر عامی مەعاریفە ئەیەوێ ببێ بە وەزیری مەعاریف....

ئێستا کێ هەبێ ببێ بە وەزیری ڕووناکبیری لە (فەلەکەدین کاکەیی) باشتر، هەم لە ڕووی بیرو بۆچوونەوە، هەم لە ڕووی ئەوەی کە (کاکەیی)یە، هەم لە ڕووی ئەوەی کە خەڵکی (کەرکووك)، هەم لە ڕووی ئەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان موساوەمەی نەکردووە، لە کۆڕی خەباتدا بووە، هەمیشە دڵسۆز بووە بۆ بنەماڵەی (بارزانی)، بەر لە هەر شتێکیش بۆ کوردایەتی، کە دەڵێین بنەماڵەی (بارزانی) لەبەر ئەوەی (بارزانی) خزمەتی کوردی کردووە.

# بابەتی پێنجەم

## نابێت وا سەیری بەریتانییەك بکەین کە وەك کوردێك تەماشای دۆزەکەمان بکات(*)

دیمانە

د. ئاکۆ شوانی

(*) سەرچاوە: کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە ٤٦٩٧ی ٢٠٠٨/١٠/٣ ژمارە ٤٧٠٦ و ٤٧٠٧، پێنج شەممەی ٢٠٠٨/١٠/٢٣ و هەینی ٢٠٠٨/١٠/٢٤ ئەوەی شایانی باسە رۆژنامەکە ئەم بابەتەیان بەتایپکراوی بۆ ناردووین، سوپاسیان دەکەین.

رۆژنامەی ((کوردستانی نوێ)) لە رۆژی ٢/١٠/٢٠٠٨دا لە ژێر ئەو ناوونیشانەی پێشەوە نووسیبووی:

((لەدیدارێکدا لەگەڵ کوردستانی نوێ، د.کەمال مەزهەر ئاماژە بەگرنگیی یادداشتنووسین دەکات بۆ مێژووی کوردو رایگەیاند: بەداخەوە سەرکردەکانی کورد مەودای ئەوەیان نەبووە کە یادداشتەکانی خۆیان بنووسنەوە، چونکە یان لەکۆڕی خەباتدا بوون یان لەزیندان، بۆیە کورد لەم بوارەدا کەموکوڕیی پێوە دیارە.

لەو دیدارەدا، کە لەژمارەکانی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوەو هاوکارمان د.ئاکۆ شوانی لەگەڵیدا ئەنجامیداوە، د.کەمال مەزهەر مێژوونووسی گەورەی کورد سەبارەت بەسیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر کورد دەڵێت: سیاسەتی بەریتانیا مردوو نییەو بێگومان گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام بەر لەهەموو شتێك دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا بەرژەوەندیی بەریتانیا لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێمەدا دەگونجێت یان نا، ئێمە نابێت وا سەیری بەریتانییەك بکەین کە دەبێت وەك کوردێك تەماشای دۆزی کورد بکات.

ئاماژە بەوەش دەدات، کە لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی لەپاڵ ئەوەی کورد خەباتی خۆی هەبووە، بەریتانیاش ئەجێندای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەبووە بۆیە سێ برگەی پەیمانی سیڤەر بۆ پرسی کورد دانرابوو، بەڵام نەگبەتی کورد بوو کە مستەفا کەمال سەرکەوت، ئەگینا دەتوانرا لەو کاتەدا دەوڵەتی کوردی دابمەزرایە.

لەتەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا گرنگی ئەرشیفی بەریتانیاو فەرەنساو دەوڵەتی عوسمانی بۆ کورد روون دەکاتەوەو دەڵێت: پێویستە ئێمە کاری باشیان لەسەر بکەین و ئەوانەی پەیوەندییان بەکوردەوە هەیە کۆیان بکەینەوەو دەزگایەکیان بۆ تەرخان بکەین و لەوەش گرنگتر ئەوەیە چۆن بتوانین خوێندنەوە بۆ ئەو بەڵگەنامانە بکەین، من بۆ خۆم ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ئەرشیفی بەریتانیا وێنەم گرتوون و لەسەر (CD) دامناون، بەڵێنم داوە هەموو زانکۆیەکی کوردستان کۆپییەك لەو(CD) یانەی لێ دابنێم)).

ئەمەی لەلاپەڕەکانی دواتردا دەیخوێنینەوە دەقی دیمانەی ئاماژە بۆکراوە، سوپاس بۆ کارمەندانی رۆژنامەکە، بەتایبەتی سەرنووسەرەکەی کاوە محەمەد، کە دەقەکەیان بە تایپکراوی بۆ ناردووین.

# د. کەمال مەزهەر بۆ «کوردستانی نوێ»:
# ئەگەر مێژوونووس جڵەوی خۆی دایە دەست هەستی ئەوا دەکەوێتە هەڵەی مێژووییەوە (*)

ئەو هەولآنە زۆر کەمن کەدراون بۆ گەڕان بەدوای ئەو دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە نهێنییانەی کە لەئەرشیفی ولآتانی زلهێزدا سەبارەت بەکوردو مێژووەکەی بوونیان هەیە، چونکە بەپێی وتەی ئەو پسپۆڕو شارەزایانەی کە ئاگاداری ئەو بەڵگەنامە نهێنییانەن کە لەئەرشیفخانەکانی وەك ولآتانی بەریتانیاو فەرەنساو یەکێتی سۆڤیەتدا هەن، گەلێك شتی ناوازەو دانسقەیان تیادایە کە دەتوانرێت لەنووسینەوەی مێژووی کوردو زانیاری وەرگرتن لەسەر زۆربەی بووارەکانی گەلی کورد کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

د. کەمال مەزهەر، مێژوونووسی گەورەی کورد، کەخاوەنی چەندین بەرهەمی مێژوویی گرنگەو یەکێکە لەو شارەزاو پسپۆڕانەی پاش ماوەیەکی زۆر لەچاوەڕوانی، سەردانی ئەرشیفی بەریتانیای کردووەو چاوی بەزۆر لەبەڵگەنامەکانی ئەو ئەرشیفە کەوتووەو ئێستا زۆربەیانی وێنە گرتووەو لەلای خۆی پاراستوونی، بەپێویستمان زانی و لەپاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بدەین، سەبارەت بەکارو هەنگاوەکانی و باسکردن لەسەر ئەو بەڵگەنامانەو کاریگەری و ڕۆڵیان لەنووسینەوەی مێژووی کورددا، جگە لەمانە هەندێ پرسی تری گرنگ لەم چاوپێکەوتنەی د. کەمال مەزهەردا دەخوێنیتەوە.

*** بەڕێز د. کەمال، دەکرێت لەمەبەستی سەفەری ئەمجارەت و کارو هەنگاوەکانتان ئاگادارمان بکەیت؟**

– سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەم پرسیارانە زۆر کاتم لێ دەگرێت، لەپاش ئەوەی من کە یەکەم کتێبم دەرچوو هەوڵدەدرێت بزانرێت چۆن و بۆ ڕێم کەوتە ئینگلتەرا، بەداخەوە من لەکات و سەردەمی سەدامدا چەند جارێك زۆر هەوڵمدا بۆ ئەوەی ڕێگەم پێبدرێت بچمە

---

(*) سەرچاوە: کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە) هەردوو ژمارەی ڕێکەوتی ٢٢-٢٣/١٠/ ٢٠٠٨

ئینگلتەرا، چونکە بەڕێزت وەك مامۆستایەکی زانکۆ شارەزایت و دەزانیت هەر پرۆفیسۆرێك یان یاریدەری پرۆفیسۆرێك، مافی ئەوەی هەیە لەپێنج ساڵدا ساڵێك تەفەروغ بکات و بڕواتە هەر وڵاتێك کە بیەوێت و لەوێ هەوڵ بدات بەرهەمێکی پێویست بەپێی سەرچاوەکانی ئەو وڵاتە، یان کارێك پێشکەش بکات و بەرهەم بهێنێ، لەهەمان کاتدا تەفەروغێکی تر هەیە کەپێی دەڵێن تەفەروغی ناوەکی و ئەوی تریان پێی دەڵێن دەرەکی، من لەو سەردەمەدا بۆم نەبوو تەفەروغی دەرەکی وەربگرم، ئەگەر بهاتایە من سەفەری دەرەوەم بکردایە ئەوکاتە دەبوو خێزانەکەم لەوڵاتدا بمایاتەوەو ئەو کاتە دەیانزانی من دەگەڕێمەوە، لەبەر ئەمانە بەهیچ جۆرێك من بۆم نەبوو سەفەری دەرەوە بکەم، ڕاستە من هەردوو دکتۆراکەم لەیەکێتی سۆڤیەت وەرگرتووە، چونکە ئەو وەختە لەپاش شۆڕشی(١٤)ی تەمموز قوتابییان دەنارده ئەوێ و نەیاندەناردنە ئینگلتەرا، هەروەها بواری کوردۆلۆژی لەیەکێتی سۆڤیەت و شورەویدا زۆر گەشەکردوو و پێشکەوتوو بوو، جگە لەمانە کۆمەڵێ هۆکاری تر هەبوون کە ئێستا دەرفەت نییە باسیان لێوە بکەم، ئەوەبوو جگە لەمن کۆمەڵێ بەڕێزی تر کە ئەوکات خوێندکار بوون نێردراین بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەوانە(د. عزەددین مستەفا ڕەسوڵ و د. مارف خەزنەدارو د. نەسرین فەخری و د.کاوس قەفتان و د.ئیحسان فوئادو د. عەلی کەریم)بووین، ئەمانە هەموو نێردراین بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، من سەرەتا دەمویست لەسەر مێژووی کۆن بنووسم، چونکە من زۆر حەزم لێی بوو، جگە لەمە ئەوکات مامۆستای زۆر باشمان هەبوو، یەکێك لەوانە (تەها باقر) بوو کە دوایی زانیم پاش ئەوەی دکتۆراکەم وەرگرت کە مامۆستا تەها کوردی فەیلی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ماڵیان نزیکمان بوو لەبەغدا زۆرجار دەچووم خزمەتی، زۆر حەزم بەمێژووی کۆن دەکردو هەروەها مێژووی کۆنم زۆر بەپێویست دەزانی، پاش ئەوەی کە چووینە یەکێتی سۆڤیەت لەوێ دوو کوردی زۆر دڵسۆزمان دی کە ئەوانیش (د. ڕەحیمی قازی و د. عەلی گەلاوێژ) بوون، ئەمان وایان لێ کردم کە قەناعەتم بەمێژووی کۆن بگۆڕێ و پێیان وتم کە ئێستا کورد زیاتر پێویستی بەلێکۆڵینەوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخە، ئەمە وای لێکردم کە بکەومە نووسین لەبواری مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردو توانیم لەساڵی(١٩٦٣) یەکەم دکتۆرام بەپلەیەکی زۆر باش لەو بوارەدا وەربگرم، لەبەر ئەوەی ئەو دکتۆرایەمیان زۆر بەلاوە جوان و بەنرخ بوو ئەوەبوو لەساڵی(١٩٦٧)دا وەك کتێبێك لەسۆڤیەت چاپ و بڵاویان کردەوە ، کە مایەی شانازییە بۆ من یەکەم کتێبم بەزمانی ڕوسی بڵاوکراوەتەوە، جگە لەدەیان وتار کەبەزمانی

روسی بلاوم کردوونەتەوە، زۆرم پێخۆشە کە ئاماژە بەوەبکەم هەرساڵێك دوای ئەوە(**هێربەرت ئێڤانس**) رۆژهەلاٌتناسێکی ئینگلیزە لەگۆڤاری(**میدڵ ئیسترن ستەدی**)دا وتارێکی بلاٌوکردۆتەوەو تێیدا دەڵێت: بەنرخترین دوو کتێبی رۆژهەلاٌتناسی لەیەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٦٧)دا یەکێکیان هی پرۆفیسۆرێکی ئەرمەنییەو ئەوی تریان هی کەمال مەزهەرە، باسکردنی ئەم دێرەم تەنها بۆ ئەوەیە کە ئەم رۆژهەلاٌتناسە کتێبەکەی منی بینیوە نەیزانیوە کەمال مەزهەر کوردە، ئەمە بۆ من واتە ئەو بابەتانەی نووسیومن بابەتیانە نووسیومن و جڵەوی خۆمم نەداوەتە دەست هەستم، چونکە ئەگەر مێژوونووس جڵەوی خۆی دایە دەست هەستی ئەوا دەکەوێتە هەڵەی مێژووییەوە، چونکە میللەتی کوردیش وەك میللەتانی تر کەوتۆتە هەڵەی مێژووییەوە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسم کردو رێگری بەعس و سەدام لەچوونم بۆ ئینگلتەرا، هەر بۆیە ئێستا زمانی ئینگلیزیم زۆر باش نییە، بەلاٌم دەتوانم زمانی ئینگلیزی بۆ کاروباری زانستی بەکار بێنم، زمانی روسیش لەبەر ئەوەی بەکارم هێناوەو ممارەسەم هەبووە زۆرباش فێربووم، لەگەڵ رێگە پێنەدانم بۆ ئینگلتەرا باش دەمزانی کە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا لەهەموو بەڵگەنامەکانی تر باشترن تەنها لەبەر ئەوەنا کە حوکمەتی بەریتانی و ئینگلیزەکان بایەخێکی زۆریان بەکوردو کوردستان داوە، گرنگی ئەو بەڵگەنامانە لەوەدایە کە ئینگلیزەکان بەشێوەیەکی دروست لەنووسینەوەی ئەو بەڵگەنامانەدا کاریان کردووە، ئینگلیزەکان لە هەر بوارێکدا بەڵگەنامەیان نووسیبێت زۆر بەرێکوپێکی و بابەتیانە نووسیویانە، بارەگای ئەم بەڵگەنامانەش پێشتر لەناوەراستی لەندەندا دانرابوو کە پێی دەوترا (**پەبلیك ریکۆرد ئۆفیس**)(**دائرة السجلات العامة البريطانية**)، لەساڵی(٢٠٠٣)وە ئەم بەڵگەنامانە گوێزرانەوە بۆ شوێنێك لە لەندەن کە پێیدەوترێ (**کیو گاردن**) و پاشان ناوەکەی گۆڕدرا بە(**ناشینال ئەرکایڤ**)واتە(**ئەرشیڤی نیشتمانی بەریتانی**)، لەم ئەرشیڤەی ئینگلیزەکاندا هەرچی بەڵگەنامەی گرنگ و بایەخدارو نهێنی و دێرین هەیە تێیدا پارێزراوە، تەنانەت بەڵگەنامەی وای تێدایە کە شتی رۆژانەی یەکجار بچووکە وەك چۆن ئینگلیزەکان فێری شەراب خواردنەوە بوون، یان چۆن فێری دروستکردنی شەراب و ویسکی بوون، ئەمە وێرای چەندین بەڵگەنامەی تر لەسەر رووداوو شتە گەورەکانی دیکە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمکردن سەبارەت بەولاٌتی ئینگلتەرا، ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو تەنانەت خەوم پێوە دەبینی کە بچمە ئەوێ و کار لەسەر ئەو بەڵگەنامەنە بکەم کە

تایبەت و گرنگ بوون بۆ مێژووی هاوچەرخی کوردو قۆناغەکانی، لەپاش ماوەیەکی زۆرو هێشتا رژێمی بەعس مابوو، تەنها هەولێرو سلێمانی و دهۆك ئازاد بوون، بەڕێز (مام جەلال) پەیوەندی پێوەکردم و پێیوتم حەز دەکەم بچیتە ئینگلتەراو لەوێ لەبەڵگەنامەکاندا ئیش بکەیت، ئەوەی راستی بێت هێشتا زاتم نەدەکرد برۆم، چونکە دەترسام بەعس بەمە بزانێت، خۆشتان دەزانن سەدام چاوپۆشی لەکاری زانستیش نەدەکرد، ئەوەبوو رێك نەکەوت، پاش ماوەیەك تووشی نەخۆشی برِبرِەی پشت بووم و ماوەی هەشت مانگ لەجێگەدا بووم، هەرچۆن بێت لەبەر ئەوەی ئەو کات عێراق دکتۆری باشی لێنەمابوو یان زۆر کەمبوون، سەفەری ئینگلتەرایان بۆ جێبەجێکردم و چوومە ئەوێ و لەمانچستەر بەهۆی ماڵی خوشکێکمەوە لەوێ زۆربەی کارەکانم مەیسەر بوون و لەوێش بۆ ماوەی حەوت مانگ من لەجێگەداو بەرێگەی نەخۆشخانەوە بووم، کە بەراستی بۆ من زۆر گران بوو کە ئەو ماوە زۆرە تەنها لەماڵ و جێگەو بەرێگەی نەخۆشخانەوە بم، تەنانەت لەو ماوەیەودا ئەوەندە تەماشای تەلەفزیۆنم دەکرد بەهەموو تەمەنم ئەوەندەم سەیر نەکردووە، بەهەر حاڵ هەر لەو ماوەیەدا و بۆ جارێکی تر، لە رێگەی بەڕێز د. فوئاد مەعسومەوە، جەنابی مام جەلال پەیوەندی پێوە کردمەوەو پێیوتم دەمێکە بیستوومە کە تۆ دەتەوێ لەبەڵگەنامەدا کار بکەیت لەبەر ئەوە بچۆرە لەندەن و لەوێ هەم تیمارو چارەسەری نەخۆشییەکەت دەکەیت، لەهەمانکاتیشدا دەتوانیت کار لەبەڵگەنامەکاندا بکەیت، وەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد من پێشتر لەنامەی دکتۆراکانم لەساڵانی (١٩٦٣و ١٩٦٩) هەندێ بەڵگەنامەی تایبەت بەکوردم لەو ئەرشیفخانەیەی ئینگلتەرا بەکار هێنابوو، باوەڕ بکەن ئەو کات زانیم کەئەم ئەرشیفە چەندە دەوڵەمەندە بەسەرچاوەو بەڵگەنامەی مێژوویی هاوچەرخ و دێرینیش.

ئەوەبوو پاش ئەو هەموو ماوەیەی باسمکرد چوومە ئەو شوێنەی کە چەندین ساڵ بوو ئارەزووم دەکرد ئەویش ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەی لەندەن بوو، لەوێ بەهاوکارییەکی زۆری هاوسەرەکەم کەئەو زیاتر لەزمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەردا باشتر بوو، هەروەها فێری وێنەگرتنی ئەو ئەرشیفانەش بوو، توانیم کارێکی باش بکەم و بەیانییان هەموو رۆژێك سەردانی ئەو ئەرشیفەمان دەکرد، بێگومان تۆ یەکسەر ناتوانیت کار لەو ئەرشیفانەدا بکەیت، بەڵام هەر لەوێ کەسی تایبەتیان داناوە بۆ یاریدەدانی ئەو کەسانەی کە شارەزا نین لەبەکارهێنانی ئەو بەڵگەنامانەدا، لەبەر ئەوە ئەوان زۆر هاوکاریان کردم و خۆشبەختانە توانیم دەیان هەزار بەڵگەنامە وێنەبگرم و لەسەر سی دی دام ناوەو پاراستوومەو ئێستاش

یەکەم بەرهەمی بەرگی یەکەمی کتێبەکەم دەرچووە کە(٨٢٤) لاپەڕەیەو چەندین بەڵگەنامەو شتی گرنگ و بایەخداری تێدایە کەجێگەی سەرنجن، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەڕۆڵ و هاندانی هاوڕێی ئازیزم (د. ئەمین موتابچی) بکەم کەئەویش لەبەر بارودۆخی سیاسی هاتبووە لەندەن و بەردەوام بەتەلەفۆن نیو سەعات قسەی بۆ دەکردم لەسەر ئەو بەڵگەنامانەو بەردەوام هانی دەدام شتی باشترو چاکتر پەیدا بکەم لەکارو بوارەکەی خۆمدا.

* پێتانوایە ئەرشیڤی بەریتانی ئێستاش دۆکیۆمێنتی شاراوە یان سانسۆری تێدا بێت؟

– لەسەرەتاوە ئەو بەڵگەنامانەی کە نووسراونەتەوە بۆ کاروباری دەوڵەت نووسراونەتەوەو ڕێگە نەدراوە هەر کەس بیان بینێت، بەڵام لەپاش ماوەیەك و لەژێر گوشاری ڕای گشتی و ڕای زانستی ئەو سانسۆرەی لەسەر لاچووەو ڕێگەدراوە ببینرێت، لەسەرەتادا دەبوایە پەنجا ساڵ بەسەر بەڵگەنامەکەدا تێپەڕ بوایە ئەنجا ڕێگە بەبینینی دەدرا، بەڵام پاشان کرا بەچل و پێنج ساڵ و دواتر بەچل ساڵ و لەکۆتاییدا کرا بەسی و پێنج و سی ساڵ، واتە وایان دانا دەبێت هەر بەڵگەنامەیەك سی ساڵی بەسەردا تێپەڕی بێت دواتر ڕێگە بەبینینی دەدرێ، ئێستا بەڵگەنامە نیشان دەدرێ ئەگەر سی ساڵەکەشی بەسەردا تێپەڕ نەبووبێت، تەنها بەمەرجێ ئەویش ئەوەیە ئەگەر زیان بە حکومەتی بەریتانیا نەگەیەنێ، دەبێت لەکاتی بەکارهێنانیدا بنووسرێت کە سی ساڵ بەسەر ئەم بەڵگەنامەیەدا تێنەپەڕیوە، هەروەها دەبێت بنووسرێت کە ئەرشیڤی بەریتانی بەرپرسیار نییە لەناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامەیەی کە من بەکارمهێناوەو بینیومە.

ئەوەی من لەوێ لەو بەڵگەنامەدا بینیمن بەڕاستی زۆر شتی دانسقەو گرنگ و پڕ بەهان و من لەکتێبەکەمدا ڕاپۆرتێکم ئامادە کردووەو ناوم لێناوە شاراپۆرتەکان، کە بەڕاستی شتی زۆر دەگمەن و بایەخداریان تیایە، ئەو بەڵگەنامانەی بەکارمهێناون باسی زۆر گرنگیان تێدایە هەیانە سی ساڵ بەسەریدا گوزەری نەکردووە، یەکێك لەو باسانەی کەمن لە ڕاپۆرتەکەشمدا ئاماژەم بۆ کردووە باسکردنە لەئیمام خومەینی و هەڵوێستی ئیمام خومەینی بەرامبەر بەکوردو هەڵوێستی سەدام بەرامبەر بەکورد، هەر بۆیە ئەگەر کتێبەکە سەیر بکەیت بەشێك یان بابەتێکی تێدایە بەناونیشانی(کورد لەنێوان بەرداشی ئیمام خومەینی و سەدام حسەیندا)، کە ئەمە ئەو ڕاپۆرتەیە کە لەکتێبەکەدا ناوم ناوە شاراپۆرت.

* ئایا دوای ئەو ڕاپۆرت و بەڵگەنامانەی کە چاوتان پێیان کەوتووە هیچ گۆڕانکارییەك لەبیروبۆچوونەکانتاندا ڕوویان داوە، بەتایبەت سەبارەت بەکارەکانی ڕابردووتان؟

- بێگومان لەپاش بینین و تەماشاکردنی ئەو ئەرشیفەی لەندەن و بەڵگەنامەکانی ناوی، باوەڕم لەسەر هەندێ شت گۆڕاوە، یان کاریگەری و قوڵبوونەوەی زیاتری لەسەر دروستکردووم لەبابەتەکانمدا، بۆ نموونە من لەو کتێبەمدا کە لەسلێمانی لەساڵی(٢٠٠٤)دا بەسەرپەرشتی مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم چاپکراو بەعەرەبی دامنا(کرکوك وتوابعها، حكم التأريخ والضمير، دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق) هەر لەم کتێبەمدا نووسیومە ئەگەر بهاتایە ئەو بەڵگەنامانەی ئەرشیفی حوکمەتی بەریتانیام لەبەردەست بووایە ئەوا زیاتر شانازیم پێوە دەکردو زیاتر قووڵبوونەوەی تێدا دەبوو وەك لەوەی کە ئێستا لەبەردەست دایە، دڵنیام کە بەرگی دووەم و سێیەم و چوارەم کە کتێبەکەم پێکدەهێنن، دوو بەرگی دەربارەی کەرکوك دەبێت، بەرگێکی دەربارەی خانەقین دەبێت و بەرگی چوارەمی دەربارەی سنجار دەبێت، بەهۆی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەوێ دەستم کەوتوون ئەم بەرگانەی تری کتێبەکەم زیاتر قووڵترو بایەخدارتر دەبن، کە بێگومان ئەگەر پێش بەرگی یەکەمی کتێبەکەشم ئەو بەڵگەنامانەم ببینیایە ئەوا ئەو بەرگەشم قووڵبوونەوەی زیاتری تیا بەدی دەکرا، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو بەڵگەنامانە کاریگەری زانستی خۆیان هەیە لەدەوڵەمەندکردن و بایەخدارترکردنی ئەو کتێبە چوار بەرگییەمدا.

*** بەڕێزتان وەك شارەزایەك و مێژوونووسێکی هاوچەرخی کورد پێتانوایە سیاسەتی بەریتانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت سەبارەت بەکورد لەباشووری کوردستاندا؟**

- سیاسەت شتێکی جامدو وەستاو نییەو دەگۆڕێت، جا ئیتر بەپێی بەرژەوەندی کەسەکە یان دەوڵەتەکە، سیاسەتی بەریتانیا مردوو نییەو بێگومان گۆڕانی تێدا دەبێت، بەر لەهەموو شتێ دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا بەرژەوەندی بەریتانیا لەگەڵ بەرژەوەندی ئێمەدا دێتەوە یان دەگونجێت، نابێت ئێمە وا سەیری بەریتانییەك بکەین کە دەبێت وەك کوردێك تەماشای دۆزی کورد بکات، من بۆ خۆم بەڵگەنامەی وام بینیوە کەتێیدا هەڵوێستی ئینگلیز دەردەخات بەرامبەر بەکورد لەتورکیا کە هەڵوێستی ئەمان زۆر باشتر بووە لەهەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بەکوردی تورکیا، کە لەوکاتەدا یەکێتی سۆڤیەت پشتی هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی دونیای دەگرت، هەروەها لەو بەڵگەنامانەدا هەڵوێستی ئینگلیز دەردەخات بەرامبەر بەکورد کە هیچی لەیەکێتی سۆڤیەت کەمتر نییە، بگرە باشتر بووە، ئێستا ئەگەر لەدەستی ئینگلیزدا بێت هەموو مافێکی کورد دەدرێت.

* لەو ئەرشیڤەی بەریتانیادا هیچ بەڵگەنامەیەکتان بەرچاو کەوت باس لەشۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ و پارت و ڕێکخراوەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بکات، یان هێشتا نەخراونەتە بەرچاو؟

– د. کەمال مەزهەر: بەڵێ بێگومان زۆر شت هەیە لەو بەڵگەنامانەدا لەسەر شۆڕشی ئەیلوول و ئێستا لەبەر دەستدان، چونکە ئەو شۆڕشە سی ساڵ زیاتری بەسەردا گوزەری کردووە، من لەکتێبەکەمدا باسم لەزۆر لایەنی کردووە. هەروەها زۆر بەوردی باسیان لەپارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان کردووەو تەنانەت شتی وایان لەسەر کۆماری مەهاباد (کوردستان) نووسیوە ئەگەر کوردێکت بناردایە بۆ نووسینی وا بابەتیانە نەیدەنووسی، هەر بۆیە لەو ئەرشیڤەدا کۆمەڵێ بەڵگەنامەی باش لەسەر شۆڕش و پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان هەیە، ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەی ئینگلیزەکان نەبوایە تا ئێستاش ئێمە بەباشی لەسەر کۆمەڵەی خۆیبوون شتمان نەدەزانی کەخۆیبوون کۆمەڵەیەکی زۆر گەورە بووە.

* لەو بەڵگەنامانەدا هیچ زانیارییەك هەبووە لەسەر شێخ مەحموود و شۆڕش و حکومەتەکانی کوردستان؟

– د. کەمال مەزهەر: بێگومان، شتی زۆر باش لەسەر شێخ مەحموود هەیەو لەوێ پارێزراوە ، لای من شێخ مەحموود پیاوێکی زۆر گەورە بووەو زۆر بایەخم پێداوە لەنووسینەکانمدا، تەنانەت ئەوکاتە لەیەکێتی سۆڤیەت گۆڤارێکی مانگانە هەبوو بەناوی(ئاسیاو ئەفریقیای ئەمڕۆ) لەدوا لاپەڕەکانیدا بەناوی (ئاسیاو ئەفریقیا لەپول)دا بابەتێك هەبوو من پولێکی زەمانی شێخم دەست کەوتوو بەکارم هێناو لەسەر ئەمە بابەتێکم تێیدا بڵاوکردەوە بەزمانی رووسی.

* ئاخۆ بەنیازن هیچ سەفەرێکی دیکە بکەن بۆ ئەو ئەرشیڤەی بەریتانیا؟

– هیوادارم سەفەر بکەم، جارێکی تر ڕێم بکەوێتەوە ئەوێ، چونکە زۆر بەڵگەنامە هەیە کە ئێستا سی ساڵ بەسەریاندا تێدەپەڕێ و هێشتا من نەمدیون، ماوەیەکی تر سەفەری کەنەداو ئەمریکاو قاهیرەم هەیەو ئەگەر بووار هەبوو زۆر حەز دەکەم بچمەوە لەندەن و سەرێك لەو ئەرشیڤەیان بدەمەوە.

* ئایا کەرەستەی بەرگەکانی تری ئەم بەرهەمەتان لەبەر دەست دان؟

– د. کەمال مەزهەر: بەڵێ هەروەك لەسەرەتادا ئاماژەم پێکرد کاتێ لەبەریتانیا بووم لەئەرشیفەکەیاندا دەیان هەزار سەرچاوەو بەڵگەنامەی گرنگم وێنە گرتووەو لەسەر سی دی دامناون و بۆ ئەو مەبەستە بەکاریان دێنم، هەر بۆیە بەرگی دووەمی کتێبەکەم گەر مەودام

هەبێت لەماوەی دوومانگدا تەواو دەبێت کە هەم تارادەیەك قوڵتر دەبێت و لە بەرگی یەکەمیش گەورەتر دەبێت، چونکە شتی زیاتر فێربووم. جگە لەمە لەبەرگی دووەمدا شتی زۆر گرنگ و پڕ بەهاتری تێدایە، تایبەت دەربارەی ((حزبی شیوعی عیراق)).

*** پێتانوایە جگە لەئەرشیفی بەریتانی، ئەرشیفەکانی تر، بۆ نموونە کە ئێستا فەلەستینییەکان زۆر بایەخ بەئەرشیفی عوسمانییەکان دەدەن، پێتوایە ئەرشیفی عوسمانییەکان و مێژووی عوسمانییەکان بۆ ئێستای کورد بەنرخ و پێویست بێت؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** بێگومان هەموو ئەرشیفێك بەنرخە و گرنگی خۆی هەیە، ئەرشیفی عوسمانییەکان(*) چەندە بۆ فەلەستینییەکان و بۆ پرسی فەلەستین گرنگە، ئەوەندەش بۆ پرسی کورد گرنگە، من زۆرجار کە ئەم پرسیارەم لێ دەکرێت دەگەڕێمەوە سەر کارەکانی د. نەجاتی عەبدوڵڵا کە کوردێکی زۆر دڵسۆزەو لەئەرشیفی فەرەنسادا کار دەکات و زۆرجار داوای هەندێ بەڵگەنامەی لەمن کردووە لەبەریتانیاو لەئەرشیفی ئەوێ یەکسەر بۆم وێنە گرتووەو بۆم ناردووە، چونکە دەزانم دڵسۆزەو بەردەوام لەو ئەرشیفەی فەرەنسادا کار دەکات، ئەرشیفی فەرەنسییەکانیش بایەخی زۆریان بەکورد داوە، جگە لەمە هەندێ لەبەڵگەنامەکانی ئەرشیفی بەریتانیا بەزمانی فەرەنسی نووسراون، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بەبنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە هەیە، چونکە ئەمان زمانی فەرەنسییان باش دەزانی، هەر بۆیە هەموو ئەرشیفێك بەریتانی یان عوسمانی و فەرەنسی و یەکێتی سۆڤیەت، گرنگن و بایەخی تایبەتیان هەیە، بۆیە پێویستە ئێمە کاری باشیان لەسەر بکەین و ئەوانەی پەیوەندییان بەکوردەوە هەیە کۆیان بکەینەوەو دەزگایەکیان بۆ تەرخان بکەین، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە چۆن بتوانین، یان بەچ شێوەیەك خوێندنەوە بۆ ئەو بەڵگەنامانە بکەین، من ئەو بەڵگەنامانەی لەئەرشیفی بەریتانیا وێنەم گرتوون و لەسەر سی دی دامناون، بەڵێنم داوە هەموو زانکۆیەکی کوردستان یەکێك لەو سی دیانەی تێدا دابنێم، جگە لەمە من لەشوێنێکی کتێبەکەمدا چەندین ناوی ماستەرو دکتۆرام ئاماژە

---

(*) بەڕێکەوت ئیمڕۆکە لەگەڵ ژمارەیەك لە پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی بەغدادا لە خزمەت دوکتۆر بەرهەم ساڵحدا بووم و ئەو پرۆژەیەم گەیاندێ کە پرۆفیسۆری شارەزای بەڵگەنامە عوسمانییەکان دوکتۆر جەمیل موسا ئەلنەجار لەسەر داوای دوکتۆر بەرهەم خۆی بۆی ئامادە کردبوو بەو نیازەی میری شارەزایەك بنێرێت بۆ ئەستەموڵ تاوەکو بەپێی توانا وێنەی بەڵگەنامەکانی رۆژگاری فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان دەربارەی کورد و عیراق بگرێتەوە – کەمال مەزهەر، بەغدا، رۆژی دوازدەی شوباتی ساڵی ٢٠٠٩.

پێکردووەو ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە لەسەر ئەو بەڵگەنامانە نامەی ماستەرو دکتۆرا بکرێت، وەك نامەیەکی ماستەر یان دکتۆرای ڕەسەن و باش، بۆنموونە دەتوانی نامەیەکی ماستەرو دکتۆراش بەشێوەیەکی ڕەسەن و زانستی و باش لەسەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بنووسرێ لەو بەڵگەنامانەدا، دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم من لەو کاتانەی لەبەریتانیا بووم بەڕێز کاك د.کەمال فوئاد لەبەرلینەوە زوو زوو پەیوەندیی پێوە دەکردم، کە زۆر سوپاسی دەکەم بەردەوام لێیدەپرسیم و دەیویست یارمەتیم بدات و هاوکاریم بکات، چونکە بەڕێزی دەیزانی من لەوێ کار لەو ئەرشیڤانەدا دەکەم.

*** ئەگەر تێبینی بکرێت لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا دابەشبوون دەبینین تێیاندا، بۆنموونە هەیە پەیوەندیی بەهێزی ئاسمانی مەلەکی و بووارەکانی ترەوە هەیە، ئایا ئێستاش لەو ئەرشیفەی بەریتانیا ئەمە هەر وایەو دەبێت هەر بووارەو بەجیا بۆی بگەڕێی یان کۆکراونەتەوەو یەکخراون؟**

– لەو ئەرشیفەدا فایل هەیە هی وەزارەتی هەندەرانە دەربارەی کۆماری مەهاباد، ئەمە تایبەتە بەوەزارەتی هەندەران، تۆ لەوێ کە بەدوای ئەو بابەتەدا دەگەڕێیت دەبێت لەو کارتانەدا بگەڕێی کە تایبەتن بەمەسەلەی کوردو مێژووی کورد، بۆیە ئێستاش لەوێ زۆر بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ئەمانە ڕێکخراون و هەر بەشەو کارت و فایلی خۆی هەیە، بۆیە گرنگە من ناڵێم وەك ئەوان، بەڵام دەتوانرێت دەزگایەکی هاوشێوەی ئەوان لەسەر ئەو بەڵگەنامانە جا فەرەنسی بێت یان بەریتانی یان هەر شوێنێکی تر بێت دابنرێت و کەسی تایبەت بۆ ئەم مەسەلەیە دابنرێت، دەزانی بەڵگەنامەی ئەرمەنی هەیە زۆر بەباشی باسی کوردو بایەخیان پێداوەو لێرەدا تۆ بتەوێ و نەتەوێ پەیوەندیت بەئەرمەنەوە هەیەو دراوسێین، باوەڕ بکەن لەبەڵگەنامەکانی ئەرمەندا زۆر شتی بەبایەخ و گرنگی تێدایە دەربارەی کورد، خۆزگە کەسێك هەبوایەو زمانی ئەرمەنی بزانیایەو کاری لەو بەڵگەنامانەدا بکردایە، جا ئەو کاتە هەموو ناچار دەبووین بگەڕێین بەشوێن ئەو کتێبەدا کەبرادەرێك دەینووسێ لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامە ئەرمەنییەکاندا(*).

*** سەبارەت بەو کەسایەتییە کوردانەی کە لەسەردەمی پاشایەتیدا دەسەڵاتدار بوون، ئایا ئەرشیفی بەریتانی باسیان دەکات؟**

---

(*) شایانی باسە بەڵگەنامە ئەرمەنییەکان لە پەریڤانی پایتەختی کۆماری ئەرمینیا لە بارەگایەکی گەورەدا بەناوی (ماتێنەداران)ەوە بە شێوازێکی ڕێکوپێك و زانستییانە هەڵگیراون.

– بێگومان بەدووورودرێژی باسی ئەو کەسایەتییانە لەئەرشیفی بەریتانیدا هەیەو مایەی شانازین ئەو کەسایەتییانەی کورد کە لەسەردەمی پاشایەتیدا کاربەدەست بوون، باوەڕ بکەن سەعید قەزاز هیچی لە نووری سەعید کەمتر نەبووە، ماجد مستەفا پیاوێکی لێهاتوو و دڵسۆز بووە، مارف جیاووك، ئەم پیاوە لەزۆر بەڵگەنامەدا ناوی هاتووەو باسی لێوەکراوە، چونکە ئەم کەسایەتییە بەردەوام شەڕی لەسەر مەسەلەی کورد کردووە، جگە لەمانە باسی زۆر کەسایەتی تر کراوە تا کۆتایی ژیانیان و بایەخی تایبەتییان پێدراوە.

*** ئاخۆ پێتانوایە کورد لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ئەجێندای بەریتانیدا هەبوویێ کەشتێکی پێ بدرێت لەهەر یەکێك لە پارچەکاندا؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** بەڵێ بێگومان، خۆی بڕیارەکە وابوو کوردیش خۆی خەباتی کردبوو، بۆیە سێ بڕگەی پەیمانی سێڤەر بۆ پرسی کورد دانرابوو کەبڕگەکانی (٦٢،٦٣،٦٤)، نەگبەتی کورد بوو کە مستەفا کەمال سەردەکەوێ، دەنا دەتوانرا لەو کاتەدا دەوڵەتی کوردی دابمەزرایە، ئێمە زۆرجار دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی دەخەینە ئەستۆی ئینگلیزەوە، نەخێر ئەگەر بەدەست یان ئارەزووی ئینگلیز بووایە دەوڵەتی کوردی دروست دەبوو، لەزۆر لەبەڵگەنامەکاندا باسی ئەمە دەکات.

*** پێتوانییە شۆڕشی بەلشەفیك و یەکێتی سۆڤیەت ڕۆڵی هەبوویێ لەقوتکردنەوەو بەهێزکردنی ئێران و تورکیادا؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** بەڵێ بێگومان، مارکسیزم و لینینیزم ڕاستە فەلسەفەیەکی قووڵە، ڕاستە کورد وەك کەمینەیەکی زۆر بچووك لەدەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت هەموو مافێکی هەبوو، بەڵام کورد لەرۆژگاری ستالیندا زەرەری زۆری لێکەوت و زوڵمی لێکرا، بەڵام سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەداخەوە زیانی زۆری لەپرسی کورد دا، چونکە خەبات لەو کاتەدا کەوتە نێوان دوو بەرەوە، کەهەردوو بەرەی سۆشیالیزم و سەرمایەداری بوون، ئەم دوو بەرەیەش، چ سۆشیالیزم چ سەرمایەداری نەیاندەتوانی تورك و فارس و عەرەب لەبەرچاو نەگرن لەبەر چاوی کاڵی کورد، پاش ئەمە لەدوای رووخان و نەمانی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت ئەو ترسەی کە ئێمە هەمانبوو ڕەوییەوەو نەما کە لەوێ خوێندکار بووین، بۆیە دەڵێم ئەم پرسیارە لەجێی خۆیدایەو پرسیارێکی وردەو پێمخۆشبوو ورووژێنرا، من لەکتێبەکەمداو لەموحازەرەو وتارەکانمدا باسم کردووە، من نامەوێت لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر کەم بکەمەوە، بەڵام ئەمە ڕاستییە.

* بەنیازن پاش گەڕانەوەتان لێرە لەزانکۆیەك وانە بڵێنەوە، یان سەرپەرشتی خوێندکاری دکتۆراو ماستەر بکەن؟

– د. کەمال مەزهەر: من ئێستا تەمەنم(٧١)ساڵە، پاش ئەو نەخۆشی و ناڕەحەتییەش سەرپەرشتی نامەی دکتۆراو ماستەری خوێندکاری کوردم کردووە، سەرپەرشتی نامەی ماستەری خوێندکار کاك سامان و نامەی دکتۆرای کاك جەعفەر رەسووڵ عەلی لەسەر سۆفیگەری کردووەو پێمخۆش بوو هەردووکیان بەپلەی باش نامەکانیان نرخێنراوە، جگە لەمە ئێستاش نامەی دکتۆرای کاك ئازاد عوبێد کە تائێستاش بەردەوامین پێمخۆش دەبێت کە نامەیەکی باش و سەرکەوتوو دەبێت.

* سەبارەت بەو بیروڕایەی کە لەهەندێ شوێن باس دەکرێت لەسەر مارف جیاووك، بەتایبەت لەکاتی راپەڕینی (٦)ی ئەیلوول کە بەلاوازی هەڵوێستی باس دەکرێت، چۆن لەو تێڕوانینە دەڕوانی؟

– د. کەمال مەزهەر: من پێموایە کەس نییە هەڵەو کەموکوڕی نەبێت، ئەم مەسەلەیەش هەر کەسەو بیروڕای خۆیەتی، بەڵام بۆ دەبێت ئەو کتێبە ناوازەیەمان لەبیر بچێت کە لەسەر(مأساة بارزان المظلومة) هەر لەڕۆژگاری پاشایەتیدا بوو کەئەم کتێبە گرنگەی نووسی، جگە لەمە ئەو کتێبە هەر ناوەکەی ناوەرۆکەکەی باسدەکات، بەڕاستی ئازایەتی دەوێت لەو رۆژگارەدا بتوانیت وەها کتێبێك بنووسی، لەوکاتەش دا خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزان هێشتا لەسۆڤیەت پەنابەر بوو، بەڕاستی ئەمە کارێکی ئازایانەیەو کەم نییە.

* چۆن دەڕواننە ئەو هەنگاوانەی نراون لەلایەن کوردەوە بۆ یادداشتنووسین؟

– د. کەمال مەزهەر: یادداشتنووسین گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیەو گرنگە بۆ مێژووی کورد، بەداخەوە سەرکردەکانی کورد مەودای ئەوەیان نەبووە کە یادداشتەکانی خۆیان بنووسنەوە، یەکێکی وەك شێخ مەحموود یان مەلا مستەفا یادداشتی تایبەتی خۆیان نییە، یان سەرکردەکانی تر یادداشتیان نییە بۆ، چونکە یان لەکۆڕی خەباتدا بوون، یان لە زینداندا بوون ئیتر چۆن بتوانن یادداشت بنووسنەوە، هەر بۆیە بەداخەوە کورد لەو بووارەدا کەموکورتی پێوە دیارە، هەر بۆیە ئێستا من لەگەڕانەوەی خۆمدا بایەخم داوە بەیادداشتەکانی بەڕێز فوئاد عارف و لەگەڵی دەژیم و دەیخوێنمەوەو رۆژانەو شتی زۆر دەگمەنی تێدایە، ئێمە یادداشتمان کەمە، هەندێکمان هەیە وەك یادداشتی بەڕەحمەت بێت مامۆستا رەفیق حیلمی، یادداشتی ئەحمەد خواجە، یادداشتی ئەحمەد تەقی

* بەنیازن پاش گەڕانەوەتان لێرە لەزانکۆیەك وانە بڵێنەوە، یان سەرپەرشتی خوێندکاری دکتۆراو ماستەر بکەن؟

– د. کەمال مەزهەر: من ئێستا تەمەنم(٧١) ساڵە، پاش ئەو نەخۆشی و ناڕەحەتییەش سەرپەرشتی نامەی دکتۆراو ماستەری خوێندکاری کوردم کردووە، سەرپەرشتی نامەی ماستەری خوێندکار کاك سامان و نامەی دکتۆرای کاك جەعفەر رەسووڵ عەلی لەسەر سۆفیگەری کردووەو پێمخۆش بوو هەردووکیان بەپلەی باش نامەکانیان نرخێنراوە، جگە لەمە ئێستاش نامەی دکتۆرای کاك ئازاد عوبێد کە تائێستاش بەردەوامین پێمخۆش دەبێت کە نامەیەکی باش و سەرکەوتوو دەبێت.

* سەبارەت بەو بیروڕایەی کە لەهەندێ شوێن باس دەکرێت لەسەر مارف جیاوك، بەتایبەت لەکاتی راپەڕینی (٦)ی ئەیلوول کە بەلاوازی هەڵوێستی باس دەکرێت، چۆن لەو تێڕوانینە دەڕوانی؟

– د. کەمال مەزهەر: من پێموایە کەس نییە هەڵەو کەموکوڕی نەبێت، ئەم مەسەلەیەش هەر کەسەو بیروڕای خۆیەتی، بەڵام بۆ دەبێت ئەو کتێبە ناوازەیەمان لەبیر بچێت کە لەسەر(مأساة بارزان المظلومة) هەر لەڕۆژگاری پاشایەتیدا بوو کەئەم کتێبە گرنگەی نووسی، جگە لەمە ئەو کتێبە هەر ناوەکەی ناوەرۆکەکەی باسدەکات، بەڕاستی ئازایەتی دەوێت لەو رۆژگارەدا بتوانیت وەها کتێبێك بنووسی، لەوکاتەش دا خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزان هێشتا لەسۆڤیەت پەنابەر بوو، بەڕاستی ئەمە کارێکی ئازایانەیەو کەم نییە.

* چۆن دەڕواننە ئەو هەنگاوانەی نراون لەلایەن کوردەوە بۆ یادداشتنووسین؟

– د. کەمال مەزهەر: یادداشتنووسین گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیەو گرنگە بۆ مێژووی کورد، بەداخەوە سەرکردەکانی کورد مەودای ئەوەیان نەبووە کە یادداشتەکانی خۆیان بنووسنەوە، یەکێکی وەك شێخ مەحموود یان مەلا مستەفا یادداشتی تایبەتی خۆیان نییە، یان سەرکردەکانی تر یادداشتیان نییە بۆ، چونکە یان لەکۆڕی خەباتدا بوون، یان لە زینداندا بوون ئیتر چۆن بتوانن یادداشت بنووسنەوە، هەر بۆیە بەداخەوە کورد لەو بووارەدا کەموکورتی پێوە دیارە، هەر بۆیە ئێستا من لەگەڕانەوەی خۆمدا بایەخم داوە بەیادداشتەکانی بەڕێز فوئاد عارف و لەگەڵی دەژیم و دەیخوێنمەوەو رۆژانەو شتی زۆر دەگمەنی تێدایە، ئێمە یادداشتمان کەمە، هەندێکمان هەیە وەك یادداشتی بەڕەحمەت بێت مامۆستا رەفیق حیلمی، یادداشتی ئەحمەد خواجە، یادداشتی ئەحمەد تەقی

خوالێخۆشبوومان هەیە، کە شتی گرنگیان تێدایەو سوودیان زۆرە، بەڵام لەیادداشتدا دەبێت ئاگادار بین، مەرج نییە ئەو یادداشتە هەموو شتێکی تێدا بێت، چونکە یادداشتنووس مرۆڤە هەندێجار یادداشتنووس دەکەوێتە هەڵەوەو بابەتەکەی بابەتیانە نانووسێت و جڵەوی دەداتە دەست هەستی، بۆیە دەبێت یادداشتنووس زۆر لەمە وریا بێت، هەروەك چۆن لاپەڕەکانی سەروەربی دەنووسێتەوە ئاوەهاش لاپەڕە ناشرینەکانیش و هەڵەکان باس بکات و یادداشتیان بکات بۆ ئەوەی لەپاش خوێندنەوەیان کەڵکیان هەبێت و ئەو هەڵانە دووبارە نەبنەوە.

*** تاچەند ئاگاداری ئەو نامەی ماستەرو دکتۆرایانە هەیت کە لەپاش راپەڕینەوە لەبەشی مێژووی زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەددین و دهۆك و کۆیە نووسراون؟ راوبۆچوونتان چییە لەسەر ئەو نامانە؟**

– د. کەمال مەزهەر: بەداخەوە تا ئێستا بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خۆم و کارکردنم لەسەر ئەو بەڵگەنامانەو سەرقاڵیم بەخوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی فوئاد عارفەوە نەمتوانیوە ئەو نامانە ببینم، بەڵام هەندێ لەو نامانەم دەست کەوتووەو ئێستا لامن، هیوادارم ئەوانی تریشم دەست بکەوێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت کاری باشیان کردووەو بابەتی باشیان بۆ قسەکردن هەڵبژاردووە کە لەرۆژگاری بەعسدا ئەمانە قەدەغە بوون، یان ئێستا لەکوردستانی ئێران یان تورکیاو سوریا ناتوانن لەسەر ئەم بابەتانە بنووسن، بەڵام ئەمانەش کە لێرە ئەنجام دراون کاری باش و جددی و هەنگاون و دەستکەوتێکی گەورەن.

*** جگە لەو بابەتانە، بابەتی تایبەت بەکورد لەمێژووی ئیسلامدا یان مێژووی کوردی لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامدا کە بەرچاوت کەوتبێت بەلاتەوە سەیر بووە؟**

– د. کەمال مەزهەر: من نەك هەر لەو بابەتانەم بینیوە، لەیەکێك لەو نامانەی کە نووسراون لەسەر ئەم مەسەلانە دکتۆراکەی د.موحسین بوو کە من ئامادەبووم بەناونیشانی (سوپای سەلاحەددینی ئەیوبی)یەوە، لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە، باوەڕ بکە هۆڵەکە کەسێکی تری نەدەگرت، چونکە خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ ئەوەی لەو باسەدا ئامادە بن، لەوانە چەندین ئەفسەری پلەدار هاتبوونە هۆڵەکەی کۆلێژی ئاداب، چونکە حەزیان دەکرد شت لەسەر ئەوە بزانن.

*** لەم دواییانەدا نامەی دکتۆرایەك لەزانکۆی سلێمانی بەناوی (پارتی کۆمۆنیستی عیراق) و مەسەلەی کورد (١٩٣٤–١٩٥٧) گفتوگۆی لەبارەوە کرا، نازانم ئەو ناونیشانە بەلای بەڕێزتانەوە چۆنە؟ ئاخۆ چاوتان پێی کەوتووە؟**

– د. کەمال مەزهەر: بەڕاستی من ئەو نامەیەم نەدیوە، بەڵام گومانی تێدا نییە ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە بۆ کورد، هەروەك لەسەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد، بیری مارکسی و فەلسەفەکەی زۆر قووڵەو من بۆخۆم کەڵکم لێ وەرگرتووە، حزبی شیوعی عیراقی یەکێك لەکۆڵەکە گرنگەکانی میللەتی کوردە، چونکە هەم حزبی شیوعی بایەخی زۆری بەمەسەلەی کورد داوە، هەم کورد خۆی لەناو حزبی شیوعیدا بینیوەتەوەو گەلێك لەسەرکردە ناودارەکانی ئەم حزبە کوردن، لەوانە بەهادین نووری و عەزیز محەمەدو حەمید عوسمان و مەلا ئەحمەدی بانی خێڵان و گەلێکی تر، لێرەدا من گلەییم لەحزبی شیوعی هەیە کە نەگەڕاونەتەوە بۆ بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دەربارەی حزبی شیوعی، لەو بەڵگەنامانەدا شتی زۆر گرنگیان تێدایە سەبارەت بەحزبی شیوعی و چالاکی و کارەکانیان و دەربارەی فەهدو هاوەڵەکانی، بەڕاستی گوناهە کەحزبی شیوعی ئاوڕیان لەو بەڵگەنامانە نەداوەتەوە، من بۆخۆم زۆر لەو بەڵگەنامانە کە تایبەتن بەحزبی شیوعی – پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لەبەریتانیا وێنەگرتووەو لەسەر سی دی بەدیاری دەیدەمە بەڕێزان حەمید مەجید موساو دوکتۆر موفید جەزائیری کە زۆر لەگەڵ مەسەلەی کورد دان و لەنزیکەوە دەیانناسم و ئەو گلەییانەشی کە هەمن پێیان رادەگەیەنم.

*** وەك مێژوونووسێکی گەورەی کورد ئێستا ئەم ئەزموونەو ئاسۆی کورد چۆن دەبینی؟**

– د. کەمال مەزهەر: من بەدڵنیاییەوە بەباشی دەزانم و گەشبینم، تەنانەت من لەکاتی دەسەڵاتی رەشی بەعسدا دەموت گەشبینم، کەجاری وا هەبوو خێزانم زۆر رقی لەم قسەیە هەڵدەستا، ئێستا کورد لەنەمانەوە هاتبێتە سەر ئەم دۆخە بێگومان زۆرەو ئاسۆیەکی گەشە، من دوێنێ لەپێرێ بەباشترو ئەمڕۆ لەدوێنێ بەباشتر دەبینم و ئومێد دەکەم سبەینیش باشترو چاکتر بێت، بۆ من بێ وەفاییە بەرامبەر بەڕۆڵەکانی میللەتەکەم بڵێم نەوەڵڵا هیچ باش نییەو رەخنە بگرم، ناڵێم رەخنە نەگیرێ، بەڵام پێموایە دەبێت لەرەخنەدا زیادەڕۆیی نەکرێت.

## بابەتی شەشەم

# مێژووی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد لەو بەڵگەنامانەدایە(*)

دیدار: کەریم قادر

---

(*) سەرچاوە: خەبات (ڕۆژنامە)، ژمارە ٣٠٠٨ و ٣٠٠٩ ڕێکەوتی ٢٨-٢٩/١٠/ ٢٠٠٨.

دوای ئەوەی دانەیەکم لەکتێبی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا)ی دکتۆر کەمال مەزهەرم بەدەست گەیشت، هەمان شەو کەوتمە راوکردنی و دوای خوێندنەوەی چەند تەغارێکی یەکسەر بیرم لەوە کردەوە دیدارێك لەگەڵ ئەو زاتە هەم خەمخۆرو هەم پسپۆرەی مێژوودا بکەم. ئیدی لەگەڵ کاك عەبدوڵڵا زەنگەنە رێککەوتم دیدارێکم لەگەڵیدا بۆ رێك بخات و دواجار سەر لە ئێوارەی ٢٠٠٨/١٠/٢٦ لە هۆتێل ئاڤێستا لەگەڵ ئازاد لەشکری وێنەگری رۆژنامەی خەبات چووینە دیداری کە یەکەمجار بوو لە نێزیکەوە دکتۆر کەمال ببینم. ئەو کاتەی گەیشتینە لای چەند برادەرێکی دیکەی لەلابوو، دکتۆر کەمال زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کردین و پاش ئەوەی برادەرەکانی لای ماڵئاواییان لێی کرد، ئامادەیی خۆی بۆ دیدارەکە دەربڕی، ئێمەش بەناوی رۆژنامەی خەبات پیرۆزبایی دەرچوونی کتێبە نوێیەکەمان لێکردو پێمگووت: خوا قوەتتان بدات و هەر تەمەن درێژ بن، لە وەڵامدا دکتۆر وێڕای بەخێرهێنانمان و چۆنیەتی رێکخستنی دیدارەکەی کرد، گوتی: ئێمە هەر لە زووەوە پەرۆشی بەرهەمەکانی ((خەبات)) بووین.

ئەمەش دەقی دیدارەکەی نێوانمانە:

*** وەك لە پێشەکی ئەو کتێبەتدا (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا)دا باست کردووە، بینین و هەڵدانەوەی ئەو بەڵگەنامانە خەونێکی جەنابتان بووە، کاتێك چاوت بەو هەموو بەڵگەنامانە کەوت چ هەستێکت لا دروست بوو، ئەو پەندە چییە لێتان وەرگرتن؟**

– زۆر شانازی بەکتێبەکە دەکەم زۆر بەختەوەرم بەر لەوەی بکەوێتە بازاڕ کە هێشتا مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە نەیخستۆتە بازاڕ بەو رادەیە میدیاو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان دەربارەی ئەو کتێبە زۆر شتی بەنرخیان نووسیوە، تەنانەت تاکو ئێستا بەشێکیانم نەدیوون.

یەکێك لەخەونە هەرە گەورەکانم ئەوەبوو کە بتوانم ئەو بەڵگەنامانە ببینم، لەکاتی خۆیدا لە رۆژگاری سەددام حسێندا هەموو ئەوانەی پلەی پرۆفیسۆریان هەبوو، مافی ئەوەیان هەبوو هەر پێنج ساڵ کەرەتێك ساڵێك تەفەروغ وەربگرن، دوو جۆر تەفەروغیش هەبوو، یەکێکیان بۆ دەرەوە، ئەوی دیکەشیان ناوەکی بوو. ئێمە سێ کوردبووین کە

داوای تەفەروغمان کرد (برای بەڕێز عزەدین مستەفا رەسول کە شارەزایەکی گەورەیەو هەموو دەیناسن لەگەڵ خوشکی بەڕێز د. نەسرین فەخری) ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان داواکاریان پێشکەش کرد، بەڵام تەنها ئێمە سێ کورد بووین، من داوای بەریتانیام کرد بۆ ئەوەی کەوا لەو بەڵگەنامە نهێنیانە دا کار بکەم، بەڕێز د. عزەدین مستەفا رەسول داوای یەکێتی سۆڤیەتی کرد، ئەوە بوو رێگەی درایێ و لەوێ بەرهەمی باشی هێنایە بەرهەم.

دکتۆرە نەسرین فەخری داوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد. من داوای بەریتانیام کرد، کە بەداخەوە رێگەیان پێ نەدام بچم، چونکە من لەکاتی خۆیدا دابوومە پاڵ شۆڕش، هەمیشە وەکو خاڵێکی زۆر تۆخ لەسەر من دانرابوو، ئیتر ئەوەبوو تەفەروغی ناوخۆیان دامێ و وازم لەو بابەتە هێنا.

نایشارمەوە هەر لە رۆژگاری سەدام حسێندا بەڕێز مام جەلال پەیوەندییەکی پێوە کردم، چونکە ئەو دەیزانی کەمن زۆر عەودالی ئەوەم لەو بەڵگەنامانەدا کار بکەم، گووتی: بەڵکو هەر چۆنێك بێت ماڵەوە بەجێبێڵی، چونکە لەوانە بوو رێگەم بدەن ئەگەر ماڵەوە وەکو بارمتە لەلایان بەجێبێڵم، بەڵام بەڕاستی زاتم نەکردو بیانووم بۆی هێنایەوە، کە ئەو هەنگاوە بنێم هەرچەندە خەونم پێوەی دەدیت.

من کاتی خۆی ژمارەیەکی زۆرم لەو بەڵگەنامانە بەکار هێنابوو، بۆیە دەمزانی چ سامانێکی گەورەو رێکوپێکن. دوایی کە لەساڵی ٢٠٠٦ دا نەخۆش کەوتم و کەفتەکار بووم، هەشت مانگ لەناو جێگادا کەوتم، ناچار رۆیشتم بۆ ئینگلتەرا بۆ ئەوەی چارەسەرم بکەن، حەوت مانگ لە مانچستێر لە ماڵی نەجات مەزهەری خوشکم مامەوە کە کوڕەکەی دکتۆرێکی ناسراوە لە مانچستەر، ئەو حەوت مانگە هەر لەرێگەی نەخۆشخانە بووم، شوکر بۆخوا چارەسەریان کردم بەڵام من فێری ئەوە نەبووم بەبێ کار دانیشم، بۆیە زۆر پەرێشان بووم، لەدواییدا پێیان گووتم دەتوانی چارەسەری نەخۆشییەکەت بگوازیەوە لەندەن و لە هەمان کاتدا دەتوانی بچیتە ئەو ئەرشیڤەو کار بکەیت. ئەوەیان هەنگاوێکی باش بوو، گواستمانەوە لەندەن.

سەرەتا زۆر شارەزا نەبووین، دەبوو خێزانەکەم فێری کۆمپیوتەر بێت و لەسەر ئەوە رابێت چۆن بەکاری بێنێ هەنگاومان بۆ پێشەوەنا، سەرەتای سەرەتا نیازم بوو وتارێکی

ڕۆژنامەیی بنووسم و مژدە بە کورد بدەم کە بەڵگەنامەی زۆر بایەخدار هەیە، کە سەیرم کرد وتارەکە هەر بەرەو گەورەبوون دەڕوات، تەنانەت بەزنجیرە وتارێکیش کارەکە تەواو نەدەبوو، ئیتر هاتمە سەر ئەو بیرەی کەوا ئەو کتێبە بنووسم (کورد و کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا)، بەڵگەنامەکان زۆر نرخیان هەیە، جارەهای جار ئەوەم گوتووە، دەڵێم: **مێژووی راستەقینەی نەتەوەی کورد لەو بەڵگەنامانەدایە.** من دەمزانی زۆر دەوڵەمەندەو دەریایەکی بێ بنەو دەمزانی دەتوانین زۆر کەڵکی لێ ببینین، بەڵام بڕوا بکە مەزەندەم نەدەکرد بەو ڕادەیە دەوڵەمەند بێت و بەکەڵك بێت و بەو رادەیە شتی دەگمەنی تیا بێت.

مامۆستا ئازاد عوبێد، خوایار بێت ٢٠ی مانگی داهاتوو نامەی دکتۆراکەی لەسەر مەعروف جیاووك پێشکەش دەکات، چەند جارێك ناوی مەعروف جیاووك لەناو ئەو بەڵگەنامە نهێنیانەدا هاتووە، نموونەیەکی دیکە دەهێنمەوە کە ئەمە زۆر جیاوازەو بەرلەوەی ئێوە بێن، شێخ مەحموودی کوڕەزای شێخ لەتیف لێرەبوو، شتی وا لەو بەڵگەنامانە دەربارەی شێخ مەحموود هەیە هەر بە خەیاڵی کەسدا نایەت، شێخ مەحموود زۆر گەورە بووە، بەڵام ئینگلیزەکان بێن بەوجۆرە شێخ مەحموود هەڵسەنگێنن، ئەوە شتێکی کەم نییە.

*** دوای بینینی ئەو بەڵگەنامانە، نەخاسمە لەو بەشەی کوردستان، ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە دەزگایەکی تایبەت بەهەڵگرتن و پاراستنی بەڵگەنامەکان و ئەو وتارانەی لەسەر کورد دەنوسرێن دروست بکەن؟**

– دامەزراندنی دەزگایەکی لەو جۆرە یەکجار کارێکی پێویستە، ئەمڕۆ بەختەوەرم کە بۆ یەکەمجار هەڵبژێراوم بە ئەندامی کارای ئەکادیمیای زانستی کوردستان لە هەولێر و بۆ یەکەمجار چوومە کۆبوونەوەکانیان، بەرلەوە من دووساڵ و چەند مانگێك لە دەرەوەی وڵات بووم، زۆر بەختەوەر بووم کە لایەنێکی سەرەکی کۆبوونەوەکە بۆ ئەو بابەتە تەرخان کرابوو کە پێویستە دەزگایەکی تایبەتی هەبێت بۆ پاراستنی ئەو بەڵگەنامانە چونکە هەر بەڵگەنامەی بەریتانی نییە، بەڵکو لە سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکی هەیە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە دەزگایەکی تایبەتی هەبێت بۆ ئەوەی کەوا ئەو بەڵگەنامانەی تیا هەڵبگیرێ، بەڵگەنامەکانی ڕۆژگاری عوسمانییەکان، ئەوان

هەموویان بەنرخن و پێویستن ئێمە خۆمان چیمان کردووە؟ سەدان هەزار بەڵگەنامەمان وێنە گرتۆتەوە، هەموو دەخرێتە سەر سی دی و لە هەموو زانکۆکانی کوردستاندا دادەنرێ، وێڕای کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا، چونکە خۆم لەساڵی ١٩٧٠ـەوە لەو کۆلێژە کار دەکەم. ئەگەر بەوردی کتێبەکە بخوێنیتەوە سەدان ناوونیشانی نامەی ماجستێرو دکتۆرای تێدایە کە دەتوانن لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامانە بنووسرێنەوە. هەروەها کاک تاریق جامباز ڕۆڵێکی باشی هەیەو زۆر بە پەرۆشە دەزگایەك دابمەزرێندرێ، زۆر کەس بەرەو پیری ئەو بابەتەن. دامەزراندنی ئەو دەزگایە زۆر پێویستە بەمەرجێ بخرێتە بەردەستی مرۆڤی کارامەو کوردپەروەرو خاوێن و ئەوانەی بە پەرۆشن بۆ پاراستنی، چونکە تەنانەت لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا دا وەختێك پێی گوتراوە Public Record Office و لە ناوەڕاستی لەندەن دابووە، وا دیارە هەندێك بەڵگەنامە دزراون، بۆیە کە لەساڵی ٢٠٠٣ەوە گواستیانەرە شوێنێك کەپێی دەڵێن کیوگاردن، ئامرازی وایان داناوە بە هیچ جۆرێك کەس ناتوانێ لاپەڕەیەکیش بدزێ.

*** بەڕێز کاك دکتۆر وەك من هەستم پێ کردووە، بێگومان لەڕێگەی خوێندنەوەی مێژوو، بزاڤ و کۆمەڵەکانی باکووری کوردستان هەر لە زەمانی بەدرخانی گەورەوە تا دەگاتە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریەوە، دروشم و ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بووە. بەرای بەڕێزتان لەوێ بۆ بەو شێوەیە بووە: ئایا نزیکی ئەوان بووە لە سەنتەری بڕیار یاخود تێکەڵاو بوونیان بە ئەورووپاو خوێندنیان لە ئەورووپا کاریگەری لەسەریان دامەبووە؟**

– بەدرخانییەکان پێشکەوتووتر بوون، بنەماڵەیەکی یەکجار پێشکەوتووی کورد و کوردستان بوون ئەمە بایەخی خۆی هەیەو پێیان دەڵێن دەستەبژێر بوون. بەدرخانی گەورە وەختێك ئیمارەتێکی نیمچە سەربەخۆی هەبووەو کارگەی دروستکردنی تۆپی هەبووە، ئەمانە گاڵتە نین پاش ئەوە ئەوان یەکەم ڕۆژنامەی کوردییان لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا دامەزراند، ئەمە گەورەترین هەنگاو بوو لەژیانی ڕوناکبیری و ژیانی ڕۆژنامەنووسی کورددا.

هەموویان بەنرخن و پێویستن ئێمە خۆمان چیمان کردووە؟ سەدان هەزار بەڵگەنامەمان وێنە گرتۆتەوە، هەموو دەخرێتە سەر سی دی و لە هەموو زانکۆکانی کوردستاندا دادەنرێ، وێڕای کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا، چونکە خۆم لەساڵی ١٩٧٠-ەوە لەو کۆلێژە کار دەکەم. ئەگەر بەوردی کتێبەکە بخوێنیتەوە سەدان ناوونیشانی نامەی ماجستێرو دکتۆرای تێدایە کە دەتوانن لەبەر رۆشنایی ئەو بەڵگەنامانە بنووسرێنەوە. هەروەها کاك تاریق جامباز رۆڵێکی باشی هەیەو زۆر بە پەرۆشە دەزگایەك دابمەزرێندرێ، زۆر کەس بەرەو پیری ئەو بابەتەن. دامەزراندنی ئەو دەزگایە زۆر پێویستە بەمەرجێ بخرێتە بەردەستی مرۆڤی کارامەو کوردپەروەرو خاوێن و ئەوانەی بە پەرۆشن بۆ پاراستنی، چونکە تەنانەت لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانیا دا وەختێك پێی گوتراوە Public Record Office و لە ناوەڕاستی لەندەن دابووە، وا دیارە هەندێك بەڵگەنامە دزراون، بۆیە کە لەساڵی ٢٠٠٣ەوە گواستیانەرە شوێنێك کەپێی دەڵێن کیوگاردن، ئامرازی وایان داناوە بە هیچ جۆرێك کەس ناتوانێ لاپەڕەیەکیش بدزێ.

*** بەڕێز کاك دکتۆر وەك من هەستم پێ کردووە، بێگومان لەرێگەی خوێندنەوەی مێژوو، بزاڤ و کۆمەڵەکانی باکووری کوردستان هەر لە زەمانی بەدرخانی گەورەوە تا دەگاتە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریەوە، دروشم و ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بووە. بەرای بەڕێزتان لەوێ بۆ بەو شێوەیە بووە: ئایا نزیکی ئەوان بووە لە سەنتەری بڕیار یاخود تێکەڵاو بوونیان بە ئەوروپاو خوێندنیان لە ئەورووپا کاریگەری لەسەریان داهەبووە؟**

- بەدرخانییەکان پێشکەوتووتر بوون، بنەماڵەیەکی یەکجار پێشکەوتووی کورد و کوردستان بوون ئەمە بایەخی خۆی هەیەو پێیان دەڵێن دەستەبژێر بوون. بەدرخانی گەورە وەختێك ئیمارەتێکی نیمچە سەربەخۆی هەبووەو کارگەی دروستکردنی تۆپی هەبووە، ئەمانە گاڵتە نین پاش ئەوە ئەوان یەکەم رۆژنامەی کوردییان لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا دامەزراند، ئەمە گەورەترین هەنگاو بوو لەژیانی روناکبیری و ژیانی رۆژنامەنووسی کورددا.

هەروەها ئەو بەیداخەی هەموومان شانازی پێوە دەکەین، ئەوان دایانناوە. ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە کوردستانی باکوور لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتووتر بووە، چونکە، یەك: مەرکەزی دەوڵەتی عوسمانی بووە، دوو: پەیوەندیان بە ئەورووپاوە زیاتر بووە، بڕوا بکە بەدرخانییەکان ئەی وایان هەبووە زمانی فەرەنسی باشتر زانیوە وەك لە زمانی زگماکی کوردی خۆی. بۆ نموونە: بتەوێ و نەتەوەێ ئەوەی کەوا تۆ لە فارسەکاندا کە زمانەکەت نزیکە لێیان و لەرووی رەسەن و رەگەزەوە جۆرە پێوەندیەك هەیە کە ئێمە زیاد لە پێویست پشت بەوە دەبەستین، بەڵام ئێمە زۆر لەوان کۆنترین. ئێمە حساب بۆ گەلانی زاگرۆس ناکەین، لۆلۆ بۆو کاشی و ئەو جۆرە گەلانەی زاگرۆس.

ئێمە دەڵێین: ئێمە رۆڵەی میدیاو کەیخوسرەوین، شانازی بەوەوە زیاتر دەکەین ئیتر بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو نزیکیە بووەتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی ئێران نەگاتە رادەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی تورکیا.

*** با بێینە سەر پرسی کەرکووك کە پرسێکی گەرمی ئەمڕۆمانە. لەو کتێبەی جەنابتاندا زۆر ناوی هاتووەو ئاشکراشت کردووە کە چەندین بەڵگەنامەی تێدایە کوردستانیبوونی کەرکووك دەسەلمێنێ، ئایا کێشەی کەرکووك پەیوەستە بەوەی کوردستانییە یان نا، یاخود هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو راستییە دەزانن کەوا هۆکاری دیکە ئاڵۆزی کردووەو بێ چارەسەر ماوەتەوە، چونکە ئەگەر مێژوو حەکەم بێت قامووسی ئەعلامی شەمسەدین سامی ئەوەی بەجوانی بڕاندۆتەوە؟**

– نەك هەر ئەوە، گەلێك بەڵگەی دیکە هەیە گومان لە کوردستانیەتی کەرکووکدا ناهێڵێ. من شانازی بەو کتێبەم دەکەم کە بەعەرەبی دەرمکردووەو لە رۆژگاری سەدام حسێندا بەنهێنی ئەو کتێبەم دەنووسی تەنها بەڕێزان مسعود بارزانی و مام جەلال ئاگایان لێبوو، ئەوانم ئاگادار کردبوو، وێڕای ئەوەی کوردە ئێرانییەکان بەتایبەتی عەبدوڵڵای حەسەن زادە کە شتێکم تەواو دەکرد ئەوانە بەنهێنی دەیانگەیاندە کوردستان و لە کوردستان چاپ دەکرا.

بڕوا بکە ئەو کتێبە بەبێ ئەوەی من ئاگام لێ بێت خۆیان کردوویانەتە تورکی، کاك حەمید کە رۆژنامەی بەدرخان دەردەکا ئەو سێ چواردانەی بۆ هێنام، ئەگینا من

نەمدەزانی ئەو کتێبەم ئەوەندە بابەتیانە نووسیوە، چونکە ئەگەر وانەبێ ناتوانی خزمەتی ئەو ئامانجە بکەیت کە هەوڵی بۆ دەدەی، دەبێ مێژوونووس بەر لەهەرشتێ بابەتێکی بێت و جڵەوی کاری خۆی نەداتە دەست هەست.

کوردستانیەتی کەرکوک گومانی تێدا نییە، ئەوەی بووە بەتەوقی ئەگبەتی و چووە گەردەنی کوردەوە بەنیسبەت کەرکوک نەوتەکەیە، گەلێك جار ئەمەم گووتوەو دەڵێم کتێبێکی زۆر بەنرخی یوسف ئیبراهیم یەزبەگ هەیە کە لەساڵی ١٩٣٤ لە بێرووت چاپی کردووە ناوی ناوە (النفط مستعبد الشعوب) من ئەو کتێبەم زۆر بەکار دەهێنا بەر لەوەی خۆی بناسم دوای گەڕانەوەم لەساڵی ١٩٧٠ لە نزیکەوە ناسیم چونکە یەك دوو کۆنفرانسی مێژوویی لە بەغدا کرا، یوسف ئیبراهیم یەزبەگ یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بانگ دەکراو هاوڕێیەکی زۆر نزیکی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدولرەزاق حەسەنی بوو، لەبەر ئەوە لەوکاتەدا پێوەندیم لەگەڵیدا پەیدا کرد پێمگووت: من هەر لە زووەوە بەرلەوەی جەنابت بناسم وتوومە ناوونیشانی ئەو کتێبە سەت دەرسەت بەسەرکورد دا جێبەجێ دەبێت، ئەو لاگیری کردم و گوتی وایە. زۆر لایەن هەیە، ئەگەر مەسەلەی نەوتەکەی کەرکوک نەبێت هەر بیر لە کەرکوک ناکەنەوەو حسابی بۆ ناکەن، ئەمە یەك، دوو ئەگەر لەڕووی سەرژمێرییەوە بێت، تۆ ناتوانی تەنها کەرکوك وەربگری، بۆیە کتێبەکەم ناو ناوە (كركوك و توابعها) دەبێ لەگەڵ دەوروبەریدا وەری بگری ئەمە شتێکە کە لە رۆژهەلات و رۆژئاوادا بەو جۆرەیە کە تۆ کەرکوك و دەوروبەری وەردەگری یەکسەر دەردەکەوێ کەوا شارێکی کوردستانییە. لە جوگرافیا شتێك هەیە پێی دەڵێن ئۆملاند واتە ناوچەی تەغزییەی دانیشتوان، ئۆملاندی کەرکوك لەسەر چی دەژی؟ هەمووی لەسەر دەوروبەرەکەی دەژێت، بۆ نموونە لە شۆریجەی کەرکوك دا دوو لەسەر سێی بازرگانەکانی بەلایەنی کەمەوە کوردن، کەچی وەکو فەرمانبەر تورکمانەکان زیاترن، بۆ؟ چونکە ئۆملاندەکەی دەوروبەری کەرکوك، کوردستانەکەیە، دەبێ ئەوانە هەمووی لەبەرچاو بگیرێن و بەوردی لێی بکۆڵدرێنەوە، ئەوەشی دەخەمە سەر، ئەو کتێبە چوار بەرگ دەبێت دووانی لەسەر کەرکوکە، یەکێکیشیان لەسەر خانەقینەو یەکێکی دیکەشیان لەسەر سنجارە. ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەم لەبەردەست بووایە بێگومان

ئەو کتێبە (کرکوك و توابعها) دەوڵەمەندتر دەبوو لەوەی کە هەیە، من شانازی بەو کتێبەوە دەکەم بەڵام بڕوا بکەی دەوڵەمەندتر دەبوو لەوەی هەیە.

* سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان کەمن دەڵێم (دابڕاوەکان) باس لە ڕێگە چارەی قانوونی دەکەن. ئەگەر پەیوەست بەو مەسەلەیە ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە، دەبینین لە پاش جەنگی یەکەمی جیهان ماددەکانی ٦٤،٦٣،٦٢ی پەیماننامەی سیڤەر دانی بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد ناوە، کەچی تا ئێستا چارەسەر نەبووە. هەروەها لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەدوو ماددە ٥٨ لە قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ١٤٠ لە دەستووری هەمیشەیی ئێراقی فیدراڵ ئەو مەسەلەیە یەکلابوونەتەوە، بەڵام لە زەمینەی واقیع ناڵێم چ نەکراوە بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەکراوە ئێستاش کەمەسەلەی هەموارکردنی دەستوور لە ئارادایە، کێ دەڵێ ماددەی ١٤٠ بەدەردەی ماددەکانی پەیماننامەی سیڤەر ناچێ. بەڕێزتان لەو بارەوە چ دەڵێن؟

– بۆ خۆم دڵنیام لەوەی کە کورد بەهیچ جۆری دەست لەبستێ خاکی کوردستان هەڵناگرێ، مەبەستم لە خەڵکی ڕەمەکیە، وا بزانم سەرکردەکانیش بە دڵسۆزی بەدوای ئەو بابەتە کەوتوون، بەڵام خۆ هەموو شتێك بەپێی ئارەزووی تۆ نییە ئێستا ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا ڕۆڵێکی گەورە دەبینن، ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتە گەورانە هەوڵ بدەین و تێیان بگەیەنین و لەگەڵیاندا خەریك بین بۆ ئەوەی کەوا ئەو تراژیدیایەی سیڤەر دووپات نەبێتەوە.

شتێکی دیکە سەدام حسێن زۆر هەوڵیدا کە بەجارێك کەرکوك و خانەقین و سنجارو ئەوانە لە کوردستان بکاتەوە، بەڵام من دوای ڕووخانی ڕژێم لەسەر داواکاری زانکۆ هەفتەی کەرەتێك دەچوومە خانەقین لەوێ لەزانکۆی خانەقین دەرسم دەوتەوە، کە سەیر دەکەم خانەقینەکان هێند کوردن، پیاو هەر مەزەندەی ناکات. لەم ڕۆژانەدا برادەرێك بۆی گێڕامەوەو گوتی: سەرۆك هۆزێکی عەرەب کە لەخانەقینە وتوویەتی من لەگەڵ ئەوەدام کە دەبێ خانەقین لەگەڵ کوردستاندا بێت و وتوویەتی من پێنج منداڵم هەیە و ناوی منداڵەکان هەمووی کوردین، ئەمە شتێکی کەم نییە، ئێمە دەبێ ئاگامان لە تورکمان و ئاشوری و کلدان و لەوانەش هەبێت.

* لەلاپەرە ٤٨٤ ی کتێبەکەتدا نامەیەکت بە ئیمزای مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕشی کوردستانی ئێراق بڵاوکردۆتەوە کە بەرواری ١٩٦٦/١/١٥ی لەسەرەوە بۆ میستەر وێلسنی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیای ناردووە لەرێگەی باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران، لەوێ چەند مەسەلەیەك ورووژێندراوە وەك: کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆ نییە. ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە بەندە بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد. بەریتانیا هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد، بەڕێزتان وەك مێژوونووسێك ئەم نامەیە چۆن دەخوێنێتەوە؟

- بارزانی زۆر گەورەیە، بێگومان بارزانی یەکجار گەورەیە، بەشێکی زۆری ئەو سەدان هەزار بەڵگەنامە نهێنیانەی حوکمەتی بەریتانی تەرخان کراوە بۆ باسی خەباتی مەلا مستەفای بارزانی، بارزانی گەورەیەو رۆڵی زۆر دیارە لەو بەڵگەنامانەو هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبێ، چونکە ئەوەی زانیوە کە دەوڵەتە گەورەکان دەتوانن رۆڵێکی گەورە ببینن، هەوڵی ئەوەی داوە. من لێرە شتێکی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە لەکتێبی دووەمدا لەساڵی ١٩٤٤ دا کە جۆرە ئاگربەستێك بووەو لە راپەرینەکانی ئەو رۆژگارە بارزانی ناچار دەبێ هەڵبێ بۆ کوردستانی ئێران و دوایی بۆ یەکێتی سۆڤیەت. مستەفا خۆشناو لەگەڵ میرحاجدا، دەچنە لای بارزانی وەك هەنگاوێك بۆ ئەوەی لەرێگەی کوردستانی ئێراقەوە بیانپەڕێنێتەوە کوردستانی ئێران کە لەسەر ئاڵوگۆڕێکی گەورە بووە. باڵیۆزی بەریتانی نامەیەك بۆ بارزانی دەنێرێ و پێی دەڵێ: جەنابی بارزانی نابێ تۆ بیگەینی بەو رادەیە دوو ئەفسەری گەورەی هەڵهاتوو لە سوپای ئێراق پەنا بێننە بەرتۆو تۆش بیانپەڕێنیتەوە کوردستانی ئێران، تکات لێدەکەم ئەو شتانە مەکە چونکە حوکمەتی ئێراق سکاڵا لەوە دەکەن و لەلای خۆم شکاتیان کردووە، وەڵامەکە چی دەڵێ: بەرێز باڵیۆزی بەریتانی (بە عەرەبی بەو دەقە دەڵێ): وەلاهی وەبیلاهی وەتیلاهی و بەشەرەفی حکوومەتی بەریتانیای عوزما ئەو دووانە نەهاتوون بۆ لای من و ئاگام لێی نییە.

ئەمە لەسەر ئەو هیچ ناکەوێ، چونکە ئەوە دەوترێ، بەڵام بەشەرەفی حکوومەتی بەریتانیای عوزما، ئەگەر وانەبووایە دەیگووت بەشەرەفم. کەواتە بارزانی زانیویەتی چۆن لەکاتی پێویستدا رەفتار دەکات.

* كتێبی میرتان وەرگێڕاوە، خۆزگە جارێکی دیکە بەکوردیەکەی چاپ دەکرایەوە ئەگەر لەجێی ماکیاڤیللی بیت لەم ڕۆژگارەدا چ ئامۆژگاریەکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەی، کە ناوچەکە بەگشتی لەبارێك دایەو بە مەزەندەی من لەبەرژەوەندی کورد دا دەشکێتەوە؟

– من کتێبەکەی ماکیاڤیللیم بەعەرەبی نووسیوە، بەڕێز حوسێن عارف وەریگێراوەتە سەرزمانی کوردی، کە بڵاوکرایەوە برادەرێکی عەرەبم هەیە پیاوێکی پێشکەوتووخوازی سەر بەشیوعەکان بوو، زۆری دەخواردەوە، ڕۆژێکیان دوای دەرچوونی کتێبەکەم لە باب شەرجی ئەوکاتە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە باب شەرجی بوو، لەوێ بینیم و هات گووتی: من بەباشی لە تۆ گەییوم، وتی تۆ بەناوی ماکیاڤیللیە ئەوەت بڵاوکردۆتەوە، بەڵام موخاتەبەی ڕەهبەرانی کورد دەکەی دەڵێی دەرس لە ماکیاڤیللی وەرگرن، چونکە ماکیاڤیللی سیاسەتی دارشتووەو دەبێ ئەوانیش ئەو ڕێگایە بگرنەبەر، وتم: دەخیلتم ئەو قسەیەت لای من کرد زۆر ڕاست دەکەی، بەڵام لای کەسێکی دیکە نەیکەی. ڕاستە، هەموو ڕەهبەرێکی کورد و هەموو ڕوناکبیرێکی کورد دەبێ بەقوڵی میری ماکیاڤیللی بخوێنێتەوە، نەك هەر میر، بەڵکو بەرهەمەکانی دیکەشی، ماکیاڤیللی شانۆی زۆر بە قیمەتی هەبووە، بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆمان ئەوە زۆرباشە.

ڕێگەش دەدەم هەرکتێبێکم چاپ بکرێتەوە بەڵام یەك مەرجم هەیە، من یەك پۆلم لە چاپکردنەوەی کتێبەکانم ناوێ، ئەوەیە گرانی نەفرۆشن و بێ هەڵەی چاپ بێت، کە ئەوە زۆر بەلامەوە گرنگە، بڕوا بکە هیچ وتارێکی خۆم نەك کتێب نەبووە کەسێ کەڕەت بەدەستی خۆم هەڵەچنی نەکەم، دوای ئەوەی ئیمزام کردووە ئینجا ڕێگەم داوە بڵاوبکرێتەوە.

* ئەمڕۆ لەهەندێك ڕۆژنامەی کوردستان، جۆرە بێ ئومێدیەك بەرانبەر ئایندەی کورد نیشان دەدرێ، بەڵام ئێستا زەمەن گۆڕاوەو بەڕێزتان ئەو بەڵگەنامە نهێنیانەتان بەسەرکردەوە، هەرێمی کوردستان لە چاو ئەو ڕۆژگارەدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو خاوەن حکومەت و پەرلەمانە تارادەیەکیش سوودی لەسامانی ژێرزەوی خۆی وەردەگرێ. بەڕێزتان ئەو ئایندەیە چۆن دەخوێننەوە؟

– من وەکو مێژوونووس دەبێ سەیری ئەمڕۆو دوارۆژ بکەم. مێژوو دەڵێ: ڕەوڕەوەی مێژوو هەرگیز ناوەستێ و هەمیشە بەرەوپێش دەچێ. لەوانەیە تەگەرەیەکی بکەوێتە

بەردەم، نەك بگەڕێتە دواوە، لەوانەیە ماوەیەك لەبەرەوپێشچوون لە ئاستی خۆیدا بوەستێ، لەدواییدا هەر بەرەوپێش دەڕوات. دوو دەبێ ئێمە ئەمڕۆمان لەگەڵ دوێنامانداا بەراورد بکەین، ئاخر نابێ ڕۆژگاری سەددام حوسێنمان لەبیر بچێتەوە، نابێ ڕۆژگاری شای ئێرانمان لەبیر بچێتەوە، نابێ ڕۆژگاری مستەفا کەمال ئەتاتورکمان لەبیر بچێتەوە، ئێمەی کوردی کوردستانی ئێراق لەرۆژگاری سەدام حسێندا گەیشتینە ئاستی نەمان، ساڵی ٢٠٠٤ من و خێزانم بۆ دواجار هەولێرمان بینی ئێستا هەولێر ناناسینەوە، هەولێر هەزار هەنگاوی باشی ناوە، چۆن دەبێ پیاو ئەو شتانە نەبینێ، من نامەوێ پاکانە بۆ هەموو شتێك بکەم، ڕەنگە گەندەڵی و کەموکورتی هەبێت، بەڵام دزی و گەندەڵی لەبەریتانیاش هەبوو، بەچاوی خۆمان بینیوومانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەبووە، بەس ئەوە پاکانە نییە بۆ ئەوەی گەندەڵی هەبێت، من وتوومەو هەزارجار دەیڵێمەوە ماڵی کورد ماڵی هەتیوە ئەوەی دەستی بچێتە ماڵی هەتیو دەستی دەسووتێ.

بەڵام دەبێ تۆ ئەوەشت لەبەرچاوبێت، بڕوا بکە ئێستا زۆر ناوچەی ئەورووپا هەیە ڕەنگە نەگاتە شەقامەکانی هەولێر، ئەمە گاڵتە نییە لەماوەی چوار ساڵدا بەو ڕادەیە گەیشتبێ.

واز لە کوردستانی ئێراق بێنە، لە کوردستانی تورکیا کێ دەیوێرا بڵێ کوردم، ئێستا خۆنیشاندان دەکات و تانسۆ چیللەر لەنەورۆزێکدا چووە دیاربەکرو بەسەر ئاگری نەورۆز بە شانازییەوە بازیدا، ئێستا ئەوەی لە کوردستانی تورکیا ڕوو دەدات خەونێکە هاتۆتە دی، لەبەر ئەوە زۆر بڕوام بە دوارۆژ هەیە و ئەمڕۆمان لە دوێنێمان باشترەو هیوادارم سبەینێمان لە ئەمڕۆ باشتربێت.

ڕەنگە هەندێ کەس لێم تێنەگەن و بیانەوێ من دابنیشم بڵێم گەندەڵی هەیە. ئاخر وانییە، بەتایبەتی مێژوونووس دەبێ تەرازوویەکی لەشێوەی تەرازووی زەڕەنگەر بەدەستەوە بێت و بەوردی ئەو شتانە هەڵسەنگێنێ و هەرگیز نابێ دوێنێمان لەبیر بچێتەوە. ئەوەتە گوێل خواخوایەتی جەنابی مەسعود بارزانی یا جەنابی مام جەلال بچنە تورکیاو لەگەڵیدا دانیشن، ئەمە گاڵتە نییە.

# بابەتی حەفتەم

# مێژوونووس دەبێ(*)
# بێ لایەن بێ

دکتۆر کەمال مەزهەری گەورە ئەکادیمی و مێژوونووسی کورد، کەسایەتییەکی ناوازەیە، دەمودووی زانستی لێدەتکێ، کارەکانی ئەوەندە زانستین کە د.رەحیمی قازی سەرپەرشتیاری یەکەم تێزی دکتۆراکەی گوتوویە، من لە نامەکەی کەمال مەزهەر زۆر شت فێربووم کەپێشتر نەمدەزانی، ئەوەندەش خاکەرایە کەلێم پرسی چۆن خۆت بەنەوەی نوێ دەناسێنی، گوتی: بلێ ئەمە پێناسەی یەکێکە لە خزمەتکارانی نەتەوەی کورد. ئێستا کە لە کوردستانە، لەسەردانێکی بۆ هەولێر، بەئامادەبوونی عەبدوللا زەنگەنەی نووسەرو رۆژنامەنووس، کە راستەوخۆ بە ئامادەکردنی پرۆژەکانی د.کەمالەوە خەریکە، بۆمان رەخسا لە دیداری ئاشنابین، بەم وتوێژە سوودمەندبین.

**دیداری: ئیسماعیل خالید گەلالی**

---

(*) سەرچاوە: هەرێمی کوردستان (کۆڤار)، ژمارە (٤٨٤)ی رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٤.
بەتایپکراوی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە وەرگیراوە.

* بەرنامەی گەڕانەوەت بۆ کوردستان چییە؟

– بەڕاستی دوای دوو ساڵ و چەند مانگێك دووربوونم لە کوردستان، گەڕاومەتەوە،ماسی بێ ئاو هەڵناکات، لەبەر ئەوە زۆر پەرۆش بووم ڕۆژێ زووتر بگەڕێمەوە کوردستان بۆلای برادەران و ئازیزان بۆ، دیار و بینینیان.هەموو ئەمانە هۆی سەرەکی گەڕانەوەم بوون.

* بەنیازی یەکجارەکی بگەڕێیتەوە کوردستان؟

– بەڵێ نیازم وایە، بەڕاستی زۆر هیلاکم،تەحەمولی ئەوە ناکەم لە دەرەوەی کوردستان بم، بەشی هەرە زۆری ژیانم لە دەرەوەی کوردستان بردۆتە سەر،بەخوێندن خەریك بوومە،دوای گەڕانەوەم لە خوێندن لە ساڵی ١٩٧٠ تا ئەمڕۆ من لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەك مامۆستا کاردەکەم.. پێمخۆشەو خێزانەکەشم زۆر پەرۆشە بۆ گەڕانەوەم بۆ کوردستان.

* ئەو بایەخدانەت بە مێژوو چۆن و لەچییەوە دەستی پێکرد؟

– لە پۆلی دووەمی ناوەندییەوە مێژووم خۆش ویست، مامۆستایەکمان هەبوو خەڵکی کۆیسنجاق بوو بەناوی (حەمەڕەش) زۆر بەعیشقەوە وانەکەی دەگوتەوە، نەك من هەموو قوتابییەکان عیشقی مێژوو بوون.. ئەمە سەرەتای بایەخدانم بوو بە مێژوو.. دواتر وا ڕێککەوت لە زەمانی پادشایەتی ئەو کتێبانەمان دەخوێند لە پۆلی ناوەندی و دواناوەندی، وانەکان زۆر ڕێکوپێك بوون، مامۆستای لێهاتوو ئەم کتێبانەیان نووسیبوو.. بۆیە ئەوەندەی دیکە قووڵ بوومەوە لە مێژوودا و بۆی پەرۆش بووم، مامۆستای وەك (تەها باقر و دکتۆر زەکی ساڵح...) ئەمانە هەمووی مامۆستای گەورە بوون ئەو کتێبانەیان نووسیبوو... ئەوکات نەمدەزانی مامۆستا تەها باقر و زەکی ساڵح کێن؟ لەدواییدا چوومە زانکۆ ئەو مامۆستایانە وانەیان پێ دەگووتم..وایان لە قوتابی دەکرد کە حەز لە مێژوو بکات و ئەوە بوو لە (دار المعلمین العالی) لە زانکۆی بەغدا کە چووم ئەوەندی دیکە مێژووم خۆشویست، چونکە ئەو مامۆستایانەی ئەو کتێبانەیان دانابوو خۆیان وانەکانیان پێ دەگوتینەوە..زەکی ساڵح و دکتۆر فازڵ حوسێن.دکتۆرفازڵ ڕەنگە لە ناو کوردان ناسراو بێ،لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان:تێزی دکتۆراکەی لەسەر کێشەی موسڵ بوو، دکتۆراکەی لە وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا وەرگرتبوو..وێڕای ئەوەش خێزانەکەشی کورد بوو، خۆشی چەپڕەو بوو سەر بە (پارتی وەتەنی دیموکراتی) بوو، پارتەکەی کامل چادرچی، ئەوانە هەست و نەستیان بەرامبەر بە کورد هەست و

ئەستێکی ڕێکوپێك بوو، خێزانەکەی کە کوردە شانازی پێوە دەکرد.. ئەو جۆرە کەسانە وایان لێکردم ئەوەندەی دیکە مەیلداری مێژوو بم، تەها باقرم زۆر خۆشویست، چونکە ئەو بەڕێوەبەری مۆزەخانەی عیراقی بوو لەبەغدا،مێژووی کۆنی پێ دەگوتینەوە.وانەکەی ئەومان دەخوێند کە یەکجار قوول نووسیبووی، دوایی زانیم کە خۆی کوردی فەیلییە، دواتر بووە دراوسێمان،جا کە دکتۆرام وەرگرت زیاتر خۆشم و یست.

*** تاچەند پاراستنی بێ لایەنی لە نووسینەوەی مێژوودا کاریگەری هەیە، بەڕێزتان تاچەند ئەدای ئەو ئەرکەتان کردووە لە کارەکانتان؟**

– مێژوونووس ئەبێ بێ لایەن بێ، ئەبێ ئەوەی لە بیر بچێتەوە کە سەر بەکام نەتەوەیە.مێژوونووس دەبێ هەمیشە ئەوەی لەیاد بێت کە هەموو نەتەوەیەك لەوانەیە بکەوێتە هەڵەوە،ئەگەر نەتەوەی کوردیش کەوتبێتە هەڵەوە، شتێکی ئەوتۆ نییە، چونکە نەتەوە هەرە گەورەکان کەوتوونەتە هەڵەوە، لەبەر ئەوە مەرجی یەکەمی مێژوونووسی ڕێکوپێك بێ لایەنییە. هەوڵم داوە هەمیشە بێ لایەن بم، بۆ ئەوەی ئەو بابەتەی کە دەینووسم کەڵکی هەبێت بۆ ئەوانەی بەرهەمەکەم دەخوێننەوە..

*** ئەو کتێبانەی ئێستا لە قۆناغەکانی خوێندن دەخوێندرێن،بەرچاوت کەوتووە یان نا؟**

– کاتی خۆی من سەرۆکی لیژنەی وەرگێڕانی ژمارەیەك لە کتێبەکان بووم بۆ سەر زمانی کوردی،ئێستا نازانم،چونکە دەمێکە ئەو کتێبانەم نەبینیووە؟

*** هەندێ گۆڕانکاری لە کتێبەکانی مێژوودا کراوە؟**

– ئاگادار نیم،چونکە دوو ساڵ و نیوە لە دەرەوەی وڵاتم و فریا نەکەوتووم ئەو شتانە بخوێنمەوە.

*** بەپێی هەڵسەنگاندنی ئێوە،زانکۆکانی کوردستان توانیویانە ڕۆڵی تەواوی خۆیان لە ڕووی ساغکردنەوە و تۆمارکردنی مێژوو بگێڕن یان نا؟**

– ئەوەی ڕاستی بێ هەندێ گلەیی دەبیستم، بەڵام نەچومەتە قووڵایی ئەو گلەییانە تاکو تاقیبی ئەو شتانە بزانم تا چ ڕادەیەك ئەو گلەییانە لە جێی خۆیانن، یان لەجێی خۆیان نین.. ئەوەی من دەزانم و ئاگادارم ئەو قوتابیانەی کە من سەرپەرشتی نامەی ماجستەر و دکتۆرایانم کردووە کە بەشێکی زۆریان کوردن، دوو سێ یەکییان خەڵکی کۆیەن نامەی زۆر ڕێکوپێکییان پێشکەش کردووە..بەر لە چەند ڕۆژێك پرسیارێکی وایان

لێکردم،منیش گووتم نموونەیەك دەهێنمەوە لە (٢٠)ی مانگ ئێمە ئامادەی توێژینەوەی نامەی دکتۆرای کاك (ئازاد عوبێد) دەبین دەربارەی (مارف جیاووك)، من دڵنیام لەوەی ئەو نامەیە پەردە لەسەر زۆر نهێنی (مارف جیاووك) هەڵدەداتەوە.. ئازاد زۆر بە پەرۆش بوو بگاتە هەموو نهێنییەکانی مارف جیاووك. دڵنیام کە دەسکەوتێکی گەورەی دەبێ لە بارەی مێژوونووسینی کوردیەوە... تۆ قوتابی لەبار هەڵبژێرە و بیدەرە دەست کەسی لەبار کە مامۆستای لە بار و رێکوپێکمان هەیە دکتۆر موحسین کەم نییە کە لەسەر سەلاحەددینی نووسیویەتی... دکتۆر جەبار قادر کەم نییە کە ئێستا راگرە لە زانکۆی کۆیە، تۆ قوتابی وەك ئازاد هەڵبژێرە و بیدەرە دەست مامۆستای باش، وەك ئەمانە عەرەب دەڵێ (خیر علی خیر)، بەڵام هەشە هەندە بە پەرۆش نییە، هەر خوایەتی بڕوانامەکەی وەرگرێ، ئەوە شتێکی ترەو من تخونی ئەو کەسانە ناکەوم.

*** ئەرکی نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد ئێستا لە ئەستۆی کێیە و چی بکرێ باشە!**

– بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان،هەموو قۆناغەکانی مێژووی هەرە دێرینی کورد و سەدە ناوەنجییەکان و مێژووی نوێی هاوچەرخ هەمووی پێویستی بەوە هەیە لێکۆڵینەوەی قووڵییان دەربارە بکرێت ... ئێمە زۆر زوڵممان لێکراوە، ئابلوقە دراوین گەلێك لایەن هەیە لە قۆناغی تایبەتیدا ئێمە نەمان توانیوە ئەم لاپەڕە مێژوویانە بنووسین، ئێمە لە سەردەمی سەدام حوسێن خۆ تۆ نەتدەتوانی وەك خۆت دەتەوێ بینووسی،لەبەر ئەوەی ئەو قۆناغانە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ هەیە و پێویستە هەموو دەزگا رووناکبیرییەکان، بە تایبەت ئەکادیمیای زانستی کوردستان لە هەولێر کەبەڕێز دکتۆر شەفیق قەزاز سەرۆکی ئەو ئەکادیمیایەیە و ئەندامەکانی هەموویان رێکوپێکن و خەڵکی شارەزایان تێدایە، دەبێ رۆڵی زۆر گەورە ببینن.. پێویستە لاپەڕە کاغەزێك چییە کە مێژوونووس پێویستی پێیەتی کۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی کەڵکی لێ وەربگیرێت.. ئێمە لەم بارەیەوە کەمتەرخەمیمان هەیە.. نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی نموونە لە ئینگلتەرا ئەو بەڵگەنامەیان هەڵگرتووە کەی دەستیان کردووە بە دروستکردنی (شەراب و وێسکی)، رەنگە خوێنەر کە گوێی لەم قسانە بێت پێکەنینی بێت، بەڵام ئەوە ئەرشیفە دەبێ رۆڵی ئەکادیمیای زانستی دەور بگێڕێ، با دەزگا هەبێ ئێستا گۆڤاری تایبەتی هەیە دەربارەی مێژوو هاتن بۆ دیدەنیم، هەندێ لە ژمارەکانم بینی زۆر بەختەوەر بووم و بەختەوەر بووم بەو پرسیارانەی کە دەیان کرد..

* پرۆژە مێژووییەکانی ئێستا و داهاتووت چین؟

– بڕیارم داوە بەرگی یەکەمی کتێبی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا کە بەرگی یەکەمی دەرچووە (٨٢٤) لاپەڕەیە هیوادارم دیبووتان زۆر بەدەستییەوە ماندوو بووم وهیلاك بووم.لەگەڵ خێزانەکەم و سەدان هەزار بەڵگەنامەمان وێنەگرتووە، ئێستا بەرگی دووەمی ئەو کتێبە لە ئەکادیمیای زانستی کوردستان بڵاودەبێتەوە کە دکتۆر شەفیق قەزاز داوای لێکردووم. وابزانم بەرگی دووەم قوڵتر دەبێ لە بەرگی یەکەم، چونکە تاقیکردنەوەمان زیاتر بووە، بەم جۆرەوە خەریکم تا خودا تەمەنم درێژ بکا بۆ بەرگەکانی دیکەی (سێیەم وچوارەم و پێنجەم) تا فریا بکەوم. حەز دەکەم بیرەوەرییەکانم تۆمار بکەم، هەنگاوی باشم ناوە،ناوێکی پڕ بەواتام بۆ هەڵبژاردووە، (لەپەراوێزی کوردایەتیدا. لە بیرەوەرییەکانی کەمال مەزهەر). ئەوە ئەو دوو کارەیە کە من دەیکەم لە ژیانمدا..

د.کەمال مەزهەر

* لە ١٤ ی شوباتی ١٩٣٧ لە ئاغجەلەری کەرکوك لە دایکبووە.

* لە ١٩٥٩ بە کالۆریۆسی لەبەشی مێژووی خانەی باڵای مامۆستایان لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

* لە ١٩٦٠ چۆتە یەکێتی سۆڤییەت،کەکوردناسی تێدا زۆر پێشکەوتوو بووە.

* لە ١٩٦٣ دکتورای یەکەمی لە ژێر سەرپەرشتی د.رەحیمی قازی وەرگرتووە.

* لە ١٩٦٧ نامەی دکتوراکەی بە رووسی چاپ کراوە و لە ١٩٦٨ دا گۆڤاری (Middle Eastern Studies) کارەکەی زۆر بەرز و بابەتییانە نرخێنداروە .

* دکتورای دووەمی لە ١٩٦٩ لە مۆسکۆ وەرگرتووە .

* لە ١٩٧٠ تا ئێستا مامۆستای کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا.

* سکرتێر و ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری بووە لە بەغدا.

* ئەندامی ئەکادیمیای زانستی کوردستانە.

* دەیان توێژینەوە و کتێبی لە بارەی مێژووی کوردستان هەن و چەندین پرۆژەی تازەشی ئامادەن.

## بابەتی هەشتەم

# چاوپێکەوتنی گۆڤاری (مێژوو) لەگەڵ پ.د.کەمال مەزهەردا(*)

سازدانی: د.محەمەد عەبدوللا کاکەسوور

(*) ئەم بابەتە لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری (مێژوو)شدا بڵاوکراوەتەوە.

* بەڕێز پ.د کەمال مەزهەر سەرەتا پێخۆشحاڵین بەئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ گۆڤارەکەمان (گۆڤاری مێژوو)، با سەرەتای پرسیارەکانیشمان بەوە دەست پێبکەین کە بەڕێزتان تاکو ئێستا چەند کتێبتان بەچاپ گەیاندووە کە دواهەمینیان لە ساڵی ۲۰۰۸ بە نێوی (کوردو کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا)یە گەر هەڵەمان لە ناوەکەیدا نەکردبێ ؟

– بە ڕاستی بە ژمارە لەبیرم نییە، بەڵام لە ۳۰ کتێپ تێپەڕی کردووە.

* جەنابت بەپڕبەرهەمترین مێژوونووسی کورد دادەنرێیت، بەڵام پێت وانییە مێژوونووسانی کورد بەرهەمیان کەمە؟

– ئەوە جێگای داخە کە بەڕاستی مێژوونووسانی کورد، ڕۆڵەکانی شەرەفخانی بەدلیسی و مامۆستا محەممەدئەمین زەکی و گەلێکی تر، کەمتەرخەمن لە بواری مێژوودا، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، قوتابی ماستەرو دوکتۆرایان وەرگرتووە،ژمارەیەك لە نامەکانیانم دیوە، نامەکان زۆر بە دڵمن، زۆر ڕێك و پێکن، دەوڵەمەندن، بابەتی باشن، بەخۆشم سەرپەرشتی ژمارەیەك لەو نامانەم کردووە، بەڕاستی هەموویان یەك لەیەکی ڕێك و پێك ترن، بیستی مانگی یازدە، واتە(۲۰/۱۱/۲۰۰۸) کاك ئازاد عوبێد لەسەر مەعروف جیاووك نامەی دوکتۆراکەی تاوتوێ دەکرێ ، دڵنیام ئەویش کەلێنێکی گەورە پڕ دەکاتەوە.

* قسەکانی جەنابت ڕاستە، بەڵام دەبینین مێژوونووسە عێراقییەکان و عەرەبەکان، ژمارەی کتێبەکانیان گەیشتۆتە ۱۰۰، هەروەها بە هەمان شێوە میللەتانی تریش، بەڵام دەبینین مێژوونووسە کوردەکان، کە جەنابت لە هەموویان پڕ بەرهەم ترن، کەمتر دەنووسن؟

– لەگەڵتام، بەڵام بەژمارە نییە، هەڵسەنگاندنی نەك مێژوونووس، تەنانەت هەموو ڕووناکبیرێکی تر، هەموو نووسەرێك، شاعیرێکی تر، بە ژمارە نییە بە ناوەرۆکە.ئێستا ئەو کتێبەی من لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە و بە یاریدەی ئەو دەرمان کرد، (۸۲٤) لاپەرەیە، بڕوا بفەرموون زۆر بە ئاسانی دەمانتوانی بیکەینە دە کتێب، خەڵکەکەش زۆر بەدڵیان خۆشبایە، بەڵام حەزمان کرد بەم شێوەیە بیخەینە بەردەستی خەڵك، زۆر زۆر بەختەوەرم دوێنی بەیانییەکەی دوکتۆر جەزا لە بەشی جوگرافیای زانکۆی سلێمانی

تەلەفۆنی بۆ کردم، کەزۆر زۆر خۆشم دەویّت، چونکە قوتابییەکی زۆر زیرەکە لە کۆلیژی ئاداب بەشی جوگرافیا دەیخویّند، بڕوا بفەرموون، مامۆستا عەرەبەکان لەکوردەکان زیاتر خۆشیان دەویست، کوڕیّکی ڕیّك و پیّك، یەکجار بەختەوەر بووم گووتی:مامۆستا ئا ئیستا کتیّبەکەم تەواو کردووە، ئەو قسانەی ئەو کردی مەگەر خۆتان بچن دیدەنی لەگەڵ دا بکەن، دەربارەی ناوەڕۆکی کتیّبەکە.

* بەم بۆنەیەوە دوکتۆر (ڕەزوان بادینی)م تازە بینی حەزی دەکرد جەنابتان ببینیّت، زۆر سلاّوی لیّ دەکردی.

سلاّوریّزم هەیە بۆی.

*** هەندیّ جار دەگووتریّ، میّژوونووسە کوردەکان بە شیّوەیەکی گشتی کەم جیاوازی دەکەن لەنیّوان نووسینی ئەدەبی و نووسینی میّژوویی، زۆرجار شیّوازی ئەدەبی و عاتفی تیّکەڵ دەبن بە نووسینەکانیان کە ئیّمە لە زانکۆکاندا لە ڕیّبازی لیّکۆڵینەوەی زانستی دەڵیّین نابیّ وا بیّت. ئەوە وایە، یاخود موبالەغە کراوە،ئەگەر وابیّ هۆی چییە؟**

– پیّموایە کەمیّك زیّدەڕۆیی هەیە، ئەو زیّدەڕۆییە لە دڵسۆزییەوە هاتووە، وا بزانم ئەبیّت میّژوونووس هەرگیز شیّوازی ئەدەبی دەربڕین نەخاتە میّژووەوە. من خۆم کە خامە ئەخەمە سەر کاغەز بیر ناکەمەوە کە بەتایبەتی ئەبیّ بەفلاّنە شیّواز بنووسم، بەس شیّوازەکە وەها دیّتە دەرەوە و خۆم دڵم پیّی خۆشە، ئەوە ئەزانم خویّنەرەکان زۆر قایلن بەم شیّوازی نووسینە، هەیە زۆر ڕەق و سەخت دەنووسیّ، من مەیلم بەلای ئەمەوە نییە. هەموو بەرهەمیّك دەبیّت لەلای خویّنەر دلگیر بیّت ، تەنانەت بڕوا ئەکەی وتاری زۆرباشیان لەسەر ئەم کتیّبە (دوابەرهەمەم) نووسیوە. وتاری یەکجار نازداریان نووسیوە، دیّرەکانی کە بە فۆنتی گەورە نووسراوون خویّندوومنەوە، بەلاّم ئەوانی تر تاقەتم نەبوو بیخویّنمەوە چونکە هیّند ورد نووسرا بوون، تەنانەت دەبیّت ئەوەش لەبەرچاو بگیریّت. تەنانەت بارستی یاخود حەجمی پیتەکان ڕەچاو بکریّت، کە دەبیّت ئەو شیّوازە لەبەرچاو بگیریّت، دلگیر بیّت لەلای خویّنەران.

*** ئیّستا یەکیّك لە دەزگا گەورەکانی کوردستان، لەوانەیە گەورەترین دەزگا بیّت ئەوە دەگەڕیّنیّتەوە بۆ ئەوەی کە تیّچوونی کتیّبەکە کەم دەبیّت، لەسەر ئەو بنەمایەیە؟**

– لێرەدا دەمەوێت وردە گلەییەك لە مامۆستا بەدران بکەم، زۆر حەزمان دەکرد کتێبەکە لێرە لە هەولێر لای ئەو یا لە سلێمانی چاپ بکرابایە، بەڵام کە سەیر دەکەین وشەکانی زۆر وردن وابزانم فۆنتی ١٢ یە ، بەڵام دەبێت پیتەکان بەجوانی بنووسرێن و گەورە بکرێن.

*** کاك دوکتۆر یەك لەو بووارانەی مێژووی کورد کە کەم کاری لەسەر کراوە، کاری نووسین بەشدارییەکی زۆر باشت لێ کردوە، بەڵام قەت بیرت لەوە نەکردۆتەوە و هەوڵت نەداوە یان رێك نەکەوتووە کە مێژووی کورد بکرێتە بابەتی فیلمێکی سینەمایی، یان فیلمی دۆکیۆمێنتی. میللەتەکانی تر لەم بووارەدا کاریان کردووە، دیارە خوێنەر هەرچەند زۆر بن بەڵام سنووردارن، لەوانەیە هەموو خەڵك خوێندەوار نەبن، یاخود کتێب نەکڕن، یان کاتیان نەبێت، بەڵام لەوانەیە فیلمێکی سینەمایی کەسی نەخوێندەوار دەتوانێت ئەو فیلمە ببینێت؟.**

– هەموو ئەزانین کە فیلمی مێژوویی یەکجار یەکجار خەڵك رادەکێشێت، وەختی خۆی هێشتا گەنج بووین زۆر مەیلمان بە لای فیلیمی مێژووی ئەرۆیی، ئێمە لەم بووارە بەراستی دواکەوتووین، رەنگە نەپرژاوینەتە سەر ئەو لایەنە زۆرم پێ خۆش بوو کە لە لەندەن کە ئێستا لە بیرم نەماوە ئەو برایەی کە هات بۆماوەی ٥ سەعاتێك ئەو برایە ریپۆرتاژی لەگەڵ من دا کرد و گووتی: ئەمە ئەیکەین بە فیلیمی دۆکیۆمێنتی، ئەوە شتێکی باشە و هەنگاوێکی باشە.

*** کاك دوکتۆر سەبارەت بە مێژوونووسە عەرەبەکان، ئەوانەی لەسەر مێژووی کوردیان نووسیوە، یا بڵێین لەسەر مێژووی هاوچەرخی کوردیان نووسیوە، پێت وایە چەند خزمەتی مێژووی کوردیان کردووە؟**

– زۆر بە داخەوە مێژوونووسە عەرەبەکان نەك هەر کەم خزمەتی مێژووی کوردیان کردووە، بەڵکو هەوڵیان داوە گەلێ لاپەڕەی پرشنگداری ئەو مێژووە بشێوێنن، سەیرکە مامۆستا عەبدولڕەزاق حەسەنی مێژوونووسێکی گەورەیە لەگەڵیا یەکجار نزیك بووم ، پەیوەندی مامۆستا مەسعوود محەممەد لەگەڵیدا، ئێمە پەیوەندیمان یەکجار یەکجار نزیك بوو لەگەڵیدا، لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسیندا هەست دەکەی زۆر بەئاسانی نوقرچی لە کورد گرتووە ، بەخۆیم وتوە لەسەر جێگە کەوتبوو ناچار بوومە پێی بڵێم، وە دوا ساڵانی پێیم وت مامۆستا تۆ زۆڵمی زۆرت لە مێژووی نەتەوەکەمان کردووە؟

*** دوکتۆرێـك لـەلای خۆمـان دەی گـوت مـن پێمـوایـە عەبـدولرەزاق حەسـەنی زیـاتر کەرەستەی کۆ کردۆتەوە، لەبەردەستی مێژوونووسی داناوە، نەك خۆی مێژوونووس بێت!**

– راستە، راستە ئەو کەرەستەی کۆکردۆتەوە لەبەردەستی مێژوونووسی داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نوقورچەکانی خۆی هەر گرتووە، بەڵام ئێمەش دەبێت لەلایەن خۆمانەوە هەوڵ بدەین مێژوونووسە عەرەبەکان تێبگەیەنین، کە مێژووەکەی ئێمە چییە، بەعزە کەسێك پێی ناخۆشە کەمن بڵێین بەرهەمێکم بە عەرەبی دەنووسم، بەڵام ئەوە پێویستە، بمانەوێ و نەمانەوێ پێویستە مخاتەبەی عەرەب و تورك و فارس بکەین، ئینجا چەند مێژوونووسێکی گەنجی عەرەب، ئێستا شەیدای مێژووی کوردن و لە کوردەکە باشتر مێژووی کورد ئەنووسن، یەکێکیان "دوکتۆر عادل تەقی " یە، کە مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە لەنزیکەوە ئەیناسێ، وا بزانم بە شانازییەوە باسی کردووە لە کتێبەکەماندا چونکە کتێبێکی بڵاوکردەوانێ دەربارەی بارزانی گەورە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقیدا لە رۆژگاری پاشاییدا، ئەو بەڵگەنامانە تەنیا لەلای ئەو دەست دەکەوێت، بەڵێ هی وا هەیە دەتوانین هەوڵ بدەین، بەڵام ئەو هەوڵەمان تا ئێستا درێغی زۆر زۆر تێدایە.

*** کاك دوکتۆر ئێمە زۆرجار هەندێك بابەتی مێژووی کورد دەڵێین و دەنووسین بەڵام زۆر لێی قووڵ نابینەوە، بۆنموونە شەرەفخانی بەدلیسی، ئێمە دەڵێین شەرەفخانی بەدلیسی یەکەم کەس بووە کەمێژووی کوردی نووسیبێت وەکو میرێك، بەڵام ئەو پرسیارە ناکەین بۆچی میرەکانی تریش ئەو کارەیان نەکردووە، بۆچوونێك هەیە دەڵێت شەرەفخان بە منداڵی لەگەڵ منداڵانی میرەکان یا شاکانی سەفەوی گەورە بووە، ئەوە کاریگەری بووە، دوایی کە بینوویەتی کە سەوفەوییەکان گرنگیان بە نووسینی مێژوو داوە ، هەربۆیە ئەویش هاتووە لە کوردستان گرنگی داوە بەنووسینی مێژووی کورد. چۆن کەسێك دەچێتە وڵاتێکی دەرەوە دیاردەیەك دەبینێت ئەوجا باش یان خراپ کاریگەری دەبێت بەسەرییەوە کە دێتەوە وڵاتەکەی ئەوە پەیڕەو دەکات، تۆ لەگەڵ ئەو رایە دای یان بۆچی لە نێو ئەو هەموو میرە کوردانەدا تەنیا شەرەفخان ئەو کاری کردووە؟**

– من دڵنیام کە شەرەفخانی بەدلیسی مێژوونووسێکی هەرە گەورەی نەتەوەکەمانە، ئەو و بایەزیدی و ژمارەیەکی تر لەو جۆرە مێژوونووسانەی کە هەستی نەتەوەیی بزووانـدوونی، وەبەرهەمی شەرەفخانی بەدلیسی بووە بەبابەتی نامەیەکی دوکتۆرا لە

یەکێتی سۆڤیەت بە زمانی رووسی کە ئەمە شتێکی کەم نییە، بێگومان هەستی نەتەوەیی ئەوی بزواندووە، لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا بە دەگمەن پیاوی وەك شەرەفخانی بەدلیسی لەناو ئەو میرە کوردانەدا هەڵکەوتن، هەڵکەوت مەسەلەن میرەکانی بەدرخان گاڵتە نین، کوردایەتی ئەوانیش، کە دریژخیان لە کوردایەتیدا نەکردووە ، ئەوەش لە یاد نەکەین کە دوژمنانی کورد بە خوێنی سەریان تێنوو بوون، هەتا وەکو ئێستا نەوەی بەدرخانییەکان دەریەدەرن.

*** پێت وانییە کە سەفەرییەکان کاریگەرییان لەڕووی ئیجابییەوە بەسەر شەرەفخانی بەدلیسییەوە هەبێ، جاری وا هەیە مرۆڤ کاریگەری ئیجابی دوژمنیشی بەسەرەوە دەبێ لەوانەوە فێری گرنگی نووسینی مێژوو ببێ؟**

– ئەمە ڕاستە زۆر ڕاستە، ئێمە پێویستە لە مێژوونووسە گەورەکانی نەتەوەکانی تر زۆر شت فێربین، بۆنموونە (ابن خلدون) گاڵتە نییە، بڕوا بکە ابن خلدون دەوروبەری سەدەیەك بەر لە مکیافیللی بۆچوونەکانی ئەوی دەربڕیوە و (ابن خلدون) یەکەم مێژوونووسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئەڵێ مێژوو زانستە لە کتێبی (مقدمة) دا چەند جارێك دووپاتی کردۆتەوە کە مێژوو زانستە. کە بێیتە کتێبخانەکەم انشاالله دێیت و دەبینی، دەیان و دەیان وەڵلا دەیان زیاتر لە کتێبی مێژوونووسە عەرەبە گەورەکانم هەیە کەڵکی باشم لێ وەرگرتوون.

*** کاك دوکتۆر بۆچوونێك ئێستا هەندێ نووسەر دەیڵێن کاتێك ڕەخنە لە زانکۆکانی ئێستا دەگرن، بێگومان زانکۆش لە هەر وڵاتێکدا کەم و کوڕی هەیە، دەڵێن کە توێژی یەکەمی ڕۆشنبیری کوردی، ڕۆشنبیرە یەکەمییەکانی کوردی ئەوانەی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست، دەرچووانی زانکۆ نەبوونە، زانکۆ کاریگەرییەکی نەبووە بەسەر ئەوان پێت وانییە ئەو ڕایە هەڵەیە چونکە کەسێکی وەکو پیرەمێرد وەکو محەمەد ئەمین زەکی، مەعروف جیاووك دەرچووی زانکۆ بوونە؟**

– سەد دەر سەد لەگەڵت دام، هیچ مەرج نییە مێژوونووسێکی گەورە دەرچووی زانکۆ بووبێت، پێش ئەوەی زانکۆ لەجیهان پەیدا بووبێ مێژوونووسی گەورە هەبووە، هیرۆدۆتس ئایا زانکۆی تەواو کردووە کە ئێمە پێی دەڵێین باوکی مێژوو، من بێم داوا لە پیرەمێرد بکەم دەرچووی زانکۆ بێت یان زۆر کەسی تر وەك ئەوو جەمیل سائیب ناتوانی تۆ ئەو داوایە بکەی. من شتێك هەیە دەیڵێم ئێستا یەکێك لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی ئەکادیمیای

زانستی کوردستان مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم)ـە. هەمیشە ئەو قسەیەشم کردووە، کە ئەوەشت پێ بڵێم کە کاکە حەمە هەندێ جار نووسینی دژی من هەیە. بەڵام هەمیشە ووتومە کە کاکەحەمەی مەلا کەریم کە دەرچووی پێنجی سەرەتایی نییە، هەر لە مزگەوتا خوێندوویەتی نایگۆڕمەوە بە دە خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرا لە بواری مێژوودا. ئەی (مەلا عەبدولکەریم مدرس)ی باوکی (علماؤنا) و ئەو کتێبە گەورانەی دەری کردووە مەرج نییە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە بم، بەڵام گاڵتە نییە، یاری منداڵان نییە، شەونخونی دەوێ.

*** کاک دوکتۆر داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام پیرەمێرد، ساڵی ۱۹۰۵، وابزانم دەرچووی کۆلێجی ماف بووە، واتە پیرەمێرد و محەمەدئەمین زەکی بڕوانامەیان هەبووە، ئەگەر لەبواری مێژووش نەبێ؟**

– مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی ئەفسەر بوو، پیرەمێرد مافی تەواو کردبوو. مەعروف جیاووکیش هەر مافی تەواو کردبوو، مەعروف جیاووک درێغی نەکرد تەنانەت برا عەرەبەکان قەرزاری مەعروف جیاووکن، بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڤاری (حقوق)ی بە زمانی عەرەبی دەرکردووە ، لە وڵاتی عوسمانیدا یەکێکە لە گۆڤارە هەرە زووەکانی ئەو بووارە.

*** کاک دوکتۆر پێت وانییە تاکو ئێستا کەم لەسەر ئافرەتی کورد نووسراوە، بۆنموونە ئێمە باسی سەرکردەکان دەکەین، بەڵام زۆر لەو کتێبانەی لەسەر شێخ مەحموود یان لەسەر سمکۆن، لەوانەیە بەدێڕێك یان پتر ئاماژە بەوە بکەن چەند ژنی هێناوە و ئەو ژنانەی چەند کاریگەریان لەسەر هەبووە یان ناوی کچەکانیان زۆرجار ئەوانە وەکو ئەوەی شەرم بن باسیان لێوە ناکرێ، ئەمە بۆ لەمێژووی کورد دا وایە؟**

– ئەمە دیاردەیەکی دیارە، چونکە لە ڕۆژانی دەرەبەگیدا ئافرەت ئەو سەنگەی نییە لە کۆمەڵگادا، بەڵام بڕوا بکە ئافرەتی یەکجار لێهاتوومان هەیە، حەپسەخانی نەقیب، قەدەم خێر، عادلەخانی جاف ئەمانە کەم نین، بڕوا بکە هەندێ بەڵگەنامەم دەربارەی حەپسەخانی نەقیب دۆزیوەتەوە دیاری دەخا کە ڕۆڵی هەبووە لە ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوول ساڵی ۱۹۳۰، تەنانەت ڕۆڵەکەی لە ڕۆڵی شێخ مەحموود گەلێ پتر بووە، بەڵکو ڕایەك هەیە دەڵی شێخ قادر بە حەپسەخانەوە پیاو بوو، شێخ قادر برای شێخ مەحموود بوو، یەکەم سەرۆك وەزیرانی کورد بوو لە مێژوودا. لەدوای ئەوە قسەیەك هەیە کە دەڵێ (وراء كل عظيم أمرأة) واتە لەدوای هەموو مەزنێك ئافرەتێك هەیە.

* ئەو ئافرەتانەی باسـت كـردن لەسـەریان نووسـراوە، بـەڵام زۆری تـر هـەن لەپـشت پەردەوە ڕۆڵیان هەبووە و لەسەریان نەنووسراوە، ئەمەش كەلێنێكە لە مێژووی كوردا؟

– جا تـۆ سـەیری بـەرگی دوا كتێبـی مـن بكـە دەبـینی لەسـەری نووسـراوە (عەبـدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری)، وەڵڵاهی بەئاشكرا پێت دەڵێم مـن ئـەوەم نـەكردووە و مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە پرسی پێم كردبایە دەمگوت: نا، ناوی شـەهلا مەهێنـە، چـونكە ئەترسم خەڵكەكە بەجۆرێكی تر لێكی بدەنەوە. بەڵام بڕوا بكە ئەگـەر شـەهلا نەبووایـە مـن نەمدەتوانی ئەم بەرهەمە دەربكەم.

* بەڵام ئەمە كارێكی ئاساییە خەڵك هەبن یارمەتی نووسەرێك بدەن لە بەرهەمەكانیـدا بۆنموونە سەعید نوورسی قوتابیەكانی قسەكانیان نووسیوەتەوە و ئێستا ئەو كتێبانـە بـە نووسـینی سـەعید نوورسـی نـەك قوتابییـەكانی دادەنرێـت، لەمێـژووی ئیـسلامی مێژوونووسێكی وەكو (سیوطی) ژمارەیەكی زۆر كتێبی هەیە كـە قوتابییـەكانی یارمـەتیان داوە لە نووسینی.

– ڕاسـتە زۆر ڕاسـتە، بـەڵام لەوانەیـە خـەڵك بـەجۆرێكی تـر لێكـی بداتـەوە. بۆنموونـە شەهلا تەمەنی یارمەتیدا زوو فێری زمانی ئینگلیزی ببـێ، ئـەو لەلایـەك زیـاتر لـەمن لەگـەڵ خەڵكەكە تێكەڵ دەبوو، بەتایبەتی كە هەفتەی دووجار دەچوو زمـانی ئینگلیـزی دەخوێنـد ئـەو شـتانە زۆر یارمـەتی كارەكـەی منیـان دا، یـەكجار یارمـەتی كارەكـەی منیـان دا، فایلەكانمان وەردەگرت من سەیری ئەو فایلانەم دەكرد، دەمزانـی كامـە بـۆ ئێمـە پێویـستە كامە لەسەر كوردە، جـاری واهـەبوو فایلمـان وەرگرتـووە (٧٠٠) لاپـەڕە بـووە، لـەو (٧٠٠) لاپەڕەیە (١٠) لاپەڕە بۆ ئێمە پێویـست بـووە، ئـەو ئافرەتـە دابنیـشێ (٧٠٠) لاپـەڕە وێنـە بگرێ یان بەپارە وێنەی بگرین زۆر گران بووە چونكە هەر سێ بەڵگەنامـە بـەپاوەنێك بـۆت وێنە دەگیرا، من بچم (٧٠٠) لاپەڕە وێنە بگرم دوایی دەربچێ (١٠) لاپەڕەی لەسەر كـوردە، نا، هەموویم بۆ دەست نیشان دەكرد ئەو دەستی دەكرد بە وێنە گرتنی ئـەو بەڵگەنامانـەی لەسەر كوردن بەشێوازێكی سەرەكی.

* كاك دوكتۆر سـەبارەت بـە ئـەكادیمیای كـوردی، جـەنابتان لـە ئـەكادیمیای كـوردی ئەندامن، بەرنامەتان لە بوواری مێژوودا چییە؟ دیارە ئەكادیمیای كوردی هـەر لـە بـوواری مێژوودا كار ناكات بەڵام لە بوواری مێژوودا بەتەمای چین؟

– جارێ زۆر بەداخەوە من بۆ یەکەمجار ڕۆژێ یەك شەممە چوومە ئەکادیمیای زانستی کوردستان، چونکە من لێرە نەبووم، بەڵام ئامادەی کۆبوونەوەیەك بووم بینیم جۆرە دیموکراسییەك هەبوو لە ووتوێژدا، شەفیق قەزاز سەرۆکی ئەکادیمیا داوای لێکردم بەرگی دووەمی ئەم کتێبە وەکو بڵاوکراوەی ئەکادیمیای زانستی کوردستان چاپ بکرێ، منیش زۆر بەختەوەر بووم. یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی جەبار قادرە کە زۆر خۆشمەدەوێ و زۆر زیرەکە.

*** پێت وانییە کە مێژووی کۆنی کورد ڕوون نییە یان ئەو مێژوونووسانەی نووسیویانە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ئاسان بینووسن و لە خەڵکی بگەیەنن؟**

– من لەسەرەتادا حەزم دەکرد مێژووی کۆنی کورد بنووسم، بەڵام دواتر ئەوەم بۆ ڕێك نەکەوت، بۆ مێژووی کۆنی کورد سەرچاوە زۆرە، بۆنموونە لە کوردستان کشتوکاڵ دۆزراوەتەوە کە ئەمە کەم نییە.

*** کاك دوکتۆر ووتت لەسەرەتادا حەزم لە مێژووی کۆن دەکرد، تەنانەت ئارەزووم دەکرد لەو بابەتە بنووسم، بەڵام جەنابت نازانم چەند جار هاتوویتەوە کوردستان، ئایا لەم ماوانەدا سەردانی مۆزەخانەکانی کوردستانت کردووە سەرنجت چییە لەسەریان؟**

– نا بەداخەوە، چونکە کەم هاتوومەتەوە، ئەوەتا پێش سێ ساڵ لەمەوبەر نەهاتوومەتەوە کە هاتوومەتەوە دەرفەتی ئەوەم نەبووە، ئەمەش ئەو پرسیارە ئاراستەی مامۆستا عەبدوللا زەنگەنە بکە، چونکە من جڵەوی کاری خۆم داوەتە دەست ئەو، ئەو بەئارەزووی خۆی دەمبا بۆ هەرشوێنێك.

*** داوای لێدەکەین ئەوەش لە بەرنامەدا دابنێ، مۆزەخانەی هەولێریش زۆر لێمان نزیکە.**

– پڕ بەدڵ حەز دەکەم.

*** کاك دوکتۆر بوارێکی تری مێژوو یادداشتە، لەناو کورددا یادداشت نووسی گەورەمان هەیە. ئەوانەی قۆناغی یەکەم ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد خواجە، ئەحمەد تەقی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش یادداشت نووسین زۆرتر بووە. ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بەشداری شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان و شۆڕشی نوێی کوردیان کردووە یادداشتی خۆیان نووسیوەتەوە، بەڵام ئێمە لە بازاڕی کتێب یادداشت دەبینین بەناوی**

تەیموورلەنگ، بەناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، بەناوی سەعد زەغلول، بەناوی ئەحمەد عرابی، بەڵام نابینین سمکۆی شکاك، بارزانی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یادداشتی خۆیان نووسیبێ. ئایا بۆچی کورد لەم ڕووەوەش لە میللەتانی تر دواکەوتوە؟

– من جارێکی تر ئەم پرسیارەیان لێ کردووم و هەمان وەڵامت دەدەمەوە. جارێ یادداشت لەبواری مێژوونووسیندا سەرچاوەی ڕەسەنەو منیش هەمیشە بەقووتابییەکانم دەڵێم ئاگادارین لەڕووی گرنگییەوە لەدوای بەڵگەنامە یادداشت دێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئاگادارین یادداشتنووس بەپێی سروشت هەمیشە هەوڵ دەدات لایەنە باشەکانی خۆی باس بکات، لایەنەکانی تر پەردەی بەسەردا بدات یان پاساوی بۆ بهێنێتەوە، یادداشت زۆر پێویستەو یادداشتنووسی باشمان بۆ هەڵکەوتووە، ناوی ئەو سیانەی کە هێنات، بەڵام کەی شێخ مەحموود یان بارزانی گەورە یان سمکۆ کەی دەرفەتی ئەوەیان هەبووە فریا بکەون ڕۆژێك لە ڕۆژان یادداشتی خۆیان بنووسنەوە، ئێستاش بیرمە کە لە ساڵی ١٩٧٤ لەسەرەوە بووین کەمن دامە پاڵ شۆڕش و لەبواری ڕاگەیاندن کارم دەکرد، پەیوەندیم زۆرخۆش بوو لەگەڵ خوالێخۆشبوو دارا تۆفیق. ڕۆژێکیان دارا تۆفیق پێی ووتم کە ئێمە نیازمان وایە کارێکی وابکەین لەکاتێکدا بارزانی باوك دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێ کە کاری نابێ دابنیشێ سەرگوزشتەی ژیانی خۆی و ڕووداوەکان بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی بیکەینە کتێبێك، بەڵام ئەوەندی پێنەچوو ڕێککەوتننامەی جەزائیر بەستراو هەموو شتێك گۆڕا، ئێستا دەڵێم خۆزگە خۆزگە کە بارزانی چوو بۆ ئەمەریکا لەگەڵی بڕۆشتمایەو لەوێ فشارم بخستایەتە سەری، چەندم پێبکرایە لە یادداشتەکانی بینووسم، کەی دەرفەتیان هەبووە، شێخ چۆن ئەیتوانی و لەکوێ فریا ئەکەوت بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، هەمیشە لە شاخ و داخ ژیانیان لە مەترسیدا بووە.

*** بەڵام پێت وانییە شێخ مەحموود لەو ساڵانەی دەست بەسەربووە بوواری هەبووە ئەگەر نیازی هەبوایە یادداشت بنووسێتەوە؟**

– ڕاست دەکەی ئەوە لەوەدا دریغی کرد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کوڕانی شێخ مەحموود، چونکە بابە عەلی کەم نییە، بابەعەلی پیاوێکی گەورەیە ماستەری لە کشتوکاڵ لە زانکۆی فیکتۆریا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەرگرتووە. شێخ ڕەئووف شێخ مەحموود کوڕە گەورەی شێخ

مەحموود بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە. مەحموودی کوڕی شێخ ڕەئووف لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوەندی پێوەکردم ووتی دەمەوێ بیرەوەرییەکانی باوکمت بۆ بێنم چاوێکی پێدا بخشێنییەوە، بەداخەوە تا ئێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵنەکەوتووە، کەواتە ئەگەر بووار هەبووایە دەتوانرا ئەو بیرەوەرییانە بنووسرایە یان خەڵکی تر، پێشکەوتووخواز، نیشتمانپەروەری ڕەسەن، کوردی ڕەسەن لە داریکەلی لای شێخ مەحموود بوون ئێ دانیشتوون شەو ورۆژ هەر قاوەتان خواردۆتەوە یان چاتان خواردۆتەوە یان تەسبیحتان بەدەستەوە بوو، دانیشتبوونایە لەلای شێخ مەحموود هەر پرسیارتان لێ کردبایە و وەڵامەکانتان نووسیبایەو ئەوەتان کردبوایە دیاری بۆ کتێبخانەی کوردی.

* کاك دوکتۆر جەنابت گرنگی بەڵگەنامە دەزانی، لەم بووارەدا کارت کردووە، ئەم کتێبە بەنرخەی دوایت چاپ کردووە، پەیوەندیشت لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکانی کوردیش لەوانەیە باش بێ، هەوڵ نادەن سەنتەرێکی پاراستنی بەڵگەنامە یان دەکیومێنت لەکوردستان، بەتایبەتی ئەو کاغەزو پەڕاوانەی تایبەتن بە فەرمانگەکانی کوردستان تیادا کۆ بکرێتەوە، ئەوەی لەدەست چووە جێگای داخە، بەڵام با فریای ئەوە بکەوین کە دەکرێ فریای بکەوین، ڕاستە لە سلێمانی شتێك هەیە بەڵام سەرانسەری نییە؟

– زۆر زۆر پێویستە، تەنانەت لە بەڵگەنامەکانی تاپۆدا یان لە بەڵگەنامەکانی کشتوکاڵدا مێژوونوسی ڕاستەقینە دەتوانێ شتی ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە زۆر بەکەڵکن بۆ لێکدانەوەی مێژووی نەتەوەکەمان، لەبەر ئەوە پێویستە و کاك (تارق جامبان) ئەم بابەتەی لەپەرلەماندا هێناوەتە پێش، پێویستە ئەکادیمیای زانستیش گرنگی بەو لایەنە بدات، پێویستە هەموو لایەك نەهێڵین لاپەڕەیەکمان بفەوتێ هەمووی کۆ بکرێتەوە و دەزگایەکی تایبەتی هەبێ بۆ پاراستن و ڕێکخستنی ئەو بەڵگەنامانە بەپێی بابەت.

* کاك دوکتۆر لە ڕاستیدا ڕایەك هەیە، مەرج نییە منیش سەد دەرسەد لەگەڵ ئەو ڕایە دابم، دەڵێت کە ئێمە لەمێژووی کورددا دوو جۆرە مێژوومان هەیە، مێژوویەکی نووسراو ومێژوویەکی زارەکی، بۆنموونە سەرکردەیەك یان کەسایەتییەکی دیار، بازرگان یان کەسایەتییەکی ئاینی یان سەرکردەیەکی سیاسی پلە دوو یان پلە سێ، جاری واهەیە هەمان کەس لە نووسینەکاندا وەکو کەسێکی میسالی باس دەکرێت، بەڵام لە دانیشتنە تایبەتییەکاندا، خەڵکی ئاسایی ئەوانەی هاوچەرخی ڕووداوەکان بوونە، بەجۆرێکی سلبی

**یان لایەنی کەم نیوە سلبی باس لەهەمان کەسایەتی دەکەن، لێرەدا دەتوانین بڵێین نووسراوەکان پتر پیرۆزی دەدەنە مێژوو، بەڵام شتە نەنووسراوەکان لەهەندێ کاتدا پتر ڕاستن، بەلام لەبەر هەندێ هۆی سیاسی بێ یان بنەماڵەیی لەوانەیە نەتوانرێ ئەو شتانە تۆمار بکرێ، جەنابت ئەو رایە چۆن دەبینی؟**

– کاکە کە تۆ جڵەوی خۆت دایە دەست هەست کە لەبەر لایەنێك یان لەبەر خاتری سەرۆکێك ڕاستییەکانت شاردەوە تۆ کارێکی باش ناکەی، کارەکەت بابەتیانەو ڕێکوپێك دەرناچێ. ئێمە دەبێ بەدوای هەموو لایەنەکاندا بگەرێین، کەس نییە بێ هەڵە بێ، کەس نییە بێ کەموکورتی بێت. ئێستا من خۆم هەر یەکێك لە کتێبەکانم جارێکی تر بنووسمەوە، دوای ئەوەی ئەو بەڵگەنامانەم دیوە، هەڵبەت قووڵتر دەینووسمەوە، لەبەر ئەوە ئەوە شتێکی ئاساییە، ئەوەیش لەبیر نەکەی فۆلکلۆر سەرچاوەیەکی ڕەسەن ڕەسەنە بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد، تەنانەت گۆرانی لایەنی سیاسی تێدایە سەرچاوەیەکی ڕەسەنە بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد.

*** دەستنووسی مەلاکان ئەو حاشیانەی کە نووسیوویانە، ئێستا (دکتور عیماد عەبدولسەلام رەئوف) لەبەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین دەگەرێ سوودی باشی لێ وەرگرتووە، جەنابت تا چ ڕادەیەك ئەوانەت بینیووە کارت لەسەر کردوون؟**

– جارێ دوکتۆر (عیماد عەبدولسەلام) برادەرێکی زۆر نزیکمە و زۆر شارەزایە و زۆریش دڵسۆزە. ئەوکات لە ڕۆژگاری سەدام هەمیشە بە خۆیم دەووت تۆ بەم بالایە و بەم سپیکەڵەیی و بالابەرزییە، ئەمووت بتەوێ و نەتەوێ ئێمە بە کوردت دادەنێین. ئاگات لێبێ خزمەتی مێژووی کوردیش بکە. خوا هەڵناگرێ لە خراپترین ڕۆژگاری صدام شتێکی خراپی دەربارەی کورد نەنووسی و وێرای ئەوەی کە ژنەکەشی کوردە، شتی باشیشی نووسیوە. خەڵکی تریش درێغیان نەکردووە، پێویستە ئەو لایەنانە هەموویان بایەخیان پێ بدەین، هانیان بدەین، بۆنموونە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی خزمەتێکی یەکجار زۆری کردووە، ڕێگای ئەدەم بڕوا بۆ کوێی دەوێ لەوێ کاربکات و بووارەکە زۆر فراوانە بە کەسێك و دوو کەس تەواو نابێ. دیسان دەگەرێمەوەو دەڵێم ئەوە ئەرکی زانکۆکانە ئەبێ خەڵك ئامادە بکەن و وایان لێبکەن ئەو بووارەیان خۆشبووێ و دڵنیایان بکەن کە بەجێبەجێ کردنی کارەکەیان ئەرکێکی نیشتمانی جێبەجێ دەکەن.

*** پێت وانییە کە سەرۆکی حکومەت لە چەند بووارێك ڕاوێژکاری هەیە، باشتر دەبوو ئەگەر ڕاوێژکارێکی مێژوویشی هەبووایە؟**

– خۆزگە و هەزار خۆزگە، میکیاڤێللی دەڵێ تۆ دەبێ ڕای هەموو کەسێك وەرگری، مەرج نییە تۆ بەقسەی ئەو کەسە بکەی، بەڵام دەبێ ڕایان وەربگری، وەڵڵا زۆر زۆر باشە ڕابەرانی کورد، ڕاوێژکاری مێژووییان هەبێ.

*** یان بەلایەنی کەم سیاسەتمەداران بۆ نموونە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی چەند کۆرسێکی مێژووی کورد وەربگرن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە کەسێك لەبوواری سیاسەت کار دەکات دەبێ شارەزایی لەبوواری مێژوودا هەبێ.**

– دەبێ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەوە دڵنیابن کە ئەگەر هەنگاوێکی وا بنێن لەلای خەڵکەکە گەورەتر دەبن، ئەوان ڕاستە لەبوواری خۆیاندا شتی ئەوتۆ دەزانن کە ئێمە نایزانین، لەبوواری سیاسەتدا ئەو شتەی کە ئێمە ئاگامان لێ نییە وە پێویستمان بەوان هەیە، بەڵام ئەوان زۆر پێویستیان بە مێژوونووسێك هەیە شتیان بۆ بگێڕێتەوە، چونکە من کتێبێکم هەیە لەسەر مێژوو باسی ئەوانەم هەموو کردووە.

*** کاك دوکتۆر جەنابت ماوەیەکی زۆرت لە ژیانی خۆت بۆ نووسین و خوێندنەوە لەبوواری مێژووی کورد تەرخان کردووە، ئایا هەست ناکەیت لەوانەیە کاریگەری هەبووبێ بەسەر ئەوەی ماوەت کەمتر بووبێ لە مێژووی گشتی کەمتر بخوێنییەوە، یان حەزت کردووە کۆمەڵە کتێبێکی دیاریکراو بخوێنیتەوەو بووار نەبووبێ؟**

– نەخێر، ئەوەی ڕاستی بێت مێژوونووسێك کە بەکاری خۆیەوە خەریك بێت، جیاوازە لەو کەسەی کتێبخانەیەکی گەورەی هەبێ و هەر خەریکی خوێندنەوە بێت، ڕاستە منیش دەرفەتم کەمتر بووە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەمیشە هەموو ڕۆژێك دەرفەتم بۆ ڕێك کەوتبێ، هەوڵمداوە بەرهەمە ڕەسەنە دەڵەمەندەکان بخوێنمەوە.

*** بێجگە لە مێژوو حەزدەکەی لە چ بووارێکی تردا بخوێنیتەوە؟**

– حەز لە شیعرو ئەدەب دەکەم.

*** سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی لە کتێبی نووسەرێکی میسری خوێندمەوە کە ئێستا لە ئەورووپا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەکو بەڵگەنامە سەیر دەکرێن، بەلام لەلایەکی تریش هەندێك پێیان وایە کە ڕۆژنامە و گۆڤار وەکو سەرچاوەی مێژوویی کۆمەڵێك گرفتی هەیە،**

**یەکێ لەوانە مێژوونووس نابێ لە کارەکەیدا پەلە بکات، بە وردو قووڵی دەبێ بچێتە ناو بابەتەکەی، بەڵام ڕۆژنامەنووس لەکاتی ڕوودانی ڕووداوێك ناچارە ڕۆژی دواتر یان هەفتەیەك دواتر لەسەری بنووسێ لەبەر ئەوە پەلەکردن لە کارەکەیدا دەبێ. یان ڕۆژنامەکانی ئێستا دەبینین زۆرجار هەر ڕۆژنامەکە خۆی هەواڵەکەی خۆی بەدرۆ دەخاتەوە یان داوای لێبووردن دەکات، یان ئەو ڕۆژنامانە هەر یەکە لایەنێکی حیزبی سیاسی ئایدیۆلۆژی جۆربەجۆری لەپشتە، ئایا ڕای جەنابتان لەم ڕووەوە چۆنە؟ ڕۆژنامەگەری سەرچاوەیەکی لاوازە یان لەگەڵ ئەو ڕایەی کە وەکو بەڵگەنامە سەیری بکرێ؟**

– ڕۆژنامە و گۆڤاریش بۆ مێژوونووس بە سەرچاوەی ڕەسەن دادەنرێت، هەڵبەت ناگاتە ڕادەی بەڵگەنامەی نهێنی حکومەتێکی وەکو حکومەتی بەریتانیا. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ووتومە و هەمیشە ئەیڵێم بە قوتابییەکانم ووتوە لە دیدەنیەکاندا وتومە بەڵگەنامە چەند بایەخی هەیە، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی زیاتر لە لێکدانەوەی ئەو بەڵگەنامانە دایە، چۆن لێکی دەدەیتەوە، یارمەتیت دەدەن چۆن لە لاپەڕەکانی مێژوو تێبگەی، لەبەر ئەوە بە قوتابییەکانم ئەڵێم مێژوونووس دەبێ گەورەی مادەکەی بێت نەك مادەکەی گەورەی ئەو بێت یان ببێتە کۆیلەی مادەکەی، بەداخەوە هەندێ مێژوونووس هەیە یەکسەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری فڵانە شت کە ڕۆژنامەیەك نووسیوویەتی بەبێ ئەوەی بگەڕێ بەدوای ڕاستییەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامە و گۆڤار سەرچاوەیەکی ڕەسەنن و شتی ئەوتۆ لەڕێگەیانەوە دەست دەکەوێ کە لەوانەیە لە بەڵگەنامەکانیشدا نەبێ، ئینجا ئەوەشت پێ بڵێم زۆر لە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان دەربارەی هەر وڵاتێکیان نووسیبێ بۆنموونە دەربارەی میسر ئەو ڕۆژنامانە تایمس و گاردیان و ئەوانە هەمووی لەناو مەلەفەکانی ئەرشیف هەڵگیراوە، من گەلێك ڕۆژنامەی ئینگلیزیم دیوە باسی پرسی کوردی تیا بووە، هەر ئەوەی شەهابی شێخ نووری شێخ ساڵح ئەگێڕمەوە چۆن لە بەندیخانە بووە پیاو سەری سوڕدەمێنێ چۆن نوێنەری تایمسی لەندەنی گەیووەتە بەندیخانەو لای شەهابی شێخ نووری و وێنەی گرتووە و بڵاوی کردۆتەوە و باسی دەکات وەکو ئەوەی یەکێك لە هەرە نزیکەکانی بنەماڵەی شێخ نووری شێخ ساڵح بێت و دەڵێ تائێستا لە سێدارە نەدراوە و بڕیاری لەسێدارەدانەکەی دەرچووە و کوڕێکی زۆر ئازا بووە و چەند

بەرگەی ئەشکەنجەی گرتووە. وتارێکی زۆر نازداری لێدەرچووە و لێرە بڵاوم کردەوە زۆر کەس زۆر بەدڵیان بوو، ڕۆژنامەگەری گاڵتە نییە.

*** کاک دوکتۆر پێت وایە وەکو ڕادەی پێویست ناوی مێژوویی لە شەقامەکانی شارەکانی کوردستان ڕەنگی دابێتەوە بۆنموونە شەقامێکی شارێکی کوردستان لە هەولێر یان لە سلێمانی بەناوی مێژوویی ناونرابێ؟**

– تۆ کە شەقامێك بەناوی شێخ مەحموود بکەی یان پەیکەرێکی بۆدابنێی یان قازی محەمەد ئەوە مانای ڕەنگدانەوەی مێژووە، بەڵام ئەبێ پیاوێکی گەورەی وەکو محەمەدئەمین زەکی شەقامێکی بەناو بێ یان پەیکەرێکی بۆ دروست بکرێ، هەروەها شەرەفخانی بەدلیسی، من داوام کردووە و داوا دەکەم کەلە زاخۆ شەقامێك بەناوی سەلاح سەعدوللا بکرێ یان پەیکەرێکی بۆ بکرێ.

# بابەتی نۆیەم

## شێخ مەحموود لە شەڕی شوعەیبەوە دژی ئینگلیز چەکی هەڵگرت و دواتر پەیوەندی لەگەڵ کەمال ئەتاتورکدا دروستکرد، ئیتر چۆن بەریتانییەکان دژی نابن؟[*]

گفتوگۆی

هێمن باقر و سۆران پالانی

(*) سەرچاوە: لڤین (گۆڤار)، ژمارە (٨٠)ی ساڵی شەشەمی ڕێکەوتی ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.

دکتۆر کەمال مەزهەر بە گەورەترین مێژوونووس و لێکۆڵیاری گەلی کورد دادەنرێت کە تائێستا لەژیاندا مابێت، هەرچەندە ئەو لە تەمەنی (٧٠) ساڵی دایە، بەڵام تا ئێستا بە حەماسەتی گەنجێکەوە بەشوێن سەرچاوە و بەڵگەنامەکاندا دەگەڕێ و ماندوونەناسانە خەریکی کار کردنە، ئەو لەئێستادا کەمتر تێکەڵاوی کۆڕ و کۆمەڵان دەبێت و دەیەوێت بەشی زۆری کاتەکانی بۆ نووسینەوەی کتێب و لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی بەردەستی تەرخان بکات، لەسەفەرێکدا بۆ سلێمانی لڤین ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ ئەوەی کە دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز بکات.

د. کەمال مەزهەر بە رووخۆشییەکی زۆرەوە پێشوازیی کردین و خۆشحاڵی و دەستخۆشیی خۆی پیشاندا سەبارەت بە گۆڤاری (لڤین) و وتی: (زۆر بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دوایی مەودای ئەوەم نەبووە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بخوێنمەوە، بەڵام وتارێکی (لڤین)م دەربارەی مامۆستا فوئاد عارف دی، ئەو وتارەم زۆر بەدڵ بوو، زۆر رێك و پێك بوو، دامناوە ئاماژەی پێ بکەم بە شێوەیەکی تایبەتی، چونکە هاتنم بۆ کوردستان لە سەرەتای سەرەتاوە بۆ ئەوە بوو کە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانی فوئاد عارف تەواو بکەم).

* لڤین: دەمانەوێت لەوێوە دەست پێ بکەین لە دوا سەفەرت بۆ لەندەن، سەردانی ئەرشیڤی نیشتمانیی بەریتانیات کرد و کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگت لەبارەی کوردەوە دەستکەوت؟ تا چەند راستە کە ئەم بەڵگەنامە تازانە، بیروبۆچوونی تۆی سەبارەت بە مێژووی کورد گۆڕیوە؟ ئەم بەڵگەنامانە کام بەڵگەنامەن؟

– د. کەمال مەزهەر: من لەساڵی (٢٠٠٥) زۆر نەخۆش کەوتم و بۆ نزیکەی (٨) مانگ لەسەر جێگە کەوتم، ناچار چووم بۆ بەریتانیا بۆ چارەسەر و بۆ ماوەی (٧) مانگ هاتوچۆی نەخۆشخانەم کرد. من وا رانەهاتبووم کە ئەوەندە بێکار بم، بۆیە هەندێك هاوڕێ پێیان وتم کە من دەتوانم لە مانچستەرەوە بچمە لەندەن و لەوێ دەرمانەکانم وەربگرم و لە هەمان کاتیشدا سەردانی ئەرشیڤی نیشتمانیی بەریتانی بکەم. دەمزانی کە ئەرشیڤی ئەوان زۆر دەوڵەمەندە، چونکە ئەوان لە دەمێك ساڵەوە وەکو گەڕیدە هاتوونەتە کوردستان، بەتایبەتی دوای ئەوەی حوکمەتی بەریتانی خۆی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیك کردەوە، دوای ئەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی روخا و

عیراق کەوتە ژێر دەستی ئینگلیزەکان (بەکوردستانی باشووریشەوە). لەبەر ئەوەی بەڵگەنامەکانیان ئێگجار دەوڵەمەندن، لە نووسینەکانی رابردوومدا گەلێك جار گەڕاومەتەوە بۆ بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئینگلیز، کە لەڕێگەی سەرچاوەی ترەوە دەسکەوتووە یان لەڕێگەی برادەرەوە دەستمکەوتوون، دەمزانی چەند قووڵ و دەوڵەمەندن، بۆیە کە هاتمە شاری لەندەن، لە نزیك ئەرشیفەکەوە خانوویەکی ئاساییمان گرت. لەو ئەرشیفخانەیە لە هەفتەیەکدا (٦) رۆژ دەوام هەیە، لەکاتێکدا لە بەریتانیا (٥) رۆژ دەوامی رەسمییە. هەموو بەیانییەك بە پیاسە لە سەرەتای دەوامدا دەچووین، تا کاتێك دەوام تەواو دەبوو، کە زۆر جار (٥) یان (٧)ی ئێوارە بوو. ژمارەی ئەو بەڵگەنامانەی کە دەستمان کەوتوون و پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، ژمارەیان دەگاتە سەدان هەزار بەڵگەنامەی نهێنی، وێنەمان گرتووە و لەسەر سیدی دامانناون. نیازمان وایە بەسەر زانکۆکانی کوردستان دابەشی بکەین تا خوێندکارانی ماستەر و دکتۆرا کەڵکی لێوەربگرن. سەرەتا زۆر شارەزا نەبووین، بەڵام کارمەندانی ئەو دەزگایە ئەوەندە یارمەتیت دەدەن، هەموو کێشەکانت بۆ چارەسەر دەکەن. تەنانەت سێ پسپۆری مێژوو، کە دکتۆرایان هەیە، لەوێ دەوام دەکەن و هەر پرسیارێکت هەبوو، یارمەتیت دەدەن و ئاسانکاریت بۆ دەکەن. من ئەوەندە خۆشحاڵ بووم، ویستم لەرێگەی یەکێك لە رۆژنامەکانەوە، مژدەی ئەوە بە خوێنەری کورد بدەم کە بەڵگەنامەی زۆر گرنگم دۆزیوەتەوە، سەیرم کرد بە هەواڵێك بڵاو نابێتەوە، بڕیارمدا بابەتێك بنووسم، بینیم بە وتاریش بڵاو نابێتەوە، بۆیە زانیم ئەمە کاری کتێبە، بۆیە بڕیارمدا کتێبێکی بۆ تەرخان بکەم. ئەم کتێبەم بەناوی (**کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا**) نووسی، کە بریتیە لە (٩) بەش و لەساڵی (١٩١٨) تا شەڕی ئێران و عیراقی لەخۆ گرتووە. لەراستیدا ئەم بەڵگەنامانە زۆر دەگمەنن، من هاتمە سەر ئەو قەناعەتەی کە بەڕاستی ئەمە سەرچاوەیەکی ئێجگار رەسەنە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی مێژووی نوێ و هاوچەرخی نەتەوەکەمان. جاران دەمزانی کە بەڵگەنامە ئینگلیزییەکان گرنگ و دەوڵەمەندن و بایەخیان هەیە، بەڵام بەهیچ جۆرێك پێشبینیم نەدەکرد کە ئەو بەڵگەنامانە ئەوەندە دەوڵەمەند بن، زۆر بابەتییانە نوسراون، باڵیۆز یان کونسوڵ یان مەندوبی سامی بەریتانی نووسیونی، لەوانەیە شت هەبێت لەگەڵ بیروبۆچوونی خۆی

نەگونجێت، بەڵام راستییەکەی چۆنە بەو شێوەیە دەربڕیوە و بۆ وەزارەتەکەی خۆی ناردووە. لە (٩٩٪)ی ئەو دیپلۆماسە بەریتانیایانە کە لە عیراق و کوردستان و ناوچەکانی تر کاریان کردووە، لە دەرچووانی زانکۆکانی ئۆکسفۆرد و کامبریدج ـــن. ئەو دوو زانکۆیەش، دوو زانکۆی بەناوبانگی دونیان، خەڵك شانازی دەکات لەوێ دکتۆرا یان ماستەر بەدەست بهێنێت. بۆیە کەسێك دەرچووی ئەو زانکۆیانە بێت و دیپلۆمات بێت، حەتمەن بەدوای شتی بابەتییانەدا دەگەڕێت. دەڵێم مێژووی راستەقینەی نەتەوەکەمان لە دووتوێی ئەو بەڵگەنامانەدا پارێزراون و هەریەك لەو دیپلۆماتانە، گەر راپۆرتێکیان لەبارەی کورد و کوردستانەوە نووسیبێت، من لە پەراوێزدا کورتەیەکم دەربارەی ژیانی نووسیوە، زۆرێك لەوانە فارسی یان عەرەبییان زانیوە و بڕوانامەیان تێیدا بەدەستهێناوە.

بەڵام ژمارەیەکی کەمیان کوردییان زانیوە، بۆنموونە: یەکێك لە بابەتەکان دەربارەی شەڕی بەر دەرکی سەرایە لە ٦/ئەیلولی/١٩٣٠. پێموایە هەرچی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا دەربارەی ئەو راپەڕینە گەورەیە، کە هەنگاوێکی گەورەیە لە بواری بەرەوپێش چوونی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا، تەقریبەن نوێیە. دەربارەی هەڵوێستی شێخ مەحموود، تۆفیق قەزاز، حەمەی ئەورەحمان ئاغا و هەموو رێبەرانی ئەو راپەڕینە یان کۆمەڵانی خەڵکی ئەو راپەڕینە، یاخود هەڵوێستی حوکمەتی عیراق و هەڵوێستی حوکمەتی بەریتانیا بەرامبەر بەو راپەڕینە، زۆرجار وەك نموونە پەنا دەبەمە بەر نامەیەکی حەپسەخانی نەقیب **(یەکێك بووە لە کەڵە ئافرەتانی نەتەوەکەمان)**، کە رۆژی (٧)ی ئەیلوول، واتە یەك رۆژ دوای راپەڕینەکە، دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان شێخ قادری برای شێخ مەحموود، مێردی حەپسەخان، گیراوە و رەوانەی کەرکووك کراوە، نامەیەکی زۆر توندوتیژی بە زمانی کوردی بۆ مەندوبی سامی بەریتانی ناردووە و بە رق و کینەیەکی سەیرەوە، لە نامەکەدا سڵاویشی لێناکات **(لەکاتێکدا حەپسەخان زۆر ناسك بووە و لەگەڵ گەورەدا گەورە و لەگەڵ بچووکدا بچووك بووە)**. ئەو هەرگیز وا نەبووە کە بەبێ سڵاو نامەیەکی وا بۆ مەندوبی بەریتانی بنێرێت و گاڵتە بە عەدالەتی حوکمەتی بەریتانی بکات .. .

له بەڵگەنامەکەدا ژماردم کە نۆجار وشەی عەدالەتی بەکار هێناوە و دەڵێت ئەمەیە عەدالەتی ئێوە. گاڵتە بە عەدالەتی بەریتانی دەکات. ئەمەش لە بەرامبەر ئەوە کە هاتوون وایان لە خەڵکی سلێمانی کردووە، هەروەها لە کۆتاییدا داوا لە مەندوب دەکات کە نامەکەی وەربگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزی و بینێرن بۆ وەزارەتی هەندەران و موستەعمەراتی بەریتانیا. ئەمە شتێکی نوێیە، کە لە قەدری حەپسەخانی نەقیب زۆر دەکات.

نموونەی دووەم، کۆماری مەهابادە، ئەڵبەت ئینگلیزەکان بایەخێکی زۆریان بە کۆماری مەهاباد داوە، چونکە یەکێتیی سۆڤییەت لەدوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی پشتی دەگرێت، کە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی ژیانی مرۆڤایەتییە، ئەوەی کە چەرچڵ لە ساڵی (١٩٤٦) ناوێکی سەیری بۆ هەڵبژارد کەپێیدەڵێن (شەڕی سارد). ئەو شەڕە لەنێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی دەست پێ دەکات، بۆیە دەبینی بەریتانییەکان بایەخێکی ئێکجار گەورەیان بە کۆماری مەهاباد داوە و شتی زۆریان لەسەر نووسیوە و هەنگاو بە هەنگاو وەدوی کەوتوون.

لەوێدا هەست دەکەیت هەندێك جار نووسەری بەڵگەنامەکان بە رق و کینەیەکەوە شتەکانیان نووسیوە، ئەمەش نەك بەرامبەر بەکورد، بەڵکو بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤییەتە. زیاتر لەوەش، زۆرجار سروشتی بەڵگەنامەکە خۆی فەرزی دەکات بەسەرتدا کە بەو جۆرە بێت، یەکێك لە بەڵگەنامەکان لەسەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە لە ئەورووپا، کە پێموایە ئەو بەڵگەنامانە بەشی نامەیەکی ماستەر و نامەیەکی رێك و پێکی دکتۆرای تێدایە.

*** لڤین: لەو سەدان هەزار بەڵگەنامانەی کە ئێوە سەیرتانکرد، ئایا هیچ بەڵگەنامەیەکی وای تێدایە کە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە رەغبەتی حکومەتی ئینگلیز پیشان بدات بۆ پشتگیری کردنی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی یان ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد؟**

— **د. کەمال مەزهەر:** لەو بەڵگەنامانەدا کە باسی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەکات، باسی پەیمانی (سیڤەر) دەکات، کە سێ بەندی بۆ پرسی کورد تەرخان کراوە، ئەوکاتە هەست دەکەیت لە رێگەی بەڵگەنامەکانەوە بە ئاشکرا دیارە ئینگلیزەکان بەدڵ

ویستوویانه یاریدەدەری کورد بن بۆ ئەوەی وەکو دەوڵەتانی تر، دەوڵەتی کوردیش دابمەزرێت. لە کۆنفرانسی قاهیرە کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەستراوە، پرسی دامەزراندنی حوکمەتی عێراق هاتۆتە پێشەوە، چەرچڵ کە ئەوکات وەزیری موستەعمەرات بووە، یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بەدڵ پشتگیری پرسی کوردی کردووە و ویستوویەتی مافە نەتەوەییەکانی کورد هەمووی بپارێزێت، گەر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکا بێت یان لە چوارچێوەی حوکمێکی فیدراڵدا بێت، ئینگلیزەکان لە مەلیك فەیسەڵ پاڕاونەتەوە کە لەگەڵ کورد توندڕەو نەبێت. زلهێزەکانی وەك روسیا، ئینگیلتەرە و ئەمەریکا ئەوانیش بەرژەوەندیی خۆیان هەیە، خۆ نابێت تۆ بڵێیت ئەمەریکا من بکە بەدەوڵەت، ئەویش لە سۆنگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بۆ مەسەلەکە دەڕوانێت، نەك لەسەر داوای کورد. من نابێت ئەوەش لەیاد بکەم گەر ئەمەریکییەکان نەبوونایە سەدامیش نەدەڕووخا.

* لڤین: ئەی کەوا بوو، بۆ ئینگلیزەکان پشتگیریی شێخ مەحموودیان نەکردووە؟

– د. کەمال مەزهەر: شێخ مەحموود لە شەڕی شوعەیبەوە چەکی دژی ئینگلیز هەڵگرت، ئاخر شێخ لەگەڵ ئۆزدەمیر پاشا کە پیاوی مستەفا ئەتاتورك بوو، وەفدی نارد بۆلای و پەیوەندیی لەگەڵدا دروست کرد، ئیتر تۆ چۆن دەتەوێت بەریتانییەکان دژت نەبن، لە هەمان کاتدا گەر بەریتانییەکان نەبوونایە ئەو نەختە مافەی کە هەمانبوو نەمان دەبوو.

* لڤین: هیچ بەڵگەنامەیەکی تازە لەسەر شۆڕشی شێخ مەحموود هەبوو؟

– د. کەمال مەزهەر: راو بۆچوونی من هیچ شتێك تێیدا رووی نەداوە، چونکە من دەزانم پرسی کورد پرسێکی رەوایە، بەڵام من دەڵێم ئەو تاکتیکەی کە تۆ دەیگریتە بەر، بەتایبەتی رێبەرانی کورد دەیگرنە بەر، دەبێت زۆر نەرم و نیان بێت، دەبێت زۆر ورد بێت و حیساب بۆ هەمبوو شتێك بکات.

* لڤین: دەوترێت هەڵوێستی شێخ مەحموود بەرامبەر بە ئینگلیزەکان بۆیە بەو جۆرە بووە، چونکە هیچ شتێك لە بەرنامەی ئینگلیزدا نەبوو بۆ کورد؟

– د. کەمال مەزهەر: وەك پێموتن شێخ کەوتە هەڵەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبەت ئەگەر کاریگەریی ئینگلیز نەبوایە، بابە عەلی شێخ مەحموود، کە کوڕی دووەمی بوو،

نەدەنێردرا بۆ ئەسکەندەرییە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە ماستەری لە کشتوکاڵ وەرگرت و گەر ئینگلیز رازی نەبووایە، بابە عەلی نەدەکرایە وەزیری کشتوکاڵ لەسەردەمی پاشایەتیدا.

لەساڵی (١٩٤١) کە شێخ ویستی رابکات، داریکەلی — یان پێداو زۆر بەباشی دەیانزانی کە داریکەلی بووەتە جێگەی نیشتمانپەروەرانی کورد، کە بەشێکیان کوردی ئێران بوون و لە دەستی زەبر و زۆری شای ئێران هەڵاتبوون و پەنایان هێنابووە لای شێخ مەحموود لە داریکەلی. ئینگلیزەکان ئەمەیان باش دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا رێگەی ئەم شتانەیان داوە و چاویان لێ پۆشیوە. بێینە سەر حەقیقەت، شێخ لەتیفی شێخ مەحموود زۆر زۆر گەورەیە، بەڵام ئەوە بوو کە خولە پیزەی دروستکرد، لەرێگەی ئەوەوە باقی بەگ کە دادوەر بوو لەرێگەی پێنجوێن و خزمی تۆفیق قەزازە، ئەویان کوشت و دواتر گرتیان.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (١٤)ی تەمموز، شێخ لەتیف ئازاد کرا و شوێنی شیاوی خۆی گرتەوە، یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لەگەڵ وەفدی عیراقیدا ناردیان بۆ وڵاتی چین. تۆ دەبێت ئەو شتانە بە تەرازوویەکی زەڕەنگەرانە بکێشیت. من دەزانم کە کورد دڵی بریندارە و هەموو شتێك دەیوروژێنێت، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە بەوردی لەو شتانە بکۆڵینەوە و ویژدان بەکار بهێنین.(*)

*** لڤین: کاتی ئەوە هاتووە دەست بخەینە سەر هەڵە مێژووییەکانمان؟**

— **د. کەمال مەزهەر:** بەڵێ ئەوە زۆر زۆر پێویستە، چونکە کەس نییە هەڵەی نەبێت، وڵات نییە، رێبەر نییە لە دونیادا، هەڵەیان نەکردبێت و نەکەوتبنە هەڵەوە. لینین قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت: (**ئەو کەسەی کە هیچ کارێك ناکات، هەڵە ناکات**). ئەو زۆر چاونەترسانە رەخنە لە خۆی دەگرێت لە نووسینەکانیدا کە (٥٥) بەرگە. لەو بارودۆخە ناسکەدا ئەگەر رێبەرێکی کورد بکەوێتە هەڵەوە زۆر زۆر ئاساییە، شێخ مەحموود و بارزانی و قازی محەمەد و من و تۆش هەڵەمان کردووە.

---

(*) ((روونکردنەوەیەکی بنەماڵەی شێخ لەتیفی حەفیدمان وەکو پاشبەندی ژمارە (٥) لەم کتێبەدا بڵاوکردۆتەوە — ع. زەنگەنە)).

* لڤین: ئەگەر کێشەکە ئەوە بووە شێخ مەحموود دژی ئینگلیز بووە، بۆیە دەوڵەتیان بۆ دروست نەکردووین، خۆ جگە لە شێخ مەحموود کەسانی تر هەبوون کە لەگەڵ ئینگلیزدا بوون، ئەی بۆ پشتگیری نەکردن؟

– د. کەمال مەزهەر: لەو سەردەمەدا هەرچی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان هەبووە هەموویان دژی ئینگلیز بوون.

* لڤین: بۆ نموونە لە هەولێردا مەلا ئەفەندی هەیە کە لەگەڵ ئینگلیزدا بوو؟

– د. کەمال مەزهەر: نەو، ئەو لەگەڵیاندا نەبوو. ئەو پیاوێکی خوێندەوار و دونیادیدە بوو، ئەو ئەندامی مەجلیس تەئسیسی بوو، کە دەوڵەتەکەی دامەزراند. قسەی دروستی دەکرد، ئەو دەیزانی کە ئێمە دەرەقەتی ئینگلیز نایەین، بۆیە دەیوت دەبێت ڕێبازی تر بگرینە بەر کە بەچەك ناکرێت. چونکە ئەو کاتەش بە پشتیوانیی ئینگلیز ئەو نەختە مافەمان هەبوو. عەرەبە شۆڤێنییەکان زۆر توندڕەو بوون و ئامادە نەبوون دان بە هیچ مافێکی نەتەوەیی گەلی کورددا بنێن.

* لڤین: دەڵێن جیاوازی و تێڕوانینی مەلا ئەفەندی و شێخ مەحموود وایکرد کە شۆڕشەکەی شێخ تەنها لە سلێمانی قەتیس بێت و شارەکانی تر نەگرێتەوە؟

– د. کەمال مەزهەر: هەرگیز مەلا ئەفەندی هەوڵی وای نەداوە ئەوە دروست نییە. بەڵام مەلا ئەفەندی بەو قسە ڕێکو پێکانە کە کردوونی، کارێکی ئەوتۆی کردووە کە مەلیك فەیسەڵ گوێی لێبگرێت و پێی بڵێت من حەز دەکەم ببم بە قوتابیی تۆ و لە تۆوە عەرەبی فێر ببم.

* لڤین: من مەبەستم مەلا ئەفەندیی هەولێرە؟

– د. کەمال مەزهەر: ئەویش کەم نییە و ئیشی کردووە. ئایا ئەمە کەمە لەساڵی (١٩٤١) کە ڕاپەڕینەکەی ڕەشید عالی گەیلانی دەبێت، بە کەسدا ڕاناپەڕموون کە مەلیك فەیسەڵ و دایکی بنێرن بۆماڵی بۆ ئەوەی کە بیپارێزن، مەلا ئەفەندی نەبێت. ئەی ئەو هەموو گەورە پیاوە لە بەسرە و شوێنەکانی تری عیراق کە بڕوایان بە کەس نەبێت،

ئەڵبەت ئەوە كاری ئینگلیزەكان بوو كە فەیسەڵی دووەم و دایكی بنێرن بۆ ئەوێ تا شۆڕشەكە دادەمركایەوە(*)، ئاخر ئەمانە گاڵتە نین.

*** لڤین: ئایا هیچ ڕێككەوتنێك لەنێوان ئینگلیزەكان و شێخ مەحموود بۆ دروستكردنی كیانێك هەبووە؟**

– د. كەمال مەزهەر: ئینگلیزەكان لەوە گەیشتوون كە تازە ئیتر ناتوانرێت دەوڵەتی كوردی دابمەزرێنرێت، چونكە لەوێوە قاجارییەكان بەرەو رووخان ڕۆیشتوون و ڕەزاشا هاتە سەر تەخت و لەم كاتەدا مستەفا ئەتاتورك جێ پێی خۆی قایمكرد، كە شێخ مەحموود باوەڕی پێی هەبوو و نامەی تایبەتیی هەیە بۆی كە لەگەڵ ئۆزدەمیری پیاویدا لە ڕەواندز ڕێككەوتبوو. بۆیە ئیتر تێگەیشتن كە ناتوانن دەوڵەتی كورد دروست بكەن، بەڵام لە بەڵگەنامەكاندا هاتووە كە ئەوان بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە كە مافەكانی كورد بپارێزن، نەك هەر لەم بەشەدا، بەڵكو لەبەشەكانی تری توركیا و ئێران تا ڕادەیەكی زۆر، بەڵام لە عیراق ئەوان زیاتر دەستیان دەڕۆیشت. ئەوان بە مەلیك فەیسەڵیان وت دەبێت مافەكانی كورد بپارێزێت و وەك خاوەنشكۆی بەریتانییەكان بكەیت، كە چۆن مافی سكۆتلەندییەكان دەپارێزێت، چونكە كوردەكان لە سكۆتلەندییەكان كەمتر نین.

(*) ((وادیارە هەر لە سەرەتاوە بەدحاڵیبوونێك لە نێوان هەردوو لا هەیە. ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ئەو پەیوەندییەی نێوان مەلا ئەفەندی هەولێرو خانەوادەی مەلیك فەیسەڵ.. لە حوكم كردنی سەردەمی عیراقیان كۆنترە، هەردوو بەڕێزان: عەدنان موفتی و عوسمانی برای چەندجار ئەو چیرۆكەیان بۆ گێڕاوینەتەوە: كاتی خۆی عومەر ئەفەندی باوكی مەلا ئەفەندی دەچێتە حەج، لەوێ چەند جارێك محازەرەی ئایینی دەڵێتەوە. جارێكیان لە نێوان ئامادەبوواندا گەنجێك زۆر سەرنجی ڕادەكێشێ دوای محازەرەكە داوای لێدەكات لەلای بمێنێتەوە هەندێ پرسیاری لێدەكات كە چ كەسەیە كوڕی كێیە، پاشان پێی دەڵێت كە زۆری ئاگای لە خۆبێت ئەو دوارۆژێكی دیاری دەبێت، ئەوەبوو ئەو كەسەی لێدەرچوو كە شۆڕشی عەرەبی لەسەردەمی جەنگی یەكەمی جیهانی و لەگەڵ رووخانی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرساند. ئەوەبوو دواتر كە شا فەیسەڵ بووە شای دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراق، باوكی ئامۆژگاری كردبوو كە زۆر بایەخ بەم خانەوادەیە بدات و هاتووچۆیان بكات – ع. زەنگەنە))

*** لڤین: رەنگە لەو بەڵگەنامانەوە کە تازە ئاشکرا دەبن، کۆمەڵێك هەڵەی مێژوویی خۆمان بۆ دەربکەوێت، ئایا کاتی ئەوە هاتووە کورد دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** دەبێت بەڵگەنامەکان چۆنە وا بڵاوبکرێنەوە، خۆ مەرجیش نییە ئەوەی لە بەڵگەنامەکەدا هەیە راست بێت، چونکە ئینسان دەینوسێت کە بریتییە لە عاتیفە. لەوانەشە جاری وا هەبێت کەوتبێتە ژێر عاتیفەوە و زوڵمی لەئێمەش کردبێت، بۆیە مێژوونووس لەکاتی خوێندنەوەی بەڵگەنامەکاندا دەبێت ئاگای لەجۆری بەڵگەنامەکان بێت. مێژوونووسیی راستەقینەش دەبێت بابەتی بێت، هەموو هەڵەیەك بخاتە بەرچاو و بینووسێت، بەبێ ئەوەی سڵی لێ بکاتەوە. ئەمەش عەیب نییە، بۆنموونە: ئاڵای کورد گەر بەدەستی من بێت، دەیگۆڕم. چونکە ئاڵا دەبێت شتێکی زۆر ساکار بێت و دەشێت منداڵەکانمان رابهێنین یەکەم وێنە کە بیکێشێت وێنەی ئاڵا بێت. پێموایە ئاڵای کەنەدە ساکارترین ئاڵایە، منداڵێك چۆن دەتوانێت ئەو هەتاوەی کە ئەو هەموو پێچاوپێچەی تێدایە، دروستی بکات. ئەو کاتە کە وامانکردووە قەیناکە، بەلام ئێستا لەگەڵ ئەو کاتەدا کە بۆ یەکەمجار ئاڵا لەکوردستانی تورکیا دامەزراوە و خۆیبوون تەبەنای کردووە، ئەوە سەدەیەك بەسەریدا تێپەڕیوە.

*** لڤین: هەندێك کەس پێیان وایە لەم کتێبەدا خۆت بواردووە لە هەندێك بەڵگەنامەی هەستیار کە لەسەر رێبەرانی کوردن بەردەستت کەوتوون؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** نەخێر هیچ راست نییە، چونکە هەموو بەڵگەنامەکانم وەك خۆیان بڵاو کردووەتەوە. بەڵام هەندێك لە بەڵگەنامەکان هاتووە بە دووروودرێژی شتێك دەگێڕێتەوە کە هەموو خوێنەرێکی کورد دەیزانێت، من تەنها ئەو شوێنانەم کورت کردووەتەوە.

*** لڤین: هەندێك کەسی تر وەك جەنابت، خەریکی کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەن کە لە ئەرشیڤی نیشتمانیی بەریتانیادا هەن، ئەوان کۆمەڵێك بەڵگەنامەی جیاوازیان هێناوەتە دەرەوە، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** ئەمە زۆر باشە، نەك کەمال مەزهەر و خوالێخۆشبوو وەلید حەمدی و... هتد. پێویستیمان بە دەیان کەسە کە بڕۆن بگەڕێن بەدوای ئەو بەڵگەنامانەدا، لەو ئەرشیڤەدا کەسی وا دەبینیت کە تەمەنی لە (٩٠) ساڵ تێپەڕیوە،

کەسی وای تێدایە کە دیپلۆماتە و نێردراوە. کاتی ئەوە هاتووە بە دەیان کەس بنێرین بۆ ئەرشیڤی وڵاتانی وەك ئەڵمان، فەرەنسا و یەکێتی سۆڤییەت، کە خۆم (١٠) ساڵ لە سۆڤییەت خوێندکار بووم. ئەرشیفەکەیان گەلێك دەوڵەمەندە، ئەوکات نەیاندەهێشت کەس سەیری بکات، من دوو بەڵگەم لەڕێگەی د. رەحیمی قازی و د. عەلی گەلاوێژەوە دەستکەوت، چونکە ئەوان پەنابەر بوون و تازە مافی هاوڵاتیی سۆڤییەتییان هەبوو. ئەو دوو بەڵگەیەش، بۆ نامەی دکتۆراکەم زۆر پێویستم بوون. بەڵام ئێستا دەرگا کراوەتەوە، چونکە یەکێتی سۆڤییەت رووخا. جگە لەمەش، لەوێدا کورد دەژی و ژمارەیان لە ئەرمینیا و جۆرجیا و ئازەربایجان زۆرە، کە جیاشبوونەتەوە لە مۆسکۆ. ئێستاش ژمارەیەکی زۆری کورد هەیە. بۆیە دەبێت بە پەرۆش بین بۆ کۆ کردنەوەی ئەمانە و زانیارییان لەسەر کۆ بکەینەوە، هەر هیچ نەبێت سەنتەری کۆکردنەوە و هەڵگرتنی ئەو بەڵگەنامانە لە زانکۆکان بکەینەوە.

*** لڤین: کەسێکی وەك د. کەمال سەید قادر کە ئەویش خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانە و هەندێك بەڵگەنامەی هێناوەتە دەر، رات چۆنە لەسەر کارەکانی ئەو؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** جارێك بە رێککەوت لە بەریتانیا بینیم، هەرچەندە زوڵمێکی گەورەی لەمن کردووە، دەڵێت کەمال مەزهەر بۆیە بەسەر بارزانیدا هەڵدەدات، لەبەر ئەوەی پارتی ناردوویەتی بۆ چارەسەری نەخۆشی بۆ دەرەوە. سەرەتا پارتی منی نەناردووە و ئەو شتانەشی کە بڵاوی کردوونەتەوە، لەبارەی شێخ لەتیفەوەیە و دەیەوێت نیشانی بدات کە ئەو لەبارزانی بایەخی زیاترە، کە وانییە. گەر ئێستا شێخ لەتیف زیندوو بێتەوە و لەخۆی بپرسیت، ئەوە قەبوڵ ناکات.

*** لڤین: ئەی سەبارەت بەو بەڵگەنامانەی کە لەبارەی پەیوەندیی یەکێتی سۆڤییەت و بارزانی بڵاوی کردەوە؟**

– **د.کەمال مەزهەر:** وانییە، هەر بارزانی بوو تەحەمولی ئەوەی کرد کە لە زەمانی ستالیندا بەرامبەری کردیان بەجۆرێك رەفتاریان لەگەڵ بارزانی و بارزانییەکاندا کرد، پەرش و بڵاویان کردنەوە لە یەکێتی سۆڤییەت. دوای مردنی ستالین، لە زەمانی خرۆشۆفدا تۆزێ ئاوڕی رەحمەتیان لێ دایەوە. هیوادارم دکتۆر کەمال سەید قادر خزمەتی مێژووی نەتەوەکەی بکات بەشێوەیەکی بابەتییانە.

# بابەتی دەیەم

## لەگەڵ زایۆنیزمدا بین یان نا، ئەبێ لاسایی ئەوان بکەینەوە، چونکە کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش دەوڵەتی خۆمان هەبێت

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ناوێکی دیار و یەکجار گەشاوەی نێو مێژوونووس و بیرمەندانی کوردە و بەرهەمە زانستییە مێژووییەکانی و پێگەیاندنی سەدان قوتابی و دەیان پسپۆڕی مێژوویی و مامۆستای زانکۆکان، سەدان توێژینەوە و نامەی ماستەر و دکتۆرا، وادەکەن ئەم نووسەرە لە ریزی پێشەنگیدا بێت.

بۆ پرسیار کردن لەسەر چەند لایەنێکی مێژوویی و مێژوونووسیی کورد، لە دوایین سەردانیدا بۆ کوردستان و لەشاری هەولێر لە دەرفەتێکدا ئەم دیدارەمان لەگەڵ ساز کرد، کە تیایدا بیروڕای خۆی لەسەر زۆر مەسەلەی گرنگی مێژوویی دەخاتە روو.

**دیدار**

**مەسعوود عەبدولخالق ـ نەوشیروان شەریف**

**٢٠٠٨/١٠/١**

* با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، کورد تێکڕا لە ئێستادا پێیانوایە ئەوەتەی میللەتی کورد هەیە چەوسێنراوەتەوە و ژێردەست بووە، داگیرکراوە، لێدراوە، تەنانەت ئەمە چۆتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و خوێندنی بالاش، ئایا پێتوایە ئەمە راستە، یا لەوەتەی کورد هەیە داگیر کراو و ژێردەستە و لێدراو بووە؟

ـ د. کەمال مەزهەر: سەرەتای سەرەتا کورد داگیرکراو و ژێردەست نەبووە، وەکو هەموو میللەتەکانی تر، بەڵکو کورد رۆڵێکی دیارتری هەبووە لە زۆریەی گەلانی ناوچەکە، بەوێنە زەینەفون لە ٤٠١ی پێش زایین کە بەسەرکردایەتی لەشکرەکەی لە ئێران دەگەڕێتەوە، زۆر بەشێوازێکی موعەبیر باس لە ئازایەتی کورد دەکات، کە چۆن لەشکرەکەی ئەویان بەزاندووە، لەبەر ئەوە ئێمە دائیم ژێر دەستە نەبووین، لەڕۆژگاری دەوڵەتی عوسمانیدا ئیمارەتە کوردییەکان لەراستیدا سەربەخۆییان هەبووە، نیمچە سەربەخۆییەکی تەواو، هەر ئەوەیان لەسەربووە کە ساڵی چەند کەسێك بنێرن سەرانەیان بدەن بە حوکمەت، پارە بدەن بە ئەستەنبۆڵ، لەکاتی شەڕیشدا بەشێك لە پیاوەکانیان بنێرن بۆ ئەوەی لەگەڵ سوپای عوسمانیدا بەشدار بێ، ئیتر ئەمە ئیمارەتی بابان ئەڵێی، بەدرخانییەکان ئەڵێی، هەمیشە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە بەدرخانی گەورە کارگەی دروستکردنی تۆپی هەبووە، تەواو نیمچە سەربەخۆ بووە، لە دواییدا لە رۆژگاری سەرمایەداریدا، لە رۆژگاری پووکانەوەی دەرەبەگایەتیدا، لەو رۆژگارە کە ئیتر وڵاتە رۆژئاواییەکان بە تەواوی روو دەکەنە ناوچەکە، ئیتر مەرکەزییەت پەیدا دەبێ، ئەو نیمچە سەربەخۆییەی کورد نامێنێ وەك ئەوسا، تەنانەت دوای ئەوەش کە ئیمارەتەکان رووخان، گەلێك لە کەسانی ئەو بنەماڵانە رۆڵی گەورەیان هەبوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا، هی وایان هەبوو گەیی بە پلەی شەیخولئیسلام، لەبەر ئەوە نابێ ئێمە زۆر رەشبین بین لەو بووارە.

* چۆن لایەنە عوربییەکان، لایەنە تۆرانییەکان، دەستکاری تاریخیان کرد بە ئیتجاهێك کە لە خزمەتی کورددا نەبێت، کوردیش دێت بەرجەستەی دەکات، بۆ نموونە: عەرەب تاریخیان وانووسیوە لەشەڕی قادسیە مەسەلەی دەیلەمیان هێنایە دەرێ، دەیلەم هەموو لایەکمان دەزانین چ رۆڵێکی بینی، کوردیش زۆر هەوڵدەدا هەمان شت بەرجەستە بکات، ئێستا لەیەك بەرنامەی رۆشنبیری یان پرۆگرامی خوێندن مەسەلەی دەیلەم ئەسڵەن کەس هەر ناوبانگیشی نەبیستووە، شێخ ئیدریسی بەدلیسی خەڵك

بەشتێکی ناشرین وەسفی دەکەن، هەتا سەرکردەکان بە عەشایر و نەزان وەسف دەکەن، یان گوایە شێخ مەحموود تەوقەی لەگەڵ ئینگلیز نەکردووە، لە کاتێکدا ئێمە هەموو لایەکمان دەزانین چەند نامەی بۆ سۆڤییەت هەیە، بۆ بەریتانیا، بۆ هەموو لایەکی هەیە، پێتوانییە ئەو تەقەلایەی کورد زەربەیە لە مێژووی خۆی و لە بناغەیەك کە بتوانی قانونێك بۆ خۆت دانێی، یان پشتیوانی لەخۆت بکەی، وەسیقەیەکی تاریخی بۆ بوونت لە تاریخدا؟

ـ د. کەمال مەزهەر: من تەواو تەواو لەگەڵتدام، هەرکەسێك لە رەهبەرانی کورد بەو جۆرە باس بکات، بەراستی زوڵم لە مێژووەکەمان دەکا، ئەوانە درێغییان نەکردووە، خەباتیان کردووە، هەیانە کوژراون وەکو سمکۆی شکاك، لە رێگای بیروباوەڕ و هەوڵەکانیان بۆ خزمەتی کورد و کوردستان، هەیانە دەربەدەر بوون، وەکو شێخ مەحموود هەتا ساڵی ١٩٤١ دەربەدەر بوو لەم شار بۆ ئەو شار، لە دواییدا ئەوەبوو رێگە درا بگەڕێتەوە و لە داریکەلی دابنیشێ و هەزار و یەك مەرجیان بۆ دانابوو، ئەوان درێغیان نەکردووە وەك وتت زۆر لە رەهبەرە کوردەکان پەیوەندییان هەبووە بە ئینگلیزەوە، بە سۆڤیەتەوە، بە رووسەوە، هەوڵیان داوە، ئەوەی شێخ مەحموود کە ئێمە دەڵێین نامەی ناردووە بۆ لینین، نەخێر نامە نییە بۆ لینین، ئەوی نامەی ناردووە بۆ کونسوڵی سۆڤیەتی لە تەورێز، تەنانەت داوای تۆپ و فڕۆکە دەکات، ئیتر درێغییان نەکردووە، بە هەر چوارلا هەوڵیان داوە، بەلام دوژمنەکانت سەرسەخت بوون، ئەگەر عەرەب هەولبدا پاکانە بۆ هەموو شتێك بدۆزێتەوە، ئەو حەقی ئەوەی نییە، بەراستی زوڵم لە مێژوو دەکات، بەلام ئەگەر کورد لەو بووار و بارە سەختە، هەرچەندە دەبێ مێژوونووس بابەتەکی بێ، بەلام ئەگەر رەمەکی خەڵکەکە هەوڵیشیاندا کە رووداوە مێژووییەکانی خۆیان بخەنە قاڵبێکی میسالییەوە تا رادەیەك دەتوانی بڵێی حەقییانە، بەلام نەك بیشێوێنن، نەك ئەوەی دەڵێی مەسەلەن ئەو رەهبەرانە هەموویان تاوانبارن لەلای هەندە کەسێك ئەوە زوڵمە.

* یەکێکی وەك سەلاحەددینی ئەیوبی بە جاش وەسف کراوە؟

ـ د. کەمال مەزهەر: ئاخر بێ قەزابن دەوڵەتە عەرەبییەکان، بەتایبەتی لە رۆژانی سەددام حوسێندا، ئەوەندە زوڵمیان لێ کردین، ئەگینا هەر ئەو شێخ مەحموودە بۆ

شەڕی شوعەیبە بە لایەنی کەمەوە بەپێی نووسەرە عەرەبەکان ئەڵێن هەزار پیاوی لەگەڵدا بووە، کە چووە بۆ شوعەیبە لە ناصرییە، بەڵگەنامەی نهێنی تایبەتی بەریتانیم هەیە دەڵێ سێ هەزار کەسی لەگەڵدا بووە، وابزانم کەرەتێکی تر لەگەڵ ئێوە باسی ئەوەم کرد کە تەنانەت هۆسەیەك هەیە دەڵێ (ثلثین الجنة لهدینا)، (هادینا) هادی مگۆتەرە کە خەڵکی ناصریەیە، زۆر یارمەتی شۆڕشگێڕانی داوە بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئینگلیزەکان بکەن، (وثلث الجنة لكاك احمد وأولاده) یان (شێخ مەحموود وأکرادە)، بەدووجۆر ئەو هۆسەیە هەیە، ئیتر لەوە زیاتر چی بکەن، خزمێکی شێخ مەحموود لەوێ کوژرا و نەگەڕایەوە، کوردەکە کوژراوی هەبوو، یەکێکیان کەس و کاری نزیکی شێخ مەحموود بوو، ئێستا ناوەکەیم بیرنییە.

*** هەتا خەلافەتی عوسمانیش مابوو کورد وەزعێکی هەبوو، بەڵام پاش ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئیستیعمار هات و ناوچەکەیان دابەشکرد، بەوردتر لە تەقسیماتی سایکس بیکۆ کورد کەوتە ئەو مەینەتییەوە، یەعنی دەتوانین بڵێین کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەوە کەوتە مەینەتی، پێشتر مەینەتییەکی نەبووە، زوڵم و زۆر هەبووە بۆ هەموو لایەك، بەس بڵێین بەتایبەت ئەوها داگیر و دابەش کرابێت، یەکەمجارە؟**

**ـ د. کەمال مەزهەر:** لەپێشا کوردستان لە نێوان دوو دەوڵەتدا دابەشبوو بوو، لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، دابەشبوونەکە خراپە، بەڵام هەرچییەك بێت باشترە لەوەی کە دوایی دابەشبووین بەسەر سێ بەشدا، کوردستانی عیراق و کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا، تەنانەت سوریاش، بەشێك لە کوردەکان لە سوریا دەژین، لە پێشا بریتی بوو لە دووبەش، مەینەتییەکانی کورد زۆرتر بوون، بەڵام بەو رادەیە نا، رۆژ بە رۆژ بارودۆخەکەی کورد بەرەو سەخت بوون دەڕۆیشت، خراپتر دەبوو، زۆر بەداخەوە لە رۆژگاری ئینتدابی بەریتانیادا وەزعی کوردەکە باشتر بوو، وەك لە رۆژگاری سەربەخۆیی عیراقدا، وابزانم ئەوەم کردووە بە وتار بڵاوم کردۆتەوە، نامەیەکی مەندووبی سامی بەریتانیا بۆ مەلیك فەیسەڵی یەکەم، کە نەسیحەتی دەکا، دەڵێ تکات لێ دەکەم چۆن پاشای بەریتانیا لەگەڵ ئیسکۆتلەندییەکاندا رەفتار دەکات، تۆ ئاوا رەفتار لەگەڵ کورددا بکە ، تەنانەت نەسیحەتی دەکا و دەڵێ تکات لێ دەکەم، هەموو ساڵێك سێ مانگەی

هـاوین پایتەختەکـەت بگـوێزەوە بـۆ هـەولێر، هـەولێر بکـە بـە پایتـەختی دووەمـی دەوڵەتەکەت، ئەمە گاڵتە نییە، مەندووبی سامی بەو جۆرە ئەسیحەتی مـەلیك فەیسەڵی یەکەم بکات، ئەگبەتی ڕۆژگاری پاشایەتی لەوەدابوو کـە ڕەورەوەی مێـژوو بـە نیسبەت ڕژێمی پاشاییەوە لە دوای مەلیك فەیسەڵی یەکـەم ئـەختێك کـەلێنی تێکـەوت، مەبەستم ئەوەیـە ڕۆژگـاری مـەلیك فەیسەڵی یەکـەم باشـتر بـوو وەك لـە ڕۆژگـاری مـەلیك غـازی، ڕۆژگاری مەلیك غازی باشتربوو لە ڕۆژگاری عەبدولئیلا، هەر ئەوەش بووە هـۆی کـەوتنی ڕژێمی پاشایەتی، ئەوەمان لەبیر نەچێ هەرە گەورە پیاوانی ڕژێمی پاشایی کورد بـوون، بۆ سەعید قەزاز گاڵتەیە؟ ئەحمەد موختار بابان گاڵتەیە؟ بەکر سدقی گاڵتەیە؟ هـەموو لەشکری سوپای عیراقی بەدەست بەکر سدقییەوە بوو، توانی کۆدێتایەك بکا.

* ئەگەر ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ ئەو مەینەتییە گەورەیەی بۆ کورد هێنا و بەو جۆرە دابەشی کرد، ئێستا دەبینین دوای ئـەو هـەموو ساڵە کاری کورد لەگـەڵ ئـەو ئەترافانەیە جارێکی تـر کـە کوردسـتان لـەو سـەردەمە دابـەش کرد، پێتوانییـە ئەگـەر سەیری ئەو مێژووە و ئەمڕۆ بکەیت زۆرجار وا دەردەکەوێت کە کورد لـە نـاو بازنەیـەکی بۆش دەسوڕێتەوە؟

ـ د. کـەمال مەزهـەر: بـەلای منـەوە کـورد لەبازنـەکی بۆشـدا ناسـوڕێتەوە، ئەگـەر دەوڵەتە گەورەکان، ئـەو دەوڵەتانـەی کـە سـایکس بیکۆیـان مـۆر کـرد، ئەگـەر هەڵـەیان کردبێت مانای ئەوە نییە کە دەوڵەتی گەورە بـە سیاسـەتی ڕابـردووی ناچێتـەوە، ولاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەیری بکەین سیاسەتی ئەمڕۆی لەگـەڵ سیاسـەتی ڕۆژگـاری سەدام حوسێندا جیاوازە، تەنانەت بیروبۆچونێکی هەڵە لە ئارادا بوو، کە من لەگـەڵ ئـەو بیروبۆچـوونەدا نـیم، زۆر کـەس ئەوانـەی کـە دوژمـنی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن بـوون، دەیانگوت سەدام حوسێن داردەستی ئەمەریکایە، کرێگرتەی ئەمەریکایـە، مـن خـۆم لـەو بڕوایەدام ئەو سەدام حوسێنە پیاوی کەس نەبووە، پیـاوی عوقـەدی خـۆی بـوو، پیـاوی نەفـسی خـۆی بـوو، بـەڵام ئەمریکاییـەکان زۆر بـە زیرەکانـە دەیانجولاند، بـەو شـێوازە دەیانجولاند کە لە بەرژەوەندی ئەوانـدا بـوو، چـوو لەگـەڵ ئێرانـدا هەشـت سـاڵی ڕەبـەق شەڕی کرد، ئەو شەڕە لەبەرژەوەندی ئەوان بوو.

* سایکس بیکۆ بەپێی دوو ستانداردی ستراتیجی عالەمی دامەزرا، یەکیان بەپێی بەرژەوەندی باڵای ئیستعمار، دوو بەپێی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتێکی چاوەڕوانکراوی ئیسرائیل، بە عەیاری تەقسیمکراوە، هەروەك لە پرۆژەکانی شەرقولئەوسەتی گەورە و بچووك و ناوەندی شەمعون پێریز و هەمووی هیچ شتێکی تێدا نییە دەستکاری سنوور کردن، وەکو عەرەبەکان دەڵێن ئەوە هەر ئیتهامە، وە مەبدەئێکی (عدم المساس بمبدأ الإستعمار)، بەپێی ئەوانە کە تەماشای دەکەی، کورد لەچوارچێوەی ئەترافی سایکس بیکۆ یان لە ئەترافی واقیعی حالی جیهان، پێدەچێ موستەقبەلێکی نابێ لە دەستکاری کردنی سنوور، هەتا دەستکاری سنووریش نەکرێت و سایکس بیکۆ تێك نەچێت، پێناچێت کوردستان بگاتە مافی چارەنووس؟

ـ د. کەمال مەزهەر: منیش تا رادەیەك ئاگاداری پەیمانی سایکس بیکۆم، بەوەی کە لە رۆژگاری سایکس بیکۆوە وڵاتە گەورەکان، بڵێین لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیایە، لەگەڵ سازانۆف رووسیا، پیلانی دامەزراندنی ئیسرائیلیان لەو رۆژەوە دا، راستە کەوا زایۆنیزم زۆر عاقڵانە کاریان کردووە و زانیویانە چۆن کار دەکەن، مافی تەواوی خۆیانە، ئەی چۆن، ئەگەر نا وەك ئێمەیان لێ دەهات، ئێستا ئەوان گەیشتن بە ئاواتی خۆیان، ئەگەر بەقسەی نوری سەعیدیان دەکرد ئەوا لەساڵی ١٩٤٧دا، دەوڵەتێکیش بۆ ئەوەی کە ئێستا خەویان پێوە دەبینین، دەوڵەتێکی گەورە بۆ موسڵمانانی فەلەستین دادەمەزرێنرا، بڕیارەکە وەهابوو، من زۆرم پێخۆشە کە بۆچوونی تۆش وایە، کە ئیسرائیلییەکان ئافەرین دەستیان خۆش کەوایان کرد، ئێمە لەگەڵ زایۆنیزمدا بین یان لەگەڵ زایۆنیزمدا نەبین، ئەبێ لاسایی ئەوان بکەینەوە، چونکە ئێمەش کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتی خۆمان هەبێت، دەوڵەتەکە دەبێ لەلای تۆ دروشم بێت جارێ، دەبێ بزانی چۆن رەفتار دەکەی، دەبێ سەربەخۆیی ئەو خەونە بێ کە هەمیشە لەهیچ کوردێکی دڵسۆز جیا نەبێتەوە، بەڵام کارێکی ئەوتۆ نەکەیت، چونکە هەموو خەونێك نایەتە دی، خۆ ئەگەر هیرتزل بیتوانییایە بەر لەکۆتایی سەدەی نۆزدە ئیسرائیلی دادەمەزراند، بەڵام ئەو کاری کرد، خەونەکە هەبوو، لە ساڵی ١٩٤٨دا هاتە دی، تۆ دەبێ ئەو ئاواتەت هەبێ، هەموو کوردێکی دڵسۆز دەبێ ئەو ئاواتەیان هەبێ، بەڵام نابێ هەنگاوێك بنێین مجازەفەی تیا بێ یان سەرگەردانی بۆ نەتەوەکە بنێیتەوە.

* **جەنابت سامانێکی گەورەی بەڵگەنامەی بەریتانیت فەتح کرد، کۆمەڵێکی زۆر بەڵ"ەنامەی گرنگی بەنیسبەت مێژووی کوردەوە تیابوو، ئایا گرنگترین بەڵگەنامە کە لەلای تۆ لە مێژووی ئێمەدا دەگمەن و نەزانراو بوو لەناو کۆی ئەو بەڵگەنامانە چیبوو؟**

ـ **د. کەمال مەزهەر:** بەراستی پێت دەڵێم هەموو بەڵگەنامەکان نرخی زۆریان هەیە، من ناتوانم بڵێم کام بەڵگەنامە لە کام بەڵگەنامە بایەخی زیاتر هەیە، بەلاّم ژمارەیەکی زۆر لەو بەڵگەنامانە ئێمە ناوەرۆکیمان نەدەزانی، تا ئێستا چەند جارێك لە دانیشتنەکانی خۆمانا باسی نامەیەکی حەپسە خانی نەقیب زۆر زۆر گەورەیە، لە ٧ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠دا، واتە رۆژێك دوای راپەرینی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠، نامەیەکی ناردووە بۆ مەندووبی سامی بەریتانیا، لە بەڵگەنامەکانا دۆزیومەتەوە و لەوێ بەکارمهێناوە، هەر سەلامی لێ ناکات، یەکسەر چۆتە ناو نامەکەوە، ژماردم نۆ جار وشەی عەدالەتی بەکارهێناوە، گاڵتە بەعەدالەتی ئینگلیز دەکا، دەڵێ ئەمە عەدالەتتانە کە واتان کرد، لەکۆتایی نامەکەشیدا داوا لە مەندووبی سامی دەکا، دەڵێ تکات لێ دەکەم ئەم نامەیەم تەرجەمە بکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و بینێرە بۆ هەموو لایەنە بەرپرسەکانی وڵاتەکەت، بەلای منەوە ئەو هەڵوێستەی حەپسە خانی نەقیب لە هی شێخ مەحموود گەورەترە، چونکە شێخ مەحموود یەکسەر نەبزوا لەبەرانبەر ئەو کوشتارە زۆرەی کە کرا لە سلێمانی، ئەو هەڵوێستەی حەپسە خان لە هەڵوێستی شێخ مەحموود گەورەترە لەو بووارە، بێئەوەی لە نرخی بەرزی شێخ مەحموود کەم بکاتەوە.

* **چەند تەماشای بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دەکەیت، ئەوەی جەنابت و ئەوەی پێشتر بەرچاومان کەوتووە، تیایدا زۆر بەدەگمەن دەبینین بەریتانیا لایەنگیری ئەوەبووبێ دەوڵەتێکی کوردستانی هەبێت، جار جار بووە، مەسەلەی سیڤەر جارێك هاتە سەری، چەرچڵ لە کۆنگرەی قاهیرە دیفاعێکی کرد و مناقەشەیەکی توندی لەگەڵ برسی کۆکس و مس بیل و ئەوانە کرد، بەلاّم بەگشتییەکەی ئەوەبوو، بۆ نموونە: عەرەب لە عیراق هیچ موئەهیلی دەوڵەتی نەبووە، بێ ساحێب بوو، کەسیان نەبوو، لەکاتێکدا ئێمە لێرە بەپێی قانوونی دووەلی هەرێم و میللەت و دەسەلاّتی سیاسی جاهیزتر بوو لە هی عەرەب، کەچی بۆ ئەوان هات بەدەستی خۆی دەوڵەتی بۆ دروستکردن، ئەسڵەن کەس لە مێشکیشی نەبوو، د. عەلی وەردی نەقڵی کردووە، دەڵێ: ئێمە ئیستقلالمان هەر**

**لەمێشکدا نەبوو، ئێمە بەس (برسی کۆکس)مان ناسی بەو شێوەیە دەوڵەتی بۆ دروستکردن، کەچی کوردستانی دابەشکرد، یانی ئێمە هەتا ئێستە لە سرِی ئەساسی ئەوە نەگەیشتووین، بەریتانیا بۆ وایکرد؟**

ـ د. کەمال مەزهەر: من بەلای خۆمەوە پێموایە جوگرافیای کوردستان بوو بەتەوقی نەگبەتی و چووە ملی کوردەوە، ئەگەر دەرفەتێك هەبوایە، شوێنێك هەبوایە، بۆ ئێمە هەر بەزۆر هەوڵدەدەین خۆمان بگەیەنینە دەریا، نەخشەی نەتەوەپەرستانی کورد دەمانگەیەنێتە سەر کەنداوی فارس، کە ئەوان هەر کەنداوی عەرەبی پێ دەڵێن، لەولاشەوە دەمانگەیەنێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، کە ئەمە وانییە، ئێمە جوگرافیا بوو بەتەوقی نەگبەتی و هاتە گەردنمانەوە، دەوڵەتە گەورەکانیش هەریەکە بەرژەوەندی خۆی هەیە، ئەو هیچ ئامادە نییە، کاکە دوای شەڕی یەکەم کردیان بەهەرا لەسەر ئینگلتەرا کە سەربازی زۆری کوژراوە، خەڵکەکە لەبرسا مردوون، لەبەر ئەوە دەبێ هەموو هێزەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بکشێنێتەوە، ئەمە تۆ دەبێ بیزانی و دڵنیام لەوەی کە دەیزانی، هەموو دەوڵەتێك بەرژەوەندی خۆی هەیە، بۆ ئەو دەبێ لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد بێت سەربازی خۆی بنێرێت و ئیلا بەزۆر دەوڵەتێك دابمەزرێنێت، شتی وا وابزانم ناکرێت.

*** هەر لە دروستبوونی عوسمانی لاو دوایی تورکیای لاو دوایی ئیتیحاد و تەرەقی لە یادی سەد ساڵەی شۆڕشی فەرەنسی، دوای ئینقلابەکە، دوای جەمهورییەی ئەتا تورك، دەرەجە بە دەرەجە هەتا هات کورد تەئیدی هەنگاوێکی کردووە و دواییش زەرەریشی لێکردووە؟**

ـ د. کەمال مەزهەر: بەڵێ، دیسان دەگەڕێمەوە ئەوەی رۆژانی دەرەبەگایەتی حوکمی خۆی هەیە، دوای ئەوەی ناوچەکە هەمووی بە کوردستانەوە تێکەڵی بازاڕی سەرمایەداری دەبێ، ئیتر لامەرکەزییەت رۆڵی نامێنێت، دەبێ مەرکەزییەت دروست بێت، بۆیە دەبوو هەموو ئیمارەتە کوردییەکان کۆتاییان بێت، مەسەلەکە لەوەیا دەدیترێ.

*** بەپێی ئاگاداری خۆت کە متابەعەی ئەو نامەی ماجستێر و دکتۆرایانەی کوردستان دەکەیت، هەتا ئەوانەی بەغداش، تا چەند لە ئاستی زانستی ئەو نامە مێژووییانە رازیت؟**

ـ د. کەمال مەزهەر: بەراستی من تاکو ئێستا دەیان نامەی ماجستێر و تێزی دکتۆرا، یان سەرپەرشتیم کردوون، یان ٩٩٪یان خۆم سەرۆکی توێژینەوەی ئەو نامانە بووم، زۆر

له نامەکان رازیم، نامەی زۆر رێك و پێك و بە کەڵکیان تێدایە، نامەی ئەوتۆیان تێدایە گەلێك نهێنییان هێناوەتە بەرچاوی خوێنەر، دیسانەوە پەنا دەبەمە بەر رۆژی ١١/٢٠ کە بەڕێز کاك ئازاد عوبێد نامەی دکتۆراکەی لەسەر (مەعروف جیاووك) ئەتۆژێتەوە، وابزانم دەستکەوتێکی زۆر گەورە دەبێ لەو بووارەدا. لە کاتێکدا خەڵك ناڕازین لە نامەی ماجستێر و دکتۆراکان، من وای دەبینم.

*** کەسانێك هەن وەسفی سەلاحەدین و ئەو وەسفانەی تاریخ بەپێی واقیعی ئێستا مەحکەمەی دەکەن؟**

- **د. کەمال مەزهەر:** من زۆر بڕوام بەوانە نییە، جارێ ئەگەر سەلاحەدینیش نەبووایە دەبوو رەهبەرێکی تر هەڵکەوتایە سەلیبییەکانی بوەستاندایە، ئەوە ئەوەنییە کە پەکیان لەسەر ئەو کەوتبێ، راستە لەوانەیە ئەو وەکو سەلاحەدین ئازا نەبووایە، بەڵام دەبوو سەلاحەدین بێتە کایەوە، ئینجا کەی هەستی نەتەوەیی لەو کاتەدا هەبووە، تاکو من بێم داوا بکەم سەلاحەدین بەناوی کورد و کوردستانەوە بچێت شەڕی سەلیبی بکات، بەڵام من شانازی بەوەوە دەکەم کە سەلاحەدینی ئەیوبی لەناو کورددا یەکێکی وا هەڵکەوتووە عەرەب خۆی کردوویەتی بە رەهبەری لەشکرەکەی، دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن کە ئەندامی کۆڕە، بابەتێکی دکتۆرای هەڵبژارد دەربارەی سەلاحەدینی ئەیوبی، (جيش صلاح الدين الايوبي)، تا ئێستا دووجار ئەو نامەی دکتۆرایە چاپکراوە، لە تێزی دکتۆراکەیدا نووسیویەتی دەڵێ: لەسەدا چل و ئەوەندەی لەشکرەکەی سەلاحەدین کورد بوون، لەسەدا چل و ئەوەندەی لەشکرەکەی تورکمان بوو، ئەوانی تر عەرەب بوو، لە هۆڵێکی یەکجار گەورەی کۆلێژی ئاداب لە بەغدا تێزی دکتۆراکەی مامۆستا موحسین گفتوگۆی لەسەر دەکرا، بەرنەدەکەوت، زۆر کەس بەپێوە دەوەستا، دنیایەك عەسکەری هاتبوو، یەکێك لە ئەندامانی توێژینەوەکە دکتۆر خاشع مەعازیدی بوو، کە هاوپۆلی منە لە کۆلێژ، زۆرم خۆشدەوێ، بەڵام عەبدولرەحمان بەزاز خاڵیەتی، خۆی بوو بە بەعسی، هەرچەند لە زەمانی سەدامدا لێشیاندا، ئەو زۆر تووڕەبوو لە موحسین، وتی یەعنی تۆ هەموو جەیشەکەی سەلاحەدینت کرد بە ئەوەندەی کوردە و ئەوەندەی تورکمانە، ئەی عەرەب لە کوێ بوون، موحسین بە ئەدەبەوە وتی مامۆستا جارێ من لە خۆمەوە ئەو قسانەم نەهێناوە، ئەو قسانە عیمادەدین کاتب دەیکات، نازانم کێی مێژوونووسی عەرەب دەیکا، ئیبن ئەسیر دەیکا، من لەوانەم وەرگرتووە،

بەڵام ئەگەر راستت دەویٚ شەرمم کرد بنووسم کەوا ئەو لەسەدا دەی عەرەبە خیانەتییان لە سەلاحەدینی ئەیوبی کرد و لە ژێرەوە چوون لەگەڵ سەلیبییەکاندا رێککەوتن. لە قاعەکە بوو بە پێکەنینێك، دکتۆر خاشع مەعازیدی ئەو وەختە عەمیدی کۆلێژی تەربییە بوو، موحسینیش قوتابی ئەو کۆلێژە بوو، لەگەڵ ئەوەدا ئاوا پیاوانە ئەو وەڵامە جوانەی دایەوە، ئەویش لێی قەبوڵ کرد، لە دواییدا نەعەزیەتی دا و نەهیچ، هەتا خانووی دایە لە نزیك کۆلێژی ئاداب و تەربییە، ئینجا موعین بەسیسۆ قسەیەکی زۆر جوانی هەیە کە دەڵێ:

**انتصر صلاح الدين فغدا بطلا عربيا عظيماً**

**ولكن لو اندحر صلاح الدين لأعتبر كلبا كرديا حقيرا**

مەسەلەکە ئاوایە، جەرجیس زێدان لە کتێبی خۆیدا کە دێتە سەر باسی سەلاحەدینی ئەیوبی دەڵێ سەلاحەدین لەگەڵ رەهبەرە نزیکەکانی سوپاکەیدا بە زمانێك دەدوا کە ئەوانی تر تێینەدەگەیشتن، کە دیارە بە زمانی کوردی لەگەڵیاندا گفتوگۆی کردووە، سەلاحەدین دەخەمە ئەولاوە، ئەی باشە (مەشتوب هەکاری) کە لە شاخەکانی هەکارییەوە کە ئێستا بنکەی سەرەکی پەکەکە (حزب العمال الكردستاني)یە، لەوێوە هاتووە چۆتە شەڕی خاچپەرستان، لەوێ دووجار بریندار کراوە، بۆیە ناوەکەیان گۆڕیوە بە (مشطوب الحكاري) یەعنی ئەوەی لە دەم و چاوی کراوە ئینجا (مشطوب الحكاري)ژن دێنێ، شەوی زاوایەتییەکەی بۆ بەیانی دەچێتە بەرەی جەنگ لەوێ شەهید دەبێ، من ئەم (مشطوب الحكاري)یە بەلامەوە لە سەلاحەدینی ئەیوبی گەورەترە، هەر لەسەردەمی سەلاحەدینا بووە، د. موحسین لەمن زیاتر شارەزایەتی.

***عەرەب شانازی بە شەریف حوسێن بن عەلی دەکەن لە کاتێك ئەو یەکەمین کەس هات و قودس و فەلەستینی تەسلیمی ئینگلیز کرد، کەچی ئێستا ناویان لە سەورەکەی نا (الثورة العربية الكبرى)، کەچی سەرکردەکانی ئێمە کەسی هیچی وەهاشی نەکردووە، بە خراپ ناوی دەبەن، ئەوە خەلەل نییە؟**

ــ د. کەمال مەزهەر: ئەوە کەلێنێکی گەورەیە، دەبێ چاو بەو هەڵانەی خۆماندا بخشێنینەوە، با جەنابی ئەو کەسەی وا دەفەرمووێ بیگێڕینەوە رۆژگاری سەلاحەدینی ئەیوبی یا بیگێڕینەوە رۆژگاری شێخ مەحموود بزانین ئەو چی بۆ کورد دەکات، ئاخر تۆ دەبێ لە قەوارەی کات و شوێندا ئەو شتە وەربگری، بەو تەرازووە هەڵیسەنگێنی.

***پێتوایە لەناو ئەو هەموو کارەی بۆ مێژووی کورد کراوە تا ئێستا چ شوێنێك تاریکە، کەندە، پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و رووناککردنەوە هەیە؟**

ـ **د. کەمال مەزهەر:** زۆر لایەنمان ماوە کە پێویستی بە توێژینەوەی مێژوونووسی دڵسۆزە، پێش ئەوەی ئێوە بێن یەکێك لە برادەرانمان هاتبوو دەیەوێ نامەی دکتۆرا بنووسێ باسمان کرد، وابزانم شەش حەوت بابەتمان هێنایە پێشەوە کە دەتوانرێ دەربارەی ئەو بابەتانە بنووسێ، کە ئەو هەر دەربارەی شاری هەولێر دەنووسێ، چالاکی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی لە شاری هەولێردا لە ساڵی ١٩٤٥وە، جا بزانە تۆ چەند شتی ترت هەیە کەپێویستی بە توێژینەوە هەیە، لەو کتێبەدا دەیان و دەیان پێشنیارمان کردووە کە ئەمانە دەتوانرێ نامەی ماجستێر و دکتۆرای سەرکەوتوویان دەربارە بنووسرێ، هەر بەوێنە دەڵێم زۆر بەئاسانی دەتوانرێ نامەیەکی ماجستێر لەگەڵ نامەیەکی دکتۆرا دەربارەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بنووسرێ، بەڕێز دکتۆر کەمال فوئاد کە لە ئەڵمانیا بوو، زوو زوو تەلەفونی بۆ دەکردم، پیاوێکی دلسۆزە، رۆڵی زۆر گەورە بووە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، سەری سوڕ دەما کە هەندێ شتم دەربارەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا دەربارەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بۆ دەگێڕایەوە، باشە دەتوانرێ دیدەنیش لەگەڵ ئەوانەدا بکرێ، عیسمەت شەریف وانلی وابزانم تا ئێستا ماوە، عومەر شێخ موس، دەتوانرێ زۆر دیدەنی بەکەڵك ساز بکرێ. ئێمەی کورد سەربازی ونمان یەکجار زۆرە.

*** هەندێك باس دەکەن کە هەمیشە پرۆسەی مێژوو نووسین لای ئێمە دوای سیاسەت کەوتووە، مێژووییەکی سیاسی بووە، زۆر جار ئەم پرۆسەی مێژوونووسینە لەکایەکانی زانستی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵناسی لە فەلسەفە لە کایە ئینسانییەکانی تر دابڕاو بووە، تا چەند لەگەڵ ئەم رایەیت؟**

ـ **د. کەمال مەزهەر:** پێشتر وتوومە ئێمە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی مارکسا بین یان نەبین ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەو دەڵێ لە دونیادا یەك زانست هەیە، ئەویش زانستی مێژووە، زانستی مێژوویش دەکرێت بە دوو لقەوە، لقی یەکەمیان بریتییە لە زانستە سەرەکییە عیلمییە رووتەکان، وەکو کیمیا و فیزیا و هەندەسە و بیرکاری و ئەو جۆرە شتانە، ئەوی تریان بریتییە لە مێژوو، مێژوویش ئەو لە چوارچێوەیەکی زۆر فراواندا

وەری دەگریّ، مەبەستی میّژوو سیاسەتە، کۆمەڵناسییە، هەموو ئەو لایەنانەیە، ئیّمە دەبیّ بەو جۆرە رەفتار لەگەڵ میّژوودا بکەین.

*** ئایا میّژوو بۆ ئەرشیف کردنی رابردوو یان تەواوکردنی ویّنەی رابردوو تەسەوورییە، یا پرۆسەیەکی عەقڵی زانستییە؟**

**ـــ د. کەمال مەزهەر:** پرۆسەیەکی عەقڵی زانستی زۆر پیّویستە، هەرچەند جیاکردنەوەی ئەو دوو لایەنە لە یەکتری ئاسان نییە.

*** تۆ ئیّستاش پیّتوانیە حەرەکەی تاریخ عامیلی ئیقتسادییە؟**

**ـ د. کەمال مەزهەر:** نەخیّر، من دەزانم ژیانی ئابووری بزویّنیّکی سەرەکی رووداوی میّژووییە، نەك وەحید، لە ژیانما نەمنووسیوە ئەوە بزویّنی وەحیدە، چونکە هەموو کەسیّك کە برسی بیّت زیاتر ئامادەیە بۆ ئەوەی خۆی بەخت بکا لە پیّناوی ناندا.

سەبارەت بە ئیقتیساد، جاریّ لەپیش هەموو شتیّکدا کۆمەڵ، چونکە ئەگەر کۆمەڵ نەبیّ ژیانی ئابووریش نابیّت، ئەمە کۆمەڵمان خستە پلەی یەکەمەوە، دوای ئەوەی کۆمەڵ دروستبوو، تۆ پیّویستت بە ژیانە، کەواتە ئابووری دروست دەبیّ، کۆمەڵ و ئابووری کە لەگەڵ یەکدا تەفاعول دەکەن، سیاسەتەکە دروست دەبیّت من بەو جۆرە بۆی دەچم، ئیتر ئەمە ئایا بۆچوونیّکی مارکسییە یان زانستییە من بڕوام پیّیەتی، لەبەر ئەوەش هەموو کتیّبەکانی خۆم، نامەی دکتۆراکانم کە چاپم کردوون، هەموویان بەشی یەکەمی نامەکە بریتییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییە سیاسییەکانی کوردستان لەساڵی ئەوەندەوە تا ساڵی ئەوەندە، ئینجا دوای ئەوە چوومەتە سەر راپەرینەکان و چوومەتە سەر لایەنە سیاسییە رووتەکان.

***جەنابت لە پیشەکییەك بۆ یەکیّکی لە نامەکانی زانستیدا نووسیوتە: شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ زۆربەی گەلان خیّری دایەوە بۆ کورد نەبیّت کە مایەی نەگبەتی بوو" عەلی سەعید کەریمیش عەینی قسەی هەیە بە جۆریّکی تر لە کتیّبەکەی خۆی" من حوار المفاهیم الی حوار الدم"، ئەوە رات لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئیّستاش دەبینین رووی لە بلۆکی رەئسماڵی کردووە، پیّتوایە ئەمەیان چی بۆ کورد دەکات؟**

**ـ د. کەمال مەزهەر:** نازانم عەلی کەریم سەعید کەی وای وتووە، ئەو پیّشتر وتوویەتی یان من، بەڵام زۆر دەمیّکە وتوومە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو بە تەوقی نەگبەتی تەنها بۆ

کورد و خێری بۆ هەموو دنیا دایەوە، چونکە ئیتر وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ئامادە نەبوون لەبەر خاتری کورد بێن تەزحییە بە گەلەکانی تر بدەن، بەڵام ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت زەرەری هەبوو بۆ هەموو نەتەوەکانی تر بەلای منەوە قازانجی هەبوو تەنها بۆ کورد، چونکە ئەو کۆسپە نەما، ئەو کۆسپەی پێشان دەیانوت دوو بەرە هەیە و تەنها مراعاتی ئەو زرووفە بکەین، کورد دریغی نەکردووە، بەڵام بەکوردەکە خۆی نەدەکرا، ئەگەر سوپای دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان نەدەبوو سەدام حوسێن نەدەڕووخا، ئەمە یەك، جاریَ لە هیچ یەکیَ لە نووسینەکانی خۆیاندا نە مارکس نە ئەنجلس نەیانوتووە شۆڕشی سۆشیالیزمی لە ڕووسیای دواکەوتوودا ڕوودەدا، ئەوان هەمیشە وتویانە یان لە بەریتانیا یان لە ئەڵمانیا ڕوودەدا، چونکە ئەگەر لەویَ سەرمایەداری گەندەڵ بیَ، ئیتر دوای ئەوە بەرەو باشتر بڕۆی، هەڵبەت ئەوە شوێنی خۆیەتی، لەبەرئەوە خاکی سۆڤییەت خاکێکی لەبار نەبوو بۆ تۆوی سۆشیالیزم، لینین خۆی یەکەم کەس بوو پەشیمان بووەوە لەوەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری کردووە، ستالین ئەو شتانەی دەشاردەوە، لەساڵی ١٩٢٣-وە ستالین بوو بە فەرمانڕەوا، چونکە لینین ئیتر پەکی کەوتبوو، ستالین لەگەڵ کۆرپسکایەکی هاوسەری لینیندا دوژمنایەتی هەبوو، چونکە نەیدەهێشت ئەو شتانەی لینین وتوونی بڵاو بکرێنەوە، لینین دەڵیَ: "چی بکەم، من ئیشتراکییەتم دەویست، سۆشیالیزمم دەویست، دەمویست میللەتەکەم بکەوێتە بەختیارییەوە، بەڵام کە ئێستا گەیشتووە بەوەی هەر نەفەرێك لە یەکێتی سۆڤییەتدا ڕۆژی ٢٥ گرام نانی ڕەشی بەردەکەوێت، کیَ ئەم ئیشتراکییە قبووڵ دەکات، خەڵك سۆشیالیزمی بۆ چییە"؟، هەر ڕژێمێك کە پێی بلێی، تۆ ئەو ڕژێمەت دەویَ کە بەرەو ئاوەدانی دەتبا نەك بەرەو نەگبەتی، خۆی پەشیمانبۆوە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بۆیە (نێپ - نیو ئیکۆنۆمیك پۆلیسی) (السیاسة الاقتصادیة الجدیدة)ی داناوە، دەرگای یەکێتی سۆڤییەتی کردەوە لەبەردەمی سەرمایەدارانی ڕۆژئاوادا، ئەوەندە لێی پەشیمان بوو، کە ئەوە کوفرە بەپێی مارکزسیزم.

*** ئەو شکستەی بەسەر سۆشیالیزمی سۆڤییەتدا هات، پێتوایە ئەو شکستە شکستی تەجروبەیەك بوو لەناو یەکێتی سۆڤییەتدا، یان شکستی فیکرێکی سیاسی ئیقتیسادی بوو؟**

– د. کەمال مەزهەر: شکستی تاقیکردنەوەیەکی بیروبۆچوونی سۆشیالیزم بوو، سۆشیالیزم شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆر خزمەتی ئەو وڵاتەی کرد، ئەوەبوو گەیشتن بە رادەیەك کە دوو هێز هەبێت لە هەموو جیهاندا، هێزی یەکێتی سۆڤیەت و بەرەی یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتە یەکرگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوەی کە بوو بە هۆی رووخانی یەکێتی سۆڤییەت فێڵ و فەرەج بوو کە کارێکی وایکرد کە سۆڤیەتیەکان لەگەڵ دەوڵەمەندی خۆیاندا، ئیعتیماد بکەنە سەر چەك دروستکردن، ئەو چەکانە زۆر زۆر گران دەکەوتن، یەکێتی سۆڤییەت، لە گەلێك بواری چەك دروستکردندا، پێش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەوتبوو ، ئەو تاقیکردنەوەیە، کە سەرنەکەوت مانای ئەوە نییە ئیتر سۆشیالیزم شتێکی خراپە، نا.

* ئێستا لە کوردستان زۆر هەوڵ دەدرێ بۆ دەعوەی ناسۆشیالیزمی، تەبعەن دەعوە ناسیۆنالیزمی جیایە لەگەڵ کوردایەتی، کە مەعقوولییەتی هەیە، یان قۆناغی رزگاری نیشتمانی، چی ناوی لێ دەنێین، بەڵام دەعوە بۆ نەتەوایەتی عەسەبییەت فەرقێکی هەیە، ئەوەش بووەتە هۆی چەند شتێك، بۆ یەکەم جارە مەسیحییەکان وەکو کولتوور خۆیان جیا دەکەنەوە، لە تاریخدا مەسیحی هەر خۆی بە بەشێك لە میللەتی کورد زانیوە، ئێزیدی، کاکەیی، جوولەکە، هەموو خۆیان بەکورد زانیوە، ئەو دەعوەیەی ئێستا خەریکە کۆمەڵگەی کوردستان تۆزێك لەیەك پارچەپارچە بکات؟

– د. کەمال مەزهەر: نەتەوەپەرستی توندڕەو شتێکی بێزراوە، بە تایبەتی نەتەوەپەرستی توندڕەوی نەتەوەیی دەسەڵاتدار، بڵێین نەتەوەپەرستی عەرەب، نەتەوەپەرستی تورك، نەتەوەپەرستی نەتەوە ژێردەستەکان ئەویش هەر خراپە، بەڵام ئەو رەدفیعلەی ئەو کارە خراپەیە، هەمیشە دەڵێم رەدفیعلی شتی خراپ تۆختر دەبێ لە شتە خراپە ئەسڵییەکە، دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە ئەوە دەچێتە خانەی شۆفێنیزمەوە، کە شتێکی باش نییە، ئەو زاراوەیە بەناوی ئەفسەرێکی ناپلیۆن بۆناپارتەوە پەیدابووە، ناوی شۆفێن بووە، زۆر بە پەرۆش بووە بۆ داگیرکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەکانی تر، شوفێنیزم کارێکی خراپە، ئەوەی کە خۆم لەبیرمە، لە رەفتاری رۆژانەدا ئێمە هەمیشە لەگەڵ کەمینەکانی تردا بووین، ئێزیدی و کاکەیی و ئەوانی تر ئەوە هیچ، ئەوانە کوردن، لەگەڵ جوودا، لەگەڵ ئاشوورییەکاندا، لەگەڵ

کلدانییەکانـدا، کوردەکـە هەمیـشە هەڵوێـستی زۆر باشـی هـەبووە، راسـتە هەڵـەشمان کردووە، بۆ نموونە: سمکۆی شکاك مارشەمعۆنی کوشت، هەڵەیەکی گەورەی کرد، بـەڵام دوایی خۆی لێی پەشیمان بـۆوە، زۆر بەداخـەوە سمکـۆی شـکاك، ئـەو نیـشتمانپەروەرە دەڵسۆزە گەورەیە بە هەمان شێواز خۆی کوژرایـەوە، ئـەو فێڵیـی لـە مارشـەمعۆن کـرد، پێیوت وەرە کۆبوونەوە بکەین، بۆ ئەوەی رێـك بکـەوین، لـە دواییـدا پیاوەکـانی دانـابوو هاتن کوشتیان، هەر یەکێکیان بە سەلامەتی دەرچوو، مارشـەمعۆن، پیـاوێکی ئایینییـە، بۆچی ئەو دەکوژی، لە ئاخریـدا رەزا شـا نـاردی بـەدوای سمکـۆدا، بـێ رێککـەوین، هـەر عەینی شت سـەربازەکانی دانـابوو لـە (تووتیـا) کوشـتیان، کـە هێـشتا منـداڵ بـووم، لـە سـلێمانی لـە کەپرەشـینەی جوولەکەکانـدا بـەدڵ هـەمووماں دەچـووین بـۆ گـەڕەکی جوولەکان کە گەڕەکێکی تایبەتی خۆیان هەبوو، قـەت ئـەوم شـتانە لـەناو ئێمـەدا نـەبوو ئەگەر شوێنێکی تر لە شاری عەرەب ریشیان دەسوتاندن، هەرگیز لـەناو ئێمـەدا شـتی وا نەبووە، پێش ساڵی ١٩٤٧ حەزیان نەدەکرد بڕۆن، وڵاتەکە بەجێبهێڵن، پیلانێك رێکخـرا، وەك ئەو پیلانەی ئێستا لەگەڵ مەسیحییەکاندا رێکخرا، بۆ ئـەوەی موسـڵ بـەجێ بهـێڵن، پیلانێکی وا رێکخرا، هەموویان زراوەترەك بوون، رایانکرد پەنایان بردە بـەر وڵاتـانی تـر، ئێمە دەبێ زۆر کراوە بین، زۆرم پێخۆش بـوو جارێکیـان لـە تەلـەفزیۆنی (الحـرة)وە بـوو وابـزانم، باسـی جوولەکـەکانی ئیـسرائیلی نیـشاندا، باسـی کـرد و دیـدەنی کـرد لەگـەڵ ژمارەیەکیاندا، وتی تاوەکو ئێستا شانازی بەوەوە دەکەن کـە کـوردن،ماڵیـشی نیـشاندا هەموویان بە جلی کوردییەوە، نانی هەورامییان دروست دەکرد، تیپی کوردیـشان هەیـە، ئاوازی زۆر نازدارییان بۆ داناوە، ئێمە وابووین، هەڵبەت رەدی فیعلـی ئـەو جوانمردییـەی باووباپیرانمانە لەگەڵ جووەکاندا، هەرچی زێڕەنگەری سلێمانی هەیە هەموویان جوولەکـە بوون، هەرچی کوتاڵفرۆشی سەرەکی سلێمانی هەیـە هـەموویان جوولەکـە بـوون، ئەوانـە وانەی گەورەن لە مێژوودا، دەبێ کەڵکیان لێ وەربگرین.

*** بەڕێزت رایەکی جیاوازت لەبارەی ئەرمەن هەیە، ئایـا قـەتلوعامی ئەرمەنییـەکان، کێ لێی بەرپرسیارە؟ کورد یان عوسمانلی یاد ئیتیحاد و تەرەقی؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** من زۆر چوومە بنج و بناوانی کوشـتاری ئەرمەنییـەکان، زوڵمـی زۆریـان لێکـراوە، کوشـتاری یەکـەم لـە رۆژگـاری سـوڵتان عەبدولحەمیـددا ١٨٩٦بـوو،

کوشتاری دووەم ١٩١٥یە هی ڕۆژگاری ئیتیحادییەکانە، زوڵمی زۆریان لێکردوون، ئێمەش بووین بە داردەست، کوردەکە لەبەر دواکەوتوویی بووین بە داردەستی سوڵتان عەبدولحەمید، چونکە سوپای حەمیدییە هەمووی کورد بوون، ئەو سوپایەی تێبەردان، ئەوان بە کەرێتی دەچوون ئەو کارەیان دەکرد، هەندێ لە ئاغا کوردەکان کە چاویان بڕیبووە موڵك و ماڵی ئەرمەنییەکان خواخوایان بوو ئەمەنەکان قەتڵوعام بکرێن و دەربەدەر بکرێن، بۆ ئەوەی کە ئەوان زەوییەکانییان داگیر بکەن، من ئەوانەم نووسی، بەڵام من بەرگریم لە میللەتەکەی خۆم کردووە، دەڵێم دارەدەستێکی بێگوناه بووە لەو کارە خراپەدا، بە کورتی دەیزانی ئێستا لێرەش هەیە، هەندێك لەو مامۆستایانەی کە ئەگەر من زێڕیان بۆ بنووسم، بۆ میللەتەکە، ئەوان هەر بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کەلێنێکی تیادا بدۆزنەوە، کردبوویان بە هەرا، چۆن کەمال مەزهەر نووسیویەتی کورد ئەرمەنی کوشتووە، کەی کورد ئەرمەنی کوشتووە؟ ئەمانە. مامۆستایەکم هەیە دکتۆر حەمەی حەمەساڵح بەگ، زۆر ڕێزی لێ دەگرم چونکە لە پۆلی چواری کولێجدا دەرسی پێ وتووم، هەمیشە بە چاوی مامۆستا سەیرم کردووە، ڕۆژێکیان بەرەو کۆلێجی ئاداب هات، منی دیت ڕێگاکەی خۆی گۆڕی چوو بۆ کولێجی تەربییە، چوومە لای وتم مامۆستا تکات لێ دەکەم دەستت ماچ دەکەم، کە تۆ منت بینی ڕێگاکەی خۆت مەگۆڕە، من ڕێگای خۆم دەگۆڕم، وتی ئەڵێن تۆ نووسیوتە کورد ئەرمەنەکانی کوشتووە، وتم مامۆستا کەواتە من کە نووسیومە کورد ئەرمەنی کوشتووە، چونکە بە ڕاستی کورد ئەرمەنی کوشتووە، بەڵام جەنابت وتت ئەڵێن بە مانای تۆ ئەو کتێبەی من، ئەو فەسڵەت نەخوێندۆتەوە، بەشی پێنجەمی کتێبەکەم، **(کوردستان فی سنوات حرب العالمیة الاولی)**، جەنابت بیخوێنەرەوە، ئەو وەختە وەك مامۆستایەکم هەر شتێك من قەناعەتم پێکرد لە چاپی دووەمی کتێبەکەمدا دەیگۆڕم، ئێ کاکە ئاخر کوشتاری ئەرمەنمان کردووە، یەکێ لە دۆستە هەرە گەورەکانی کورد لە دونیادا ئیمڕۆ هەر ئەرمەنە، ئەوەی ئەرمەن کردیان لەگەڵ کوردی ئەرمینیای سۆڤییەتدا، هیچ میللەتێك بەو جۆرە ڕەفتاری نەکردووە، لەگەڵ مام هەژاری شاعیردا بەناوی کۆڕی زانیاری کوردەوە ئێمە چووین بۆ یەکێتی سۆڤییەت، یەکێك لەو شوێنانەی کە چووین، چووین بۆ یەریڤان، لەوێ بردینیان بۆ گوندی ئەڵەگەز، کە هەمووی ١٥-١٦ کیلۆمەتر لە پایتەختەوە دوورە، لە یەریڤانەوە

دووره،که چوونه ئەویّ هەموویان بە بەرگی کوردییەوە، بە نەریتی کوردییەوە، بە هەڵپەرکێی کوردییەوە بە دەهۆڵ و زوڕنای کوردییەوە پێشوازی ئێمەیان کرد، تۆ هەر گوندێکی کوردی لە نزیك بەغداوە هەڵکەوێت، یان لە نزیك ئەستەنبۆڵەوە، لە زەرفی دوو رۆژدا هەموویان ناچار دەکەن کە خۆیان بنووسن بە عەرەب و زمانی زگماکی خۆیان لەبیر دەچوو، ئاخر ئەوان ئەگەر ئاوا بن لەگەڵ ئێمەدا، چونکە تێ گەییبوون، ئەرمەنەکان زۆر زۆر زیرەکن، زووتر تێگەیبون کە کوردەکە لەو کارە گوناهی نییە، چونکە ئەگەر قائیدێك فەرمان بۆ سوپاکەی دەربکات، بڵێ برۆن لە کۆمۆنیستەکات بدەن لە فلان شار، سەربازی کۆمۆنیست ناچارە، چی دەکا، ئەگەر نەکا خۆی دەکوژن، ئۆباڵی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی ئیتیحادییەکان.

## بابەتی یازدەیەم

# لە دوو دیداری تەلەفزیۆنی جیاوازدا(*)

ئامادەکردنی

هێمن رەفیق ساڵح – رۆژان سابیر

(*) ((ئەو بابەتە کاتی خۆی لە دوو دیدارە تەلەفزیۆنیی و لە دووکاتی جیاوازدا لەلایەن هەردوو تەلەفزیۆنی (خاك) و (کوردسات)دا ئەنجامدراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەداخەوە ئێمە بەچاوی خۆمان ئەم دوو بەرنامانەیەمان نەبینیوە لەسەر داوای ئێمە لەلایەن ئەو دوو هاوسەرەی سەرەوە هێنراونەتە سەر کاغەز، بابەتەکان بێ ناوونیشان بوون، ئێمە ئەو ناوونیشانەی سەرەوەمان بۆیان داناوە. – ع. زەنگەنە)).

## دیداری یەکەم:

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد رۆژی ١٤ ی شوباتی ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچکەی ئاغجەلەری سەر بەلیوای کەرکوك لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٩بە پلەی شەرەف بەشی مێـژووی لە (دار المعلمين العالي) زانکۆی بەغداد تەواو کردووە و یەکەم خەڵاتی لەژیاندا پێدراوە. لەساڵی(١٩٦٣) دکتۆرای لە (ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی) سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤێت وەرگرتووە، ساڵی ١٩٦٩ دکتۆرای ناوك (DSC)ی لەهەمان دەزگا وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٨١دا پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە، لەساڵی(١٩٧١)وە تا ساڵی ١٩٧٥ ئەندام و سکرتێری گشتی و جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد لە عیراق بووە.

ئەحمەد خاوەنی دەیان کتێب ونووسراوی مێژوویی و دیکۆمێنتە بەزمانەکانی (کوردی، عەرەبی، رووسی، ئینگلیزی)، هەروەها پتر لە سی پێشەکی بۆ کتێبی مێژوویی کوردی و عەرەبی نووسیوە، سەرپەرشتی پتر لە سەد نامەی ماجستێرو دکتۆرای کردووە، ژمارەیەکی زۆر لەو نامانەی سەرپەرشتی کردوون کراونەتە کتێب و بڵاوکراونەتەوە. بەشدار بووە لەتوێژینەوەی پتر لە سەدوپەنجا نامەی ماجستێرو دکتۆراو لە بەشی هەرە زۆریاندا سەرۆکی لیژنەی توێژینەوەی ئەو نامانە بووە، بەشداری دەیان کۆنفرانس و کۆنگرەی جیهانی کردووە، دەیان رۆژنامەو گۆڤاری کوردی و عەرەبی و عیراقی بە تێرو تەسەلی بەرهەمە مێژووییەکانیان هەڵسەنگاندووە (کل العرب، الدستور، الشرق الاوسط، الوطن العربي، الحياة، الرأي، الزمان... الخ) کە هەموویان لەدەرەوە چاپ دەبن، بەرهەمەکانیان بەرز نرخاندووە، گەلێك رۆژنامەو گۆڤاری زانستی رووسی و ئینگلیزی و ئازەری بەرهەمە مێژووییەکانیان بەرز نرخاندووە.

*** چۆن دەڕوانیتە مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانی، ئەو زەروورەتانە چی بوون کە وایکردووە شاری سلێمانی لەو کاتەدا دروست بێت؟**

**– د. کەمال مەزهەر:** مێژووی سلێمانی زۆر دێرینە، ئەو دروستکردنە نابێت هەر ببەسترێتەوە بەبابانییەکانەوە، چونکە گەڕەکی (دەرگەزێن) یەکێکە لەناوچە هەرە ئاوەدانەکانی نەك هەر لەکوردستان، بەڵکو لەسەر رووی زەمین، هەڵبەت

دروستکردنی سلێمانی وەك پایتەختی بابانییەکان ئەمە شتێکی کەم نیە، هەنگاوێکی گەورە بوو لەمێژووی نەتەوەکەماندا، (**شێخ رەزای تاڵەبانی**) ئەڵێ: (**لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو**)، بەشانازییەوە باسی ئەوە دەکات کە جۆرە سەربەخۆییەك هەبوو، نەپیاوی عەجەم و نە پیاوی رۆمەکان بوون، ئەمە هەڵبەت شتێکی زۆر زۆر پێویست و پیرۆزە و دەبێت هەموو ساڵێك ساڵیادی دروستبوونی سلێمانی بەتایبەتی لە زانکۆکاندا بکرێتەوە، من خۆم راستە لە ئاغجەلەر لەدایك بووم، چونکە لەو کاتەدا باوکم لەوێ فەرمانبەر بوو، بەڵام تەنانەت لەدەفتەری نفوس و لە هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکانمدا نووسراوە کە من لەسلێمانی لەدایك بووم، لەبەر ئەوە سلێمانی ئەزانی شوێنێکی زۆر تایبەتی هەیە لەناخی دەروونما و تەنانەت بیانییەکانیش باسی ئەوە دەکەن کە سلێمانی شوێنێکی تایبەتی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەیە، هەرگیز ئەوماڵەی خۆمان لە گەرەکی کانێسکان لە یاد ناکەم، چونکە سەرەتای ژیانم پەیوەستە بەو ماڵەوە کە ئێمە تیایبووین، ماڵەکەش کەوتۆتە سەر تەختانییەك لەپشتی ماڵی کوڕانی (**شێخ مەحموود**)ەوە واتا (**شێخ رەئووف و بابە عەلی**). یەعنی ئەوان زۆر نزیك بوون لەماڵی ئێمەوە، وێڕای ئەوەی خوالێخۆشبوو (**ئەحمەد خواجە**) کە پێموایە دوورە خزمایەتییەکی لەگەڵ دایکم هەبوو، حەلیمە خانی هاوسەریشی زۆر ئافرەتێکی لێهاتوو و جوانکیلە بوو، پێم وابێ بەڕەسەن جولەکە بوو، بەڵام موسوڵمان ببوو، زۆرمان خۆشئەویست، هەمیشە ئەو یادانە ئەکەمەوە. ماڵی حاجی قادری جەبار لێمانەوە نزیك بوو، ماڵی قادر ئاغا لێمانەوە نزیك بوو، قوتابخانەی صدیقەی کچان لێمانەوە نزیك بوو، ئەوانە هەمووی لەیادمایە، چونکە ئەو خانووە هی (**تۆفیق قەزاز**) بوو، ئێمە بەکرێ لێمان گرتبوو، پاش ماوەیەك خانوویەکمان کری هەر نەختێك لەولاوە هەر لەکانێسکان. ئیتر لەوێ من ژیاوم و هەرگیز یادی ئەوە دەکەمەوە، هیوادارم دەرفەتێکم بۆ برەخسێ بە تایبەتی بچم سەردانی ئەو شوێنانە بکەم.

* **چوونت بۆ مۆسکۆ؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** بەر لە چوونم بۆ مۆسکۆ،لە ساڵی(١٩٥٩) خوێندنم لە (**دار المعلمین العالی**)لە بەشی مێژووی زانکۆی بەغدا تەواوکرد، یەکەم دامەزراندنم لە

قوتابخانەی شۆڕش بوو لە نزیك ماڵەكەی (شێخ محەمەدی خاڵ)ەوە، تاكو ئێستاش لەبیرمە كە بەڕێوەبەری قوتابخانەكەمان خوالێخۆشبوو(**مامۆستا ئەحمەدی قازی**) بوو و زۆر ڕێزم ئەگرت، بەتایبەتی لە ناوەندی دەرسی پێ دەوتینەوە، بۆیە زۆر بەختەوەر بووم و زۆر كارەكەم بەجدی گرتبوو حەزم ئەكرد ئەو ڕۆڵانە بەڕێكوپێكی بگەن و دڵسۆزبن.

*** لەدوای كتێبی شەرەفخانی بەدلیسی و مەلا مەحموودی بایەزیدی، كتێبەكەی داماوی موكریانی سەید حوزنی موكریانیتان بەلاوە چۆنەو چۆن هەڵی ئەسەنگێنن كە بەدەستپێكی مێژووی كورد دادەنرێت، ئەویش كە لەساڵی (١٩٢٥) لەحەلەب بەناوی (غونچەی بەهارستان)ەوە چاپكراوە؟**

**- د. كەمال مەزهەر:** (شەرەفخانی بەدلیسی) زۆر گەورەیە، (مەلامەحموودی بایەزیدی) لەو كەمتر نییە. ( شەرەفخانی بەدلیسی) بەزمانی فارسی كتێبەكەی نووسیوەتەوە، (مەحموودی بایەزیدی) هەوڵی داوە بەكوردی بینووسێ و بیانییەكان ئەوانەی كە لەگەڵیا بوون زۆر بەڕێكوپێكی ئاماژە بۆ ناوی (مەحموودی بایەزیدی)دەكەن، من كتێبی مێژووەكەم یەكێكە لەو بەرهەمانە كە شانازی پێوە دەكەم و پێموایە بەرهەمێكی ڕێكوپێكە، كە ئەو كتێبەم پێشكەش كردووە، دەڵێم پێشكەشە بەیادی (شەرەفخانی بەدلیسی) و (مەحموودی بایەزیدی) و مامۆستا (ئەمین زەكی) بەو بەنرخانەم پێشكەش كردووە بۆ ئەوە پێتبڵێم ئەوان شوێنیان زۆر گەورەیە، بۆ ئەوەی پێتبڵێم كە (حوسێن حوزنی موكریانی) چۆن سەیری دەكەم، دەڵێم ئەگەر بمزانیایە بەداخەوانێ ئەو وەختە بەسەرما تێپەڕی، ئەگینا ناوی ئەویشم تۆمار دەكرد و كتێبەكەم بەویش پێشكەش دەكرد، (غونچەی بەهارستان) كەم نییە، ئەویش ڕێكوپێكە. ئەو هەر هەڵبژاردنی نازناوەكەی خۆی ئەمە شتێكی كەم نییە كە خۆی ناوناوە (داماو)، زۆر بەدڵسۆزانە خزمەتی مێژوو و ڕۆژنامەنووسیی كوردی كردووە بۆیەكە بەلای منەوە شوێنێكی زۆر گەورەو دیاری هەیە، هەمیشە لە نووسینەكانی خۆمدا ئاماژەم بۆ ئەوە كردووە. كاتێك كە باسی مێژوونووسی كورد كردووە هەمیشە ئاماژەم بۆ ئەو كردووە.

* **پرسیارێکی ترمان تایبەتە بەکتێبی (مێژوو)ی جەنابتان، لەو کتێبەدا زۆر لەسەر (فرد- تاك) و کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی نەتەوایەتی داناون وەستاون، ئایا ئەو (تاك، فرد)ە کە باسی دەکەن جەنابتان مەبەستانە، ئێستا بۆ کورد ڕەخساوە و لواوە؟.**

- **د. کەمال مەزهەر:** پێم وتی من یەکێك لەو بەرهەمانەی کە زۆر بەتایبەتی شانازی پێوە دەکەم، من ئەو بەرهەمەم لەرۆژگاری (سەدام حسین)دا نووسیوە، ئەو کتێبەم دەربارەی مێژووە و ئەمویست ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد ئاگایان لەمێژووەکەیان بێت کە مێژوویەکی پڕ لەشانازییان هەیە، بۆیە کە من ئەو کتێبە بەبەرهەمێکی پێویستی دادەنێم بۆ کاتی خۆی و تەنانەت داوام کرد لە خوالێخۆشبوو یوسف الصائغ کرد نیگارکێشێکی ڕێکوپێکی عەرەبی دۆستی کورد بوو، وا بزانم ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی بوو، دراوسێمان بوو لەمەنسور، چوومە لای و پێموت: کتێبێکی وام هەیە، ئەمەوێت تۆ وێنەیەکم بۆ بکەی، وێنەیەك کە (تعبیر) لەناوەرۆکی کتێبەکە بکات، ئەو لێی پرسیم ناوەرۆکەکەی چییە؟ بەکورتی پوختەی ناوەرۆکەکەیم پێشکەش کرد لە دوایدا وێنەیەکی زۆر ناوازی بۆ کردوو و دڵنیام لەوەی ئەو کتێبەت خوێندۆتەوە بەوردی، داربەڕوویەکی دروستکردووە، ئاخر داربەڕوو لای ئێمە زۆر زۆر بڵاوە لە هەموو خاکی کوردستاندا، ئەو هاتووە ئەو داربەڕووەی کردووە بە سیمبوولی مێژووی کورد، بەشێوازێ ڕەگەکانی دروست کردووە کە بەکەس هەڵناکەندرێت. وابزانم دووەمجار یان سێیەم جارە ئەمە روون بکەمەوە، حەز دەکەم خوێنەرانی کورد ئاگایان لەوە بێت کە ئەو وێنەیە ئاماژە بۆچی دەکات، لەو کتێبەدا باسی جەماوەرو هەروەك وتت باسی تاکیشم کردووە، ئێمە ناتوانین بڵێین تاك ڕۆڵی نییە، چونکە خۆ تاك مەرج نییە رابەر بێت یان بەڕێوەبەر بێت یان کاربەدەستێکی گەورە بێت، تاك کۆمەڵانی خەڵکیشە، جوتیارە پاڵەیە، واتا ئەوەش هەر تاکە. تاك هەمیشە ڕۆڵی بووە یان ڕۆڵی دەبێت، بەڵام ئەوە بەستراوە بەزرووفی دەروبەرەوە، یەعنی تاکە کە بڵێین لە ناپلیۆن بۆناپەرتدا زۆر زۆر گەورەیە، بەڵام ئەگەر ناپلیۆن بۆناپەرت لە بارودۆخی کاتی شۆڕشی فەرەنسی

جیا بکەینـەوە و بیهێنینـە کوردستـانەکەی ئێمـەوە، نـاپلیۆن نەیـدەتوانی ئـەو ڕۆڵـە ببینێت کە محەمەد عەلی گـەورە (محمـد علـی الکبیر) بینیویـەتی، کـەم کـەس ئـەوە دەزانێت کە ئەویش بەرەگەز کوردە و شانازی بەوەوە کـردووە کـە کـوردە، محەمـەد عـەلی ئەگـەر لـە بـارودۆخی میـسر بیدزینـەوە بمانهێنایـەوە دیاربـەکرو ناوچـەی کوردستانی تورکیا کە ئەو لەوێوە هاتووە وەکو سـەربازێکی شـاری نەیـدەتوانی ئـەو ڕۆڵە ببینێـت، کەواتـە ڕۆڵـی تـاك هەرچەندە گـەورە بێـت بـە بـارودۆخی ناوچـەکەوە بەستراوە بە رادەیەکی زۆر.

*** لەمێژوودا سەدە ناوەندییەکانی بـەکارهێناوە لـەباتی سـەدە تاریکـەکان، ئایـا ئەمە بۆ مێژووی ئیسلامیش دووبـارە دەبێتـەوە، ئەگـەر وایـە یـەعنی مێـژوو خـۆی دووبارە دەکاتەوە و ئەوساکە چاوەڕێی شۆڕش و ڕیفۆرمێکیتر بین؟**

**– د. کەمال مەزهەر:** پرسیاری یەکەمت دەربارەی ئەوەیە کە لـە کتێبـی مێـژوودا زاراوی سـەدەناوەندییەکانم بـەکارهێناوە لـە بریتـی سـەدەتاریکەکان. جارێکـە بـا لەسـەروو هـەموو شـتێکەوە بەدڵنیاییـەوە پێـت بڵـێم سـەدەناوەندییەکان دروسـتە، سـەدەتاریکەکان ڕاسـت نییـە، چـونکە هـەموو سـەدەناوەندییەکان تاریـك نـەبوون، سـەدەناوەندییەکان قۆنـاغێکی گـرنگ بـووە لـە مێـژووی گـشت گـەلانی جیهانـدا بەکوردیشەوە، چونکە تۆ لەپێش سەدەناوەندییەکاندا لـە قۆنـاغێکی دواکـەوتووتردا بوویت کە پێت ناوەتە سەدەناوەندییەکانەوە، واتای ئەوەیە تۆ هـەنگاوێکی گـەورەی مێژووییت بەرەو پێشەوە ناوە، هەر بۆیەشـە مـن سـەدەناوەندییەکانم بـەکارهێناوە و زاراوەیەکی دروستەو لە جێـی خـۆی دایـە و هیـوادارم ئـەم تێبینییـەی مـن لەبەرچـاو بگرن، سەدەناوەندییەکان تایبـەت نییـە بەمێـژووی ئـەوروپاوە، بەنیـسبەت مێـژووی ئیسلامیـشەوە دووپـات دەبێتـەوە. لەبەرئـەوەی وڵاتـە ئیـسلامییەکان لـە وڵاتـە ئەورووپاییـیـەکان پێـشکەوتووتر بـوون بۆیەکـە ئـەوان زووتـر پێیاننایـە سەدەناوەندییەکانەوە وەك لـە وڵاتـەکانی ئـەورووپای ڕۆژئـاواو وڵاتەیـەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

*** پرسیارێکی ترمان ئەوەیە لە ساڵی ١٩٨٦ کتێبی (العراق دولة بالعنف) لەلایەن (پـیرەش)ەوە بەیارمـەتی مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی لـە سـوید چـاپ و بـڵاو کرایـەوە،**

مەبەستی پرسیارەکەم ئەوەیە کە بەشێکی زۆری لە بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی ئەرشیفی بەریتانی بڵاوکردۆتەوە کە نووسراوە بەناوی (مقاومة كردية فى العراق على ضوء ارشيفات الحكومة البريطانية لأعوام ١٩١٨- ١٩٣٧) مەبەستی پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا حکومەتی بەریتانیا کارێکی وای کردووە بەئەنقەست ئەم ئەرشیفانە بخاتە دەست لێکۆڵەران بۆ ئەوەی بڵاو ببێتەوە؟

– د. کەمال مەزهەر: زۆر بەداخەوە ئەو بەرهەمەی (پێرەش)م نەدیوە زۆر بەداخەوە، وەتێش ناگەم بۆ لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٣٧(*) تۆ بڵێی پەیمانی (سەعدئاباد)ی کردبێت بە کۆتایی ئەو قۆناغەی کە ئەو چارەسەری کردووە، بەختەوەر ئەبم ئەگەر ئەو کتێبەم بگەیەنێ وە هەموو بەرهەمێ لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامە نهێنییەکان، ئایا بەریتانی بێت بەریتانی نەبێت، ئەو بەرهەمە یەکجار گرنگ و پێویستە و بایەخی تایبەتی هەیە بەلای ئێمەوە، بەلای مێژوونووسەوە بەڵگەنامە سەرچاوەی ڕەسەنی یەکەمە، یەعنی هیچ شتێ نییە بگات بە بەڵگەنامە لەکاتێکدا کە نووسراوە بۆ ئەوە نەنووسراوە کە خەڵکی بیبینێ بەڵکو بۆ ئەوە نووسراوە بۆ کارمەندانی ئەو وڵاتە خۆی، بڵێین

کارمەندانی بەریتانیا یان کارمەندانی فەرەنسا یان لێپرسراوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆیە کە ئەو سەرچاوەیە بە سەرچاوەیەکی یەکجار ڕەسەن و سەرچاوەی یەکەمی ڕەسەن دادەنرێت، بەڵام من هەمیشە بە شاگردەکانی خۆم وتووە هەمیشە لە وتارە رۆژنامەییەکانی خۆمدا نووسیومە ئەڵێم راستە بەڵگەنامە سەرچاوەیەکی یەکجار ڕەسەنە، بەڵام تۆ نابێت جڵەوی هەستی خۆت بدەیتە دەست بەڵگەنامەکە، ئەبێت تۆ ئاغابیت، ئەبێت تۆ بزانیت چۆن

---

(*) ((لەوە دەچێ پەیامنێرەکە لە ناو هێنانی کتێبەکەی (پێرەش) ورد نەبووبێت و ئەو پرسیارەی لای دوکتۆر وروژاندووە ئەوەتا ناوی کتێبەکە بە دروستی (**المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤–١٩٥٨**) بووە و بەناوی ئەسڵی نووسەر خۆیشی، واتە ئەیوب بارزانی بڵاوکراوەتەوە، نەوەکو (پێرەش) کە پێشتر کتێبێکی بەم نازناوە بڵاوکردۆتەوە. بنۆڕە: ناونیشانی ناونراو کە لە ناوونیشانی (دار نشر حقائق المشرق) زیاتر هیچی تری پێوە نییە، بەڵام لە کۆتایی کتێبەکەدا نووسراوە:

Copyright@2002byEdition otient-Redalites Imprimerie Agar 42550 Apienc/Usson0France.

دەیخوێنیتـەوە، چـۆن لێکـی دەدەیتـەوەو هەڵیدەسـەنگێنی، بۆیـە ئـەبێت لـە بەڵگەنامەشدا ئەبێت ئاگاداری خۆت بیت، بـەڵام بەڵگەنامـە سەرچـاوەیەکی یـەکجار گـرنگو رەسـەنە بـۆ توێژینـەوەی هـەر مێژوویـەك لـە جیهانـدا و بەتایبـەتی مێـژووی کورد، جا دەپرسـی دەڵێـی رەنگـە بەریتانییـەکان هەسـتیان بـە زەمیرێـك کردبێـت و بۆیە کە ئیتر رێگەیان دابێـت بـە توێـژەرانی کـورد بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو بەڵگەنامانـە، شتی وانییە لە ئارادا، جارێکە لە سەرەتای سـەرەتا وەك پـێم وتـی ئـەو بەڵگەنامانـە هەموویان نهێنی بوون ئینجا لـە دوایـدا لـە ژێـر فـشاری رای گـشتیدا ئـەبوو ٥٠ سـاڵ بەسەر بەڵگەنامەدا تێپـەڕێت بـۆ ئـەوەی کـەوا رێگـە بـدەن ئـەو بەڵگەنامانـە بخرێنـە بەردەمی توێژەران، دوایی ئەو ماوەیە کەمکرایەوە کرا بە ٤٥ ساڵ ٤٠ سـاڵ ٣٥ سـاڵ و ئێستا ٣٠ سـاڵە، ئێستا ئـەبێت ٣٠ سـاڵ بەسـەر ئـەو بەڵگەنامەیـەدا تێپـەڕێت بـۆ ئەوەی کەوا رێگە بدەن تۆ بکەویتە توێژینەوەی ئەو بەڵگەنامانە، وێڕای ئـەوەی ئـەو بەڵگەنامانە بۆ هەموو کەسێك، یەعنی حەز دەکەم دوایی بگەڕێنەوە بـۆ ئـەو کتێبـەم کەناوم ناوە کورد و کوردستان لە بەڵگەنامـە نهێنییـەکانی حوکمـەتی بـەریتانیا حـەز دەکـەم بگەڕێیتـەوە بـۆ ئـەو بەڵگەنامانـە لـەوێ باسـی ئـەوەم کـردووە هـەر کەسـێ تەمەنی ١٤ ساڵ بێت رێگەی پێ دەدرێت ئەو بەڵگەنامانە ببینێت، ئیتر هـەروا خـوای دەکرد تەمەنی بەقەد تەمەنی خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)یش ١٠٧ ساڵ بێت دەرگـای ئەرشـیف کراوەتـەوە لەبەردەمیـدا، چ بەڵگەنامەیـەکی بوێـت هـی کـوردو و غـەیری کـورد هـەمووی دەخرێتـە بـەردەمی بـەئارەزووی خـۆی کـاری تیـا دەکات.

* ئەم پرسیارەشمان لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی کرد و ئەگـەر بێنـی حکومـەتی بـەریتانیا هەسـت بـەتاوانێك کردبێـت وەکـو عـەرەب دەڵێـت (شـعور بالـذنب) کـە دەربارەی ئەوەی کە جەنابتان ئاگاداری کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا غـەدرێکی گەورەی لە کورد کرد کە لکانی بە عیراقـەوە، لـەو چوارچێوەیەدا دکتـور وەلیـد حەمـدی لـە سـاڵی ١٩٩١ کتێبـی (الکـرد وکردسـتان فـی الوثـائق البریطانیـة)ی بڵاوکردۆتەوە، بەهەمان شێوە توێژینەوەیەکی دەوڵەمەندە و جەنابت باشتر ئـەزانی چـەندین بەڵگـە و دیکـۆمێنتی بـەریتانی بڵاوبۆتـەوە، ئەمـەش ناچـێتە ئـەو

**چوارچێوەیەوە کە حکومەتی بەریتانی بۆ ئەوەی لەو تاوانە خۆی دەرباز بکات ئەم ئەرشیفو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی خستۆتە بەردەم لێکۆڵەرانی کورد؟**

**– د. کەمال مەزهەر:** کتێبە ناوازەکەی خوالێخۆشبوو (وەلید حەمدی) کتێبێکی زۆر بەنرخە، من بەتایبەتی ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە ئەو یەکێکە لە هەوڵە گرنگەکان لە بواری توێژینەوەی مێژوویی نەتەوەی کورددا لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامە گرنگەکانی حوکمەتی بەریتانی، هەروەها شتێکیشم ئاماژە بۆ کردووە کە (وەلید حەمدی) خۆی کورد بوو، خەڵکی (هەولێر) بووە لە بەریتانیا ژیاوە، یەك دوو دڵسۆز هانیان داوە لە بەڵگەنامە نهێنییەکاندا کار بکات، زۆر بەداخەوە ئۆتۆمبێل لێیدا و کۆچی دوایی کرد، ئەوە مامۆستا عەبدوللا زەنگەنە ئاخر رۆڵی زۆرە لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەمدا کە بە تەلەفۆن ئەوەم پێراگەیاند لە دەرەوە یەکسەر دەستیکرد بەگریان زانی کورد بووەو ئەوەندە دڵسۆز بووەو ئاوا بەرووداوی ئوتومبێل کۆچی دوایی کردووە، ئەو بەڵگەنامانە هەموویان نوێ و دەگمەنو دانسقەن، کە یاریدەی توێژەران ئەدەن بۆ ئەوەی کەوا تیشکێکی رێکوپێك بخەنە سەر رووداوەکانی کوردستانو مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان، بۆیەکا وەك پێموتی حەز دەکەم کتێبەکەم بخوێنیتەوە، من دەیانو دەیان نامەی ماجستێرو دکتۆرام پێشنیار کردووە کە لەبەر رۆشنایی ئەو بەڵگەنامانە بنووسرێنەوە، یەعنی بڵێین بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود زۆر گەورەیە و هەر شتێکی دەربارە نووسراوە کەمە، شایانی ئەوەیە زۆر لەوە زیاتری لەسەر بنووسرێ، لە رێگەی ئەو بەڵگەنامانەوە دەتوانین بگەینە گەلێك شتی نوێ کە تاکو ئێستا دەربارەی شێخ نەمانزانیوە، بۆیەکا ئەو بەڵگەنامانە یەکجار پێویستە و خۆزگە بنکەیەکی تایبەتی ئەبوو بۆ پاراستنی هەموو بەڵگەنامە نهێنییەکان ئایە بەریتانی بێت ئەمەریکی بێت رووسی بێت هەر بەڵگەنامەیەك ئێجگار پێویستە، ئێستا هەستم بەوە کردووە کە کۆشکێکی ئەوتۆ هەیە بنکەیەکی تایبەت یان بڵێین مەرکەزی بێت دابنرێت بۆ پرکردنەوەی ئەو جۆرە بەڵگەنامانە، تەنانەت بەڵگەنامەکانی خۆمان هی عیراق هی کورد هەر فەرمانێك دەرکرا بێ لەلایەن پێشرەوانی کورد یان لەلایەن رێکخراوە کوردییەکانەوە، ئەو بەڵگەنامەیە و پێویستە بایەخێکی تایبەتیان پێبدرێت و

پێویسته له شوێنی تایبەتیدا هەڵیانبگرین و بیانخەینە بەردەمی توێژەران چونکە کەڵکێکی زۆریان لێوەردەگیرێت.

* پرسیارێکی ترمان هەیە تایبەتە بە کتێبەکەی (ئەلف. میم – مێنتیشاشڤیلی) کە د. هاشم ساڵح تکریتی وەریگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی بەناوی (العراق فی سنوات الانتداب البريطاني)، مەبەستی پرسیارەکەم ئەوەیە ئەگەر ئەو کتێبە بخوێنیتەوە هەمان ئەو سیناریۆیەی بەسەر کوردایەتی ئێستا لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی یان بڵێین مەرکەزی فیدراڵی ئەمە چۆن لەو ساڵانەشدا دووبارە بۆتەوە، هەڵیدەسەنگێنین ئایا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە یان ئەوە کورد خۆی بەردەوام ململانێی دەبێت لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، ئەم مەسەلەیەمان چۆن بۆ هەڵدەسەنگێنی؟

– د. کەمال مەزهەر: مێنتیشاشڤیلی توێژەرێکی رێکوپێکە و خۆی جۆرجییە بۆیە ناوەکەی ئاوا غەریبە و تۆ بەقورسی ناوەکە باس دەکەیت، بەڵام کتێبەکەی زۆر رێکوپێکە دەربارەی مێژووی عێراق لە ساڵەکانی ئینتیدابی بەریتانیادا، ئەوەی کە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی هاورێیەکی ئێجگار نزیك و خۆشەویستی منە، ئێستا کە لێرە بوون زۆر بەرێکەوت ئەو لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆ کردم، ئەڵی بیرت دەکەین کەی دەگەرێیتەوە، وتم د. هاشم پرسیارێکی وایان هەیە لێم، ئەو د. هاشم تکریتییە دوو ساڵ بەر لە من (دارالمعلمین العالي) تەواو کردووە، بەڵام لەگەڵ نەسرینی خوشکی گەورەمدا ئەوان لە (دارالمعلمین العالي) لە پۆلێك بوون، کوڕی وا رێکوپێك و ساخڵەم و دڵسۆزم نەبینیوە، زۆریش دڵسۆزە بۆ کورد، کوردی یەکجار خۆش دەوێت، هەندێك جار شتی وەهای بۆ من دەگێڕایەوە دەربارەی خراپەکارییەکانی سەدام حوسێن و لەسەر کورد زۆر رقی لێی بوو، بڕوایش ناکەم کوردەکە بۆ خۆی لەوە زیاتر رقیان لەو پیاوە بووبێ، هەمان کات دوکتۆر هاشم کتێبێکی دیکەی بەنرخی لە رووسییەوە کردۆتە عەرەبی و لێرە، لە سلێمانی بۆیان چاپ کردووە و ٣٠-٤٠(*) نوسخەیەکیان بۆی ناردووە، جا خۆزگە هەموو عەرەبێك

---

(*) دیارە مەبەستی ئەو کتێبەیە کە کاتی خۆی دکتۆر کەمال ناردبوویە لای ئێمە تا لە (بنکەی ژین) بۆ چاپ بکەین دواتر وا رێککەوت دەزگای بیر و هۆشیاری سەر بە (ی.ن.ك) بۆیان چاپکردوو هەر لە

وەك د. هاشم تكريتی دەبوو ئەو وەختە وەك عەرەب دەڵێت (لكان الدنيا بخير) مێژوو خۆی دووپات دەكاتەوە، بێگومان، بەڵام مەرجیش هەیە بۆ دووپات بوونەوەی، یەعنی ئەو دووپات بوونەوەیە وەك خۆی نییە، بەڵام من لەوە تێناگەم كە ئەڵێت حوكمەتی بەریتانیا عوزر خوایی بۆ نەتەوەی كورد بێنێتەوە. وابزانم دوێنێ هەمان پرسیاریان لێكردم و هەمان وەڵامم دایەوە، واتا بۆ ئەبێت ئێمە بیر لەوە نەكەینەوە بەرژەوەندی بەریتانییەكان لە چیا بووە، پێویستە هەر كەسێ بیر لە بەرژەوەندی خۆی بكاتەوە بەر لە بەرژەوەندی خەڵكی، ئەمە یەكێكە لە یاساكانی ژیان، پاش ئەوە بۆ لاپەڕەكانی تر ئەبینین كە بەریتانییەكان زۆر هەوڵیان داوە ئەگینا قەومیە عەرەبەكانو توندڕەوە عەرەبەكان گەلێ گەلێ خراپتر ئەبوون لەگەڵ كورددا لە رۆژگاری پادشایەتیدا وەك لەوەی كەوا روویداوە، ئەگەر بگەڕێینەوە هەندێ لە بەرهەمەكانی هەندێ لە وتارەكانی من بەتایبەتی بۆ بەرگی دووەمی ئەو كتێبەم كە بەسەرپەرشتی مامۆستا عەبدوللا زەنگەنە بڵاوكرایەوە كە ناوولێناوە (چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد) لەوێ گەلێك شتی ئەوتۆی تیایە كە چۆن مەندوبی سامی بەریتانیا بە پەرۆش بووە بۆ ئەوەی كەوا ئەو توندڕەوە عەرەبانە هێند توندڕەو نەبن لەگەڵ كورددا و دڵ كراوە بن لەگەڵ كورددا، تەنانەت رەنگبێ تۆ ئەوە نەزانی تەنانەت ئەوەی كەوا لە ئاڵای عیراقدا ئەو وەختە دوو ئەستێرە هەبوو بەهاندانی ئینگلیزەكان وایان تۆمار كردووە لە دەستوری ئەوسای عیراق كە یەكێك لەو ئەستێرانە ئاماژە بۆ كورد دەكات و ئەویتریان ئاماژە بۆ عەرەب دەكات و دەبێ ئێمە ئەو شتانەش بگرینە بەرچا و مەندوبی سامی بەریتانی لە مەلیك فەیسەڵ دەپاڕێتەوە بە پاڕانەوە دەڵێت تكات لێ دەكەم تۆ ئەبێت لاسایی خاوەن شكۆی بەریتانی بكەیت ئەو چۆن سەیری سكۆتلەندییەكان دەكات و دەڵێت كوردەكان لە سكۆتلەندییەكان خراپتر نین وە بەڵكو باشتریشن، واتا زۆر بەشانو باڵی سكۆتلەندییەكان هەڵئەداتو ئەڵێت سەیركە بزانە خاوەن شكۆی بەریتانی چی كردووە؟ هێناویتی لەناو یاساوڵەكانی پادشایەتیدا دەستەیەكی لە سكۆتلەندەوە

---

رێگەی ئێمەوە پادداشتی كتێبەكە و پازدە دانە لە كتێبەكە بۆ وەرگێڕەكە رەوانەكراوە، بەداخەوە تاوەكو ئێستا ئەو زاتە بەڕێزەمان لە نزیكەوە نەدیوە و نەناسیوە — ع. زەنگەنە.

هێناوه بەجلوبەرگی سکۆتلەندییەوە، ئەڵێت تکات لێدەکەم تۆ وەکو پادشای خاوەن شکۆی بەریتانی بکە کە ئەو زوو زوو سەردانی سکۆتلەندا دەکاتو حەز دەکەم تۆش پێشنیاری ئەوە بکەیت کەوا هەولێر بکەیت بە پایتەختی دووەمی وڵاتەکەت، من پێم وایە سەدام حسێن ئاخر زۆر زیرەك بوو، من پێم وایە ئەو ئەو بەڵگەنامانەی دیوە، ئەگینا لە خۆڕا نییە ئەو جلی کوردی لەبەر کرد، چونکە پێی دەڵێت تۆش جلی کوردی لەبەر بکە چۆن خاوەن شکۆی بەریتانی جلی سکۆتلەندییەکانی لەبەر ئەکرد، تۆش بەمەلیك فەیسەڵ ئەڵێت بەرگی کوردی لەبەر بکە و دەڵی بڵێ هەولێر پایتەختی دووەمی وڵاتەکەمە و هەموو ساڵێ سێ مانگی هاوین لەوێ بەرە سەر، پێموایە سەدام حسێن ئەوانەی خوێندۆتەوە ئەگینا لە خۆڕا نەبوو کە جلی کوردی لەبەر کردوو کە وتی هەولێر دەکەم بە پایتەختی دووەمی عێراق، ئاخر ئەبێت ئەو شتانەش بگرینە بەرچاو، ئێمە نابێت لە قوژبنی خۆمانەوە سەیری بەریتانیا و وڵاتە گەورەکان بکەین، وڵاتی گەورە یەعنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە ئەبێت ئەوانە بگرینە بەرچاو.

*** ئایندەی کورد لە عێراقی نوێدا چۆن دەبینی؟ بەتایبەتی کە ئێمە کێشەیەکمان هەیە جەنابت باشتر ئەزانیتو کارت لەسەر کردووە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بە کەرکوكو خانەقیو ناوچەکانی ترەوە؟.**

– د. کەمال مەزهەر: من کە ئەو پرسیارەم لێ دەکەن یەك وەڵام ئەدەمەوە، کە ئەویش ئەوەیە کە ئەڵێم ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕوات، تەگەرەی تێدەکەوێت بەڵام بۆ دواوە ناگەڕێتەوە و پاش ماوەیەك کاتێك دەزانی ڕەوڕەوەکە دیسان بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئێمە هەمان کار لە مێژووی کوردیش دا دەبینین،، من گەشبینم، چونکە ئەمڕۆمان گەلێك لە دوێنێمان باشترە، ئێمە گەیشتینە ئاستێ خەریك بوو بفەوتێینو نەمێنین، ئێستا ئێمە ئەمڕۆمان گەلێك لە دوێنێمان باشترە، هیوادارم سبەینێمان لەمڕۆمان باشتر بێ، من بۆیە کە گەشبینم وەك کتێبێکی تایبەتیم هەیە دەربارەی کەرکوك کە بڵاوکراوەتەوە و ناوونیشانی ئەو کتێبە (**كركوك وتوابعها، حكم التأريخ والضمير دراسة وثائقية على القضية الكوردية في العراق**) کتێبەکە دەوروبەری ٢٥٠ لاپەڕە دەبێت، من ئیتر نەخۆش

کەوتمو چووم بۆ بەریتانیا بۆ عیلاج بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەم و دەوروبەری هەشت مانگ کەفتەکار بووم، هەر لەسەر جێگا کەوتبووم، ئەگینا تاکو ئێستا ئەو کتێبە کە ئەبێت چوار بەرگ بێت تائێستا بەرگەکانی تریشی دەرئەچوو. بەرگی دووەمیشی دەربارەی کەرکووکە، هەرچی بەرگی سێیەمییە دەربارەی خانەقییەو بەرگی چوارەمی دەربارەی کوردو شنگال و ئێزیدییەکانە. کوردستانێتی ئەو ناوچانە من وەکو مێژوونووسێ نووسیوومە و هەوڵم داوە تا بتوانم بێلایەن بم و سەرچاوەی عەرەبو تورکو فارسو ئەوانە خۆیانم بەکار هێناوە، ئەوە جگە لە سەرچاوەی ئینگلیزیو روسی و گەلێك لە سەرچاوەی تر کە بەکارمهێناوە. ئەو سەرچاوانە هەموویان هیچ گومانێ لەوەدا ناهێڵن کە ئەو ناوچانە کوردستانن و بەشێکن لە کوردستان. پێموایە تاکو کوردێ مابێ لەم سەر زەمینە کورد هەر ئەمێنێ و هیوادارم ژمارەی کورد روو لە زۆربوون بکات، مومکین نییە کەس زاتی ئەوە بکات دەست لەو ناوچانە هەڵبگرێ، یان کەس رێگە بەخۆی بدات دەست لەو ناوچانە هەڵبگرێ، ئەوە کارێکی دیبلۆماسی وردە، ئەبێ رەهبەرانی کورد یەکجار بە شارەزاییەوە دیبلۆماسییانە بچنە ئەو بووارەوە، چونکە نابێ تۆ کارێکی ئەوتۆ بکەی پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێ: نەشیش بسوتێ نەکەباب. ئەبێت ئاگات لێبێ ئەگەر دبلۆماسییانە لەو بووارەدا رەفتار نەکەن، ئەگەر بەدوای دۆستدا نەگەرێن لەوانەیە زیانی گەورەمان لێ بکەوێت و شتی گەورەمان لە کیس بچێت. من گەشبینم لە ئایندەمانو دڵنیاشم کە رەهبەرانی کورد دڵسۆزنو حساب بۆ هەموو شتێك دەکەن.

**دیداری دووەم:**

دکتـۆر کمـال مەزهـەر لـە ١٤ ی شـوباتی ١٩٣٧ لـە ئاغجەلـەر لـەدایك بـووە، بەکالەریۆسـی لـە زانکـۆی بەغـدا لەسـاڵی ١٩٥٩ بەدەسـت هێنـاوە. لەسـاڵی ١٩٦٣ دکتۆرای یەکەمی لە مۆسکۆ هێناوە. دکتۆرای علوم لە مێژووی کورد لـە سـاڵی ١٩٦٩ بەهەمان شێوە لە مۆسکۆ هێناوە، لەسـاڵی ١٩٧٠وە مامۆسـتای مێـژووە لـە کۆلێـژی ئـاداب بەشـی مێـژوو لـە زانکـۆی بەغـداد، لەسـاڵی ١٩٧٠ بـۆ سـاڵی ١٩٧٥ سـکرتێری گشتی کـۆڕی زانیـاری کـورد و ئەنـدامی کـارا بـووە لـەو کـۆڕە، زیـاتر لـە ٣٠ کتێبـی بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ڕوسـی هەیـە. هـەروەها سـەدان وتـار و بابـەتی بـەو سـێ زمانـە هەیـە، بـە هـەمان شـێوە بەرهەمـەکانی بـۆ ئینگلیـزی و بـۆ زۆرێـك لـە زمانەکانی تورکی و فارسـی وەرگێـڕاون، سەرپەرشـتی زیـاتر لـە ١٠٠ تێـزی ماسـتەرو دکتـۆرای کـردووە، سـەرەڕای ئـەوەی سـەرۆکی دەیـان تێـزی دیکـە و لیژنـەی لێکۆڵینـەوەی تێـزی دکتـۆرا و ماسـتەر بـووە، دوای تێپـەڕبوونی ٧٠ سـاڵ بەسـەر تەمەنی دا ئێستا دکتۆر خانەنشینە و خۆی تەرخان کردووە بـۆ نووسـین و وەرگێـڕان و ئامادەکردنی ئەو دیکۆمێنتانەی سەبارەت بەکورد هـەن لـەناو وەزارەتـی دەرەوە و وە هەموو ئەو دیکۆمێنتانە کە لە بەریتانیا پارێزراون و هەن سەبارەت بـەکورد وەکـو دکتۆر ناویان دەبات دەریایەکن لە دیکۆمێنت، وەك خۆی باسی دەکات خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەو دیکۆمێنتانەو دواتریش بۆ ژیاننامەی خۆی.(*)

*** ئەم کتێبە کە زیاتر لە ٨٠٠ لاپەڕەیە لە چاپخانەی گرین گلۆری لـە لوبنـان بـە چاپێکی جوان و بە ئامادەکردنو سەرپەرشتیکردنی عەبدوڵلا زەنگەنە لەگەڵ شەهلا تاهیر حەیدەری لە کۆتایی مانگەکانی ٢٠٠٨ چاپکراوە، بەگشتی ئەو زانیارانەی لەناو ئـەو کتێبـەیا هەیـە لـەو دیکۆمێنتانـە وەرتگرتـوون، تازەگەرییـەکانی چـین و؟ ئایـا**

---

(*) ((بە داخەوە هەرچەندە شریت و (CD)ی ئـەم دوو دیمانەیـەم لەبـەر دەسـت بـوون، بـەڵام نـەکرا بـزانین کامیـان پێـشتر لـە تەلـەفزیۆنی (کوردسـات) و ئـەوەی دیکەیـشیان لـە تەلـەفزیۆنی (خـاك)دا بڵاوکراوەتەوە، بەهەرحاڵ کارێکی وامان کرد دوکتۆر خۆی بەم بابەتانەدا بچێتەوە و هەڵبـژێریان تێدا بکات – ع. زەنگەنە))

**زۆرێکیان تازەگەرییان تیایە بۆ مێژووی کورد، یاخود هەر ئەوەیە بەڵگەنامەیەك دەبێ یاداشت بکرێت بە کوردیو دواتر ئامادە بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** دوو لە هەڵەکانت راست دەکەمەوە، وتت ئەمە دەریایەکە من ئەڵێم دەریایەکی بێ بنە، بەڵکو هەر بنی نییە، دەریایەکی یەکجار دەوڵەمەندە، کتێبەکە ٨٢٤ لاپەڕەیە و ئەمە بەرگی یەکەمێتی. لە دەمێ ساڵەوە من عەودالّی ئەوە بووم بۆ خۆم ئەو بەڵگەنامانە ببینم و هەرچەندە لەوەبەر ژمارەیەك لەو بەڵگەنامانەم دیبوو و لە نووسینەکانی خۆمدا بەکارمهێنابوو ، باش لەوە گەیبووم کە ئەو بەڵگەنامانە لە نرخاندن نایەن، بەڵکو وەك وتم یەکجار دەوڵەمەندن، بڕوا بکە هەرگیز چاوەڕوان نەبووم ئەو بەڵگەنامانە بەو رادەیە دەوڵەمەند بن بە شێوازێ کە تاکو ئێستا چەند جارێك وتومەو ئەیڵێمەوە مێژووی راستەقینەی نەتەوەی کورد لە دووتوێی ئەو بەڵگەنامانە دایە، بۆیەکە نرخیان یەکجار یەکجار زۆرەو بایەخێکی زۆرم پێداوە، ئێستا هەموو ژیانی خۆمم تەرخان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی چەند بەرگێکی ئەو کتێبە لە گەڵ بیرەوەرییەکان، بیرەوەرییەکانم ئەبێت بیاننووسم و ئەویش بایەخی خۆی هەیە، وێڕای بیرەوەرییەکانم ئیتر بەرگی یەکەمو بەرگی دووەم بەو جۆرە دەست دەکەم بەبڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە، چونکە ئێمە بەلایەنی کەمەوە وێنەی سەدان هەزار بەڵگەنامەمان لەسەر ( CD) گرتۆتەوە هاوسەرم شەهلا تاهیر حەیدەری هەمووی تۆمارکردوونو ئەوە دەخرێنە بەردەستی توێژەران بۆ ئەوەی کەڵکیان لێ وەربگرن و تیشك بهاونە سەر لاپەڕە ونەکانی مێژووی نەتەوەی کورد، ئەمە سەرەتای پرۆژەکەمە، ئەم بەڵگەنامانە کە نووسراون تەنها بۆ کاری حوکمەتی بەریتانی نووسراون، واتا بۆ ئەوە نەبووە کەوا بخرێنە بەردەمی خەڵکی، بەڵکو بەڵگەنامەی ئەوتۆی تیایە لەسەری نووسراوە یەکجار نهێنی (top secret) ئەو بەڵگەنامانە رێگا نەدراوە تەنانەت بەهەموو ئەندامانی حوکمەتی بەریتانی بۆ ئەوەی کەوا بیبینن، لەوانە هیوایان تیایە تەنها بۆ سەرۆك وەزیران بووە و لە نێوان سەرۆك وەزیرانو باڵیۆزێکی بەریتانیایە لە یەکێ لە وڵاتەکان.

***** **کەوا باسی ئەرشیفی حکومەتی بەریتانیمان بۆ بکات ئەو یاسایانەی کە لەوێ هەن کە تۆ ناتوانی چی ببینی یان چی نەبینی؟**

- د.کەمال مەزهەر: وەك وتم ئەو بەڵگەنامانە سەرەتا بۆ خۆیان نووسراوەتەوە و ڕۆژێ لە ڕۆژان بیریان لەوە نەکردۆتەوە کەوا ئەو بەڵگەنامانە ئەخەنە بەردەمی خوێنەرانو توێژەران، بیریان لەوە نەکردۆتەوە لە دواییدا لە ژێر فشاری رای گشتیدا بڕیاریان داوە کەوا ئەو بەڵگەنامانە دوای ئەوەی ٥٠ساڵی بەسەردا تێپەڕێ بخرێتە بەردەستی توێژەران لە دواتر ٥٠ ساڵەکەی کراوە بە ٤٥ ساڵ، کرا بە ٤٠ ساڵ، کرا بە ٣٥ ساڵ، ئێستا ٣٠ ساڵە ئەبێت. هەر بەڵگەنامەیەك ٣٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕی بۆ ئەوەی توێژەر ببینێ، ئینجا وێڕای ئەوە ئەو بەڵگەنامانە لەلایەن شارەزایانی زۆر قوڵەوە نووسراونەتەوە، چونکە بابەتێکە تا ڕادەیەك پیاو سەری سوڕدەمێنێ چون باڵیۆزێکی بەریتانی یان وەزیری هەندەرانی بەریتانی یان وەزیری موستەعمەرەی بەریتانی بەو جۆر و شێوازە سەیری پرسی نەتەوەی کورد، یان نەتەوەکانی تر دەکات. سەرەتا تا ساڵی ٢٠٠٣ ئەو بەڵگەنامانە لە (**پەبلیك ریکۆرد ئۆفیس**) واتا (**دائیرەی سجلاتی گشتی**) پارێزرابوون کە کەوتبووە ناوەڕاستی لەندەنەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە ناوی ئەو دەزگایە گۆڕا بە (**ئەرشیفی نیشتمانی بەریتانی**) وگوێزرایەوە شوێنێك لە نزیك (**کیوگاردن**)ەوە واتە لە قەراخ شاری لەندەن، بەڵام ئامرازی ئەوتۆیان داناوە باڵدار باڵی دەشکێنن و ناڵدار ناڵی دەشکێنن، کەسێك ناتوانێ یەکێك لەو بەڵگەنامانە بدزێ، مومکین نییە چونکە وا هەست دەکەم لە بەڵگەنامەکاندا کە لە (**پەبلیك ریکۆرد ئۆفیس**) کە لەوێ بووە وا هەست دەکەم کە هەندێك بەڵگەنامە دزرابێ و یەعنی هەیە عەوداڵی بەڵگەنامەن بەلایەوە نرخێکی زۆر زۆری هەیە حەز دەکات لە کتێبخانەکەی خۆیا بێ، هەندێ لەو بەڵگەنامانە دزراون، بەڵام دوای ئەوەی کە لەساڵی ٢٠٠٣ەوە بۆ بارەگا نوێکەی گوێزرایەوە ئیتر بە هیچ جۆرێك کەسێك ناتوانێ بەڵگەنامە لەوێ هەڵبگرێت یان بیدزێ چونکە پێش ئەوەی بچیتە ژوورەوە بە ئامرازی ئەلکترۆنی ئەوپشکنن و لە کاتێکدا تۆ کار دەکەی لەسەر بەڵگەنامەکان بە بێ ئەوەی تۆ ئاگات لێبێت لە هەزار لاوە کامێرات لە سەرە، نەبادا هەڵەیەك بکەیت نەبادا شتێك بکەیت مەبەستیان ئەوە نییە تەنها تۆ بەڵگەنامەکە لەگەڵ خۆتا ببەیت یان بدزێ، مەبەستیان ئەوەیە کەوا ئەو بەڵگەنامانە بپارێزنو نەدڕێنرێو خەتی بەسەردا نەکێشریت، لەبەر ئەوە تۆ ناتوانیت لاستیك بەریتە

ژوورەوەو ناتوانیت لەگەڵ خۆتدا قەڵەمی مەرەکەب بەکاربەریتو ناتوانیت پەنجەت تەڕ بکەیت و لاپەڕەکانی هەڵبدەیتەوە، هەر کە پەنجە تەڕبکەیت چەند جارێ بەسەر خۆمدا هاتووە کاتێ دەزانی یەکێك دێتە سەرت پێت ئەڵێت ئەم جارە پەنجەت تەڕکرد جارێکی تر لێت قبوڵ ناکەین پەنجەت تەڕ بکەیت، ئەمەندە عەزیزە لایان و راستیشە وەها عەزیزە بۆیە کە ئیتر لە ساڵی ۲۰۰۳ەوە مەودایان بە هەموو کەسێك داوە کە بچێتە ئەو ئەرشیفە بە مەرجێك لە تەمەنی (١٤) ساڵ زیاتر بێت، ئیتر خوای دەکرد سەدساڵ دەبوو، بڕوا بکە هی وام دیوە کە کەفتەکاربوو زۆر لە ۹۰ ساڵ تێپەڕیوە بە گۆچانەوە ژنەکەی دەستی گرتووە هاتووە لەوێ کاری کردووە، بە دڵسۆزی بەدوای شتێکا گەڕاوە، یەعنی شتێکی زۆر زۆر دەگمەنە، هیوادارم رۆژێ لە رۆژان نموونەیەکی وەك ئەو ئەرشیفە لە کوردستاندا دابمەزرێ.

*** بابەتی دووەممان دوارۆژی کورد لەبەردەم کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس ۱۹۱۹ چالاکییەکانی شەریف پاشاو هاوەڵەکانی باسکردووە، دیارە کتێبەکە و بەپێی قۆناخەکانی ساڵەکان داناوە، بەند یان بابەت بابەت، لێرە ئەوەی سەرنجم رادەکێشێ رێکەوتننامەی شەریف پاشاو نۆباری ئەرمەنییە وە ناوەرۆکەکەی بۆچی ئەوەندە جیاوازی خستە ناو کوردەوە و ناکۆکی خستە ناو سەرکردەکانی کوردەوە و یەکەم حزبی کوردییەوە کە کۆمەڵەی تەعالی کوردستان یان بڵێین یانەی کوردان بووە، وای لە کورد کرد هەر لەو سەردەمەوە بکەوێتە ناو گێژاوێك لە دوو تەوەرە لە تێڕوانینی دوو سیاسەتی جیاواز دوو فکری جیاواز، حەز دەکەم ناوەرۆکی ئەو رێکەوتننامەیە ئەو ناکۆکییانە باس بکەیت؟**

— د. کەمال مەزهەر: بێگومان پەیمانی سیڤەر، بەتایبەتی ئەو سێ بەندەی کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەرخان کراوە واتە بەندی (٦٢، ٦٣، ٦٤) ، بایەخێکی یەکجار گەورەیان هەیە، چونکە ئەوە بۆ یەکەم جارە لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنرێ. ئەو پەیمانە ناوەکەی ئەوەندە لە لای کورد خۆشەویستە هی ئەوتۆ هەیە منداڵی خۆی ناو ناوە سێڤەر، حەقی خۆشمانە، یەعنی منیش یەکێ لەو شتانەی کە بەپەرۆش بووم ببینم لەو ئەرشیفە بریتی بوو لە هەڵوێست بەرامبەر پەیمانی سێڤەر، پەیمانی سێڤەر هەراوبرێکی گەورەی نایەوە بە

تایبەتی ئەو بەندانەی کە پەیوەندییان هەبوو بە نەتەوە چەوساوەکانەوە، وەکو کوردو ئەرمەنو ئازەربایجانیو ئەو جۆرە نەتەوانە، واتا گەلێك لە نەتەوە ژێردەستەکان بایەخیان پێدرابوو، تەنانەت عەرەبیش وڵاتێکی سەربەخۆ نەبوو ئەو وەختە بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە کە ئەوە یەکێك بوو لەو بابەتانەی کە بەپەرۆش بووم زوو بەزوو بیبینم، کە سەیر ئەکەم گەلێك بەڵگەنامەی یەکجار بایەخدار هەیە دەربارەی پەیمانی سێڤەر، بەتایبەتی ئەو رێکەوتننامەیەی لە نێوان بۆغۆس نۆبار پاشای ئەرمەنیو شەریف پاشای نوێنەری کورددا مۆر کرابوو، ئەو پەیمانە هەراوبرێکی زۆری نابۆوە، جارێ هی وا هەبوو بە هەستی ئایینیەوە کەوا چۆن دەشێ موسڵمانێ دابنیشێ پەیمانێ ببەستێ لەگەڵ گاورێکدا، گاور لە لای ئێمە کافرە، واتا هەموو کەسێ هەستی نەگەیی بوو بەو ئاستەی لەو راستییە تێ بگات کە ئەرمەنیش وەکو کورد ژێردەستە و چەوساوە و بێ ماف بووە لەبەر ئەوە ئەوانە یەکسەر کۆی کردوونەتەوە، ئەمە یەك، دوو هەستی ئاینییەکەی ئەوەندە بەهێز بووە هێشتا ئەم بیری لە ئیمپراتۆری عوسمانی کردۆتەوە و سەرۆکەکەی خەلیفەیە و نوێنەری پێغەمبەرە لە ناوچەکەدا، بۆیەکا تۆ نابێ دژی بی،ئەوەیش بووە هۆی رووداني دوو بەرەکییەکی زۆر و کەلێنێکی گەورەی نایەوە لە نێوان شێخ عەبدولقادر و لە نێوان شەریف پادشا و گەلێك نووسین نووسرا دوایيش دوژمنی کورد شێخ عەبدولقادری لە سێدارەدا، شەریف پادشاش دەربەدەر بوو، ئەگەر بیرەوەرییەکانی شەریف پاشا بخوێنیتەوە دەبینیت ئەو چ ئازارێکی بینیوە لە ژیاندا وە چۆن باسی دەربەدەری خۆی دەکات لە ژیاندا، ئەو وەختە تێدەگەی کە دووچاربوونی ئەو جۆرە کەسانە بۆ چەوسانەوەو دەربەدەری، لە سێدارەدان دەبووایە هەموویانی لە یەك سەنگەردا کۆ بکردایەتەوە.

*** لایەنی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی کە لە گفتوگۆکانی سەید عەبدولقادردا ئەیبینی لەگەڵ سەحافەی تورکیدا یەعنی سەربەخۆییەکە و ئۆتۆنۆمییەکە کێشەکەی چەند زیاد کرد؟**

– د. کەمال مەزهەر: بەنیسبەت ئەو سێ بەندەی کوردەوە مەرجێکی تیابوو بۆ هی کوردەکان، چونکە چەند جارێ دەڵێ: ئەگەر هاتوو زۆربەی کورد ئەوەیان ویست، یان ئەگەر هاتوو زۆربەی کورد ویستیان سەربەخۆ بن ئەو وەختە کۆنفرانسی

ئاشتی لە پاریس بڕیار دەدا کەوا دەوڵەتی کورد دابمەزرێنێ، ئەمە ئەو ئەگەرانە کۆسپێ بوون لە بەردەمی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی سیڤەردا بەنیسبەت کوردەوە، ئێمە لەو بووارەدا دەبێت حیساب بۆ ئەوەش بکەین کە هەر دەوڵەتێکی گەورە بەرژەوەندی خۆی هەیە، تاڕادەیەك ئەو دەتوانێ لەگەڵ کورددا بێت چونکە دەبێت بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بکاتەوە، نەگبەتی کورد ئەوەیە کەوا ولآتەکەی بە سێ گەلی زۆر گەورە ئابلۆقە دراوە و بەسەر ولآتەکانیاندا دابەشکراون – گەلی تورك و گەلی عەرەبو گەلی فارس، ئەمە بووە بە تەوقی نەگبەتیو چووەتە گەردنی کوردەوە.

* سەید عەبدولقادر زۆر دژی ڕێککەوتننامەکە بوو وەك لە چاوپێکەوتنەکاندا باس لەوە دەکات ئێمە ئۆتۆنۆمیمان ئەوێ نەك سەربەخۆیی، لەملاوە بەدرخانییەکان دژی ئەوون چونکە زۆر بە ڕاشکاوانە سەربەخۆییان دەوێ؟.

– د. کەمال مەزهەر: هەموویان زۆر بەتوندی بەرەنگاری سەید عەبدولقادر بوونەوە و بەیاننامەیان دژی بلآوکردنەوە، نە دەبوو سەید عەبدولقادر لەو بووارە جڵەوی بۆ هەستی ئایینی شل نەکردایە، دەبوو بیری بکردایەوە کە سوڵتانە عوسمانییەکان، بەتایبەتی لە دوای سوڵتان سەلیمەوە دوژمنی باوەکوشتەی نەتەوەکەمان بوون، هەروەها سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کارێکی باشی نەکردبوو کە سوارەی حەمیدییەی دامەزراند، سوارەی حەمیدییە هەمووی لە کورد بوو، سوارەی حەمیدییەی بەردابووە گیانی ئەرمەنییەکان، سەید عەبدولقادر زۆر لەوە گەورەتربوو ئەو شتانە بەوردی نەبینێ، بۆیەکا بەدرخانییەکان و شەریف پاشا و زۆر لایەنی دیکەی کوردەکە دژی سەید عەبدولقادر وەستان و بەیاننامەی توندوتیژیان دژی بلآوکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵی کەسایەتی تر نامەیان نارد دژی شەریف پاشا و داوایان کرد لە نوێنەرایەتی کورد لابرێت.

* ئەو جیاوازییە فکری و سیاسییانە کە لە نێوان شەریف پاشاو سەید عەبدولقادردا سەبارەت بە هەردوو تێڕوانینی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی بۆ کورد هاتبوونە ئارا بوونە هۆی لێکترازاندنی ئەو حزبە کە سەرەتا پەیدابوو و ئیشی دەکرد و هەندێ بەڵگەنامە دەڵێن کە زیاتر لە ١٠ هەزار ئەندامی هەبوو لە ئەستەنبوڵ، سەیر

دەکەین ئەم ناکۆکییە لە نێوان سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیدا تا ئێستاش لە ئارادایە و بۆیە سەرەتایەك لە هەموو شوێنەکانی کوردستانیش دووبارە دەبێتەوە و کە سیاسی کورد لە کوردستانی عیراق دەمێ سەربەخۆیی دەوێ و دەمێ ئۆتۆنۆمی دەوێ، بەهەمان شێوە لە کوردستانی ئێران، ئەمە بە سەرەتایەك نابینی بۆ ئەو جیاوازیی فیکری سیاسییانەی کە لەو سەردەمەیدا دروست ببوو؟.

– د. کەمال مەزهەر: بە لای منەوە ئەبێ هەموو کوردێ دروشمی سەرەکی بریتی بێت لە سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام خۆ دروشمەکە مانای ئەوە نییە کە ئەبێ ئەو دروشمەت هەڵگرت تۆ بێیت بە ماوەی ٢٤ سەعات سەربەخۆیی کوردستان مسۆگەر بکەیت، بەڵکو ئەبێت هەمیشە ئەوەت لەبەرچاو بێت کەوا بەرژەوەندی وڵاتانی تر هەیە، مەسەلەن ئینگلیز یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادە نین قوربانی بە هەموو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن و بە پەیوەندی یان لەگەڵ ئەو سێ نەتەوە گەورەیا لە پێناو ئەوەدا کە ئەو ئاواتەی ئێمە بهێننە دی، بەس ئێمە ئەبێ بە شێوازێکی بابەتەکی ئامانجی سەرەکیمان سەربەخۆیی کوردستان بێت، هیچ نەتەوەیەك لە کورد زیاتر نییە بۆ ئەوەی ئەوان سەربەخۆ بن و ئێمە سەربەخۆ نەبین، خۆشبەختانە ئەڵێم ئێستا زۆر لە تورکە رووناکبیر و دڵسۆزەکان لە عەرەبە رووناکبیرو دڵسۆزەکان هی وەکو زوهێر کازم عەبود کە دادوەرێکی ناسراوە، بڕوا بکە بە دەست یەکێکی وەکو مامۆستا زوهێر کازم عەبود بێت ئەمڕۆ سەربەخۆیی ئەدرێ بەکوردستان بەر لە سبەینێ، یان ئیسماعیل بێشکچی ئەو تورکە گەورەیە کە چەند ساڵ لە بەندیخانە دایە لەسەر کورد و هەر سوورە لەسەر ئەوەی کورد هیچی لە تورك کەمتر نییە و هیچی لە هیچ نەتەوەیەك کەمتر نییە، تاوەکو ئەوە ببێتە بە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی سەربەخۆیی کوردستاندا.

* دوا کتێبی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیدا کە بەرگی یەکەمێتی و لە ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەرییە و کۆتایی مانگەکانی ٢٠٠٨ چاپکراوە بە بەرگێکی جوان لە چاپخانەی گرین گلۆری لوبنان، دوای ئەوەی بەخێرایی باسی بابەتی یەکەم و دووەممان کرد پێم خۆشە بابەتی سێیەمت تەرخان کردووە بۆ گەشتەکەی نوێیل و رۆژانەکانی نوێیل و دواتر

بابەتی چوارەمت تەرخان کردووە بۆ ناودارانی کورد ساڵی ١٩١٩، بەڵام پێم خۆشە بچینە سەر بابەتی پێنجەم کە شەڕی بەر دەرکی سەرای سلێمانی و ئەنجامەکانێتی، سەیر ئەکەیت ئەو راپۆرتەی کە لەو سەردەمەدا لە دائیرەی پشکنەری کارگێڕی ئینگلیز لە سلێمانی ئامادە کراوە و ناردوویەتی بۆ شوێنەکانی خۆی دنیایەك وردەکاری تێدایە، تەنانەت لەو راپۆرتەدا ئاماژە بە رۆڵی خوێندکار و مامۆستایان دەکریٰ و ئاماژەت بەوە کردووە کە ئەمە سەرەتایەکە بۆ چالاکی بۆ بەشداری قوتابیان و لاوان وەکو توێژێکی نویٰ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا لە باشوور، راپۆرتەکە دەڵێی دیمەنێکی سینەماییە فلیمێکە دەبینی، زۆر وردەکاریی تێدایە، دیارە حەز دەکەی راپۆرتی تریش بدۆزیتەوە لەو بووارەدا باسی لەو شەڕە بکات، لەو راپەڕینە بکات؟.

– د. کەمال مەزهەر: شەڕی بەردەرکی سەرا ئەوەی کە زۆر بەداخەوە بە هەڵە ناونراوە شەشی رەشی ئەیلوول، چونکە ئەو رەش نییە ئەو بەخوێنی جگەری لاوانی کورد ئاو دراوە بۆیەکە رەش نییە، بەڵکو لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازی نەتەوەکەمانە، هەنگاوێکی گەورەیە لە بوواری وەرچەرخانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، من خۆم بە هیچ جۆریٰ چاوەڕوان نەبووم ئەو هەموو شتە لەسەر شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠، لەسەر ئەو راپەڕینە گەورەیە نووسرابیٰ و بەو رادەیە ئینگلیزەکان ئەو شتانەیان پاراستبیٰ، بڕوا بکە جاری وا هەیە بڵێین لە رۆژی ٥ی ئەیلوولدا یان لە رۆژی ٤ی ئەیلوولدا جاری وا هەیە ١٠ بروسکە لە مەندوبی سامی بەریتانییەوە یا لە بەرپرسانی ئینگلیز لە شاری سلێمانییەوە گەیشتووە بە وەزارەتی موستەعمەرات لە لەندەن دەربارەی وەرچەرخان، یان ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەو بووارە روویان داوە. ئێمە هەموومان دەزانین حەپسەخانی نەقیب یەکجار گەورە بوو، یەکێکە لە گەورە ژنانی نەتەوەکەمان، واتا کەم هەیە وەکو عادلە خانی جاف و وەکو قەدەم خێرو و لە رادەی حەپسەخانی نەقیب دا هەبن، حەپسەخانی نەقیب شاژن بوو و نیشتمانپەروەرێکی یەکجار یەکجار دڵسۆز بوو، من بەوە بەختەوەرم کە بە منداڵی دیبووم، ئافرەتێکی زۆر زۆر لێهاتوو بوو، بەڵام کاتیٰ کە ئەو نامەیەم دۆزییەوە کە ناردوویەتی بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغداو سەرەتا بە کوردی نووسیوویەتی، لەو نامەیە سڵاوی لیٰ

ناکات و بەبێ سلاّو، ئەمە شێوازی ڕێوڕەسمی نامەنووسینە، بەلاّم حەپسەخانی نەقیب یەکسەر بەبێ سلاّو نامەکەی بۆ نووسیوە و گاڵتە بە عەدالەتی بەریتانیا دەکات ئەڵێ ئێوە کە باسی عەدالەت دەکەن، ژماردم تۆ جار لەو نامەیەدا باسی عەدالەت دەکات و گاڵتەی بە عەدالەتی بەریتانی دێت، چونکە ئەو هەڵوێستەیان هەبووە بەرامبەر نەتەوەی کوردو بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠، ئینجا لە کۆتایی نامەکەیدا داوای لێ دەکات ئەڵێ تکات لێدەکەم ئەم نامەیەم بکە بە ئینگلیزی و بینێرە بۆ وەزیری هەندەران و وەزیری موستەعمەرات و بۆ هەموو بەرپرسانی بەریتانیا بۆ ئەوەی بزانن کە ئێوە چەند دوورن لە عەدالەتەوە لەگەڵ نەتەوەی کورددا، وێڕای ئەوە زۆرم پێخۆشە کەوا بە وردی بابەتەکانت خوێندۆتەوە، کتێبەکەت خوێندۆتەوە و زۆرم پێخۆشە کە ئەوە سەرنجی ڕاکێشاوی کە لەویا ئەڵێم ئیتر ڕۆڵی شێخ مەحموود زۆر گەورەیە، بەلاّم ڕۆڵی شێخ مەحموود ئەو ڕۆڵەی جارانی نامێنێ ئەبێ بە سنبولێکی گەورە لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، بەلاّم ئیتر ناتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ، تەنانەت لەکاتێکدا حەپسەخانی نەقیب ڕۆژی ٧ی مانگ، واتە یەك ڕۆژ دوای ڕاپەڕینەکە، ئەو نامە بەسۆزە بنووسێ لە کاتێکدا هاتوون ماڵەکەیان پشکنیوە و تەعدایان لێکردوون و شێخ قادری مێردی حەپسەخانیان گرتووە و ڕەوانەی کەرکووکیان کردووە، لە کاتێکدا ئەو نامەیە بنووسێ شێخ مەحموود زوو وەك ئەو نەهاتە دەنگ بۆیە کە من ئەڵێم پێموایە ئەو ڕاپەڕینە دەست ئەدات کە بکرێ بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردا.

*** ئایە دەکرێ دیکۆمێنتی تریش بدۆزینەوە وردەکاری زیاتر، یەعنی وردەکارییەکان زۆر زۆرن باس لەوە دەکات لە چایخانەکەوە کورسییەکانیان شکاندو هاتنە پێشەوە، قۆناغ بە قۆناغ باس دەکات، مەبەستم ئەوەیە دیکۆمێنتی تر بدۆزرێتەوە لەوە وردتر بێت لەسەر ڕاپەڕینەکە؟**

**- د. کەمال مەزهەر:** دڵنیام و هیچ بەدووری نابینم کە بەڵگەنامەی تر بدۆزرێنەوە، چونکە وەك عەرزم کردی کە ئەبێ ٣٠ ساڵ تێپەڕی بەسەر بەڵگەنامەکاندا بەر لەوەی بخرێتە بەر دەستی توێژەران، بۆیەکا زۆر لەوانەیە لە ساڵەکانی تردا دیسانەوە گەڕابنەوە سەر بابەتی ئەو ڕاپەڕینە، هەر لەبەر ئەوەیشە کەوا ئەمەوێ دیسان چەند

جارێکی تر بتوانم و هەر ئەمساڵ بۆ هەڵسەنگاندنی هەندێ لە بەڵگەنامەکان دیسانەوە بگەڕێمەوە بۆ لەندەن هیچ نەبێ بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی مانگێك.

سەلماندنی هەندێ لە بەڵگەنامەکان دیسانەوە بگەڕێمەوە بۆ لەندەن هیچ نەبێ بەلایەنی کەمەوە بۆ مانگێك.

*** نامەکەی شێخ مەحموود کە وەکو خۆت باست کرد هەست دەکەم چی تێدایە، ئەوەی تێدایە کە بەتەواوی ئەوەی لا یەکلا بۆتەوە کە عەرەب تەواو دوژمنی کوردە و گلەیی لە بەریتانیا دەکات کە پشتی ناگرن، مەبەستم ئەوەیە لە تێڕوانینە ڕاڕاکانی تری شێخ مەحموودا سەبارەت بە عوسمانییەکان، سەبارەت بە عەرەبو یەکێتی ئایینیو هەتا دوایی پێشتر ڕاڕا بوو، بەڵام لەم نامەیە دەردەکەوێ کە بەتەواوی ئەڵێ عەرەب بکوژی کوردە، لای یەکلابۆتەوە کە بەتەواوی ئێمە لەگەڵ عەرەبدا ناتوانین پێکەوە لە وڵاتێکدا بژین، هەست ناکەی لەو نامە دواتێڕوانینی بێت سەبارەت بە عەرەب.؟**

– **د. کەمال مەزهەر:** ڕەنگبێ هەبن لەگەڵ ئەو بۆچوونەی من نەبن، هیچ نەتەوەیەك دوژمنی نەتەوەیەکی تر نییە، بەتایبەتی کۆمەڵانی خەڵك، ئەوانە ئەخەڵەتێنرێن، من ئاماژەم بۆ چەند نموونەیەکی عەرەب و تورکو ئەوانە کرد کە دۆستی کورد بوون، هەرچی کۆمەڵانی خەڵکیشە ئەیان خەڵەتێنن بۆیە ناتوانین بڵێین نەتەوەی عەرەب دوژمنی کوردە، دوژمنی کورد نەبووە و لەناو عەرەبدا ئەگەر بە ڕێکوپێکی ببرێ بەڕێوە، ئەگەر هەموو شتێکی بۆ روون بکرێتەوە و ئەوەش بەشێکی کەوتۆتە سەر ئەستۆی خۆمان، ئێمە ئەبێ بزانین چۆن لەگەڵ دوژمنەکانماندا و لەگەڵ دۆستەکانمان چۆن بتوانین لەگەڵیان بدوێین، بەچی زمانێ لەگەڵیان بدوێین، ئەو وەختە عەرەبەکەش ئەیناڵان بە دەست ئینگلیزەوە ڕاپەڕینی زۆر هەبووە، ئێمە چۆن بتوانین کەڵك لەو شتانە وەربگرین دۆست بۆ خۆمان زۆر بکەین نەك دوژمن بۆ خۆمان زۆر بکەین، کابرایەك کە بە سەربازی دەینێرن بۆ کوردستان ئەو چی بەرژەوەندییەکی لەوەدا هەیە بێت ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بکوژێ، لە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی کاك فوئاد عارف، کە ئێستا پێیەوە خەریکم، باسی ئەوە دەکات ئەڵێ هەستم ئەکرد فلانە کەس کە بڵێین لە دەزگای ساواکی ئێرانی بوو لەبەر ئەوەی خۆی خەڵکی

مەریوان بوو هەستی کوردایەتی زۆر بەتین بوو لە ژێرەوە ئەیویست یارمەتیم بداو ڕێگەم نیشان بدا، شتی وا زۆر ڕوودەدات، ئێمە نەبێت ئاگامان لەو شتانە بێت هەر ئەوە نییە کەوا کابرا لە دەزگایەکی خراپا کار دەکات ئیتر ئەو سەد دەر سەد دوژمنە.

*** سەبارەت بە شەڕی بەردەرکی سەرا وای نابینی کە دەکرێ ئەو قۆناغە ناوبنێین بەسەردەمی پاش شێخ مەحموود وەکو شتێکیشت ئامازە پێکرد کە دواتر کۆمەڵێك ڕابەر هاتنە ئاراو لاپەڕەی نوێ و کۆمەڵێ توێژی نوێ لەخوێندکاران، لەمامۆستایان هاتنە ئاراو و جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، مەبەستم ئەوەیە ناوی بنێین سەردەمی پاش شێخ مەحموود؟.**

- **د. کەمال مەزهەر**: دەست ئەدات قوتابییەکی ڕێکوپێك نامەیەکی ماجستێر یان نامەیەکی دکتۆرا لەسەر شەڕی بەردەرکی سەرا بنووسێ، دەتوانێت ئامازە بۆ ئەوە بکات کە بڵێ قۆناغێکی نوێ لەبزووتنەوەی نەتەوەی کوردا دەستی پێکرد و بەڕاستی دوای ئەوە سەیر دەکەی ڕێکخراوی کوردی جەمعیات و ئەوانەی نهێنییەکان ڕۆڵیان گەلێ گەلێ زیاتر دەبێ، بە وێنە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٥ بە ڕەهبەریی بارزانی دروشمەکانی سەیر دەکەی، تایبەت دوای ئەوەی ژمارەیەك لە ئەفسەرە کوردەکان دایانە پاڵ ئەو ڕاپەڕینە، دروشمەکانی تازەتر بوو لە دروشمەکانی ڕۆژگاری شێخ مەحموود، ئەو شتە زۆر ڕەوایەو زۆر جێگەی خۆیەتی.

*** کۆرۆنوالیس ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆ نامەیەك و چەن تێبینیەکی گرنگ دەنێری بۆ وەزیری ناوخۆ کە جەمیل مەدفەعییە وە زۆر ڕاڤەی تێدایە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا باس دەکات و پێشنیاری ئاشتی دەکات لەو سەردەمە، هەست ناکەی بەریتانیا لە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەیانەوە ڕۆڵی پێوانگری بینیوە لە نێوان کوردو عەرەب دا کە کوردو عەرەب لەو کاتەدا بە تەواوی شوڵیان لێهەڵکێشاوەو بڕوایان بەوە نییە بە ئاشتی هەر بەسەر کوتکردن وەك لادانی زۆرێ لە نوێنەرەکان، لێپرسراوەکان و لایەنی عەسکەری هەموو کاریان لەسەر ئەوە کرد بەزۆر نەك بە ئاشتی کێشەی کوردی عیراق چارەسەر بکرێ، بەلام ئاخۆ ئەوان بڕوایان بە ئاشتی هەبوو.؟**

- د. کەمال مەزهەر: بۆچوونەکەت لـە جێگـەی خۆیدایـە، کۆرۆنـوالیس و غـەیری کۆرۆنـوالیس حـەزیان دەکـرد کـە پەیوەنـدیی نێـوان کـوردو عـەرەب پەیوەندییـەکی رێکوپێـك بێـت، چـونکە پێـچەوانەی ئـەوە لەسـەر خۆیـشیان دەکـەوت، کـە ئـەو دووبەرەکییە دەبوو لەشکری عیراقی دەرەقەتی کوردەکە نەدەهات، چونکە کوردەکـە لە شاخ و کێوەکانی کوردستان شەڕی دەکرد و شەڕی پارتیزانی دەکرد، سوپاکە تـازە دامـەزرابوو، ئـەو سـوپایە دەرەقـەتی کوردەکـە نـەدەهات، کەواتـە دامرکانـەوەی بزووتنـەوەی کـورد دەکەوتـە سـەر ئەسـتۆی بەریتانییـەکان، بۆیـەکا بەریتانییـەکان هەمیشە راوێژی کاربەدەستانی عیراقیان کردووە کـە ئێـوە دەبـێ لەگـەڵ ئـەم کـوردە رێبکەون و ئەم دەوڵەتە دەبێ دەوڵەتی هەردوولا بێت، بە هاندانی ئینگلیزەکان بوو کە دوو ئەسـتێرەکەی بەیـداخی عیراقـی وتـرا ئەسـتێرەیەکیان نیـشانەی عەرەبـە، ئەستێرەکەی تریشیان نیشانەی کوردە، مەلیك فەیسەڵ راستە پیاوێکی تێگەیشتوو و رێکوپێك بـوو، راسـتە زۆر توندڕە و نـەبوو، بـەڵام ئـەویش کـەوتبووە ژێـر کاریگـەری پیاوانی وەك (**ساتیع ئەلحوسـەری**)، غـەیری سـاتیع ئەلحوسـەری و توندڕەوانی وەکـو (**یاسین هاشمی**) کە تنۆکێ خوێنی عەرەبی تێدا نییـە و کـەوتوو بـووە ژێـر کاریگـەری ئەوانەوە. ئینگلیزەکان راوێژی مەلیك فەیسەڵ دەکەن، تکای لێدەکەن دەبێت لاسـایی شاژن یان شای بەریتانی بکەیتەوە چۆن ئەو لەگەڵ سکۆتلەندییەکاندا رەفتار دەکـات، شتی وام بڵاوکردۆتەوە لە نووسینەکانی خۆمدا، بەوێنـە لـە بـەرگی دووەمـی ((**چـەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد**))دا ئەگـەر بگەڕێیتـەوە ئـەو سەرچـاوەیە دەبینیـت چۆن راوێژی مەلیك فەیسەڵیان کردووە کە ئێوە دەبێت زۆر دڵتان فراوان بێت لەگـەڵ کـوردا بۆ ئەوەی کەوا بتوانن وڵاتەکـەی خۆتـان بینـا بکـەن و بـە رێکـوپێکی بیبـەن بـەڕێوە، ئەوەشت لە بـیر نەچێت کـە زۆربـەی هـەرەزۆری دیبلۆماسییە بەریتانییـەکان پیـاوی لێهاتوو بوون، ئەگەر لە شوێنێکا ببینی لە زۆر پـەراوێزا نـاوی هـەر کامێکیـان هاتبـێ پەراوێزێکی دەربارەی پوختەی ژیاننامەیم نووسیوەو بەشی هەرەزۆریان (لە ٩٩٪) یان دەرچووی زانکۆی کامبێرج یان ئۆکسفۆردن، ئەو دوو زانکۆیە گاڵتە نـین، لەبـەر ئـەوە سەیری هەموو پرسێکیان کردووە لە قـوژبنێکی بابەتەکیانـەوە، جـاری وا هەیـە شـتی وای نووسیوە بیروبۆچوونی پێچەوانەی ئەوە بووە.

# بابەتی دوازدەیەم

## بایەخی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا بۆ تۆژینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد(*)

ئامادەکردنی: ناسیح رەسوڵ

(*) ((ئەو کۆڕە لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٩دا، بە ئامادەبوونی قایمقامی کۆیە و سەرۆك و یاریدەدەران و مامۆستایانی زانکۆو بەرپرسانی حزبی و حکومی لە شارەکە و ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، لەلایەن د. جەبار قادر بەڕێوەچوو. ع– زەنگەنە)).

## سەبارەت بەمێژووی کورد لەژێرناوونیشانی (کوردو کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا

مێژوونووسی گەورەی گەلەکەمان پرۆفیسۆر د. کەمال مەزهەر لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بەئامادەبوونی قوتابیانی زانکۆو مامۆستایان و رووناکبیرانی شاری کۆیە، کۆڕێکی لەژێر ناوی (**کوردو کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا**) لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیەوە بۆ رێکخرا. بەر لەدەستپێك پرۆفیسۆر د. جەبار قادر راگری کۆلیجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەی بە رۆڵی پرۆفیسۆر د.کەمال مەزهەر کرد لەژیانی نووسین و بەدواداچوون لەسەر کۆکردنەوەی مێژووی کوردو وتی (**د.کەمال مەزهەر یەکێکە لەو مێژوونووسە گەورانەی گەلەکەمان کە مێژووی زۆر لای خوێنەران خۆشەویست کردووە، لەچوارچێوەی گێڕانەوەی چیرۆك و سەربوردەی میرو ئاغاو شەڕو شۆڕ گواستۆتەوە بۆ بابەتێك کەهەموو کەس چێژی لێ ببینێ**).

دواتر د.کەمال مەزهەر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و بەبەرزترین سمیناری وەسف کرد لەمێژووی ئەو سمینارانەی کەبۆی سازکراوەو ئاماژەی پێکردو وتی (**کۆیە نیمچە سلێمانیەکەو بەڕەشەبایەکەی ئەوەندەی تر لەسلێمانی دەچێ، بۆیە لای من کۆیەو ئەو کۆڕە لەدڵ و دەروونمدا جێ ئەمێنێ و لەیادی ناکەم**).

ناوەڕۆکی کۆڕە مێژووییەکەی تیشك خستنە سەر تەوەری بابەتەکانی ناو کتێبەکەی بوو لەسەر ئەو بەڵگەنامە نهێنیانەی خۆی کە لەئەرشیفی خۆی پاراستوونی کە وەك لەکتێبەکەدا بڵاوکراوەنەتەوەو باسی لێوەکرا.

لەبەشێکی تری قسەکانی سوودو گرنگی کتێبەکەی و زانیاری زیاتر لە گفتوگۆیە کراوەکەی لەنێوان ئامادەبووان و بەڕێزیدا ئاماژەی بۆ کراو بە گرنگترین کتێبی مێژووی وەسف کرا، بۆ سوود وەرگرتنی قوتابیانی زانکۆو سەرکردەکانمان وەك سەرچاوەی مێژوویی کە لە بارەی ئەو گرنگیانەی کە حکومەتی بەریتانیا بەو بەڵگەنامانەی داوە خرانە روو. جێگای ئاماژەیە پرۆفیسۆر د. کەمال مەزهەر کتێبی کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیای بەچاپگەیاندبووە برێك لەو کتێبەی کردە دیاری بەسەر هەندێك لەمیوانەکان و ئاماژەی پێدا کە قازانجی ئەم کتێبە بۆ بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی ٢٨ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٨ی شاری کەرکوکە. لەژمارەی داهاتوو دەقی ئەم کۆڕە مێژوویەی (**کوردو کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیا**) بخوێنەوە.

## حەپسەخانی نەقیب گاڵتە بەعەدالەتی ئینگلیز دەكاو دەڵێ (ئەمەیە عەدالەتی ئێوە كە ئاوا بێن پەلاماری نەتەوەیەك بدەن كەداوای مافی رەوای خۆی دەكا)

لەژمارەی رابردوودا بڕیاربوو كە دەقی كۆڕەكەی بەرێز پرۆفیسۆر دكتۆر كەمال مەزهەر بڵاوبكەینەوە، بۆیە بێ پێشەكی دەچینە ناو كۆڕەكەوە چونكە مەبەستی ئێمە لەبڵاوكردنەوەی ناوەڕۆكی ئەو كۆڕە تەنها بۆ خوێندنەوەیەكی بەسوودە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ تۆسقاڵێ لەمێژووی نەتەوەكەیان بەئاگابن، وەك وتەكەی گۆتەی شاعیری ئەڵمانی كەدەڵێ (**ئەوەی لەمێژووی سێ هەزار ساڵی مرۆڤایەتی بەئاگا نەبێ تەنها بۆ ورگی دەژێ**). كوردو كوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەكانی حكومەتی بەریتانیا كە ناوونیشانی كۆڕەكەی بەرێز پرۆفیسۆر دكتۆر كەمال مەزهەرە رۆچۆتە ناو ناخی مێژوو بەبەڵگەو لەكتێبەكەی، كە بەهەمان ناوونیشانی كۆڕەكەیە، بە زمانێكی شیرین و پاراویش بەتەمەنێكی زۆرەوە زۆر بەخۆشحاڵی و بەپەرۆشەوە مەبەستی بوو پێمان بڵێ كە ئەمە مێژووی نەتەوەی كوردە كە جاروبارێش دووپاتی دەكردەوە زۆر گەشبینە بەرامبەر بەمیللەتەكەی خۆیی و ئەو ئەزموونە.

سەرەتای كۆڕەكە پرۆفیسۆر دكتۆر جەبار قادر لەپێشەكیەكدا وتی.. خۆشحاڵم، بەوەی بەناوی زانكۆی كۆیەوە بەخێرهاتنی مامۆستای بەرێزمان پرۆفیسۆر دكتۆر كەمال مەزهەر بكەین، بەراستی ئەو كۆڕە بیرۆكەیەك هەبوو كە بەهاوكاری زانكۆی كۆیەو ئەكادیمیای كوردی بێ، كە مامۆستاو منیش ئەندامی كارای ئەو ئەكادیمیەین، بەڵام ئەوان لەگەڵمان نین.كەحەزیان دەكرد هەموو ئەمڕۆ لێرە ئامادەبن.

من نامەوێ لە كاتەكە ببەم، كاتەكە دەزانن زۆر گرنگە بۆ هەموو كەسێك، تەنها دەمەوێ دووخاڵی سەرەكی باس بكەم ئەویش ئەوەیە، ئەگەر باسی مێژوونووسی كوردی بكەین بەراستی باس لەسێ سەردەم دەكەین، سەردەمی یەكەمیان كە سەردەمی شەرەفخانی بەدلیسیە كە بەباوكی مێژووی كورد دەناسرێ، سەردەمی دووەمیان سەردەمی محەمەد ئەمین زەكییە كە بۆ یەكەمینجار لێكۆڵینەوەیەكی زانستی لەسەر مێژووی كورد كرد. سەردەمی سێیەمیان پێموایە سەردەمی دكتۆر كەمال مەزهەر دەبێ.

دوكتۆر كەمال مەزهەر گومانم لەوەدانیە كە مێژووی لای زۆر لە خوێنەران

خۆشەویست کرد لەچوارچێوەی گێڕانەوەی چیرۆك و سەربوردەی میرو ئاغاو شەڕوشۆڕو ئەمانەوە گواستەوە بۆ بابەتێك کە هەموو کەسێك چێژی لێوەردەگرێ. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم تائێستا سی کتێبی بڵاوکردۆتەوەو بەسەدان لێکۆڵینەوەی بڵاو بۆتەوەو گەلێك لەکتێبەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، زمانی تورکی، زمانی ئەرمەنی، زمانی فەرەنسی، لەسەر بەرهەمەکانی لێکۆڵینەوە کراوە دەتوانم بڵێم یەك دکتۆر نییە لەمێژووی هاوچەرخی کوردو عیراقدا دکتۆر کەمال موناقەشەی یا سەرپەرشتی نامەکە (تێزەکە)ی نەکردبێ. لەبەر ئەوە ئەو ئەرکەی ئەو بینیویەتی و جێ پەنجەی ئەو زۆر زۆر گەورەیە، بەنیسبەت مێژووی کوردەوە هەڵبەتە کتێبەکانی کوردستان لەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهان، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەڕۆژنامەگەری کوردیدا، دیراساتی تەئریخی رێنسانس و میکیافیلی والمیکیڤیلیا،زۆری تریش، هەروەها دوونامە(تێز)ی دکتۆرای بەرووسی بوو توێژی دووەمیان کە دکتۆرای (ناوك)ەکەی بوو کە نزیکەی هەزار لاپەڕەی بوو کەپڕبوو لەزانیاری و بەڵگە کە دەگمەن بوو ئەو کاتە ١٩٦٩دا. دواتر دکتۆر کەمال مەزهەر چووە ناو بابەتەکەیی و زۆر زۆر سوپاسی دکتۆر جەبارو ئەو هەستە بەرزەی کردو وتی..

لەژیانمدا زۆر سمیناری لەم بابەتەم دیوە، بەڵام ئەمەی ئەمڕۆ بەیەکێك لەسمینارە هەرەبەرزەکانی ژیانی خۆمی دائەنێم، هەر لە سەرەتای ژیانەوە بەوە راهاتبووین کە کۆیە نیمچە سلێمانیەکە، ئەمڕۆ بەوە بەختەوەر بووم کە تەنانەت رەشەبای کۆیەش لەرەشەبای سلێمانی ئەچێ، بۆیە کە کۆیە شوێنێکی تایبەتی هەیە لەناخی دەروونما.

کام کوردە حەز نەکات لەشارەکەی حاجی قادری کۆیی و یاوەخود مەلای گەورەو مەسعوود محەمەدی کوڕی یاوەخود مەلا مەعصوم و عەونی شاعیر ئامادەنەبێت و قسە نەکا، ئەوانە هەموویان ئەوە دەهێنن کە پەیکەریان بۆ دروست بکرێ. بیستم وتیان پەیکەرێکی شایانی ئەو تا ئێستا نییە. بەم بۆنەیەوە شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە، چونکە من خوالێخۆشبوو مەسعوود محەمەدم بەبرا گەورەی خۆم دائەنا، دوێنێ ئەوەی کەنامەیەکی دکتۆرای لەسەر مەسعوود محەمەد نووسیوە ناوی دوکتۆر راهییە هەر ئەوەندە زانی بووی کە من لێرەم (کۆیە) لەرێگەی تەلەفونەوە پەیوەندی پێوە کردم زۆر زۆری پێخۆش بوو وتی مژدەی ئەوەت دەدەمێ کە نامەی دکتۆراکەم لەسەر مەسعوود

محەمەد چاپەکەی تەواو بووە هەر چاوەڕوانی ئەوەم کەی تۆ دەگەڕێیتەوە، بۆ ئەوەی پێشەکییەکی بۆ بنوسی. بۆیە ئەڵێم نەك تەنها مەسعوود محەمەد بەڵکو هەموو ئەوانەی کەناوم هێنان شایانی ئەوەن کە چەندەها نامەی ماجستێرو دکتۆرایان لەسەر بنوسرێ. بیستم کەنامەیەکی دکتۆرا هەیە دەربارەی ئەدەبی حاجی قادری کۆیی، بەڵام ئێمە پێویستە لەهەموو شتێکی حاجی قادری کۆیی بکۆڵینەوە، بزانین ئەو ماوەیەی لەکوێبوو چۆن؟! لەکوێ؟! کاتی بردۆتە سەر ئەمانە هەموویان کارێکی پێویستن.

من لە دەمەیکەوە بایەخی بەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانیمان لایە، بەڵام کە بەچاوی خۆم بینیم ئەو بەڵگەنامانەو هەستم کرد تاقیبی هەموو هەنگاوێکی مێژوویی نەتەوەکامانیان کردووە هێندەی تر بەپەرۆش بووم بۆ ئەوەی کەوا بەرهەمە تازەکانم هەموویان تەرخان بکەم بۆ مێژووی کوردو کوردستان لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا، ئەوی راستیبێ نامەوێ درێژە بەو لایەنە بدەم کەبڵێم من بۆ نەخۆشی چووم بۆ بەریتانیا وە ماوەی حەوت مانگ هەر بەرێگای خەستەخانەو دوکتۆرەوە خەریك بووم، دوای ئەوە ئیتر رێگەیان نیشاندام و وتیان ئەتوانی چارەسەرەکەت بگوێزیتەوە بۆ لەندەن هەمانکات برۆی بۆ ئەو ئەرشیفی نیشتیمانییە، بۆ ئەوەی کەوا لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا کار بکەی.

بەڵگەنامەکانیان بەڕاستی دەریایەکی یەکجار بێبنە، یەکجار نرخیان هەیە، کتێبی یەکەمم هەشت سەدو بیست و سێ لاپەڕەیە، وە بەسەرپەرشتی مامۆستای دڵسۆز عەبدوڵڵا زەنگەنە چاپ کراوە لە بەیروت چاپێکی زۆر رێك و پێك زۆر لەمستەوایەکی رێکوپێکدا، چ لەرووی داڕشتنەوە چ لەرووی توێژینەوەوە چ لەرووی پێشەکییەوە کتێبەکە تا ئەوپەڕی ئەوپەڕی من شانازی پێوە دەکەم.

لەبەشی یەکەمدا، کە دەربارەی بایەخی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانی بۆ توێژینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد ئەو بابەتە ئاو زۆر دەکێشێ، بۆیە من چەند نموونەیەکی کەمم لەکتێبی یەکەمم هەڵبژاردووە کە پێشکەشتانی بکەم کە باسی چی دەکات.

ئەم کتێبە لە نۆ بابەت پێکهاتووە، دوارۆژی کورد ناوونیشانی بابەتی دووەمە چونکە بابەتی یەکەمم تەرخان کردووە بۆ ئەوەی کەوا پێناسەی ئەو ئەرشیفە بە خوێنەری

کورد بکەم بزانێ چییە، چۆن کار دەکات. بەراستی خۆزگە هەزار خۆزگە هەموو ساڵێك ژمارەیەك قوتابی لەزانکۆی کۆیەو هەمووی زانکۆکانی کوردستانەوە ئەنێردران بۆ ئەو ئەرشیڤە، بۆیە بەشی یەکەم بریتیە لەپێناسەیەکی کورت دەربارەی ئەو ئەرشیڤە، بابەتی دووەمیش ناوم ناوە دوارۆژی کورد لەبەردەم کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا چالاکییەکانی شەریف پاشاو هاوەڵەکانی، چونکە ئێمە بەئەوپەڕی شانازییەوە بیر لەو سێ بەندەی پەیمانی سێڤەر دەکەینەوە کە بۆ سەربەخۆیی کوردو کوردستان تەرخان کراوە، واتا بەندەکانی ٦٢و ٦٣و ٦٤. وەلە کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا بڕیار وابوو کە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن، بۆیە ئەو بابەتە زۆر نرخی هەیە، وە بریتیە لە ٣٧ لاپەڕە هەمووی شتی نوێی تێدایە، هەمووی دەربارەی خەباتی کوردە لەپێناو جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی سێڤەردا، وە بەشێکی زۆری تەرخان کراوە بۆ شەریف پاشای خەندان کە ڕۆڵێکی گەورەی بووە لە کۆنفرانسی پاریسدا. بابەتی سێیەم ناوم ناوە لە گەشتەکەی مێجەر نۆێیلْ ئەم بابەتە ٤٧ لاپەڕەیە مێجەر نۆێیلْ کە لە کوردستان کاری کردووە هێند کوردی خۆش ویستووە بڕوا ناکەم کوردەکە لەوە زیاتر نەتەوەکەی خۆیانی خۆش ویستبێ، بەڕادەیەك ئەگەر بەدەست مێجەر نۆێیلْ بوایە، هەر ئەوکات پەیمانی سێڤەر جێبەجێ دەکراو دەوڵەتی کورد دادەمەزرا. جا لەڕۆژانەکانی مێجەر نۆێیلْدا شتی یەکجار سەرنج ڕاکێشیان تێدایە.

مستەفا کەمال ئەتاتورك تاوەکو مرد ڕقی لە مێجەر نۆێیلْ لەهەموو دنیا زیاتر بوو، هەر لەبەر ئەوەی کەوا مێجەر نۆێیلْ بەو جۆرە دڵسۆزی نەتەوەی کورد بووە، هیوادارم قوتابیانی زانکۆی کۆیە بەوردی ئەو بابەتە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن نەتەوەکەیان دۆستی نزیك و دڵسۆزیان هەبووە.

بابەتی چوارەم تەرخان کراوە بۆ ناودارانی کورد واتە فایلێکی سەربەخۆیان داناوە بۆ ناودارانی کورد لەساڵانی ١٩١٩، شتی ئەوتۆی تێدایە دەربارەی شێخ مەحموود، دەربارەی (سمکۆی شکاك)، دەربارەی (**شەریف پاشا**)، بەدرخانییەکان، بڕوا بکەن کەسێکمان ئەو شتانەمان نەبیستووە، ناودارانی کورد لەساڵانی ١٩١٩بەدوورو درێژی دەربارەی هەر یەکەیان پیشەیان کاریان خەباتیان زۆر بابەتییانە ئەو مەسەلەیان دۆزیوەتەوە.

بابەتێکی تەرخان کراوە بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا، شەڕی بەردەرکی سەرا لە٦ی

ئەیلولی ١٩٣٠هەنگاوێکی گەورەبوو بۆ پێشەوە لەخەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردا، جا ئینگلیزەکان هەنگاو بەهەنگاو لەسەر رووداوەکانی سلێمانیان نووسیوە بەدوورو درێژی تاکو ئەوکاتەی کە لێدراون دوای ئەوەش بەدوورو درێژی باسی رۆڵی تۆفیق قەزاز دەکات، باسی رۆڵی حەمەی ئاورەحماناغا دەکات، من هەمیشە پەنا ئەبەمە بەر نامەیەکی حەپسەخانی نەقیب، حەپسەخانی نەقیب شاژن بوو، زۆر بەناوبانگ بوو زۆر رێکو پێك بوو، زۆر کوردبوو، خەڵکی شێخ قادری برای شێخ مەحموودی بەناوی حەپسەخانەوە دەناسی، جا حەپسەخان لەرۆژی ٧ی ئەیلولدا واتە رۆژێك دوای دامرکاندنەوەی راپەرینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ نامەیەکی توندوتیژی ناردووە بۆ مەندووبی سامی بەریتانی بەکوردی، کە سەیرەکەم ئەو نامەیە لەبەریتانیا پارێزراوە، سەیرەکەم حەپسەخان بێ ئەوەی سڵاو لەمەندوبی سامی بکا، یەکسەر دەستی کردووە بەنامەکە وە کە ژماردم ٩ کەرەت حەپسەخانی نەقیب وشەی عەدالەتی بەکارهێناوە و گاڵتە بەعەدالەتی ئینگلیز دەکا، پێیان دەڵێ (**ئەمەیە عەدالەتی ئێوە کە ئاوا بێن پەلاماری نەتەوەیەك بدەن کە داوای مافی رەوای خۆی دەکا**)، لەبەر ئەوە لای خۆم حەپسەخان گەلێ گەورەتر بوو، ئەو نامەیە کراوە بەئینگلیزی هیوادارم رۆژێ لەرۆژان بتوانین دەستنووسەکەی حەپسەخان بدۆزینەوە، ئەو نامەیە بایەخی زۆرە. نموونەیەکی تر لەو کتێبەدا دەهێنمەوە ئەو نموونەیە ناوی (**مذكرة القاهرة**) لە نیسانی ١٩٦٣دا بەرێز مام جەلال ئەو (**مذكرة القاهرة**)ی نوسیوە ٢٣ لاپەرەیە وەلەو موزەکەرەیدا مام جەلال حزبی بەعسی ریسوا کردووە لەهەموو رووییەکەوە وە ئەڵێ (**ئەمانە نە پەیمانیان هەیە، نەراستگۆن لەقسەکانیان**) بەجۆرێك باسی کردوون کە پیاو هەر سەری سوڕ ئەمێنێ وە شانازی پێوە ئەکا، وەکە ئەو یاداشتەی مام جەلالمان دۆزیەوە سەرمان سوڕما، چۆن ئەبێ ئاوا پاراستوویانە، وە هەڵیان گرتووە وە وەریان گێراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، پێیان دەڵێ (**بەعسیەکان هەرچی پێی بڵێن شەرەف نیانە**) وەنموونەی هێناوەتەوە دەڵێ(**فلانە کەسیان / هذا حەرامی سەختەچی**) دەڵێ هەتا لەناو خۆشیاندا پەیوەندییان بەوجۆرەیە، کە(**مذكرة القاهرة**)ش یەکێکە لەو بەڵگەنامە نهێنییانەی کەوا لەم کتێبەدا باسی کراوە، دواتر دەربارەی بەشی یەکەم کە ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە بە زۆر کەسم وتووە وتومە خولە پیزە دوو مەبەستی هەیە لەئەرشیفی بەریتانیا، ئاخر خولە پیزە بۆ

ئینگلیز چییە؟! بەدوورو درێژی باسی خولە پیزە دەکات، باسی پەیوەندییەکانی خولە پیزە دەکات، لەگەڵ شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، بابا عەلی شێخ مەحموود، کە باسی ئەوە دەکات چۆن سالحی برای خولە پیزە لە سێدارە دراوە، باسی ئەمانە هەمووی دەکات. خولە پیزە بۆ ئینگلیز بەراستی دووپاتی دەکەمەوە شتێکی ئەوتۆ پێك ناهێنێ، ئینجا با ئەوەش بڵێم بەراستی ئێمە قصورمان هەیە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم و کە لە پێشەکی کتێبەکەشدا نووسیومە ئەڵێم زۆر کوردی رێکوپێکمان هەیە کە بەپێودانی لەندەن بستێك لە ئەرشیفی نیشتمانی بەریتانییەوە دوورن کە لە هەموویان ئەپرسم کەسێکیان نەهاتوون بۆ ئەم ئەرشیفە بۆ ئەوەی کەوا سەیری ئەو بەڵگەنامە بەنرخانە بکەن بۆ نەتەوەکەیان. یەکێك لەو نموونە سەیرانەی کە دەیهێنمەوە وە پێم وایە کە خۆی زۆری پێخۆش دەبێ دکتۆر دارای کوڕی بابا عەلی شێخ مەحموود سەرم سوڕما دکتۆرای هەیە، زمانی ئینگلیزی وەك بولبول دەزانێ، بەلایەنی کەمەوە یەك لەچواری بەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانی دەربارەی شێخ مەحموودی گەورەیە کە لێم پرسی نەچووە بۆ ئەو ئەرشیفە گلەییەکی زۆرم لێکرد، خۆی زۆری پێخۆش بوو، ئەوەبوو دوای ئەوە هات. کچێك ناوی (ئاراس)ە کوردە لەسەر بابەعەلی نامەی ماجستێر دەنووسێ، بەسەرپەرشتی دکتۆر عادل نامەیەکی رێکو پێك دەنووسێ ئەو پێویستی بەگەلێ شت هەبوو دەربارەی بابە عەلی بۆیە کە دارای بابەعەلی ئەو کات هات بۆ سەردانی ئەرشیفی ناوبراو.

دێمە سەر چەند نموونەیەك لەبەرگی دوومی ئەم کتێبە، بەرگی سێیەمیشی دەبێ چونکە ئێمە سەدان هەزار بەبێ هیچ جۆرە زێدەڕۆییەك وێنەی سەدان هەزار بەڵگەنامەمان گرتۆتەوەو لەسەرسیدی دامانناوە وە نیازمانە کە ئەو سیدیانە بەسەر هەموو زانکۆکانی کوردستان دابەش بکەین بۆ ئەوەی قوتابیانی ماجستێرو دکتۆرا کەڵکیان لێوەربگرن جگە لەشارەزایان و سیاسەتمەدارانی کورد. ئینجا چەند نموونەیەکی ئەو بەرگە ئاماژە پێدەکەم، راپۆرتێکی تێدایە هی پشکنەرێکی کارگێری عوسمانی کە کاتی خۆی لە کوردستاندا کاری کردووە ئینگلیزەکان تاقیبی ئەو پشکنەرەیان کردووە، چونکە وتارێکی بە شەش زنجیرە لە رۆژنامەیەکی تورکیدا بڵاوکردۆتەوە وە ئەمان هاتوون، هەموو وتارەکانیان وەرگێراوەتەوە سەر زمانی ئینگلیزی. هیوادارم یەکێك

بتوانێ وەك ئازاد عوبێد نامەیەكی دكتۆرای نووسیوە لەسەر مەعروف جیاوك كەچەند جارێك سەردانی توركیای كردووە عەودالّی ئەوشتانە بووە كەپەیوەندیان بە مەعروف جیاوكەوە بووە، یەكێكی وەك ئەو بنێردرێ بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەیە بدۆزرێتەوەو وە ئەو قسانەی ئەو پشكنەرە كارگێڕیە وەكو خۆی بكرێت بەكوردی، هەرچەند من كردوومە بەكوردی لەبەرگی دووەمدایە بەلاّم رۆژنامەكە خۆی بدۆزرێتە لەتوركییەوە بكرێت بەكوردی نەك لە ئینگلیزی. راستە پشكنەری ناوبراو لەهەندێك شوێندا كەوتۆتە هەڵەوە بەلاّم گرنگ ئەوەیە كە دانی پیادەنێ دەڵێ (تەنها دوو نەتەوە مافی ئەوەیان هەیە لەتوركیا ئەو ولاّتە بەرن بەڕێوە، نەتەوەی تورك، لەگەڵ نەتەوەی كوردە) ئینجا لەبەڵگەنامە بەریتانیە نهێنیەكاندا دەڵێ هەرگیز ئێمە چاوەڕوان نەبووین یەكێكی تورك هەبێ بەو جۆرە رەفتار لەگەڵ نەتەوەی كوردا بكات.

لەرووداوی گەڕانەوەی بارزانی، لەساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ ١٩٥١دا لەبەر ئەوەی بارزانی لە یەكێتی سۆڤیەت پەنابەر بووە لەساڵی ١٩٤٦ەوە دوای ئەوەی كۆماری كوردستان رووخێندرا ئەو پەنای بردە بەر یەكێتی سۆڤیەت ئیتر بەریتانییەكان و عیراقییەكان و توركیا هەموو تاقیبی بارزانیان دەكرد، هەر ئەوەندەت دەزانی لەگۆڤارێك بلاّو دەبۆوە كەوا بارزانی نیازیەتی بگەڕێتەوە بۆ كوردستان وە دیسان شۆڕش بەرپابكات لەبەر ئەوە دڵەلەرزێ كەوتبووە بەریتانییەكان وەلەوێدا گەلێ شتی دانسقەیان دەربارەی ئەو گەڕانەوەیەی بارزانی بلاّو كردۆتەوەو ئەویش یەكێك دەبێ لە بەشەكانی كتێبی دووەم.(*)

(*) (( لەوە دەچێ لێرەدا بچڕانێك هەبێ، لە ٢٠٠٨/٥/٣دا كاتێ دەقی ئەو بابەتەم بۆ د.كەمال دەخوێندەوە هەرِوای بۆچووە كە دابڕانێك كەوتۆتە ئێرەی بابەتەكەوە. ع – زەنگەنە))

## سەرەتا ئەبوو پەنجا ساڵ لەسەر بەڵگەنامەکان تێبپەڕێ بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێ خەڵکی بڕۆن لەو بەڵگەنامانە کار بکەن

بابەتێکی تر لەو کتێبەدا تەرخان کراوە دیسانەوە بۆ هەندێ بۆچوونی بەریتانییەکان دەربارەی کوردو کوردستان، چونکە هەر ڕووداوێك ڕوویدابێ وەکو شەڕی بەردەرکی سەرا ئەوان بەوردی دووی کەوتن و بەوردی لەسەریان نووسیوە، وەزۆر بابەتیانە نووسیویانە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە بۆ ئەوان بابەتیانە ئەو شتانەیان نووسیوە؟ لەبەر ئەوەی هەموویان لە٩٩٪دەرچووی زانکۆی کامبریدج یان ئۆکسفۆرد بوون ئەوانە دوو زانکۆی یەکجار بەناوبانگن لەجیهاندا، لەبەرئەوە جاری وا هەیە ئەو شتانەی کە نووسیویانە خۆیان بڕوایان پێی نەبووە، بەڵام بە دروستی تەقویمیان کردووە.بەدروستی ناردوویانە بۆ وەزارەتی هەندەرانی بەریتانی یان بۆ وەزارەتی جەنگ یان بۆ وەزارەتی موستەعمەرە، وە بەتایبەتی کە ئەشیانزانی لەپێشدا بڕیار نەبوو ئەم بەڵگەنامانە بخرێتە بەردەستی خوێنەران. لەپێشدا بڕیاربوو ئەو بەڵگەنامانە هەڵدەگیرێت تەنها بۆ کاری فەرمانڕەوایانی بەریتانیا، تەنانەت ژمارەیەك لەو بەڵگەنامانە لەسەریان نووسراوە(**ئەوپەڕی نهێنی**) تەنها سەرۆك وەزیران و وەزیری هەندەران دیویانە، لەپاش ماوەیەك لەژێر فشاری رای گشتیدا بڕیاریانداوە ئەو بەڵگەنامانە ڕێگەبدەن خەڵك ببینێ، سەرەتا ئەبوو پەنجا ساڵ لەسەر بەڵگەنامەکان تێبپەڕێ بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێ خەڵکی بڕۆن لەو بەڵگەنامانە کار بکەن، دوایی کرا بە چلو پێنج دوایی کرا بە چل بە سیو پێنج ئێستا ئەبێ سی ساڵی بەسەردا تێپەڕێ، هەر بەڵگەنامەیەك سی ساڵی بەسەردا تێپەڕێ ئینجا ڕێگە ئەدرێ کە تۆ بڕۆی سەیری ئەو بەڵگەنامانە بکەیت، وە زۆر زۆر بابەتیانە نووسراون ، زۆر بەوردی بە دڵسۆزانە نووسراون.

بابەتێکی کتێبی دووەم، دەنگو باسێکی وا بڵاوبۆتەوە کە یەکێتی سۆڤیەت نیازیەتی کۆمارێکی کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت دابمەزرێنێ، وەتەنانەت پایتەختەکەشیان دەستنیشان کردووە کە گوایە پایتەختی جۆرجیا لەهەمانکات دەبێت بە پایتەختی ئەو دەوڵەتە کوردیە. ئیتر بەریتانییەکان سەریان لێ شێواوە، سەدان بەڵگەنامەیان دەربارەی ئەو بابەتە نووسیوە.

فەصڵێکی تیایە لە کتێبی دووەمدا دەربارەی حزبی شیوعی عیراقی چونکە حزبی شیوعی عیراقی لەناو کوردا نفوزی زۆر بووە هەموومان لەرێگای حزبی شیوعییەوە دەستمان کرد بەخەبات تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستان لە دووبەرەکیا بوو لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لەسەر ئەوەی کێ رەهبەری کورد دەکا، قسەیەکی مام جەلال هەیە وەخۆی لەکتێبی خۆیدا ئامارەی بۆ کردووە دەیگوت ئێمە مارکسین وە پێویست ناکات بە بوونی حزبی شیوعی لە کوردستاندا. وەکەرەتێکیش جەنابی مام جەلالم یەکەمجار لەژیاندا دوای گەڕانەوەم لە یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ مامۆستا برایم احمد لەماڵی خوشکم بوو کە هاوسەری کاك رۆشدی عزیزی ئامۆزاو پورزای شەهابی شێخ نووریە سەرم سوڕما کەسەیرم کرد مام جەلال هێندە ئاگاداری مارکسیزم و لینیزمە، وەبەڕاستی بەڕاستی قاڵبووی ئەو بۆتەیە، ئینجا من سەدان بەڵگەنامە، چلوچوار فایلی تایبەتی هەیە کە هەر فایلەی بەلایەنی کەمەوە دووسەد سێ سەد بەڵگەنامەیان تێدایە دەربارەی حزبی شیوعی، وە ئەو بابەتەم پێشکەش کردووە بە بەڕێزان عەزیز محمد وە کەریم ئەحمەد کە ئەندامی کۆمیتەی سیاسی حزبی شیوعی بووەو وابزانم لە کۆیەیە حەزیش دەکەم ئەگەر لەکۆیەبێ سەرێکی بدەم وە مەلا ئەحمەدی بانی خێڵانی ئەمانە زۆر دڵسۆز بوون سالم عوبێدی نوعمان کە خەڵکی عانێیە، بەڵام کوردی لەعەرەب خۆشتر دەوێ، بۆ ئەوانەم پێشکەش کردووە لەگەڵ گلەییەکی زۆردا، واتە بێ ئەمسەرو ئەو سەر نووسیومە دەڵێم شورەییە کە شیوعییەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ ئەو بەڵگەنامانە وە سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی و دکتۆر مفید جەزائیری و نوسخەیەك لە بەڵگەنامانە ئەنێرم هەموو بەیاننامەکانی حزبی شیوعی لە سێدارەدانی فەهدو زەکی بەسیم، هەموو ئەو جۆرە شتانە لەو بەڵگەنامانە پارێزراون گەلێك بەیاننامەی حزبی شیوعی کە بەئیمزای فەهد خۆیەتی چەندی ماوە لەلای حزبی شیوعی، لەکوردستاندا لەهیچ شوێنێك لەعیراق، ئەوان هەموویان پاراستووە، ئەبوو ئەوان لەهەر کام زیاتر بایەخ بدەن بەو بەڵگەنامانە. بۆیەکە ئەوە کە شوێنێکی تایبەتی دەبێ لەکتێبەکەما.

# بابەتی عەرەبی

اللقاء الاول:

# المفكر.. المؤرخ.. د. كمال مظهر
# في صالون (الزمن):
## لايمكن أن أكون عراقياً صادقاً مالم أكن كردياً صادقاً(*)

أجرت الحوار: ذكرى الدوري

---

(*) المصدر: الزمن (جريدة)، العدد ٧٢، الأحد ١٩/آب/٢٠٠١.

كان الخوف يلتف حولي وأنا أخطو داره متثاقلة وصعبة خاصةً وأنني قد تأخرت عن الموعد المحدد معه لإجراء لقائنا هذا، فالوقت في المواعيد من أهم سمات الصحفي، ولكن ما يغفر لي هو عدم معرفتي بالمنطقة التي يسكنها أستاذنا بالضبط، الأمر الذي تطلب مني وقتاً إضافياً في الوصول إلى داره، وأخيراً وصلت بسلام، وأستقبلني بعتاب بسيط على عكس عتابه القاسي، وكتاباته اللاذعة عندما يعلق على مادة أطاريح طلابه، ماذا يكتب قلمي، عن الشخص القادم من جبل (أزمر) المشرف على مدينة السليمانية، وقد كتب عنه العديد من الأساتذة والصحفيين الأجلاء قبلي وقيل عنه الأكثر... هل أكتب أنه: الحياء الجم.. إحترام اللسان.. الذكاء المشتعل.. الفكر المتوهج.. أنه يزن كل حرف ينطقه بميزان العلم ويختبره في معمل الفكر! أم أكتب: الموهوب في الحديث.. وبلاغة التعبير. والقدرة على التوصيل السريع بحرارة تذيب الأفكار، وأعقد المعاني والنظريات المركبة في عبارات شديدة البساطة والوضوح. لا أبالغ أن قلت أن حواري معه وثيقة للتأريخ ولحظة نادرة من (الزمن) الذي نعتقد أنه وقف معنا ليتأمل لقاءنا به... فهو الأستاذ الباحث عن الحقيقة ليظهرها لا ليخفيها، ولينفخ فيها من روحه، وهج الصدق، وليجعلها قيمة عليا تستحق المعانات. توجهنا ببعض الأسئلة إلى الأستاذ الفاضل الدكتور كمال مظهر أحمد فأجابنا عليها مشكوراً برحابة صدر، وبرؤيا علمية ووضوح يفيض بالصدق والدقة، فكان سؤالنا الأول:

*** كيف تعرف نفسك؟**

– إنسان يحب الثقافة والتواضع، لأنهما أحب شيء لديه بالحياة، وأعتقد أن حبي يكفي لأستيعاب الدنيا كلها لا أحمل الضغينة تجاه أحد، أميل للخير بدون حدود مؤمن بطريقتي الخاصة، أعتز بصداقاتي وأنظر إلى طلابي وكأنهم أولادي رغم قسوتي معهم. أحس بحب الناس، وأرى في هذا أفضل ما جنيت في حياتي.

*** لماذا أخترت التأريخ بالذات؟ وما هي الصعوبات التي واجهتك في حياتك العملية؟**

– كان مدرسنا في المرحلة المتوسطة، هو المرحوم الأستاذ محمد رش في كويسنجق وهو الذي جعلنا نعشق التأريخ فعلاً، وكنت أهضم مادة التأريخ بصورة جيدة، ومنذ ذلك الحين أحسست بأن (التأريخ) درس مهم في حياة البشرية، ثم في الصف الخامس الثانوي في العام ١٩٥٤ كنا ندرس كتاب (التأريخ الحديث) تأليف المرحومين العملاقين الدكتور زكي صالح، والدكتور مجيد خدوري، وكان الكتاب يقع في حدود (....) صفحة، مادة الكتاب كانت جميلة إلى أقصى درجة، ومعبرة بكل معنى الكلمة، فشدتني إلى التأريخ أكثر فأكثر، ومنذ ذلك الحين قررت أن أتخصص في التأريخ، ويا حبذا لو تفضلت وزارة التربية في إعادة ذلك الكتاب لتدريس الطلبة مع بعض المعالجات المطلوبة.

أما عن الصعوبات التي واجهتني فهي عادية جداً، فعلى الصعيد العملي قلما أجد صعوبة لأن الأمر يعتمد على الشخص نفسه، كان الأقدمون يحفرون البئر بالأبرة دونما تذمر، وأنني معجب ومتأثر بعمالقة الفكر من العرب المسلمين ومن عمالقة عصر النهضة الأوروبية الذين لم تعقهم أي صعوبة في ميدان عملهم ثم أن الصعوبة بحد ذاتها تتحول إلى لذة عندما تحقق ذاتك في إنتاجك الفكري.

* الهوايات التي تمارسها في وقت فراغك؟

– أميل دون حدود للعناية بالحديقة وأعتقد إنني ورثت ذلك منذ الطفولة من الوالدة أما الهواية المفضلة لدي جداً فهي (القراءة) ومع كل الأسف أن لدى الباحثين وقتاً قليلاً للمتابعة والقراءة أحياناً أجمع النقود القديمة ربما بدافع أختصاصي للتأريخ، فلدي مثلاً عملة روبل روسية نادرة تعود إلى عهد القياصرة الروس.

* من الذين يخلفون كمال مظهر أكاديمياً؟

– في الواقع أتمنى في الدراسات أن يذكرني كل طلابي بخير، وأعتقد أنني تركت عليهم بعض التأثير، خصوصاً لأنني مؤمن بالتحليل العلمي للتأريخ، ولدي من طلابي من أعتز بهم وهم الآن أقرب زملائي، وإن كان لابد أن أشير إلى بعض الأسماء فأقول مثلاً د. طاهر البكاء ود. مناف شكر النداوي ود. عادل تقي البلداوي والذي يتصل بي هاتفياً يومياً ليسأل عن صحتي، وتصوري كم هو عظيم بالنسبة لي أن الدكتور جمال هاشم ذويب خابرني قبل أيام من الفلوجة قائلاً: أنني تواً وصلت من ليبيا، وأريد أن تكون أول من أتحدث إليهم، وكم كان جميلاً ورائعاً عندما خابرني من ليبيا أيضاً عبدالله الشاتي في ٢١ آذار العام الماضي في الصباح الباكر ليكون أول المهنئين بعيد نوروز، لدي مئات الأمثلة والرسائل من طلبتي الأعزاء بحيث تجدين في مكتبتي أرشيفاً خاصاً برسائلهم.

* ما السر وراء أختيارك المطبخ مكتبة لك، بالرغم من أن لديك مكتبة فاخرة وضخمة، يشهد له كل الأساتذة والطلبة وأنا معهم؟

– لا أخفي عنك لأنني أريد أن أكون حتى أثناء عملي بالقرب من أعز إنسانة إلى قلبي، وهي زوجتي التي تخفف عني إلى درجة كبيرة عناء البحث، فهي التي تنظم أوراقي ومكتبتي، وتستقبل ببشاشة لا نظير لها طلابي، الذي يجدون دائماً أبواب قلبي وبيتي مفتوحة أمامهم، وأعتقد أنك تشهدين على كلامي هذا.

* انطباعاتك عن دراسة مادة التأريخ بالجامعات العراقية خاصةً وأن السيد الرئيس حفظه الله ورعاه ركز اهتمامه على التأريخ؟

– عموماً الدراسات التأريخية في الجامعات العراقية بخير، وهي أفضل، على حد علمي من الدراسات التأريخية في معظم الجامعات العربية وغيرها، ذلك لأن أيدي قديرة ومخلصة وضعت أسسها، وعملت على تطويرها، وهي اليوم أمانة عزيزة في أعناق المشرفين على أمورها، ممن عليهم أن يكونوا بمستوى المسؤولية، خصوصاً من الناحية العلمية التي بدأت في بعض حلقاتها تعاني من الطارئين والمدعين المسايرين الذين ضررهم أكثر بكثير من نفعهم، هذا إذا توقعنا منهم أي نفع أصلاً، يقابلهم عدد غير قليل من الشباب المتحمسين ويكفيهم فخراً أنهم يتمتعون بثقة أساتذتهم ومديح طلبتهم، والطالب عندي هو من يحق له أن يقوّم أستاذه، لا أعتقد أن أحداً من طرفيّ المعادلة لم يسعده خبر حصول الشاب المتوقد الدكتور الرفيع بكل جدارة قبل ثلاثة أسابيع وأنا في المقدمة منهم مع تحفظي الشديد على بعض تبريراته التي لا تتحمل التبرير، بل وحتى التفسير.

* حضورك محدود على المستوى الإعلامي؟

– حضوري في الصحافة العربية محدودة فعلاً أما حضوري بالنسبة للصحافة الكردية فأنه حضور جيد عموماً، ذلك لأن الصحافة الكردية بحاجة ماسة إلى أقلام أصحاب الفكر والتخصص، ومع أن للعمر أحكامه (٦٤) سنة فأنني لم أقصر في إلقاء سلسلة من المحاضرات العلمية في العديد من المجالس الثقافية البغدادية التي تعد ظاهرة حضارية متميزة جلبت إليها أنظار مندوبة الاسوشيتد بريس بصورة خاصة عند لقائها بي.

ثم تصوري أنني التقيت في عز أيام حر هذا الصيف سبع محاضرات في جامعة البكر على الرغم من أنشغالي خصوصاً وأنا أتحدث أمام الدارسين فيها عن قضايا فكرية تستهويني مثل التكوين الإجتماعي والإقتصادي والسياسي للعراق وإيران وروسيا وجمهوريات آسيا الوسطى. وهذا بالنسبة لي مسؤولية غير إعتيادية، وأخيراً فأن صحافة اليوم ليست مثل صحافة الأمس لأسباب عدة معروفة.

* يقول بعضهم: أن كردية د. كمال مظهر تغطي على جوانب أخرى عديدة؟

– وما العيب في ذلك، في مستهل حديثنا قلت لك أن حبي يكفي لأستيعاب الدنيا كلها، وهل لي أن أتجاهل بني جلدتي، ثم أنني دائماً في خندق المظلومين كما لا يجمعني مع المتزمتين شيء، عسى أن يكون ذلك المتزمن كردياً قحاً من قمة رأسه حتى أخمص قدميه، وعلى حد قول المفكر الكبير مكيافللي أفضل أن أكون في الجحيم مع المنفتحين على أن أكون في النعيم مع المتزمتين المنغلقين، لؤكد لك أن أصدقائي العرب ليسوا أقل عدد وقرباً إليّ من قلبي من أصدقائي الكرد، و٩٧٪ من طلبتي الذين أشرفت على رسائلهم أو ناقشتهم ليسوا كرداً أصلاً، ومنهم عدد غير قليل من الطلبة غير العراقيين، والأهم من هذا وذاك أنني مقتنع قناعة مطلقة بأنني لا يمكن أن أكون

عراقياً صادقاً، بل وحتى مجرد إنسان صادق ما لم أكن كردياً صادقاً، ولا أجيد اللعب على الحبال، إذ لست من رهط المنافقين الدجالين، وأرى في ذلك الكبرياء بعينها، والغريب أن بعض الكرد يرون كمال مظهر (أمميا) أكثر مما ينبغي، ثقي لا يزعجني أي من الرأيين لأنني أفهم جيداً دوافعهما الكامنة المخلصة، في كل الأحوال.

*** أود أن توضح لنا تعقيبك بشأن: العولمة، الهيمنة الأمريكية، المتزايدة لصالح الصهيونية والضعف العربي العام والتراجع في إنجازاته ومواقفه؟**

– في الواقع أن متابعاتي لقضايا العولمة محدودة لأن الدراسات الخاصة بها والمعمقة لأسباب معروفة لا تصلنا مع ذلك أتصور بأن هناك نوعاً من المبالغة في التركيز على الجوانب السلبية للعولمة، وأخشى أن يؤدي ذلك إلى أن نغلق أنفسنا، ولم لا يحاول العرب والمسلمون ولامكاناتهم الهائلة أن يجابهوا العولمة الرأسمالية بعولمة ديمقراطية من نمط آخر، وفي سياق التحالف مع ضحايا العولمة في العالم الرأسمالي نفسه.

أما الهيمنة الأمريكية على العالم، فالولايات المتحدة قوة خارقة ليست مجرد دولة كبى وكأي حالة مشابهة فأن الولايات المتحدة ليست بعيدة عن الأخطاء أيضاً، خطأها الأكبر حسب تصوري محاولاتها الحثيثة للهيمنة على العالم بأسره، وهذا أمر غير ممكن ولم يتحقق حتى للأديان السماوية، مع ذلك أن كلامي هذا لا يعني أن السياسة يمكن أن تسير أمورها جميعاً من دون مساومة، فلا سياسة في الواقع من دون مساومة، أهم شيء في السياسة على ما أعتقد (المرونة) في التكتيك و(الثبات) في الاستراتيج.

التفوق الصهيوني شيء مؤسف جداً، وأنا في ذلك أدين حكام العرب والمسلمين قبل غيرهم، أن مساحة (إسرائيل) وإمكاناتها الاقتصادية الفعلية هي بمثابة قطرة في البحر قياساً بمساحة وإمكانيات الوطن العربي والعالم الإسلامي، وأتصور أن الأمور في نهاية المطاف لا تسير في صالح هذا الكيان، لأننا نرى ونحس الآن أن تحولاً ملموساً في لغة الأوروبيين وأسلوب تعاملهم، في يوم من الأيام كان ياسر عرفات من الشخصيات المرفوضة لدى الأوروبيين والأمريكان ولكن الآن الكل يلتقونه بكل رحابة صدر، إذن سير الأمور يجري بأتجاه صحيح، ولكن بسرعة بطيئة والسبب يكمن فينا قبل غيرنا.

وأخيراً الضعف العربي يكمن في الأنظمة والحكام، وإلا فأن الشعب العربي كأي شعب آخر شعب عظيم وتجارب التأريخ تثبت هذه الحقيقة. الجماهير العربية لم تقصر وهنا يبرز دور الفرد العربي في التأريخ.

*** موقف أو ذكرى جميلة في حياتك؟**

– أجمل ذكرى هي يوم مناقشتي لأطروحة الدكتوراه عام ١٩٦٣، إذ أن هذا اليوم له طعم خاص بالنسبة لي لأني أحسست بأنني قدمت جهداً نال رضا أساتذة كبار، ولمعلوماتك أنني لم أخبر أحداً بموعد مناقشتي، وبعض الأصدقاء عرفوا الأمر بطريق الصدفة، والحمد لله حياتي مملوءة بالذكريات الجميلة.

*** اللغات التي تجيدها؟**

– الكردية، العربية، لإنكليزية، الروسية، وقليل من الفارسية.

*** كيف تنظر للعلاقة بين السياسة والتأريخ، وهل يمكن الفصل بينهما؟**

– التأريخ علم العلوم وعلمه له علاقة مباشرة، وغير مباشرة بمعظم العلوم الإنسانية وكل علم بحاجة إلى التأريخ، فهناك تأريخ الطب، تاريخ الكيمياء، وتأريخ البشر، وتأريخ غزو الفضاء وكل يوم يظهر مصطلح جديد في مضمار الدراسات التأريخية.

أما عن العلاقة بين التأريخ والسياسة فهي قوية، ولكن المؤرخ يبحث عن الحاضر والمستقبل، ولا يوجد حاكم ناجح لم يول التأريخ أهتماماً خاصاً.

وأقاطعه قائلة: أن هناك ثلاثة أشياء يغنون الإنسان عن العالم، الأول: العلم، والثاني القلب الخاشع لله تعالى، والثالث الزوجة الصالحة، فهي النصف المكمل للأستاذ كمال مظهر والزميلة والصديقة القريبة لنا نحن طلابه ومعارفه.

*** وماذا عن مكتبتك، وكم عدد الكتب التي تحتويها؟**

– مكتبتي غنية بالكتب، وتحتل كتب التأريخ المقام الأول فيها، قوامها عدة آلاف من الكتب، فضلاً عن صحافة نادرة، ووثائق بريطانية مهمة، وبعض الإصدارات النادرة، فلدي كتاب باللغة الكردية يعد النسخة الوحيدة في هذه الدنيا لأنه صدر في العهد الملكي وصودرت جميع نسخه، وهو عبارة عن جمع الأقوال المأثورة لكبار الثوريين العالميين، ولدي مجلدات نادرة، منها مجلة لغة العرب، التي أصدرها الأب انستاس ماري الكرملي قبل الحرب العالمية الاولى وبعدها ومجلدات من مجلة (الاعتدال) النجفية ومجلة (دار السلام) والصحافة الكردية وغيرها وأنا أعد نفسي أغنى أغنياء الدنيا بفضل مكتبتي هذه.

*** ما الذي يدفعك لكتابة موضوع ما؟**

– الدافع العلمي يأتي بالمرتبة الأولى، والدافع الوطني، ومن ثم أفكر بعد ذلك بالحاجة إلى مثل هذه الدراسات، فقد قدمت بحثاً أنتقائياً لانعاً في سياق معالجة فكرية تصحيحية بعنوان (**نموذجان من نمط التعامل العربي المبكر مع رموز الولايات المتحدة الأمريكية وطروحاتها من عصر الامبريالية)**

إلى الندوة التي أقامتها جمعية المؤرخين والاثاريين في بغداد في كانون الثاني من العام الحالي، تناولت فيه الموقف العربي المثالي من الرئيسين الأمريكيين تيودور روزفلت وودرو ولسن.

*** كيف تنظر لوظيفة الإنسان الأكاديمي في الثقافة والسياسة والمجتمع؟**

– ينبغي على الأكاديمي أن يحترم أختصاصه، وأن يكون موضوعياً قبل أي أعتبار آخر، وإلا فأن بضاعته لا يمكن لها أن تكون مفيدة أبداً ومرة أخرى لؤكد على التواضع فأنني شخصياً من اشد المعجبين لقول المتنبي الرائع:

**ملأي السنابل تنحني بتواضع**

**والفارغات رؤوسهن شوامخ**

*** لو كنت مسؤولاً عن سياسة التعليم العالي، فماذا تفعل؟**

– في الحياة لا تغريني أية وظيفة، وأتتني فرص غير قليلة لم أتحينها أبداً، ذلك لأنني أرى بقناعة وجدانية أن مكتبتي، وهي فعلاً صومعتي، أفضل مكان مناسب لي، ولطموحاتي كإنسان ولكن عندما تقتضي الضرورة فأنني أبدي رأيي بصراحة لمن يرغب في أن يسمع.. التعليم العالي مهمة مقدسة، ليس من السهل أن ينوء المرء بها لأنه يخص في الواقع، نخبة النخبة التي تستحق كل رعاية وعناية، وإنما من الصعب تحقيق ما يرنو إليه كل المخلصين بدونها، أعرف أساتذة كباراً يشرفون كل رواق علمي دفعتهم الحاجة، رغماً عن نوازعهم إلى ترك البلد، الحلقات الإدارية في التعليم العالي كما في غيره بحاجة ماسة إلى تطبيق شعار (**الرجل المناسب في المكان المناسب**) لو كان الأمر بيدي لكان أول عمل الجأ إليه هو إلغاء ما يسمى بـ(**السلامة الفكرية**) من الدراسات العليا، فأنا شخصياً لا أقبل أن يكون هناك من فكره أكثر سلامة من فكري، وهذا حكم عام لا خاص، لأنني أعرف عدداً غير قليل من زملائي الأساتذة عن كثب.

*** أشرفت على عدد كبير من الرسائل والأطاريح الجامعية، هل وجدت واحدة أرضت طموحاتك من حيث الموضوع والمعالجة؟**

– جميع الرسائل والأطاريح التي أشرفت عليها ترضي طموحي العلمي لأنني لا يمكنني أن أقبل الإشراف على موضوع غير مقتنع به، وأعتبر الرسالة الجامعية جهداً مشتركاً بين الباحث والمشرف لذلك أكرس جانباً كبيراً من وقتي للإشراف على رسائل طلابي، لذا أعتز بجميع الرسائل والأطاريح التي أشرفت عليها حتى الآن، ومنها ما نال درجة الأمتياز بجدارة، كما أن العديد منها نشر في كتب مستقلة داخل العراق وخارجه بحكم قيمتها العلمية.

وأخيراً أتمنى الأستاذ ومؤرخنا الصحة وطول العمر، وأنا أغادر منزله شعرت أن أستاذنا قد نذر نفسه للعلم ولطلابه، وأنه يقدم كل يوم أكثر من صور علمية رائعة.

اللقاء الثاني:

# المفكر.. العراقي كمال مظهر
# مشكلة العراقيين في حكامهم وليس فيهم![*]

بغداد – د. هاشم حسن

---

(*) المصدر: العالم العربي (مجلة)، السنة ٢٨، العدد ١٥٠٤، الجمعة ٢٠٠٥/١٢/٣٠.

**تحتاج القضية العراقية الراهنة إلى وقفة تأمل عميقة، وكلمة صادقة وجريئة تضع النقاط على الحروف علناً وأمام العالم لأيضاح الحقيقة التي لم يعد غيرها وسيلة لأنقاذ وطن وبناء مواطن وإنصاف شعب عانى الأمرين من الغزاة والمحتلين والطامعين ومن قصر نظر الولاة والحكام والمتسلطين وبعد أن قال الساسة كلمتهم ووضعوا نقاطهم على حروفهم تبرز الحاجة لأفساح المجال للنخب العراقية لأن تقول كلمتها وفي مقدمتهم العلماء والمفكرون وأصحاب التخصصات العلمية العالية وربما تكمن في عقولهم الحلول لمصائب قومهم ونحن عنهم غافلون، ولهذا طرقت (الوطن العربي) أبواب المفكر التأريخي المعروف الأستاذ الدكتور كمال مظهر أحمد الذي عرف بعلميته الصارمة وعقليته المتنورة ووطنيته بل بعراقيته الصافية وهو القائل: إذا لم أكن كردياً أصيلاً لن أكون عراقياً أصيلاً، وهو الذي طالب بإعادة النظر في الكثير من الأحكام التأريخية الشائعة غير الموضوعية لإنصاف الشعوب والشخصيات اللامعة وطالب الأمريكيين منذ أيامهم الأولى لأحتلال العراق بقراءة تأريخ هذا البلد والتعرف على طبيعة الشخصية العراقية، وهو اليوم يشخص العديد من الحقائق ويوضح الأخطاء.. في حوار صريح لرجل لم يجامل في السابق الحكام، ولم يتزلف اليوم للقادة الجدد، بل العكس هو الصحيح.**

*** كيف تفسرون ما يجري في العراق الآن في ضوء رؤيتهم لتأريخ هذا البلاد؟**

– أنظر للأمر بعين المتخصص في علم التأريخ، أنظر على أساس ربط الأسباب والمقدمات بالنتائج، وأنظر وأتأمل التجارب السابقة لأقيّم الأمور والأوضاع الراهنة من خلال التفكير العميق في الأسباب الحقيقية، وبتجرد وموضوعية بعيدة عن الأهواء والعواطف، وللأسف إن معظم الناس وبينهم بعض الأكاديميين يفكرون بالنتائج فقط، وكأنها مقطوعة الجذور، فلا يمكن لنا أن نجزيء الزمن لأنه وحدة متصلة يتداخل فيها القديم مع الحديث في عملية تفاعل مستمرة ودائمة، إن ما جرى ويجري الآن في العراق يعبر عن اللاعقلانية في أنظمة الحكم التي شهدها العراق منذ سقوط النظام الملكي عام ١٩٥٨، وأنا هنا لاأبرر أو أبريء النظام الملكي العراقي من الأخطاء، ولكن الحقائق التأريخية تشير إلى أن قادة ذلك النظام وساسته كانوا يتصرفون ويصرفون شؤون الدولة والمجتمع بعقلانية وواقعية وبموازنة وبالقدر الذي يقاس في تناسب القوى الداخلية والخارجية خاصةً.. كان التصرف بحدود الإمكانيات والقدرات وهذا هو التطبيق الأمثل لعلم السياسة الذي يرتكز على مفهوم أن السياسة هي علم وفن تحقيق الممكن، وللحق نقول أنه لم يظهر في تأريخ العراق الحديث والماضي القريب من يضع الإنسان المناسب في المكان المناسب مثل ماكان يحدث في ذلك العهد، وتتوفر لدينا شهادات حية ووثائق تؤكد هذه الحقيقة ولا نقول الفرضية، أقول مثل هذا الكلام وكنت آنذاك في عز شبابي منجرفاً في تيار ثوري متطرف ومعاد للنظام الملكي، لكن القراءة التأريخية

والإقرار بالحقائق شيء آخر، وكان على قادة هذا الزمان التأمل في دروس الماضي القريب والإفادة من التأريخ والألتزام بمعادلات القدرة والكفاءة عند إختيار وتوزيع المسؤوليات، فالبلاد مليئة بالكفاءات والأختصاصات المتنوعة والعقول الوطنية النيرة، لكن للأسف إن بعض التداعيات الحالية هي نتائج لأختلال هذه المعادلة التي يسفر عنها ضياع للوقت وتبديد للطاقات وعدم إستثمار وتفعيل الأمكانيات موجودة أصلاً، لكننا لم نوظفها لخدمة التحولات الجارية حالياً.

## إعادة النظر في التأريخ

*** هل نفهم من ذلك أننا بحاجة لأعادة النظر في الحقائق التأريخية المتداولة؟**

– نعم، فإن المراجعة مطلوبة، فالتأريخ علم حي لا يقبل الجمود مثل بقية العلوم الطبيعية، لأن المكتشفات الجديدة في هذا العصر وإستخدام كل ماهو مذهل من أدوات البحث العلمي قادرة على إحداث تحولات نوعية وإيجاد تفسيرات مغايرة للكثير من الظواهر التي ترسخت عنها قناعات كانت حتى الأمس البعيد تعد من الحقائق العلمية، وليس أمامنا إلا الإقرار بنتائج البحوث العلمية، وليس إستجابة لرغبات السلطات أو لأستمالات عاطفية أو إجتماعية، لقد أثيرت – ولزمن طويل – علامات إستفهام بشأن السلوك السياسي لرئيس الوزراء العراقي الأسبق نوري السعيد، وصلت لحد الإدانة الوطنية ووصمته بصفات وألقاب غير منصفة وعلى مختلف الصعد بسبب ميثاق بغداد الذي وصمه بالأستعماري، لكن الأطلاع على بعض الوثائق السرية الخاصة بهذا الرجل الذي يعد من أشهر الساسة في العراق المعاصر تبين أن للرجل وجهات نظر في هذه المسألة تبدو مقبولة وعقلانية في ضوء المنطق السياسي العقلاني، فكان السعيد يردد في جلساته الخاصة ويبرر موافقة العراق على قبول ميثاق بغداد، ويقول إنني أقدر وأعرف بأن العراق لايمثل وزناً محسوساً من ناحية القدرة والقوة تجاه المعسكر الأشتراكي صاحب القدرة النووية، لكنني أريد عن طريق هذا الميثاق أن أضع حداً ونهاية لأطماع تركيا في العراق، التي مازالت ترنو إلى اليوم إلى ولاية الموصل وتطمح بضمها، ولوضع حد لأطماع أيران، وفعلاً حقق ذلك خلال ما تبقى من عهده، ولعلنا بحاجة ماسة للمراجعة وإنصاف من يستحق الإنصاف ولو بعد حين.

*** وهل نتهم حكام هذا الزمان بالقصور والمسؤولية، وهل هنالك أمل بالإنقاذ؟**

– لا أبريء أحداً من مسؤولية الأحداث التي تقع في هذا الزمان، لكنني لاأنظر للموضوع بمنظار متشائم، فعجلة التأريخ قد تتعثر لكنها لن تتوقف، وهناك بلدان كثيرة شهدت حالات مماثلة لما يحدث في العراق الآن مثل إيطاليا بعد أنهيار الفاشية وألمانيا بعد أنهيار النازية، وتجارب البلدان المحتلة الأخرى تسفر عن نتائج متشابهة، وأنا مؤمن غاية الأيمان بقدرة العراقيين على تجاوز المحنة

وإنهاء الإحتلال أستناداً لأخلاصهم لقضيتهم ووطنيتهم العالية وأحكم بهذا الشيء في ضوء معطيات التأريخ العراقي القديم والوسيط والحديث والمعاصر، مشكلة العراقيين أنهم أبتلوا بحكامهم إلا من ندر، وعلينا ألا نحاسب العراقيين على الظواهر السلبية التي طفحت على السطح بسبب الحروب والأزمات والأنفلات الأمني لأنها لاتعبر عن جوهر العراقيين وقيمهم وإراداتهم، والأكثرية الساحقة منهم، بمن فيهم البسطاء من عامة الناس، إستنكروا وأدانوا هذه الحالات ولا نبالغ بالأشارة إلى وجود أياد خارجية تلعب في الخفاء لتقويض كل الجهود لبناء دولة عراقية معاصرة وقوية، فهذا المشروع يجعل العراق للعراقيين وليس للآخرين، ولكن لابد من التأكيد وبقناعة قوية على أن هناك العديد من المشكلات اليومية المهمة التي يعاني منها العراقيون، ومنها الأمن ونقص الخدمات والفساد الإداري والأنتهاكات المختلفة، وكان بالأمكان معالجتها ببذل المزيد من الجهود المنظمة والإجراء الأمثل والنزاهة وتوفر الإخلاص والكفاءة في ظل نظام قادر على تطبيق القانون وإستعادة هيبة الدولة دون أنتهاك حقوق الإنسان كما كان يحصل في السابق، نريد دولة عادلة وليس غاشمة مثل النظام الفردي المقيت الذي لم نجد له مثيلاً في التأريخ الحديث والمعاصر، ولعل زواله خطوة مهمة لتجاوز مشكلاتنا، ورغم كل مايقال فإن اليوم هو أفضل من الأمس وغداً سيكون أفضل من اليوم، وصرنا نلمس مساحة من الحرية كانت من المحرمات والمستحيلات حتى بالأمس القريب.. .

أخطاء المحتلين

*** وكيف تنظرون للأحتلال وما أرتكبه من أخطاء؟**

– أرى لمس اليد يوم زوال الإحتلال، لأن أي شعب مهما كان لايقبل أو يتقبل أي نوع من أنواع الإحتلال، وليس عندي أدنى شك في رغبة أو قدرة العراقيين على إزاحة الإحتلال، لايمكن إعفاء الأمريكان من إرتكاب أخطاء جسيمة أرتكبت منذ الأيام الأولى لسقوط النظام، كان بالأمكان وضع الأمور في نصابها بشكل يحول دون ظهور هذه المشكلات، على سبيل المثال أن ما تحول إلى ما يشبه ما يكون بنظرية يسمونها ((إجتثاث البعث)) إستغلت بشكل غير صحيح وإلى درجة كبيرة أصبحت مؤذية ومربكة لعموم المجتمع وحركته، كلنا نعرف أن الأكثرية الساحقة من العراقيين تحولوا إلى بعثيين رغماً عنهم، وكنت في يحز أيام سطوة صدام حسين أحس بأن معظم هؤلاء يهتفون بالشارع للنظام وفي دواخلهم يتمنون سقوطه اليوم قبل الغد، وأروي لكم حادثة ذات دلالة تخصني بصورة مباشرة، وهي أن البعثيين الطيبين وفروا الحماية لمحدثكم كمال مظهر، فذات مرة أخبرني أحدهم بصورة خاصة بأن الأجهزة الأمنية أتت إلى حيث كنت ألقي محاضرات على طلبة

الدراسات العليا في قاعة صغيرة في كلية التربية إبن رشد، وعاينت المكان وقال إنها تنـوي زرع أجهـزة تصنت لنقل محاضراتكم والمناقشات، فعليك أن تأخذ حذرك من خطورة الموقـف، لقد حـدث هـذا معي، وهناك حالات كثيرة من هذا النوع تؤكد عدم تورط أغلب الناس المنتسبين للبعث أضـطراراً لا إختياراً وحتى الذين تورطوا وأجرموا فيجـب أن يحاسـبوا وفقـاً للقـانون ولـيس بالأسـاليب الكيفيـة والشخصية، وأروي لكم شهادات أخرى لكي نكون عادلين ومنصفين مع بعض النـاس الـذين ظهـروا وكأنهم من أتباع النظام ومريديه لكن دواخلهم تنطوي على حقائق مختلفة، فكان يطلب مـني في كـل سنة أن ألقي سلسلة من المحاضـرات التأريخيـة عـن تـأريخ إيـران وتركيـا والـدول الكـبرى وتـأريخ الأتحاد السوفياتي في جامعة البكر للدراسات العسكرية العليا، حيث كنت أتحـدث بـشكل موضـوعي مطلق، وكنت ألاحظ أن معظم العسكريين الكبار الذين كانوا يدرسون في هذه الجامعـة يرتـاحون مـن محاضـراتي، بـل أن قـسماً مـنهم بـدأوا يبوحـون لـي بأسـلوب أو بـآخر عـن مكنونـات مـشاعرهم وإنتقاداتهم لأن معظم هؤلاء الناس كانوا من كبار السن ومن خريجي سانت هيرست وهـي أكاديميـة عسكرية مرموقـة أو الأكاديميـة الـسوفياتية، كانـت لهـم عقليـة مدركـة وكـانوا مبعـدين مـن الأمـاكن الحساسة في الجيش، وأشير بكل إعتزاز بهذه المناسبة إلى شخصين هما اللـواء الـركن الطيـار علـي حسين أحمد وكان عميداً لكليـة الـدفاع الـوطني، وأبعـد نهائيـاً قبـل أنهيـار النظـام، واللـواء الـركن عبدالخالق الحديثي، وأود أن أشير إلى أن الأول يؤدي الآن دوراً متميزاً وبقناعة في إعادة بناء الجـيش العراقي الجديد، وأريد من هذا المنبر أن أنتقد قرار حل الجيش، إنـني لاأبـريء الجـيش العراقـي مـن إستخدامه على نطاق واسع ضد أبناء جلدتي الكرد، ولكن مع ذلك هذا جـيش العـراق ولاتوجـد دولـة بدون جيش.. كيف تلغي هكذا مؤسسة عريقـة وكـبيرة، هـذا خطـأ ثـان كـبير أرتكبـه الأمريكيـون، إضافةً لتكرار ذات الأخطاء التي أرتكبتها الأنظمة السابقة وهي وضع الرجل الغير المناسب في مواقـع مسؤولية تعتمد عليها مصلحة الوطن. وعلى سبيل المثـال قبـل فـترة أكتـشف وزيـر التعلـيم العـالي الأسـتاذ سـامي المظفـر أن بعـض طلبـة الدراسـات العليـا أصـبحوا يتحملـون مـسؤوليات كـبيرة في الجامعات، وأصـبح الأسـاتذة تحـت رحمـتهم، وهـذا أكثـر مـن كفـر يرقـى لمـستوى خيانـة الأمانـة والشعب، هل تفتقد الحكومة إلى الكادر المدرب؟ في الآداب لوحدها هنالـك العـشرات ممـن يـستحقون أن يكونوا مدراء عامين بـل وزراء ووكـلاء بكـل جـدارة، ولاشـك في نجـاحهم المطلـق في هـذا الظـرف المليء بالأخطاء بسبب خطأ الأختيار وتجاهل عـشرات الآلاف مـن خـيرة الكفـاءات وأكثرهـا نزاهـة بسبب سياسة المحاصصة غير العقلانية.

*** وماذا فعلت أزاء أخطاء كهذه وأنت معروف على مختلف المستويات؟**

– ليس أمامي إلا التحذير والتنبيه قدر المستطاع، فأنا لست صاحب القرار ولم أكن طرفاً رسمياً، وأعتذرت عن عدم قبول الترشيح لكل المناصب، لكنني أجد نفسي مثل بقية العراقيين معنياً بصورة مباشرة لإنقاذ البلاد ونقلها إلى ضفة الأمن والأستقرار والسلام الأجتماعي والسيادة الكاملة ونشر العدالة والمساواة والديمقراطية. فمنذ الأيام الأولى لسقوط النظام جاهرت بعرض أفكاري على من يعنيهم الأمر مباشرة، ففي أحد المؤتمرات تقدمت برسالة واضحة لشخصية أمريكية كانت تمثل الكونغرس في المؤتمر، قلت له أرجوك أن تنقل هذه الأفكار إلى الكونغرس والحكومة والشعب الأمريكي – عليهم أن يدركوا أن العراقيين حالة خاصة، وهذا الأنسان له نمط خاص بالتفكير، وهو وريث أولى الحضارات البشرية، وهذا الكلام ليس إنشاء سياسي بل إستنتاج علمي يجب أن تبنوا عليه طرق تعاملكم معه، مع إدراك إستحقاقات أخرى مثل الجغرافيا والأجتماع، وعلى الأميركان أن يدرسوا التأريخ جيداً قبل الجغرافيا، ولو فعلوا ذلك لوقفوا طويلاً عند حكمة أرسطو طاليس وعملوا بها، فكلنا يعرف فتوحات أسكندر المقدوني الذي أراد أن يقيم أول نظام للعولمة في زمانه، خاصةً بعد، أنتصاره على داريوس الحاكم الأوحد في العالم القديم، وحين وصل الأسكندر إلى العراق أكتشف من الوهلة الأولى أن هؤلاء البشر مختلفون عن سواهم من بقية الأمم وعن الدنيا كلها، فسارع وكتب إلى أستاذه الفيلسوف أرسطو يسأله عن أفضل الطرق لإدارة هؤلاء العراقيين، وسأله: هل أوزعهم على أجزاء الأمبراطورية؟ أم أجلب إليهم غيرهم من الأجناس للأختلاط والسكن معهم؟ فأجابه بحكمته المعهودة "**إذا نقلتهم سيخربون عليك البلاد الأخرى، وإذا جئتهم بأجناس أخرى تأقلموا معهم وأخذوا طباعهم، أبق عليهم وتعامل معهم بحكمة..**" وهنا أسأل أنا هل تعامل الأمريكان مع الشأن العراقي بحكمة؟!.

**الإنكليز عقل بلا مال**

*** البريطانيون.. هل تعاملوا بحكمة في العراق ولهم تجربة سابقة في أحتلال هذا البلد سنة ١٩١٧؟**

– هناك مثل شائع يقول أن الأنكليز عقل بلا مال والأمريكان مال يبحث عن عقل، وتقاس الأمور بالنسبة وليس المطلق، وعند مقارنة فترة الأحتلال البريطاني للعراق منذ عام ١٩١٧ وحتى نهاية الأنتداب عام ١٩٣٢ نرى أن الأنكليز بعد أندلاع ثورة العشرين جاءوا عام ١٩٢١ بالملك فيصل الأول بتوافقات عراقية، وتكشف لنا وثائق مؤتمر الصلح إعجاب وزير الخارجية الامريكي آنذاك وأغلب الحضور بشخصية وبلباقة فيصل الأول ملك العراق، وأثنوا على حسن التصرف البريطاني، المهم في الأمر أن طريقة تفكير الأنكليز تختلف عن الطريقة الأمريكية، لكن هذا لايعني عدم وقوع الإنكليز بسلسلة من الأخطاء التي أثارت غضب الشارع العراقي، إنهم مهما كانوا فسيبقون قوة

أحتلال لابد لها من الجلاء والرحيل، ولاسيما ونحن في مطلع قرن جديد، وليس في مطلع القرن الماضي الذي تقاسمت فيه الدول الكبرى مناطق النفوذ في الشرق الأوسط.

*** أخطاء الأمريكان في العراق، هل هي عفوية ناتجة عن غباء أم أنها مقصودة؟**

– أعتقد أن الكثير من الأخطاء ليست عفوية بل مقصودة وتندرج في إطار إستراتيجية محددة، لها خطط وأهداف، لكن الصحيح أيضاً أن هناك مبالغات في وصف بعض الأخطاء، وهذا ناتج عن الدعاية المضادة وأساليب الحرب النفسية التي تحاول أن ترسم صورة قاتمة للأوضاع في العراق وتصور الإنتهاكات بتهويل غير واقعي، ولانركز على جوانب أيجابية أخرى فيها تقدم في مجالات الحرية وإبداء الرأي.

*** يعتقد البعض أن المطالب الكردية الحالية مبالغ فيها، إستغل فيها الأكراد الظرف الأستثنائي الذي تمر فيه العملية السياسية لحصد المزيد من المكاسب؟**

– أعترف مع حرصي الشعيد على تمسكي بالموضوعية لأنه ليس بأمكاني أن أتجرد عن كرديتي بصورة مطلقة، ومن أجل الكرد أولاً وأصدقائهم أولاً، والعراق أولاً أيضاً أنظر إلى هذه الأمور بمنظار تأريخي واقعي، إن ما رآه الكرد من ضيم وظلم وإضطهاد لانظير له في تأريخ تعذيب الشعوب إلا ماندر، هذا الواقع المرير جعل الأكثرية الساحقة من الشعب الكردي تفقد الثقة بالطرف الأخر، فعندما كان خارج الحكم بكل رموزه كان يتحدث بلغة تختلف كلياً عن لغة الحاضر التي أصبحت أقرب إلى لغة السلطات السابقة، إن تجارب التأريخ كلها تؤكد كلما زاد الأنفتاح من الطرف الذي بيده مقاليد الأمور تقلصت وأنكمشت ظواهر الأعتزال والتعصب، ولنا أن نضرب عشرات الأمثلة في العالم الغربي المتمدن، ومنها التجربة السويسرية، ففي البداية كانت دولة كونفيدرالية، لكن الشعور بالمساواة المطلقة بالقوميات الأربع الرئيسية دفعت المجتمع السويسري إلى مزيد من التوحد، وتحول نظام الحكم إلى فدرالي، وإن كل أساليب هتلر القمعية وأفانين وبدع موسيليني منذ عشرينيات القرن الماضي حتى نهاية الحرب العالمية الثانية لم تستطع أن تفرق بين المجتمع السويسري بمكوناته من الفرنسيين والأيطاليين والألمان والقوميات الأخرى، وأعلن بصراحة ومن خلال إستقراء ميداني دقيق لأتجاهات الناس في كردستان العراق نجد أن الرأي السائد هناك هو الشعور بتساهل القيادات الكردية في مطالباتها بحق تقرير المصير للأكراد.. والحق يقال إن القيادات الكردية تواجه صعوبات كبيرة في التوفيق بين الإرادات وتدفع بالأتجاه الذي يخدم المصالح المشتركة.

## اللقاء الثالث:

# هل الجغرافيا ظلم الكرد ام التاريخ...؟(*)

بهدوئه المعتاد وتعمقه في كل حرف وكلمة ينطق بها.. انتهزنا فرصة عودته من لندن الى العراق، فحدثناه وأجابنا كما هو معروف بانصافه ودقته، بعد ذلك التمسنا بأن التاريخ جزء من كيانه، وعطشه لم ولن يرتوي حتى مع كنوز الأرشيف والوثائق البريطانية التي عاش لمدة سنتين بين أروقة الارشيف والوثائق البريطانية في لندن. فكان لـPUKmedia هذا الحوار مع الدكتور والمؤرخ الكبير كمال مظهر أحمد:

**لقاء: كاروان أنور**

(*) المصدر: سايت – PUKmedia

*** هل الجغرافيا ظلم الكرد أم التاريخ ام الجغرافيا والتاريخ معاً، أم الكرد أنفسهم ظلموا أنفسهم؟**

– هذا سؤال وارد ويوجه إليّ مراراً ، وأقول إن الذي ظلم الكرد هو الجغرافيا قبل أي اعتبار آخر، بمعنى الجغرافيا السياسية هي التي ظلمت الكرد الى درجة كبيرة، وفي سؤالك ورد مثل هذا الاستفسار هل الكرد ظلموا أنفسهم؟ فأنا أسأل وأقول: هل هناك شعب في الدنيا، قديماً وحديثاً ظلم نفسه؟ لايمكن أبداً، والجغرافيا لماذا ظلمت الكرد، الجغرافيا في البداية ساعدت الكرد الى درجة كبيرة، لأن الكرد كانوا مقتنعين بمنطقتهم، فمنطقتهم كانت آمنة، وتضمن لهم العيش الكريم بما فيه الكفاية حسب مقاييس الزمان والمكان، لذلك لم يفكر الكرد في الانتقال الى المناطق الأخرى والتوسع على حساب الآخرين.

*** ألم يكن التفكير الاقطاعي سبباً لعدم تفكير الكرد في التوسع، التوسع الجغراقي؟**

– في الوقت الحاضر مثقفينا وشبابنا يتخذون موقفاً سلبياً متشدداً من الاقطاع، مع العلم أن الاقطاع مر بمراحل تاريخية شتى، مرحلة النشوء ومرحلة البناء، وهما تعدان مرحلتين ايجابيتين في تاريخ الاقطاع، في كل مكان هكذا كان الاقطاع، حتى في أوروبا، الاقطاع لعب دوراً ايجابياً، لأنه عليك أن تقارن الاقطاع بمرحلة ما قبلها أي مرحلة العبودية، فبالنسبة الى كردستان أدى الاقطاع دوراً ايجابياً، ولكن فيما بعد عندما ولت مرحلة الاقطاع، وأصبح بحد ذاته عائقاً امام التطور الطبيعي للمجتمع الكردي، وبدأ يؤدي دوراً سلبياً، أؤكد ان الموقع الجغرافي وفي هذه الحصانة لا أحد يستطيع ان يعتدي عليك وأن هناك ما يكفي لإعاشتك بل ويزيد، ولم يفكر الكرد في التوسع، على عكس العرب، خاصة في منطقة الجزيرة العربية فهي منطقة جرداء، لا شيء لديهم، لذلك بدأوا يستخدمون كل شيء بما في ذلك الاسلام من أجل التوسع على حساب الآخرين، ولكن الكرد لم يتوسعوا ولم يصلوا الى البحر.

*** لكن صلاح الدين الأيوبي وصل الى مشارف البحر الأبيض المتوسط.**

– وصل صلاح الدين الأيوبي الى مناطق كثيرة، ولكن باسم الاسلام ومن أجل الاسلام.

*** عندما أقول أن الكرد ظلموا أنفسهم بأنفسهم هذا يعني أن القادة الكرد خدموا غير قوميتهم، والفتوحات التي قام بها صلاح الدين الأيوبي لم يقم بها أي قائد آخر، ألم يفكر بقوميته وبشعبه؟**

- التوسعات كانت تجري باسم الاسلام، والحروب الصليبية كانت تشكل خطراً على العالم الاسلامي، وإذا لم يظهر صلاح الدين لظهر شخص آخر يؤدي مثل هذا الدور من أجل صد الغزوات الصليبية، ولكني أود أن أشير الى حقيقتين مهمتين، أحداهما أن جرجي زيدان يؤكد في كتابه أن صلاح الدين كان يتحدث في ديوانه الخاص مع جلسائه المقربين ومستشاريه بلغة لايفهمها الآخرون، وهذا يعني انه يتحدث باللغة الكردية، ثانياً انتصر صلاح الدين لذلك أراد الكل أن يجعل منه عربياً وحتى تركياً، فالشاعر الفلسطيني التقدمي معين بسيسو، قال في هذا الصدد ((**انتصر صلاح الدين فكان بطلاً قومياً عربياً، ولو هزم صلاح الدين لكان جاسوساً كردياً**)).

*** حسب خبرتكم وأنتم، الحمدلله، كنز في التاريخ، كم مرة تعرض الشعب الكردي الى عمليات الأنفال أو ما يشبه عمليات الأنفال؟**

- مع مزيد الأسف هذا جزء لا يتجزأ من تاريخ الشعب الكردي، منذ أقدم الأزمنة جرت محاولات لتذويب الشعب الكردي، لكن في المراحل السابقة كانت إمكانات إبادة الشعب الكردي غير متوفرة، كما كانت متوفرة لشخص مثل صدام حسين، فعمليات الأنفال ضد الكرد تكررت بأشكال مختلفة، ولكنها بلغت ذروتها في عهد صدام حسين، بحيث أن وجود الشعب الكردي أصبح في خطر، فشارع (الستين) كان قفصا للسليمانية، ما عدا البيشمركه لم يكن بوسع أحد أن يتجاوز هذا الشارع، فكان قفصا لمدينة السليمانية المعروفة بدورها في حركة التحرر الوطني الكردستاني.

***حسب ما أعلم أنكم التقيتم بصدام حسين في العام ١٩٩٩، قبل أن تذهب لزيارته قالت لك زوجتك، حذار من أي سؤال أو النطق بشيء، خوفاً من أن لا تعود لي سالماً، كيف كان هذا اللقاء وهذه الزيارة؟**

- صدام حسين، بدأ في العام ١٩٩٩ لقاءات مع مجموعة كبيرة من المؤرخين، في كل ليلة كان يجتمع مع عشرة مؤرخين، وكانت هذه بادرة جيدة ورائعة، ولكنني كنت خائفاً جداً أن أدعى الى هذا اللقاء، ولم أكن أعرفه بصورة مباشرة، والذين كانوا ينظمون الدعوات، كانا اثنين، أحدهما محمد المشهداني رئيس اتحاد المؤرخين العرب وكان يودني ولكنه يخشى من صراحتي لذلك تردد في دعوتي، والشخص الآخر كان الدكتور نزار الحديثي وهو شخص كان يودني وعلاقاتنا قوية، ثم حصل خلاف بيني وبينه، كما ان

زوجته كانت زميلة لي في قسم التاريخ بكلية الآداب، هذا الخلاف دفع بنزار الحديثي الى عدم دعوتي للقاء الرئيس السابق صدام حسين، ولكن في ليلة من الليالي وفي اجتماع صدام مع مجموعة من المؤرخين صادف أن تحدث أحدهم حول تاريخ ايران، وهذا الشخص كان تلميذي، يتحدث بلغة علمية عميقة، فصدام استغرب، وقال له رغم اطلاعي المتنوع فأنا لم أسمع بهذا الكلام من قبل، فقال تعلمنا هذا الشيء أثناء تتلمذنا على يد أستاذنا الدكتور كمال مظهر في مرحلتي الماجستير والدكتوراه، وأنذاك أستدعى صدام سكرتيره ليستدعيني الى اللقاء، أنا بالنسبة لي كانت ليلة سوداء، لم أكن أعرف ماذا سيكون المصير، خاصة وأن الدعايات كانت كثيرة جداً، وزوجتي تتوسل بي، حتى لا أتحدث لكي أعود سالماً، وعندما ذهبنا الى القصر الجمهوري للقاء صدام، فتشونا من رأسنا الى أخمص قدمينا، ثم نقلوننا بسيارة مغلقة لانعرف الى أين، فكان يدخل الرعب الى نفوسنا، وعندما جاء صدام الى اللقاء، كانوا قد وضعوني الى اليمين منه، كانت هذه أمور مرتبة لديه، وكان السفير العراقي في الصين، وأحد أعضاء القيادة القومية والقطرية الى يساره، فهو بدأ يتحدث، أما المؤرخون الباقون الموجودون كانوا يتحدثون بلغة يرتاح صدام لها، إما عن قناعة أو بانتهازية، وأنا كنت صامتاً، هو وجه سؤالاً لي، وقال أريد ان أسمع رأيك، وتحدثت بصدق وبلغة علمية، ولكن لا أخفي عليك كنت مرتبكاً، فليس سهلاً أن تتحدث بصراحة أمام شخص مثل صدام، فبدأت أتحدث وهو يستمع، كان مستمعاً بارعاً، لم يقاطعني في حرف واحد الى النهاية، تحدثت خمس عشرة دقيقة، فيما بعد شكرني، وقال لي دكتور أعتذر لايمكن أن اتفق معك، وهذا ليس سهلاً ان لا يتفق معك صدام حسين، ولكنه احترمني بسبب رأيي هذا، وعندما أخذ الصور معنا، علق وقال هذه كانت جلسة جميلة جداً، واستفدت منها ولولا موعدي مع السفير الفرنسي لتعشيت معكم، فقام وتوجه الي وأخذني من يدي وأخذ صورة معي، وفيما بعد صورة جماعية مع الحضور، ثم طلب منا، أن نكتب ما نحتاجه ونسلمها للسكرتير لكي يلبي طلباتنا، طبعاً الجميع لديه ما يحتاجه، والكل لديه مشاكله، فهذا يريد قطعة أرض في منطقة الأعظمية، حلمه أن يعيش ويموت في الأعظمية، علما أن توزيع الأراضي كان ممنوعاً في الأعظمية، لان القصر الأهم لصدام كان في الأعظمية، وذاك دون طلب شيئاً آخر، أما أنا فدافعت عن الأستاذ جلال طالباني لانه كان هناك تهجم على الأستاذ جلال طالباني، وكتبت له هو وطني وكردي صادق ومؤمن

بـالأخوة العربيـة الكرديـة أكثـر مـن غـيره، وانـه متـشبع بالماركسية والأفكـار الماركسية لاتسمح بالتفرقة وعدم احترام الشعوب، فاقترحت عليه أن يجمع عدداً كـبيراً مـن المـثقفين الكرد على غرار اجتماعه مع المؤرخين، كما واقترحت عليـه بجمـع أسمـاء بعـض المـثقفين الكرد مثل الأستاذ الجليل احسان شيرزاد، والمرحوم الأستاذ خسرو توفيـق، علـى أسـاس أن يكون ذلك تمهيدا للإلتقاء مع القادة الكرد.

*** دكتور.. حسب ما نعلم، وأنت في لندن كنت تنبش في الأرشيف البريطاني، ما الجديد الذي حصلت عليه بين الأوراق الصفراء أو الصناديق الحمراء، كما يسمونها؟**

– أنا سافرت الى انكلترا بسبب معاناتي من مرض الفقـرات، ولمـدة ثمانيـة أشـهر كنـت طريح الفراش، لا استطيع الحراك، وفيما بعد وبفضل الأستاذ جلال طالباني والدكتور بـرهم صالح والدكتور فؤاد معصوم تم تامين الفيزا لي في بغداد لا في عمان، فحصلت على تأشيرة دخـول الى انكلـترا، وفي غـضون ٢٤ سـاعة كنـت في لنـدن ولم أفكـر في شـيء الا في العـلاج، ومكثت سبعة أشهر في مانشستر في دار شقيقي نجاة وابنها الدكتور هندرين وهو من الأطباء الجيدين والمعروفين في انكلترا وفعلاً عالجوني، وكان هذا بالنـسبة لـي رائعـاً، ولكـن العـلاج كان يتطلب وقتا أكثر، لان قضية الفقرات صعبة، وهكذا بقيت مدة سبعة أشهر جالساً فقط أشاهد التلفزيون، وأنا منذ زمـن بعيـد كنـت أتمنـى أن أذهـب الى لنـدن، فمـرة طلـب مـني الأستاذ جلال طالباني السفر الى لندن والاطلاع على الوثائق البريطانيـة، وكـان يعلـم بـأنني أستطيع أن أخدم التاريخ الكردي، ولكن لا أخفي عليك خفت أني آنذاك خفت من مثل هـذا الطلب في عهد صدام، فكان جواسيسه في كل حدب وصـوب، وكـان هـذا خطـراً، ولم أتجـرأ على السفر في ذلك الوقت، وعند وصولي الى لندن عملت علـى الوثـائق البريطانيـة، وانتقلت الى الأرشيف السري البريطاني، وقضيت حوالي عامين بين هذا الكنـز الرائـع، وفي كـل يـوم كنت أدخل الى الأرشيف في الصباح الباكر مع زوجتي شـهلاء طـاهر الحيـدري، وأحـدد لهـا الوثائق المهمة وهي كانت تصور تلك الوثائق، وفي كل يوم كنت أرجـع ومعـي كنـز لايفنـى، بالنسبة للتاريخ الكردي، وبالنـسبة للحيـاة الاقتـصادية والـسياسية والاجتماعيـة، وموقـف الدول الكبرى وموقف دول المنطقة من القضية الكردية، وهـذا لم يكـن شـيئاً قلـيلاً، فكنـت أحس بسعادة كبيرة.

*** هل كانت تلك الوثائق متاحة للجميع أم هي موجودة في أمكنة خاصة غير متداولة للجميع؟**

– هذه الوثائق كلها موجودة في الأرشيف البريطاني، ويستطيع كل انسان تجاوز الرابعة عشرة من العمر ان يحصل على هوية هذا الأرشيف لمدة سنتين قابلة للتجديد لمدة ألف عام، فكلما ينتهي العامين تقوم بالتجديد، فكنت التقي بأناس متجاوزين تسعين سنة ويعملون بحماس في الأرشيف.

*** ما هي قصة الصناديق الحمراء، حسب ما نسمع بأن الأرشيف البريطاني أغنى أرشيف سياسي في العالم وكل خمسين عاماً تفتح تلك الصناديق الحمراء وينشر ذلك الأرشيف القديم كما كان عندنا ثورة مصدق نشر أرشيفها بعد خمسين عاماً، وهناك أسرار وأسرار؟**

– ثق أني لم أشاهد أي صناديق حمراء ولأول مرة أسمع بهكذا مصطلح.

***هو مصطلح رمزي؟**

– الوثائق البريطانية في البداية كان ممنوعاً الاطلاع عليها من قبل الأخرين، وكانت محصورة على الوزارات والجهات المسؤولة عن السياسة البريطانية، فيما بعد بدأوا يسمحون بالاطلاع على هذه الوثائق بعد مرور خمسين سنة عليها، ثم بدأوا فيما بعد وبالتدريج يقلصون هذه المدة، فأصبحت المدة ٤٥ ثم ٤٠ ثم في الآونة الأخيرة ٣٥ وأخيراً تقرر أنه يجب أن تمر ٣٠ سنة على الوثيقة حتى يسمح لك بالاطلاع عليها، وهي وثائق مهمة للغاية وكنز رائع من المعلومات الثمينة، وكتاب الوثائق هم من أرفع المستويات، وإذا تنظر الى الكتاب ففي المتن مدون اسم كاتب الوثيقة، وتجد في الهامش نبذة عن الكاتب، فكان بعضهم يجيد العربية بطلاقة والبعض الآخر يجيد الفارسية وهكذا، والنبذة كانت ضرورية، وكنت آخذ الوثائق من المصادر الأصلية البريطانية، وحوالي ٩٩ بالمائة منهم من خريجي جامعتي أكسفورد وكامبريدج وهما أهم جامعتين في العالم باعتراف الأصدقاء والأعداء، فكان المدون يكتب الحقائق كما هي، حتى لو لم يكن متفقاً مع تلك الحقائق.

*** الآن بين أيدينا كتاب ((الكرد وكردستان في الوثائق السرية للحكومة البريطانية)) ما الجديد في هذا الكتاب؟**

– الجديد في الكتاب هو جديد من ألفه الى ياءه، وكل ما ورد في الكتاب هو جديد، ويتألف من ٨٢٤ صفحة وهذا ليس أمراً هيناً، كلنا يعرف من هو الميجر نوئيل أو الميجر سون، ولكني حاولت أن أبحث عن جديدهم ومواقفهم من القضية الكردية، وهنا أقول قد اكون تجاوزت عندما قلت أن الكتاب جيد من ألفه الى ياءه، وهذا أتركه للقارئ المنصف.

*** هل للبريطانيين دور سلبي في تقسيم كردستان والاضطهاد الذي تعرض له الكرد فيما بعد؟**

– ينبغي علينا أن لا ننسى ان لكل دولة مصلحتها، وحتى لكل انسان مصلحة، وإذا كان البريطانيون يلتفتون الى مصالحهم فهذا حق من حقوقهم المشروعة كما نحن الكرد نهتم بمصالحنا أكثر ما نهتم بمصالح الآخرين، وهذا قانون غريزي، ولو كانت ظروف الكرد على سبيل المثال مثل ظروف العرب أو الفرس أو الترك، لما تحول الى عائق أمام البنود الثلاثة التي تتحدث عن تأسيس دولة كردية، طبعاً أنا أتحدث بالنسبة للعراق، ففي البداية كان البريطانيون يحكمون باسم الاحتلال ثم باسم الانتداب، وحتى سقوط النظام الملكي، ولولا البريطانيون لكان الحكام العراقيون يتصرفون تصرفا بشكل أقسى مع الكرد، أنا لدي كتاب عبارة عن مجموعة من المقالات جمعها الأستاذ عبدالله زنكنه، وهو كتاب ((صفحات من تاريخ الشعب الكردي)) طبعاً باللغة الكردية: وفيه فصول تلفت النظر، وفيها عجب عجاب كيف أن المندوب السابق البريطاني كان ينصح الملك الفيصل الأول بأن يكون رحيماً بالشعب الكردي، وأن يتخذ من أربيل عاصمة صيفية له، وأن يتعلم من الملوك البريطانيين الذين لديهم ثلة من الجنود الاسكتلنديين يعزفون بملابسهم القومية نشيد السلام الملكي بالأدوات الاسكتلندية، وصدام حسين كان مطلعا على هذه الوثائق، الرجل كان يقرأ، وكان يهضم ما يقرأ، ويحاول أن يستفيد مما يقرأه، وهو أيضاً لبس الملابس الكردية، وقال اكثر من كرة أنه يجب أن نتخذ من أربيل عاصمة صيفية لنا، ولكن كانت له أهداف ومطامع.

## اللقاء الرابع:

# المؤرخ الكوردي الشهير د.كمال مظهر احمد:(*)

* لا حدود للأسرار القيمة المحفوظة في الوثائق السرية البريطانية.
* الوثائق السرية البريطانية تحتوي على أشياء غريبة جداً.
* تشرشل كان يؤيد بحماس تأسيس الدولة الكوردية.
* على المؤرخ أن ينسى الى أقصى درجة ممكنة انتمائه القومي.
* اربيل تكاد ان تكون قطعة مشابهة لبلد أوربي.

**لقاء: طارق كاريزي**

---

(*) المصدر: الصوت الاخر (مجلة). العدد ٢١٧ السنة الخامسة الاربعاء ٥ تشرين الثاني ٢٠٠٨، ٢٦-٢٨.

علم من أعلام التأريخ الكوردي الحديث، كسب سمعته الطيبة ومكانته العلمية المرموقة بما أنجزه من بحوث علمية رصينة وحيادية في الطرح، وتداول ما قام بدراسته من احداث التاريخ الحديث للشعب الكوردي، الدكتور كمال مظهر احمد استاذ التاريخ في جامعة بغداد سافر الى العاصمة البريطانية لندن لتلقي العلاج، وهناك شاءت الاقدار ان يطلع على ذخائر كنوز الوثائق السرية للحكومة البريطانية، هذه الكنوز التي انسته مرضه، وتفرغ مع زوجته السيدة شهلاء طاهر الحيدري للبحث عما يتعلق بالكورد وكوردستان في هذه الوثائق، ولمناسبة صدور الجزء الاول من كتاب (**الكورد وكوردستان في الوثائق السرية للحكومة البريطانية**)، باللغة الكوردية زار المؤرخ كمال مظهر احمد كوردستان، وهنا يجب الاشارة الى أن الاستاذ عبدالله زنكنة الخبير في تاريخ الصحافة الكوردية والصديق الحميم للدكتور كمال، بذل جهوداً قيمة وعظيمة لكي يرى الكتاب النور بعد طبعه في بيروت.

قدوم المؤرخ الكبير كمال مظهر احمد الى اربيل فرصة لاتعوض، اغتنمتها (الصوت الآخر) وكان لنا معه هذا اللقاء:

***بعد الجولة الطويلة والبحث المضني في طيات الوثائق السرية البريطانية في دار الوثائق ضمن المتحف الوطني البريطاني، ما الذي توصل اليه الدكتور من أسرار جديدة حول الكورد وكوردستان في هذه الوثائق؟**

– أنني لم أزر المتحف البريطاني، انما زرت الارشيف البريطاني للوثائق السرية او الارشيف الوطني للوثائق السرية، وهذا الارشيف من البداية الى العام ٢٠٠٣ كان يسمى ( **Poplice Recor Office**) وكان مقره في وسط لندن، ومن ثم في العام ٢٠٠٣ غيروا الاسم الى الأرشيف الوطني البريطاني، ونقل المقر الى (كيو گاردن) (**Chue Garddn**)، في احدى ضواحي لندن، والمقر الجديد عبارة عن جنة الله فوق الارض، فهناك مجموعة كبيرة جداً من الوثائق السرية البريطانية وتقدر بمئات الملايين من الوثائق والمايكروفيلمات والكتب المساعدة وغيرها، وطبعاً للكورد حصتهم في هذه الوثائق، وكما قلت لك كنت ملماً بجانب من هذه الوثائق ضمن اعمالي وكتاباتي السابقة، الا ان ما شاهدته كان اكثر مما كنت اتوقع الى درجة كبيرة، والدوام في هذا الارشيف الوطني لمدة ستة أيام في الاسبوع، وهي المؤسسة الرسمية الوحيدة التي كان الدوام فيها لمدة ستة أيام، لان الدوام في بريطانيا عادة لمدة خمسة أيام، والسبت والاحد لديهم عطلة، بينما السبت ايضاً كان الدوام موجوداً في هذا المكان، وفي كل يوم كنا انا وزوجتي شهلاء طاهر الحيدري اول الداخلين الى الارشيف وآخر الخارجين في المساء منه، يعني من الساعة التاسعة صباحاً، و كنا في بعض الاحيان، في بعض الايام الدوام يستمر الى السابعة مساءً فكنا نبقى هناك

ونحس بسعادة غامرة، لان لا حدود للأسرار القيمة المحفوظة في تلك الوثائق، وأكرر اكثر بكثير مما كنا نتوقع، وفي الليل عندما كنا نرجع كنا نقوم بترتيب هذه الوثائق، فأنا كنت احجز عدداً من الملفات وكنت أبحث في هذه الملفات الخاصة بالقضية الكوردية، واحدد الوثائق الضرورية التي ينبغي تصويرها، وكانت هي تقوم بتصوير هذه الوثائق، وفي كل يوم كنا نرجع بقدر كبير من اندر المعلومات، وللاستشهاد فقط اشير اليك الى ان اخي وزميلي امين موتابجي كان موجوداً في لندن، وكان سعيداً بهذه الاشياء التي كنا نجمعها، ففي كل يوم في المساء كان يخابرني ويسألني عما حصلت عليه من معلومات جديدة، ولمدة لا تقل عن نصف ساعة انا كنت اتحدث له عن مضمون هذه الوثائق، وهو كان يطير فرحاً دون أدنى مبالغة، وهو موجود حالياً في السليمانية، واعتقد انه اتصل بالاستاذ عبد الله زنكنة، وبوسعك ان تسأله، وكان يقارن مضمون بعض هذه الوثائق مع الكتابات الفارسية القديمة، ويقول أن مضامين هذه الوثائق تفوق من حيث اهميتها وحتى من حيث الصياغة، أفضل النتاجات الفارسية في العصر الوسيط. بوسعي أن أعطيك نماذج كثيرة حول الوثائق التي كنا نحصل عليها، ولكن دائماً الجأ الى هذا الانموذج الذي اميل الى اعادته هنا، فعندما أتحدث مع الاخرين عن أهمية هذه الوثائق بالنسبة للقضية الكوردية، أقول لهم تصوروا ان هنالك ملفين عن خوله بيزه، ياترى ما هي أهمية خوله بيزه بالنسبة لوزارة الخارجية البريطانية حتى يضعون ملفين كاملين عن خوله بيزه وعن أعماله وعن علاقاته بالشيخ لطيف ابن الشيخ محمود وما الى ذلك، وحدث ولا حرج، وصورنا مئات الألوف من الوثائق، وهذه الوثائق نقلناها على السيديات، وننوي ان نضع في كل جامعة كوردستانية، كما في كلية الاداب بجامعة بغداد، نسخة من هذه الوثائق من أجل ان يقوم الباحثون، ولا سيما طلبة الماجستير والدكتوراه بدراستها، او لوضع رسائل جامعية في ضوء هذه الوثائق. والكتاب الاول الذي انتهينا منه، وانا سعيد لهذه الاصداء الواسعة للكتاب على صعيد كوردستان وحتى خارج كوردستان، حجم هذا الكتاب ٨٢٤ صفحة، ليس هذا بأمر هين ان تكتب وتحلل وان تستنتج وان تعطي هوامش توضيحية عن الاف الوثائق في ٨٢٤ صفحة، والكتاب الثاني على وشك ان ننتهي منه. الكتاب الثاني بنفس العنوان (**الكورد وكوردستان في الوثائق السرية للحكومة البريطانية**)، ويكون جاهزاً عندما يكون لدي مجال على مدى ثلاثة أشهر، وانا سعيد بأن الجزء الثاني سوف يصدر باسم الاكاديمية الكوردية، يعني يكتبون على الغلاف (**من منشورات الاكاديمية الكوردية**) في اربيل، واعتقد ان حجم الكتاب الثاني ربما يفوق حجم الكتاب الاول.

***باعتبارك اكبر مؤرخ كوردي مختص بالتاريخ الحديث للشعب الكوردي، هل تعتقد بأن المعلومات التي حصلت عليها من هذه الوثائق ستغير من منهاج عملك؟ هل ستغير من مسيرة عملك وتوصلك الى استنتاجات جديدة فيما يتعلق بالتاريخ الحديث للشعب الكوردي؟**

– لإجابتي على هذا السؤال، لان هذا السؤال يطرح غالباً، ومن حق الصحفيين ان يسألوا مثل هذا السؤال، اعطي لهم بعض النماذج بالنسبة لهذا الموضوع، أقول إنني أعتز جداً بكتابي حول مدينة كركوك، مدينتك، وهذا الكتاب (**كركوك وتوابعها، حكم التاريخ والضمير – دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق– الجزء الاول**)، ثق لو كانت هذه الوثائق بين يدي قبل تأليف هذا الكتاب لكنت اعالج الموضوع بصورة أعمق مما عالجته، انا منهجي لن يتغير لان منهجي ثابت، اسلوب بحثي واهدافي تبقى ثابتة، لكن لو توفر لدي مثل هذا المصدر الاصيل، حتما انه كان يؤثر على مضمون الكتاب حول كركوك، وأتمنى ان يكون الجزء الثاني من كتاب ((**كركوك وتوابعها**)) أفضل من الجزء الاول بفضل الوثائق التي حصلت عليها، والتي سوف استخدمها في الجزء الثاني من الكتاب، والكتاب من المقرر ان يتألف من اربعة أجزاء –يكرس الجزءان الاول والثاني لكركوك، ويكرس الثالث لخانقين، ففي خانقين أيضاً لدينا مشاكل، مشاكل غير قليلة، ولو ان ثقتي عالية بأهل خانقين وبكورديتهم، وباستعدادهم للتضحية من أجل كوردستانية مدينتهم، والجزء الرابع والاخير سوف يكرس لمنطقة سنجار، للايزديين، فإن شاء الله، إن شاء الله ستكون الاجزاء الاخرى اغنى من الجزء الاول بفضل هذه الوثائق.

*** هنالك اعتقاد لدى عامة الشعب الكوردي ولدى قيادته ونخبه، مفاده ان القوى العظمى، وبالذات بريطانيا، والتي خرجت من الحرب العالمية الاولى منتصرة، وقسمت ممتلكات الدولة العثمانية، غدرت بالشعب الكوردي، ولم توف بما تعهدت به من التزام حول ممارسة الشعب الكوردي لتقرير مصيره وبناء الدولة الكوردية، ياترى هل ان الوثائق السرية البريطانية التي اطلعت عليها تؤيد هذه الرؤية، ام ان هنالك أمور مخفية لم نطلع عليها؟**

– انا شخصياً أيضاً كنتُ على هذه القناعة، واتذكر عندما بدأت بالكتابة لاول مرة، يدفعانني كنت في كتاباتي اتهجم بشدة على الاستعمار البريطاني، ولكن ثق أن ما شاهدته في هذه الوثائق، وما وجدته في هذه الوثائق، الى ان اغير موقفي الى درجة كبيرة، وهنا ينبغي ان نأخذ بنظر الاعتبار، ان البريطانيين أيضاً لديهم مصالحهم الخاصة، ولكل شخص في الدنيا مصالحه، فعندما هم يفكرون بمصالحهم فهذا حق طبيعي من حقوقهم، ولكن هنا علينا ان لا ننسى معادلة اخرى مهمة بالنسبة لهذا الموضوع، الا وهي ان البريطانيين عندما دونوا هذه الوثائق أنها كانت ممنوعة على أي احد الاطلاع عليها، أنها كانت وثائق رسمية من أجل عمل مؤسسات الدولة، ولا سيما

وزارة الخارجية، وحتى هنالك بعض الوثائق في ذلك الوقت، أي عندما كان الارشيف مغلقاً أمام الباحثين، حتى في ذلك الوقت هنالك بعض الوثائق كتبت فوقها (سري للغاية)، ويمنع الاطلاع عليها سوى مثلا لوزير الخارجية، او السفير الفلاني، يعني هكذا كانت، ولذلك فأن هذه الوثائق تنطوي على الحقيقة كما هي، وفي حالات غير قليلة... ان كاتب الوثيقة ربما لا يعتقد بصحة موقفه، ولكن كان ينقل الحقيقة كما هي، فلذلك فأن هذه الوثائق تحتوي على أشياء غريبة جداً، على سبيل المثال ان البريطانيين كانوا وراء تنفيذ البنود الثلاثة لمعاهدة سيفر، وان شخص تشرشل كان مع هذا الاتجاه، ربما برسي كركس الى حد ما لم يكن هكذا، لكن شخص تشرشل في مؤتمر القاهرة، أيد بحماس تأسيس الدولة الكوردية، فينبغي ان نأخذ هذا الامر بنظر الاعتبار، فذالك انك في الكتاب الاول، كما في الكتاب الثاني تجد اغرب الاشياء.

***حضرتك كتبت عن تاريخ الشعب الكوردي في الربع الاول من القرن العشرين وعلاقة أحداث تلك المرحلة بالشعب الكوردي وتقرير مصيره، نحن في الربع الاول من القرن الحادي والعشرين بعد مرور مائة عام، وهنالك تغييرات كبيرة حصلت في العالم والمنطقة، ما هو استقراؤك للمقارنة ما بين التأريخين؟، هل سيعيد التاريخ نفسه ويحرم الشعب الكوردي من حقوقه؟، ما هو استقراؤك التاريخي للأحداث؟ وهل تتوقع اشياء مغايرة لصالح الكورد ونيل حقوقه؟.**

– اولاً ان التاريخ يعيد نفسه ولكن لايعيد نفسه بصورة جامدة، أبداً لا بصورة جامدة بل في صورة جديدة، المقارنة بين ما مضى والوقت الحاضر، المؤرخ يجب ان يكون متفائلاً (حيال ذلك) لا متشائماً، لان عجلة التاريخ لا يمكن لها ان تقف، انها قد تتعثر.

***والتفاؤل من اين يأتي وما هو أساسه؟ اهو عاطفي ام انه يستند على حقائق ومعطيات واقعية وتأريخية؟**

– لا، لا المؤرخ عليه ان ينسى الى اقصى درجة ممكنة انتماءه القومي حتى تكون بضاعته مفيدة، الا ان هنالك حقيقة ثابتة لا تعرف الزمان والمكان، ان عجلة التاريخ لا يمكن لها ان تتوقف، انها تسير دائماً الى الامام، وبالنسبة لنا نحن الكورد أن اليوم أفضل من الأمس، وهنالك أمل كبير في ان يكون الغد أفضل من اليوم، هذا الذي نتمناه وإن شاء الله غد الكورد يكون غداً مشرقاً، وإنني بعدما اطلعت على أشياء كثيرة في اربيل، اربيل التي تكاد أن تكون قطعة مشابهة لبلد اوربي، أصبحتُ متفائلاً اكثر من السابق، وهذا لا يعني بأن ينسى المسؤولون حكم التاريخ، عليهم ان يكونوا أفضل ويحسبوا الحساب الحكم التاريخ عليهم أيضاً، فأن من يخدم الشعب دون غرض ودون التفات يمنة ويسرة، حتماً يكون حكم التاريخ لصالحه، والعكس صحيح بالبداهة.

# لأنه فقط كمال مظهر(*)

حتماً ليس إحتفاء، إذا ما خصصنا صفحة قضايا حوارية للكتابة عن مؤرخ قدير ككمال مظهر الذي يغنيه جهده البحثي عن كل إحتفاء، لكننا نؤمن بضرورة دراسة أعمال كمال مظهر في الوقت الحالي لراهنيتها التي تضيء لنا الكثير من قضايا التي نتناولها في غفلة عن حقيقتها الموضوعية. بلا شك بحوث كمال مظهر تمتاز بموضوعية علمية رصينة، تحصنها من دوغما التصورات المتمركزة على الذات المذهبية، لذلك فهي في واقعها برهان على ما يمكن البرهان عليه كمرجعية وصيرورة تأريخية. إننا هنا في جريدة الاتحاد نتوجه بالشكر الكبير لهذا الباحث والمؤرخ الذي أفنى عمره في البحث عن خيوط الحقائق المبثوثة في سديم التأريخ، نشكره لأنه عمل بجد وبكفاءة عالية وبموضوعية المؤرخ الذي يضع عادة التمحيص في مقامه قبل قوله.

لك التقدير وشكرنا يا كمال مظهر.

المحرر

---

(*) المصدر: الاتحاد (جريدة)، بغداد، العدد ٢٠٣٧ـ الخميس ٢٩ كانون الثاني ٢٠٠٩، ص١٠.

# كمال مظهر باحث جاد وأستاذ نبيل

**عبدالباسط سيدا**

كمال مظهر مؤرخ جاد، وأسم مرموق في ميدان الدراسات الكردية وتأريخ العراق الحديث. من القلائل الذين يجمعون بين وفرة النتاج العلمي والكفاءة المنهجية: هذا إلى جانب الأصالة والألتزام بالموضوعية. وقد أهلته هذه السمات الراسخة لديه ليكون في مقدمة المؤرخين الكرد المعاصرين الذين تعد آثارهم مصادر موثوقة، يعود إليها الباحثون في نطاق الدراسات ذات الصلة بالتأريخ الكردي المعاصر، أو تلك التي تتمحور حول تأريخ العراق الحديث. وهنا أتذكر جيداً شهادات الأساتذة العراقيين الذين ألتقيت بهم في ليبيا ما بين عام ١٩٩١ و١٩٩٤، أولئك الذين ألتقيت بهم وجدوا أنفسهم مضطرين للخروج بعد النتائج الكارثية التي حلت بهم بعد حرب الكويت عام ١٩٩١. فهؤلاء على الرغم من إرتباطهم القسري – على الأغلب – بالسياسة الرسمية في ذلك الحين، كانوا يعبرون عن إعجابهم وتقديرهم لجهود الأستاذ الدكتور كمال مظهر البحثية، ويشيدون بدقته وأمانته العلميتين.

وما يضفي أهمية خاصة على نشاط مظهر البحثي الدؤوب في المرحلة المعاصرة هو معاناة الجهد التأريخي في الوسط الكردي، والعربي أيضاً، من التخبط والتبعثر بين التفصيلات المملة، والخضوع لتوجهات النزعات المنغلقة على ذواتها بأوجهها المختلفة من سياسية وطائفية وقومية، وهيمنة القصور المعرفي، الناجم عن أحادية الرؤية، وتجاهل الحقائق والمعطيات التي لا تتناغم وتتوافق مع الرغبات التي تسير البحث، وتحدد مفاصله وأهدافه، أما النتائج فهي غالباً ما تتمثل في إستخلاصات تفتقر إلى النزاهة المتسقة مع الوقائع، والتماسك المنطقي، الأمر الذي يؤدي إلى المزيد من الإرباك والإحباط في الوقت ذاته.

ولعل ما نواجهه من سيل المبالغات، والأبتعاد عن الدقة على صعيد مادة البحث، والأفتقار إلى المنهجية في سياق التعامل مع المعطيات، أو الوصول إلى خلاصات عجائبية لاتصمد أمام النقد الخبير، لعل كل ذلك يعتبر حصيلة منطقية منبثقة عن المقدمات الخاطئة التي ينطلق منها البحث التأريخي بين الكرد والعرب وغيرهما من شعوب المنطقة، التي تعاني من التخلف والفقر والدكتاتوريات بأسمائها وأشكالها المتعددة.

ومن باب التداعي، أذكر هنا حادثة جرت معي في أواخر الثمانينيات، وهي المرحلة التي كنت أعد فيها نفسي للأنتهاء من أطروحة الدكتوراه التي ناقشتها لاحقاً في قسم الفلسفة بكلية الآداب – جامعة دمشق عام ١٩٩١، وعنوانها: من الوعي الأسطوري إلى بدايات التفكير الفلسفي النظري – بلاد مابين النهرين تحديداً، فقد جمعتني الصدفة وحدها مع أحد بائعي القطع الأثرية الذين لايحمد ذكرهم عادةً، وذلك في مجلس أحد الأصدقاء. في تلك الجلسة وجه الحضور إلي جملة من الأسئلة حول التأريخ القديم للمنطقة وتداخلاته، في حين أن صاحبنا كان صامتاً طوال الوقت، يتابع ما نناقشه، ونتبادل بخصوصه الآراء والتعليقات في إطار دردشة عامة – إذا صح التعبير – تتسم بها الجلسات العفوية عادةً. ولكن فجأةً وجدته منتفضاً ليواجهني بسؤال غير متوقع قائلاً: هناك مملكة كردية أصيلة ظهرت في المنطقة قبل أكثر من أربعة آلاف سنة هل تعرفها؟ نظرت إليه مستغرباً مبتسماً، لأعتقادي بأن في الأمر دعابة، أو رغبة في التعجيز، ثم أجبته: لا، والله ليست لدي أية معلومات حول هذا الموضوع. ما اسم هذه الدولة وأين موقعها؟ فأجاب على الفور: أنها أورارتو. قلت: حسناً، وما هي الدلائل والإثباتات التي تؤكد ذلك. نظر إلي من طرف عينه بعنجهية تواري جهل صاحبها، ثم أردف قائلاً: الأورارتيون كرد وكرد. أقسم بشرفي وشرفك أنهم كرد أقحاح. حينئذٍ كان من الطبيعي أن ينفجر المجلس كله بالضحك، وتركنا الموضوع عند ذلك الحد لكن الطامة الكبرى تتجسد في أن العقلية هذه تحكمه في غالبية الدراسات التأريخية – إذا جاز لنا أن نعطيها هذا الأسم – المستعجلة التي تنجز هذه الأيام من قبل الكرد وغير الكرد في منطقتنا، والأخطر في الموضوع أن قسماً من تلك الدراسات يتستر بعباءة الأكاديمية، الأمر الذي يمعن في تضليل الناس، ودفعهم نحو إستنتاجات ما أنزل الله بها من سلطان.

إن مرحلتي التوثيق والتصنيف هنا الأساس الذي لايستغني عنه أي جهد تأريخي بحثي طموح، ونحن معشر الكرد من أكثر الناس إهمالاً لهاتين المرحلتين على الرغم من أهميتهما القصوى وخطورتهما التي لاتقاس. فتراثنا هو شفوي في جله – لاسباب وعوامل لامجال لتناولها الآن – وهو تراث غني حافل، لكنه يتعرض – ومازال – لإهمال قاتل، أدى إلى إختفاء جزء كبير منه مع رحيل أولئك الذين كانوا يحتفظون به في صدورهم.

كم من لجان طوعية أهلية أو رسمية شكلت لتوثيق هذا التراث وتصنيفه، ليكون مادة أولية لمؤرخي المستقبل؟ كم من هيئة أو مجموعة بحثية تأسست لتبني مسألة توثيق اليوميات الكردية، توثيق تقتصر مهمته على ذكر مآسي الكرد، والإجراءات الأضطهادية التي تطبق بحقهم من دون توقف؟ كم من لقاءات جادة نظمت بين المهتمين بمثل هذه الموضوعات لتبادل الخبرات والمعارف، وتقديم الإمكانيات اللازمة لمن يحتاج إليها من الجيل الجديد؟ تساؤلات تطرح وتستوجب التمعن والتأمل من قبل أصحاب الشأن.

قبل أسابيع دعيت إلى فيينا لإلقاء محاضرة حول حريق سينما عامودة الذي كان في ١٣تشرين الثاني/١٩٦٠، وكعادتي قبل كل محاضرة، هيأت نفسي قدر المستطاع إحتراماً للحضور الكريم الذي من حقه على المحاضر أن يسمع كلاماً مفيداً، يثق بمصداقيته. ولبلوغ ذلك بحثت عن مادة معرفية يمكن الإعتماد عليها بعيداً عن القيل والقال، وقصص الخيال الشعبي التي غالباً ما تبتعد عن الحقيقة مع التقادم الزمني، وتحت تأثير المشاعر وطغيان الإنفعالات. لم أجد أمامي سوى كتاب المرحوم ملا أحمد نامي المؤلف بالكردية وعنوانه وفق الترجمة العربية، حريق سينما عامودة، إلى جانب كتاب المحامي حسن دريعي: عامودة تحترق، وكنت قد قرأتهما مرات عدة، ومع ذلك أعود إليهما بأستمرار حينما يتصل الأمر بسينما عامودة، على أمل الوصول إلى إجابات أكثر إقناعاً بخصوص الأسئلة المفتوحة. هذا إلى جانب شذرات عابرة عثرت عليها في الكتاب الهام الذي يعد بالفعل جهداً توثيقياً لمرحلة معاصرة لم يطلع عليه القسم الأكبر من الجيل الكردي الشاب، والكتاب المعني هنا هو من تأليف الأخ سامي ملا أحمد نامي وعنوانه: صور من التأريخ المفقود، فالكتب الثلاثة تشكل مع بعضها جهداً هاماً يمكن من تكوين تصور أولي يلامس ما حدث بالفعل، هذا على الرغم من الإنتقادات التي قد توجه إليها، وبصرف النظر عن الثغرات التي تعاني منها، ولكن السؤال الذي يفرض ذاته هنا، ويخص ما نحن بصدده، هو:كم عدد الحوادث والمآسي والآلام التي تعرض لها الشعب الكردي، وذهبت في أدراج الرياح، وكأنها لم تكن؟، أي حدث لا يوثق لن يبقى في ذاكرة الأجيال، وكل ما لا تعيه ذهنية الذات العارفة لا يقر بوجوده، نحن غالباً ما نقفز من فوق مراحل التوثيق والتصنيف، ومن ثم المعاينة والمقارنة، والتأمل والتمعن، لنصل مباشرة إلى مرحلة إستخلاص النتائج وإصدار الأحكام القيمية المتناغمة مع الرغبات غير المشبعة، أو

التوجهات السياسية الأنية، العوائمة لتطلعات هذا الزعيم، أو ذاك المدغدغة لعواطف الناس وحسهم الجياش.

في الصيف الفائت حضرت فعاليات المؤتمر الدولي الـ٥٤ للأشوريات الذي أحتضنته جامعة فيتزبورغ بألمانيا في الفترة ما بين ٢٠ إلى ٢٥تموز/ يوليو٢٠٠٨، ترأس المؤتمر الباحث الألماني الشهير غرنوت فيلهلم الذي يعد الباحث الأول على الصعيد العالمي في ميدان الدراسات الحورية، وقد ترجم الأخ الأستاذ الدكتور فاروق أسماعيل مشكوراً كتابه الهام في هذا المجال إلى اللغة العربية، وصدر عن دار جدل عام ١٩٩٦ تحت عنوان: الحوريون – تأريخهم وحضارتهم. ما يدفعني إلى هذا الأسترسال هو أن الدراسة المتأنية للتأريخ الحوري من مختلف النواحي، خاصةً ما يتصل منها بالأنتشار والثقافة واللغة، تدفع بالباحث إلى إعتماد نظرية فحواها أن الحوريين هم من الشعوب القديمة التي ربما تشكل منها الشعب الكردي لاحقاً. وقد ناقشت هذا الأمر مع الأخ فاروق وغيره من الباحثين القلائل في هذا الميدان. إلا أن هذه النظرية تحتاج إلى جهد بحثي مكثف على مختلف الأصعدة قبل أن يتمكن المرء من إعتمادها.

على أي حال، أعود إلى مؤتمر الأشوريات المشار إليه. حيث جمعتني الفرصة مع باحثين شابين واعدين من سوريا، وآخر شاب كردي من كردستان العراق، وكان المناخ مواتياً لنخوض معاً في جملة من الموضوعات، علمية وسياسية وغيرها، وكان التفاهم هو سيد الموقف، الأمر الذي يوحي بآمال كبرى، ويعزز الثقة بالأجيال المثقفة الشابة، هذا على الرغم من المنغصات التي نواجهها هنا وهناك. ما لفت نظري في الباحثين العربيين هو إبتعادها عن التعصب والرغبة في التواصل مع الآخر المختلف، هذا إلى جانب الحس الوطني السليم الغيور على الوطن وأهله. أما ما أستوقفني في الباحث الكردي الشاب كما أسلفت فهو الهدوء والتواضع المشوب بالخجل المؤدب، وإبتعاده عن الغرور والأدعاء، على الرغم من معرفته الواعدة، وإمكانياته البحثية التي تبشر بالخير. تناقشت معه بخصوص الحوريين بأعتباره طالب دكتوراه في ميدان الدراسات اللغوية الخاصة بالحوريين، وكان الأتفاق هو الأساس فيما بيننا من جهة ضرورة وأهمية متابعة البحث الجاد الذي ينبغي أن يشمل سائر المجالات وعلى كل المستويات. قلت له: إذا كنا نقر بالأصل الحوري للكرد، فعلينا أن نثبت ذلك بالقرائن العلمية، وندخل إلى قاعة هذا المؤتمر، ونعلن على الباحثين

المختصين القادمين من جميع أنحاء العالم نتائج بحثنا، ونكون على إستعداد للمناقشة، والأستماع إلى الآراء المخالفة، نتفاعل معها، ونرد على التساؤلات بنفس علمي يمتلك القدرة على إعادة النظر في خلاصات بحثه إذ ما إقتضت المعطيات ذلك.

أما بالنسبة إلى كمال مظهر فالأمر مختلف تماماً، فهو يعتمد مادة جديرة بالبحث، يعاينها ويتأملها من الداخل، يقارن بين مختلف الروايات والوثائق، ويضعها بالتناغم مع منهجه الواقعي في سياقها الطبيعي. يضع المحددات، ويركز على المحاور الأساسية، ويهمل التفصيلات التي تستهلك طاقات الباحث، وتسلم القارىء إلى أحضان الضياع والملل. ينأى بنفسه عن الحشو الثقيل واللغو الفارغ، ويأبى الأنسياق نحو النزعة الوضعية الترصيفية التي تخيم على تنائج قسم لا يستهان به من الذين تندرج أسماؤهم في عداد المؤرخين، كما أنه يمارس التحليل الموضوعي الذي لا ينحاز لعاطفة، ولا يكبل بالهواجس الشخصية التي، في حال إختلاطها مع الجهد التأريخي، تؤدي بهذا الأخير نحو مواقع المبالغات التي ماكانت إلا للتغطية على الحقائق، وإعطاء القارىء صورة مظللة، قد تكون مطلوبة مفروضة عليه من قبل السلطان، أو متناغمة مع هلوسات مذهبية عنصرية، تستوجب الإشفاق على صاحبها قبل غيره.

ومن أجل كل ما تقدم، تعتمد كتابات كمال مظهر من قبل جموع الباحثين، وهي تمثل مادة بحثية، تمتلك مصداقية معرفية تؤهلها لتكون لبنات الزوايا في بناء التراكم المعرفي الذي نحن بأمس الحاجة إليه من أي كان.

المؤرخ الكري العراقي المعاصر كمال مظهر مؤمن مطالب بالحوار العربي الكردي، وذلك إستناداً الى الاحترام المتبادل. يدعو إلى الوطنية العراقية على قاعدة الأتحاد الأختياري، والأعتراف بحق تقرير المصير. لذلك فهو يشدد على ضرورة الإقرار بالخصوصية الكردية، لأن الكرد ليسوا أقل من ٢٠٪ من سكان العراق، وهم مكون سكاني قديم قدم التأريخ المعروف للمنطقة لايمكن تغافله أو تهميشه. وانسجاماً مع هذا التوجه، يعاتب مظهر الأخوة العرب من باب أنهم ربما يعرفون تأريخ كل العالم، لكنهم لا يعرفون تأريخ الكرد.

كمال مظهر أحمد الحاج رسول من أهالي السليمانية، من مواليد ناحية أغجلر التابعة للواء كركوك عام ١٩٣٧. حصل على البكالوريوس بمرتبة الشرف من جامعة بغداد عام ١٩٥٩. حصل على درجة الدكتوراه من أكاديمية العلوم السوفيتية عام ١٩٦٣، ودرجة دكتوراه ناووك من الأكاديمية نفسها عام ١٩٦٩.

أصدر أكثر من ٥٠ كتاباً، إلى جانب الإشراف على العديد من رسائل الماجستير والدكتوراه، وإشتراكه في مناقشة الكثير منها، هذا بالإضافة إلى جهوده النبيلة في المجمع العلمي الكردي، ومختلف اللجان والهيئات العلمية التي عمل في إطارها. من أهم مؤلفاته:

١. كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ط١، ١٩٧٧ – ط٢، ١٩٨٤.
٢. ثورة العشرين في الأستشراق السوفيتي، ١٩٧٧.
٣. أضواء على قضايا دولية في الشرق الأوسط، ١٩٧٨.
٤. دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، ١٩٧٨.
٥. النهضة، ١٩٧٩.
٦. الطبقة العاملة العراقية، ١٩٨١
٧. ميكافيلي والميكافيلية، ١٩٨٤.
٨. صفحات في تأريخ العراق المعاصر، ١٩٨٧.
٩. كركوك وتوابعها: حكم التأريخ والضمير، ٢٠٠٤.

هذا إلى جانب كتابه المنتظر حول القضية الكردية في الوثائق البريطانية.

هذه هي بعض عناوين كتاباته باللغة العربية، أما كتاباته باللغة الكردية فهي الأخرى كثيرة، يمكن للباحثين العودة إليها، و الإستفادة منها.

لن أسهب أكثر في الحديث عن الأستاذ الدكتور كمال مظهر، وذلك لأفسح المجال أمام القارىء الكريم ليكتشف هو بذاته أصالة الرجل ودوره الرائد في ميدان البحث التأريخي الموضوعي من خلال المادة التالية التي كتبها علم آخر من أعلام الكرد والعراق، رحل عن دنيانا قبل سنوات، إنه مسعود محمد الذي عرف هو الآخر بجده وإجتهاده، وأصالته في ميدان الفكر الفلسفي.

أما المادة المعنية هنا فهي في الأساس نص رسالة تكريمية، كتبت بمناسبة ستينية الدكتور كمال مظهر، وهي غير منشورة، قدمها إلي مشكوراً الأخ الصديق فرهاد شاكلي، المدرس في القسم الكردي – كلية اللسانيات بجامعة أبسالا/ السويد، متمنياً على نشرها، وذلك من باب الوفاء للباحثين الجادين اللذين سيكونان موضوع الأعتزاز المستمر من قبل الأجيال القادمة.

## كمال مظهر

مسعود محمد

قلما وجدت نفسي في حرج من أمري كما أجدها اليوم. فالرجل الذي نحتفي ونحتفل به دوحة راسخة الجذور في منابت الفضيلة أخرجت في ضوء فروعاً سامقة تجتليها العيون على بعد يعين فيه نظر المتأمل فيختل لديه تمييز زهرها من ثمرها، ويشتبك عليه نورها بنوارها. لكن الناظر غانم على علات الأحوال، فأياً كان نصيبه من رفد الدوحة ما حلت يده عن خط مستأنس بالنار في ليلة مقرورة لعله يأتي منها بقبس أو يجد على النار هدى. ولقد أمدتني صحبته الحفية الثرية بمفتاح لمغاليق كنوزه ورموزه فعلى مدى إستطالة معايشته ومعاشرته، وبمقدار التغلغل في شجونه وفنونه، تنفرج زاوية فيضة للبصر والبصيرة، حتى إذا إستيقن من تمام إنكشاف ضميره، إنطلقت نفسه من عقد الأحتجاب، فسالت في الأسماع وذابت في الآفاق إلى حيث تستقر عبر القلم والقرطاس في الوعي الظاهر والباطن لعامة قرائه ذخراً مستوفياً لحسن التواصل، حريصاً على أمانة التبليغ لحسن التواصل، حريصاً على أمانة التبليغ مستزيداً في ضخ العطاء، ممتنعاً من هوى التأويل، وتلك إشراط القيمومة على الريادة في محشر الأستنباط والأستكناه من مهرجان النور. ماسألته قط عما إذا كان تفرغه للتأريخ حدث وتطور وتطلع، فما كان منه حدثاً فقد سهل أمره لدخوله في باب الرواية وأقصى حظها من مراتب الأعتبار بعدها عن التلفيق ويتداعى من معكوسة الوبيل وهو التضليل الذي قد يعيث فساداً في الأفكار والأرواح آلاف السنين. والبشرية كلها تتجرع غصص الحدث المضلل إلى يومها هذا، لا علاج لها من ذاتها ولا أثر لوجود العلاج من خارج غصص الحدث إلا أن يكون إستهلاك المرض نفسه هو العلاج. فما أجل الخطب وأقسى الكارثة من بلوى تمخضت بها الأنسانية نفسها، وهي بؤرة الضوء الوحيد في الطبيعة كلها، ولا إنتهاء من هذه المناحة إلا بالتواري منها إلى فرجة راحة... وهل من راحة...؟

ولا أدور بكم في الحلقات المفرغة للحدث ما سر منها وما ساء وما حاد، وكم منها نفح النفس الأمارة، أو تألب الشر المبيت في متربص: فرب مشعوذ فتن شعوباً، ورب شعوب أغرت بنفسها مشعوذاً، أم كان الصنم يتكلف النطق ليضلل؟ فعبدوه؟

أما التطور التأريخي الذي هو التطور الأجتماعي نفسه فأنه خليق أن يستقطب آراء متباينة من سبب حدوثه، ولكن يمكن الخلاص من حجاجه بالرجوع إلى المزايا التي تفصل الإنسان عن البهيمة من حيث أنه وحده من جميع الخلق قطع المراحل في سلم التنامي الإجتماعي، فأنتقل من بدائية حياة الكهف والغابة إلى ريادة الفضاء، وتلك بديهية لا تحتمل المناقشة وأظهر خلة إتسم بها البشر فارقة بينه وبين الأحياء هي العقل، وقد خرج به عن حكم الغريزة المكررة لنفسها أبد الدهر إلى مراح الأستدلال، وتركيب الصور والحوائج في إدامة الحياة، ومحاولة البقاء بأنتماء مطرد إلى تحسين الوسائل وإبتداع الحيل. وما كان من حكم طبيعة الأشياء أن يستجيب جسمه إلى طموح العقل فيعتدل شكلاً وقواماً، ويزداد قدرة في توفير القوت ورد العادية وتوسيع الإدراك فحقق معجزتين أولاهما النطق من حيث الأهمية، فقد عجزت الهمهمة والبغام والزقزقة عن تبليغ إرهاصات العقل. وكانت الثانية تقابل الإبهام مع الأصابع الأربعة الأخرى في اليدين خلال مدة تحسب بمئات ألوف السنين، فلولا هذا التقابل لتعسر إيلاج الخيط في سم الخياط أو الإمساك بالسهم في الرماية وتضاعف الجهد المبذول في إقامة حائط عشرات المرات ولزم فيها بدل اليوم الواحد شهر وشهران. إنك إذ حذفت من أطوار البشر هذا التقابل بين الأصابع قلبت جل إختراعاته الرائعة فخاخاً لتعطيل الفطنة، وشراكاً لتقييد فاعليته فلا تستطيع يد ماهرة أن تمتد إلى أي جهاز ميكانيكي بغية تصليحه أو تشغيله. فلا مهرب لعاقل من حتمية رد التطور التأريخي إلى فاعلية الإنسان بكل قابلياته الرائعة والمروعة، فهو نفسه التأريخ والإجتماع والعلم والجهل والحرب والسلم والقاتل والمقتول بأفانين من صنع الخير وبديع الخيال وجمال البراعة أشكالاً وألواناً يجاوز فيها إستطاعة الملائكة. وقد يرد نفسه أسفل السافلين طبقات وطبقات تحت قعر الجحيم... عوفي من مخلوق منتفض على نفسه هو المثل الأعلى فيما أبدع صانع المعجزات. والتطلع هو إستشفاف الغد على سبيل الترجيح من دواعي الواقع الراهن مضافاً إليه على سبيل الإحتمال ظهور

أمور كانت كامنة، أو حدوثها من ممكنات كانت غير متوقعة. وليس لأحد أن ينتظر من غد تصديق موحيات اليوم بأكثر من تصديق اليوم لموحيات الأمس.

كل هذا الذي قلته وما تجنبت الخوض فيه من حيثيات التأريخ محسوب حسابه وموزون نصابه في مهب المنطق الحي الذي يقيس به كمال مظهر نشاط الإنسان، فهو يكتشف وجه صواب من رواية ما بزيادة النبش في مصادرها لأختيار أشكالها بروح عصر الحدث، وأجراها مع السلائق، وأخلاها من عقد التكلف، ثم هو يترك منزعاً في شد القوس تأهباً منه لقبول أضعف الإحتمالات، إذا ثبت على وجه من الوجوه أنها كانت خيار التأريخ برغم التأريخ، كأن يكون ملك مهووس بالحمام ترك جيشه للضياع ريثما يشبع رغبته من تمليس جناح، أو نتف ريشة ناتئة، وقد علمنا أن نيرون كان يعزف على آلة موسيقة، وينظم مكسور القريض، وهو منشرح بالتفرج على حريق روما.

كمال مظهر مؤرخ يشرح لك الماضي كلا مترابطاً يتنفس ويختلج، ولا يتناوله كما يفعل الطبيب بتشريح جثة، أو يفعل القصاب بخروف مذبوح، فلا الجثة الهامدة هي الرجل الذي عرفناه بكوع العصى في إدامة الحياة، ولا الخروف هو هذه الأوصال المقطعة في فترينة البيع والشراء، فلقد كان يمشي ويثغو ويعلف، كذلك كان التأريخ في أوانه يتحرك غير مؤطر بسياج من العقلانية الفلسفية أقامها حول نابغة مشغوف اللب بترتيب المقدمات والنتائج على ورق أملس، فورب الكعبة لأن تكون البشرية هي هذا الخليط المتراكم من مخلفات العصور يأخذ بعضها بخناق بعض، ويسطو فيه الجار على جاره، ويمضغ متكلموها جملاً خالية من الهدف أقرب على التوقع من إنتظام الصفوف وتناسق المجهود وتناغم الجمل في الأسعاد والتنمية بريادة حكيم ينثر درره من فوق منبر خطابة.

إن المؤرخ كمال مظهر أنقذ نفسه من قبضة الأحكام المسبقة والقواعد المقولبة والحتمية النابعة من مصدر متعين بالذات، وهداه ضميره إلى نشدان الحقيقة مهما تكن مرة، فلا أمل في شفاء المريض بإنكار علته مهما تكن مرة، ولا مفعول لدواء أملاه التحيز، وإستحال صدق مذهب فلسفي أو سياسي في مآل البشر إلا إذا كان تام التفهم لطبيعة البشر، ومسايراً لمدى أستيعابه، ومقبولاً في مزاجه، وغير متكلف في فرض المتعذر عليه، أما أن يتم تطويعه بالسوط في أداء طقوس الدروشة المفروضة تدليلاً على صحة المذهب في توقعاته، فذلك بحد ذاته برهان إفلاس المذهب من كل وجه، فقد كفاه

بؤساً وعاراً أن يزهو بشهادة تزكية من أنصاف موتى تم خنيثهم وتأنيثهم، يحركون بين أشداقهم ألسنة ببغاوات.. وأني لأعوذ برب الفلق والفجر ذي الألق أن يصيب رذاذ من الريب فيما أقول موطيء أقدام ناس يشع من أيديهم، بيضاء من غير سوء، نور المعرفة الكاشفة والثقافة الطاهرة والفن البديع والأمل الخير بأنهم بناة الحياة الخليقة بالإنسان، وجنود الحق في الباطل، ومنائر الإضاءة إذا إدلهم الليل البهيم. ولا تثريب عليهم إذ أوقدوا في الظلام شمعة فأختلسها شرير التمس ناراً يحرق بها بيدراً، أو فك عبقري سر الذرة فوسع على البشر باباً يفضي إلى ما وراء وهم الواهم من الأرض ومن الفضاء، فيحتكره من لا يؤتمن على وديعة فلا مهرب لحد هذه الساعة من مخاطر الكشوف العلمية بأستعمالها في الهدم والجريمة، وهل خلا سكين المطبخ وسيف المدافعة من إحتمال إرتداد سحرهما على الساحر؟، وما ظنكم بأحتمالات الشطط في إستعمال الأدوية بالجهل أو بسوء القصد؟، فالمخترعون المكتشفون العباقرة من أي دين وجنس كانوا في واقع الحال، وكانوا في ماضي الأحقاب زيت القناديل وتيار الكهرباء ونور البصر والبصيرة لقومٍ يعقلون..

إلتقى مساري بمسار كمال مظهر أوائل السبعينيات في صحبة زمالة بالمجمع العلمي الكردي، ولم أكن قبل ذلك أعلم من أمره غير إسمه وشهادته العلمية، ولكن حدث أني فوجئت بأرتياحي الشديد إلى مرآه المتسم بالطيبة الظاهرة، والسلوك الدمث، وإلتزام آداب المجالسة بلا تكلف على الإطلاق، ولا أعلم ماذا كان إنطباعه الأول عني، ولا أذكر أني سألته في ذلك، ولن أسأله، فقد توافق طبعانا ثم تطابق رأيانا عبر الأيام من أخطر الأمور إلى أصغرها، حتى تعادل طرفا حكمنا على الأشياء سلباً وإيجاباً إلا في نقطة واحدة هي دلالتها كبيرة، فهو أنشط مني في إختلاق العذر للمسيء إليه، وأنا أكتفي بأسقاطه من حسابي، فالمسيء إليّ مختار فيما يوفر له الراحة قادحاً أو محتشماً أو معتذراً. إن الله يغفر الذنوب جميعاً.

كمال مظهر في ميزاني ثقيل ثقيل، نبيل نبيل، جليل جليل، ويزداد من كل ذلك ثقلاً إلى ثقل، ونبلاً إلى نبل، وجلالاً إلى جلال، شهراً بعد شهر، ويوماً إلى يوم، وساعة بعد ساعة. فهو الآن أجل منه قبل دخوله القاعة، وقس عليه من إزدياد جلاله الساعة واليوم والشهر بأطراد. بل إني أنتقل إلى واحدة من صفاته هي إحدى تكئات البرهان على واقع

حاله، فقد ولجت من خلال الكلام عن علمه إلى هوامش ملفتة بليغة إنسانية، والعلم شيء مكتسب كان من الممكن ألا يكتسب لحاجب بين الرغبة والمأمول، لكن "الوفاء" جُبلي وجزء من الكيان المعنوي للبشر، ومراتب الناس من هذه الصفة متفاوتة بين رفيع ووسيط وهابط وفاقد، فالذي أراه من وفاء كمال مظهر حالة إتحاد وحلول بين صفة وموصوف لا إنفكاك بينهما، فلو تكلف ضد طبعه بأستدباره الوفاء لغاية في نفس يعقوب لوجد نفسه يستدير ليتبع الوفاء إلى عدو مستقتل، سلم عليه بحرارة منذ سنين مرة واحدة، فأراه من هذا الباب تلميذاً عملاقاً لأبي ذر الغفاري في قوله المشهور لشخص مسه بكلام جارح: يا هذا لا تقذع ودع للصلح موضعاً فإنا لا نكافيء من عصى الله فينا بأكثر من أن نطيع الله فيه ! إلا أن هذا الذي أشرت إليه في خفض جناح الذل مرحمة حين يكون شخصه مساءً إليه، ينقلب إلى جهاد المستميت إذا أسيء في الغياب إلى فاضل يعرفه عن قرب، أو أهينت قيمة يقدسها في أساسيات عقيدته، أو تشوهت في حضوره أحداث ومواقف بكلام المستغرضين، فهو لا يهادن في هذه الكبائر حتى يتوب المكابر إلى سواء السبيل. وهو في هذا النهج من السلوك حدى وجذري ومتناه إلى يقين لايعاد فيه النظر رغم ما في الثبات عليه من كلفة باهظة، تنوء بها طاقة الإحتمال، وتغرى بشيء من مسامحة الذات في إغماض النظر. ولكنني أدرك فيه شعور الراحة النفسية والرضا عن الذت بالثبات على المعانة النبيلة، فهو يكافيء نفسه بنفسه في مقاضاة هو الشاهد والمدعى عليه والحكم والمحكم، ولا أرى محكمة بلغت معدلة كمال مظهر في دعوى تستأديه أجرة عن كل صفة من الصفات الخمس التي إنتحلها مجاهداً في إحقاق الحق، وليس بعد الحق إلا الضلال.. ولكن ذلك بداية هينة في مشوار الوفاء عند كمال: إن حلبة يمارس فيها فروض الوفاء فسيحة البعاد، عميقة القرارات، عالية الآفاق، فهو إذ يقدح ذهنه بالتحديق في القيم المقدسة تنزع روحه بحرارة لاهبة إلى توالي البراهين على أصالة القدسية في نسيج الوجود، لا على أنها إختلاف البشر في تهويماته العاطفية أو تسبيباته الجانحة، وكفى لذلك تكون لمحة البصر وشهقة النفس حاوية من المعجزات المعجزات ما يخرج بها من منطق العقل الأحوال في غياب مطلق لحكمة أعانت وليداً على مص الحليب لحظة خروجه من رحم أمه، وتلك ظاهرة في سطوح معجزة الحياة سبقها منذ مليارات السنين تسرب الحياة إلى المادة الميتة، مستبطنة في أقوى الأحتمال كل التطور اللاحق في الكم والكيف

على سبيل الحتم الذي لم يكن له بديل.. مليارات الأسباب المتطاحنة رست على معادلات بدت منحازة لدوام الحياة رغم قسوة الطبيعة الهوجاء، فلا غرابة في توقف كمال مظهر عن الأنسياق إلى راحة الإنكار لبدائع الحياة وروائعها، فهو إذ كان لا يسلم بتسبيب حادثة عرضية، لم يستكمل نصاب الإقناع فلا ينتظر منه قبول انعدام السبب في وجود خلق وروعة تتجاوز جهة الابداع، فيهما كل المسببات لجميع ما فعله الانسان منذ تخلقه لحين هذه اللحظة، ولتذهب ثورة فرنسا والبلشفية ومذبحة قصر النهاية بخيباتها إلى حيث القت... فماذا عن كرامة الاسباب لخواتيم أهدرت القيم الانسانية لعشرات السنين؟ وهل يصمد قبح ركام الجنوح السافر إلى جانب فراشة تلمع نقشة جناحيها فى شمس الربيع؟

وينداح وفاء كمال على وجه البسيطة، فيرحم العجماوات ويكف عنها أذاه، ويعشق العشب والزهر والشجر في حنان يثير غيرة الجنس الآخر، ثم يتمادى حتي يشمل كتبه وقراطسيه وأقلامه بالعناية والرعاية وبزيادة حب تسلكها في قائمه الاحياء.. ويقدس كتبا تمده من التأريخ بالخبر المنصف، لاسيما إذا كان الانصاف يزكي شعوبا ضعيفة غلبت على أمرها ومنها الشعب الكردي، وها هنا يبدأ كمال جهاده الاكبر مع النفس في ألا تشتط إلى غمط شعب أخر من حقوقه، ومع الضمائر المعلولة من الارومات الاخرى حين تستمريء زيف الخيلاء في قهر شعب فاقد القدرة على رد العادية، والمزيف المتفاخر ملعون مرتين، فهو من ستر تفاهته بالتحالي على ضحايا القهر من أرومة غيره لن يفلت بني قومه من شراهة نفسه الحقيرة، فهو لايجد في كل زمان ومكان كرديا أو بلوجيا يمارس فيهم نذالته، فيواظب من باب الضرورة على الفسق بناس من أرومته هم في مقام ابيه وأمه وأخيه واخته وابنه وابنته، فإذا أفلت هؤلاء الأقربين، فإن جاره ينوب عنه في الفسق بهم، فالكل من الهم شرق، والهم نفسه شرقي غير مستورد و موروث غير مستولد، فلا وجه لإقامة مناحة خلقية، تلقى باللوم فيها على شعوب ما وراء جبل قاف وجزائر واق الواق...

كمال مظهر في وفائه الكردي درويش مستوعب لحقائق الاجتماع، يرتعش بالجذبة الصوفية تصفية لما قد يعلق بقعر كشكوله من قشيرة أخطأت الطريق. وهو لايفتأ يلتقط حبا هنا، وسنبلا هناك سقط من خرم أو زلق من يد تعبانة، فهو حاو من كل وجه في كفتي الإيجاب والنفي لميزان دق نابضه قبولا ورفضا.

كمال مظهر بادر أول ما تحفز للنزال القومي إلى التحصن بسلاح الفكر والنظر، بعدما نزع من صدره رواسب الحساسية وقهر في وعيه فجاجة الأخيلة المراهقة وكان، ربما، ساعده في نبذ القومية الاعتدائية "بداكر المداعبات الاهمية، فجاءت نافعة لاضارة"، نفعت ليدخل محراب القومية المستنيرة بثويب ثقافي نظيف و حس انفعالي عفيف، لاإفراط ولا تفريط، دائب السعي على صراط مستقيم. وهو إذا خص الكرد وكردستان عصارة روحه وحرارة إيمانه ونور وجدانه، فقد امتثل فيه بكل قيمة إنسانية محترمة من دينية ودنيوية، واستجاب لبداهة الأشياء من أن يصل أهل بيته وجيرانه من حوله، وناسا يتكلمون بلسانه وينحدرون من أصل واحد تعرضوا مثله لكوارث التأريخ منذ خمسة وعشرين قرنا، وتميز جهاده كجهاد غيره من بني الكرد المناضلين بنكهة مميزة هي كثافة الظلم المطبق على الوجود الكردي حيثما كان، فهو محكوم بالمروق والتمرد كلما تململ من أذى لا يطاق، ومفروض عليه أن يكون ولاوءه الأول لأرومة الحاكم، ويحرم عليه ولاؤه لنفسه في أوطانه المحكومة خارج العراق حينما يصل الجحود إلى إنكار وجوده أصلا. فلا يبلغن التوجس بأحد من نية الكردي قلب الدنيا عاليها سافلها، فليس في منهجه ولا في طاقته مس غيره بضرر أو أذى، فالعرقية الاعتدائية ترف يمارسه الأقوياء المدججون بالمال والسلاح ونفوذ الكلمة، وعلى قدر ما يستخلص من إيماءات الحاضر فليس في الأفق المرئي ظل احتمال متخيل لانبعاث الكردي من هبة سحرية أسطورية، تفتق نسيج الواقع الراهن من الشرق الأوسط، ومن ورائه مصالح كبرى مسايرة لدوام الحال السائد فيه، وما حمل الكردي السلاح في ماضيه المرصود إلا مدافعا عن نفسه، منتهيا بالضرورة إلى خسران عظيم. فليس أمام الكردي غير خيار الكفاح المبني على العقلانية إذا سمح به أصحاب الشأن في أوطانه، وقد سلك كمال مظهر هذا الطريق بثبات واقتناع، بعيدا من المسكنة والاستجداء، فقد دشنت تجاريب الأجيال إفلاس الرحمة في سوق السياسة، لاسيما في البلدان المتخلفة حيث يقتل الأخ أخاه على مقام مرصود مودود وراءه نعم تشتهيها النفوس. وكل كلام بغير ذلك تخاريف غفلة أو فخاخ تصيد، وقد يكون تأنقا في التعبير من باب جبر الخاطر، إن نظرة واحدة إلى الساحة العربية ذات العشرين علما مرفوعا في الأمم المتحدة، وصاحبة خزين النفط الأول في العالم، ومعبر خط الحضارة مشرقا ومغربا، وملتقى الجهات الأربع من بحرها الأبيض وقنالها

الرابط بينه وبين بحرها الأحمر و خليجها اللاهب، فأين هي من مراتب الحصافة الحضارية والدراية التأريخية، ولم الشعث ورتق الفتق وتجاوز المراهقة السياسية، وذكر أن الذكرى تنفع المؤمنين، فهل يلام الكردي إذا شط، وهو معصوب العينين، ومشدود اليدين، وفاقد القدرة في الاختيار، ومكره ضد مصيره؟ ثم هل ألام إذا ارتبط أملي بالتقدم الحضاري المذهل على نطاق العالم المتمدن للاقتناع بحلول يوم يتخلى فيه حامل السوط من تكاليف الحبس والإطلاق في تعامله مع الكردي، فلعل أن يكون لنا أمل من تأخر الأجل، ريثما نرى تباشير فجر يصدق نضال كمال وأمثاله من المؤمنين بإنسانية الإنسان، وقدسية كرامته، شعوبا و قبائل يتعارفون على الهدى والمرحمة فإنهم"... رجال صدقوا ما عاهدواالله عليه فمنهم من قضى نحبه ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا" وسلام على المنصفين من العالمين.(*)

---

(*) من المفيد أن نشير الى ان المرحوم الاستاذ مسعود محمد القى هذه الكلمة البليغة، والجريئة في الاحتفالية الخاصة التي أقامها طلاب الدكتور كمال لمناسبة بلوغه الستين من العمر، وقد أقيمت الاحتفالية بمبادرة الدكتور مناف شكر النداوي عميد كلية المعلمين بجامعة المستنصرية يومذلك، وكان الدكتور طاهر البكاء يشرف بنفسه على تنظيم الاحتفالية، فعندما وجد حدة تعابير المرحوم مسعود محمد التي كانت تمس النظام القائم بصورة مباشرة، بدأ بمراجعة خطاب المرحوم الاستاذ جميل الروزبياني ليجده بمضمون مشابه، ومقارب الخطاب الاستاذ مسعود، مما دفعه الى أن يعتذر لانتهاء الوقت المحدد للاحتفالية حتى يحول دون القاء الاستاذ الروزبياني لكلمته خشية منه من العواقب.

# پاشبەند

**پاشبەندی ژمارە: ١**

# کوردو کوردستان(*)

**ئیسماعیل خالید گەلالی**

کە باسی مێژووی کوردوکوردستان دێتەگۆڕێ ناوی دکتۆر کەمال مەزهەریش دێ، کە ناوی د. کەمالیش دێ مێژووی کوردوکوردستانت دێتەوە یاد. هەر کەسێك، چ خۆیی و چ بێگانە، بیەوێ بە مێژووی کوردان ئاشنا بێ، چارەی نییە دەبێ بە د.کەمالیش ئاشنابێ و لە کانیاوی بەرفرەی زانستی وی هەلێنجێ.

منێکی عەشقە کتێب و خوێندنەوە، هێشتا کاڵ بووم ناوی ئەو زانا مێژوونووسەم بەرووپەڕی گۆڤارو بەسەر بەرگی کتێبانەوە دەدی. کە لەوانی گەورەترم دەپرسی تێیان دەگەیاندم، ئەوە پیاوێکی زاناو نووسەرێکی ناودارەو مێژووناسە. لە هەنگیرا تەماعگیری خوێندنەوەی کارەکانی بووم. دوای راپەڕینیش، ئەوەی ئێمە بۆ زیاتر خەملێنی ناسنامەی نەتەوەیی و پتر شارەزابوون بە دیرۆکی گەلەکەمان، رووماندایە خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی، لەوێ بایەخی کارە ئەکادیمی و بابەتییەکانی ئەو زاتەمان پتر بۆ دەرکەوت. خوێندنەوەی کتێبەکانی بۆ من نە تەنیا مایەی وەدەستهێنانی زانیاری مێژوویی بوون و بەس، بەڵکو سوودو چێژێکی زۆریشم لەو زمانە پاراوەی وەردەگرت و لە کوردییە رەوانەکەی بەهرەمەند دەبووم، پیاوێك کە لە حەفتا ساڵ تەمەن پەنجا ساڵ پتری لە دووری کوردستان بە سەربر دەبێ، دەبێ ئەو کوردی زانین و سەلیقە جوانەی نووسینی، مانای چ بێ؟!

---

(*) سەرچاوە: هەرێمی کوردستان (گۆڤار)، ژمارە (٤٨٧) رێکەوتی ٢٥/ ١١/ ٢٠٠٨.

زۆر حەزم دەکرد ببینم، لە سەرەتای ئەم مانگە دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت و لە هەولێر دیدارێکم لەگەڵی سازداو لە ژمارە ٤٨٤ی هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە. لەو دیدارەدا بۆم دەرکەوت کە نەك هەر کتێبەکانی بەڵکو دەمودووشی زانستی لێ دەتکێ، لە هەموو شتێك زیاتر خەمی ئەوەیەتی چەند دەبەخشێ و چۆن بابەتیانەو بێلایەنانە کارەکانی ئەنجام دەدا.

لە هەمووشی زیاتر، ئەوەندە خاکەراو خۆنەویستە، شەرمندەت دەکا. دیارە پیاوی زاناو هەڵکەوتە هەر موتەوازیع و خاکەران، چونکە چاك تێگەییون خاکی بوون لە پلەوپایەیان دانابەزێنێ، رێك پێچەوانە لەگەڵ ئەوانی هەر لە خۆڕاو بێ بنەما بوونەتە هەمبانەی باو هەڵیانتەکێنێ لە فیزی زل و بابیبوون بترازێ هیچی دیکەیان لە باراندا نییە.

د. کەمال دوو ساڵ پتره لە بەریتانیایە، لە سەرەتا بۆ چارەسەر رووی لەوێ کردووە، بەڵام کەسێکی هێندە عاشقی زانست و راستی، گەنجینەی ئەرشیفی نیشتمانی بەریتانیای بۆ هەڵکەوێ، دیارە ئۆقرەو ئارامی لێ هەڵدەگیرێ، وەك خۆی ئاماژەی پێدا لە ماوەی ئەم دووساڵەدا پتر لە سەد هەزار دۆکیومێنتی بەهاداری دەستکەوتووە، چونکە دەرۆیشانە رووی لەو نامەخانەیە کردووەو رۆژانە وەك دەوامی فەرمی حەفت هەشت سەعات پشکنیونی. ئەمەش پێچەوانەی ئەوان کەسانە کە مل و ملەستوورو ساغ و سەلیم، هەر رۆژەی ئیفادی وڵاتێکن و کە دێنەوە لە باسی هەرزە پیران زیاتر چیدیکەیان لێ هەڵناکرێ. دکتۆر باسی ئەوەی کرد کە بە تەمایە ئەو دۆکیومێنتانە لە پرۆژەیەکی چوار بەرگیدا بنووسێتەوە. دیارە بەشی یەکەمی ئەو کتێبە ناوازەیەی بەتایتلی (کوردو کوردستان)و لە دوو توێی بەرگێکی قەشەنگ و بە چاپێکی کەموێنەو خاوێن و هونەرکارییەکی وەستایانە، لە بەیروت بە چاپ گەییوە. وەك ئامادەکار لە پەڕەکاغەزێکی ماوپێچی کتێبەکەدا دەریخستووە، قازانجی کتێبەکە پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدانی رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٨ی کەرکووك دەکرێ. ئەمەش پتر پرۆژەکەی جوانکردووەو پێشینەیەکە، خۆزگە ببێتە داب و هی دیکەی بە دوادابێ.

سەرۆکی حوکمەت وەك دەستپێشخەرییەکی جوان کۆمەڵێکی لەو کتێبە کریوەو دەیکاتەوە دیاری رۆشنبیران. من لە رێی دەزگەی مێرگەوە دانەیەکم پێگەیی، لە کاری

هەمووان خەرمانبەرەکەت و پیرۆزە. خۆ باریووی پرۆژەیەکی وا دەبێ خەمی هەموومان بێ، کە کتێبەکەم بینی، کتێب چ کتێب، کۆگەیەکی زانست و زانیاری بەسوودو مەلۆیەکی مێژووی گەلەکەمان. ئەلبومێك وێنەی دەگمەن و دەیان دۆکیومێنتی بە نرخ. کە دەیخوێنییەوە، ئارخەیان دەبی کە کوردیش کەسانی وای تیا هەڵکەوتووە، هەر خۆتی پێهەڵکێشی. خۆزگە زوو خەمی بەرگەکانی دیکەشی دەخوراو گەلەکۆیی بۆ دەکرا.

دیارە هەڵسەنگاندنی کاری وا لەم گۆشەیە ناکرێ. بەڵام جێی خۆیەتی بڵێم، حەیفە پیاوی زاناو بلیمەتی گەلەکەمان بە شتی لاوەکی خەریك بکرێن. جێی خۆیەتی دکتۆر کەمال و زاناکانی دیکەی هاوشێوەی، کە ئەلحەملای نموونەیان زۆرە، لە هەموو روویەکی ژیانەوە بێخەم بکرێن و هەرچی پێداویستی هەیە بۆیان فەراهەم بکرێ. کاری پیاوی وا ئەوە نییە بۆ بژێوی بەدەوام و کێشەو بێشەی دایەرەو دەزگاکانەوە خەریك بێ، ئەوانە دەبێ خزمەتیان بکرێ، تا خزمەتی ئاوا گەورە بە گەل و نیشتمان بکەن.

### کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا(*)

ئەم کتێبە کە لە نووسینی د.کەمال مەزهەرو ئامادەکردنی عەبدوللازەنگەنەو شەهلا تاهیر حەیدەرییە، لەم رۆژانەدا بە جزوبەندکراوی و چاپێکی جوان و رێکوپێك لە چاپخانەی **(گرین گلۆری)** لە لوبنان دەرچوو، کتێبخانەی کوردی پێ ئاوەدان کرایەوە، ئەوەی شایەنی باسە داهاتی ئەم کتێبە پێشکەشی کەس و کاری قوربانیانی رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٨ ی شاری کەرکوك دەکرێت. هەروەها ئێستا خوێنەران دەتوانن ئەم کتێبە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێروبنکەی (ژین) لە سلێمانی چنگ بخەن.

---

(*) ئەم هەواڵە لە ژمارە (٤٨٢)ی گۆڤاری (هەرێمی کوردستان)ی رێکەوتی ١٠/٢١ / ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

پاشبەندی ژمارە: ٢

## مێژوونووسی ناسراوی کورد کەمال مەزهەر ئەحمەد(*)

- کتێبێکم دەربارەی خانەقین بە دەستەوەیە
- سەدان ملیۆن بەڵگەنامەو مایکرۆفلم لە ئەرشیفی نیشتمانیی بەریتانیادا هەیە
- وێنەی سەدان هەزار بەڵگەنامەمان گرتووە
- چەرچڵ لە قاهیرەدا پشتیوانیی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد کردووە

تاریق کارێزی

لەم سەردەمەدا کورد دوو مێژوونووسی ناسراوی هەیە. د. جەمال رەشید لە مێـژووی کۆنی کوردستاندا، لە گـەڵ د. کـەمال مەزهـەر ئـەحمـەد لـە مێـژووی نـوێی کوردسـتاندا. هەڵبەت گەلێ مێژوونووسی دیکەی کورد هـەبوون، کـە بـە زمانـانی دیکـە مێـژوی غـەیری کوردیان نووسیووە بۆ نموونە ئیبن ئەسیر کە خاوەن کتێبی (البداية و النهاية)یە.

یەکەمین کەسێ کە مێژووی کوردی نووسیوە، میر شەرەفخانی بەدلیسییە کە کتێبی شەرەفنامەی دەربارەی مێژووی دەوڵەت و میرنشینەکانی کـورد دانـاوە. شـەرەفخان بـە باوکی مێژوونوسـیی کـورد دادەنـدرێ. پاشـان ژمارەیـەك مێژوونووسـی خـاوەن پێگـەو پایەی بەرز دێن، کە چەندین کتێبی بەهاداریان لە بارەی مێـژووی کـورد و کوردسـتانەوە نووسیوە، وەك: محەمەد ئەمین زەکـی بـەگ، حوسـێن حـوزنی موکریـانی، مـەلا جـەمیل رۆژبەیانی، مەلا مەردۆخی کوردستانی. سەرباری ژمارەیەك گەڕیـدەو کوردناسـی بیـانی، هەروەها ژمارەیەك نووسەر و مێژوونووسی رۆژهەڵات.

---

(*) سەرچاوە: سیروان (گۆڤار) ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٨.

لە ئەمڕۆی زانستی مێژوونووسیی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد خاوەن پێگەو پایەیەکی مەزن و شایستەیە. چەندین ساڵە لە بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیاتی سەر بە زانکۆی بەغدا مامۆستایە. تا ئێستا چەندین کتێبی گرنگ و بایەخداری دەربارەی مێژووی کورد، کوردستان، عیراق، ئێران، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردووەتەوە.

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد زانایەکی بەرزو ئەکادیمیستێکی پایەدارە، خاوەن کەسایەتییەکی هێمن و سەنگینە. دەیان هەزار خوێنەر لە ڕێی نووسینەکانیەوە عاشق بە زانست و کەسایەتیی ئەو بوون و ڕێزێکی گەورەی لێ دەنێن.

ئەم ساڵ بە هۆی نەخۆشییەوە، بۆ چارەسەر رووی کردە شاری لەندەن. وەك زانایەك هەردەم پەرۆشی بە دەستهێنانی زانستە. هەر بۆیە روو دەکاتە گەنجینەی گرانبەهای ئەرشیفی حکومەتی بەریتانیا، لە نێو ئەرشیفی نهێنی ئەو حکومەتەدا گەلێ نهێنی دەربارەی کورد و کوردستان دەدۆزێتەوە. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد دەڵێ: لە نێو ئەو سەدان ملیۆن بەڵگەنامە نهێنییەی حکومەتی بەریتانیا، شتی زۆر سەیرم دۆزیوەتەوە، ئەوەی من و هاوسەرەکەم دۆزیومانەتەوە زۆر لە مەزندەی بۆچوونی ئێمە زیاترە.

بۆ ئاشنابوون بەو گەشتەی کە بۆ د. کەمال (هەم زیارەت و هەم توجارەت) ی زانستی بوو، لە شاری هەولێردا دیمانەیەکمان لە گەڵدا کرد:

*** ئاخۆ لە پاش ئەو گەشتە دوور و درێژەی بە نێو بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا، د.کەمال چ زانیارییەکی تازەی دەربارەی کورد و کوردستان بە دەستهێناوە؟**

— زانای پایەبەرز روونی دەکاتەوە و دەڵێ" من سەردانی ئەرشیفی نیشتمانیی بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیام کرد، ئەم ئەرشیفە تا ساڵی ٢٠٠٣ لە ناوەڕاستی شاری لەندەندا بوو، لەو ساڵە بە دواوە بارەگاکەیان بۆ شوێنێکی دەوروبەری لەندەن گواستەوە کە پێی دەڵێن (کیو گاردن). بارەگا تازەکەش بەهەشتێکی خودایە لە سەر رووی زەوی. ژمارەیەکی هێندە زۆر لە بەڵگەنامەی نهێنی بەریتانیا لەو ئەرشیفەدایە کە دەگاتە سەدان ملیۆن بەڵگەنامە و مایکرۆفلیم و کتێب و سەرچاوەی یارمەتیدەر و شتی دیکە. بێگومان کوردیش لەو بەڵگەنامانەدا بەشی خۆی هەیە. هەڵبەت پێشتر من ئاگاداری لایەنێکی ئەو بەڵگەنامانە بووم لە نووسینەکانی پێشوومدا. لە دەزگای

ئەرشیفی نشتیمانیدا هەفتانە شەش ڕۆژ دەوام هەیە، ئەوەی کە لەو ئەرشیفەدا بینیم، بە ڕادەیەکی زۆر لە هەموو مەزندەیەکی منی تێپەڕاند. هەڵبەت لە بەریتانیا هەفتەی پێنج ڕۆژ دەوامە، شەممەو یەك شەممە پشووی ڕەسمین، ئەرشیف تەنیا دەزگایەکە کە هەفتەی شەش ڕۆژ دەوامی هەیە، هەر تەنیا ڕۆژی یەك شەممان پشوویانە. ئەوەندەی لە بەریتانیا بووین، ڕۆژانە من و هاوسەرەکەم (شەهلا تاهیر حەیدەری) یەکەمین کەسێك بووین دەچووینە ئەرشیفەکەوە و دوایین کەسێکیش بووین کە لێی دەردەچووین. هەندێ ڕۆژ لە سەعات نۆی بەیانییەوە کە دەسپێکی دەوام بوو تا سەعات حەوتی ئێوارە کە کۆتایی دەوامە لە هەندێ ڕۆژدا، لە نێو ئەرشیفەکەدا دەماینەوە و هەستمان بە شادییەکی زۆر دەکرد، چونکە ئەو نهێنییە گرنگانەی لەو ئەرشیفەدا پارێزراون، سنوورێکیان نییە، شەوانیش کە دەگەڕاینەوە، دەکەوتینە ڕێکخستنی ئەو بەڵگەنامانەی بە دەستمان هێنابوون. لە نێو ئەرشیفەکەدا من چەند دۆسیەیەکم جیا دەکردەوە، لە نێویاندا بە دوای ئەو بەڵگەنامانەدا دەگەڕام کە پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە هەبوو. ئەو بەڵگەنامانەم دەست نیشان دەکرد کە دەبوو وێنەیان بگیرێ، ئەویش (هاوسەرەکەم) وێنەی دەگرتن. هەموو ڕۆژێ بە بڕێکی زۆر لە دەگمەنترین زانیاری دەگەڕاینەوە. لەو کاتەدا د. ئەمین موتابچی لە لەندەن بوو، ڕۆژانە بە تەلەفۆن دەربارەی ئەو زانیارییە تازانەی بە دەستم دەهێنان، ئاگادارم دەکردەوە، ئەویش لە خۆشیا (پێی بە عەرد نەدەکەوت) ئەو زانیارییانەی پێم ڕادەگەیاند، لە گەڵ ئەو زانیارییانەدا بەراوردی دەکرد کە لە سەرچاوە کۆنەکانی فارسیدا هاتوون، ئەو دەشڵێ کە ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامانە، تەنانەت لە ڕووی دارشتنیشەوە گەلێ باشترن لە چاکترین بەرهەمی فارسیی سەدەی ناوەڕاست. من دەتوانم لەم بارەیەوە نموونەی زۆرت بۆ بهێنمەوە، بەلام من هەمیشە باسی یەك نموونە دەکەم و وا لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە" من کاتێ باسی بایەخی ئەم بەڵگەنامانە دەکەم سەبارەت مەسەلەی کورد، دەڵێم باوەڕ بفەرموون هەر دەربارەی خولە پیزە دوو دۆسیە ئەرشیف هەیە، جا ئاخۆ بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەبێ خولە پیزە چ بایەخێکی هەبوو بێت؟ تا ئەوان دوو دۆسیەی تەواو دەربارەی خۆی و کار و جموجووڵەکانی و پەیوەندیی لە گەڵ شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی نەمر پڕ بکەنەوە. جا تۆ بیهێنە بەر مەزەندەو خەیاڵی

خۆت کە ئاخۆ چی لەو ئەرشیفەدا هەیە؟ ئێمە وێنەی سەدان هەزار بەڵگەنامەمان گرتووە، هەمووشمان گواستووەتەوە سەر (سی دی). بە نیازین دانەیەکی ئەم سیدییە لە هەر زانکۆیەکی کوردستاندا دابنێین، سەرباری ئەوەی دانەیەکیش لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دادەنێین. بۆ ئەوەی توێژەران، بە تایبەتی قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا، لێکۆڵینەوە لەو بەڵگەنامانەدا بکەن. بەرگی یەکەم لە کتێبی **(کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیای)** تەواو بوو، من زۆر خۆشحاڵم بەو دەنگدانەوەیەی لە ئاستی کوردستان و تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیشدا بە دەستی هێناوە. کتێبەکە ٨٢٤ لاپەڕەیە، کارێکی ئاسان نییە کە تۆ لە ٨٢٤ لاپەڕەدا نووسین و شیکردنەوە و دەرەئەنجام و پەراوێز دەربارەی هەزاران بەڵگەنامە بە ئاکام بگەیەنیت. بەرگی دووەمی ئەم کتێبەش لەوەدایە تەواو بێت، کە بە هەمان ناونیشان **(کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا)**دا دەبێت. ئەگەر بوارم هەبێت، لە ماوەی سێ مانگدا بەرگی دووەم ئامادە دەبێت. من خۆشحاڵم کە بەرگی دووەم بە ناوی ئەکادیمیای کوردییەوە لە شاری هەولێر دەردەچێت، لەو بڕوایەدام بەرگی دووەم لە هی یەکەم گەورەتر دەبێت.

*** ئاخۆ مەزەندە دەکرێ کە ئەو زانیارییە زۆرەی لە نێو بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی نهێنی حکوومەتی بەریتانیا بە دەستت هێناوە، کار لە میتۆد و پرۆگرام و شێوازی کارکردنی مێژوونووسی گەورە و زانای پایەبەرز د. کەمال مەزهەر ئەحمەد بکات؟**

—بەڕێزی بەمجۆرە بەرسڤی دایەوە: ڕۆژنامەنووسان مافی خۆیانە ئەم جۆرە پرسیارە بکەن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە من باسی نموونەیەکتان بۆ دەکەم، من دەڵێم شانازییەکی گەورە بە کتێبەکەم دەربارەی کەرکووک، شارەکەی تۆ، دەکەم، باوەڕت بێ ئەگەر ئەم بەڵگەنامانەم لە بەر دەستدا بووایە، گەلێ قووڵتر دەربارەی ئەم بابەتەم دەنووسی. هەڵبەت میتۆدی کار کردنم ناگۆڕێ، چونکە جێگیر و نەگۆڕە. میتۆد و ئامانج و شێوازی توێژینەوەم هەر وەك خۆیان دەمێننەوە و ناگۆڕێن. هەڵبەت هەبوونی ئەو هەموو بەڵگەنامە گرنگە، زۆر کاری لە ناوەڕۆکی کتێبەکەم دەربارەی کەرکووك دەکرد. هەر لە سایەی ئەو بەڵگەنامانە بەرگی دووەمی کتێبەکە لە بەرگی یەکەمی چاکتر دەبێت. بڕیارم وایە ئەم کتێبە چوار بەرگ بێت، یەکەم و دووەمی دەربارەی کەرکووك

دەبێت، بەرگی سێیەمی تایبەت دەبێت بە خانەقین، لە خانەقینیشدا گرفتی زۆرمان هەیە، هەرچەندە متمانەیەکی زۆرم بە خەڵکی خانەقین و هەستی بە تینی کوردایەتیی ئەوان و ئامادەیی ئەوان بۆ قوربانیدان لە پێناو کوردستانیەتی شارەکەیان هەیە. بەرگی چوارەمی کتێبەکەشم تایبەت دەبێت بە شنگال دەڤەری ئێزدییان. پشت بە خودا بەرگەکانی دیکەی ئەم کتێبە لە بەرگی یەکەم دەوڵەمەندتر دەبن.

*** وا باوە لە نێو کوردەواریدا، چ لە نێو رۆشنبیر و خوێندەوار و دەستەبژێری سیاسیدا یان لە لای عەوامی خەڵکی کوردستان، کە بەریتانیاو ئینگلیز بوونە کۆسپ و تەگەرە لە رێی گەیشتنی کورد بە خواست و ئامانجەکانی لە رووی بڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ١٩١٨ بە دواوە؟**

— د.کەماڵ مەزهەر وتی" من بۆ خۆشم بەو گیان و هەستە پەروەردە بووم، دێتەوە بیرم کە لە سەرەتادا دەستم بە نووسین کرد، زۆر بە توندی هێرشم دەکردە سەر ئیستعماری بەریتانی، بەڵام بڕواتان بێ ئەوەی لەو بەڵگەنامانەدا بینیومە، وام لێدەکات تا رادەیەکی زۆر هەڵوێستم بگۆڕم. هەڵبەت لێرەدا دەبی ئەوەش رەچاو بکەین، کە بەریتانییەکانیش بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەبووە، هەڵبەت هەر تاکە کەسێکیش لەم جیهانەدا بەرژەوەندیی خۆی هەیە. جا کاتێ ئەوان بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە، ئەوە مافێکی زۆر ئاسایی ئەوانە، بەڵام لێرەدا هاوکێشەیەکی دیکەی گرنگ و پەیوەندیدار بەم باسەوە هەیە، نابێ لە بیری بکەین. ئەویش ئەوەیە کە بەریتانییەکان کاتێ ئەم بەڵگەنامانەیان نووسیوە، هیچ کەس بۆی نەبووە تەماشایان بکات. ئەوانە بەڵگەنامەی فەرمی بوون لە پێناو راپەراندنی کاری دەوڵەت و دەزگاکانی، بە تایبەتی وەزارەتی دەرەوە. بەر لەوەی تەماشا کردن و بینینی ئەم بەڵگەنامانە ئازاد بکرێت، لە کاتی نووسینیاندا دەنووسرا (یەکجار نهێنی) کە هەر تەنیا بۆ نموونە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا یان فلانە باڵیۆز بۆی هەبوو بیبینێ. هەر بۆیە ئەو بەڵگەنامانە، راستی بەو جۆرەی کە هەیە، دەیخەنەروو. لە گەڵ حاڵەتیشدا نووسەری بەڵگەنامەکە متمانەی بە راستیی هەڵوێستەکەی خۆی نەبووە، بەڵام راستیشی وەك ئەوەی کە هەیە، گواستووەتەوە. هەر بۆیە ئەو بەڵگەنامانە شتی یەکجار سەیریان تێدایە. هەر بۆ نموونە بەریتانییەکان پشتیوانییان لەو سێ بەندەی تایبەت بە مافی کورد لە پەیماننامەی

سێڤەر کردووە، خودی چەرچڵ لە گەڵ ئەو ئاراستەیەدا بووە. ڕەنگە پرسی کۆکس تا ڕادەیەك لە گەڵ ئەوەدا نەبوو بێت، بەڵام لە کۆنگرەی قاهیرەدا، چەرچڵ سەرگەرمانە پشتیوانیی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد کردووە. هەر بۆیە دەبێ ئەم شتانە ڕەچاو بکەین، پێشتان سەیر نەبێت کە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا شتی زۆر سەرسوڕهێنەر دەخوێننەوە.

*** د. کەمال مەزهەر ئەحمەد دەربارەی یەکەمین چارەکی سەدەی بیستەم لە مێژووی کورد کتێب و بابەتی نووسیوە، ئێستاش ئێمە لە یەکەمین چارەکی سەدەی بیست و یەکەمداین، ئاخۆ بەڕێزت ڕەوشی کورد و کوردستان چۆن دەخوێنیتەوە؟ پێت وایە مێژوو بە زەرەری کورد دووبارە دەبێتەوە، یان ئەم جارەیان کورد بە ئامانجی پیرۆزی سەربەخۆیی دەگات؟**

– سەبارەت بەم بابەتە بەڕێزیان وتی" مێژووی خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام نەك بە شێوەیەکی ڕەق و تەق، مێژوو بە شێوەیەکی نوێ خۆی دووبارە دەکاتەوە. لە بەراورد کردنی ئێستا و ڕابردوودا، مێژوونووس دەبێ گەشبین بێت نەك ڕەشبین، چونکە ڕەوڕەوەی مێژوو ناوەستێ، هەرچەندە گەر جار بە جاریش سندم بدات و تەگەرەشی بێتە پێش. مێژوونووس تا ئەوپەڕی توانا دەبێ ئەوە لە بیر خۆی بباتەوە کە سەر بە چ نەتەوەیەکە، بۆ ئەوەی کاڵاکەی بە سوودبێت. هەڵبەت ڕاستییەکی چەسپاویش هەیەو ددان بە کات و شوێندا ناهێنێ. ڕەوڕەوەی مێژوو هەرگیز بۆی نییە ڕاوەستێت، ئەو هەردەم بەرەو پێش دەڕوات. سەبارەت بە ئێمەی کورد، ئەمڕۆمان لە دوێنێ باشترە، هیوایەکی زۆریش هەیە کە سبەیمان لە ئەمڕۆ باشتربێت. ئەمە هیوای ئێمەیەو پشت بە خودا ئایندەی کورد پرشنگدار دەبێت. من پاش ئەوەی گەلێ شتم لە هەولێردا بینی، هەولێرێك کە چەشنی پارچەیەکە لە وڵاتێکی ئەورووپی، ئێستا گەلێ لە جاران گەشبینترم. ئەمەش مانای ئەوە نییە بەرپرسان حوکمی مێژوویان لە بیر بچێت، پێویستە چاکتر بن و هەزار و یەك حیسابیش بۆ حوکمی مێژوو لە سەر کارو کرداریان بکەن. ئەوەی بێ ئەم لاو ئەو لا خزمەتی گەل بکات، حوکمی مێژوو لە بەرژەوەندیی ئەودا دەبێت. پێچەوانەی ئەمەش، بێ چەند و چوون، هەر ڕاستە.

پاشبەندی ژمارە: ٣

# قوتابی شەهید سەعەی حەمەی ئامێ

# لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی ساڵی ١٩٣٠ لەبەڵگە نامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا(*)

**هۆشیار بەرزنجی**

کورد و کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا بەرگی یەکەم، کتێبێکی نوێی مێژوویی دوکتۆر کەمال مەزهەرە کە لەساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوە و لەئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیری حەیدەرییە.

کتێبەکە لەچەند بابەتێك پێکهاتووە گەڵێ بەڵگەنامەی نهێنی حکومەتی بەریتانیای تیایە کە بۆ یەکەمجارە دکتۆر کەمال مەزهەر لەم کتێبەدا ئاشکرای کردوون، گەلێك پێیانەوە ماندوو بووە، دەستخۆشی لێدەکەین و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.

لەبابەتی پێنجەم ل١٤٥دا نوسیوویەتی (شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی و ئەنجامەکانی) لەراپۆرتەکەی پشکێنەری کارگێڕی ئینگلیز لە سلێمانی ئەڵێت **(سەرجەمی پیکراوەکانی مەدەنی سەر بەچینەکانی خوارەوەی کۆمەڵن).**

دکتۆر کەمال نووسیویەتی: پەنا ئەبەینە بەر بەڵگەنامەیەکی زۆر بایەخدارتری خودی وەزارەتی موسەتەعمەرات کە بۆ بابەتی قوربانییەکانی (شەڕی بەر دەرکی سەرا تەرخان کراوە).

سەرچاوەیەکی نەك کەم هاوتا، بەڵکو بێ وێنەیە، ئەو بەڵگەنامەیە بریتییە لەنامەیەکی سێ لاپەرەیی جێگری مەندوبی سامی بەریتانی دەربارەی شەڕی بەردەرکی سەرا کەرۆژی هەشتی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ لەبەغداوە ناردوویەتی بۆ شەخسی پاسفێڵدی وەزیری موستەعمەرات، نامەکە دوانزە خاڵ لە خۆ ئەگرێت، ئەمەی خوارەوە دەقی وەرگێڕانی خاڵی نۆیەمە کە ئێمە مەبەستمانە: ((٩ ـ سێ منداڵ (بەڵێ سێ منداڵ ـ ك.م) تەمەنی نۆ و دووەمیان **تەمەنی دەو سێیەمیانیش تەمەن دوانزە ساڵان بوو. هەرسێکیان لەناو جەماوەرەکەدا بوون)).**

---

(*) سەرچاوە: سلێمانی (گۆڤار)، ژمارە ٩٧ی مانگی تەشرینی ٢٠٠٨، ل٧.

ئەمە تائێرە دەقی بەشێك لەبڕگەی (ق)ی نامە سێ لاپەڕەییەکەی مەندوبی سامی بەریتانییە (لەبارەی شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە شەشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٠)دا لە نووسینی ئەم بابەتەدا مەبەستی سەرەکیم ئەو سێ منداڵە تەمەن جیاوازەیە کە لەناو کوژراوەکاندا بوون، شەهید بوون و بوونە قوربانی لە ڕاپەڕینەکەدا، ناویان نادیارە لە بەڵگەنامەکەدا، هەر بۆیە لێرەوە چاوپێکەوتنێکی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم ئەخەمە ڕوو کە لە ١٩٩٢/١/٣ لە گەڵی ئەنجامم دابوو لەگۆڤاری پەپولە ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٤ بڵاوکراوەتەوە، مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم وەکو خۆی ئەڵێت: لەساڵی ١٩٢٠ لە سلێمانی هاتومەتە دنیاوە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە حوجرەی (مەلا خەجێ) پاشان لە حوجرەی (شێخ ڕەزای بەرزنجی) قورئانم خوێندووە لە سلێمانی لەگەڕەکی تەکیە ڕووتە، لە ساڵی ١٩٣٠ چوومە قوتابخانەی ئەیوبییە لە سلێمانی لە پۆلی دووەمی سەرەتایی وەرگیرام، ساڵی ١٩٤٢ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانم تەواوکرد، لە ١٩٤٢/٩/١٧ بووم بەمامۆستا لە قوتابخانەی مەڵکەندی سەرەتایی.

مامۆستا عومەر لەبەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەیدا ئەڵێت: بۆ یەکەم جار ئەم شیعرەم بەبۆنەی شەهید بوونی منداڵێکی هاوڕێم وتووە کە پێکەوە ئەمان خوێند، لە شەڕی بەردەرکی سەرادا شەهید بوو بەناوی (سەعەی حەمەی ئامێ) تەمەنی دە ساڵ بوو. شیعرەکە:

**لەسەر چیایان کەوی گەردن بەرز**

**قاسپە قاسپیانە بێ ترس و بێ لەرز**

**بەزمانی شیرین ئەڵێ گەنجینە**

**فڕێی دەن لای بەن ئەم عەیش و ژینە**

لێرەوە چاو بەنامە سێ لاپەڕەییەکەی مەندوبی سامی بەریتانیا بخشێنینەوە کە تەمەنی یەکێك لە منداڵە کوژراوەکان دەساڵە، بەهەمان شێوە لە چاوپێکەوتنەکەی مامۆستا عەبدولڕەحیم وردبینەوە کە ئەڵێت: منداڵێکی قوتابی هاوڕێم کە لە شەڕی بەر دەرکی سەرادا شەهید بوو تەمەنی دە ساڵ بوو ناوی (سەعەی حەمەی ئامێ) کەواتە ئەو منداڵە تەمەن دەساڵەی مەندوبی سامی لەنامە سێ لاپەڕەییەکەیدا باسی ئەکات هەر هەمان منداڵە بۆتە سنبولی قوتابی شەهیدی ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی ١٩٣٠.

هەتا ئێستا شەهیدێکی ون ناو بووە لە ناو شەهیدانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی گەلەکەماندا، بۆیە هەقوایە لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیان هەوڵێك بدەن شەقامێك یان قوتابخانەیەك بەناوی ئەو شەهیدەوە ناوبنرێت و هاوڕێکانی یان لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی پەیکەرێکیان بۆ دروستبکرێت ببێتە هێمای ئەو ڕاپەڕینە مەزنە

پاشبەندی ژمارە: ٤

## کتێبی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا- بەرگی یەکەم) و سەرنجێک[*]

محەمەد مێرگەیی

کتێبی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا- بەرگی یەکەم) لە نووسینی (د.کەمال مەزهەر) و ئامادەکردنی (عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر)ە، چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٨ و لە چاپخانەی (گرین گلۆری) لە لوبنان چاپکراوە.

لە لاپەڕە (١١٩) و (١٢٠)ی کتێبی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا- بەرگی یەکەم) لە ژێر سەرباسی (هۆزەکانی ڕەواندز) و لە باسی هۆزی (باڵەك)دا، هاتووە: (حاجی محەمەد ئاغا، لە کاتی زیارەتیدا بۆ هەولێر، خەڵات کرا. دانیشتووانی مەرگەش نەبوونەتە هۆی دروستبوونی هیچ کێشەیەکی تر بۆ من و بەشێك لەو شتومەکانەی تاڵانیان کردبوون گێڕاندیاننەوە. ...)

وەك لە لاپەڕە (١١٧)ی کتێبی ناوبراو لەژێر ناونیشانی (هەولێر سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ لە ڕۆژانەیەکی تردا) ئامارەی پێکراوە، ئەم باسە لە فایلی دووەم ڕۆژانەکانی مێجەر نۆییلدا هاتووە و بریتییە لە بەشێك لە ڕۆژانەکانی ئەفسەری سیاسی حکومەتی بەریتانی لە هەولێر و لە کۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ ناردوویە بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا.

---

(*) سەرچاوە: مێرگ (گۆڤار)، ژمارە (٤٥)ی شوباتی ٢٠٠٩، ل(١٤٨-١٥٠).

((ئەم بابەتە نووسەرەکەی کاتی خۆی بەنامەیەکی تایبەتی بۆ ئێمەی ناردبوو، ئێمەش تێبینییەکەیمان بە هەند وەرگرتبوو، ئەوەبوو دواتر دوای پرس کردن بە ئێمە لە گۆڤاری ناوبراو بڵاوکردۆتەوە. ئێمەش بەتایپکراوی لە گۆڤاری ناوبراومان وەرگرتووە، سوپاسیان دەکەین- ع. زەنگەنە)).

دەمەوێت لەمبارەوە بەپێی سەرچاوەیەکی مێژوویی وەکو (دوو ساڵ لە کوردستاندا– یان– یاداشتەکان)ی حاکمی سیاسی هەولێر ١٩١٨–١٩٢٠ (دەبلیو. ئار. های) چەند تێبینی و سەرنجێك بخەمەڕوو:

–لە باسی ڕۆژانەکەدا ناوی ئەفسەرەکەی حکومەتی بەریتانی نەهاتووە، بە پێی یاداشتەکانی، دەبێت ئەفسەرەکە (دەبلیو. ئار. های) بێت کە لەو سەردەمەدا حاکمی سیاسی هەولێر بووە و لە چەندین شوێنی یاداشتەکانیدا ئەم باسانە هاتوون.

–لە بارەی ناوی (حاجی محەمەد ئاغا)وە، مەبەست لێی سەرۆکی هۆزی (باڵەك)– (شێمحەمەد ئاغای وەلاش)ە و (های) لە یاداشتەکانی خۆیدا زۆر باسی لێوە کردووە، بەڵام جێی سەرنجە کەوا لە هیچ جێگەیەکدا لەقەبی حاجی لەگەڵدا نەهاتووە، بەڵکو هەر بە شێوەی شێخ محەمەد ئاغای باڵەك ناوی هاتووە.

شێمحەمەدئاغا: ناوی تەواوی (محەمەد ئاغا کوڕی سلێمان ئاغا کوڕی مەحموود ئاغا)یە. ساڵی ١٨٧٥ز لە گوندی وەلاش لەدایکبووە، لە حوجرە خوێندوویەتی، دواتریش بە هەڵسووڕاندنی کاروباری عەشیرەتەکەی خەریك بووە.

شێمحەمەد ئاغا لە خولی هەشتەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی (١٩٣٧–١٩٣٩) بە نوێنەرایەتی پارێزگای هەولێر، کە ئەو سەردەمە پێی گوتراوە (لیوای هەولێر) بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، لە ساڵی ١٩٥١ز کۆچی دوایی کردووە و هەر لە گوندی (وەلاش) نێژراوە.

سەبارەت بە لەقەبی شێخ کە لەگەڵ ناوەکەیدا دەگوترێت، شێمحەمەد ئاغای وەلاش خۆی پێشەوای ئایینی نەبووە، بەڵکو هەر کە لەدایکبووە ناوی لێنراوە (شێخ محەمەد) و بە ناوی خزمێکی خۆی کراوە کە کاتی خۆی شێخێکی ڕاستەقینە بووە.

(دەبلیو. ئار. های) حاکمی سیاسی هەولێر لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزدا، لەو کاتەی کە دەچێتە (ڕەواندز) لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: (یەکەم کەس لە سەرۆك و پیاوماقوڵان کە بە ڕێککەوت لە ڕەواندز بوون و هاتنە لام، شێخ محەمەد ئاغای سەرۆك عەشیرەتی باڵەك بوو)، هەروەها دەڵێت: (داوام لە شێخ محەمەد ئاغا کرد پۆستی فەرمانڕەوای ڕەواندز وەربگرێت، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو و ڕەتی کردەوە) هەروەك لە شوێنێکی تردا نووسیویەتی: ((لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا گشت کەسایەتی و پیاوماقوڵان

له باتاس سەردانی نەقیب (کیرك)یان کرد و لەسەر داوای ئەواندا (نەورەس ئەفەندی) وەکو نوێنەری حکومەت لە ڕەواندز دەست نیشان کرا، لەگەڵ چەند فەرمانبەرێك بۆ یارمەتیدانی، بەڵام هەموو سەرۆك هۆز و عەشیرەتەکان لە مووچەکانیان بێبەش کران، تەنها سەرۆك عەشیرەتی باڵەك (شێمحەمەد ئاغای وەلاش) نەبێت کە بەرپرسی ڕێگەی سەرەکی وڵاتی فارس بوو و هەردەم دەستی یارمەتی بۆ حکومەت درێژدەکرد و پاڵپشتی لێ دەکرد)).

– لە بارەی ئەوەی کە نووسیویەتی: (دانیشتووانی مەرگەش نەبوونەتە هۆی دروستبوونی هیچ کێشەیەکی تر بۆ من و بەشێك لەو شتومەکانەی تاڵانیان کردبوون گێڕاندیاننەوە. ...).

لێرەدا مەبەست لە دانیشتووانی مەرگە، دانیشتووانی گوندی (مێرگە)یە و بە هەڵە بە (مەرگە) تەرجەمەکراوە. لە بارەی ناوی (مێرگە) و باسەکەیەوە کە لێرەدا هاتووە: سەرەتا (مێرگە) گوندێکی (باڵەکایەتی)یە و دەکەوێتە بەرامبەر ناحیەی (گەڵاڵە)ی قەزای (چۆمان)، گوندەکانی دەوروبەری بریتین لە: (وەلاش–ی گوندی شێمحەمەدئاغا)، (ڕێژدوور)، (پردی زەرد)، (گلۆزنی). لە خواروویدا ڕووباری (چۆمان) تێپەڕ دەبێت.

گوندی (مێرگە) سەرەڕای زۆری ڕەزی ترێ تێیدا، سنوورێکی فراوان و پاوانێکی زۆری هەیە کە بۆ ئاژەڵداری سوودی لێوەردەگیرێت. بە هۆی ڕۆڵی ناوچەکە بە گشتی لە شۆڕشەکانی کوردستان، (مێرگە)ش وەکو گشت گوندەکانی تری باڵەکایەتی، لە ساڵی ١٩٧٧ کەوتۆتە بەر هێرش و پەلاماری کاولکاری و ڕاگوێزانی دڕندانەی ڕژێمی لەناوچووی بەعس، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە لایەن خەڵکەکەیەوە ئاوەدانکراوەتەوە

لە بارەی ئەو تاڵانکارییەی لە ڕۆژانەی ئەفسەرەکە و یاداشتەکانی (های)یشدا باسی لێوەکراوە، نووسەر (ئی. ئار. لیچ) لە لاپەڕە ٥٨ ی کتێبەکەیدا (ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕەواندن) ، نووسیویەتی:

((هەڵبەت (های) بە ئەنقەست قسەی واناکا، ئەو تەنیا لەدوورەوە مێرگەی دیوەو بارودۆخەکەی تەنیا بەو جۆرە نووسیوە کە شێخ محەمەد بۆی باس کردووە، ئاشکرایە کە شێخ محەمەد، کە ئەو باسەی بۆکردووە، ویستوویەتی، لەپێناوی پارەی زیاتر بەڕێوەبەرایەتی بریتانی چاوترسێن بکا و بۆی هەیە ئەو تاڵان و بڕۆیەی گازندەی

لەدەست دەکرا هەر لەبن سەری خۆیدا بوویێ، ئەمڕۆ مێرگە لە سەراپای ناوچەکە چڕوپڕترین و بەفەڕترین زەوی و کێڵگەی تێدایە و بە گوندێکی خۆشگوزەران دادەندرێ، هیچ هۆمان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوە بچین کە ساڵی ١٩٢٠ هەڵوێستەکە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبوویێ، ئەگەرچی ئەوەش هەیە کە کاولکاری شەڕ، ناوبەناو بۆتە هۆی هەڵوەشانەوەی کاروباری کشتوکاڵی سەراپای ناوچەکە، ئەمە بەرگرییەکی تایبەتی نییە بەناوی گوندییەکانی مێرگە یان کورد بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا وەختی ئەوەیە چالاکییە نگریس و خراپەکان بە قەبارەی خۆیان بخرێنە بەرچاو)).

تێبینی:

– کتێبی (ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕەواندن)ی (ئی. ئار. لیچ) کێومالێکی مەیدانییە و نووسەر لە هاوینی ساڵی ١٩٣٨ز لە ناوچەی باڵەکایەتی ئەنجامیداوە.

– لەم پارچە نووسینە و سەراپای کتێبەکەدا ناوی (مێرگە) بە (مەرگە) لەلایەن وەرگێڕەوە (عەزیز گەردی) تەرجەمەکراوە و من لێرە بە (مێرگە) نووسیوومەتەوە.

سەرچاوەکان:

١- ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر- ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢٥-١٩٥٨-چاپی یەکەم-٢٠٠٧

٢- ئی. ئار. لیچ-ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕەواندز- و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی- سلێمانی- ٢٠٠٥

٣- دبليو. ار. هاي- سنتان في كردستان- ترجمة: فؤاد جميل -الجزء الاول و الثاني.

یان چاپەکەی دار العربية للموسوعات بە ناوی:

مذكرات دبيلو آر. هي حاكم أربيل السياسي في كردستان أيام الاحتلال البريطاني ١٩١٨ - ١٩٢٠م - نقله الى العربية فؤاد جميل

پاشبەندی ژمارە: ٥

# ڕوونکردنەوەیەک لە بنەماڵەی شێخ لەتیفی حەفیدەوە بۆ گۆڤاری لڤین[*]

ژمـارە (٨٠)ی گۆڤـاری لڤـین دیمانەیـەکی لەگـەڵ بـەڕێز د. کـەمال مەزهـەر بـڵاو کردووەتەوە[**]، تێیدا لـە وەڵامـی پرسـیارێکیدا کـە خـودی پرسـیارەکە پەیوەنـدیی بـە شێخ مەحموودی نەمرەوە هەیە، نەك شێخ لەتیفی حەفیـد، هـاتووە کـە خولـە پیـزە بـە دەستی شێخ لەتیف حاکم باقیی کوشتووە.

بێگومان ئەم قسەیە کە لە لایەن کەسێکی مێژوونووسـی وەك د. کەمال مەزهـەرەوە بکرێت، جێگەی هەڵوەستە کردنە، پێویستی بـە بەڵگـە و سـەلماندن هەیـە، بۆیـە پـێش ئەوەی پەنا بۆ هیچ سەرچاوەیەك بەرین، بەڕێز شـێخ مـەحموودی حەفیـد وای پـێ بـاش بوو کە لە خودی د. کەمال بپرسێت، ئایا بە چ بەڵگەیەکی مێـژوویی ئـەم قـسەیە کـراوە، هەر بۆیە لـە میانـەی پەیوەندییـەکی تەلـەفۆنی لـەنێوان شـێخ مـەحموودی حەفیـد و د. کـەمال مەزهـەردا، ئـەم مەسـەلەیە باسـکراوە، بـەڵام د. کـەمال بـە شـێخ مـەحموودی ڕاگەیاندووە من جارێ گۆڤاری (لڤین)م نەخوێندووەتـەوە، چـۆن نووسـیویانە و مـن چـیم وتـوە؟ لەبـەر ئـەوەی د. کـەمال لـە کوردسـتان نـەبووە و لـە بەغـدا بـووە، تەئکیـدی کردووەتەوە و ئەو ڕێزی بێ پایانی بۆ جـەنابی شـێخ لـەتیفی حەفیـد هەیـە و بێجگـە لـە قسە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەسەر ئەو ڕووداوە لەبەر دەستدا نییە.

بێگومان ئێمە لەم ڕوونکردنەوەیە مەبەستمان ئەوەیە مێژوو وەك خۆی بنووسـرێتەوە و ئەم بەدواداچوونەشمان بۆ ئەم ڕووداوە بۆ ئەوەیە هاوکاریی مێژوونووسان بە گـشتی و

---

(*) سەرچاوە: لڤین (گۆڤار)، ژمارە (٨٣)ی ساڵی حەوتەم، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩.

(**) ((بابەتی ئاماژە بۆکراو لە ل (١٥٧-١٦٨)ی ئەم کتێبە دانراوە - ع. زەنگەنە)).

شەخسی د. کەمال بکەین، وەك مێژوونووسێکی ناسراوی گەلەکەمان، بۆیە پێتان رادەگەیەنین، ئەو مێژووە زۆر دوور نییە و لە سایەی خواوەش هەندێك لەو کەسانە لە ژیاندا ماون کە ئاگاداری ئەو رووداوەن و لە نزیکەوە لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفید ژیاون و پێکیشەوە بەند بوون، هەموو کوردیش دەزانێت شێخ لەتیفی حەفید لەسەر چی بەند کرابوو، هەروەها دەشزانن رژێمی پاشایەتیی عیراق بە چ تۆمەتێك دەستگیری کردووە، کە بریتین لە:

هاوکاری و دالّدە دانی ئەو شۆڕشگێڕانەی کوردستانی رۆژهەلات کە دوای رووخانی کۆماری کوردستان لە ترسی رژێمی شای ئێران هاتبوونە کوردستانی باشوور.

بەدەنگەوە هاتنی جەنابی شێخ لەتیف لەسەر جووتیاران و دانیشتوانی ناوچەکە و بەدەنگەوە چوونی شێخ لەتیف بۆ لابردنی ئەو زوڵم و ستەمەی لەو سەردەمەدا ژمارەیەك لە ئاغاکانی پشدەر بەرانبەر دانیشتوانی گوندنشینی ناوچەی شارباژێڕ ئەنجامیاندا.

شێخ لەبەر ئەوەی بڕوای بە یەکسانی هەبوو، لەو کاتەشدا سەردەمی شۆڕشی سۆشیالیستی و مەدی شوعییەت بووە، لە کاتێکدا شێخ لەتیف (ئەندامی حیزبی شیوعیش نەبووە)، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنگیری هەژاران و چەوساوەکان بووە، دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ ئەندامانی حیزبی شیوعی هەبووە، ئەم دۆستایەتییەش لای رژێمی پاشایەتی تۆمەتێکی دیکە بووە بۆ شێخ لەتیف.

لە دوماهی ئەم روونکردنەوەیەدا دەڵێین، یاخیبوونی خولە پیزە پەیوەندیی راستەوخۆی بە بنەماڵەی شێخ لەتیفەوە نەبووە، هەموو کوردێکیش هۆکاری یاخیبوونی خولە پیزە دەزانێت، بەڵام خولە پیزە، وەك هەر ئەندامێکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕی عەشیرەتی بێسەری رێزیان لە رێبازی شێخ مەحموودی نەمر گرتووە و لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمریشدا رۆڵی عەشیرەتی بێسەری بەرچاو بووە.

بنەماڵەی شێخ لەتیفی حەفید

بە راوێژ لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید

پاشبەندی ژمارە: ٦

## شاکارەکەی د. کەمال مەزهەر و چەند وردە تێبینییەکی هەمەلایەن(*)

**وریا جاف/ کەرکووك**

مێژوونووسی گەلەکەمان دکتۆر کەمال مەزهەر لەم ماوەیەدا بەرگی یەکەمی شاکارە پڕ بەهاکەی (بەناوی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا) بڵاوکردەوە. بەراستی ئەمە کارێکی گەورە و پڕ لەماندووبوونی کاکە دکتۆرە لەو ٢ ساڵەی لە بەریتانیا خۆی پێوە ماندوو کردووە و کتێبەکەش کەلێنێکی مێژوویی لە بزاڤی ئازادیخوازی کورد پڕ کردۆتەوە، دەستخۆشی لەکاکە دکتۆر ئەکەم و بەو هیوایەی بەرگەکانی تری ئەم شاکارە کتێبخانەی کوردی زیاتر دەوڵەمەند بکات. لێرەدا مەبەست لە نووسینەوەی چەند وردە تێبینییەکی هەموو لایەك بۆ ئەوە نییە ئەو شاکارەی کاکە دکتۆر کەمال مەزهەر بخەمە ژێر چەقۆی رەخنە و یا لاپەڕە بەلاپەڕەی شیتەڵ بکەم بەڵکو ئەم تێبینیانەی من راستکردنەوەن لە رووی مێژوویی پلەو کەسایەتی و ..هتد.

ئەوەندە ئەڵێم بۆ راستکردنەوەی ئەو تێبینیانەیە و جارێکی تر هیوای سەرکەوتن بۆ کاك دکتۆر ئەخوازم. لەپەراوێزی لاپەڕە ٣٦٤ هاتووە (هەڵوێستی کورد) و لەبەرامبەری بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە (KURDISH SITUATION) کە ئەمە بەکوردی ئەکاتە (لۆزی کورد ـ کێشەی کورد) نەك هەڵوێستی کورد ئەگەر وابوایە ئەبێ بنووسرایە (KURDISH POSTION) لە لاپەڕەی ٤٠١ ئەوە نووسراوە هێرشی رۆژی ١٩٦٣/٦/١٤ بۆ سەر فورسان سەلاحەدین، باشە بەیاننامەکەی حکومەت کە شەڕی دژ بە کورد راگەیاندووە لە ١٩٦٣/٦/١٥ بڵاوکراوەتەوە ئیتر چۆن رووداوێك ٤ رۆژ پاش قەومانی لەو بەیانەدا بڵاوکراوەتەوە. لە پەراوێزی لاپەڕە ٤١٣ باسی خوالێخۆشبوو شەوکەت عەقراوی بەو شێوەیە نووسراوە لە دەستەی یەکەمی خاوەنی ئیمتیاز و نووسەرانی رۆژنامەی (التآخي ـ برایەتی) بوو لە ساڵی ١٩٦٧ ئەمە راستە و کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات، بەڵام باشتر بوو ئەوەش بنووسرایە ناوبراو نوێنەری شۆڕشی ئەیلوول بووە لە قاهیرە تا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو کاتێك بەغدا داوای لە جەماڵ عەبدولناسر کرد لە قاهیرە دووری بخاتەوە و لەوێ نەما بەڵگەش لە خودی ئەو لاپەڕەیە لە دێری ٢٠ ناوی هاتووە.

لە لاپەڕەی ٤١٤ لە ژێر وێنەکەی خوالێخۆشبوو حەمزە عەبدوڵڵا نووسراوە ١٣ـ ١٢ـ ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە. لە پەراوێزی لاپەڕەی ٤٨٠ نووسراوە شازل تاقە باڵوێزی عێراق بووە لە رووسیا، لەراستیدا لە کۆنگرەی هەشتەمی قیادەی قوتری بەعسی رووخاو لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٤ مورتەزا سەعید عەبدولباقی حەدیسی لە پۆستی وەزیری دەرەوە دوور خرایەوە و کرایە باڵوێزی عێراق لە

---

(*) سەرچاوە: رۆژنامەی (بارزان)، ژمارە (٩٧)، یەك شەممە ٢٠٠٨/١٢/٢٨ ، لاپەڕە (١٤).

مۆسکۆ و شازل تاقە لە شوێنەکەی دانرا و ئەوە بوو لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی لەمانگی ئایاری یا حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٤ بەسترا شازل تاقە بە دڵوەستان کۆچی دوایی کرد، ئەو کاتە من لەگەڵ برا قوتابییەکان بووم لە سەنگەری شۆڕشی ئەیلوول لە شارۆچکەی رانیە. لە لاپەڕە ٦٢٤ لە ژێر وێنەکەی نووسراوە (سەرهەنگ ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری) واتە (عەقید) پلەی ئەم کابرایە (عەمید روکن) بوو نەك (عەقید) و قائیدی فیرقەی دووی لەشکری عیراق بوو لە کەرکووك بەبەرگی فەرمی عەمید روکن بینیومانە، لەلاپەڕەی ٦٤٣ لەژێر وێنەکەی بارزانی نەمر و سەدام حوسێن نووسراوە ١٢ـ ٣ ـ ١٩٧٠ ناوپردان. خۆی شاندەکەی هەردوولا واتە پارتی و بەعس لە ١١ ـ ٣ ـ ١٩٧٠ بۆ بەغدا گەڕانەوە و بۆ شەوەکە رێککەوتننامەکە لە رادیۆ و تەلەفزیۆن لەلایەن ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر راگەیەندرا و رۆژی ١٢ ـ ٣ ـ ١٩٧٠ جەماوەری کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی لە بەغدا خۆپیشاندانی پشتگیریان کرد و لەمەیدانی (تەحریر) سەدام لەگەڵ بەکر و سەرانی بەعس و شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوێ بوو؛ بەم جۆرە ئەو راستیەمان بۆ دەرئەکەوێ وێنەکە لە ١١ ـ ٣ ـ ١٩٧٠ لە ناوپردان گیراوە نەك لە ١٢ ـ ٣ ـ ١٩٧٠ .(*)

لەپەراوێزی لاپەڕە ٤٢٦ ناوی ئیبراهیم غەزالی هاتووە کە سەرۆکی دادگای دووەم بووە لەسەردەمی حوکمی عەبدولکەریم قاسم، لەسەرەتادا ئەبێ باسی ئەوە بکەم سەرۆکی دادگای سەربازی یەکەم سەرهەنگ شەمسەدین عەبدوڵڵا بووە نەك شەمسەدین تۆفیق عەزاوی وەك لە کتێبەکە نووسراوە و ئیبراهیم غەزالی سەرۆکی دادگای سەربازی دووەم بووە.

لەپەراوێزی لاپەڕە ٥٢٦ هاتووە کە نەغەدە لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە ئازەربایجانی باشوورە، لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ کاك دکتۆر کەمال، لەئێران دوو ئازەربایجان هەیە ئەوانیش ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کە ئەمەی دووەمیان زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی لەخۆ گرتووە کە نەغەدە یەکێکە لەو شارۆچکانەی کوردستان و ئازەربایجانی باشوور لەبنەڕەتدا نییە.
لەپەراوێزی لاپەڕە ٤٣٤ هاتووە عیزەت مستەفا پێش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ وەزیری تەندروستی بووە تا پیلانەکەی نازم گزار لە ساڵی ١٩٧٢ ئینجا لابرا، پێش کودەتاکەی ١٩٦٣ ئەم کابرایە وەزیری تەندروستی نەبووە، بەڵکو پاش کودەتاکەی ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ کراوەتە وەزیری تەندروستی، پیلانەکەی نازم گزاریش لەساڵی ١٩٧٢ نەبوو بەڵکو مانگی حوزەیرانی ١٩٧٣ روویدا، بەڵگەش یەکجار زۆرن کە لە ساڵی ١٩٧٣ روویدا روونکردنەوەش کە دیارە هەڵەیەکی چاپە بە زمانی ئینگلیزی کە لە پەراوێزی لاپەڕە ١٠٧ نووسراوە Galendar واتە رۆژمێرەکە بەم جۆرە ئەنووسرێ Calendar.

---

(*) ((وێنەی ئاماژە بۆکراوی لە ٢١/٣/١٩٧٠دا گیراوە و دیارە دانانی رۆژی) هەڵەی چاپ بووە – ع. زەنگەنە)).

**پاشبەندی ژمارە: ٧**

## نامەیەکی مستەفا کەمال ئەتاتورک بۆ شێخ مەحموود(*)

**چاودێر**

**لەبارەی نامەکەوە:**

لە ڕوانگەی ڤیکۆوە، مێژوو تەنها پەیوەست نییە بە رابردووەوە، بەو پێیەی رابردووە، بەڵکو پەیوەستە بە بونیادی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، بە بارودۆخ و ئەو داب و نەریتەی لەگەڵ دەورووبەرەکەماندا بەشداری تێدا دەکەین، بەم پێیە مێژوو فاسیلەیەکی بەردەوامی لەگەڵ ئێستا نییە، بە پێچەوانەوە دەشێت تەحەکوم بەسەر بڕیار و بیرکردنەوە و پێویستی و ئەرکەکانی ئێستامانەوە بکات. کەواتە بۆ تێگەیشتن لەئێستاو شرۆڤە رەخنەکردنی ئەم دۆخەی تێیدا دەژین، پێویستمان بە هۆشیاری مێژووییە، کە بەداخەوە تا ئێستا ئەم هۆشیارییە لای ئێمە وەکو پێویست ئامادە نییە، هەڵبەتە ئەمەش زۆر هۆکاری لە پشتەوەیە، بەپلەی یەکەم لەبەر ئەوەی لە رابردوودا خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی نەبووین، هیچ ئەرشیڤێکمان لەبەر دەستا نییە لەبارەی مێژووی خۆمانەوە، ئەو چەند کتێبەیش کە لەبەردەستدان، کە زۆربەیان بەرهەمی ئۆرێنتالیستەکانن، بەشی ئەوە ناکەن هۆشیارییەکی تەواومان لەبارەی مێژووەوە لەلا بخەملێنن، ئەگەرچی ناکرێ کاری جدی و پڕ زەحمەتی هەندێ مێژوونووسی خۆشمان بەرز نەنرخێنین، بەڵام لەچاو ئەو مێژووە تاریك و نوتەکەی ئێمە هەمانە لەئاستی دەرەقەت هاتندا نییە، وەختێك مێژوونووسەکانمان بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، لەکاتێکدا ساڵانە نامەی دکتۆرا و ماستەر بەدەرچووانی بواری مێژوو دەبەخشینەوە، کەچی کاتێ بەڵگەنامەیەکی گرنگ دەست دەکەوێ، کەمترین کەس شك دەبەین تاوتوێی

---

(*) سەرچاوە: چاودێر (ڕۆژنامە) ، ژمارە (٢١٧)ی دووشەمەی ٢٠٠٩/٣/٩.

ئەو بەڵگەنامەیە بکات و بیخاتە بەر سەرنج و هەڵسەنگاندنی زانستییەوە و راستی و هەقیقەتی نوێی لێ هەڵبهێنجێ و تروسکەیەك ببەخشێت بەو تاریکی و نوتەکەی مێژووی ئێمە.. بەهەرحاڵ ئەو نامەیەی لێرەدا خوێنەر دەیخوێنێتەوە، نامەیەکی هەروا سادە نییە، بەڵکو دەشێت هەم هەقیقەت و ئاماژەی نوێمان بۆ بخاتە روو، هەم دەرگایەکی تر بۆ گفتوگۆ و توێژینەوە دەربارەی ئەو رۆژگارەی گەلەکەمان لە نێوان بەرداشی عوسمانی و ئینگلیزدا بۆ بخاتە سەرپشت،بەڵام ئایا وەڵامی شێخ مەحموود بۆ کەمال ئەتاتورك چۆن بووە؟ ئەمە پرسیارە گرنگەکەیە، لێرەدا پێویستە بڵێین هەروەکو بەرێز د. کەمال مەزهەر دەڵێت" **ناکرێ شێخ هیچ وەڵامێکی نەبووبێت...**" بەڵام تا ئێستا وەڵامی شێخ مەحموود ئاشکرا نییەو پێویستە توێژەران بەدوای ئەو راستییەدا بگەرێن، ئێمە دوای ئەوەی ئەم بەڵگەنامەیەمان بەدەست گەیشت، بۆ ماوەیەکی زۆر لە پەیوەندیدا بووین لەگەڵ مامۆستای بەرێز د. کەمال مەزهەر، تا بەدیقەتی زانستی و ژیرانەی خۆی هەڵسەنگاندن لەسەر ئاماژەی رەهەندە شاراوە و گرنگەکانی ئەم نامەیە بۆ رۆژنامەکەمان بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرێزی نەیدەپەرژایە سەر کارو پەیوەندیکردن لە رێگای ئینتەرنێتەوە، ناچار لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنەوە بۆچوونە بەنرخەکانی ئەومان وەرگرت و لەچەند خاڵێکدا دامانرشتەوە گفتوگۆ و راڤە و لێکدانەوەی زیاتر بۆ کەسانی ئەکادیمی و توێژەرانی خۆی جێدەهێڵین و هیوادارین مامۆستایان و توێژەرانی بواری مێژوو، هەر راڤە و لێکدانەوەیەکی زانستی و بەڵگەیەکی تر لەم بارەیەوە شك دەبەن، بۆ رۆژنامەکەمانی بنێرن، تا ئێمە زیاتر بە ئەرکی سەرشانمان هەستین بەگەیاندنی زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە راپەرێنین.. پێویستە هەر لێرەدا ئاماژە بەهەوڵی دڵسۆزانەی کاك **"ئاوارە عەبدوڵڵا"** بکەین کە بەدەستی خۆی ئەم بەڵگەنامەیەی بۆ رۆژنامەکەمان هێنا، پاش ئەوەی دەقی نامەکەش لەلایەن دوو هاورێی خۆیەوە بەناوی **(گەرمیان کامیل - چاوان محەمەد)** وەرگێرابووە سەر زمانی کوردی، بەپەرۆشەوە، هەوڵی بەدواداچون و بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیەیان دەدا، بێگومان ستایشی کاری ئەو هاورێیانە دەکەین و سوپاسیان دەکەین. هیوادارین نموونەی گەنجی ئاوا دڵسۆز و بەپەرۆش زۆر بێت.



# Saygıdeğer Şeyh Mahmut Berzenci Hazretleri

Yüce Hilafet ve Osmanlı Saltanatı Makamına olan gerçek bağlılığınız ve sevgili vatanımız için beslediğiniz yakın ilginiz herkesçe bilinmekte ve kabul edilmektedir.

1. Dünya Savaşı'nın kötü sonucu düşmanlarımıza çok fırsatlar verdiğinden, ateşkes antlaşmasından beri devlet, millet ve vatanımıza uygun görülen saldırı ve kıyımlar, dayanılamayacak ve kabul edilemeyecek bir ölçüye varmıştır. Hilafet ve saltanatın yıkılmasına, yurdumuzun Ermeni ayakları altında çiğnenmesine ve milletimizin Ermenilere esir olmasına boyun eğecek hiçbir Müslüman düşünülemez. Düşmanlarımızın her yandaki teşebbüsleri hep vatanın parçalanması ve milletimizin esir edilmesi amaçlarına yöneliktir. Gücünü milletten alamayan ve tutsak durumda bulunan İstanbul Hükümeti güçsüzlükten öteye bir durum gösterememektedir.

Milletin birlik olarak gücünü ve kudretini bütün dünyaya göstermesinden başka kurtuluş yolu ve dayanak noktası kalmamıştır. Bu nedenle ben resmi görev ve unvanımın, bu yolda çalışmama engel olduğunu görerek, hemen askerlik mesleğinden çekilerek yurdumuzun ve milletimizin tam olarak kurtuluşuna kadar onunla birlikte ve milletin içinde çalışmaya karar verdim. Sizin gibi fedakar, yurtsever dindaşlarımın benimle birlikte çalışacaklarına inanıyorum. Bu defa Erzurum Kongresi'nce karar verilen bildiri ve tüzüklerden yeterince gönderiyorum. O yörede milli teşkilatın yaygınlaştırılarak güçlendirilmesi için yoğun çaba harcamanızı rica ederim. Yakında Sivas'ta toplanacak olan genel bir Kongre ile de daha yararlı ve kesin sonuçlar elde edileceği inancındayım. O bölgede İngilizlerin aldatıcı propagandalarının önüne geçilmesi pek çok gereklidir. Yüce Tanrı hepimizi başarıya ulaştırsın. Gözlerinizden öperim, efendim."

*Eski Üçüncü Ordu Müfettişi*
*Mustafa Kemal*

*Eski Üçüncü Ordu Müfettişi Mustafa Kemal'in Şeyh Mahmude Berzenci'ye yazdığı 23 Ağustos 1919 tarihli mektubudur...*

دەقی نامەکەی مستەفا کەمال وەکو لە گۆڤاری (ئەسمەر)دا بەزمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە.

## دەقی نامەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك بۆ شێخ مەحموود

**بەڕێز شێخ مەحموودی بەرزنجی:**

پەیوەندی بەهێزتان لەگەڵ دەسەڵاتی "عوسمانیدا" زانراوە و هەستی پێکراوە، ئەنجامە خراپەکانی جەنگی جیهانی دەرفەتی زۆری دایە دوژمنانمان، پێش دەست پێکردنی ئاگربەست بۆ دەوڵەت و میللەت و نیشتمانەکەمان. پەلامار و هێرشکردن گەیەشتووەتە رادەیەکی وەها شایەنی قبووڵ کردن نییە، کاتێك خەلافەتی عوسمانی کۆتایی هات، هیچ موسڵمانێك وابیر ناکاتەوە نیشتمانەکەمان ببێتە دیلی ئەرمەنەکان و بەئارەزووی خۆیان پێ بخەنە وڵاتەکەمانەوە. دوژمنانمان هەمیشە لە هەوڵی پارچە پارچەکردن و دیلکردنی گەلەکەماندا بوون، هێز و باوەڕێك لە میللەت وەربگێڕدرێت و (ئەستەنبوڵ) باروذۆخی لەوە خراپتر نابێت کە دەبینرێت، جگە لەوە پێویستە میللەتەکەمان یەك بێت و هێز و تواناکانی بۆ هەموو جیهان پیشان بدات، هیچ رێگەیەکی دەربازبوون و خاڵی بەرگەگرتن نەماوە، بەهۆی ئەمەوە دەبینم ئەم هۆکارە رێگە لە ئەرکەکەم و ناونیشانەکەم دەگرێت، بۆیە خێرا دەست بەکاری سەربازیی دەکەم، باوەڕم بەوە هەیە کەسانی فیداکار و نیشتمانپەروەر و ئیمانادارانی وەکو ئێوە لەگەڵم کاردەکەن، ئەم جارە بەتەواوی تا کۆنگرەی (ئەرزرۆم) ئاگادارتان دەکەمەوە.

داوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆرت لێ دەکەم و بۆ بڵاوکردنەوەی رێکخستنی میللی لەو دەڤەرەدا، لەو بڕوایەدام ئەو کەسانەی ئەم جارە لەگەڵ کۆنگرەکە، لە "سیواس" کۆ دەبینەوە، ئەنجامی باش و دڵنیاکەرەوە بەدەست دەهێنین، پێویستە ئەو پروپاگندانەی ئینگلیزەکان بەمەبەستی فریودانتان لەو ناوچەیەدا بڵاویان کردنەوە، لابرێن، خودای گەورە هەمووومان سەرکەوتوو بکات. بەڕێزم چاوەکانت ماچ دەکەم.

**سێیەمین چاودێری سەربازی دێرین (مستەفا کەمال)**

**بۆ شێخ مەحموودی بەرزنجی**

**١٩١٩/٣/١٣**

سەرچاوە گۆڤاری ـ ئەسمەر ـ مایسی ٢٠٠٥ ـ ژ (٥).

**بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر لەسەر دەقی نامەکە:**

١ ـ بەڵگەنامەیەکی ئێجگار بایەخدارە لە شەخسییەتی شێخ مەحموود زۆرتر دەکات.

٢ ـ ئەوەی بایەخی بەڵگەنامەکە زۆرتـر دەکـات، ئەوەیـە هـەموو مێـژووەکانی راسـتن و لەگـەڵ هێنانـەوەی شـێخ مـەحموود لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە لـە هیندسـتانەوە بـۆ کوردسـتان یەکدێتەوە، هەروەها ئاماژەش کراوە بۆ کۆنفراسی "سیواس"، کە لە مانگی ئـابی ١٩١٩دا، هێشتا ئەو کۆنگرەیە نەگیرابوو.

٣ ـ بەڵگەنامە نهێنییە تایبەتییەکانی ئینگلیز، خۆیان دان بەوەدا دەنـێن کـەوا پـاش گەیـشتنی شـێخ مـەحموود بـۆ سـەر سـنووری کوردسـتان، ئـەوان بـەوەیان زانیـوە شـێخ مـەحموود بەنهێنی پەیوەندی بەکەمالییەکانەوە هەبووە، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو.

٤ ـ پەیوەندییەکانی شێخ لەگەڵ ئۆزدەمیر پاشادا، کە یەکێ بوو لە دەروێشەکانی ئەتاتورک لـە رەواندز، ناوەرۆکی ئەم بەڵگەنامەیە بەتەواوەتی دەسەلمێنێت.

٥ ـ مستەفا کەمال لەو رۆژانەدا زۆر مەبەستی بوو کورد رازی بکات و بیانکاتە پشتیوانی خـۆی، لەبەرئەوە لەسەرەتای بزووتنەوەکەیدا لە پەرلەمانی ئەنقەرە وتویەتی مـن لـەم مینبـەرەوە دەڵێم تەنها تورك و کورد مافی ئەوەیان هەیە قسە بکەن.

٦ ـ لەم نامەیەی ئەتاتورکدا بۆ شێخ مەحموود بەڕاشـکاوی ئـەوە دیـارە مـستەفا کـەمال زۆر هەوڵیداوە کورد و ئەرمـەن لەبەرەیەکدا کـار نەکـەن، بەپێچەوانەیـشەوە بەریتانیـەکان زۆر بەپەرۆش بوون بۆ ئەوەی کـورد و ئەرمـەن لەبەرەیەکدا کۆ ببنـەوە. لەکاتێکدا بەشـێکی گەورەی کوردەکانی تورکیا، بەتایبەتی بەدرخانییەکان، لەگـەڵ ئەرمەنییەکانـدا هاوخـەبات بوون.

٧ ـ ئەوەی سەرنجی من رادەکێشێ و دڵم پێی خۆشە، ئەوەیە مستەفا کـەمال بەشـێخ دەڵێـت شێخ مەحموودی بەرزنجی، نەك شێخ مەحموودی حەفید، چونکە گەلێك لایەن، بەتایبـەتی عەرەبە توندڕەوەکان، هەمیشە دەیانویست وەها نیشان بدەن کە شێخ مـەحموود ئـەوەی پێغەمبەرە، هەرچەندە لەڕاستیدا کە دەوترێت حەفیـد، مەبەسـت لەوەیـە شـێخ مـەحموود ئەوەی کاك ئەحمەدی شێخە.

٨ ـ ئەم بەڵگەنامەیە، دەبێت ببێتە پەندێکی گەورە بۆ عەرەبە شۆڤینییەکان، چـونکە مـستەفا کەمال ئەتاتورك کاتێك هەڵوێستی خۆی بەرامبەر کورد گۆڕی، دژیـان وەسـتا دوای ئـەوەی کوردەکـان دەنگیـان دا بـەوەی ولایـەتی موسـڵ بخرێتـە سـەر عـێراق، وێـڕای ئـەوەی بـۆ ماوەیەکی زۆر کوردەکان لەو رۆژگارەدا پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا هەبوو.

لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد

# كوردستان

## لە ساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهاندا

ئەندامی كارا : د. كەمال مەزهەر

لە بەشی یەكەمی بەرگی دووەمی
«گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد»
دەرهێنراوە

چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد
بەغدا — ١٩٧٤

---

لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد

پرۆفیسۆر قەناتی كوردۆ
«كوردۆییڤ»

# هەندێك بیر و باوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی كوردەوە

وەرگێڕان و پێشەكی:
د. عەورەحمانی حاجی مارف

پێداچوونەوەی
د. كەمال مەزهەر

چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد
بەغدا ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤

**پاشبەندی ژمارە: ٨**

## هەڵسەنگاندنێکی کتێبی:

## (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا)(*)

**مەسعود عەبدولخالیق**

هەڵسەنگاندن هەر بەتەنیا مانای لایەك لە رەخنە یا ستایش نییە، بەڵکو هەردوو لایە نییەتی، بۆیە لەپێشدا پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر نووسەر بکەین. لە راستیدا نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان لەلایەن کوردەوە زۆر کۆنە و لە پێش شەرەفنامەش هەبووە، واتە ئەگەر لەپێش میللەتانی تر نەبووبین، ئەوا بەلای کەم لەگەڵیان بووین، مێژووی کوردیش لەدوای هاتنی ئیسلام تا رادەیەك روونە، دەبێ ئەوەش بزانین مێژووی نەتەوەش لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی پەیدا بووە، لە کتێبە کۆنەکانی پێش سەدەی (١٩) ناتوانین رەهەندی نەتەوەیی لەو مێژووانە بدۆزینەوە، ئەگینا راستەوخۆ کتێب و نووسینی ئاوا لەناو هیچ میللەتێك دەست ناکەوێت و لەوەوە دەتوانین بڵێین نەوەی یەکەمی مێژوونووسی نەتەوەیی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەست پێ دەکات و لەنێو رۆشنبیرانی وەك بنەماڵەی بەدرخان و ئیحسان نوری پاشا و.. لەهەموویان زەقتر محەمەدئەمین زەکی بەگە، ئەوانەی ئەندازیاری ئەو مێژووەن، بزوتنەوەی مێژووی کوردو کوردستان وەك پەیامێك دەست بەدەست هێنراوە و گەشەی پێدراوە. د.کەمال یەکێك بووە لەو پەیامهەڵگرانەی مێژووی کورد، زۆر لای تاریکی ئەو مێژووەی رووناککردەوە بە داهێنانەوە، خزمەتێکی زۆر مەزنی بە گەلەکەمان کردووە کە کەمتر نییە لەکاری ئەو سەرکردانەی شۆڕشیان لە شاخ کردووە، بەڵام

---

(*) ((ئەم بابەتە بۆ گۆڤاری (رۆژنامەنووس)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان نێردرابوو تا لەوێدا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی (رۆژنامەنووس) تایبەتە بەکلتووری رۆژنامەنووسیی ئێمەش بۆ رێزگرتن لە راو بۆچوونەکانی نووسەرو گرنگی بابەتەکەی بەباشمان زانی لێرەدا بڵاوی بکەینەوە — ع. زەنگەنە))

ئەوەش ڕێ لەوە ناگرێ لەسەر هەندێ لای هەڵوەستە بکەین، هەتا خودی خۆشیان هەر کەسێك کە بەبیروبۆچوونەکانی خۆیدا دەچێتەوە پێی قایل نییە، ئیمام شافعی لە عیراق (کووفە ئەو کاتی عیراق بوو) بوو رای زۆر جیابوو لەوەی کە چووە میسر، بەپێی هەندێ سەرچاوە دەڵێن تەنیا (٢٨) مادە ماوە دەستکاری نەکرد ئەگینا بە هەموو بیروبۆچوونەکانی (عیراقی) دا چۆوە و ئێستا لەنێو فیقهی باس لەوە دەکەن فیقهی میسرییە یان فیقهی شافعی عیراقییە، خۆ ئەگەر تەمەنی درێژتر بووایە و سەردانی عەجەمستان و شاری واق واق (یابانی ئێستا)ی بکردبایە دیسان زۆر لە فیقهە میسرییەکانیشی دەگۆڕی، ئەوەی لە دکتور کەمال تێبینی دەکرێ رایەکانی سەدەی (٢٠ و ٢١)ی زۆر لێك جیایە، هەڵبەتە دکتۆر لەنێو کەشوهەوایەکی چەپی گەشەی کرد و دواییش لە زانکۆکانی سۆڤییەت بڕوانامەکانی وەرگرتووە، بۆیە ئەویش لەشێوەی کەڵەنووسەرە مەزنەکانی کوردی وەك جەلیلی جەلیل، عەبدولڕەحمان قاسملو، جەلال تاڵەبانی... بە فەلسەفەی مارکسی کاریگەر بووە، ئەو فەلسەفەیەش پێی وابوو:

١. هەرچی دیاردە هەبوو لە دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری و ئایینی و نەتەوەیی بەڕواڵەت خۆی پیشان بدابایە ئەوا لە جەوهەردا فاکتەری ئابووری و پێویستییەکانی دیاریان دەکەن، واتە بۆ تێگەیشتن لەو دیاردانە بە تایبەتی نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیی (کە لێرە باسەکەمانە) پێویست دەکات بەپێی ئەو فەلسەفەیە لە بناغە ئابوورییەکانی بکۆڵینەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ستاندەرنەبوونی توێژینەوەکان هەروەك ئەوە بەڕوونی لە توێژینەوەکانی دکتور و ئەوانی دیکەیشدا بەدی کرا.

٢. بە پێی هەمان فەلسەفە هەریەکە لە ئاین و سەرمایەداری و لیبرالی لەیەك خانە پۆلێن کرابوون، ئیتر دەبوایە سەرکردەی ئایینی لە خانەی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری دەرکێشین بە تۆبزیش بێت بیدەینە پاڵ ئیستعمار و وردە بورجوازی، ئینجا هەرچی بوایە دەبوایە یەکێتی سۆڤییەت و حزبە شیوعییەکان بێ تاوان بکەین و هەرچی هەیە بەمل سەرمایەداری و ئیستیعمار و رۆژئاوای بشەتێنن..، ئەوانە و چەندین لایەنی دیکەی ئەو فەلسەفە ماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکی نەرێنیان لەسەر توێژینەوەکانی ئەو موفەکیرانە کردووە و هەڵوێستەکانیان بەرامبەر ئەو بابەتانەی خوارەوە ستاندەر نەبووە، لەوانە: کێشەی کورد و ئەرمەن، مێژووی مەینەتی کورد،

هۆیەکانی بەدەوڵەت نەبوونی کورد، هەڵوێستی ئەتاتورك و سوڵتان بەرامبەر کورد، دەربازی کورد... تا دەگاتە سەرکردە ئایینییەکانی وەك: شێخ عوبەیدوڵڵا، شێخ عەبدولسەلام، مەلا سەلیم، شێخ محموود، شێخ سەعید، قازی محەمەد.. تا دەگاتە مەلا مستەفای بارزان.

رای ئەو موفەکیرانە تا ساڵی ١٩٩٠ مابوو، دوای ئەوەی ئەزموونی بلۆکی سۆشیالیستی و فەلسەفەی مارکسی شکستی هێنا، ئینجا ئەوانە گەڕانەوە و بەخۆداچوونەوە، بەڵام جارێشیان نەدا و بڵێن ئێمە لەو تێڕوانینانە هەڵەبووینە، بە بێ دەنگ لە بیروبۆچوونەکانیان وەرچەرخاینە، بەشێکیان حەز ناکەن بەرهەمە کۆنەکانیان لەچاپیش بدرێتەوە، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە بەیانی (دامەزراندنی ١٩٧٥)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان واهاتووە کە دۆستی کورد وڵاتانی سۆشیالیستی و هێزە عەرەبییە پێشکەوتووخوازەکانە، دوژمنی هەرە سەرسەختی کورد ئەمەریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی لیبرالی عەرەبی و کوردە بورجوازییەکانە..؟، تەنانەت کەس قایل نەبوو بڵێی دیاردەی فاشی و نازی بەرهەمی سۆشیالیستی و ناشیۆنالیزمییە، دەیانووت نەخێر دیاردەیەکە زادەی سەرمایەداری و ئیستعمارییەتە، تەنانەت د. قاسملوو لە هەموویان میانڕەوتربوو، کەچی لەبەر کاریگەری بەو فەلسەفە و واقیعەی جیهانی سۆشیالیستی لە کتێبی (کوردستان والأکراد) دەڵێت: بۆ یەکەم جار کورد لە بەریڤان و یەکێتی سۆڤیەت وا بەمافی خۆی گەیشتووە! تەنانەت بەناچاری و بۆئەوەی نووسینەکەی لەچوارچێوی فەلسەفەی مارکسی قبووڵ بێت لە(ل١١) وەسفی شۆڕشی (١٩٢٥)ی شێخ سەعید بە (التطرف الديني) دەکات، دروشمی رادیۆی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بریتی بوو[*] لە: رووخاندنی ئیمپریالیزم بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا!!

بەو شێوەیەش گەیشتبوونە ئەو رادەیە کە کوردیش بە بەرپرسیار بزانن لەو کوشتارەی دژی ئەرمەن کرا، لە کاتێکدا زۆر روون بوو کوشتاری ئەرمەن بە پاڵنەری ئایینی نەبوو، بەڵکو ئیتحادییەکان پێی هەڵسان و ئەوانەش نە بەبیر و ئایدۆلۆژیایان

---

(*) ((لەیەك لە بابەتەکانی ئەم کتێبەدا د. جەبار قادر باس لەوە دەکات کە لە ژێر کاریگەری تێزی دوکتۆراکەی ئەو بووە زانا سۆفییەتییەکان لە بارەی شێخ سەعیدی پیران بە بۆچوونەکانی خۆیاندا چوونەتەوە لەم بارەیەوە بنۆڕە:ل (١٥–٣٨)ی ئەم کتێبە. – ع.زەنگەنە)).

ئاینی بوون نەکوردیش بوون، باشترین بەڵگەش ئەوەبوو بزووتنەوەی تاشناقی ئەرمەنی فەرمانی تیرۆر کردنی هەرسێ سەرکردەی ئیتحاد و تەرەقی (ئەنوەر پاشا، جەمال پاشا، تەلعەت پاشا)یدا، و جێبەجێش کرا.

ئەوەی ئێستا روویدا ئەو موفەکیرانە رایان گۆڕاوە، بەڵام دیسان جێی هەڵوەستەیە، ئەوانە جەمسەری بەرامبەریان بەجێهێشت بە (١٨٠) پلە پێچەوانە چوونە نێو قوتابخانەی لیبرالی لە دیموکراسی و رۆژئاوا و ئەمەریکا کە پێشتر پێیان وابوو هەموو دەردی کورد لەوێ دروست بووە، ئەوەی ویستمان ئەوانە لەنێوەڕاستی ئەو دوو جەمسەرە جێگیر بن، نەبووە هێشتا، کەواتە بیروبۆچوونی ئەوانەی ئێستا ساغ و سەلیم نییە، دیسان بەزیادەوە کاریگەرە بە رۆژئاوا و ئەوجارە بۆیە دەبێ هەر خوێندنەوە و تێڕوانین و بۆچوونێکیان بەو تەرازووە هەڵسەنگێنرێ و رەچاوی ئەو دەردە نوێیە بکرێ، هەرچەندە گۆڕانکارییەکی زۆر ئیجابیش لە پرۆگرامی لێکۆڵینەوەیان هاتۆتە دی، لەزۆربەی ئەو بۆچوونە کۆنانەیان هەڵوەستەیان هەیە، راستەوخۆ ئەوجارە لەسەردانەکەی دکتۆ کەمال بۆ هەولێر پێکەوە باسی ئەو گۆڕانکاریانەمان کرد کە لە بیروبۆچوونی خۆشی هاتەدی و لێم پرسی ئاخۆ دەکرێت بڵێین را و سەرنجەکانی سەدەی بیست و یەکت لەگەڵ سەدەی بیست لێك جیایە؟

لە وەڵامدا وتی: بەڵێ.. بەڵێ.. کەواتە ئێستا لەسەر ئەو بنچینانە دەچینە نێو ئەو کتێبە بەنرخە نوێیەی، بەناوی (**کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا**) کە پڕە لە زانیاری بەنرخ و شیکردنەوەی جوان، ئینجا لە هەمووی سەنجراکێشتر قازانجەکەی بۆ ماڵە شەهیدانی کەرکووك تەرخانکراوە، ئەو هەنگاوە زیاتر گیانی وەبەر کتێبەکە داوە، لەکاتێکدا کە بەشێکی زۆر لە نووسەر و بەرپرسان لە گەندەڵی و مادیات نقوم بوونە.

### هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامە:

پێش ئەوەی بچینە نێو کتێبەکە پێویست بەوە دەکا تا چەند سەرنجێکی سەرەتایی لەبارەی بەڵگەنامە و ئەو نامە و زانیارییانەی بەرپرسانی بەریتانی لەناوچەکە و کوردستان ناردوویانە تۆمار بکەین:

١. ئـەو بەڵگەنامانـەی بـەریتانی و رووسـی و فەرەنـسی و وڵاتـانی دیکـەیش وەك رۆژمێری کوردی زانیاری گەلێ چاکی تێدایە، بەڵام مەرج نییە هەمووی راست بێت، چونکە بەشێك لەنووسەران و رۆشنبیران، بەڵگەنامە وەك بەڵگەی راستی تێدەگەن، نەخێر، گەلێ جار زانیاری هەڵە و چەوتیان ناردووە. نموونەیەك هەڵبژێرین کە دەمەقاڵێ هەڵنەگرێ. مس بیل یەکێ لە نوێنەرە باڵاکانی بەریتانیا لەعیراق لە نامەیەکی بەڵگەنامەیی بۆ بەریتانیا لەبارەی عاشورا نووسیویەتی: رۆژی سێ شەممە (١٥)ی موحەڕەم رۆژی عاشورایە، ئینجا لەسەر هەڵەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: لەو رۆژەدا حەزرەتی حوسێن بەدەست لایەنگرانی معاویە کوژاوە، هەموو لایەکیش دەزانن حەزرەتی حوسێن بەدەست لایەنگرانی یەزید بووە لە (١٠)ی موحەڕەمیش بووە، ئەو بەڵگەنامەیە بۆتە کتێب بەناوی (العراق فی رسائل مس بیل - لە ل٣٦٠ و ١٦١) هەڵەکە دووبارە بۆتەوە.

٢. هەڵبەتە فەرمانبەرانی بەریتانی شارەزای داب و نەریت و خواست و ئارەزووی کوردەواری نەبوونە، بۆیە بەچاکی لەپاڵنەر و هۆ و قووڵایی رووداوەکان نەگەیشتوون، بە پێی (موخبیر) هەواڵ و شیکردنەوەکانیان دارشتووە، ئەگەر ئەو دیاردەیە لەنێو عەرەب تەماشا بکەین هەمان تێبینی لەسەر بەڵگەنامەکانی عەرەب لە بەریتانیا بەدی دەکرێ، لەکاتێکدا ئەو بەڵگەنامانەی بەپاڵپشتی (لورانس - کە بە لورانس عەرەب بەناوبانگە) نووسراون زۆر جیا و وردترن لەگەڵ بەڵگەنامە و زانیارییەکانی (پرسی کۆکس) ، (جەنەراڵ مود).. ئەوانەش چاکترن لە بەشێکی تری (رۆژهەڵاتناس) و (فەرمانبەر) و کۆنسۆڵیەکانی دیکەی بەریتانی، بە هەمان شێوە یەکێکی وەك (مێجەر سۆن) یاخود (نوێیل) چاکتر لەو بار و دۆخەی کورد گەیشتوونە تا فەرمانبەر و کۆنسۆڵ و رۆژهەڵاتناسی دیکە، چونکە ئەوانە زۆر تێکەڵی کۆمەڵی کوردەواری بووینە.

٣. گەلێ جاری دیکە ئەوانەی ئەو نامە و زانیارییانەیان ناردووە و ئێستا بووەتە بەڵگەنامە تەقەلایان داوە وێنەیەك لە کوردستان بۆ حکومەتی بەریتانیا بکێشن وەك خۆیان دەیانەوێ یاخود بۆچوونی خۆیانە، لەسەر یەك رووداو دەبینن تێڕوانینی (نوێیل) زۆر جیایە لەگەڵ (پرسی کۆکس و مس بیل)، هەر هەمووشیان لەگەڵ راپۆرتەکەی (ئەرنۆلد تۆینبی) و (راپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ نێوبژی ویلایەتی موسڵ) زۆر

جیایە، ئەو دووە زیاتر قووڵ بوونەتەوە لەناوچەکە، چونکە (توینبی) مێژوونووسێکی وورد بووە و لێژنەکەی ویلایەتی موسڵیش گەڕاوون و بەوردی لەو کێشەیان کۆڵیوەتەوە و تا ڕادەیەکیش دادگەر بوون.

٤. لەگەڵ زۆر کەم و کورپی دیکە کە لەو دەرفەتە تەسکەدا مەودای درێژە و بەڵگەمان نییە، جگە لەوەی بەگشتی رۆژئاواییەکان بەڕوانگەی نەریتی رۆژئاوایی و بە بەهای لیبراڵی و پاڵنەری مادی رەفتاری ئادەمیزاد و نهێنییەکانی لێك دەدەنەوە، ئەوەش پێوانەی ڕووداوەکان بەخواری دێنێتە بەرچاو و دەبێتە سەرچاوەی کۆمەڵێك گرفت لە بەڵگەنامەدا.

ئێستاکەش زۆر بەوردی دێینە سەر هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کتێبەکە:

## کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا:

ڕەنگە پێویست نەکات دووبارەی بکەینەوە ئەو ئەرکەی لەو کتێبەدا بینراوە لە سوپاس کردن نایەت کە ئەوەندە خزمەتێکی مەزنە، تەنیا ئەگەر ئاوا رەخنەی لێبگرین و هەڵیبسەنگێنین کەمێك لەو هەقەی پێ دەدەین، چونکە رەخنە دەبێت خزمەتی نووسەر و نووسراوەکەی و چاکترین دیارییە بۆ ئەو تا لە بەشەکانی داهاتووی سوودی لێوەرگرێ. بەپێی رای سادەی خۆم دەتوانم بەو رەخنانەی خوارەوە بەشێك لە ئەمەکی خۆم بۆ ئەو ئەرکە مەزنە جێبەجێ بکەم، بەکورتی ئەوانەی خوارەوە هەڵوەستە و تێبینییەکانە:

١. لە ل٢٩ (The National Archives) بە (ئەرشیفی نیشتمانی) تەرجەمە کراوە، ئەوەش تەواو نەپێکراوە، چونکە نیشتمانی و نەتەوەیی لێك جیایە، ناشیونالیزم نیشتمانی نییە، بەڵکو نەتەوەییە، نیشتمانی زیاتر لە زاراوە فەرەنسییەکەی (Patrlotice) نزیکە، لەسەر ئەو جیاوازییە هەڵوەستەمان کرد، چونکە هەڵەنە و دوو زاراوەیە لە تەرجەمە عەرەبییەکانیشدا بەدی دەکرێ، بۆیە دەبینین لە تەرجەمەی (نازی) حزبی کرێکاری سۆشیالیستی نەتەوەیی ئەڵمانیا، هەن نەتەوەییەکەی کردۆتە (نیشتمانی)، بەلام لێك جیان بە ئەڵمانی (دۆتش) و (فۆلك) مانای نەتەوەیی و نیشتمانی دەدا.

بەکوردی و عەرەبییەکە چەند جار بە (نیشتمانی) و جاری واش بە (نەتەوەیی) هاتووە، جیاوازییەکە زیاتر لە (دەوڵەتی نیشتمانی) و (دەوڵەتی نەتەوەیی) دەردەکەوێ

و ئەوەیە: یەکەمیان دەوڵەتێکە لە هەرێمێك کە خەڵکەکەی یەك نەتەوە نین، هەرچی دووەمە سنووری هەرێمی دەوڵەت و سنووری نەتەوەی جووت دەبن – واتە دەوڵەتی یەك نەتەوەیی (بۆ زیاتر بڕوانە ((G.B-Encycbbidia))).

٢. لە ل٥١ باس لەوە دەکات (لەناوەندی ساڵی ١٩١٩ بەریتانیا پێشنیازی دانانی والییەکی کورد دەکەن بۆ شاری وان) لای دکتۆر ئەو هەنگاوە ئیجابییە و نیشانەی چاکەی بەریتانیایە، لەڕاستیدا بەشی هەرەزۆری بەڵگەنامەکانی بەریتانیا کە دکتۆر کەمتر نەقلی کردوون (کە لای من هەیە) دەردەکەوێ هەڵوێستی بەریتانیا لەسەرەتای سەدەی (١٩) بەرامبەر محەمەد پاشای گەورە و شێخ عوبێدوڵڵا و شێخ عەبدولسەلام و دەوڵەتێکی کوردستانیی ئیجابی نەبووە، ئینجا دەست تێوەردانی بەریتانیا لەئیشی ناوەخۆی دەوڵەتی عوسمانی لەدوای سەدەی (١٩) زۆر زیادی کردووە و ئەو دۆخە بۆ کورد نەبووە، بەهەمان شێوەش فشاری کردووە بۆ گۆڕینی والی موسڵ و والی بەغدا و زیاتر کۆمپانیای (لینچ) ئەو ڕۆڵەی دەبینی.

لێرەدا دەبێ شتێك بدرکێنین کە ناچارییە، ئەویش ئەوەیە چۆن دکتۆر و نووسەر و مونەزیرە باڵاکانمان لە سەدەی بیست تەنها لایەنە ئیجابییەکانی هەڵوێستی وڵاتانی سۆشیالیستیان بۆ نەقڵ دەکردین و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی بڵێین تەنها کورد لە سۆڤییەت ئاسوودەیە و دواییش دەرکەوت وانییە، ئیستاش وەرگەڕاون و بەهەمان تەرازوو وەسفی ڕۆژئاوا دەکەن و جارێکی دیکە دەیانەوێ مێژوو هەڵگێر و وەرگێڕ بکەنەوە بۆ ئەو مەبەستە، ئەو تەقەلایەی ئێرەی دکتۆریش لەو چوارچێوەیە، بەڵام بەمیان ڕەوانەتر، هەرچەندە ئەوانە دەیانەوێ زیاتر مژدە بە کورد بدەن و گەشبین بن نەك ڕەشبین، بەڵام ئەوە پڕۆگرامێکی توێژینەوەی ڕۆمانسییە، پێویستە ڕاستەقینە چۆن بێت ئاوا بگوترێت، ئەگەر تاڵیش بێت ئەوە پڕۆگرامی توێژینەوەی ئاکادیمییە.

٤. لە ل٥٧ باس لە (شێخ عەبدولقادر) دەکات و دەڵێ لەدوای کۆچی باوکی لە ئەستەنبوڵ بوو، ئەندامی پەرلەمانی ڕژێمی نوێی ئەو وڵاتە _ لەنێو دوو کەوانە نووسراوە ڕژێمی ئیتحادییەکان، بەڵام لە ل٧٨ ڕاستی کردۆتەوە و بە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی نووسیوە، چونکە تا ڕادەیەك لێك جیان، هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویستە، چونکە خەڵکێکی زۆر واتێگەیشتوون شێخ عەبدولقادر لەگەڵ مستەفا کەمال بووە، نەخێر

ئیتحادی و کەمالیش لێك جیان، پەرلەمانی دووەم (مەبعوسان) لەدوای ئینقلابەکەی ١٩٠٨ دروست بوو بەپێی ماددەی (٤٢)ی دەستووری عوسمانی، ئەنجوومەنی پیرانیش هەر لە پەرلەمان دروست بووە، بەڵام ئەوەبوو ئەوان بە پێی ماددەی (٦٠ و ٦٥) لەلایەن سوڵتان دیاری دەکران، مەبەست ئەوەیە شێخ عەبدولقادر زیاتر لە سوڵتان نزیك بوو نەك لەئیتحادی و کەمالی و سەردەمێکیش بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەتی عوسمانی.

٥. لە ل٦٨ لە بەڵگەنامەکە باسی یانەی کوردی دەکات و پەراوێزێکی بۆ کراوە و دەڵێ مەبەست لە یانەی کوردی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان بووە، نەخێر، هەردوو لایەن هەبوونە.(*)

٦. لە ل٧٠ باس لە (شەریف پاشا) دەکات وەك سەرۆکی لقی پاریسی (**کۆمەڵەی ئیسلامی**)، وابزانم مەبەستی (**جامیعەی ئیسلامییە**) کە دامەزرێنەرەکانی بریتی بوون لە جەمالە ئەلدین ئەفغانی و شێخ سەعیدی نەورەسی و سوڵتان عەبدولحەمید.

٧. لە ل٧٢ لە پەراوێز باس لە سوارەی حەمیدی دەکات و دەڵێ لەدوای ساڵی ١٩٠٩ و هاتنی سوڵتان محەمەد رەشاد هەر بەردەوام بوون، ئەوەیان جێی هەڵوێستێکی گەورەیە، چونکە بەشێکی زۆر فراوان بەبێ وەستان لەسەر ئەو دوو مێژووە رەت دەبن، لەدوای ساڵی ١٩٠٨ و ١٩٠٩ بەدواوە عوسمانی هەر ناوی مابوو، سوڵتان عەبدولحەمید لێخرا سوڵتان محەمەد رەشادی برای وەك هێما و لەشێوەی (**مەلەکی دەستووری**) بێ دەسەڵات مابۆوە، تەنانەت جاڕی جەنگ درا لەلایەن عوسمانلی لە ١٩١٤ وە چووە ناو جەنگی جیهانی بێ ئاگای سوڵتان هەر بە فەرمانی (**ئەنوەر پاشا**)، لێرەدا پێویستە سوارەی حەمیدیش لێك بکەینەوە، هەرچەندە خووی (**سوارەیی**) ئیجابی نەبوو، بەڵام نەگەیشتنە رادەی ئەوەی پێناسەی (**مرتزقة _ یاخود _ جاش**) هەڵگرێ، بەڵام لە دوای ئەو مێژووە بەشێك لە سوارەی حەمیدی لەگەڵ دەسەڵاتی ئیتحادی دژ بە کورد مانەوە و ناویان بووە (**أفواج خفیفة**) و راستەوخۆ بۆ یەکەمجار بەشداریان لە هێرش کردنە سەر کوردستان کرد، بەپێچەوانەشەوە سەرۆکی سوارەی حەمیدی ئیبراهیم پاشای مللی

---

(*) ((ئەو پەراوێزەی باسی دەکات ئێمە دامان نابوو، لامان سەیرە تاوەکو ئێستا کاکە مەسعودمان ئەو راستییەی لا روون نەبۆتەوە. — ع. زەنگەنە)).

لەدوای ئینقلابەکە بە یەک هەفتە راپەڕیوە (بڕوانە: **الكورد في الوثائق البريطانية _ ص٨٧**).

٨. لە ل٧٣ بەدواوە باس لە سەرهەڵدانی دووبەرەکی لەنێو ریزەکانی بزووتنەوەی کوردی دەکات بەتایبەتی لەنێوان شێخ عەبدولقادر و شەریف پاشا سەبارەت بەو رێککەوتنە کە لەگەڵ نوبار پاشای نوێنەری ئەرمەن، لەراستیدا ئەو ناکۆکییە لە چوارچێوەیەکی فراوان تر هەبوو لەکتێبەکە ئەو رەوتە (**سیاقە**)ی فەرامۆش کردووە، شێخ عەبدولقادر و زانایانی ئایینی زیاتر ئومێدیان بە سوڵتان و ئەستەنبوڵ بوو کە پڕۆتۆکۆڵیان لەنێوان بوو لەگەڵ (**هادی پاشا**)ی نوێنەری سوڵتان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دوایش هەر ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنە بوو ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی سیڤەر و هادی پاشا چووە سیڤەر لەوێش مۆری کرد، لەکاتێکدا بەشێك لە عەلمانییە کوردەکان (لەوانە: **موحسین خەیری، بەرزنجی زادە، زوڵفی بەگزادە،...**) پێیان وابوو لەرێی ئەتاتورك ماف میللەتی کورد دێتە دی، ئیتر ئەو ناکۆکییە پەرییەوە ناو کۆمەڵە و لایەن و حزبەکانی ئەو سەردەمیش، دوایی دەرکەوت کەمال ئەتاتورك خیانەتی بە بەڵێنەکانی کرد و بۆچوونی شێخ عەبدولقادر و شێخ سەعیدی نەورەسی و شێخ سەعیدی پیران راستتر دەرچوو و شۆڕشی شێخ سەعید لە ١٩٢٥ لەسەر ئەو بنچینەیە هەڵگیرسا، دەبێ ئەوە بزانین رۆژئاوا لایەنگری کورد نەبوو، لە ئیقلیمیش لایەنە عەلمانییە ناشیونالیزمییەکان گەورەترین دوژمنی کورد بووە بۆ هەرسێ نەتەوەی تورك و عەرەب و ئەرمەنەوە، لەو سەروبەرەدا دوو رێککەوتن کرا، یەکیان شەریف پاشا لەگەڵ ئەرمەن کردی وەك لە (ل٨٠) ئاشکراتری دەکا، ئەرمەن بەنیاز بوو (٦) ویلایەتی کورد ببا، ئەو نەخشەیە لە ماددەکانی (٨٠، ٨١)ی کۆنگرە بەرلین دارێژرا و دەتوانین بڵێین (**بەلفۆری کوردستان**) بوو، بۆیە شێخ عەبدولقادر بەو رێککەوتنەی شەریف پاشا و نوبار پاشا قایل نەبووە، زیاتر لەوەش زۆرایەتی خەڵکی کوردستان قایل نەبوون (بڕوانە ل١١٤ی هەمان کتێب و ئەو قسە نەستەقانەی (نوێیل) ناردوویەتی)، بەڵام رێککەوتنێکی تر لەنێوان بزووتنەوەی تاشناقی ئەرمەنی و خۆیبوونی کورد کرا لە ١٩٢٧/٧/٢٩ پێکهاتبوو لە (١٩) مادە زۆر چاك بوو.

بۆیە ئەو سەرسوڕمانەی مامۆستا عەبدوڵلا زەنگەنە لە پەراوێزی ل٧٣ گوزارشی کردووە تەواو ورد نییە(*)، دەبێ بشزانین (خودموختاری) ئەو کاتی شێخ عەبدولقادر پێی قایل بوو وەك ئەو خودموختارییە (ناوەکییە)ی ئێستا نەبووە بەڵکو مانای بەرەو دەوڵەت بوون بوو هەروەك لە ماددەی (٦٤)ی سیڤەریش داهاتووە.

٩. لە ل١١٢ دکتۆر خۆی (ڕۆم)ی بە تورك لێکداوەتەوە، زۆر لێڵە ئەو یەکخستنە، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە بە ویلایەتەکانی ئەورووپای عوسمانی دەووترا ویلایەتەکانی (ڕۆملی)، جا نازانم لەوەوە ئەو یەکخستنەی تورك و ڕۆم کراوە یاخود نا، ئەگینا تورك و ڕۆم تەواو لێك جیان.(*)

١١. لە ل١٨٨ و ل١٨٩ دوکتۆر زۆر کاریگەر بووە بە پێشنیارێکی سادەی (کورنەوالیس)ی بەریتانیا کردوویە سەبارەت بە هەندێ بەزەیی لە لایەن دەوڵەتی عیراقییەوە بۆ کورد بیکات!، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە بەریتانیا خۆی دەوڵەتی عیراقی دروست کرد و بە ئاگر و ئاسنیش حکومەتی شێخ مەحموودی خست، ئەگەر بەریتانیا راستی دەکرد با لە ڕێکەوتننامەکەی ساڵی ١٩٣٠ ئەو خاڵانەی (کۆرەنوالیس)ی بخستبایە نێو، یان لە سایکس – بیکۆی ١٩١٦ ئاوای دابەش نەکردبایە.

---

(*) ((چەند جار ئەو بۆچوونانەی نووسەرو و پەراوێزی ئاماژە بۆ کراوم لەو دانەیەی کتێبەکە خوێندەوە، کە دوای دەرچوونی لە چاپ د. کەمال خۆی پێیدا چۆتەوە، هیچی ئەوتۆم تێدا نەدۆزییەوە پێچەوانەی ئەم شەرحەی دوکتۆر مەسعود بێت، تەنانەت لە تەك ئەو پەراوێزەی ئێمە دوکتۆر کەمال بەدەست و خەتی خۆی نووسیویە: جوانە..! – ع. زەنگەنە)).

(*) ((دوکتۆر گیان ئەو پرسیارەی (ڕۆم) و (تورك) لە هەر کرمانجێکی دەشتی هەولێر بکەی لە وانەیە یەکسەر چەند شیعرێکی فۆلکلۆریت لەسەری بۆ بێنێتەوە قابیلە دووجار گوێت لە لاوکەکانی (کاوس ئاغا) نەگرتووە کە. باسی (بەندێ ڕۆمیا) دەکات، دیارە مەبەستی لە (ڕۆم) تورکە هەروەها هەر لە هەمان ئەو کتێبەی دوکتۆر کەمال و لەو لاپەرانەی کە باسی ڕۆمی تێدا هاتووە شیعرێکی (ئەحمەدی خانی)مان لە پەراوێز داناوە تیایدا زۆر بەئاشکرا باسی (ڕۆم و عەجەم) دەکات. – ع. زەنگەنە))

١٢. له ل١٩١ باسی شێخ محەمەد قەڵاتی کراوە، لە پەراوێزەکە مامۆستا عەبدوڵلا زەنگەنە دەڵێ رەنگە مەبەستی (گوڵانی) بێت، نەخێر (قەڵاتی) راستە دێیەکە لە شار بازێر نزیك بەیانە.(**)

١٣. له ل٣٠٠ باس له شەریف پاشا دەکات و دەڵێت (یەکەمین سیاسەتمەداری کورد که داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد کرد)، شەریف پاشا رۆڵێکی زۆر گرنگی بینیووە، بەڵام لەپێش ئەویش داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کراوە و بۆشی تێکۆشاون، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یەکێك لەوانە بووە، بۆزیاتر بڕوانە: هەردوو بەڵگەنامەی بەریتانی Fo.7-12-1882، Fo 60/441، رقم الوثيقة (٢٣) لای من هەیە.

١٤. له ل٣٤٨ باس له ئیجابییەکانی شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژی ١٩٥٨ دەکا و ئاماژە بە هاوبەشی کورد و عەرەب لە دەستور دەکا، هەڵبەتە ئەو ئاماژەیە بە هەڵەیی لەلایەن زۆربەی رۆشنبیرانی کورد دەکرێت، هەروەك وەسفی بەرێز مەسعود بارزانی لە کتێبی (بارزانی و بزوتنەوەی کورد) دەڵێ بۆ یەکەمین جار لەدەستور کورد و عەرەب بەشەریك ناوزەد دەکران، لەراستیدا وانییە لە ماددەی (٤)ی دەستوری ١٩٢٥ی عیراقی دیسان لەبارەی ئاڵاو دوو ئەستێرەکەی تیایدا گوزارش بوو لەو شەریکایەتییە، بۆیە ئەوەی ساڵی ١٩٥٨ یەکەمجار نەبوو.

١٥. له ل٢٧٠ بەسەرەوە کە باسی عەبدولکەریم قاسم دێت، پڕە لە پەند، زۆر و وێچووی بارودۆخی ئێستایە، یەکێ لە هەڵە ستراتیژییەکانی سەرکردایەتی کورد ئەوە بووە هەر جۆنەهایەك بووبێ دڵخۆش بووینە بە گۆڕان بە ئینقلابەکەی بەعس کە دوایی چی بەسەر هێناین، هەڵبەتە دکتۆریش هەروا بۆ ئەو بابەتانە چووە و رەخنەی لەو

---

(**) ئەو پەراوێزی ئێمە کە باسی کراوە هەروا لە خۆڕایی نەکراوە، هەبوونی گوندێکیش بەناوی (قەڵاتی) لە نزیك شاربازێر مانای ئەوە نییە دەبێ ئەو نازناوەی بەڵگەنامەکە راست بووبێت، بەڵکو (گوڵانی)یەکە راستەو لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی کتێبەکەی دوکتۆریش لە ل١٦٣ ناوەکە بەراست و دروستی نووسراوە: شێخ محەمەدی گوڵان نەوەك قەڵاتی هەموو رۆشنبیرانی شاری سلێمانیش دەزانن ئەوسا کەسێکی ئازاو چالاك بەم ناوەوە لە شارەکەیان هەبووە و دۆستی بنەماڵەی شێخ مەحمووديش بووە، دواتریش لە ساڵی ١٩٤٣ دەستی لە قورتاکردنی مەلا مستەفای بارزانی لە سورگونی هەبووە — ع. زەنگەنە)).

تێڕوانینەی سەرکردایەتی کورد نەگرتووە، هەرچەندە وتەیەکی زۆر بەنرخی بارزانی نەقڵ کردووە و دەڵێ: **عەبدولکەریم قاسم ئاسکێك بوو کورد ماندووی کرد و بەداخەوە بەعس ڕاوی کرد**، هەرچەندە قاسم سەرشێتییەکی پێوە دیاربوو، بەڵام تەواو نەکەوتبووە (**حازنەی عەرەبی**) وەك خۆیان وا ناوی دەبەن و ئاشکراشە کە یەکێ لە پاساوە بنچینەییەکانی ئینقلابی (٨)ی شوبات ئەوەبوو کە عێراق بگەڕێننەوە نێو (**حازنەی عەرەبی**)، ئەوەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدا وا بەهەمان سیناریۆدا دەڕوا، دوور نییە کورد مالیکی ماندوو بکات و عروبییەك ڕاوی بکات و عێراق بگەڕێننەوە نێو (**حازنە عەرەبی**) کە کورد تیایدا هەر خنکاوە، بۆیە ئەو بابەتانە زۆر جێی پەندن.

١٦. لە ل٤٨٠ باسی (**شازل تاقە**)ی کردووە وەك باڵوێزی عێراق لە یەکێتی سۆڤییەت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە وەزیری نەوتی عێراقی بوو لەسەردانیدا بۆ مەغریب مرد.

١٧. لە ل٥٦١ دوو هەڵەی تێدایە لە پەراوێزەکە لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە کراوە، ئەویش ئەوەیە: أ: وای زانیوە پارتی سۆشیالیزمی کورد ئەوە حسکە، کەچی ئەوە پاسۆك بوو، ب. واشی زانیوە پارتی سۆشیالیزمی یەکگرتووی کوردی بە (پاسۆك) لێکداوەتەوە، نەخێر ئەو پارتە ناوی تەواوی حزبی سۆشیالیزمی یەکگرتووی کوردستانی (حسك) بوو لە ساڵی ١٩٧٩ دروست بوو لە ئەنجامی یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان نێو یەکێتی بە سەرۆکایەتی (**ڕەسول مەمەند**) و باڵی (**پارتی دیموکراتی کوردستان – لێژنەی ئامادەکاری**) بە سەرۆکایەتی د. مەحموود عوسمان کە لەدواییدا بوو بە حزبی سۆشیالیستی کوردستان (**حسك**).

ئەوە زۆر بەکورتی و خێرایی سەرنجەکان بوو، هەڵبەتە ئەو ڕەخنە و تێبینیانە لە (**بەنرخی**) ئەو کتێبە و ئەو ماندووبوونە نیشتمانپەروەرییەی د. کەمال کەم ناکاتەوە و داوای زیادبوونی لێ دەکەین و دەستی مامۆستایان (**عەبدوڵڵا زەنگەنە و ئازاد عوبێد**) خۆش کە یارمەتییان داوە و بەهیوایین ئێمەش یارمەتییەکمان دابن بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی کورد وا بەدروستی بنووسینەوە پەروەردە دەبێت بۆ ئێستا و ڕێپیشاندەریش بێت بۆ ئایندە.

* خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری ستاندەر

پاشبەندی ژمارە: ٩

## لەگەڵ سکرتێری کۆڕی زانیاری کوردیدا:

## کۆڕی زانیاری لاپەڕە هەرە گرنگەکانی مێژووی نەتەوەکەمان ئەچەسپێنێ(*)

لەکۆڕێکی کوردانەدا، لەگەڵ مامۆستای زانا د.کەمال مەزهەر- سکرتێری گشتیی کۆڕی زانیاری کورد - ئەم چەند پرسیارە جۆرلوجۆرانەمان خستە بەرچاوی.. ئێمە لە کاتێکا کە دەقی وەڵامە بەنرخەکانی مامۆستای بەنرخ بڵاوئەکەینەوە، هیواداریین لەم سووچەوە - لەلایەک خوێنەری ئازیزمان گەیاندبێتە چەند ڕاستییەکی ڕەوان کەسەردەمێکە بەدوویدا وێڵە و.. لەلایەکی تریشەوە، ئەرکی ڕۆژنامەگەرییەتیمان خستبێتە گەڕ لەپێناو خزمەتی ئەم دەزگا زلەی ڕۆشنبیریمان، کە چاوەڕێی دەیەها شتی بەسوودی نەتەوایەتی و مێژووی لێ بەدی ئەکرێت..سوپاس.

**دیمانە: مەحموود زامدار**

**١- دەوری کۆڕ لەپاراستنی کەلەپوور سامانی نەتەوایەتی و پێش خستنی زمان و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی بەشێوەیەکی تێکڕایی چییە و چی بووە؟**

- **د.کەمال مەزهەر:** هیچ گومان لەوەدا نییە کە **(کۆڕی زانیاری کورد)** دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ میللەتەکەمان، گەورەترین ئەرکی سەرشانی کۆڕیش لەم قۆناغەدا بریتییە لە هەوڵ دان بۆ پاراستنی کەلەپوور و سامانی نەتەوایەتی و پێش خستنی زمان و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کورد.

بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستا چەند لێژنەیەکی تایبەتی دانراوە وەك لێژنەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژوو و وەرگێڕان و هیی تر. جگە لەوە هەوڵێکی زۆر دراوە و ئەدرێت بۆ دامەزراندنی نامەخانەیەکی گەورە بەجۆرێکی وەها کە بتوانرێت هەمە چەشنە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارێکی پێویستی لە کۆن و لە نوێ و بەگەلێك زمانی تیادا کۆبکرێتەوە لەگەڵ ئەو دەستنووسانەی دەست ئەکەون، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بەکوردستانەوە، یا کاتی خۆی لەلایەن زانایانی

---

(*) سەرچاوە: هاوکاری (ڕۆژنامە)، ژمارەی (تایبەت) ١٩٧٢/١/١ ساڵی سێیەم.

کوردەوە نووسراون. دامەزراندنی نامەخانەیەکی وا، وەك ئاشکرایە، مەرجێکی یەکجار پێویستە بۆ کاری زانیاری.

ئێمەش لەماوەیەکی زۆر کەمدا توانیومانە چەند هەزار کتێبێکی بەنرخ لە نامەخانەکەماندا کۆ بکەینەوە جگە لە ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامە و گۆڤاری کۆن و گەلێك دەستنووس و وێنەی گەلێك سەرچاوەی بەنرخ.

باری ژیانی ڕابردووی میللەتی کورد، بگرە تا ڕادەیەکیش باری ژیانی ئەمڕۆی، کارێکی وەهایان کردووە فۆلکلۆر جێگایەکی یەکجار گرنگی هەبێت، تەنانەت زیاتر لەزۆربەی میللەتانی تریش، بۆ دیاری کردنی چوارچێوەی ڕۆشنبیریی کورد بەیارمەتی فۆلکلۆر ئەتوانرێت گەلێك لە گرێکانی زمانەکەمان چارەسەر بکرێت، ڕێگای دوور و درێژی پڕ لە ئاڵ و گۆڕی پێشکەوتنی ئەدەبەکەمان دیاری بکرێت، تەنانەت گەلێك لاپەڕەی مێژووی میللەتەکەمان و ڕادەی پلەکانی شارستانییەتی کورد دەست نیشان بکرێت.

هەر لەبەر ئەمانەشە کە (کۆڕی زانیاری کورد) بایەخێکی زۆری داوە بەکۆکردنەوەی فۆلکلۆر.

بۆئەم مەبەستە هەوڵ ئەدەین بەزووترین کات ئەو کەسانەی بەیت و چیرۆکی زۆری فۆلکلۆریان لەبەرە بیانهێنین لەسەر شریتی تایبەتی پێیان تۆمار بکەین و بەو جۆرە لەفەوتان ڕزگاریان بکەین و تا لەبەردەستا بن بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بۆ کاری زانیاریی کۆڕو زانایانی دەرەوە بەکاربهێنرێن.

شاخ و داخی کوردستان هەمیشە پاسەوانێکی باش بوون بۆ پاراستنی زمانەکەمان، بەتایبەتی لەوکاتە ناسکەدا کە هێشتا هەستی نەتەوایەتی لەناو میللەتی کوردا دروست نەبووبوو، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر هەر بەدەوڵەمەندی بمێنێتەوە. جگە لەوە لەزمانی کوردیدا تا ئێستا وەك گەلێك زمانی تری ئەمڕۆ یا زمانی تر لەڕابردوویاندا، چەند شێوەیەك هەیە و ئەمەش یەکێکە لە هەوێنە گرنگەکانی دەوڵەمەندیی زمانەکەمان، واتە گەلێك مەرجی پێویست هەیە بۆ پێش خستنی زمانی کوردی بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێت.

(کۆڕی زانیاری کورد) لە سەرەتای ئیش کردنییەوە ئەم ڕاستییەی دەست نیشان کردووە و بایەخێکی زۆری پێ داوە.

ئاشکرایە تا ئێستا هیچ یەکێك لە قۆناغەکانی مێژووی میللەتی کورد بەشێوەیەکی زانیاری نەنووسراوەتەوە جگە لەوەی گەلێك مێژوونووسی بێگانە بە ئارەزووی خۆیان زۆر ڕوویان

شێواندووه. لەبەرئەوە کۆڕی زانیاری کورد لەسنووری توانایدا هەوڵ ئەدات بۆ ڕوون کردنەوەی لاپەڕە هەرە گرنگەکانی مێژووی نەتەوەی کورد.

جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکانە و گەلێك ئەرکی تری لەم جۆرە کە بەر لە هەموو شتێك و زیاتر لە هەموو شتێك کەڵکیان هەیە بۆ پێش خستنی ڕۆشنبیریی کورد پێویستیی بەیارمەتی هەموو زانایەکی دڵسۆزی میللەتەکەمانە.

بۆیەکا کۆڕ هەموو کاتێك داوای یارمەتیی لەهەموو لایەك کردووە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستاش پتر لە ٢٠ کەس لە نووسەر و زانایانی کورد وەك ئەندامی یارمەتیدەر هەڵبژێردراون. ئەوەی مایەی بەختیارییە ئەوەتە کە ئەو مامۆستا بەرێزانە و گەلێك مامۆستای تر زۆر دڵسۆزانە یارمەتییان داوین بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی کۆڕ و تەنانەت هەندێك قوتابی و دڵسۆزیش هەستیان بە گرنگایەتیی کۆڕ کردووە و لە سنووری توانایاندا یارمەتییان داوین. گەلێك مامۆستا کتێب و ڕۆژنامەی بەنرخیان بەدیاری داوە بە نامەخانەی کۆڕ.

لەهەمان کاتدا کۆڕی زانیاری کورد هەوڵێکی زۆری داوە بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ زانا کوردەکانی دەرەوەدا کە یەکجار دڵسۆزانە هاتوونەتە پێشەوە و هیچ درێغییەکیان لەیارمەتیدان نەکردووە. باشترین نموونە لەم ڕووەوە مامۆستایان تۆفیق وەهبی زوو زوو نامەی تایبەتیی پڕ کەڵك بۆ کۆڕ ئەنێرێت و نامەخانە بەنرخەکەی خۆشی بەدیاری داوە بە کۆڕەکەمان.

مامۆستا قەناتی کوردۆش تا ئێستا گەلێك نامەی بۆ ناردووین و ئامادەیی تەواوی خۆی دەربڕیوە بۆ تەرخان کردنی توانای بۆ خزمەتی کاروباری زانیاری کۆڕ وە گەلێك کتێبی بەنرخی بەدیاری بۆ ناردووین و لەم چەندانەدا ژمارەیەك لە وتارە بەنرخەکانی کە کاك ئەوڕەحمانی حاجی مەلا مارف کردوونی بەکوردی بۆی ناردووین و ئێمەش نیازمانە بە ناوی کۆڕەوە لەشێوەی کتێبێکی تایبەتیدا بڵاویان بکەینەوە.

لەلایەکی ترەوە هەوڵ دراوە و ئەدرێت بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ زانایان و دەزگا زانیارییەکانی دەرەوەدا، بەڕادەی یەکەم دەزگا ڕۆژهەڵاتناسەکان و کوردناسەکان. نوێنەرانی کۆڕ کەهاوینی ڕابردوو نێرران بۆ دەرەوە هەوڵێکی باشیان دا بوو بۆ ئەم مەبەستە و ئێستاش کۆڕی زانیاری کورد پەیوەندی لەگەڵ چەند دەزگایەکی دەرەوەدا هەیە.

بەوێنە تائێستا تەنها دەزگای ڕۆژهەڵات ناسیی مۆسکۆ و لێنینگراد پتر لە ٢٠٠ کتێبیان بە دیاری بۆ ناردووین وە کە لەم دواییەدا کارگێڕی ئەم دەزگایە هات بۆ بەغدا سەرۆکی کۆڕ دیارییەکی بەناوی کۆڕەوە پێشکەش کرد.

جویس بلۆی کوردناسی فەرەنسەییش پەیمانی داوە لـە هـەموو ڕوویەکـەوە هاوکـاری لەگـەڵ کۆڕی زانیاری کوردا بکات وە ئێستا فەرهەنگێکی کوردی ـ فەرەنسەیی ـ ئینگلیزی بەدەسـتەوەیە و ئێمەش بەڵێنمان داوەتـێ هـەر یارمەتییـەکی پێویـست بێـت بیـدەین. ڕۆژهەڵاتناسـی ئەڵـەمانی پرۆفیسۆر بینزك تـا ئێـستا چـەند نامەیـەکی بـۆ نـاردووین. ئـەم جـۆرە هاوکارییانـە تـا ڕادەیـەك یارمەتی ئەوە ئەدەن کە کۆڕ بتوانێت ئەرکەکانی بەشێوەیەکی باشتر جێ بەجێ بکات.

**٢ ـ ئەو ئەرکە ڕۆشنبیرییانەی کە تا ئەمڕۆ کۆڕەکەمان کردوویەتی چین؟**

**ـ د. کەمال مەزهەر:** وەك ئاشکرایە کاری هـەموو دەزگایـەکی زانیـاری سـەخت و پـڕ تـەنگ و چەڵەمەیە. لە وڵاتە پێش کەوتووەکاندا زۆر جار لیژنەیەکی تایبەتی لەزانایانی ناسراو لەماوەیـەکی دوور و درێژدا، کە جاری وا هەیە چەند ساڵێك ئەخایەنێ، ئینجا ئەتوانێت کتێبێك دابنێت.

نووسینی نامەیەکی دوکتۆری جاری وا هەیە پتر لە چوار ساڵ ئەخایەنێ. لەبەر ئەوە هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەرکەکانی کۆڕ یەکجار گرانن ئەمەش، جگە لەو هۆیەی ئێستا وتمان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامی باری ناقۆڵای ژیانی میللەتی کوردە چەوسانەوەی دوور و درێژێتی.

ئەمـە کـارێکی وەهـای کـردووە کـاری کۆڕەکـەمان ئەوەنـدەی تـر ورد بێـت و کـاری وردیـش لێکۆڵینەوەی قووڵ و هەموو لایی ئەوێت واتە کات پێویستە.

بەوێنـە ئێـستا ئەنجوومـەنی کـۆڕ بەشـێکی زۆری کـاتی خـۆی بـۆ دانـانی زاراوەی کـارگێڕی (مصطلحات إدارية) تەرخان کردووە و جاری وا هەیە لە تاقە وشەیەك دەوروبەری سەعاتێك بگـرە زیاتریش ئەکۆڵرێتەوە و سەروبن ئەکرێت:

ئەم وشەیە لەکوێوە هاتووە و جیـاوازیی لەشـێوە کوردییەکانـدا چییە، لـەو زمانانـەدا کـە لـە کوردییەوە نزیکن چی بەکارئەهێنرێت لە زمانە ئەوروپاییەکاندا چـی بەرامبـەری هەیـە و لەلاتینیـدا ڕەگەکەی چییەو ئەو زمانانەی وەك کوردی لەکاتی خۆیدا بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتوون چییان کـردووە و چـییان دانـاوە (**بەوێنــە زمــانی تــورکی لەســەردەمی کەمالییەکانـدا**) ، لاتیـی کـورد چـی بەکارئەهێنێت، ئەگەر وشەیەکی کوردی هەبێت و بەشێوەیەکی گشتی یان لەناوچەیەکدا گۆڕابێت ئەوە ئەنجامی چییەو لەنووسیندا پێویستە چۆن بێت و گەلێك شتی تر.

ئەنـدامانی کـۆڕ بەدڵـسۆزی کەوتوونەتـە کـار و بـەدڵ ئەیانـەوێت خزمـەتی زمـان و ئـەدەب و مێژووی ڕۆشنبیریی کورد بکەن. هەرچەندە یاسای کـوڕ وای دانـاوە کـە ئەنجوومـەن هـەر مـانگی دووجار کۆببێتەوە بەڵام زۆر بەدەگمەن وا هەڵئەکەوێت حەفتـەی جارێك کۆنەبێتـەوە، بۆیـەکا تـا ئێستا زانراوە چەند کارێکی گرنگ جێ بەجێ بکرێت. بە وێنـە قۆنـاغێکی بـاش بـڕاوە بـۆ دیـاری کردنـی ڕێنووسـی کـوردی و دانـانی زاراوەی کـارگێڕی و کۆکردنـەوەی دەسـتنووس و کتێـب و

ڕۆژنامە. جگە لەوە لیژنەیەکی تایبەتی دانراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی پێویستن بۆ دەرکردنی **(گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)** و هەندێك لە وتارەکانی ژمارە یەکی هەر لە ئێستاوە دیاری کراون و نیاز وایە کارێکی وەها بکرێت گۆڤاری کۆڕ وتار و لێ کۆڵینەوە دەربارەی هەموو ڕووداوەکانی زانست بڵاوبکاتەوە.

دیارە بوونی چاپخانەیەك تا ڕادەیەکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی کۆڕ بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئێستا بەدەستەوەیە چاپخانەیەکی تایبەتی بۆ کۆڕ دابنرێت و هەموو ئەو پیتە کوردییانەی پێویستن بۆی دروست بکرێن.

سەرەڕای ئەوە تائێستا بڕیار دراوە یارمەتی چەند نووسەرێك بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن کتێبەکانیان چاپ بکەن وەك مامۆستایان شێخ محەمەدی خاڵ بۆ چاپ کردنی بەرگی دووهەمی تەفسیری خاڵ کە بە کوردییەکی زۆر پاراو و ئاودار نووسراوە و مەعروف قەرەداغی **(کە فەرهەنگی کشت و کاڵی دناوە)** و عەبدلڕەقیب یوسف کە کتێبێکی گەورەی لەسەر دەوڵەتی دۆستەکی نووسیوە کە لەسەدەکانی ناوەندا لە کوردستاندا دامەزرێنراوە. جگە لەمە کۆڕ لەسەر ئەرکی خۆی **(شەرەفنامە)**ی شەرەفخانی بەتلیسی لەچاپ دەدات کە مامۆستا هەژار کردوویە بەکوردی. هەروەها دلوای یادداشتەکانی مامۆستا شاکر فەتاح کراوە لەگەڵ دەستنووسی فەرهەنگەکەی مامۆستا جەمال نەبەز و گەلێك شتەی تردا بۆ ئەوەی لەمەسەلەی چاپ دلنیان بکۆڵرێتەوە.

**(کۆڕی زانیاری کورد)** نیازێتی بەرەبەرە بکەوێتە گۆڕینی ئەو کتێبە کۆنانەی بە زمانی بێگانە لەسەر کورد و کوردستان دانراون و بڵاویان بکاتەوە. جگە لەمانە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بەپێی توانا هەوڵ دراوە یارمەتی بدرێتن. بەوێنە کۆڕ ٢٠٠ دینار یارمەتیی پێشکەش گۆڤاری **(زانیاری)** کردووەو ژمارەیەکی زۆری لە کتێبە کوردییەکان کڕیوە و هەندێکی بەدیاری ناردووە بۆ دەرەوە. سەرۆکی کۆڕ و هەندێك لە ئەندامانی بەتایبەتی چوونە پێشانگاکەی هونەرمەندی کورد کاك محەمەد عارف سیامەنسوری و بەنیازی قەدر زانینی چەند تابلۆیەکیان لێ کڕی بۆ کۆڕ هەرکە زانیمان مامۆستا صادق صدیق، کەوەك دەرئەکەوێت لاوێکی کوردی بەتوانایە کتێبێکی دناوە بەناوی **(شۆڕشێك لە فیزیادا)** کە هەندێك شتی تیۆری نوێی تێدایە ئەنجومەنی کۆڕ بڕیاری دا یارمەتی وە هەوڵ بدرێت بە زووترین کات بە یارمەتی شارەزایانی ئێرەو دەرەوە گرنگایەتیی کتێبەکەی دیاری بکرێت.

لەچەند لایەکەوە ڕاوێژی زانیاری بە کۆڕ کراوە و لە سنووری توانادا وەڵامیان دراوەتەوە و گەلێك کاری پێویستی تریش تا ئێستا جێبەجێ کراون.

ئەوەی شایەنی باسە هەموو ئەم کارانە لەماوەی چەند مانگێکدا جێبەجێ کراون لەگەڵ ئەوەشدا کە بەڕێوبەرانی کۆڕ بەشێکی زۆر لەوەختیان تەرخان کردووە بۆ دیاری کردنی ڕێبازی

کارگێڕی کۆڕ و دانانی یاسای کاروباری ناوخۆی و چاك کردنی یاسای دامەزرێنەری. هەروەها ماوەیەکی زۆرە بە دروست کردنی جێگایەکی تایبەتییەوە بۆ کۆڕ خەریکین و لەم مانگەدا ئەچینە ناوی، هەر لە ئێستاشەوە هەوڵ دراوە بۆ جێبەجێ کردنی دروست کردنی خانویەکی گەورە لە دوا ڕۆژێکی نزیکدا بۆ کۆڕ و نەخشەیەکی جوانیشی بۆ دانراوە.

بەم جۆرە وەك ئەبینن (**کۆڕی زانیاری کورد**) دڵسۆزانە چاکی کاری لێ کردووە بەلاداو هەموو هیوایەکی ئەوەیە بتوانێت گەورەترین خزمەتی ڕۆشنبیری کورد بکات.

**٣ ـ گیر و گرفت و چارەسازی زانستییانەی ڕۆشنبیریمان بەڕای ئێوە چۆن دەس نیشان ئەکرێت؟**

**ـ د. کەمال مەزهەر:** ڕۆشنبیری کورد گیرۆدەی دەستی گەلێك گیروگرفتی سەختە، ئەمەش، وەك ئاشکرایە ئەنجامی ئەو سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتییەیە کە ساڵەهای ساڵ بوو میللەتی کوردمان لە عیراقدا لەژێر باریدا بێ ووچان ئەتلایەوە.

ئێستا نەك تەنها ڕادەی خوێندەواری لە کوردستاندا لە پلەیەکی یەکجار نزمدایە بەڵکو کادری خوێندەواریشمان ئەوەندە کەمە کارێکی وەهای کردووە زۆریەی کادری ڕۆشنبیری کورد لەیەك کاتدا شاعیر و نووسەر وچیرۆك نووس و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر بن و تا ئێستاش ڕۆشنبیریمان لە چوار چێوەیەکی تەسکدا ئەجووڵێتەوە و پێش ئەکەوێت. ڕێگای گەورەی چارەسەرکردنی ئەمەش، وەك لە هەموو کاتێك و شوێنێکی تردا ڕاستەوخۆ بەستراوە بەمەسەلەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتییەوە، کەی ئەمیان بەیەکجاری نەما ئەویشیان جێبەجێ ئەبێت. دیارە **ئەرکێکی گەورە و پیرۆزیش کەوتۆتە ئەستۆی ڕۆشنبیری کورد خۆی هەموو قەرزاری ئەم خاکەین و با درێغی نەکەین لەدلەوەی، با کە کارێکمان کرد چاوەنۆڕی پەیکەری زێڕین نەبین با خۆمان بەشتی پڕو پووچ و نزم ناڵایەقەوە خەریك نەکەین، بائەوەندە سەرو پێتەڵاکێ یەکتر نەکوتینەوە و دەستی یەکتر بگرین.... با ئیش بکەین، میللەت خۆی سەنگی مەحەکە.**

**٤ ـ پاشەڕۆژی کۆڕی زانیاری، چۆن ئەبینن؟**

**ـ د. کەمال مەزهەر:** هەموو شتێك لەگۆڕان دایە، بەڵام خێرایی ئەو گۆڕانە بەگەلێك مەرجەوە بەستراوە.

کۆڕی زانیاری کورد هەروەك وتمان بەدڵسۆزی کەوتۆتە کارکردن بۆ خزمەتی ڕۆشنبیریی کورد، جا ئەگەر هەموو ئەو مەرجانە پێویستن بۆی بخولقێنرێن وا هەڵبەتە دواڕۆژێکی باشی ئەبێت و دیارە ئەوەش ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.

## خوێنەرانی خۆشەویست

ئەو دوو نامەیەی لێرەدا وەکو پاشبەندی ژمارە (١١–١٢) دەیخوێننەوە یەکێکیان نامەیەکە لەلایەن کەسێکەوە بۆ د. کەمال هاتووەو تیایدا نوقورچەیەکیشی لە ئێمە داوە، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین بەشێکی ناوەرۆکی هەمان ئەو نامەیە دواتر لە یەك لە ژمارەکانی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بلاوکراوەتەوە، بەلام جیاوازی دەقی ئەو نامەیەی لێرەدا بلاومان کردۆتەوە لەگەڵ ئەو چەند دێرەی لە (کوردستانی نوێ) بلاوکراوەتەوە وەکو دەڵێن: (ئاسمان و ریسمان)ە وا پێدەچێ دەقەکەی (کوردستانی نوێ) چ لەلایەنی زمانەوانییەوە چ لە لایەنی رێنووسەوە نووسەرانی رۆژنامەکە بۆیان راست کردبێتەوە، نەمانزانی ئەو برادەرەمان بۆ لەو شوێنەدا رەخنەی لە ئێمە گرتووە کە باسی ئەمانەتمان کردووە ئەوە لەکاتێکدا ئێمە بابەتێکی زۆر هەستیارمان لەسەر (کۆماری کوردستان) وروژاندووە و زۆر بە ئەمانەتەوە خوالێخۆشبوو مەحموودی مەلا عزەتمان کردۆتە شاهێدی بۆچوونەکانمان، خۆ دەکرا ئێمە وەك زۆر کەسی دیکە بابەتەکە بەناوی خۆمان بنووسینەوە ئاماژەکەشمان بۆ ئەو گۆڤاری (رزگاری)یەی کە لە پەراوێزەکەدا هاتبوو. هی (٣٨) ساڵ لەمەوبەر بووەو لەو ساوە ئێمە جارێکی دیکە بەسەر ئەو بابەتەدا نەچووبووینەوە، پەراوێزەکەشمان ئەوەندە کاریگەر بووە د. کەمال نەك دوای خوێندنەوەی نامەکەی ئەو برادەرەمان هیچ رەخنەیەکی لێ نەگرتووین، بەڵکو دەستخۆشیشی لێ کردووین و وا دیارە خۆیشی لەمەودوا کە ناوی کۆمار دەهێنێت لە جیاتی (مەهاباد) (کوردستان) دادەنێ. بەڵگەشمان بۆ ئەو بۆچوونەمان بەرگی دووەمی کتێبەکەی (کورد و کوردستان)ە کە لەم رۆژانەی داهاتوو دەست بەتایپکردنی دەکەین، دیارە گوناهی ئێمەشی تێدا نییە کە خوالێخۆشبوو مەحموودی مەلا عیزەت لە ژیانی سیاسی خۆیدا غەدری لێکرابێ.

هەرچی نامەی دووەمە ئەوە مامۆستامان محەمەد نوری تۆفیق هەقی خۆیەتی گلەییمان لێ بکات، بەلام دەبێ بزانرێ ئەو پەراوێزانەی کە ئێمە بۆ کتێبەکەی کورد و کوردستانمان کردووە هەمووی لەکاتی خوێندنەوە و هەڵەبژێری کراون، بەڵکو هەندێ جاران لەسەر کۆمپیوتەر لە دامێنی لاپەرەکان هەندێ تێبینی سەرنجم تۆمار کردوون و دواتر بەسەرچاوەی پێویست دەوڵەمەندمان کردوون، وادیارە لە بیرمان نەبووە ئاماژەیەك بۆ وەرگێرانی ئەم کتێبەی لەمەڕ مامۆستامان بکەین، دیارە ئەو کتێبە ئێستا لە بازاڕ چنگ ناکەوێت، ئومێدەوارین لەکات و ساتی پێویستدا دانەیەك لە کتێبەکەی مامۆستامان بۆ بنێری تا ئێمەش لەتەك نامەکەیدا نەك هەر ئاماژە بە کتێبەکەی بکەین، بەڵکو وێنەی بەرگەکەیشی لێرە بۆ دابنێین.

ع. زەنگەنە

## پاشبەندی ژمارە: ١٠

به ریز کاك دکتۆر کمال

بارانیك سلاو و محبەت بۆتۆی نازیز .... نازانم چۆن دست خوشیت لی بکەم بۆنەو کارە پر لە بە هایانە کە پیشکە شی کوردو کتیبخانە هەزارە کەی دە کەیت تە نهادەلیم نه پاریمەوە لەودی پاریز گاری مرۆڤ دە کات نەوە خوایە سرو شتی چی یە .... چی یە کە بتپاریزیت .
حەزناکەم لە هیلاکی و بە ها پر ئە خزمەت گوزاریکەی کاك عبدولا کەم بکەمەوە خۆی واتەنی لە پیشە کیە کەدا باسی نامانەت دە کات بەلام خۆی نامانە تەکەی بیرچۆ تەوە
لە پەراویزی 546، 547 دا
نەلی ناوە دروستەکە بە زاراودی ئیمرۆ دە بی کۆماری کوردستان . بی لە نە سلیش دا نەوناوە جمهوری کوردستان بووە
دواتر دە لی خوالیخۆشبوو محمودی مەلاعزەتیش کە شارە زایە کی میژووی کۆمارە کاتی خۆی سالی 1970 دا ، بابەتە کانی خۆی لە بارەی کۆ ماری کوردستانەوە لە سەر لاپەرە کانی رزگاری .. ناوی کۆماری مە هاباد ) ی بۆداناوە دواتر هەر ئەم ناو نیشانەی بۆ کتیبیکی کە بە دوو بەرك لە شاخ چاپ کراوە داناوە کە ئەمە وانیە بە لکو ناو نیشانەکی نەو دوبە رگە ( کۆماری میللی مە هاباد ) ە دواتر دە لی لە گۆڤاری ئاران با بە تیکی بلا و کردۆتەوە رە خنەی لە خۆی گرتووە کە دیارە لای مامۆستا زەنگەنەوانی پیشوی هەموو هە لە بووە ئیستاناوی کتیبە کە دروستە ناوی کتیبە کەی بە ناوی جمهوریەتی کوردستان ناو ناوە.
لیرە دا دە لیم ئەودی گۆڤاری ئاران پیشتر لە گۆڤاری گزنگ لە سوید بلاو کراوەتەوە ... هەمان وتارم پیشانی برایە کی گۆڤاری ئاران دا ووتی سە رلە نوی بلاوی دە کەمەوە چونکە زۆری بە دل بوو ... کاك محمود لە و لیکۆ لینەو دیە دا باسی لە هەلە یان راستی هیچ ناو نیشانیك ناکات بۆ نەو قەوارە یە .. هە لەو راستی لە وتارە دا لە ئارا دا نیە کە مامستا زە نگە نە دە لی ، بە لکو لی کۆ لینەوە یە کی پر بە های کر دووە بۆ ناوی نە و قەوارە یە چ ناوی حکومەت بیت یان دەولە تی و دە لی بریاریك نە بووە بۆ ناوی نەو قەوارە یە زۆر بەی نەو ناوانە خواستی نو سەرانە بۆناوی کتیبە کانیان بە لام لە رۆژنامەو و نامە کانی سە ردە مە کە دا ئەم ناوانە هاتووە
* حکومەتی میللی کوردستان ر. ك سە ردە مەکە ژمارە (8) 1946/1/28 لا 3

کاك دکتۆر گیان

بۆخۆشم تەماشای چەند ژمارەیەکی  رۆژنامەی کوردستانی سەردەمەکەم کردنەمانەم بینی

لەژمارە ( 37 ) ر.ك لەدەنگ وباسی دەرەوەدا

لەدێری 2 دا ( دەولەتی جمهوری کوردستان ) هەیە

لەدێری 4 دا ( سەرۆك جمهوری کوردستان )

لەدێری 10 دا ( دەولەتی جمهوری کوردستان )

- لەئاگاداریەکی کۆمیتەمەرکەزی حزبی دیموکرات ژمارە 48 ل 3 دەڵێ بەهۆی نەونوسراوە لەسەر فەرمانی موبارەك ( جمهوریەتی کوردستان ) هتد
- لەئاگاداریەکی کۆمیتەی حزبدا دەڵێ بەهۆی نەونوسراوەوە لەلایەن ( مقام معضم ) جمهوریەتی کوردستان هتد لەژمارە 29 ل4
- لەژمارە 38ل 4 ح خطا بەی کیژ صاحبەی یاهو دەڵێ بژی ( جمهوریەتی کوردو کوردستان )

ولەهەمان بابەتدا ( جمهوری کوردستان ) هاتووە .

*لە چەندین نامەی دەولەتی جمهوری کوردستان بەرگی یەکەم و دووەم ئەم وشانە هاتووە

*نامەی ژمارە 125 ل 221 جمهوریەت کوردستان ، سرۆکی پۆلی 3 هیز ئاوەند صەلاح کەئبراهیم صەلاحە

- لەنامەی ژمارە 98 ل182 جمهوریەتی کوردستان کە نامەی جعفەر کریمی سەرۆکی تەواوی ستاد هیز کوردستان
- لەنامەکانی 222 ،223، 224 ل 418، 419، 422

جمهوریەتی کوردستان هاتووە کەهی وەزیر هیز سیفی قازی

* لە نامەی ژمارە ( 238، 493 )جمهوریەتی کوردستان ، جمهوریت کوردستان

..هاتووەکەنامەی بازرسی وەزارەت هیز-کاپتان صدیقی کەعەزیزی صدیقی یە .

* دەوڵەتی میللی کوردستان وەک ژمارە 47 ، 38

* حکومەتی میللی کوردستان وەک ژمارە 54

* حکومەتی میللی دیموکراتی کوردستان وەک ژمارە 54

* لە دە یان شوێن لە کوردستان سەر دە مێکە رەئیسی جمهوری کوردستان هەیە

*لە نامەکانی دەوڵەتی جمهوری کوردستان ئەمرکی ! ٢ دا دەیان جار جمهوریەتی کوردستان.

جمهوریەتی کوردستان بە کار هاتووە؛

*جمهوری کوردستان لە ژمارە وەک 14 ! 11 .. ١٩٤٦

- لە وتارێکیدا کە بۆ وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان ساز کرابوو بە شێوەی چەند بەیەر نووسراوە دەوڵەتی جمهوری کوردستان

* مامۆستا سجادی پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە

کاک مەحموودیش ئەو مانە دەڵێ ئەگەر لە نووسراوەکان و بڵاوکراوەکانی سەر دە مە کە ورد ببینەوە لە ماکە وتراوە لە وانی تر ئەوانی سەر دە مە کە وتراوە زیاتر هە لە یان ڕاستی کە ئەوانەیە بۆیە دە بوو مامۆستا عەبدوڵا وەک خۆی بنووسێت

بۆیە کاک دکتۆر حە زدەکەم ئەگەر بفەرموون جمهوریەتی کوردستان بخوێنیتەوە دەوڵەتی باشترین لێکۆڵینەوە لە سەر کۆماری ئەم شاکارەی کاک مەحموودە هەرچەند بۆچوونەکە و زانستی سیاسی کاک مەحموود زۆر لە دوری لێکراوە چونکە بۆچوونی مە سە لە یەک هەڵوێستی کۆمەڵایەتی هەبووە کە بە چاک بێ چاک بە خراپیش بێ خراپ

لە گەڵ ڕێز مەدا بژین بۆ کورد و کوردستان

/

بە ختیاری مەلا عیززەت

سلێمانی ماڵی مرۆڤ

07701543156

[illegible]

کەچی لە نووسینەکەی ئێوەدا (پێشکەوتنەکەرتان) لە ئەسفەهانییەوە بۆتە ئەسفەهان، دەستان خۆش

(هەرچەندە نەبوایە لە وەرگێڕانەکەدا ئەمانەتییەکێتی بە ناوی بەڕێزە بکرایە کە ئەو کتێبە

ئەم جۆرە گۆڕینەوەیە بە زمانی کوردی وەرگێڕاوەیەکی باشتر لێی بڵاو کرایەوە، چونکە

سەردەم لە سلێمانی زۆرکەس خستبوویە دەستی) هەرچۆنێک بێ من ئەوەیە لە دۆستیە

ختم کردووە و هێناویەتی گرتی پێم دا ئەم جۆرە کتێبانە و هەروەها بە پێرە جوانەکانی

لە بەرچاو نووسینەکەت دیارە بە شێوەی هەرنەف شتالەیاد بکەم ...

جا بێگومان دەستەوەخەتم وێرا و لە نووسینی خۆشت بە مەترسییەکەوە وەرگرتنەوەی

کە جێگای بووبێتە زێڕی دووبارە قووتچەوە .. بە دوای ئەوەدا براو هاوڕێتم

ئەگەر کە ماوەی زەمەن خۆشی بە هێوای قەدرزانیی بەڕێزی بە بێرەی زیاتر

زێڕی خۆشت بێ تێبینیم بۆ هاوبەرە ماندووبوونەکەی کە بە وکتێبەوە

زۆر ماندوو بووە ..

براو هاوڕێتان

محەممەد نوری توفیق

سەرنووسەری ئەوقافی سلێمانی،

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ...

١٤ / ١٠ / ٢٠٠٨



**پاشبەندی ژمارە: ١٢**

خوێنەرانی خۆشەویست، ڕووناکبیرو توێژەرانی بەڕێز:

ئەو نامەیەی لێرەدا دەیخوێننەوە لەلایەن هاوکارمان (موسا ئەحمەد) لە بارەی ئەو پەراوێزە هاتووە کە لە لاپەڕە ٢٣٦–٢٤٤ کتێبی کوردو کوردستان لە بارەی کتێبی (سەرۆك کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا) نووسیبوومان، دیارە (کاکە موسا) ئاگادارترین کەسی پرسی بڵاوکردنەوەی ئەو وەسیەتنامەیە کە لەم کتێبەدا نووسراوەتەوە و لە پەراوێزەکەدا ئێمە بە هەڵبەستراومان داناوە، ئومێدەوارین توێژەران و لێکۆڵەران بە دوای ڕاستی و دروستی ئەو پرسەدا بچن تا لە دوا ڕۆژدا کەسی دیکە دەست درێژی نەکاتە سەر مێژوومان و کەسێتی پێشڕەوانمان لە خۆیەوە لەکەدار نەکات و گومان نەخاتە سەر ڕێبازی خەباتیان.

ع. زەنگەنە


١٩٥٨/١٠/٧




تەشرینی یەکەمی ١٩٥٨، چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی کەمال مەزهەر لەگەڵ مەلا
مستەفای بارزانی دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤییێت



مەلا مستەفای بارزان ئیمزا لەسەر دەقی چاوپێکەوتنەی رۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ

د. کەمال مەزهەردا دەکات





- دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیێت خەڵک و لاوانی کورد ئاوەها پێشوازییان لە مەلا مستەفای بارزان دەکرد و د. کەمال مەزهەریش لە نێوانیان دایە.





ڕۆژی دووەمی ڤیستیڤاڵی بەدرخان، دوکان ٢٠٠٤/٤/٢٢

وێنەی دووەم لە ڕاستەوە: حەمید بەدرخان، کەمال مەزهەر، مام جەلال، خوالێخۆشبوو حوسێن فەیزوڵڵا جاف






**وێنەکەی سەرەوە: فوئاد عارف، مام جەلال**


**وێنەی خوارەوە لە راستەوە: جەلالی عومەری ساماغا، مام جەلال، فوئاد عارف**




ڕۆژی سێشەممە ۱۹۹۹/۹/۲۱، لە ڕاستەوە: د. کەمال مەزهەر، سەدام حوسێن. بۆنەی وێنەگرتنەکە لە بابەتەکانی ئەم کتێبەدا نووسراوە (ئەرشیڤی کەمال مەزهەر)




لە ڕاستەوە: سەدام حوسێن. فوئاد عارف







له چه‌پەوە: د. کەمال مەزهەر، فوئاد عارف، عەبدوڵلا زەنگەنە، ڕۆژی ٥/ ٢٠٠٨/١٠ ماڵی فوئاد عارف –سلێمانی



هەردوو نەخشەسازی کتێبەکە گۆران جەمال، ئەیوب محەمەد بابەکر لەگەڵ نووسەری کتێبی (کورد و کوردستان) لە بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ٢٠٠٨/١٠/٢٩



دیمانه: د. ئاکۆ شوانی، بنۆڕه: بابەتەکەی ل (١٠٧)ی ئەم کتێبە



دیمانه: ئیسماعیل خالد گەلاڵی: بنۆڕه بابەتەکەی ل (١٣٥)ی ئەم کتێبە



دیمانه: کەریم قادر، بنۆرە: بابەتەکەی ل (١٢٣)ی ئەم کتێبە. وێنەگر: ئازاد لەشکری




دیمانە: تاریق کارێزی بنۆرە ل٢٥١



دیمانە: مەسعوود عەبدولخالق، نەوشیروان شەریف. بڕوانە: بابەتەکەی ل (١٨٧)ی ئەم کتێبە. وێنەگر: سابیر






٢٩/١٠/٢٠٠٨ لە میواندای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا لە ژێر سێبەری ڕۆژنامەی (کوردستان) دا



KIRKUK AND ITS DEPENDENCIES



Kerkük
Tarih, politika ve etnik yapı
Kemal Mazhar Ahmed









ميكافيلي
والميكافيلية
١٤٢









رينيسانس





صفحات من
تاريخ العراق المعاصر
دراسات تحليلية





حول مسألة الاقطاع
بين الكرد



چەند
لایەرەیەک
لە مێژووی
گەلی کورد
بەشی یەکەم





کوردستان
لە
سالەکانی
شەڕی
یەکەمی
جیهاندا




Kamal Madhar Ahmad
KURDISTAN
DURING THE FIRST
WORLD WAR











چینی کرێکارانی عیراق



الدكتور كمال مظهر احمد


د. کەمال مەزهەر





زن درطول تاريخ


دور الشعب الكردي


أ. شاميلوف
حول مسالة الاقطاع
بين الكرد


ÇEND RÛPEL
JI DÎROKA
GELÊ KURD


کەماڵ مەزهەر و ئاڵی سوور
نیگاری: وەهبی ڕەسوڵ




الدكتور كمال مظهر أحمد

صفحات من

تاريخ العراق المعاصر

"دراسات تحليلية"

منشورات مكتبة البدليسي



ثورة العشرين

في

الاستشراق السوفيتي


تأليف

الدكتور كمال مظهر أحمد

كلية الآداب ـ جامعة بغداد

بغداد ـ مطبعة الزمان

١٩٧٧



لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری عێراق

«دەستەی كورد»

كورد لای گەردلێڤسكی


د. كمال مظهر

كۆلیجی ئەدەبیات ـ زانكۆی بەغدا

لە بەرگی ... گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی كورد دەرهێنراوە

چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق

بەغدا ـ [illegible]



من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

الكرد وثورة العشرين

الدكتور كمال مظهر أحمد

كلية الآداب ـ جامعة بغداد

مستلة من المجلد السادس من مجلة المجمع العلمي الكردي


مطبعة المجمع العلمي الكردي

بغداد ـ [illegible]


مسعود محمد ودوره السياسي في العراق
١٩١٩ - ١٩٦٨
- دراسة تاريخية -




د. وليد حمدي
الكرد وكردستان
في الوثائق البريطانية
دراسة تاريخية وثائقية



# پێرسی ناوان

## (ئـا)


ئـــــازاد عوبێـــــد (دوکتـــــۆر): ١٢،١٢٠،١٢٥،١٣٩،١٤٣،٢١٢،٣١٢

ئاراس: ٢٢١

ئاکۆ شوانی (دوکتۆر): ١٠٩

ئاوارە عەبدوڵلا:٢٩٦

ئەتاتورك: ٣٠٩

ئەحمەد تەقیٚ: ٣٣،١٢٠،١٤٩

ئەحمـــەد خواجـــە: ٦٢، ٧٣، ١٠١، ١٢٠، ١٥٠، ١٩٠

ئەحمەد موختار بابان: ٣٣، ٨٤

ئەحمەد موختار بەگی جاف: ٩٩

ئەحمەدی قازی: ١٩١

ئەنوەر قەرەداغی: ٦٧

ئەنوەر پاشا: ٣٠٤

ئەلف. میم ـ مێنتیشاشفیلی: ١٩٧

ئەمین زەکی بەگ: ٧، ١٩١

ئـــــەمین موتابـــــچی (دوکتـــــۆر): ٧٢،٧٦،١١٤،٢٨١

ئەیوب بارزانی (دوکتۆر): ١٩٤

ئەرستۆ: ٢٤١

ئەورەحمانی حاجی مارف (دوکتـۆر):٨٤، ٣١٥

ئیبن ولنەسیر: ٣٢، ٢٧٩

ئیبراهیم پاشای مللی: ٣٠٨

ئیبراهیم ئەحمەد: ٧٦، ٧٨، ٢٢٤

ئیبراهیم غەزالی: ٢٩٤

ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری (سەرهەنگ) ٢٩٤

ئیحسان شێرزاد: ٦٥

ئیحسان فوئاد (دوکتۆر):: ١١١

ئیسماعیل بێشکچی: ١٣، ٢٠٧

ئیسماعیل حەقی شاوەیس: ٣٣

ئیسماعیل خالید گەلاڵی: ٢٧٥

ئیسماعیل شافیعی: ٣٠٢

ئی. ئاڕ. لیچ: ٢٨٩، ٢٩٠

ئیمام خومەینی: ١١٤

ئیدریس بارزانی: ٨٩

ئیگلتن: ٢٤

ئیرازمۆس: ٢٩

(ابن خلدون): ١٤٧

التآخي (رۆژنامە): ٢٤

**(ب، پ)**

بابەکر ئاغای پشدەری: ٨٤

بـــارزانی (بـــارزانی گـــەورە): ٧٨، ١٤٦، ١٥١، ٢٢٢، ٢٩٤

بابە عەلی شێخ مەحموود: ٧، ١٩٠، ٢٢١

بەدران ئەحمەد حەبیب: ١٤٥

بەدرەدین سالّح: ٣٢٧

بەرهەم سالّح: (دوکتۆر): ٩٣، ١١٧

بەهادین نوری: ١٢٢

بەرزنجی زادە: ٣٠٩

بەکر سدقی: ٥٥

بۆکاشیۆ: ٢٩

بەشار ئەلئەسەد: ٨٩

بەکر دلێر حەوێزی: ٦٢

پاشای کۆرە: ٣٥

پیرەمێرد: ١٤٩

پیرەش: ١٩٤

پیترارک: ٢٩

**(ت)**

تامیر البکاء (دوکتۆر): ٦٥، ٨٥، ٢٣٠

تاریق کارێزی: ٢٧٩

تاریق جامباز: ١١، ١٢٨، ١٥٢

تەلّعەت پاشا: ٣٠٤

تەها باقر: ٤٨، ١١١، ١٣٧

تۆفیق قەزاز: ١٩٠

تۆفیق وەهبی: ٦٢، ١٠١، ١٠٢، ٣١٥

تۆماس مۆر: ٢٩

تۆنی بلێر: ٦١

توێنبی: ٣٠٦

تیۆدۆر رۆزفلّت: ٢٣٤

**(ج)**

جـەبار قـادر (دوکتـۆر): ١٣٩، ١٥٠، ٢١٣، ٢١٦، ٣٠٣

جەلال تالّەبانی (بنۆڕە: مام جەلال): ٦٤، ٢٤٧، ٢٤٨، ٣٠٢

جەلال میرزا کەریم: ٤٤

جەلال کەریم: ٤٤

جەلیلی جەلیل: ٢٤، ٣٠٢

جویس بلۆ: ٣١٦

جەمالەدین ئەفغانی: ٣٠٨

جەمال پاشا: ٣٠٤

جەمال عەبدولناسر:

جەمال رەشید (دوکتۆر): ٢٧٩

جەمال هاشم دویف (دوکتۆر) ٢٣٠

جرجی زێدان: ٢٦٤

جەلالی عومەر ساماغا: ٧٨، ٣٣٩

جەعفەر رەسول عەلی (دوکتۆر): ٥٤، ١٢٠

چاوان ئەحمەد: ٢٩٦

جەمیل نصەیف تکریتی (دوکتۆر): ٤٧

جەمیل موسا ئەلنەجار (دوکتۆر): ١١٧

جەمیل سائیب: ١٤٧

جەمیل مەدفەعی: ٢١١

(ح)

حاجی قادری کۆیی: ٢١٧، ٢١٨

حاجی محەمەد ئاغا: ٢٨٧، ٢٨٨

حەسیب سالّح: ٦٦

حەزرەتی ئادەم: ٣٠

حەمەڕەش (مامۆستا): ٩٥، ١٣٧

حەیدەر ڕەواندزی: ٣٢٦، ٣٢٧

حەزرەتی حوسێن: ٣٠٥

حەمزە عەبدوڵلاّ: ٢٩٣

حەلیمە خان: ١٩٠

حوسێن حوزنی موکریانی: ٦١، ٦٢، ١٠١، ١٠٢، ١٩١، ٢٧٩

حوسێن فەیزولاّ جاف: ٣٣٨

حوسێن عارف: ١٣٣

حەمید بەدرخان: ٦٤، ١٠٤، ١٢٩

حەمید عوسمان: ١٢٢

حەمید مەجید موسا: ١٢٣

حەپسە خانی نەقیب: ٩٩، ١٠٠، ٢٠٨، ٢٢٠

حەمەی ئاوڕەحمان ئاغا: ٢٢٠

خولە پیزە: ٢٢١، ٢٥٤

(د، ر، ز)

دانتی: ٢٩

داڤێنشی: ٢٩

دارا تۆفیق: ٧٨، ١٥١

دارۆی شێخ نوری: ٧

دەبلیو. ئاڕ. های:

راهی مزهر (دوکتۆر): ٢١٧

ڕەوشەن بەدرخان: ٣٣

رافائێل: ٢٩

ڕەزا مازەندەرانی: ٢٩

ڕەحیمی قازی (دوکتۆر): ٤٩، ١١١

ڕەفیق فەتحوڵلاّ: ٤٤

ڕۆژان سابیر: ١٨٧

ڕەفیق حیلمی: ٦١، ٦٢، ١٢٠، ١٥٠

ڕوشدی عەزیز: ٦٩، ٢٢٤

ڕەزوان بادینی (دوکتۆر): ١٤٤

ڕەسول مامەند: ٣١٢

زەکی سالّح (دوکتۆر): ١٣٧، ٢٢٩

زولفی زادە: ٣٠٩

زەینەفۆن: ٦٠

زەکیە قەزاز: ٨٨

زالّمای خەلیل زاد: ٧٣

زوهێر کازم عەبود: ٧١، ٢٠٧

ژکری الدوری: ٢٢٧

(س)

ساتیح ئەلحوسەری: ٢١٢

سازانۆف: ٢٩

سالم عوبێد نوعمان: ٢٢٤

سالّح پیزە: ٢٢١

سالّح جەبر: ٥٥

سامان (خوێندکاری ماستەر): ١٢٠
سانیحە خان: ٤١
سمکۆی شکاک: ١٤٨، ٢١٩
سێرڤانتس: ٢٩
سمیۆن ئاگاییف: ٨٧
ستالین: ٤٤
سەعدی مەهدی ساڵح: ٦٦
سیوگی: ١٤٩
سەروای کیومەرس ساڵح: ٣٢٦
سەعەی حەمەی ئامێ: ٢٨٦
سوڵتان سەلیم: ٢٠٦
سەلاحەددین ئەیوبی: ٢٤٥، ٢٤٦
سەعید قەزاز: ٣٤، ٨٨، ١١٩
سەدام حوسێن: ٢٩، ٣١، ٣٤، ٤٨، ٩٠، ١٠٣، ١٠٥، ١١٤، ١٢٥، ١٢٩، ١٣١، ١٣٤، ١٩٢، ١٩٧، ١٩٩، ٢٣٩، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٥٠، ٢٩٤، ٣٤٠

## ش

شازل تاقە: ٣١٢
شاکر سابر زابت: ٦٤
شەمسەدین تۆفیق عەزاوی: ٢٩٤
شەمسەدین عەبدوڵلا (سەرهەنگ): ٢٩٤
شەمسەدین سامی: ١٢٩
شەوکەت عەقراوی: ٢٩٣
شێخ عەبدولقادر(سەید): ٢٠٥، ٢٠٦، ٣٠٨، ٣٠٩
شێخ قادری برای شێخ مەحموود: ٩٩، ٢٠٩، ٢٢٠
شێخ سەعیدی پیران: ٥٣، ٥٤، ٩٦، ٣٠٣
شێخ محەمەد (ئاغای وەلاشی): ٢٨٨، ٢٨٩
شێخ محەمەدی گولان: ٣١٠
شێخ محەمەدی قەلاتی: ٣١٠
شەکسپیر: ٢٩
شەریف پاشای خەندان: ٢٠٤، ٢٠٥، ٢١٩، ٣٠٩
شەرەفخانی بەدلیسی: ٢٣، ٦١، ١٤٦، ١٤٧، ١٥٦، ١٩١
شەهابی شێخ نووری: ١١، ٦٧، ٧٠، ١٠٠، ١٠١، ١٥٥
شەفیق قەزاز: ١٥٠
شەهلا حەیدەری: ٩٦، ٩٧، ٩٨، ١٠٥، ١٤٩، ٢٠١، ٢٠٧، ٢٤٨
شێخ مەحموود: ٧، ٥٥، ٥٦، ٦٢، ٨٦، ٨٨، ١١٦، ١٢٠، ١٤٨، ١٥١، ١٥٦، ١٩٠، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١١، ٢٥٤، ٢١٩، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٨، ٢٩٩
شێخ رەزای تاڵەبانی: ١٩٠
شێخ رەزای بەرزنجی: ٢٨٦
شێخ سەعیدی نەورەسی: ٣٠٨، ٣٠٩
شێخ رەئووف شێخ مەحموود: ١٩٠

شێخ محەمەدی خاڵ: ١٩١، ٣١٧
شێخ مەحووی شێخ کاوە: ١٢٧، ٢٩١
شێخ لەتیف شێخ مەحموود: ٢٢١، ٢٨١، ٢٩١
شێخ عوبێدوڵڵای نەهری: ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٣٠٢، ٣٠٧، ٣١١
شێخ عەبدولسەلام: ٣٠٣، ٣٠٩
شێروان عەلی: ٦١، ٦٢
شێخ محێدین (گرد): ٤٤
شەفیق قەزاز: ١٥٠

(ع، غ)

عادیلە خانی جاف: ٩٩، ١٤٨
عادل تەقی بەلداوی: ٨٥، ١٤٦
عەلی حەسەن مەجید: ١٢
عەبدولکەریم قاسم: ١٧٠، ٨١، ٩٠، ٣١١
عەلائەدین سەجادی: ٣٣، ٧٤
عزەدین مستەفا رەسول (دوکتۆر): ٤٦، ٨٥، ٩٥، ١١١، ١٢٥
عەزیز محەمەد: ٤٦، ١٢٢، ٢٢٤
عەبدوڵڵا شاتی (دوکتۆر): ٤٩، ٨٥
عەلی سیدۆ گەورانی: ٣٣
عەبدولرەزاق: ٥٧
عەبدولڕەزاق حەسەنی: ٥٣، ١٣٠، ١٤٥، ١٤٦
عەبدولسەتار تاهیر شەریف (دوکتۆر): ٦٦
عەزیز نەسین: ٩٠
عەبولسەلام عارف: ٩٠
عەبدولڕەقیب یوسف: ٣١٧
عەبدولحەمیدی دووەم (سوڵتان): ١٥١، ٢٠٦، ٣٠٩
عەبدولرەحمان قاسملوو (دوکتۆر): ٣٠٢
عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ٦٥، ١٢٩
عومەری عەبدولڕەحیم: ٢٨٦
عەبدولباست سەیدا: ٢٥٩
عەونی (شاعیر): ٢١٧
عەلی عەونی: ٣٢٦
عەلی کەریم (دوکتۆر): ١١١
عەلی گەلاوێژ (دوکتۆر): ٤٩، ١١١
عیزەت مستەفا: ٢٩٤
غرنوت فیلهم: ٢٦٢

(ف، ڤ، گ)

فاتحە محێدین: ٣٣
فازیل جەمالی: ٨٨
فازڵ حوسێن (دوکتۆر): ١٣٧
فاروق ئیسماعیل (دوکتۆر): ٢٦٢
فەرهاد شاکەیی: ٧٥، ٢٦٤
فەیسەڵی یەکەم (مەلیک): ٨٩، ٢١٢، ٢٤١
فەهد: ٢٢٤
فەرەیدون جەم: ٣٢٦
فلچێفسکی: ١٠٢
فەلەکەدین کاکەیی: ١٠٦

فوئـــاد عـــارف: ٣٣، ٦٧، ٨٤، ١٠٣، ٢٠، ١٢١، ٢١٠، ٣٣٩
فوئاد مەعسوم (دوكتۆر): ٩٣، ١١٣
فوئاد رەشید (مامۆستا): ٩٥

**(ق، ك، گ)**

قازی محەمەد: ٤٩، ٣٠٣
قاسم ئەمین: ٩٨
قادر كابان: ١٠٠
قادری میرزا كەریم: ٤٤
قادری: ٥٤
قەناتی كوردۆ: ٣١٥
كاروان ئەنوەر: ٢٤٣
كامل چادرچی: ١٣٧
كاوس قەفتان (دوكتۆر): ٩٥، ١١١
كەریم ئەحمەد: ٤٦، ٢٢٤
كەمال فوئاد(دوكتۆر) ٧٥، ١١٨
كۆرۆنوالیس: ٢١١
گەرمیان كامل: ٢٩٦

**(ل، م)**

لازاریف: ٢٤، ١٠٢
لۆرینزۆ ڤالا: ٢٩
لۆرانس: ٣٠٥
لۆنگریك: ٥٦
لینین: ٥٤، ٥٨، ٥٩، ٨٣
لەیلا قاسم: ٧٠
مارف خەزنەدار (دوكتـۆر): ٧٤، ٧٥، ٩٥، ١١١
مالیكی: ٣١١
مامۆستا جەعفەر (شەهید): ٧٠
مایكڵ ئەنجێلۆ: ٢٩
مانڤیسل ئەرسینۆڤیچ: ١٨
ماركس: ٤٢، ٥٠، ٥٣، ٨٣
مـــام جـــەلال: ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٩٣، ١١٣، ١٢٩، ١٣٤، ٢٢٠، ٢٢٤، ٣٣٨
ماجید مستەفا: ١١٩
محەمەد نووری تۆفیق: ٣١٩، ٣٢٣، ٣٢٤
محەمەد رەش: ٢٢٤
محەمەد علي الكبیر: ١٩٣
محەمەد مێرگەڵی: ٢٨٧
محەمەد رەشاد (سوڵتان): ٣٠٨
محەمەد حەسەن پوور: ٦٥
محەمەد دەربەند فەقەرەیی: ٧٧
محەمەد عەلی قەرە:
محەمەد كورد عەلی: ٩٨
محەمەد سەعید خەفاف: ١٠٤
محەمەد عەلی عەونی: ٩٧، ٩٨
محەمەدی مەلا كەریم: ٧٥، ٨٠، ١٠٤، ١٤٨
مستەفا ساڵح كەریم: ٦٥، ١٠٣، ١١٥

مستەفا بارزانی(مەلا مستەفای بارزانی):
٨٦، ٨٩، ١٠٦، ١٢٠، ١٣٢، ٣٠٣، ٣١١،
٣٣٦، ٣٣٧
مستەفا خۆشناو: ١٣٢
مورتەزا سەعید عەبدولباقی: ٢٩٤
مۆد (جەنراڵ): ٣٠٥
موحسین خەیری: ٣٠٩
موسا ئەحمەد: ٣٢٥
موعین بەیسۆ: ٤٨
م.م. بۆکانی: ٣٢٧
مس بێل: ٣٠٥
مێجەر سۆن: ٢٥٠، ٣٠٥
مێجەر نۆێیل: ٢١٩، ٢٥٠
مۆسۆلینی: ٢٤٢
مستەفا کەمال: ١١٩، ٢١٩، ٢٩٧، ٢٩٨،
٢٩٩، ٣٠٣
محەمەدئەمین زەکی: ٢٠، ٢٣، ٤١، ٥٧، ٦٠،
٦١، ٩٧، ١٤٣، ١٤٧، ٢١٦، ٢٤٣، ٢٩٧
مەناف شوکر ئەلنەداوی: ٢٣٠، ٢٧٢
مەردۆخی کوردستانی: ١١
مەسعود محەمەد: ٤٣، ٨٧، ١٤٥، ٢١٧،
٢١٨، ٢٦٥، ٢٧٢
مەسعود بارزانی: ٨٩، ١٢٩، ١٣٤، ٣١١
مەلا جەمیل رۆژبەیانی: ٩٧، ٢٧٢، ٢٧٩
مەعروف جیاووك: ١١٩، ١٢٧، ١٣٩،
١٤٣، ١٤٧، ٢٢٢
مەلا عەبدولکەریمی مدەرس: ١٤٨
مەلا مەعصوم: ٢١٧
مەلا ئەحمەدی نامی: ٢٦١
مەلا خەجێ: ٢٨٦
مەلا سەلیم: ٣٠٣
مەلای خەتێ: ٣٥
مەلا مەحموودی بایەزیدی: ٢٣، ٦١، ٩٦،
١٠١، ١٩١
مەلا ئەحمەد بانی خێلانی: ١٢٢
مەلای کۆرە: ٣٥
مەحموود عوسمان (دوکتۆر): ٣١٢
مەحموودی شێخ ئەحمەد: ١٥٢
مەحموود زامدار: ٣١٣
مەحموودی مەلا عزەت: ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢٢
مەجید رەشید: ٩٥
مەحموود قەیسی (دوکتۆر): ٥٦
مەکسیم رۆدنسن: ٦١
مەناف شوکر ئەلوەنداوی: ٦٦
مەستوورەی ئەردەلان: ٩٩
موکەڕەم تاڵەبانی (دوکتۆر): ٦٢
موفید جەزائیری (دوکتۆر): ١٢٢، ٢٢٤
موفید حاجی نوری: ٧١
موئەید ئەلوەنداوی (دوکتۆر): ٦٦
موشیری حەمەی سلێمان: ٣٤
موحسین محەمەدئەمین (دوکتۆر): ١٢١، ١٣٩
میللەر (پرۆفیسۆر): ٥٤

میکیافیللی: ٢٩، ١٣٣
میر حاج: ١٣٢
میللەر: ٦٠
مینۆرسکی: ٦٠، ١٠٢

(ن)

ناجی عەباس ئەحمەد (دوکتۆر): ٩٩
نازم (دوکتۆر): ٩٠
نازم کزار: ٢٩٤
ناسیح رەسول: ٢١٣، ٢١٥
نامیقی میرزا تۆفیقی قەزاز: ٧٠
نەسرین مەزهەر: ٦٩
نووری سەعید: ٣٤، ٨٧
نزار محەمەد (دوکتۆر): ٧٧
نۆبیل: ٣٠٥، ٣٠٩
نەسرین فەخری (دوکتۆر): ٨٤، ٩٥، ١١١، ١٢٥
نەقشبەندی: ٥٤
نەجات مەزهەر: ٧٥، ٩٤
نەجاتی عەبدوللا (دوکتۆر): ٧٥
نەوشیروان مستەفا: ٧٦
نیکیتین: ١٠٢
نیهاد شێخ نووری: ٦٩

(و، ە، ی)

وەلید حەمدی (دوکتۆر): ١٩٦، ٣٢٣
ودرۆ ولسن: ١٣٢، ٢١٤
هادی پاشا: ٣٠٩
هاشم تکریتی (دوکتۆر): ١٩٧، ٢٢٥
هامیلتن: ٠٢
هرتزل: ٣٣١، ٣٣٢
هەسراتیان: ٢٠
هەژار: ٢٣
هۆشیار بەرزنجی: ٢٨٥
هتلەر: ٢٤٢
هیربەك ئێڤاتس: ١١٢
هیگل: ٤٢، ٤٣، ٥٠
هێنی هەرۆلد هەنسن: ٩٩
هێمن رەفیق سالح: ١٨٧
یوسف ئیبراهیم یەزبەگ: ٦٨، ١٣٠
یوسف الصائغ: ١٩٢
یاسین هاشمی: ٨٩، ٢١٢

# ناوەرۆك

بابەتە كوردييەكان



| | | |
|---|---|---|
| پێشكۆتن | عەبدوڵلا زەنگەنە | ٧ |
| بابەتی یەكەم:<br>دوكتۆر كەمال مەزهەر و مێژووی كورد | د. جەبار قادر | ١٥ |
| بابەتی دووەم:<br>لە دیداری مێژوونووسی گەورەی كورد<br>د.كەمال مەزهەر ئەحمەددا | سازدانی: عەتا موفتی - لەندەن | ٣٩ |
| بابەتی سێیەم:<br>چۆن شانازی بەكتێبخانە و كتێبەكانمەوە<br>دەكەم، بەهەمان شێوە شانازی بەوەوە دەكەم<br>كە لە١٩٧٤-١٩٧٥ لەریزەكانی شۆڕشدا بووم | دیمانە: شێركۆ حەبیب . لەندەن | ٨١ |
| بابەتی چوارەم:<br>لە هەر كوێ بتوانم خزمەتی كورد بكەم، من لەوێم | ئا: حەیدەر عەبدولڕەحمان | ٩١ |
| بابەتی پێنجەم:<br>نابێت وا سەیری بەریتانییەك بكەین كە وەك<br>كوردێك تەماشای دۆزەكەمان بكات | دیمانە: د .ئاكۆ شوانی | ١٠٧ |
| بابەتی شەشەم:<br>مێژووی ڕاستەقینەی نەتەوەی كورد لەو<br>بەڵگەنامانەدایە | دیدار: كەریم قادر | ١٢٣ |
| بابەتی حەفتەم:<br>مێژوونووس دەبێ بێ لایەن بێ | دیدار: ئیسماعیل خالید گەڵاڵی | ١٣٥ |
| بابەتی هەشتەم:<br>چاوپێكەوتنی گۆڤاری (مێژوو) لەگەڵ<br>پ.د.كەمال مەزهەردا | دیمانە: د. محەممەد ع. كاكەسوور | ١٤١ |

| | | |
|---|---|---|
| **بابەتی نۆیەم:**<br>شێخ مەحموود لە شەڕی شوعەیبەوە دژی ئینگلیز چەکی هەڵگرت و دواتر پەیوەندی لەگەڵ کەمال ئەتاتورکدا دروستکرد، ئیتر چۆن بەریتانییەکان دژی نابن؟ | گفتوگۆ: هێمن باقر و سۆزان پالانی | ١٥٧ |
| **بابەتی دەیەم:**<br>لەگەڵ زایۆنیزمدا بین یان نا، ئەبێ لاسایی ئەوان بکەینەوە، چونکە کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش دەوڵەتی خۆمان هەبێت | دیدار: مەسعود عەبدولخالق – نەوشێروان شەریف | ١٦٩ |
| **بابەتی یازدەیەم:**<br>لە دوو دیداری تەلەفزیۆنی جیاوازدا | ئا: هێمن رەفیق سالح – رۆژان سابیر | ١٨٧ |
| **بابەتی دوازدەیەم:**<br>بایەخی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا بۆ توێژینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد | ئامادەکردن: ناسیح رەسوڵ | ٢١٣ |

**بابەتی عەرەبییەکان:**


| | | |
|---|---|---|
| **اللقاء الاول:**<br>المفكر.. المؤرخ.. د. كمال مظهر في صالون (الزمن):<br>لايمكن أن أكون عراقياً صادقاً مالم أكن كردياً صادقا | **أجرت الحوار: ذكرى الدوري** | **٢٢٧** |
| **اللقاء الثاني:**<br>المفكر ..العراقي كمال مظهر<br>مشكلة العراقيين في حكامهم وليس فيهم! | **د. هاشم حسن – بغداد** | **٢٣٥** |
| **اللقاء الثالث:**<br>هل الجغرافيا ظلم الكرد ام التاريخ...؟ | **لقاء: كاروان أنور** | **٢٤٣** |
| **اللقاء الرابع:**<br>المؤرخ الكوردي الشهير د.كمال مظهر احمد | **لقاء: طارق كاريزي** | **٢٥١** |
| لأنه فقط كمال مظهر | **المحرر: جريدة الاتحاد** | **٢٥٧** |


**پاشبەند:**


| | | |
|---|---|---|
| **پاشبەندی ژمارە: ١**<br>**کوردو کوردستان** | **ئیسماعیل خالید کەڵالی** | **٢٧٥** |
| **پاشبەندی ژمارە: ٢**<br>**مێژوونووسی ناسراوی کورد کەمال مەزهەر ئەحمەد** | **تاریق کارێزی** | **٢٧٩** |
| **پاشبەندی ژمارە: ٣**<br>**قوتابی شەهید سەعەی حەمەی ئامن**<br>**لە راپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی ساڵی ١٩٣٠**<br>**لەبەڵگە نامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا** | **هۆشیار بەرزنجی** | **٢٨٥** |
| **پاشبەندی ژمارە: ٤**<br>**کتێبی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا -بەرگی یەکەم) و سەرنجێك** | **محەمەد مێرگەیی** | **٢٨٧** |

| | | |
|---|---|---|
| **پاشبەندی ژمارە: ٥**<br>**روونکردنەوەیەك بۆ گۆڤاری لڤین** | **لە بنەماڵەی شێخ لەتیفی حەفیدەوە** | **٢٩١** |
| **پاشبەندی ژمارە: ٦**<br>**شاکارەکەی د .کەمال مەزهەر و چەند وردە تێبینییەکی هەمەلایەن** | **وریا جاف: کەرکووك** | **٢٩٣** |
| **پاشبەندی ژمارە: ٧**<br>**نامەیەکی مستەفا کەمال ئەتاتورك بۆ شێخ مەحموود** | **رۆژنامەی چاودێر** | **٢٩٥** |
| **پاشبەندی ژمارە: ٨**<br>**هەڵسەنگاندنێکی کتێبی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا)** | **مەسعوود عەبدولخالق** | **٣٠١** |
| **پاشبەندی ژمارە: ٩**<br>**لەگەڵ سکرتێری کۆڕی زانیاری کوردیدا** | **ئا: مەحموود زامدار** | **٣١٣** |
| **پاشبەندی ژمارە: ١٠**<br>**خوێنەرانی خۆشەویست** | **بەختیار مەلا عیزەت** | **٣٢٠** |
| **پاشبەندی ژمارە: ١١**<br>**نامەیەك بۆ – ع. زەنگەنە** | **محەمەد نوری تۆفیق** | **٣٢٣** |
| **پاشبەندی ژمارە: ١٢**<br>**نامەیەك بۆ – ع. زەنگەنە** | **موسا ئەحمەد** | **٣٢٥** |
| **پاشبەندی ژمارە: ١٣**<br>**قازانجی ئەم کتێبە بەکەس و کاری شەهیدانی رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٨ی شاری کەرکووك پێشکەش دەکرێت!** | **ع. زەنگەنە** | **٣٢٩** |
| **هەندێ کتێب و وێنە** | | **٣٣١** |

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ هاوکارانمان (حەمید ئەبوبەکر) و (عەبدولباسیت عەبدوللا شەریف) و (د.فەخرەدین عەلی) کە لەڕێی ئەوانەوە چاپخانەی (گرین گلۆری) دەستنیشان کراو کتێبی (کوردو کوردستان) و ئەو کتێبەی بەردەست بەم قەبارە و شێوەی لە چاپدرا، بەتایبەتی ماندووبوونی سێیەمیان، کە عەرەبێکی بەغدابیە و بە (ئەبوغازی) ناسراوەو ئێستا دانیشتووی هەولێرە، قەت لەبیر ناکەین کە بۆ هەردوو چاپی کتێبەکە لەسەر حیسابی خۆی لەگەڵمان هاتە لوبنان و هەموو ئاسانکارییەکی پێویستی لە بەیرووت بۆ کردووین.

سوپاس بۆ کاکە (محەمەد زادە) خۆشنووس و هونەرمەند کە بەرگی هەردوو چاپی (کوردو کوردستان) و ئەو کتێبەی بۆ رازاندینەوە.

سوپاسیش بۆ هەموو ئەو کەسانە کە هەر پشکێکیان لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە هەبێت.

دیارە جێ پەنجە و چاوتێری و پیاوەتی کاک (نەبیل محەمەد بەدر)ی خاوەنی چاپخانەی (گرین گلۆری) بەیرووتیش، لەگەڵ هەموو کرێکارو تەکنیکارانی قەت لەبیر ناکەین کە زۆر بەلێبووردەییەوە هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ کردووین.

ع. زەنگەنە